**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 84

**ساڵی/ 2012 – بەرگی هەشتاو چوار**

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2013

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/10/16 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/10/22 ل 67

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/10/23 ل 139

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/6 ل 235

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/11/7 ل 283

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/11/12 ل 347

**احمد، کەیلی اکرم، لیلی امیر، یاووز خورشید، نەژاد عزیز، صباح محمد، علی حسین، شێردڵ تحسین، عماد محمد، احمد سلیمان، کوێستان محمد عبدالله)**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دێنە سەر جێبەجێکردنی بەرنامەی کار، ئەویش خستنەڕووگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردەو مونەسیقی نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەمان دەکەین بەخێربێن، لیژنە تایبەتەکان فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموون لیژنەی پەروەردە ماددە، ماددە بیخوێننەوە، دوایی ڕەئی لیژنەی پەروەردە، دوایی لیژنەی یاسایی، دوایی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕەئیەکانی خۆیان دەڵێن، فەرموون دەست پێبکەنەوە،**

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق،**

**بەشی یەکەم**

**ناونان و پێناسە**

**ماددەی یەك:مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لە هەرکوێی ئەم یاسایانە هاتین ماناکانی بەرامبەریانە:**

**أ. هەرێم، هەرێمی کوردستان_عێراق.**

**ب. وەزارەت: وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**ج. وەزیر: وەزیری پەروەردە.**

**د. یاساکە: یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان.**

**ه. قوتابخانە حکومیەکان: ئەو قوتابخانانەن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوە دەچن و یان باربوو دەکرێن و دەکەونە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە**

**ز. قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان: سەرجەم قوتابخانەکانی فێرکردنی بنەڕەتی و ئامادەیی و قوتابخانە و پەیمانگە و سەنتەرە پسپۆڕیەکان دەگرێتەوە، کە لەلایەن کەسان یان کەسایەتیە مەعنەویەکان بەپێی ئەم یاسایە بەڕێوە دەبرێن.**

**ح. فێرکردنی تایبەت: بریتیە لە هەموو جۆرەکانی فێرکردنی تایبەت لە قوتابخانەو پەیمانگەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، قوتابخانەی بەهرەداران.**

**گ. قوتابخانە پسپۆڕیەکان: بریتیە لەو قوتابخانانەی دادەمەزرێن بە ئامانجی ئامادەکردن و ڕاهێنانی خوێندکاران بەمەبەستی پڕکردنەوەی دەستی کار لە بازاڕەکانی پەیوەست بە گەشەسەندنی پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی بوارە سنووردارەکانی ئەم یاسایە.**

ك. پەیمانگە و سەنتەرە پسپۆڕییەکان، ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە دادەمەزرێن بە ئامانجی ڕاهێنان لە ڕێگەی خولی ماوە کورت یان ماوە درێژ، بۆ بە دەست هێنانی کارامەیی تەکنیکی یان زمانەوانی

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە بەس کوردیەکەتان هەیە؟ فەرموون لیژنەی پەروەردە،

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێزتان ژمارە (ك)ی (344) لە 2011/3/30، کە تایبەت بوو بە ناردنی پڕۆژە یاسای قوتابخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، لە کوبوونەوەی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ژمارە(1)ی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2011/3/29، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەمەی خوارەوە: پوختەی وەڵامی ئێمەیە، ئەمە وەك لیژنەی پەروەردە،

1. بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پڕۆژە یاساکە ئێمە حەوت کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە، و، ڕۆژی 2011/12/4، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (N D A) ئەمریکی، کۆڕبەندێکی یاسایی هاوبەشمان بۆ هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاساکە ئەنجامدا.

2. لایەنە پەیوەندیدارەکانمان بەشداری پێ کردووە، لە گفتوگۆ لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژە یاساکە لە کاتی کۆبوونەوەکانی خۆمان بوو بێ یان لە ڕۆژی ئەنجامدانی کۆڕبەندەکە لەوانەش وەزارەتی پەروەردە، یەکێتی مامۆستایان، خاوەنی قوتابخانە تایبەتەکان لە سنووری هەر سێ پارێزگا، دام و دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی، پەیوەندیدار، شارەزایانی یاسایی و پەروەردەیی.

3. دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوە و کۆڕبەندی یاسایی تایبەت و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پڕۆژە یاساکە لە ڕووی شێوە و ناوەڕوکەوە بەو شێوە هاوپێچە دابڕێژرێتەوە هەر بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم ڕەشنووسە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ لە ناو هۆڵی پەرلەمان، چونکە لەو ڕەشنووسەدا سەرجەم بیرو بۆچوون و پێشنیار و گۆڕانکاریە پێویستیەکانمان دارشتووە و دەق نووس کراوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

ناوی یاساکە: مشروع قانون المدارس الخاصة في إقليم كوردستان_العراق.

الفصل الاول: التسمية والتعريف، المادة الاولى يقصد بالمصطلحات الاتية: أينما وردت في هذا القانون المعاني المبينة ازاءها،

1.الاقليم اقليم كوردستان_ العراق.

2.الوزارة، وزارة التربية في حكومة اقليم كوردستان-العراق.

3.الوزير، وزير التربية.

4.القانون، قانون المدارس الخاصة.

5.المدارس الحكومية، المؤسسات التربوية والتعليمية التى تتولى وزارت التربية تأسيسها وإدارتها والاشراف عليها.

6.المدارس الخاصة: عبارة عن رياض الاطفال والمدارس والمعاهد الخاصة غير الحكومية العاملة في التربية والتعليم والتدريب المهنى قبل مرحلة التعليم العالى، وتتولى وزارة التربية ترخيصها والاشراف عليها.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ليژنەی ياسايی دەقی ئەصڵی پرۆژەكە بە عەرەبی بيخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەصڵی پرۆژەكە كە پێشكەشكرايە لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمان بە زمانی عەرەبی (مشروع قانون تنظيم المدارس الاهلية والخاصه في إقليم كوردستان_ العراق،

**الفصل الاول**

**التسميات والتعاريف:**

المادة الاولى يقصد بالمصطلحات الاتية: حيثما وردت في هذا القانون المعاني المبينة ازاءها،

أ.الاقليم، اقليم كوردستان_ العراق.

ب.الوزارة، وزارة التربية.

ج.الوزير، وزير التربية.

ء.القانون، قانون تنظيم المدارس الاهلية و الخاصة.

ه.المدارس الحكومية: هي المدارس التى تدار او يتم دعمها من قبل حكومة الاقليم أو يتم دعمها وتقع تحت إشراف وزارة التربية.

و.المدارس الاهلية و الخاصة: وتشمل جميع مدارس التعليم الاساس، الاعدادية، المدارس والمعاهد والمراكز التخصصية والتى تدار وفق هذا القانون من قبل الاشخاص او الاشخاص المعنويين.

ز.التعليم الخاص: ويشمل جميع انواع التعليم الخاص في المدارس ومعاهد ذوي الاحتياجات الخاصة ومدارس الموهوبين.

ح. المدارس الاختصاصية: وتشمل المدارس التى يتم تأسيسها بهدف اعداد وتدريب الطلبة بقصد توفير الايدي العاملة في الاسواق ذات العلاقة بالتطور الاقتصادى والاجتماعي وضمن إطار المجال المحدود لهذا القانون.

ط. المعاهد والمراكز الاختصاصية: تشمل تلك المؤسسات التى يتم تأسيسها بهدف التدريب عن طريق الدورات القصيرة الامد او الطويلة الامد، من أجل الحصول على القدرة التقنية او اللغوية.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ليژنەی پەروەردە ڕاپۆرتەكەی خۆتان بخوێننەوە بە كوردی.

**بەڕێز فەرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسای قوتابخانە تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان_عێراق.**

**بەشی یەكەم ناو و پێناسە، ماددەی یەكەم:(مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە لە هەر جێگایەكی ئەو یاسایانە هاتین ماناكانی بەرامبەریانە،**

**1.یەكەم هەرێم: هەرێمی كوردستان_عێراق.**

**2.وەزارەت، وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان_عێراق.**

**3.وەزیر: وەزیری پەروەردە.**

**4. یاسا: یاسای قوتابخانە تایبەتەكان،**

**5.قوتابخانە حكومیەكان: هەموو ئەو دام و دەزگا و پەروەردی و فێركاریانە كە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێن و، بەڕێوە دەبرێن و، سەرپەرشتی دەكرێن،**

**6.قوتابخانە تایبەتەكان: بریتین لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگە تایبەتە نا حكومیەكان كە بە شێوەی سەربەخۆ یان لق كاری پەروەردەیی و فێركردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر لە قۆناغی خوێندنی باڵا دەكەن و، لەلایەن وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتیان دەدرێتێ و سەرپەرشتی دەكرێن،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك شوان.**

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێم وایە هەڵەیەك هەیە لە بەڕێوەچوونی دانیشتنەكە، ئەوەی بەڕێز لیژنەی پەروەردە دەیخوێنێتەوە ئەو دەقەیە كە خۆیان پێشنیاریان كردووە ببێ بە دەقی ئەصڵی بۆ موناقەشەكردن، دەقی ئەصڵی یاساكە نیە، دەبێ ئێمە پێش وەخت بڕیار بدرێ ئەوە ببێ بە دەقی موناقەشەكردن یان نا؟ ئینجا دەبێ بخوێندرێتەوە، سوپاس،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو سیوەیل خان.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هاوڕام لەگەڵ هاوكارم كاك شوان، بەڵام ئەمە یەكەم جار حەق وایە یەعنی لە ناونیشانی پڕۆژەكەیەوە ئەمە موناقەشەمان بكردبایە، ناو نیشانەكەی لەوانەیە ئاڕا هەبیتن، حەق نیە بێنە سەر ماددەی یەكەم، سوپاس،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د. ڕۆژان.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

-تا ئێستا تەنها دەقی پڕۆژەکە خوێندرایتەوە، دەقی پڕۆژەکەی کە پێشکەشکرایە بە زمانی عەرەبی لەلایەن لیژنەی یاسایی خوێندراوە، لەلایەن لیژنەی پەروەردە دکتۆر دانا خوێندیەوە کوردیەکەی، ئێستا ڕای لیژنەکان مایە، دواتر ڕای ئەندامان وەردەگیرێ، لە سەر ناوی پڕۆژەکە و ماددەی یەکەم، ئێستا ڕای لیژنەی پەروەردەیە، هێشتا لیژنەی یاسایی ڕای خۆی نەخستۆتە ڕوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە کە جەنابتان لەو کاتەیە پێم وایە تۆزێك مەشغول بوون باسمان لەوە کردووە، وتوومانە لە خاڵی سێهەمی ڕاپۆرتی خۆمان وتوومانە، دوای ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەو کۆڕبەندی یاسایی و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پڕۆژە یاساکە لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، بەو شێوەیەی هاوپێچ دابڕێژرێتەوە، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین کە ئەم ڕەشنووسە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ئەو داوایەمان کردووە، ئەگەر جەنابت ئەو کارە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەن لە سەرۆکایەتی دەتوانرێ ڕوونبکرێتەوە، یا ئەوەتا ئەمە بکرێتە بنەما ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە یاخود دەقی ئەصڵیەکە بکرێتە بنەما و چاکسازیەکانی لیژنەی پەروەردە جێگەی خۆی بگرێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێوە ڕاپۆرتە، ڕاپۆرت ناکرێتە بنەما بۆ موناقەشەکردن، تەقریرە ئەصڵیەکە، پڕۆژە ئەصڵیەکە، دەکرێتە ئەساس، ئێوە وەکو لیژنەی پەروەردە ڕەئی خۆتان دەدەن، لیژنەی قانونی دوایی موناقەشە دەکرێ، ئێستا ئەوە ڕەئیەك هەیە، دەڵێن ناونیشانی پڕۆژەکە، فەرموون لیژنەی یاسایی، لیژنەی پەروەردە بزانم چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو مەوزوعە دەکەن؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە ئێمەش تێبینیمان هەیە، لەبەرئەوەی پڕۆژەکە کە پێشکەش کرایە باس لە (تنظيم المدارس الاهلية والخاصة) عنوانەکە بەو شێوەیە هاتیە، ئێمە پێشنیارمان کردیە کە تەنها بکرێتە (مشروع قانون المدارس الخاصة في إقليم كوردستان) واتا وشەی تەنزیمەکە لادرێ، چونکە خۆی یاساکە مەبەستی ڕێکخستنی ئەو جۆرە قوتابخانەیە دەردەچێ پێویست ناکات وشەی تەنزیم لە ناو یاساکە هەبێ و

(مدارس الاهلي)لادرێ وشەی (أهلی) تەنها بەو شێوەیە بمینێتەوە (مشروع قانون المدارس الخاصة في إقليم كوردستان)،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە ڕەئیتان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێستا قوتابخانەی ئەهلی هەیە کە موستەسمیرێکی دەرەوە دەیکاتەوە، قوتابخانەی ئەهلی هەیە کە موستەسمیرێکی ناوخۆیی دەیکاتەوە، قوتابخانەی تایبەت هەیە کە تێکەڵە حکومی ئەهلی، قوتابخانەمان هەیە کە بۆ کاری خێر خوازی کراوەتەوە، ئەم هەموو جۆرە قوتابخانانە لە جیاتی ئەوەی هەموو ناوەکان لە ناو دەقی نەصی یاساکە بێت، بەیەك شێوە دامان ڕشتووە کە ناومان لێ ناوە قوتابخانە تایبەتەکان، لەدواییە لە تەعریفەکان و لە ماددەکانی تردا هەمووی ئیشارەتی پێ دراوە کە ئەو قوتابخانانە چیین؟ لەوانە (قوتابخانەی ئەهلیە، خێر خوازیە، حکومی ئەهلیە، حکومیە بە شێوازێکی تایبەت) لەگەڵی دا مامەڵە دەکرێت، بۆیە ئەمانە ناوی تایبەتمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی خسوسیەتێکی بدەینێ و، جیای کەینەوە لە خوێندنگا حکومیەکان، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێوە پێشنیارتان کردووە ئەوە لیژنەی یاسایی جیایە، عەینی شتە، جەنابی وەزیر ڕەئیت لەو بارەیەوە چییە؟

**بەڕێز: د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من بەس تێبینیەکا هەی (مشروع قانون المدارس والمعاهد الاهلیە)، چونکە معاهدیش دەگرێتەوە، چونکە دوو تشتێ لێك جودا هەی هەردوو مەدرەسە بەس ئەوە سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دانا،

**بەڕێز د. دانا سعید صوفي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ماددەی یەکەم بکەین، لە تەعریفی با بڵێین شەشەم، قوتابخانە تایبەتەکان لەوێ نووسراوە قوتابخانە تایبەتەکان، چی دەگرێتەوە؟ بۆ نموونە نووسراوە باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگە

تایبەتە نا حکومیەکان، یەعنی لە تەعریفەکە ئەوەی تێدایە، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە مانعاتمان نیە ئەگەر ئەوەشی لێ زیاد بکرێ معاهد، هەرچەندە با بڵێین لە تەعریفی ژمارە شەشیش هاتووە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ لاریمان نیە لە ئیزافەکردنی پەیمانگە تایبەتەکانیش، ئەهلیەکانیش، بۆ نەصی یاساکە بەم شێوەیەی لێ بێ بە عەرەبی من ئەیخوێنمەوە، هاوکارانم بەکوردی بیخوێننەوە، (مشروع قانون المدارس والمعاهد الخاصة في إقليم كوردستان ـ العراق)

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز: فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای قوتابخانە تایبەتیەکان و پەیمانگا تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیر موتەفقن لە سەر ئەوەی کە ناو نیشانی پڕۆژەکە (مشروع قانون المدارس والمعاهد الخاصة في إقليم كوردستان ـ العراق)بێ قسەتان هەیە لە سەری؟ باشە، لە ناوەکان دەنووسین کێ قسەی هەیە لە سەری ناوەکان دەنووسین؟ (محمد دلێر محمود، سالار محمود، عمر عبدالرحمن، عبدالسلام مصطفى بەرواری، سیوەیل عثمان، شلێر محی الدین، شلێر محمد نجیب، شڤان احمد، سمیرە عبدالله، بەفرین حسین، شێرزاد عبدالحافظ، ئاشتی عزیز، پەیمان عبدالكریم، بیریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ئێستا گلەیی لە سەر ئەوە هەیە کە دەنگە دەنگ زۆرە پڕۆتۆکۆلەکان تۆمار نابن، تەسجیل نابن تووشی موشکیلە دەبین هەموو جارێ لە نەقل کردنی پڕۆتۆکۆلەکان تکا دەکەین، ڕجا دەکەین هێمنی ناو قاعەکە بپارێزن، فەرموو کاك دلێر

**بەڕێز: محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کەرتی پەروەردە وەکو کەرتەکانی تر نیە، دەبێ زۆر بە وریاییەوە ئەو بەرنامەیە داڕێژراو بێت، لە کاتێکدا ناونیشانێك دادەنێین بۆ پڕۆژە یاسایەك ئەو پڕۆژە یاسایە بزانین ئەو ناونیشانە چ تەئسیرێکی

دەروونی هەیە لە سەر کۆی خوێندکاران و قوتابیان لە هەرێمی کوردستان لەو ناوچەیەدا، لە کاتێکدا ئێمە دەڵێین پرۆژە یاساکان، پرۆژە یاسای تایبەت، تایبەت ئایا لە چیا تایبەتە؟ تایبەتمەندیەکەی لەوە دایە ئەو زانیاری و شێوەی دەرس گوتنەوەکەی تایبەتە؟ تایبەتەکەی لەوە دایە لە کەرتی تایبەتە؟ یان چی؟ کەواتە خۆی لە خۆیدا ئێمە بەڕێوبەرایەتییەکمان هەیە لە ناو بەڕێوبەرایەتی تەربیە بەناوی بەڕێوبەرایەتی خوێندنی نموونەیی و ئەهلی، دەڵێ نموونەیی ئەهلی، ئێمە کە دەڵێین تایبەت ئەمە دەبێتە تەئسیرێکی نەفسی بۆ سەر خوێندکارانی تر دروست بکات، و، ئەو چینانەی کە دەرامەتیان کەمە ناتوانن منداڵ بنێرنە خوێندنگە ئەهلیەکان خۆیان بەوە دابنێن کە لەوێ تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بەو شێوەیە، لەبەر ئەوە من ناوەکەی وای بە باش دەزانم ناو بنرێ، پرۆژە یاسای خوێندنگە ئەهلیەکان یان خوێندنگاکانی کەرتی تایبەت، نەوەکو تایبەت، لەبەر ئەوە هیچ تەئسیرێکی نەفسی بە سەر کۆی گشتی خوێندکارانیش دروست نەکا، لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر ئەگەر تێبینیت لە سەر مادده یەکیش هەیە قسە بکە، چونکە مادده یەك و عنوانەکەمان کردووە بەیەك، لە موناقەشەکردن، مادده یەکیش خوێندرایەوە بەکوردی و بە عەرەبی، ڕەئی لیژنەی پەروەردەشی لە سەر درا، فەرموو ئەگەر تێبینیت هەیە لە سەر مادده یەك قسە بکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مادده یەکیش ئەو خوێندگانەی کە دەگرێتەوە، دەڵێ خوێندنگە نموونەییەکان، نموونەییەکان بە ڕەئی من نموونەییەکان تایبەت نین، نموونەییەکان یاخود بەهرەداران، بریتین لەو کەسانەی کە توانای خۆیان هەیە، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە یاخود بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەکان، چەند ڕێنماییەکیان بۆ داناون، یەکێك لەو شتانە کە دەڵێ ئەو کەسەی کە ساڵی پێش کۆتایی نمرەکانی لە (85٪) کەمتر نەبێت، بەڵام تۆ خویندنگا ئەهلیەکان ناتوانی نمرەی بۆ دابنێی، چونکە تۆ لە ڕەوزەوە تاکو پەیمانگاکان، لەبەر ئەوە لێرەشدا بڵێین مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، زاراوەکانی چاك بکرێ، کە چی دەگرێتەوە تەنها وەکو کەرتی تایبەت تەماشای بکرێ وەکو ئەوە تەماشای نەکرێ ئەمانە کۆمەڵێ کەسن لە کۆمەڵ جیا دەکرێنەوە، چونکە ئێمە یەك شت هەیە، لە سەر حیسابی کەرتی تایبەت نەچینە هۆی ئەوەی کە تەئسیر بەکەینە سەر خوێندکارانی تر، چونکە یەکێك لە سیفاتەکانی قوتابخانە ئەوەیە غەیری خویندن، غەیری زانیاری، غەیری مەسەلەی تواناسازی مرۆڤ، بریتیە لەوەی هەموو چین و توێژەکان تێکەڵاو دەکا پێکەوە، بەڵام لە قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت چەند چین و توێژێکی تایبەت ئەچنە ئەوێوە، ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی کە تەئسیرات بۆ سەر قوتابخانەکانی تریش دابنرێ کە بە چەندەها ساڵ بۆمان ڕاست نەکرێتەوە، بەرنامە داڕێژراو نەبێت، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێزسالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگە، و، بنەمایە بۆ پەروەردەی مەدەنی ئەو ئیداعایانەی کە دەکرێ، پێویست دەکا عینوانەکەی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆحی یاساکە هەبێ، من پێم وایە بۆ مەسەلەی قوتابخانەی تایبەت زۆرتر تەرکیز کراوەتە سەر تەلەفوزە عەرەبیەکەی کە پێم وایە خوێندنگا ئەهلیەکان گونجاو ترە، و، خوێندنگە ئەهلیەکان لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە دەتوانرێ دەوڵەمەند بکرێ، و، ئەم بابەتە بابەتێکی هەستیارە، چونکە ئێستاکە لە ناو ڕەئی عامی کوردستان، قسەیەك لە سەر دروست بوونی دوو توێژی جیا هەیە، تەبەقەیەکی نزم و تەبەقەیەکی بەرز لە ئاستی خوێندن و منداڵ ناردنە خوێندنگاکان، بۆیە ئەمە دەبێ لە پاڵی هەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بە جۆرێك گەشە دار بکرێ بە پێی ئەم یاسایە کەرتە گشتیەکە هەست بە غوبنێك نەکا و، ئەم پەیامە هەیە بە دوو ئاڕاستە لە سەر بکرێ، واتا کەرتی گشتی و و، کەرتی تایبەت لە ڕێگەی خوێندنگا ئەهلیەکانەوە، ناونیشانەکە خوێندنگا ئەهلیەکان بێ، من تەصەورم وایە بۆ باخچەی ساوایان گونجاو نیە، بگوترێ قوتابخانە، چونکە قۆناغی پێش قوتابخانەیە باخچەی ساوایان لە ماددەی یەکەم کە هاتووە، و، ڕاستە هەندێك دروست دەخوێنن، بەڵام باخچەی ساوایان زۆرتر ڕاهێنان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو وەرزش و کۆمەڵێ بابەتی تر فێر دەکرێ، نەك وانە و دروسی تر، لەو ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەم ناونیشانەی کە هەیە، و، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاش گوڕانکاریان تێدا کردووە، تەسەورم وایە جێی خۆی ناگرێ، باشتر وایە خوێندنگە ئەهلیەکان بێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان، نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بۆ ئەوەی هیچ جۆرە تەفسیرێك نەکرێ، خاصە لە (پڕایڤت)ەوە هاتووە، مەکتەبی پڕایڤت، کە بە وشەکە ئینگلیزیە، پڕایڤت یەعنی تایبت، ئێمەش سوودمان لەوە وەرگرتووە، وەکو چۆن لە پێشیشەوە باسمان کرد، قوتابخانەمان هەیە سیمەیان پڕایڤتە، تێکەڵە، حکومی ئەهلیە یەعنی حکومەت بەشێکی دەعم دەکات، و، ئەهلیشە لە هەمان کاتدا، وەکو قوتابخانەی فاخیر مێرگە سووری، قوتابخانەی ترمان هەیە خێر خوازیە، بۆیە (پڕایڤت)مان دۆزیەوە کە وشەیەکە گونجاو بێت بۆ هەموو جۆرە قوتابخانەکان بچنە ژێر ڕکێفی ئەم یاسایەوە، لەبەر ئەوە هیچ جیاوازیمان نەکردووە و هیچ تایبەتمەندیمان نەداوە بە بەشێك لە سەر بەشێکی تر، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر عبدالرحمن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی ئەو عنوانە كە داواكرا لەلایەن جەنابی وەزیریشەوە مەعاهیدی بخرێتە سەر، من پێم وایە ئەم عنوانە دەبێ تایبەت بێت تەنها بە مەدارس ئەهلیە یاخود مەدارس (القطاع الخاص) پێویست ناكات كەلیمەی خاصەی لەگەڵ دابێ، هەر چەند خاتوو سۆزان تەوزیحیشی لە سەر دا ئێستا بە چی؟ ئەگەر بێن لە تەعریفەكان سەیری بكەین باس لە جیاكردنەوەی (المدارس الحكوميە والمدارس الاهليه) دەكات، مەدارسی حكومی تەحدید كرا كە قەتعەن بەلایەنی حكومەتەوە ئەبرێ بەڕێوە، لە مەدارسی ئەهلی باس دەكا دەڵێ ئەمە مەعاهد و مەراكزی تەخەسوسیش شموول دەكات ئەوانی كە شەخس یان ئەشخاسی مەعنەوی ئەیبەن بەڕێوە، كە مادام ئەشخاس تەبیعی بێت و، یاخود ئەشخاسی مەعنەوی وەكو موئەسسەسی ببرێ بەڕێوە، كەواتە ئەمە دەبێتە قوتاعێكی خاص، ئەمە لە قوتاعی حكومی چووە دەرێ، وێرای ئەوەی خاصە لەگەڵ (المدارس الاختصاصيه) لە فەقەرە حەوت، (ح)، باسی لە سەر كردووە، (المدارس الاختصاصيه) جیاوازە لەگەڵ مەدارسی ئەهلیەكە لەگەڵ مەدارسە خاصەكان ئەوە هاتووە، ئەمە فیئەتێك تەخەسوسی خاصە بە میهنەیەك بە علمێكی، بە شەهادەیەكی بابەتێك لە بابەتەكانی زانست و زانیاری كە خەڵك تیایدا فێر دەبێ، تەخەسوسیە لەبەر ئەوە پێویستە عینوانی ئەمە بە ( مشروع قانون تنظيم المدارس الاهلية) بمێنێتەوە و، یاخود( مشروع قانون تنظيم مدارس القطاع الخاص) بمێنێتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی مەعلوماتی من (سپێشڵ ئیدوكەیشن)، (المدارس الخاصه) چەمكە ناتوانین ئێمە بۆ خۆمان ئیعادەی تەعریفی كەین، چەمكە بۆ ئەو قوتابخانەیە و خوێندنگایانە و پەیمانگایانەی تایبەت بە (ذوى الاحتياجات الخاصة) ئەوانەی بڕیە لۆ غەیری (سپیشڵ ئیدوكەیشن) هەر ئەوە زیاتر نیە (المدارس الخاصه) عەرەبی واتا (سپێشڵ) یەعنی (خاص) نەك (خاص)، (پڕایڤت) بێت، (خاص)، (سپێشڵ) (سپێشەلێتی) ، وایە من نازانم بەپێی مەعلوماتی خۆمە، بۆیە تاكو ئەو ئیشكالیە نەمێنێ، ئێمە كەلیمەی ئەهلی لە زۆر جێگامان بەكارهێناوە، بزەبت ئەهلی یەعنی قوتاعی خاص، یەك. دوو: ئەو مەسەلەی پەیمانگاش بەڕاستی ڕەنگە ئەوە تەوەسوع بكرێ، سبەینێ ئێمە یاسایەك دەربكەین بۆ زانكۆكان یەعنی لەگەڵ قوتابخانەكان بیت پەیمانگاكان باشترە لەوەی لەگەڵ زانكۆ بی، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناونیشانی ئەو پرۆژە یاسایە کە دەڵێ ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. قوتابخانە تایبەتەکان لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەچێ، قوتابخانەی تایبەتی و پەیمانگەی تایبەتمان هەیە دەبێ لە یاسای وەزارەتی پەروەردە هەبێ، نموونەمان هەیە خوێندنی خێرا تایبەتە لەبەر ئەوەی دوو پۆل بەیەك ساڵ دەبڕێ، دوو مەرحەلە بەیەك ساڵ دەبڕێ، نەوجەوانانمان هەیە، دوو پۆل بەیەك ساڵ دەبڕێ، کەمئەندامانمان هەیە، خاوەن پێداویستی تایبەتمان هەیە، کە ئەوانە پێیان دەڵێن تایبەت، یان پێیان دەڵێن پەیمانگە، پەیمانگەی ڕووناهیە، ئاواتە، بیرکۆڵە، ئەوانە هەموو یاسای خۆیان هەیە، ئەوانە هەندێکیان سەر بە وەزارەتی کۆمەڵایەتیە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە مەنهەج و پرۆگرام و ئەو شتانەیان هەیە، بەتیئی تەعەلومان هەیە، هەندێ قوتابخانە هەیە بەتیئی تەعەلومی پێی دەڵێن، پۆلەکە، دوو پۆلە لە قوتابخانە حکومیەکانە، واتا ئەوانە هەمووی حکومینە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. من لەوانەیە جەنابی وەزیری پەروەردە بتوانێ وەڵاممان بداتەوە، ئایا ئەوانە لە زمنی یاسای وەزارەتی پەروەردە هەیە یان نیە ، ئەگەر لە زمنی وەزارەتی پەروەردە هەیە واتا حکومینە، تایبەتیش نینە، هەیە قوتابخانەی نموونەییمان هەیە تایبەتە، بەڵام حکومیە، قوتابخانەی تایبەتمان هەیە خەڵك پارەی دەدا، بەڵام حکومیە، یەعنی لەلایەن هەردوو لاوە تێکەڵاوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە بۆ ئەوەم نیە بڵێم من خیبرەم هەیە، بەڵام من (34) ساڵ مامۆستا بوومە، یەعنی لە بواری پەروەردە کارم کردیە، بۆ خۆی تەنها ئەوەیە دەبێ بڵێن ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلیەکان، ئەهلیەکان قوتاعی خاص دەگرتەوە، ئەو کەسانە دەگرتەوە تەنها کە بڵێین سەرمایەدارەك کە قوتابخانەیەك دەکاتەوە لە سەر مەسروفی خۆیتی وەکو کەرتی تایبەتە، بەڵام ئەهلیە نموونەمان هەیە ئەوە پەیوەندی بە زانکۆ وە نیە، چونکە ئەوە پەیوەندی بە خوێندنی باڵایە ئەو قسەی دەیکەم ئێمە زۆر جار دەڵێین زانکۆی جیهان ئەهلیە، لوبنانی فەرەنسی ئەهلیە، دیجلە ئەهلیە، واتا ئەوانە تایبەت نیە، چونکە ئەگەر تایبەت بی، دەبێ سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ، بۆیە پێم باشە تەنها قوتابخانەی ئەهلی بێتن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێرمحی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وشەی تایبەت، (المدارس الخاصة) من لە لیژنەی پەروەردەش ڕەئیەکی جیاوازم هەبوو کە نابێ بەتەنیا بڵێی (المدارس الخاصة)، دەبێ ئەهلی بێ، لە بەینی دوو قەوس یان بڵێین (المدارس الخاصة)، (الاهلیە) یانیش هەر ببێتە ئەهلی، لەبەر ئەوە (المدارس الخاصە) هەر وەکو برادەران باسیان کرد تایبەتە بە خاوەن پێداویستی تایبەت یان بە هەندە پسپۆری تایبەت یان بە بەهرەداران، ئەوانە پێی

دەوترێ(المدارس الخاصه)، بەڵام ئەگەر وشەی ئەهلی لەگەڵ نەبێ، ئەوە خەڵك مەفهومەكەی ئاوا تێدەگا، كە ئەوە تایبەتە بە پسپۆری تایبەت، لە سیستەمی پەروەردەشدا (المدارس الخاصه) حەتا بۆ خاوەن پێداویستی تایبـەت لـە كـەم بوونـەوە دایـە، لەبـەر ئـەوەی سسـتەمەكە گـۆڕاوە، ئێسـتا سیسـتەمی (ئینكلوسـب ئەجوكەیشن)بەكار دەهێـنن لـە مەكتەبـەكان، سیسـتەمی تێكـەڵ كردنـی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت لـە مەدارسی ئیعتیادی، وشەی بەتیئی تەعـەلوم و ئەوانـە لـە مەكتەبـەكانی كوردسـتان نـەماوە، هـەموو جـۆرە خاوەن پێداویستە تایبەتەك لەگەڵ منداڵی ئاسایی لە قوتابخانە بۆیە خاص تایبەت بەوانە پێویستە ئەهلی لەگەڵ بێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە (63) ماددەیە، ئەگەر هەموو ئـەو خوشـك و برایانـە ئـاوا بـە تەفصـیل قسـە بكـەن بـڕوا بكەن بە (15) ڕۆژ تەواو نابێ، فەرموو كاك شڤان،

**بەڕێز شڤان احمدعبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەمە موشكیلە خاصەكە لابدرێ، وەكو عنوان ئەهلیەكە بە قوەتترە، چونكە فەلسەفەی ئەم پڕۆژە یاسایە من وا دەبینم لە بەینی قتاعی عام و قتاعی خاصە، مەدارسی حكومی و مەدارسی ئەهلی، یان غێر حكومینە، یەعنی خسوسیەتەكە لەوە دایە، بۆیە هەر ئەهلیەكە بەقوەتر دەبێت و، پێم باشە پڕۆژەكە بەم شێوەیە بێت، عنوانەكە، پڕۆژەی یاسای قوتابخانە و پەیمانگەی ئەهلی لـە هـەرێمی كوردسـتان، چـونكە خسوسیەتەكە لە ئەهلیەتەكە دایە، ئەو خسوسیەتە دەچێتە ناو سیفەتەكەی كە ئەهلیە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێرمحمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش هـەمان ڕام هەیـە، چـونكە خـۆی لـە یاسـای ژمـارە(4)ی سـاڵی 1992ی وەزارەتـی پـەروەردە لـە ماددەی(5) فەقەرەی (7) دەڵێ، (الاشراف علی المدارس الاهلیة) ئێمە یاسایەكمان هەیـە كـە تەئكیـد دەكاتـە سەر (المدارس الاهلییە)، لەبەر ئەوە با عینوانەكە هەر (المدارس الاهلی)یە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، پێویست ناكات دووبارەی كەمەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیش کران، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کورە بابە خەڵکی خێرەومەند هەر ماوە، زۆرە ماشاءاللة، فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکانی منیش کرا، بەڵام من پشتگیری جەنابی وەزیر دەکەم کە مەعهەدی بۆ زیاد بکرێ، وە لە گەڵ ئەوەش دام کە ڕێکخستن بکەوێتە ناو سەردێڕەکەیەوە، ناوەکەیەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە هینێکی نموونەییە و، بۆ ڕێکخستنەکەشی کۆمەڵێ قوتابخانە هەیە، قوتابخانە ئەهلیەکان کە بەڕاستی ڕێکخستنیان دەوێ، یەعنی فەرقی هەیە قوتابخانە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، لە ڕووی نمرەوە، لە ڕوی گواستنەوەی مامۆستا بۆیان، کۆمەڵێ شت هەیە، لەبەر ئەوە ئەو ڕێکخستنەی تێدابێ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێزئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم یاسایە من ڕام وایە ناوەڕۆکی یاساکە زیاتر لە خزمەتی ناوی ئەهلی دایە، وەك لەوەی لە خزمەتی تایبەتی دابێ، ناوەڕۆکەکە ئەوەی سەپاندووە بەسەرماندا کە زیاتر بیر بکەینەوە لە وشەی ئەهلی، لەبەر ئەوەی کە وشەی ئەهلی بریتیە لە ڕێکخستنی نێوان موستەسمری ئەجنەبی و ناوخۆ لەگەڵ حکومەتە، واتا شێوازەکانی ڕێکخستنیش لەلایەن حکومەتەوە شێوازی چاودێریکردنی بۆ قوتابخانەکان، بەڵام کە دەڵێی قوتابخانەی تایبەت، دەکرێ قوتابخانە تایبەتیش بێ، بەڵام سەر بەحکومەت بێ، لەلایەکی ترەوە لە نەفسی پێناسەکان خۆت قوتابخانەی حکومیت جیاکردۆتەوە لە شوێنێکی تر دەڵێ قوتابخانەی تایبەت، کەواتە خۆی ئەمە دژ ئەبێ بەیەکتری، بۆیە ناوەڕۆکەکە ئەوە ئەسەپێنێ بەسەرماندا کە زیاتر جەخت بکەینەوە سەر قوتابخانەی ئەهلی، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر موراعاتمان نەکەن لە دەنگە دەنگ، مەجبوورمان مەکەن ناوتان بێنین، بڵێین فلان کەس تکایە هێمنی هۆڵەکە بپارێزن، دوایی خۆشتان نارەحەت دەبن، ئێمەش نارحەت دەبین، تکایە هێمنی بپارێزن،

چونکه ئەو لیژنەیەی کە لێرە دانیشتوون لیژنەکان لەبەر ئەوەی گوێمان لێ نیە خوشك و برا پەرلەمانتارەکان دەڵێن چی؟ فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ناونیشانی یاساکە بێگومان ئەهلی گونجاوترە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاساکە دەگونجێ، چونکە بەڕاستی ئەهلی خۆشی بۆ چی بێ ئەهلی تەنها بۆ ئەو قۆناغی خوێندنە بێ کە لە یەکی بنەڕەتیەوە هەتا دوانزە بێ، واتا پەیمانگاکان لێرە، چونکە یەکی بنەڕەتی هەتا دوانزەی سستەمێکی تایبەتی هەیە، نیزامێکی خاصی خۆی هەیە، پێی بەڕێوە دەچێ بەگوێرەی ئەو سستەمی خوێندنی نوێ، پەیمانگاکان و قوتابخانەکانی تر سستەمی خۆیان هەیە، واتا تێکەڵ یەك دەبێ، پاشان ناتوانین ئێمە خۆمانی لێ ڕزگار بکەین، دەبی یاساکە پەسەند کرا، دیسان بێن دووبارە هەمواری بکەینەوە، زۆر زۆر گیروگرفت دێتە ڕێمان، بۆیە جیاکردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی هەروەك و هاوکارانم ئاشتی خان و چەند ڕەفیقێکی تریش هەر وایان وت بۆ چیە؟ ئەم یاسایە بۆ چ پەنامان بردە بەری کە ئەو یاسایە دابنێین، ساڵانە جۆرەها گیروگرفت هەیە، کە بە ڕێنمایی گیروگرفتەکانی ئەوخوێندنگە ئەهلیانە چارەسەر دەکرا، هەر بگرە لە بڕی پێشکەشکردنی مۆڵەتەکە، لە بڕی ئەو پارەیەی کە لە خەڵکی وەردەگرن، لە جۆری خوێندنە، لە زەمان نەکردنی مامۆستایەکان، لە بەڕێوەبەرەکان، ئەوە هەمووی گیروگرفت بوو، بۆیە لەم یاسایە چمانکردیە ئەمانەمان تەنزیم کردیە، ڕێکخستیە، جا قوتابخانەی ئەهلی گونجاوترین ناونیشانە بۆ ئەوە، کە تایبەتمان دانە، تایبەت بەڕاستی قوتابخانەی تایبەتمان هەیە کە سرف حکومینە بە سستەمە حکومیەکە ئیش دەکا، کە هیچ جیاکاریەکی تێدا نیە، تەنها لە تایبەتەکان ئەوەی هی بەهرەدارانە تەنها پلەی دەرچوون و ئەوەی تێدایە نەوەك هەموو شتەکانی وەکو قوتابخانەی حکومیە، جا تووشی هەڵە دەبین بەراستی هەروەك وتم پێویست بە هەموار دەکاتەوە بە زووترین کات هەروەك وتم، بۆیە ئەهلی گونجاوترین ناونیشانە بۆ ئە یاسایە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێچەوانەی زۆر لە هاوکارانم، دەمەوێ ناوی قوتابخانەی تایبەت بێ، چونکە یەعنی (پڕایڤت سکول) ئەوەش هەیە دوو مەکتەب هەیە حکوکی (پەپلیك)لەگەڵ (پڕایڤت) ئەوانی تر ئەوەی کە مەکتەبی خێرخوازی ئەوە هەیە ئەویش هەر تایبەتە، بۆیە دەبی ناوی تایبەت بێ، چونکە کە دەڵێن ئەهلی، ئەهلیش هەر تایبەتە، بۆ وشەی ئەهلی بەکار بێنین، ئێمە ئەگەر زۆر جار سستەمی سویدی باس دەکرێ، لە سوید (پڕایڤتە)لە (ئسکەندەنافی) لە هەموو وڵاتەکان ناوی (پڕایڤت سکولە) یەعنی تایبەت، بەڵام داوا دەکەم داینگاشی لەگەڵ بێ، چونکە داینگاش هەر فێرکردنە ئەویش (پڕایڤت سکولە) وەکو خوێندنە،

یەعنی بەخێوکردنە، پەروەردەیە، بەڵام پەیمانگاکان داوا دەکەم لەگەڵیان نەبێ عایدی وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ، بۆیە ڕاسترین شت ناوی قوتابخانەی تایبەت بێ، نەك قوتابخانە تایبەتەکان، چونکە لە عەرەبی تەرجومە کرایە، بۆیە کە وتت قوتابخانە تایبەت یەعنی هەموو قوتابخانەك دەگرێتەوە کە تایبەتە ئەویش ئەهلیە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك لە پەیمانگاکان تابعی وەزارەتی پەروەردەن و، مەبەستیان لەو پەیمانگایانەی کە تابعی وەزارەتی پەروەردەن، فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش وەکو هاوکارانم لەگەڵ ئەوەم کە یاساکە بکرێت بە یاسای قوتابخانە ئەهلیەکان، من درێژەی پێ نادەم، لەبەر ئەوەی هاوکارانم زۆر باسیان کرد و، بەنیسبەت خاڵی پێنجەم قوتابخانە حکومیەکان لێرانە وەکو لیژنەی یاسا پشتگیری دەکەم پێویست ناکات پێویست ناکات باس لە قوتابخانە حکومیەکان بکرێ، لەبەر ئەوەی یاساکە تایبەتە بە قوتابخانە ئەهلیەکان، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من مەبدەئیەن بەڕاستی من لەگەڵ قوتابخانە ئەهلی نیم، چونکە یەعنی بەڕاستی جیاوازی دروست کردووە لە نێوان چین و توێژەکان لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵام ئەمە پەیوەندی بەسیاسەتی ئابووریەوە هەیە، و، پەیوەندی بە بازاڕی ئازادەوە هەیە، کە لێرە مەجالی تێدا نیە قسەی لە سەر بکەین، بەڵام وەکو یەعنی تێبینیەکانم لە سەر یاساکە، من پێم وایە ئەهلی بێ باشترە، چونکە تایبەتە بەڕاستی تایبەتەکان ئەگەر سەر بە وەزارەتی پەروەردە بێت وابزانم پێویست ناکات وەزارەتی پەروەردە خۆی یاسایەکی هەیە مەفروزە لەوێ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە خوێندنی تایبەتەوە هەیە لەوێ باس بکرێ، نەك لێرە باس بکرێ، دەربارەی ماددەی یەکەم من لەگەڵ پێشنیارەکانی لیژنەی یاساییم کە هەندێك لە بڕگەکان زۆر ئیختیساریان کردووە، و، پێویست بە قوتابخانەی حکومی ناکات کە لەوێ باس بکرێ، تەنها لە قوتابخانە تایبەتەکان یاخود ئەهلیەکان باس لەوە بکرێت کە ئەوان هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کە سەر بە کەرتی تایبەت بێ، و، دەربارەی مەسەلەی دایەنگا ئێستا پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردە قسەم کرد، داینگاکان دیارە سەر بە وەزارەتی کارە بۆیە پێویست دەکا، یەعنی تەوزیحێك لە سەر ئەو بابەتە هەبێ، چونکە من سەیری پڕۆژە یاسای میسر و

مەغریبم کردووە، دایانگا هاتووە لە ناو ئەو یاسایانەدا، بۆیە پێویستە تەوزیحێك هەبێ دەربارەی ئەو بابەتە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ڕێکخستنی قوتابخانە و پەیمانگە ئەهلیەکان بێت سەرەڕای ئەو هۆکارانەی کە باس کرا، هۆکارێکی تر لەبەر ئەوەی ئێمە قوتابخانەی تایبەت و نموونەییمان هەیە حکومیە و، قوتابخانەی تایبەت و نموونەیشمان هەیە ئەهلیە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، کەواتە ئەگەر ئەهلیمان تایبەتمان وت مانای وایە جیا ناکرێتەوە حکومیە یان ئەهلیە، بۆیە ئەهلی بێ، سەبارەت بە ماددەی یەك: پێم وایە بڕگەی دالی زیادە، چونکە کە دەڵێن یاساکە، یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان بەهیچ یاسایەك ئەوەمان نەوتووە، دوای ئەوەش کاتێك کە لە ناوەڕۆکی یاساکە دەڵێن بە پێی ئەم یاسایە ئیتر بڕگەی دال زیادە، بڕگەی ها قوتابخانە حکومیەکان پێم وایە ئەو درێژیەی ناوێ، ئەو قوتابخانانەن کە لەلایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوە دەچن، ئیتر باربوو دەکرێن، یەعنی کوا حکومەت باربووی قوتابخانە دەکات، ئەوە نایەوێت، خاڵێکی تریش بە نیسبەت بڕگەی زا قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان هەر بکرێ بە ئەهلی پێم وایە بنووسرێ سەرجەم ئەو قوتابخانە و پەیمانگانەیە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێ، چونکە دەڵێ لەلایەن کەسایەتی کەسی، یان کەسایەتی مەعنەوی، خۆ حکومەتیش کەسایەتی مەعنەوی هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر غەیر حکومی بۆ زیاد کەین، بەڵام بۆ ئەوەی کورت تر بێ، بڵێین سەرجەم ئەو قوتابخانە و پەیمانگایانەن کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەچن، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان جەنابت تێبینیت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە مادەی یەکەم لە پێناسەکە، کە شەشەم دەکا ئێمە پێناسەی قوتابخانە تایبەتەکانمان کردیە، نەمان وتووە باخچەی ساوایان، دیارە باخچەی ساوایان قوتابخانە نیە، بەڕاستی ئەوەی پەیوەندی بە دایانگا هەیە، دایانگە پەیوەندی زیاتر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە نیە، خاڵێکی تر پەیوەندی دیارە بە پەیمانگاکان هەیە ئەوانەی کە شەهادەی بەکاوریۆس دەدەن، ئەوانە زیاتر پەیوەندیان بە خوێندنی باڵا هەیە، لەگەڵ ئەوانەی دبلۆمن وەکو پەیمانگاکان، بەڵام ئەو پەیمانگایەی ئێستا لێرە ئێمە باسمان کردیە ئەو پەیمانگایانەن کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، وەکو پەیمانگەی کۆمپیوتەر، وەکو پەیمانگەی وەرزش، وەکو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، ئەوانە پێنج ساڵەنە، ئەوانە سەر بە وەزارەتی

پەروەردەن، بەڵام پەیمانگاکانی تر وەکو کشتوکاڵ، وەکو تەکنەلۆجیا، ئەوانە سەر بە خوێندنی باڵان و دبلۆم دەدەن، بەڵام ئەوانەی خۆمان پێنج ساڵانە و سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو کەرتمان هەیە، کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت، ئەوەی کە عایدی کەرتی تایبەتە یەعنی ئەهلیە، بۆ وشەی ئەهلی باشتر بێ کە وشەیەکی کوردی نیە، بەڵام وشەی تایبەت نەتوانین بەکاربێنین، یەعنی من ئەمەوێ ئەو مەغزایە بزانم، چونکە کەرتی تایبەت یەعنی ئەو کەرتەیە کە لەلایەن قوتاعی خاصەوە بەعەرەبی ئەبرێ بەڕێوە، قوتاعی خاص ئەو کەسانەن، ئەو موستەسمیرانەن، ناومان ناوە کەرتی تایبەت، بۆچی ئەو قوتابخانانەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن قوتابخانەی تایبەت نەبن، بۆ دەبێ ئەهلی بن، بۆ دەبێ هەرچەندە ئێمە وەکو لیژنە ئێستاگفتوگۆمان کردووە، مشاوەرەمان کردووە، مومانەعەتمان نیە لە دانانی وشەی ئەهلی، بەڵام من دەمەوێ لەو حیکمەتە تێبگەم کە ئێمە بڵێین کەرتی تایبەت بۆ ئەو تایبەتە، بۆ قوتابخانەکەش بەکارنەهێنین، بۆ بگەڕێنەوە سەر وشە عەرەبیەکە و دایتاشینەوە، بڵێین ئەهلی، من پێم وایە ئەوە کەلیمەیەکی عەرەبیە، بەڕێزان مەعاهیدی وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێك مەعاهیدی هەیە، مەعاهیدی کۆمپیوتەری تایبەتی کردۆتەوە، ئێمە باس لە مەعاهیدی وەزارەتی خوێندنی باڵا ناکەین، ئەوە خۆی ڕێکی خستووە، بە قانونی خۆی، بەڵام ئێمە ئەگەر جەنابتان گوێتان لێی بێ، ئێمە بە گفتوگۆکردن و مشاوەرە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە چەندین کۆبوونەوە کە ئەوانیش بەشداربوون تێدا لە سەر پێشنیاری ئەوان مەعهەدمان ئیزافە کردووە، چونکە لە واقیعدا وجودی هەیە، ئیجازەی ڕێگەی پێدراوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (احمد وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە پێناسەی قوتابخانەی تایبەت لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی وتوومانە سەرجەم قوتابخانەی فێرکردنی بنەڕەتی ئامادەیی قوتابخانە و پەیمانگە و سەنتەرە پسپۆریەکان دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسان یان کەسایەتیە مەعنەویەکان بەپێی ئەم یاسایە بەڕێوەدەبرێن کەوا بوو لێرە ئێمە پەیمانگاشمان خستۆتە ناو پێناسەکەوە، بەڵام سەبارەت بە ناوەکە بەڕاستی وەکو سۆزان خانیش باسی کرد ئایا ئێمە مەبەست لێرە ئەو بەڕێزانەی قسەیان کرد ناوی ئەهلی بێ، لە عەرەبیەکە ئەهلی بێ یان لە کوردیەکەی هەر ناوەکەی ئەهلی بێ، چونکە لە بەرامبەر ئەهلی پێم وایە لە کوردستان زاراوەکە شوێنی خۆی گرتووە کە لە

بەرامبەر ئەهلی تایبەت بەکاردێ، ئێمە نەخۆشخانەی تایبەتمان هەیە، لە بەرامبەر نەخۆشخانەی حکومی، کە بە عەرەبیەکەی پێی دەڵێن (المستشفى الاهلي الخاص) بەکوردیەکەی پێی دەڵێن نەخۆشخانەی تایبەت، و، لە کوردیەکە ئەم زاراوەیە پێم وایە لە کوردستان شوێنی خۆی گرتووە، ئایا ئێمە ئەگەر مەبەست ئەوەیە لە عەرەبیەکە ئەهلی بەکار بێ یان خاص بەکار بێ، گرنگ نیە، بەڵام لە کوردیەکە پێم وایە وشەی کوردی بەکاربێنین باشترە، تایبەت بەکاربێنین، هەندێ لە بەڕێزان ئاماژەیان بەوە دا ئێمە قوتابخانەی نموونەییمان هەیە کە سەر بەحکومەتە، ئەگەر سەر بەحکومەت بێ ناگوترێت تایبەت، بەڵام قوتابخانەی نموونەییمان هەیە، کە لەگەڵی دا دەڵێ قوتابخانەی نموونەیی فلانی تایبەت، واتا تایبەتەکەی لەگەڵ دا دەوترێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە وشەکە وشەی تایبەت بێ لە کوردیەکە، گرنگ نیە لە عەرەبیە الخاصە بێ یان الاهلي بێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلەی زمانەوانیەکە لێگەڕێن بۆ خەڵکی زمان زان، زمانەوانیەکان، ئەگەر کردتان بە ئەهلی بەعەرەبیەکەی ڕێگە بدەن دوایی زمان زانەکان تەرجەمەی ئەهلی بکەن بزانن چۆن دەبێ، ئەگەر کردتان بە خاص، ئەوە دەبێتە تایبت، ئەوە لێگەڕێن بۆ زمان زانەکان، جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی پێویستی پچەك بە ڕۆنکردنەوەیە، مەوزوعی پەیمانگە کە تابعی وەزارەتی پەروەردەیە، یان نا مودیریەکە عام هەیە پەروەردە و، ژمارەکە پەروەردەیە یان پەیمانگە، ژ بەر هەندێ مەوزوعی پەیمانگە تین تابعی وەزارەتی پەروەردی ژی وەزارەتە خوێندنی باڵا ئەویش لازمە بمینتەوە، چونکە مەوجودە، دەربارەی ڤان نەوعی قوتابخانە یان مەدارس تێنە ڤەکرن، نە بەس ئەهلینە، غێر حکومینە ژی، یەعنی هەندێك مونەزەماتی خێرخوازیش هەندەك مەدرەسە ڤەکرن، ژ بۆ ڤێ چەندێ من دوو پێشنیارێت هەی ئێکیش هەردووکە ئیحتیماله، ئێك ژ مەدارس غەیر حکومیە ئەمانە غەیر حکومیە(o g0 n0) یان قوتاعی ئەهلی جێیەکا دی وەگریتەوە، چونکی دێ نووکە هەندێ مونەزەمە خێرخاز ئەسلەن نە بۆ پارەی ڤەکەنەوە، مەدارسە، نە حکومینە ژی، و، ڤی هەندێ (المدارس الغير حكومية) ئەڤە ئێك: یا دووی:(المدارس التي تدار من قبل القطاع الخاص)یەعنی تودار نە (المدارس الخاصة) (مدارس القطاع الخاص) ئەڤی ئیزافە کەتەڤە، چونکی ڕاستە تێکەڵاویەك ما بەینە تەرجومە خاسە کە تایبەتمەندیە پسپۆڕی ئان تایبەتمەندیە سەرمایەکە تەبیعی، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو ناوەی کە قوتابخانەی تایبەت بێ، یان قوتابخانەی ئەهلی بێ، ئێمە بۆ کێشەمان لە سەر کەلیمەیەك هەیە، وشەیەك هەیە؟ کە لەگەڵی ڕاهاتووین، دەبێ هەتاهەتایە ئەم وشەیە وشەیەکی عەرەبیشە، ئەگەر بیکەین بە کوردی ئەبێ بیڵێن قوتابخانە خۆماڵیەکان، خۆماڵیەکانیش لە کەرتی تایبەتە ئێمە لە هەرێمی کوردستان قوتابخانەی تایبەتمان خۆماڵیمان هەیە کە کەرتی تایبەت لە ناوخۆیدا دەیکاتەوە، بەڵام ئێمە هەندێ قوتابخانەمان هەیە، نێودەوڵەتیە ئەو کاتە ئێمە خۆ ناڵێن قوتابخانە خۆماڵیەکان، کە وتمان خۆماڵیەکان، ئەهلیەکان ئەوانەی کە نێو دەوڵتین لە کوردستان، چۆن ئەتوانرێ هەر ئەتوانرێ بڵێین قوتابخانە تایبەتەکان، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە مەسەلەی زمان بۆ خەڵکی موختەس لێگەڕێن، مەسەلەی زمانە، تەداخول لە مەسەلەیەك مەکەن کە ئیختیساسی خۆتان نەبێ ڕجا دەکەم، کاك دلێر دڵنیام نیزامی نیە. فەرموو بزانم،

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کێشەیە کێشەی زمانەوانی نیە، ئێمە بەتەنیا بڵێین زمانەوانی ئەمە کێشەی پەروەردەیە، ئێمە ئەڵێین تایبەت لەگەڵ کەرتی تایبەت فەرقی هەیە، تایبەت یەعنی تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ دەڵێی تایبەت ئەمە تەئسیر دەکاتە سەر کەسایەتی، سەر بەهاکانی خوێندکارانی قوتابخانە حکومیەکان، بەڵی لێرە کەواتە پێویستە من دەڵێم ئەهلیەکەش با نەڵێن بۆ ئەوەی هەست بەوە نەکرێ خەڵك بڵێ کەرتی تایبەتە، پرۆژە یاسای قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت، کەرتی تایبەت لەگەڵ تایبەتە فەرقێکی خۆی هەیە، زمانەوانی نیە، تۆ تەعریفی بکەی ئەو لە شوێنێکی ترە، ئەوی تر لە شوێنێکی ترە، حەقی بەسەر زمانەوانی نیە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا ئەوە نیزامی بوو، هەمان قسەت کرد، کە پێشتر قسەت کرد، کاك دلێر گیان، ئێ چۆن دەبێ تیکرار بکەیتەوە بە قوربان، ڕێگات نادەم عاجز دەبی، ڕێگەت دەدەم هەمان قسەکان دووبارە دەکەیتەوە، فەرموو کاك شوان،

**بەڕێز شوان عبد الکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکام وایە گوێم لێبگرن، چونکە ئەوەی من نیزامی نیە، بەڕێز وەزیر ڕایەکی دا بەڕاستی ڕایەکی زۆر مەعقول و پڕ بەخۆیەتی، هیوادارم لیژنەی موختەس لە سەر ئەوەی وەزیر ڕەئیەك بدات، بۆیە ئەگەر ئەوەی وەزیر بچێتە دەنگدانەوە، پێم وابێ ئەوەی وەزیر هەموو کێشەکە عیلاج دەکا، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێگا دەدەم هەمووتان قسە بکەن هەتا ئێوارە دادەنیشین، باشە بەس لە سەر ئەو ماددەیە فەرموو ئەڤین خان دەی،

**بەڕێز ئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و ڕەئیەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردە وەربگیرێت، ئەبێ لە سەر پێشنیارەی ئەو هەڵبەتە رەئی تر هەیە، چونکە دیارە ڕەئی جیاواز هەبوو لە سەر پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی یەکە بە یەکەمان لە کاتی قسە کردندا وەرگرت،ئێستا دەبینین مۆدێلێکی تر هاتۆتەوە ئاراوە، لە سەر قسەکەی خۆیان جارێکی تر تەعقیب دەدەنەوە، ئێمە مولاحەزەکانمان وەرگرت،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ حەقت نیە سۆزان خان ئەو قسەیەی بکەی، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە دەڵێ، تۆ قسەکانی خۆت بکە، فەرموون بۆ ماددەی دووەم،

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم: بنەما گشتیەکان بۆ دانانی قوتابخانە ئەهلی تایبەتەکان. 1. ئامانجەکانی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان ماددەی دوو: دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەت دادەمەزرێن بە ئامانجی هێنانەدی ئەم مەبەستانە: ـ أ. سەربارکردنی تواناکانی فێرکردنی نوێ بۆ سەر ئەو توانایانەی حکومەت هەیەتی، بەمەبەستی یارمەتی دان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی فێرکردنی نیشتیمانی نەتەوەیی، ب: ئاڕاستەکردنی هەوڵ و توانا نیشتیمانیەکان بەرەو بەشداریکردن لە ڕاهێنان و ئامادەکردنی کادیری مرۆیی پێویست، بۆ پرۆژەکانی گەشە پێ کردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ج: نەرمی خستنە نێو سیستمە فەرمیەکانی ئێستای فێرکردن، لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر پرۆگرامەکان و میتۆدە نوێیەکان لە چوارچێوەی یاساکانی فێرکردن دا، بەشێوەیەك پێداویستیەکانی نوێکردنەوەو پەروەردەیی پڕ بکاتەوە، بەپێی بنەما تێکستکراوەکان لەم یاسایەدا، د: گرنگی دان بە توێژینەوە دەربارەی زمانە بیانیە زیندووەکان لە پاڵ پرۆگرامە بڕیار لە سەردراوەکانی خوێندن، بەمەبەستی بەشداری کردن لە پێگەیاندن کادیری لێ هاتوو و شارەزا لەم زمانانە لە نێوان دەرچواندا هـ: فەراهەم کردنی بوار بۆ کێبڕکێ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا بەمەبەستی زیادکردنی کارامەییەکانی فێرکردن لە ڕێی بەرجەستەکردنی نموونەیی بەرز و مۆدێرن لە سستمی بەرنامە پەروەردەییەکان. و. هاندان بۆ بەشداریکردنی میللی و سەرمایەی نیشتیمانی

و بیانی له هەوڵەکانی گەشەسەندنی پەروەردەیی و فێرکردن له ڕێگای وەبەرهێنان له بوارەکانی فێرکردندا له ئاست و جۆرو قوناغە جیاوازەکاندا له چوارچێوەیەکی نوێی ڕێکخراودا، بەشێوەیەك زیاتر کاریگەرو بەر ئەنجام باشتر بێت، ی: بوار ڕەخساندن بۆ ڕۆڵەی ڕەوەندەکان بۆ چونە پاڵ دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکردنەکان بە فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریە فێرکردنەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ پرۆگرامی خوێندنی وڵاتەکانیان و پرۆژەکانی فێرکردنیان،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گوران نوقتەی نیزامت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز گوران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر پرۆژە یاسایەك کە موناقەشە دەکرێت دوای خوێندنەوەی ڕەئی ئەندامان و، قسەکردن، پێویستە ئەو ڕەئیانەی هەیە بخرێتە دەنگەوە، و، کاتی خۆی لە سەر ئەو ئسلوبە یاداشتێکیش درا سەرۆکایەتی پەرلەمان، و، لە نموونەی موناقەشەکردنی هەردوو مەشروعی ڕابووردوو بەتایبەتی صندوقی سەرەتانی سەلمێندرا کەوا ئەو شێوازی ئسلوبی موناقەشە بیری ئەندامان پەرت دەکا، لیژنەکان بە گران دەگەنە ڕاپۆرتی هاوبەش، ئەندامان گلەییان لە سەر ئەوە هەیە ڕەئیان بەنەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرایە و، ئێمە ئەمرۆ بەیانی موناقەشە دەکەین دوو ڕۆژی دیکە جەژنە، کەی دێینەوە جارێکی دیکە تەرکیزی ئەوەمان هەیە؟ بۆیە تکا دەکەم لەو مەشروعەوە بێنەوە سەر ئەو بەرنامەیەی کەوا مادده، مادده، لیژنەی مەعنی سیاغەی کات و دەنگدانی لە سەر بکرێ، ئەگەر نا ئەو گرفتانەمان بۆ دووبارە دەبێتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر برای من سیاغەکردنەوە لە لیژکانە، ئێستا لیژنەی پەروەردە سێ کەسیان دانیشتوون خۆیان نۆ کەس، دە کەسن لیژنەی پەروەردە، ئەو سێیە سلاحیاتیان نیە لە جیاتی لیژنەی پەروەردە سیاغەی کەنەوە، لیژنەی قانونی دوو کەس لێرکانەن لە مەجموعی یانزە کەس، ئەوان حەقیان هەیە ئەوە بکەنەوە؟ لەبەر ئەوە ئیشەکەمان وا هاتووە موناقەشە بکەن دوایی سیاغەی دەکەنەوە، ڕەئی هەمووتان مولاحەزە دەکەن، فەرموو کاك حەمە سعید،

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش نوقتەی نیزامیم گرت ئاگات لێ نەبوو، منیش تەئیدی قسەکەی کاك گوران ئازاد دەکەم، ئێستا جەنابت بیخە دەنگدانەوە، دوو ڕەئی هەیە، قوتابخانە و پەیمانگە ئەهلیەکان یان قوتابخانە و پەیمانگاکانی کەرتی تایبەت یان تایبەت، ئەوەیە یەك: تۆ ماددەکە بخە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بەڕاستی منیش دەڵێم

دەچینەوە خاڵی سفر مورەبەعی یەکەم کاتێ کە دێتەوە سەر دەنگدان، مورەبەعی یەکەم تووشی ئەو موناقەشە و گفتوگۆیە دەبێ، من پێم وایە ئەو سستەمە باشترە کە مادده بە مادده کە یاداشتیشمان داوە، فیعلەن قسەکەی کاك گورانە یاداشتیشمان داوە ئەو سستەمە باشتر و خێراترە لە بیرمان ناچێتەوە، لە زاکیرەی هەموو ئەندامان لە بیر دەچێتەوە دوای حەفتەیەك و دە ڕۆژی تر، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

لە زۆربەی زۆری پەرلەماناتی عالەمی قیرائەی یەکەم هەیە، قیرائەی دووەم هەیە، دوایی بۆ دەنگدان دێتەوە، چونکە دەبێ لە لیژنەی موختەس هەموویان دابنیشن هەموو ئەو مولاحەزاتانەی پەرلەمانتارەکان کۆکەنەوە، دیراسە بکەن، سیاغەکی تازەی بۆ بکەنەوە، سێ کەس ناتوانێ لە جیاتی هەموو لیژنەکان سیاغەی بکاتەوە بەڕاستی، دوو کەس ناتوانێ سیاغەی بکاتەوە لە جیاتی هەموو لایەنەکان، فەرموو کاك کاردۆ،

**بەڕێز کاردۆمحمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکردن لە سەر سیاغەکردنەوە نیە، کاتێك کە دەڵێین بڵێین پێویستە یاساکە، یاسای ڕێکخستنی ئەهلی تایبەت بێ، ئەمە تەسبیت دەکرێ، دوایی لیژنەی یاسایی و پەروەردە سیاغەی دەکەنەوە کێشە نیە، بەڵام ئەوە تەسبیت کراوە، یەعنی قسە لە سەر ئەوەیە، دوو ڕەئی هەیە، ئەم ڕەئیانە دەبێ بخرێنە دەنگدانەوە کە تەسبیت کرا کام قبوڵ کرا ، سیاغەکردن هەڵدەگرین بۆ ئەو کاتەی کە دێینەوە دادەنیشین، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە هەموو دوو ڕەئیەك ئەبێ لێرە سیاغە بکرێ دەنگی لە سەر بدرێ، خۆ ناکرێ یەك مادده کەواتە ئێمە دوو سستەمی دەنگدان دەکەین، سستەمێکی دەنگدان لە قیرائەی یەکەم دەکەین، سستەمی دەنگدان لە قیرائەی دووەم دەکەین، دوایی لە قیرائەی سێیەم دەکەین، ئاخر دوو دەنگدان چۆن دەبێ، تۆ ئەگەر ماددەیەك دەنگی لە سەر بدەی، دەبێ ماددەکانی تریش دەنگی لە سەر بدەی لە هەمان کات، ئێمە موشکیلەیەکمان نیە بەڕاستی حەز دەکەن ئێستا بیخەنە دەنگەوە هەموو با سیاغەی بکەن، بەسەقەتی سیاغەی دەکەن موافق نابن لە سەری، بەڵام لە هەموو پەرلەمانەکان وایە قیرائەی یەکەم هەیە، قیرائەی دووەم هەیە، قیرائەی سێیەم سیاغەدەکرێتەوە دەنگی لە سەر دەدرێ بەڕاستی، فەرموو کاك سەروەر،

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك لێرە شێوازی موناقەشەکردن و بەڕێوەچوونی جەلسەکان بەڕاستی پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بێ، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بێ لای ئێمە بەو جۆرە نیە، ئەگەر بڵێین لە پەرلەمانەکانی دونیا شتی وا هەیە، زۆر شتی تریش هەیە پێویستە چاو لە وان بکەین، لە کۆمەڵێك شتی تریش هەیە پێویستە بیهێنینە ئێرە، لە هەندێك شت داوا دەکەین دەڵێین پەیڕەو ڕێی نادا، دەڵێین لە پەرلەمانی فلان شوێن وایە، دەڵێین

پەیڕەو ڕێی نادا، خێرە لەمە ڕێدەدا؟ بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە دوو لیژنەی تایبەتمەند لێرەن، هەردوو لیژنە بەڵێ مەخەوەل کراون لەلایەن ئەندامانی لیژنەکانەوە و، دوو راپۆرت هەیە ئەو راپۆرتانە سەرجەم ئەندامان ئیمزایان لەسەر کردووە، تێبینی هەردوو لیژنە لەسەر پرۆژەکە هەیە و، ئەگەر سەرنجێکی تر هەبێت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دەکرێت لەبەر چاو بگیرێت، ئەگەر لە سێ کەس زیاتر بوو بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر نا بابەتەکان هەمووی سیاغە کراوە، پێم وانیە کێشەیەکی تێدا بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پێشتر وامان نەدەکرد کێ گۆڕی؟ ئێمە گۆڕیمان یان ئێوە گۆڕیتان؟.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نەمان گۆڕیوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە خۆتان گۆڕیوتانە، باشە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، باشە گیان دەیخەینە دەنگەوە، کێ دەڵێ ماددە بە ماددە لێرە سیاغە بکرێتەوەو دەنگی لەسەر بدرێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، 37 کەس دەڵێت لێرە ماددە بە ماددە سیاغە بکرێتەوە دەنگی لەسەر بدرێت، کێ دەڵێت بەس خوێندنەوەکەی بۆ بکرێت، موناقەشەی بکرێت لە جەلسەی سێیەمین سیاغەکەی بۆ بکرێت دەنگی لەسەر بدرێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، ئێستا لیژنەی هاوبەش چۆن ئەوە ماددە بە ماددە سیاغەکەی بخوێننەوە بیخەینە دەنگدانەوە؟ فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەوە داوا دەکەم کە یەك بەرنامەی ثابیت هەبێت، بۆئەوەی کە ماددە ماددە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ هەموو پرۆژەکان یان ئەوەی کە تەنها بۆ تایبەتمەندی نەدرێتێ لەسەر هەر پرۆژەیەك لە پەرلەماندا، کە موناقەشە دەکرێت بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ماددە ماددە بخرێتە دەنگدانەوە یان بۆ دوایی بێت؟ ئێستا ئەمە وای لێ هاتووە بۆ یاسایەك بەشێوەیەکە بۆ یاسایەکی تر بەشێوەیەکی ترە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من ئەوە بۆ هەموو یاساکان وە دەکەین تازە تەواو، بوو بە سیستەم ئەوە، ئەمە وای لێ دەکەین هەموو یاساکان لەمەودوا، هەموو پرۆژە یاساکان ماددە بە ماددە سیاغە دەکرێتەوە لێرە دەنگی لەسەر دەدرێت، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە ئێمە ئەم قیرائەی یەکەم و دووەم و سێیەممان هەڵبژارد، بۆئەوەی دەرفەتێك بدەین بۆ لە یەك نزیك بوونەوەی ڕایە جیاوازەکان، بۆیە ئێمە ئەو سیستەمەمان هەڵبژارد، تازە ڕێزمان هەیە بۆ دەنگی ئەندامان، بەلاّم ئابەم شێوەیە حەسم بکرێت دەنگە جیاوازەکان، بیروبۆچوونە جیاوازەکان لێك نزیك نابێتەوە، دەرفەت نابێت لەناو کۆبوونەوەی لیژنەکاندا ئەم کارە بکرێت، چونکە هەر لێرەدا ئەم خەڵکەی لێرە دادەنیشێت دەبێت تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە بکات، بەلاّم من یەك ئیقتراحم هەیە، ئیقتراحەکەی من ئەوەیە دەنگ بدرێت لەسەر بابەتەکە، بەلاّم سیاغەکە دەبێت هەڵگیرێت بۆ دوایی، چونکە لێرە غەڵەت دەکرێت، هەڵەی تێدا دەکرێت، یەعنی ناکرێت دەنگ بدرێت بۆ بابەتەکە هەر دەبێت ببێتەوە بە سێیەم، کە لە دوای سیاغەوە دەنگ بدرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێت شتی وا، نابێت سۆزان خان، یان لێرە دەنگ بدەن و سیاغەی بکەنەوە، یان جارێکی تر نایێینەوە بۆ دەنگدان، فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وایە موشکیلەکە لەوەی نیە کە ئێمە لێرە دەنگ دەدەین یان بۆ دوایی لە خوێندنەوەی سێیەم دەنگی بۆ دەدەین، موشکیلەکە ئەوەیە بەڕاستی هەندێك کەموکوڕی هەیە لە خۆ حازر کردنی لیژنە هاوبەشەکان، لیژنە هاوبەشەکان حەقە زیاتر دیراسەی بکەن، زیاتر بەیەکەوە ڕاپۆرتێکی هاوبەش ئەوە بکەن، یەعنی با پەلە نەکەین لە هەندێ حازرکردنی پرۆژە یاسادا، با زیاتر مەجال بدەین بە ئەوەکان، ئەندامی لیژنەکان زیاتر موشارەکە بکەن لە سیاغە کردن و بەشداری کردن و موناقەشە کردن، من وای دەبینم هەندێك لە ئەندامان کەم لە لیژنە موشارەکە دەکەن، دێنە ناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە دەکەن، ئەندامی هەمان لیژنەشن، بەڕاستی حەقە زیاتر سەرۆکایەتی پەرلەمان موراقەبەی زیاتر بخاتە سەر لیژنەکان، داوایان لێ بکات کە زیاتر خۆیان ماندی بکەن، بۆئەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش ئامادە بکەن لێرە کەمتر خۆ ماندی بوونی بوێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوای لێبوردن دەکەم هەمووومان گەورەو تەمامین، ئێ با لیژنەکان کارەکانی خۆیان بکەن، چ پێویست دەکات ئێمە پێیان بڵێین، ئەی لیژنە بۆ داندراوە؟ پەرلەمانتار بۆ پەرلەمانتارە؟ ئیش وکارەکانی خۆیان بکەن، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتم ئێمە ئێستا گەڕاینەوە سەر پەیڕەو، چونکە لە ئەصڵدا وەکو کاك گۆران وتی ئەمە پەیڕەوە، لەبەرئەوە بێتاقەت نەبین بۆئەوەی دەنگی درا لەسەری، تەنها ئەوەندە هەیە ئێمە جاران دەوترا ئایا ڕاپۆرتی هاوبەش

بكەينە ئەصڵ و یان پرۆژەکە؟ دەخرایە دەنگدان، دواتر هەر ماددەیەك سێ کەس زیاتر قسەی لەسەر کردبا دەخرایە دەنگدان، سیاغەی زمانەوانی یان سیاغەیەکی قانونی ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئاخیر کە لیژنەکە دەیکات، ئەگینا دەنگدان لەسەر ڕا جیاوازەکان، ئەمە لە پرۆژەکەی پێشوودا زۆر بە ئاشکرا دەرکەوت، دوای ئەوەی کە لیژنەش چووەوە ناو لیژنەکەی خۆی نەیتوانی کۆنترۆڵی هەموو ڕەئی پەرلەمان بکا، لەبەرئەوە ئەمە ئەصڵە و با هەر لەسەر ئەمە بێت تا کۆتایی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەلەن دەنگدرا لەسەر ئەوە تازە ئەوە ناکرێت بگەڕێینەوە ئەوە یەك، دووەم من ئەمەم پێ ناخۆشە لێرە ئێمە ئیقراری ئەوە بکەین، کە سێ ساڵ پەرلەمانی کوردستان بە هەڵە یاساکانی تەشریع کردووە، سێ ساڵ بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر باسی ئەم دەورەیە دەکەم بێجگە لە دەورەکانی ڕابردوو، یان دەبێت لێرە ئیقرار بکەین، بەڵێ ئێمە ئەو سێ ساڵە هەڵە بووین ئەوە دوو، سێیەم بەڕاستی لەو ئالیەتەی کە ئیختیار کرا لە سەرۆکایەتی ئیختیار کرا، ئێمە وەکو فراکسیۆن و زۆربەی فراکسیۆنەکانیش ئاگایان لەو بڕیارە نەبووە، نەکەس یاداشتی پێشکەش کرد بوو، نە راوێژیش کراوە بە هیچ فراکسیۆنێك ئەوەی من بزانم، با ئالیەتەکە بگۆڕین بەوشێوەیە بێت، ئیقتراحێك بوو لە سەرۆکایەتیەوە تەنفیز کرا بەبێ ئەوەی بخرێتە دەنگدان و هیچ، ئەو ئالیەتەی جەنابتان باسی لێ دەکەن، لەبەرئەوە ئێستا دەنگیشی بۆ دراوە ئەمە موافیقە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆش، گوێ بگرن لە یەکتر باشترە، با قسەکانم تەواو بکەم بەڕێزان، عەرزم ئەوەیە کە ئەو ترسەی کە بەڕێزان لە لیژنە هەیانە و هەندێك لەو براو خوشکانە ڕەئیان بڵێین بە بۆچوونەکەی تر داوە، ئەوان پێشتر راپۆرتی هاوبەش حازر دەکەن، لێرە گفتوگۆ دەکەن، ئەندامانی هەمان لیژنە کە لەوێن لێرەش ئەندامانی لیژنە هەن، دەکرێت لە موداخەلەکانیاندا تەئکید بکەنەوە لەسەر ڕەئیەکەی لیژنەکە، چ موشکیلەك هەیە ئێمە هەمووومان ئازادین و قسەی خۆمان دەکەین، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەو ئالیەتە موافقە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆوە ئەمەش سەلیم ترە، ئەگەر وا نەکەین دەبێت هەمووومان بە سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانەوە ئیقرار بکەین کە سێ ساڵ ئێمە بە هەڵە یاساکانمان تێپەڕاند.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا موشکیلە ئەوەیە راپۆرتی هاوبەش نیە، ئێ نیە، راپۆرتی هاوبەشیان نیە، هەردوو لیژنە راپۆرتی هاوبەشیان نیە بەڕاستی، فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئەو پرۆژە یاسایە داخیلی بەرنامەیەك کرا و کارکراو، ڕاپۆرتەکان ئامادە کران، واتە لیژنەکان و پەرلەمانتارانی بەڕێز ئامادەن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە و هەموو ئامادە باشی کرایە، بەلاّم ئێستا پاش ئەو دەنگدانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەڕای من دەتوانین بە دوو ڕێگا چارەسەری بکەین، یەکەم ئەوەتە یان ئەو پێشنیارانەی کرا بۆ نموونە لەسەر ناوی یاساکە مەدارس خاصە یان ئەهلی بدرێتە دەنگدان، پێشنیارەکان تەنها دواتر سیاغە بکرێت لەلایەن هەردوو لیژنە بێتەوە قانونەکە دەنگدانی لەسەر بکرێت، یان ئەوەتا پێویستە هەردوو لیژنە راپۆرتێکی هاوبەش بکەن، بەلاّم دواتر دیسان ئەو راپۆرتە هاوبەشە موناقەشە دەکرێ و دووبارە پێشنیاری ئەندامان دەبێ، پێشنیار پێشنیار بخرێتە دەنگدان، پرۆسەکە زۆر دەخایەنێت، لەو دوو چارەسەرە زیاتر باوەڕ ناکەم شتی تر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە یان ئەوەتا ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوەو دەنگی لەسەری دەدەین، سیاغەکە دەبێت لێرە بکرێت بەڕاستی، چونکە ناکرێت دانیشتنێکی تر بکەینەوە لەسەر سیاغەکە، دەنگ دانێکی تر بکەینەوە جارێکی تر، ئەوە هەر دەکاتە سێ جار بەڕاستی، فەرموو کاك سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم کێشەکەمان لە خۆمان گەورە کردووە، ئێمە سێ ساڵە لە پەرلەمانین، لە دوو ساڵی یەکەم بەو جۆرە هاتووە ساڵێکە بەبێ ئەوەی ڕای هیچ کەسێکمان وەربگیرێت ئەم بڕیارە دراوە، ئێستا بابەتەکان کێشەیەکمان نیە، ئەمە پرۆژە یاساکەیە، ئەمە لیژنەی یاسایی سیاغەی کردووە راپۆرتی خۆیی و لیژنەی خۆی، ئەمە لیژنەی پەروەردە ئەگەر هاتو تەرحێکی تازەش هەیە لە ئەنجامی گفتوگۆی بەڕێزان خاڵێك هەیە ڕەتی بکەینەوە، ڕەتی دەکەینەوە، خاڵێك هەیە پەسەند بکرێت، زیاد بکرێت، زیادی دەکەین، پێم وا بوو ئەو موناقەشەی ئێمە لەسەر ئەو بابەتە کردوومانە، ئەگەر بەو جۆرە بڕۆیشتباین تا ئێستا سێ ماددەمان پەسەند کرد بوو، نەوەك لە یەك ماددە دەرباز نەبین، هەمووی سیاغەکانیش کراوە لێرەدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەواو فەرموو لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی، هەر لە عنوانەکەوە دەست پێ بکەن بخوێننەوە دەخرێتە دەنگدانەوە لێرە هەست بە مەسەلەکان دەکەین، فەرموو لیژنەی پەروەردە ئەصڵیەکە ئینجا ڕەئی ئێوە، ئینجا ڕەئی لیژنەی یاسایی، ئینجا ڕەئی جەنابی وەزیر وەردەگرین، فەرموو موناقەشەش کرا.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك لە پێشنیارەكان ئەوە بوو كە وشەی مەعاهد بۆ ناوی یاساكە زیادبكرێت، واتە بكرێتە (قانون المدارس)ئەوجا (الاهلیة و الخاصة)ـەكە دواتر كامەیان دەنگی هێنا (والمعاهد فی اقلیم كوردستان) واتە یەك لە پێشنیارەكان زیاد كردنی وشەی (معاهد) بۆ ناوی یاساكە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێ لەگەڵ ئەوە دایە (مەعاهد) زیاد بكرێت؟ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، 4 كەس لەگەڵ دانیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ برگەی دووەم.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی تر هەبوو بكرێتە (مدارس غیر الحكومیة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوە دایە بكرێتە (مدارس غیر الحكومیة)؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ 5 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ ئەوەش پەسەند كرا، فەرموو بزانین چی ماوە، ئێ بڕۆنە ماددەی یەكەم، چونكە موناقەشەی لەسەر كراوە ماددەی یەكەم، بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، فەرموو كاك سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس بیخوێنێتەوە بزانین چی لێهات ئەوەی كە دەنگی لەسەر درا، قەینا ئەم وشەیە وای لێ هات، چونكە هەست دەكەین پەرش و بڵاویەك هەیە، بەس ئەوەندە كە بڕیاری لەسەر درا بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە بزانین ئاخیر شت چی لێ هاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مشروع قانون المدارس و المعاهد الغیر حكومیة في اقلیم كوردستان-العراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕۆنە سەر ماددەی یەك.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەكەم دا هیچ كام لەو بەڕێزانە باسی لەو ماددەیە بە شێوازێك نەكردووە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو دەنگدانە ئێمە لە شەشەم دا بەپێی وەكو ئەوەی كە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە، لە شەشەم دا (المدارس الخاصة) دەبێتە (المدارس غیر الحكومیة)، تەعریفەكەی بەڵێ (الغیر الحكومیة) ئینجا با من

تەواوی بکەم بۆی، (عيبارة من رياض الاطفال و المدارس والمعاهد الخاصة غير الحكومية العاملة في التربية و التعليم و التدريب المهني قبل مرحلة التعليم العالي و تتولى وزارة التربية ترخيصها و الاشراف عليها).

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە مادام وایە دەبێ (المدارس الحكومية) تەعریفی هاتووە دەبێت لای بدەین زیادە، (المدارس الحكومية) پەیوەندی بەو یاسایەوە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی چەند ڕاو بۆچوونێکمان هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، ئەویش ئەوەیە یەك لەوانە پێناسەی دەستەواژەی (القانون) پێویست ناکات قانون تعریف بکرێت، خۆی ناوی قانونەکە تازە دەنگی هێنا (المدارس والمعاهد غير الحكومية)، هەروەها پێناسەی (المدارس الحكومية) پێویست ناکات، چونکە لە ئەصڵی قانونەکە بۆ (المدارس والمعاهد غير الحكومية) پێناسەی (المدارس الحكومية) پێویست ناکات، (التعليم الخاص) شوێنی ئێرە نیە ئێمە باس لە (مدارس غير الحكومية) دەکەین، (مدارس اختصاصی) ئەو بڕگەیەش لابدرێت، (معاهد مراكز اختصاصی) ئەوانە هەمووی لابدرێت و، لەیاسای وەزارەتی پەروەردە بە هەرچی هەموارکردنەوە جەخت لەو پەیمانگانە کرایە، کە دەسەڵاتێتی ئەو پەیمانگانە دروست بکات و دایبمەزرێنێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئیلغا کردنی بڕگەی (د - ه - ز- ح - ط)ینە، تەنها چوار بڕگە لە پێناسەکان بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ڕای لیژنەی یاسایی و گفتوگۆکردنمان لەنێوانی خۆماندا، ئەم ماددەیە بەو شێوەیەی لێ دێت:

**الفصل الاول**

**التسمية والتعريف**

المادة (1): يقصد بالمصطلحات الاتية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المبنية ازائها:

1- الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

2- الوزارة: وزارة التربية في حكومة اقليم كوردستان.

3- الوزير: وزير التربية.

4- المدارس غير الحكومية: عيبارة عن رياض الاطفال والمدارس والمعاهد الخاصة غير الحكومية العاملة في التربية والتعليم والتدريب المهني قبل مرحلة التعليم العالى وتتولى وزارة التربية ترخيصها والاشراف عليها.

داوا لە جەنابت دەکەم دەقە کوردیەکەش بخوێندرێتەوە، بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام لە سەرەتاوە پرۆژە یاساکە کرا بە قوتابخانە و پەیمانگاکە، پێم وایە لە پێناسەکە قوتابخانە ناحکومیەکان جیا بکرێتەوە لە پەیمانگا ناحکومیەکان، یەعنی بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، چونکە جیاوازە ناکرێت بڵێی قوتابخانە حکومیەکان بریتیە لە پەیمانگەکانیش، چونکە لەوێ بە جیاوازی ناوی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی سۆزان خان خوێندیەوە زۆر باش بوو، بەلاّم دوو مولاحەزە هەیە، بۆئەوەی تووشی ئیشکال نەبین بۆ پاش تر، یەکێکیان وەکو ئەوەی کە کاك دڵشاد وتی یان وشەی پەیمانگاکە لەگەڵ ئەوە زیاد بکەین، قوتابخانە و پەیمانگا غیر حکومیەکان یان پەیمانگەکانیش پێناسەیەکی هەبێت لێرەدا، چونکە کە پەیمانگامان دەبێت یاسای بۆ دادەنێین ناکرێت نەزانین کوێیە ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەمیان بەڕاستی من لەگەڵ ئەوە دانیمە قوتابخانە حکومیەکان لابدرێت، قوتابخانەی حکومی لەڕووی یاساییەوە چیە؟ چونکە لێرە لە یاساکەدا هاتووە، لە کۆمەڵێك شوێندا ناوی هاتووە لەکاتی گواستنەوەی خوێندکارێك لە قوتابخانەیەکی غەیری حکومی بۆ حکومی یان بە پێچەوانەوە، یان مامۆستایەك یان مواسەفاتەکانی لێرەدا ئەمە کار ئاسانیمان بۆ دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی یاساکە، پێم وایە ئەمەشی تێدابێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت قوتابخانە تایبەتەکە، نازانم پێویستە جەنابی وەزیر ڕوونی بکاتەوە، باخچەی ساوایان قوتابخانەیە؟ با ڕوونی بکاتەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆر احمد فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی باخچەی ساوایان نەهاتووە، لە لیژنەی پەروەردەدا هاتووە، بۆیە ئەوە دەبێت بە دەنگدان یەك لابکرێتەوە، ئێمە پرۆژەیەکی تریشمان هەیە کە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، راپۆرتی لەسەر ئامادەکراوە، لەسەر باخچەی ساوایان.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە یاسای وەزارەتی پەروەردە باخچەی ساوایان قوتابخانەیە و، بەشێکە لە مەنزومەکەیان بەڕێوەبەرایەتیشی هەیە و ئەوان ئیشرافی دەکەن، یەعنی قوتابخانەیە، بەڵام دایەنگا شتێکی ترە کە عایدی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێز دکتۆر سەروەر ئێمە مومانەعەتمان نیە لەوەی مەدارسی حکومی لێرە بمێنێتەوە، بەڵام خۆشی لە یاسای وەزارەتی پەروەردە تەعریف کراوە، لەبەرئەوە لێرە دابنرێت یاخود دانەنرێت وەك یەك وایە ڕای ئەندامانی بەڕێز.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟**

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبعەن (ریاض الاطفال) یان (کیندەرگار)جوزئەکە ژ نونەزەمەی پەروەردەیێ، یەعنی قوتابخانە ئەعسامێ، ڕاستە نامەیەکی تایبەت ژ بەر هەندێ لازمە دڤی قانونێ دابێت، ئەز مەمنونم.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دوا سیاغەکەی بخوێننەوە بیخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (1): يقصد بالمصطلحات الاتية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المبنية ازائها:**

1- الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.

2- الوزارة: وزارة التربية في حكومة اقليم كوردستان.

3- الوزير: وزير التربية.

4- المدارس الحكومية: المؤسسات التربوية والتعليمية التى تتولى وزارة التربية تأسيسها وادارتها والاشراف عليها.

5- المدارس والمعاهد غير الحكومية: عيبارة عن رياض الاطفال والمدارس والمعاهد غير الحكومية العاملة في التربية والتعليم والتدريب المهني قبل مرحلة التعليم العالى وتتولى وزارة التربية ترخيصها والاشراف عليها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسایەکە یاسای (المدارس غیر الحکومیة) (المدارس و المعاهد الغیر الحکومیة) ئێمە جەخت لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆمان دەکەین، کە پێویست ناکات مەدارسی حکومی لەناو یاساکە پێناسە بکرێت، لەبەرئەوەی لە یاسای وەزارەتی تەعلیم عالی بە هەرسێ هەموارکردنی، بە تێر و تەسەلی باس لەو جۆرە قوتابخانەیە کرایە، تەنها ئەوەی (غیر حکومیة) باسی لێوە نەکرایە، ئاماژەی پێکرایە کە بە ڕێنمایی یاخود بە ڕێسای تایبەت دەردەچوێنیّ، ئێستاش کە ئەو یاسایە شوێنی ئەوانە دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە بە پێویستی نازانین پێناسەی قوتابخانە حکومیەکان لەناو ئەو یاسایە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان دوو ڕەئی هەیە، جاریّ یەکێکیان بخوێنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ موشکیلەمان نیە، با تێدا نەبێت لەسەر ئەو روونکردنەوانەی بەڕێز دکتۆرە رۆژان وەك لیژنەی یاسایی دایان هیچ مومانەعەتێکمان نیە، دەکرێت لەبەرئەوەی وەکو باسیشم کرد بە تێرو تەسەلی لە یاسای وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە، بۆیە هەر بەو چوار تەعریفەی کە باسمان کرد حەز دەکەن جارێکی تر دەیخوێنمەوە بە عەرەبی و بە کوردی، بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبی و بە کوردی بیخوێننەوە، ئاخیر سیاغەتان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**التسمية والتعريف**

**المادة (1): يقصد بالمصطلحات الاتية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المبنية ازائها:**

**1- الاقليم: اقليم كوردستان-العراق.**

**2- الوزارة: وزارة التربية في الاقليم.**

**3- الوزير: وزير التربية.**

**4- المدارس غير الحكومية: عبارة عن رياض الاطفال والمدارس والمعاهد غير الحكومية العاملة في التربية والتعليم والتدريب المهني قبل مرحلة التعليم العالي وتتولى وزارة التربية ترخيصها والاشراف عليها.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کوردیەکەتان هەیە؟ فەرموو کوردیەکەش بخوێنەوە.**

**بەڕێز فەرمان عزالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لە هەر جێگایەکی ئەو یاسایە هاتن ماناکانیان بەرامبەریانە:**

**1- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**2- وەزارەت: وەزارەتی پەروەردە لە هەرێم.**

**3- وەزیر: وەزیری پەروەردە.**

**4- قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان: بریتین لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان کە بەشێوەی سەربەخۆ یان لق کاری پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر لە قۆناغی خوێندنی بالاّ دەکەن و، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە مۆڵەتیان دەدرێتێ و سەرپەرشتی دەکرێن.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دەقە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە دوایی دەقە کوردیەکەی، بەڕێزان دەقە عەرەبیەکەی بخوێننەوە لە لیژنەی یاسایی، لە ئەصڵی یاساکە دوای ئەوە ئێمە ڕاپۆرتەکانمان دەخوێنینەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني:**

**الاسس العامة لانشاء المدارس الاهلية والخاصة**

**اولاً: اهداف المدارس والمعاهد غير الحكومية. (له هەموو ماددەکان دەستەواژەکە بەوشێوەیەی لێ دێت، بەس چۆن نووسراوە من ئەوها دەیخوێنمەوە)**

**المادة(2): يتم تأسيس مؤسسات التعليم الاهلي والخاص، بهدف تحقيق الاغراض التالية:**

**1- اضافة امكانيات التعليم الحديثة: الى الامكانيات التي تمتلكها الحكومة، بقصد المساعدة للوصول الى غايات عملية التعليم الوطني والقومي.**

**2- توجيه المساعي والقدرات الوطنية والاجنبية نحو المشاركة في تدريب واعداد الكوادر البشرية اللازمة لمشاريع النمو الاقتصادي والاجتماعي.**

**3- وضع مرونة في نظم التعليم الرسمية الحالية، عن طريق انجاز البحوث حول البرامج والنظريات الحديثة ضمن اطار قوانين التعليم، بالشكل الذي يلبي احتياجات التجديد التربوي وفق الضوابط المنصوص عليها في هذا القانون.**

**4- الاهتمام بالبحوث المتعلقة باللغات الاجنبية الحية، الى جانب البرامج التعليمية المقررة، بقصد المشاركة في اعداد الكوادر المقتدرة والخبيرة في هذه اللغات بين الخرجين.**

**5- تهيأة مجال المنافسة في مجال التربية والتعليم، بقصد زيادة مؤهلات التعليم، عن طريق تجسيد نماذج راقية و حديثة في النظم والبرامج التربوية.**

**6- تشجيع المشاركة الشعبية ورأس المال الوطني والاجنبي في مساعي التطوير التربوي والتعليمي، عن طريق الاستثمار في مجالات التعليم، في مختلف المستويات والانواع والمراحل، ضمن اطر جديدة منظمة، بالشكل الذي يجعل التأثيرات والنتائج افضل.**

**7- تهيأة الفرصة امام ابناء الجاليات، للانضمام الى المؤسسات التربوية والتعليمية، من خلال تأمين خدماتهم التعليمية، بشكل منسجم مع برامج تعليم بلدانهم ومشاريع التعليم.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیەکەی هەتانە؟ فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی پەروەردە بە عەرەبی دەیخوێنمەوە

**الفصل الثاني:**

**الاسس العامة لتأسيس مدارس الغير حكومية.**

چونكه تازه ئێمه نووسیمانه خاصه كرایه به (غیر حكومیة)

اولاً: اهداف

المادة (2): تأسس المدارس الغير حكومية من اجل تحقيق الاهداف الاتية: گۆڕانكاریمان تێدا كردووه.

1- اطاحة مجالات جديدة اكثر للتربية والتعليم اضافة الى الامكانيات الحكومة بغية التطوير والمساعدة للوصول الى غايات عملية التربية والتعليم الوطني.

2- تأمين وتهيأة المستلزمات المتنوعة لتحديد عملية التربية والتعليم عن طريق البرامج والاجرأت الحديثة وفق اسس ومبادئ هذا القانون.

3- الاهتمام بتعليم اللغات الاجنبية الحية، الى جانب المناهج التعليمية المقررة، لغرض اعداد الكوادر متخصصة وكفوئة في مجالات التواصل العلمي والتربوي والمهني والتكنلوجي.

4- تهيأة ارضية مناسبة للتنافس في مجال التربية والتعليم بغية تطوير اتجاه التنمية البشرية والابداع اكثر في التربية والتعليم بتجسيد النماذج الحديثة والعصرية في النظم ومناهج التربوية.

5- تشجيع عملية الاستثمار الوطني والاجنبي في الاقليم في مجالات التربية والتعليم في اطار البرامج والنظام الحديثين.

6- اطاحة الفرصة امام الجاليات وللاجئين الوطني والاجانب حتى لا ينقطع ولغرض استمراريهم في التربية والتعليم الوطني وتوفير مستلزمات التربية والتعليم و خدماتها منسجماً مع مناهج التعليم في الاقليم و في البلدان التي منها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

به كوردیەكەی هەتانە؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**بنەما گشتیەكانی دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومیەكان.**

یەكەم: ئامانجی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومیەكان

ماددەی دووەم: قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومیەكان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی خوارەوە دادەمەزرێن

1- رەخساندنی بواری نوێی زیاتر بۆ پەروەردەو فێركردن وێرای ئەو توانایانەی حكومەت هەیەتی بە مەبەستی پەرەپێدان و یارمەتی دان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی پرۆسەی پەروەردە و فێركردنی نیشتمانی.

2- دابین و ئامادەكردنی پێداویستیە جۆراو جۆرەكانی نوێ كردنەوەی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن لە رێگای پرۆگرام و رێكاری نوێ بەپێی بنەماو پرەنسیبەكانی ئەو یاسایە.

3- بایەخدان بە فێربوونی زمانی بیانیە زیندووەکان لەپاڵ پرۆگرامە فێرکاریە داندراوەکان بە مەبەستی پێگەیاندنی کادیری شارەزاو کارامە لە بوارەکانی بەیەکگەیشتنی زانستی و پەروەردەیی و پیشەیی و تەکنەلۆجی.

4- رەخساندنی زەمینەی گونجاوی کێبڕکێ لە بواری پەروەردە و فێرکردن بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی رەوتی گەشەپێدانی مرۆیی و داهێنانی زیاتری پەروەردەیی و فێرکاری بە بەرجەستە کردنی نموونەی نوێ و سەردەمیانە لە سیستەم و پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا.

5- هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لە هەرێم لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لە چوارچێوەی بەرنامە و پەیڕەوێکی نوێ دا.

6- رەخساندنی دەرفەت لەبەردەم رەوەند و پەنابەرانی نیشتمانی و بیانی بە مەبەستی دانەبڕان و، بەردەوام بوونیان لە پەروەردە و فێرکردنی نیشتمانی و دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری پەروەردەو فێرکردن بەشێوەیەك کە لەگەڵ پرۆگرامەکانی فێرکردنی هەرێم و ئەو وڵاتانەی لێوە هاتوون بگونجێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا سێ سیغە لەبەر دەستمان دایە، من پشتگیری دەکەم لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکان شتی باشیان تێدایە، بەس سیغەیەکمان هەیە کە ئەصڵی دەقەکەیە کە بەڕێزان پەرلەمانتاران ناردوویانە لیژنەی پەروەردە بەپێی ئەو راپۆرتەی کە نووسیویانە، راوێژیان کردووە بە چەند لایەنێك، پێشنیاریان کردووە کە ئەوە بکرێت بە ئەصڵ، چونکە دەقی یاساکەیان سیاغە کردووەتەوە، من خۆم شەخسەن پشتگیری لەوە دەکەم و، دەبێت جەنابتان بە دەنگدان حەسمی بکەن ئایا ئەمە بکەینە ئەصڵ؟ دوایی لیژنەی یاسایی سەرنجەکانی خۆیان، ئەگەر روخسەتم بدەن با لەیەك تێبگەین، ئەمە بکرێتە ئەصڵ لیژنەی یاسایی ڕاوو سەرنجەکانی خۆیان لە وەختی موناقەشەکە دەڵێن یان دەقە ئەصڵیەکە بکرێت، چونکە ئێستا دوو، سێ سیغەی جیا جیا لەبەر دەستمان دا هەیە، جەنابتان سۆزان خان ئەو ئیقتراحەی کرد، کە ئەوە بە پێشنیار یەك لا بکرێتەوە، یەعنی بە دەنگدان ئایا ئەوە ئەصڵ بێت یان ئەوەی بەڕێزان نوسیوویانە خودی پەرلەمانتارەکان؟، ئەوە دەبێت حەسم بکەین دوایی بکەوینە ئیش، چونکە ئێستا ئەوانە هەر دوو سیاغەیان کردووە، سیاغەی جیاوازن زۆربەی کات ناوەڕۆکەکانیان یەکێکە، بەڵام ئیقتراحاتەکانی خۆیان لیژنەی پەروەردە خستوویانەتە ناو سیاغەکەوە، یەعنی ئیقتراحی جیایان نیە سیاغەی یاساکەیان کردووەتەوە بە راوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆرەوە، جا ئەوە بە دەنگدان حەسمی بکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەستمان پێكرد بە گفتوگۆكردن و دەنگدان، ئێستا ناكرێت شێوازی گفتوگۆكردن و دەنگدانەكە بگۆڕین، سەرەتا ئەو راپۆرتانە هەمووی نەخوێنراوە، تۆمار نەكرایە لە پرۆتۆكۆلەكان، ئێستا ناتوانین بگەڕێینەوە سەرەتا، لە سەرەتاوە ئەو شتە بكرابا ئەو ئیجرائە قەیدیناكە، بەس ئێستا ئێمە ناوەكەو ناوی یاساكەو ماددەی یەكەممان پەسەند كردو دەنگمان دا، ئێستا ماددەی دووەم ئەصڵی پرۆژەكە خوێندراوە ڕای لیژنەی پەروەردە، ڕای لیژنەی یاسایی، تێبینی ئەندامان خاڵ بە خاڵ بدرێتە دەنگدان و ماددەكە كۆتایی پێ دێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تا ئێستا تەنها ناونیشانەكەو یەك ماددەمان خوێندووەتەوە، لە ناونیشانەكەشدا ئاساییە هەر گفتوگۆ دەكرا، من زۆر پشتگیری ئەو ڕەئیەی مامۆستا عمر دەكەم، ئێمە لە دوو لایەنەوە ئیستفادە دەكەین، گرینگ ئەوەیە چۆن دەتوانین یاساكە پەسەند بكەین، یەكەمیان لە ڕووی كاتەوە پرۆژەكە (63) ماددەیە، ئەوەی كەوا لە ئەنجامی بەدواداچوونمان دا ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردە كۆمەڵێك كۆبوونەوەو ووۆرك شۆپمان كردووە، لەگەڵ خەڵكی پسپۆر و تایبەتمەند دانیشتووین بووە بە (39) ماددە، ئەمە (24) ماددەی فەرقە بینینە بەر چاومان ئێمە ئەوە دوو سەعاتە دانیشتووین یەك ماددە تەواو نەبووە، ئەگەر هەریەك و یەك سەعاتی بۆ دابنێین (24) سەعات دەكات، رۆژی (3) سەعات دادەنیشین ئەگەر تەقسیمی بكەین (8) رۆژ فەرق دەكات، لە هەفتەیەكدا (3) رۆژ كۆبوونەوەیە دەكا ئێمە (3) هەفتەی پێ دەچێت، بۆیە تكایە لە ڕووی كاتەوە ئەوە زۆر سوودی لێ وەردەگرین، دووەمیان ئەمەیان سیاغەش كراوەو رێكیش خراوە، ئەگەر بكرێتن ئێمە ئەوەیان بكەین بە ئەساس، یەك ماددە ڕۆیشتووە نازانم مانعێكی قانونی لەسەر چی هەیە؟ باشتر دەتوانین ئیش لەسەر بابەتەكە بكەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی پرۆژەکە وا پێشکەش کراوە، کە پرۆژە یاساکە پرۆژەیەکی بنەڕەتیە، هەرچیان کردبێت لیژنەی پەروەردە وەکو ڕەئیەك وەردەگیرێت، ئینجا ڕەئی لیژنەی یاسایی دەیخەینە دەنگدانەوە، ناکرێت ئەوە بکەینە بنەمای ئەساسی پرۆژەکە، لەبەرئەوە بەڕاستی ناوە ناوە برادەرانی خۆمان پێشنیاری وا دەکەن کە دژ بە پەیڕەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من دەمەوێت سەرنجی ئەندامان بۆئەوە ڕاکێشم، کە ئێمە دەبووایە ئەم گفتوگۆیانە لەسەرەتاکەی بکرابا ئەو شێوازو تەرحە، نەك پاش ئەوەی کە عنوانی قانونەکەمان گۆڕی و ماددەی یەکەممان خوێند، سەبارەت بەوەی کە بەڵێ لیژنەی پەروەردە لیژنەی مەعنیە، ئێمە (7) دانە کۆبوونەوەمان کردووە بۆ ئەم یاسایە، بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە گۆڕانکاریمان بەسەر داهێناوەو، ووَرك شۆپمان بۆ کردووە و، ڕەئی خاوەنی قوتابخانەی تایبەتیشمان وەرگرتووە، لەبەرئەوە ئەگەر هەندێك گۆڕانکاریمان کردبێت حەقە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێت، چونکە من پێم وایە ئیختصاص زۆر گرینگەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە زۆر کرا، ئەگەر ئەو پێشنیارەی دکتۆر سەروەریش بکەین بە ئەساس، دەبێ ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی پەروەردە هەمووی بخوێندرێتەوە لە پرۆتۆکۆل تەسجیل بێت، جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ ئێستا خوێندرایەوە سیوەیل خان، چی دەنگی لەسەر دراوە؟، نەبابە ئێستا دەچینە سەر موناقەشەی دووەم و ماددەی دووەم خوێندنەوەی بۆ کرا، ئێستا کێ تێبینی لەسەر ماددەی دووەم هەیە؟ فەرموو با ناوی بنووسین، ئێستا ڕەئی لیژنەکان فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی کاروباری یاسایی لەسەر ماددەی دووەم

**بەشی دووەم:**

**بنەما گشتییەکانی دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان**

یەکەم: ئامانجەکان

1- گۆڕینی ناونیشانەکە لە بنەما گشتییەکان بۆ دانانی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان بۆ بنەما گشتییەکانی دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومیەکان، کە ئەو ناوەکەی گۆڕا هەروەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دا هاتووە.

2- لیژنەی یاسایی پێشنیار دەكات ماددەی دووەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

**ماددەی دووەم**

1- رەخساندن و رێكخستنی بواری پەروەردە و فێركردن بە وئاراستەكردنەی هەوڵ و توانا نیشتمانی و بیانیەكان بەرەو بەشداری كردن لە مەشق و راهێنان و ئامادەكردنی كادیری مرۆیی بۆ پێشكەوتنی ئابووری و كۆمەڵایەتی.

دووەم: هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لە چوارچێوەی پرۆگرام و پەیڕەوێكی نوێدا بە مەبەستی دەرفەت دان لەبەردەم ڕەوەندو پەنابەرانی نیشتمانی و بیانی بەردەوام بوونیان لە پەروەردە و فێركردنێكی نیشتمانی و دابین كردنی پێداویستیە خزمەتگوزاریەكان.

3- بایەخدان بە فێربوونی زمانە بیانیە جیهانیەكان لە تەك زمانی دایك و زەمینە سازكردن بۆ كێبڕكێ لە بواری پەروەردە و فێركردن بە بەرجەستەكردنی نموونەی نوێ و سەردەمیانە لە سیستەم و پرۆگرامە پەروەردەییەكاندا.

4- رەخساندنی دەرفەت لەبەردەم ڕەوەند و پەنابەرانی نیشتمانی و بیانی بە مەبەستی دانەبڕان و بەردەوام بوونیان لە پەروەردەو فێركردنی نیشتمانی و دابین كردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری پەروەردەو فێركردن بەشێوەیەك لەگەڵ پرۆگرامەكانی فێركردنی ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا كێ تێبینی هەیە؟ قسەی خۆت بكە كاك سەروەر نوقتەی نیزامی نیە، قسەی خۆت بكە، فەرموو بزانم.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام ڕەزامەند دەبووین لەسەر ئەوەی كەوا یەكێكیان بكرێتە ئەساس، با بەپێی پەیڕەو بڕۆین بەڕێوە هیچ نا پرۆژەكە لە پرۆتۆكۆڵ تۆمار بكرێت، چونكە نەخوێندراوەتەوە پێویستە تۆمار بكرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو كێ دەیەوێت موناقەشە بكات؟ تكایە ناوی خۆی بنووسێت، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە(كاك فاضل حسن- كاك عبدالقادر- كاك ئارام- ئەڤین خان- ئاشتی خان- پەیمان خان- كاك ئاسۆ- ژیان خان- شلێر خان- مامۆستا كاوە- سیوەیل خان- عظیمة خان- كاك صباح- كاك قادر- كاك فاضل بەشارەتی- كاك قادر احمد- شەونم خان)، فەرموو كاك فاضل.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له بڕگەی پێنجەم دەڵێت فەراهەم کردنی بوار بۆ کێبڕکێ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، بەمەبەستی زیادکردنی کارامەیی و فێرکردن، لەڕێی بەرجەستەکردنی نموونەی بەرز و مۆدێرن لە سیستەم و بەرنامە پەروەردەییەکان، ئەم وشەی کێبرکێ ئەمە ئەگەر لەگەڵ هەر ئەو قوتابخانە تایبەتیانە بن، ئەوە قوتابخانە ناحکومیەکان بێت ئاساییە، بەڵام ئەگەر ئەم کێبرکێیە لەگەڵ قوتابخانە حکومیەکان بێت، ئەوە پێشنیاردەکەم هەڵبگیرێت بکرێتە هاوسەنگی، لەبەرئەوەی کە بەڕاستی قوتابخانە حکومیەکان ناتوانن کێبرکێ لەگەڵ ئەو قوتابخانە ناحکومیانە بکەن، لەبەرئەوەی کە ئێستاکە بێ ئەم یاسایەش دەبینین هەرچی مامۆستای باشە، هەوڵ دەدرێت کە لە قوتابخانە حکومیەکان ببرێت بۆ قوتابخانە ناحکومیەکان، هەروەها جۆری قوتابخانەکان بەشێکی زۆر قوتابخانە حکومیەکان کۆنن، ناتوانرێت خاوێن بکرێنەوە یان دەستکاری بکرێن لەچاو ئەوانی تر و، رێژەی ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلەکان دادەنیشن، یەعنی ئەمە کێبرکێ لەنێوان دوو قوتابخانە ناکرێت یەکێك کە پەنجا قوتابی لە پۆلێك بێت یەکێکی تر بیست یان بیست و پێنج بێت، هەروەها لە بواری پێداویستیەکانی تریش، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو وشەی کێبرکێ بکرێتە هاوسەنگی، بۆئەوەی بتوانرێت ئەو هاوسەنگیە ڕابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالقادر فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، یەعنی ئەوەی لە فەقەرە شەش دا هاتووە، هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و پێدانی لە هەرێمدا لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم قوتابخانە ناحکومیانە بگۆڕێن بۆ کۆمپانیا، تەنها هەدەفیان یەعنی ئامانجیان قازانج بێت، یەعنی بەڵکو دەبێت رێکاری تایبەتیان بۆ دەربچێت لە وەزارەتی پەروەردە، ئەویش بە دانانی سنوور بۆ تەکالیفی خوێندن، هەروەها ئەم قوتابخانە ناحکومیانە دەبێت یەکێك لە ئامانجەکانیان ئەوە بێت، هەموو ساڵێك چەند خەریجمان هەیە قەسدم ئەوائیلەکانیانە، ئەوانە دەبێت لە ڕێگای وەزارەتی تەربیەوە یەعنی دابمەزرێت، نەك هەروەکو ئەوەی یەعنی مەسەلەن بەرپرسیاری ئەو قوتابخانە خۆی ئەوە بێنێت، ئیلا دەبێت لە ڕێگای خۆمانەوە بێت ئەویش کە وەزارەتی پەروەردەیە، لە فەقەرە چواری ماددەی دووەم دا هاتووە یەعنی دەبێت بایەخ بدرێت بە زمانی بیانیەکان، هەروەکو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و هی تر، ئەمما دەبێت لە پاڵ ئەو زمانانەشدا زمانی عەرەبیش هەبێت، چونکە بەڕاستی ساڵانێکە لەناو هەرێمی کوردستاندا زمانی عەرەبی زۆر لاواز بووە لە قوتابخانەکاندا، هەمووشمان دەزانین کە زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی یەعنی قانونی و رەسمین، مەسەلەن لە عیراقدا و، هەروەها زۆربەی مەسادیرەکانی خوێندنیش بە زمانی عەرەبیە و، یەعنی داوا دەکەم لەو قوتابخانانەدا هەندێك زیاتر ئیهتمام بدرێت بە زمانی عەرەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

كاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام قادر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەیی یاسایی دەكەم، بەڵام وابزانم هەڵەیەكی تێدایە داواكارم ئەگەر لیژنەكە چارەسەری بكات، كە (وللاجئين من المواطنين) لە كاتێكدا كە مواطن نابێتە لاجئ، ئەوە چاك بكرێت (الجاليات الاجنبية و النازحين من المواطنين) فەقەرە چوار، چونكە (لاجئين من المواطنين) ئەگەر بێت و مواتنینە نابێتە لاجئ ئەو دێرە چاك بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن من بە داوای لێبوردنەوە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە، لەبەرئەوەی ئەوان ئیختیساسی زیاترن لەو مەجالەدا، من كردوومەتە ئەساس بۆ خۆم، بۆیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەش وابزانم مولاحەزەتەكانم داناوە، وابزانم لە كۆتایی هەر ئەوە دەبێتە یاساكە، لەسەر خاڵی یەكەم دەڵێت (اتاحة مجالات جديدة اكثر للتربية) وابزانم بەبێ بوونی ئەو یاسایە كۆمەڵێك قوتابخانەی ئەهلی تایبەتی هەیە، كە لە هەرێمی كوردستان ئێستا چەند ساڵێكیشە نەك بڵێین ئەمساڵ و پار دروست بووە هەیە، بۆیە ئەمە مەجالی تازە نیە ئەگەر بێت و وشە تازەكە لا بەرین بەس بڵێین (اتاحة مجالات اكثر للتربية والتعليم) ئەوە بۆ خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم كە باسی (تأمين وتهيأة المستلزمات المتنوعة) من نازانم ئەگەر مەبەستیان تەنها وەكو باسیان كردووە (طريق البرامج والاجرأت الحديثة) بێت، خۆ دەبێت مەكتەبە تایبەتیەكان و ئەهلیەكان، خۆیان مەناهیجەكانیان ئەوەندە تازە و حەدیس بێت، خۆیان مواكەبەی ئەو تەقەدومە بكەن، كەوا لە دونیای دەرەوە هەیە، پێویست ناكات وەزارەتی پەروەردە پێیان بڵێ، چونكە وابزانم ئەوان دەبێت بەشێوەیەك بن بە شێوازێك مۆدێرن و تازە و، هەمیشە لە گۆڕانكاری دا هەبێت مەناهیجەكانیان، مونافەسەیەك دروست بكەن هەم لەنێوان خۆیان وەكو قوتابخانە ئەهلیەكان، هەمیش وا لە خەڵكی بكەن، كەوا لە حكومیەوە بتوانێت ڕوو لە ئەهلیەكان بكات، بۆیە بە دیدی من ئەمە ئەصڵەن لێرە ئەگەر بمێنێتیش زیادەیەو نەبوونی باشترە لە بوونی، خاڵی سێیەم دەڵێت (الاهتمام بتعليم اللغات الاجنبية الحية) خۆی ئەو قوتابخانانە زیاتر ئەو قوتابخانانەن كە زیاتر بە لوغاتی تر دەخوێنن، بە لوغاتی ئینگلیزیە یەعنی تەعلیمیان بە لوغاتی ترە، ئەگەر هەرچەندە هەش بێت بە كوردی، بەڵام دیارە ئەوان گرینگیەكی تایبەتی دەدەن بە لوغاتی ئەجنەبی، بۆیە ئیهتمامەكە لێرە زیادە هەر بڵێن (التعليم باللغات الاجنبية الحية)، خاڵی چوارەم دەڵێت (تهيأة ارضية مناسبة للتنافس) خۆ ئەم یاسایە نیە بڵێین مونافەسە دروست دەكات لەنێوان قوتابخانەكان، خۆیان قوتابخانەكان بە مەنهەجەكانیان بەشێوازی دەرس وتنەوەیان بە بەرنامەكەیان ئەوان

خۆیان بۆ خۆیان مونافەسە دەکەن، ئەم یاسایە دەبێت سابیت بێت، نابێت ئەو ببێتە هۆکار بۆئەوەی مونافەسە دروست ببێت لە نێوان قوتابخانەکان، بۆیە بە دیدی من ئەصڵەن مونافەسە دروست کردن بەپێی ئەم یاسایە دەبێتە هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورە بۆ قوتابخانەکان، پێنجەم دەڵێت (تشجیع عملیة الاستثمار) خۆ یاسایەك هەیە یاسای ئیستسمارە، کە چەند ساڵێکە قوتابخانە ئەهلیەکان و نەخۆشخانە ئەهلیەکانیش، هەر بەپێی ئەو یاسایە دادەنرێت، بۆیە لێرەدا ئێمە یاسایەکی تایبەت دادەنێین، بۆئەوەی بەپێی ئەم یاسایە هەندێك زەوابت و رەوابت دابنێین، بۆ ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی کە تا ئێستا بەپێێ قانونی ئیستسمار کاریان کردووە، بۆیە لێرەدا (تشجیع عملیة الاستثمار) نازانم بە دیدی من بە بۆچوونی من کفرە مەسەلەی پەروەردە ئیستسماری تێ بکرێت، بەلاَم مەسەلەی پەروەردە ڕاستە ئێمە تەشجیعی مەدارسی ئەهلی دەکەین نەك بۆ ئیستسمارەکەی، بەڵکو تەشجیعەکە بۆ ئەوەیە کەوا مەناهیجی تازە دێت، باری قورسی سەرشانی وەزارەتی پەروەردەو قوتابخانە حکومیەکان کەم دەکرێتەوە، هەروەها لوغاتی (حی) تر هەیە کەوا دەخوێندرێت، مەناهیجی تایبەت هەیە کەوا دەخوێندرێت نەك مونافەسە کردن و ئیستسمار کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی صالح عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامانجەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئامانجەکان کۆمەڵێك خاڵی تێدایە، ئەگەر سەیری خاڵی یەکەم بکەین، باس لە دەرفەتی تەربیەو تەعلیم دەکات، لە خاڵی دووەم باس لە فراوانکردنی وەسائیلی تەعلیم دەکات، لە خاڵی سێیەم باس لە تەقویەی زمان دەکات، خاڵی چوارەم باس لە عونصری مونافەسە کردن لەنێوان مەدارسەکان دەکات، خاڵی پێنجەم باس لە تەشجیعی ئیستسمار دەکات لە بواری تەربیەو تەعلیم، خاڵی شەشەمیش باس لە ئەو خوێندکارانە دەکات تەقویە، یان بەردەوامی دان بە خوێندنی ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوە دێن، بەلاَم تێکڕای پرۆژەکە خۆی بە دافیعی ڕێکخستنە، ئامانجی ڕێکخستنی ئەم قوتابخانە ناحکومیانەیە، لە ڕێگای ڕێکخستن و چاودێری کردنی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، ڕاستە لە بابی مۆڵەتدان کۆمەڵێك شت باس کراوە، بەلاَم ئەوانە میکانیزمە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکە، ئێمە لە ناونیشانی پرۆژەکەدا هەدەفی ڕێکخستنمان لێك کردەوە، وتمان نابێت لە ناونیشانی پرۆژەکە هەبێت، خۆ دەبێت لە ئامانجەکاندا هەبێت، چونکە بەشێکی گەورەی ئەم یاسایە بریتیە لە تەنزیمی عیلاقە لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و، هەروەها ئالیەت دۆزینەوە بۆ موراقەبە کردنی ئەم قوتابخانە ئەهلیانە لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە، ناکرێت یەکێك لە ئامانجەکانمان بریتی نەبێت لە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندیەو، کە خۆشمان هەمووومان ئیعتراف دەکەین بۆشاییەکی گەورە هەیە بۆ چاودێری کردنیان، بۆیە

من بڕوام وایە ئەوانەی لە بابەکانی تردا هاتووە میکانیزمە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجی ڕێکخستن، پێویستە ئامانجێکی سەربەخۆ بێت کە ئیزافە بکرێت لە خاڵی حەوتدا، بریتی بێت لە ڕێکخستن و چاودێری کردنی قوتابخانە ناحکومیەکان، لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە بەپێی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە لەم یاسایە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بنەما گشتییەکان پێشنیار دەکەم، کە خاڵی یەکەم لەو بنەما گشتییانە چ بێت؟، تەبعەن ئێمە کە مۆڵەت دەدەین قوتابخانەکان با بڵێین خاوەن ئیستیمارەکان قوتابخانە دەکەنەوە، بەلاّم ئێمە چیان پێ دەدەین قوتابی خۆمان، کە ئەو قوتابیانە بەڕاستی خازعن لە بۆ پرۆسەی خوێندن، کە پرۆسەیەکی نیشتمانیە مەسەلەن حکومەتی هەرێم ئیدارەی ئیشەکە دەکات لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردەوە، بۆیە بەڕای من خاڵێکی زۆر گرینگ کە لێرە ئاماژەی پێنەکراوە، ئەویش ئەوەیە کە یەك لە ئەهدافە یانیش ئامانجە هەرە سەرەکیەکانی پرۆسەی خوێندن بهێنێتە جێ، یانیش با بڵێین پرۆسەی بایەخدان بە ئەو تاکەی کە بەشداری دەکات لەو پرۆسەیە، ئەویش لە ڕێگای ئەو داڕشتنەوە، بایەخدان بە دروست کردنی کەسایەتی خوێندکاران و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی پرەنسیبە نێودەوڵەتیەکان، چونکە بەڕاستی لە زۆر قوتابخانە تایبەتیەکان ئەو کێشەیەمان هەیە، ئەوەتا قوتابخانەیەکی با بڵێین ناوی هات فەترەکانی تر قوتابی تەهدید دەکات و سجنی دەکات لە ژوورەوە، قوتابخانەیەکی تر بە جۆرێکی تر، قوتابخانەیەکی تر دەڵێت ئەگەر پارە نەهێنێت لە خوێندن دادەبڕێنم، بەلاّم پرەنسیبە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ زۆر زۆر لەوە گەورەترە و، دەبێت هەم پشتگیری خاڵەکەی ئاشتی خان دەکەم، کە دەبێت بەڕاستی خازع بێت، بۆ تەواوی ئەو ڕێگا یاساییانەی کە وەزارەتی پەروەردە دەری دەکات و، با بڵێین بۆچی؟ بۆ ئیستمراریەی یەعنی بەردەوام بوونی پرۆسەی خوێندن، کە بەشێوەیەك بێت کە خەڵك هەست پێ نەکات، کە ئەوە دابڕاوە لەو پرۆسەیەی کە حکومەتی هەرێم پیایدەی دەکات، نەك ئەو دابڕانەی تێدا نەبێت هەمان کەسایەتی هەبێت لە خوێندنی حکومی و خوێندنی ناحکومی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاوو بۆچوونی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ دەکەم، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا یەك، دوو مولاحەزەی بچووکم هەیە لەسەر ئەو ڕاوو بۆچوونەکانیان، لە فەقەرەی سێیەم دەڵێت (الاهتمام بتعلیم

اللغات الاجنبية الحية، الى جانب المناهج التعليمية المقررة، لغرض اعداد الكوادر المتخصصة والكفوئة في مجالات التواصل العلمي والتربوي والمهني والتكنلوجي) پێم وايه (لغرض اعداد الكوادر المتخصصة) ئەوە لە قۆناغێكی دیكەدا دێت، ئەمە لەو قۆناغە نیە لە قۆناغی بنەڕەتی و ئیعدادی، ئە لەوێدا كەوادیری موتەخەسیسی كەفوئی هی مەجالاتی تەواصلی علمی لەوێ نیە، بە بڕوای من لوغاتە ئەجنەبیەكە بە تەنیایی كافیە، لە فەقەرە شەش دەڵێت (اتاحة الفرصة امام الجاليات وللاجئين الوطني والاجانب) من پرسیارێك لە لیژنەی پەروەردە دەكەم، ئەرێ بەڕاستی لاجیئی وەتەنی چیە؟ ئەرێ موستەلەحێكی لەو بابەتە هەیە لە قانونی دا؟ لاجیئ ئەوەیە كە لە سنوورێك دەپەڕێتەوە بۆ سنووری وڵاتێكی تر، نازانم ئێوە مەبەستتان چیە؟ بۆیە بەڕاستی پێویستە ئەم وشەیە لابرێت یان شتەكانتان ڕوونتر بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم بڕگەی پێنجەم، كە دەڵێت فەراهەم كردنی بوار بۆ كێبركێ لە بواری پەروەردە، من وای بە باش دەزانم كە بوترێت لە بواری پەروەردە لەنێوان قوتابخانە حكومیەكان و ناحكومیەكان، بۆئەوەی ئەو كێبركێیە لەو دوو نێوانە ببێت، چونكە هەر لە خاڵی یەكەمدا دەڵێت بۆ زیادكردنی تواناكانی فێركردنی نوێ بۆ سەر ئەو توانانەی كە حكومەت هەیەتی، مانای وایە ئەو تواناییەی كە لە ناحكومیەكان دا هەیە ناگاتە حكومیەكان، جا تاوانی ئەو منداڵانە چین كە لەو شوێنانە دەخوێنن، لەبەرئەوە پێویستە كێبركێكە لە نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە بێت حكومی و ناحكومیەكان، لە خاڵێكی تر پشتگیری قسەكانی ئاشتی خان و پەیمان خان دەكەم، خاڵی حەوت زیاد بكرێت بۆ چاودێری كردنی ئەم قوتابخانە ناحكومیانە، چونكە زۆر جار ئەو دایك و باوكانە كە منداڵەكانیان دەبەن بۆ ئەو شوێنانە، لە دوای ماوەیەكی كەم پەشیمان دەبنەوە هەوڵ دەدەن بیبەن بۆ شوێنی تر، مەسەلەن زۆر شت هەیە داوایان لێ دەكەن پۆشاك لە یەك كۆگا بكرن، كۆگاكە خۆیان دیاری دەكەن، ئەو سەحرەشی كە لەوێ هەیە دووقاتی بازاڕ زیاترە، لەبەرئەوە بۆیە دەبێت خاڵێك زیاد بكرێت، بۆئەوەی چاودێری ئەو قوتابخانانە بكرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئی لیژنەی پەروەردە دەکەم، بەس لە ماددەی سێ وەکو هاوکارانم وتیان ئەو ئیهتمامە لابرێت، چونکە ئەوان خۆیان هەر بە زمانی بیانی دەخوێنن، بەنیسبەت ئەو (لغرض اعداد الكوادر متخصصة) فیعلەن ئەوە بۆ جامیعاتی تایبەت، چونکە ئەو کاتە تەخەسوس دەکات، بە نیسبەت ماددەی پێنجەم کە دەڵێت(تشجيع عملية الاستثمار الوطني والاجنبي في الاقليم في مجالات التربية والتعليم في اطار البرامج والنظام الحديثين)، ئەڵێرەدا ئێمە یاسای ژمارە چواری ساڵی (2006)مان هەیە، کە لەم یاسایە لە بڕگە (10) دەڵێت(التعليم بجميع مراحله ضمن السياسة التعليمية في الاقليم)، ئەگەر ئێمە حەسەبی قانونەیەك ئیزافە بکەین بۆ ئەم ماددەیە، بۆئەوەی بەڕاستی وەزارەتی تەربیە دائیمەن تەنسیقی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی وەبەرهێنان، کە هاووڵاتیەك یان هەر کەسێك یان یەکێکی دەرەوە دێت دەیەوێت مەکتەبێك بکاتەوە، تەبعەن تەنسیق لەنێوان هەردوولا هەبێت، ئەم ئیجازەیە دەچێت بۆ تەعلیمەکە، ئەویش ئیجازەکەی وا دەداتێ بزانێت بەرنامەکەی چیە و شتەکانی تری بۆ پەیدا دەکات وەکو زەوی و ئەوانە، من بۆیە تەئکید دەکەم چونکە بەڕاستی دەستەی وەبەرهێنان یاساکەی وایە، کە دەبێت لەگەڵ جیهاتی مەعنی زۆر تەنسیقی هەبێت، کە بەداخەوە لە (301) پرۆژەی ئیستسماری تەنها دوو پرۆژەی تەربەوی تێدایە، بەڵام ئەگەر ئەو تەنسیقە هەبێت وابزانم ئیشەکە بە ڕێك و پێکتر دەڕوات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم، لە داڕشتنەوەو سیاغە کردنی ئەو ماددەیە، بەڕاستی پرۆژەی ئەصڵی زۆر لەگەڵ نیەتی موشەریع و لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکە ناگونجێت، کە بە ئاراستەی پەروەردەو فێرکردن بێت، ئەوەی لیژنەی خوێندنی باڵا کردوویانە بە ڕێك و پێکی، هەم سیاغەیان کردووەتەوە لە ڕووی عەرەبی و کوردیەوە، هەمیش بەڕاستی گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆك و مەبەستی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو نەبن قسان ناکەم، بە نیسبەت ئەو ماددە ئەوەلەن دەڵێت (اضافة امكانيات التعليم الحديثة الى الامكانيات التي تمتلكها الحكومة) هەتا ئێرە لەگەڵیم، بەلآم کە بڵێت (بقصد المساعدة للوصول الى غايات عملية التعليم الوطني والقومي)، من دەپرسم ئایا کابرایەکی سەرمایەدار یان کابرایەکی بێگانە بێت

هاوكاريمان بكات، له بۆئەوەی منداڵەكانمان فێره خۆشەویستی و نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی وڵات و نەتەوەمان بكات، ئەدی ئیش و كاری ئەو كوردەو وەزارەتی پەروەردە له هەرێمی كوردستان چیە؟ ئەو بێت هاوكاریمان بكات واته له یەكەم تەنها (التي تمتلكها الحكومة) ئەگەر هاوكاریمان دەكات له تەكنەلۆجیای نوێ، له موختەبەرات، له بایەخدان به وەرزش، بایەخدان به هونەر، بایەخدان به كردنەوەی پێشانگا قەیدینا، بەلام به هیچ شێوەیەك من لەگەڵ ئەوەی نیمه بێت هاوكاریم بكات، له بۆئەوەی فێره خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەم بكات ئەوە خاڵی یەكەم، لەبەرئەوەی وتم قسان ناكەم هەتا خەلاس نەبن، پێم خۆش بوو گوێت لێ بێت، بەنیسبەت خاڵی دووەمیش هاوڕام لەگەڵ كاك ئاسۆ(توجیه المساعي والقدرات الوطنیة والاجنبیة) تائیره، لەبەرئەوەی (تأهیل تدریب واعداد الكوادر المتخصصة) دەكەوێته سەر ئەستۆی زیاتر وەزارەتی خوێندنی باڵا، به نیسبەت مونافەسەش هاوكارانم باسیان كرد و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەرچەند لەگەڵ پرۆژەكه بوویمه، بەلام ئێستا یەك تێبینی بچووكم لا دروست بووە، رەخساندنی بواری نوێی زیاتر بۆ پەروەردەو فێركردن، وێڕای ئەو توانایەی حكومەت هەیەتی به مەبەستی پەرەپێدان و یارمەتی دان، بۆ گەیشتن به ئامانجەكانی پرۆسەی پەروەردە و فێركردنی نیشتمانی، ئەو نیشتمانیه لابرێت، لەبەرئەوەی مەهامی ئەو خوێندنه ئەهلیانه، كه دێت له شوێنه جیا جیاكان قوتابخانه دەكەنەوە، ئەوانه به زمانی جیاواز، به كلتوری جیاواز نایەن فێری خوێندن و فێركردنی نیشتمانیت بكەن، چونكه له مەكتەبه حكومیەكاندا ئەوە هەیه، ئەمانه تایبەتمەندی خۆیان هەیه، سیستەمی خۆیان هەیه، بەرنامەی خۆیان هەیه، لێرەدا ئەكرێت بڵێین ئەگەر ئەوانه بەشێوەیەكی پێشكەوتوو تریش لەوانەی حكومیەكان بن، دەتوانین بڵێین بەپێی پرەنسیبه نێو دەوڵەتیەكان نەك نیشتمانی، ئامانجەكانی پرۆسەی پەروەردەو فێركردن بەپێی پرەنسیبه نێو دەوڵەتیەكان، نەك بەپێی پەروەردەو فێركردنی نیشتمانی، چونكه ئەوانه مەهامیان پەروەردە و فێركردنی نیشتمانی نیه، مەهامیان زۆر لەوە گەورەتره كه هاتوونەته هەرێم به زمانی خۆیان، به سیستەمی خۆیان وەكو وتم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش پشتگیری له ڕەئی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم کە سیاغەیەکی باشیان داڕشتووە بۆ ئەم ماددەیە، هەروەها لە ئامانجەکان بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان یەکێك لە ئامانجەکان ئەوەیە کە ببێتە بارسووکی و ئاسانکاری بۆ بودجەی وەزارەتی پەروەردە بە حەقیقەت ئەوەی تێدا ڕەچاو نەکراوە، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری کاك ئاسۆ دەکەم کە دەڵێ وشەی لاجیەی وەتەنی بە حەقیقەت لابدرێ، چونکە جێگای نابێتەوە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی ئەو پرۆژە یاسایە دەکەم، بەڕاستی پرۆژە یاسایەکی گرنگە بە مەبەستی پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی ئەم هەرێمە بۆ پێگەیاندنیان بە ئایندەیەکی گەش و موستەقبەلێکی باش، بەڵام من پێموایە ئەمە مادام ئەو قوتابخانە ئەهلیانە لە باخچەی ساوایان و لە مەرحەلەی بنەڕەتی هەتا دوای ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە دەخوێنن دەبێ حساب بۆ پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی ئەم هەرێمە بکرێ، چونکە ئەگەر منالێك لە سەرەتاوە لە باخچەی ساوایان  هەتا تەخەروج دەکات لەو قوتابخانە ئەهلیانە هیچ شتێکی ئەم وڵاتە فێر نەکرێ، یەعنی وەکو ئینسانێکی نامۆی لێ دێت و هیچ سوودێکی بۆ ئەم گەل و نیشتمانە نابێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەمە بە هەند وەربگیرێ و مامۆستای تایبەت بەم دەرسانەی کە باسم کرد لەو قوتابخانە ئەهلیانەش دا هەبن، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تر دەبێ موناڤەسەیەك هەبێ لە نێوان قوتابخانە ئەهلیەکان و قوتابخانە حکومیەکان بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ڕوونەکاتە ئەو قوتابخانە ئەهلیانە، لەلایەکی تریشەوە مومکینە بۆ هەموو خەڵك لە بواری ئابووری نەڕەخسێ بتوانن ڕۆڵەکانیان بنێرنە ئەو قوتابخانە ئەهلیانە، ئەگەر مستەوای قوتابخانە حکومیەکان بەرز نەکرێتەوە من تەسەور دەکەم ئێمە تووشی کێشەیەك دەبین و لەڕووی پەروەردەییەوە لەم هەرێمە ئەشکالێکی دی دروست دەبێ، دەبێ موناڤەسەکە وابێ فەرقێکی ئەوتۆ لە نێوان قوتابخانەی ئەهلی و قوتابخانەی حکومی نەبێ، بۆ ئەوەی لە نەتیجەکە لە هەردوو لا سوودی ڕۆڵەکانی ئێمە بێ کە دەرس دەخوێنن و بەو هیوایەی کە موستەقبەلێکیان بۆ ئەم گەل و نیشتمانە هەبێ، دیسان پشتیوانی ڕەئی لە خوشك و برایانم دەکەم کە سەرەنجام ئەو قوتابخانە ئەهلیانە لە هەموو مەرحەلەکان دا ڕەبتێکیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەبێ، وەزارەتی پەروەردەی هەرێم دەسەڵاتی لەسەر تەعلیمات دان لە هەندێ بواری تایبەت دا لەو قوتابخانانە دا هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر دوو بڕگەی ئەم پرۆژەیە هەیە، دەست خۆشی لە نووسینی ئەم پرۆژەیە و لیژنەی پەروەردە دەكەم بەڕاستی پرۆژەیەكی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام ئەوەی كە من تێبینم هەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان هەرچەندە جەنابت ئیشارەتێكی كورتت پێدا، ئەویش لە ماددەی 2 لە خاڵی 1 دا كە دەڵێ گەیشتن بە ئامانجەكانی پرۆسەی فێركردنی نیشتمانی و نەتەوەیی، هەمووومان دەزانین بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان هەر لەم ماددەیە دا لە بڕگەی 4یشی باس لە گرنگی دان بە توێژینەوە دەربارەی زمانە بیانی و زیندووەكان لە پاڵ پرۆگرامە بڕیار لەسەر دراوەكانی خوێندن، ئەمە بەڕاستی هەمووومان دەزانین لە هەرێمی كوردستان قوتابخانەی توركی هەیە و قوتابخانەی فارسی هەیە، قوتابخانەی فەرەنسی و ئەڵمانی هەیە، بەڕاستی ئەوەی كە گرفت بۆ ئێمە دروست دەكات شێوەی پەروەردە كردن و دەرسدانی ڕۆڵەكانی ئەم وڵاتە و ئەم نەتەوەیە، نازانم وەزارەتی پەروەردە تا چ حەد ئاگای لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە ئەهلیەكان هەیە؟ چونكە ئەو مامۆستایانە هەندێ زۆربەی مامۆستاكان لە قوتابخانە ئەهلیەكاندا مامۆستای بیانین، یەعنی ئەو مامۆستایە لەسەر چ پرۆگرامێك دەرس بە ڕۆڵەكانی ئەم وڵاتە دەڵێ هەم لەڕووی زانستی و هەم لەڕووی نەتەوەیی و سیاسیشەوە، چونكە بەڕاستی ئەگەر مامۆستایەك بە شێوەیەكی خەلەل و پێموا نیە ئەگەر حەرەكاتێكی لەم شكڵەش بكرێ و ون ببێ، بەڵام زۆر گرنگە تا چ حەدێك وەزارەتی پەروەردە لەڕووی زانستی و لەڕووی نەتەوەیی و سیاسیشەوە چاودێری ئەو قوتابخانە ئەهلیانە دەكات كە دەرس بە مندالْ و ڕۆڵەی ئەم وڵاتە دەڵێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك دەوترێ پەروەردە و خوێندن، كۆمەڵگا ئەگەر بەجوانی ئاراستە بكرێ، كۆمەڵگایەكی باش پێشكەش دەكەین، خەڵكی كوردستانیش بە دڵنیاییەوە لە پەروەدە و خوێندن دا پێویستمان بەوەیە بە بەرنامەی باش و گونجاو ئایندەیەكی باش بۆ وڵاتەكەمان و بۆ نەوەكانمان دروست بكەین، خوێندنگای ناحكومی بە بڕوای من گرنگیەكی تایبەتیان هەیە، ئەویش ڕەخساندنی خوێندنێكی باشە بۆ نەوەی تازە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئامانجەكانی ئەم خوێندگایانە ڕەخساندنی بوارێكی نوێ و سەردەمی بێ بۆ پەروەردە و فێركردن لە پرۆسەی خوێندن دا، هەر لە ئامانجەكانی زمان بۆ ئێمەی كورد لە ئێستا و ئایندەدا ئەهمیەتێكی باشی هەیە، یەكێك لەو ئامانجانە فێركردنی نەوەی نوێ بێ بە زمانی جۆراوجۆری بیانی، لە هەمان كاتدا ئامانجێكی تر ئەوەیە كە ئەم خوێندنگایانە لەژێر سێبەری وەزارەتی پەروەردە دا پرۆسەیەكی پەروەردەی نیشتمانی نەتەوەیی بێنێتە كایەوە، كەرتی تایبەت وەك دەبینین خوێندنگا و تەنانەت بینای خوێندنگاش لە كوردستان كەموكوڕیەكی تێدایە، بۆیە پێموایە دەبێ لەڕێی ئەم یاسایەوە هاندانێكی باش

بۆ کەرتی تایبەت هەبێ، هەم بۆ دروست کردنی خوێنـدنگا و هـەم بـۆ کردنـەوەی خوێنـدنگا و قوتابخانـەی ناحکومی و هەوڵدان بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی پرۆسەی خوێندن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا قسەکانی من لەلایەن هاوڕێیان ئاشتی خان و پـەیام خـان کـران، بـە پێویسـتی نـازانم دووبـارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بەلامانەوە زۆر پەسەندە کە بابەتی (تنظیم ومتابعة المدارس الحكومية من قبل الوزارة حسب احكام هذا القانون) ئیزافە بکرێ، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، سەبارەت بە خاڵی سێیەم لـەم ماددەیەیـە، (لغـرض اعـداد الكـوادر المتخصصـة والكفـوءة فـی مجـالات التواصـل العلمـی والتربـوی والمهنی والتكنولوجی) دوو مەبەستمان هەیە، ڕاستە ئەوانە منداڵ هەتاوەکو پۆلی 12 دەرئەچێنن، بەڵام لە هەمان کات مامۆسـتای خۆشمانیـان وەرگرتـووە ئەوانیشـیان پـێ گەیانـدووە، مامۆسـتامان هـەبووە خـەریجی جامیعـاتی خۆمـان بـووە دەورەیـان پـێ بینیـوە و ئێسـتا وانـە بـە ئینگلیـزی دەڵێتـەوە، یـەعنی ئـەوان موساهەمەیان کردووە لە ئیعدادی کەوادیر دا، ئەگەر ئەندامانیشیان باش بن و موسیر بن ئەوان لادەبـرێ و هـیچ کێشـەمان نیـە، سـەبارەت بـە (لاجئـیین الـوطنیین) بـەڕێزان ئێمـە کێشـەیەکی زۆر گـەورەمان هەیـە سەبارەت بە گەڕانەوەی ڕەوەندی کوردی لـە دەرەوە، بۆیـە لاجیئمـان دانـاوە، چونکە بەڕاسـتی ئەمانویسـت تەعریفێکی .... بـەڵێ لەوانەیـە دەسـتەواژەیەکە هەڵـە بـێ، بـەڵام ئێـوە ئێسـتا ڕای بـەڕێزتان ئیقتراحاتتـان پێشکەشی ئێمە بکـەن، بـۆ ئـەوەی ئـەو سـیاغەتەیە دانـێین، تکایـە ڕەوەنـدی کـوردی کـاتێ کـە دەگەڕێتـەوە منداڵەکانی بە زمانی ئەو وڵاتە دەخوێنن، بەڵام کە دێتەوە ئێرە تەنها ئیستعداد کە هەیەتی پێی بخوێنرێ زمانی ئینگلیزیە، ئێمە لێرە ناوهێنانی ئەوان لە پاڵ جالیەکان، چونکە ئەوان جالیە نین، ئەوان لەو وڵاتەی کە لێین جالیەن، بەڵام کـە دەگەڕێنـەوە دەبنـەوە هـاووڵاتی ئـەم وڵاتـە، بـەڵام سـیفەتێکی تایبـەتیان هەیـە، منداڵەکانیان ناتوانن بخەنە مەکتەبی ئاسایی لەبەر نەزانینی زمانەکە و لەبەر ئەوەی نایانەوێ مناڵەکانیان

ساڵیان له کیس بچیٚ و لەبەرئەوە مەکتەب کراوەتەوە تەڵەبەشی هەیە، تایبەتە ئێستا خۆشبەختانە بە هۆی زۆر بوونی مەکتەبی ئەهلیەوە و فێرکردن بە زمانی ئینگلیزیەوە ئەو دەرفەتە زۆرتر ڕەخساوە بۆ منالّی ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە، بەلاّم عائیلەیەکیشمان هەیە کە دیپۆرت دەکرێتەوە، ئیمکانیەتی ئەوەشی نیە و منالّەکەشی لەوێ دەخوێنێ، مەکتەبیش هەیە بە ئینگلیزی دەلّێتەوە، لەبەرئەوە دەبێ ئەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێنین، بۆیە ناومان هێناون لێرە، ئەگینا ئەگەر پێتان باشە ئەوەش لادەبەین و تەنها جالیات دەنووسین و (الجاليات الكوردية في خارج اقليم كوردستان والاجانب) ئەگەر پێشتان باشە هەر لای دەبەین و ئەمر ئەمری جەنابتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان نیە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە باس لە ئامانجەکان دەکات، ئامانجی دروست کردنی ئەو قوتابخانانە لە چیە؟ ئێمەش پاش وەرگرتنی تێبینی ئەندامان پێمان باشە لە چەند خالّێك دەمجیان بکەین هەندێ بڕگە و فەقەرەکان، واتە ماددەکە تۆزێ کورت بکرێتەوە لە شەش خالّ یێك دێت و بەو شێوەیە لەگەلّ پشتگیریم بۆ ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن لیژنەی پەروەردە پشتگیری لێ کرا و ئێمەش پشتگیری لە هەمان پێشنیار دەکەین، سەبارەت بەوەی کە ئەو بڕگەیەی کێشەی زۆر لەسەر بوو (لاجئين من المواطنين) دەستەواژەکەی وا چاپ کراوە، بەلاّم لە کۆتایی ڕستەکە دەلّێ (في البلدان التي اتو منها) واتە خەلّکی کوردستان لە دەرەوە ژیاون و گەڕانەوە بۆ کوردستان، مەبەست ئەوەیە، بەلاّم (لاجئين من المواطنين) ئەوانە خەلّکی کوردستانن و لاجیئ نینە، بۆیە دەستەواژەی لاجئ پێویستە لادرێ و مەبەست ئەو کەسانەیە خەلّکی کوردستانن و هاوولاّتینە و لە دەرەوە ژیاون و گەڕانەوە بۆ کوردستان لەوێ بەردەوامی بە پرۆسەی خوێندن دەدەن، ئێمە ماددەکەمان بەو شێوەیە سیاغە کردووەتەوە، ئەگەر دەرفەت هەبێ بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەری بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد(وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەس ڕوونکردنەکا هەی، مامۆستایەکی پرسیار کر کە پرۆگراما وەزارەتا پەروەردێ هاژی هەیە یان نا، هەمی پرۆگرامێت پەروەدەیی دێنە موسادەقە کردن ژ وەزارەتا پەروەدێ و هەمیا ژی خیندنا نیشتمانی و بەرچاڤ وەرگرتنا خیندنا ئایینی ژیا تێدا هەیە، ژ بۆ ڤێ چەندێ ڕوونکرن دیارن.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرمو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن کە من لە تەوزیحاتەکاندا لە خاڵی یەکەم دا کە باس لە تەعلیمی نیشتمانی دەکەین، بەڵێ قوتابخانە تایبەتەکان و ئەهلیەکان پەروەردەی نیشتمانی دەخوێنن، ئامانجی کە دەڵێین (للوصول الى غايات العملية التربية والتعليم الوطنى) ئەوە هاتووە لە ماددەی 4 پێنجەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە هاتووە کە مەهامەکانی وەزارەت چیە و لە بەینی دا دەڵێت کە تەعلیمی وەتەنی ئامانجی ئەوانە و سیاسەتی بۆ دادەڕێژن، لە ماددەی چوارەمدا ئەوە هەیە و فەقەرەی یەکەم، ئەو مەکتەبانەش و ئەو قوتابخانانەش بێ گومان مادام لەژێر سایەی وەزارەتی پەروەردەدایە ئەوانیش موساهەمە دەکەن لە جێ بەجێ کردنی ئەو مەهامانە بۆیە پەروەردەی نیشتمانی دەبێ تیایدا بمێنێتەوە، ئێمە نەتەوەییەکەمان لابردووە، چونکە هەندێ قوتابخانە هەیە بابەتی کە باسی نەتەوەیی دەکرێ، ئەوان بەو شێوەیە مولزەم نین بە زمانێکی بێ گانە وانە بڵێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ئەوەی بەدحاڵی بوونێك نەبێ لەو خاڵەی کە باس دەکەین برادەران زۆر پرسیاریان مەسەلەی ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم ڕەوەند و پەنابەرانی نیشتمانی و بیانی، ئەمە بەشێکیەتی کە سۆزان خان باسی کرد، بەڵام مەبەستی ئێمە لە دانیشتنەکانیش و لێرەش دا لەوانەیە وشەکە لە شوێنی خۆی نەبێ و وشەیەکی تر دانێن، مەبەستمان ئەوە بووە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی پارچەکانی تری کوردستان هاتوونەتە ئێرە، کە دێنە ئێرە بۆ ئەوەی ئەمە بەشێك بێت و جۆرێك بێ لەوەی کە دەتوانن لەو شوێنانە دا بخوێنن، هەندێکیان جێی دەکرێتەوە بۆیان، یەکێك لە مەبەستەکانمان ئەوە بووە، بۆ ئەوەی وشەکە لە شوێنی خۆی نەبێ نیشتمانی، نازانم وشەیەکی تری ئەگەر بۆ دانێین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مومانەعەتێکی یاسایی نیە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لاجیئی پارچەکانی تری هەرێمی کوردستان و لاجیئی هەر چی وڵاتێکی تر بن و پەنابەر بن لە هەرێمی کوردستان دابن هیچ

مومانەعەتێكی یاسایی نیە لەوەی كە ئەوان لە قوتابخانەی تایبەت و ئەهلی بخوێنن، هیچ مومانەعاتێكی یاسایی نیە، لەبەرئەوە ئێمە كاتی خۆشی ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردە بێتەوە یادیان باسی ڕەوەندی كوردیمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا ئاخر سیاغەی موشتەرەكمان بۆ عیلاج بكەن، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكەی ئەخیر بخوێنینەوە پاش ئەوەی كە گفتوگۆمان كرد لەگەڵ بەڕێزان.

**الفصل الثانی**

**الاسس العامة لتأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية**

**اولآ/ الاهداف**

**المادة الثانية**

تأسس المدارس والمعاهد غير الحكومية من اجل تحقيق الاهداف الاتية:

1 / اتاحة مجالات جديدة اكثر من التربية والتعليم اضافة الى امكانيات الحكومة بغية التطوير والمساعدة للوصول الى غايات عملية التربية والتعليم الوطنی.

2/ تأمين وتهيئة المستلزمات المتنوعة لتحديث عملية التربية والتعليم عن طريق البرامج والاجراءات الحديثة وفق اسس ومبادیء هذا القانون.

3/ الاهتمام بتعليم اللغات الاجنبية الحية الى جانب المناهج التعليمية المقررة.

4/ تهيئة ارضية مناسبة للتنافس فی مجال التربية والتعليم بغية تطوير اتجاه التنمية البشرية والابداع اكثر فی التربية والتعليم بتجسيد النماذج الحديثة والعصرية فی النظم والمناهج التربوية.

5 / تشجيع عملية الاستثمار الوطنی والاجنبی فی الاقليم وفی مجالات التربية والتعليم فی اطار برامج ونظام حديثين.

6/ اتاحة الفرصة امام الجاليات والاجانب والعائدون الى اقليم كوردستان من خارج الاقليم حتى لاينقطع ولغرض استمرارهم فی التربية والتعليم الوطنی وتوفير مستلزمات التربية والتعليم وخدماتها بحيث تنسجم مع مناهج التعليم فی الاقليم وفی البلدان التی اتو منها.

خاڵێك ماوە كە داوا كراوە ئیزافە بكرێ، كە (تنظيم ومتابعة المدارس الحكومية من قبل الوزارة وحسب احكام هذا القانون)، داوای ئەوەكراوە، بەڵام بەڕێز ئەمە لێرەدا جێگەی نیە لە ماددەكانی تریش دا هەبووە، هەرچەندە ئێمە پشتگیری لێ دەكەین و حەقیشە هەبێ، چونكە هەدەف لە مۆڵەت پێدانی خوێندنگەی ناحكومی چیە؟، ئەمە هەدەفەكەیە، بەڵام وەزارەت چی دەكات لە مەوادەكانی تردا موراقەبە دەكات و ئیشراف دەكات و حەز دەكەن ئەوە بە ماددەیەكی سەربەخۆ دائەنرێ و دامان ناوە، بەڵام كە تۆ دەڵێی

ئەهدافی قوتابخانە تایبەتەکان ناتوانی بڵێی لە هەدەفەکانی قوتابخانە تایبەتەکان (تنظیم ومتابعة المدارس الغیر الحکومیة من قبل الوزارة) هەدەفی دروست بوونی قوتابخانەی تایبەت چیە؟ ئەم شتانەیە، ئەم ئامانجانەی هەیە، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو شەش خاڵەی کە خوێندمانەوە کە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەوان کردوویانەتە چوار خاڵ، بەڵام ئەمە زیاتر وەکو یەکە، لە مەزمون دا وەکو یەکە، بەلاّم ئێمە زیاتر خاڵەکانمان زیاد کردووە، بۆیە داوا دەکەین ئەو خاڵە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ دوو کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 3 لە یاسای ئەسڵیەکە**

دووەم/ ڕێگەپێدان

ماددەی سێیەم

هەر کەسێك ئارەزووی کردنەوەی قوتابخانەیەکی ئەهلی و تایبەتی یان فراوان کردنی یان ئەنجامدانی هەر گۆڕانکاریەکی هەبێ تیایاندا پێویستە لەسەری داواکاریەك بۆ ڕێگەپێدانی پێشینە پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە بکات و وەزارەت داوایەکە یەکلا دەکاتەوە و هەر ڕەد کردنەوەیەك لەلایەن وەزارەتەوە ڕووبدات پێویستە بە پەلێپێکی شیکاری بێت.

ئەمە نەسی ماددەی سێیەمە کە ئەسڵیەکەیە، بۆیە وەك خۆیم خوێندەوە بە بێ هیچ ئیزافەیەك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو.

**بەڕێز د. احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة

کل من یرغب فی افتتاح مدرسة أهلیة وخاصة أو یود اجراء توسعات أو انجاز تغیرات فیها علیه تقدیم طلب مسبق الی وزارة التربیة للسماح له، الوزارة تبت فی الطلب وای رد من الوزارة یحدث یجب ان یکون بحجة تحلیلیة.

ئەوە دەقەکە بەو شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، فەرموو.

**بەڕێز احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دووەم/ مۆڵەتدان**

**ماددەی سێیەم**

**بە گوێرەی بنەماكانی ئەم یاسایە هەموو كەسێكی سروشتی و مەعنەوی جا بە شێوەی تاك بێ یان كۆمەڵ، مافی دامەزراندنی قوتابخانەی نا حكومی و پەیمانگای هەیە.**

**2/ پێویستە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی ناحكومی و پەیمانگا وە دەست كردن بە پرۆسەی خوێندن و ئەنجامدانی گۆڕانكاری ڕیشەیی تیایدا داواكاری نووسراو پێشكەش بە وەزارەت بكرێ بە وەرگرتنی ڕەزامەندی.**

**3/ لەسەر وەزارەت پێویستە لە ماوەیەك دا كە 45 ڕۆژ تێ پەڕ نەكات لە ڕۆژی پێشكەش كردنی داواكە وەڵامی یەكلاكەرەوە بداتەوە و هەر ڕەدكردنەوەیەك پێویستی بە پاساوی ڕەواو بەڵگەی سەلمێنراو بێ.**

**4/ ئەگەر وەزارەت لە ماوەی یاسایی دیاری كراودا وەڵامی داواكاری نووسراوی پێشكەشكاری نەدایەوە، ئەوا داواكار بە پەسەندكراو ئە ژمار دەكرێ.**

**5/ دەبێ هەر قوتابخانە و پەیمانگایەكی ناحكومی ناوێكی تایبەت و جیاكەرەوەی هەبێ كە لەگەڵ تایبەتمەندیە كەلتوری و پەروەردەیی و نیشتمانیەكانی هەرێم دا بگونجێ.**

**6/ دەبێ هەموو قوتابخانە و پەیمانگا پەیڕەوێكی ناوخۆی هەبێ كە بنەما گشتیەكانی كاركردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كاری تێدابێ لەگەڵ داواكاری مۆڵەت دا پێشكەش بە وەزارەت بكرێ و وەزارەت پەسەندی بكات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**ئێمە یەك تێبینیمان هەیە، چونكە ئێمە ئەو ماددانەی ترمان لەبەردەستە، لەوە دەچێ ئەوەی ئێوە خوێندتانەوە ماددەكانتان تێكەڵ كردبێ، فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەرئەوەی دووەم ڕێگە پێدانە و بە چەند ماددەیەك جیاكراوەتەوە، ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە هەستاوین هەر هەموویانمان دەمج كردووە كردوومانە بە یەك ماددە بە چەند فەقەرەیەك، چونكە هەمووی پەیوەستە بەڕێگەپێدان، چۆن مۆڵەتی دەدرێتێ، لەبری ئەوەی بە ماددە بێ كردوومانە بەم شێوەیە، ماددەی سێیەم و ماددەی چوارەم و ماددەی پێنجەم و ماددەی شەشەمیشمان هەر كردووە بە فەقەرەیەك لەناو ماددەی سێیەم، یەعنی هێناومانە، ماددەی 3 و 4 و 5و 6 لەیەك داوەتەوە و سیلسیلەی ڕەقەمیمان داوەتێ و لەژێر ناونیشانی ماددەی سێیەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە دەمج کردنی چەند ماددەیەك دەکەین، لەبەرئـەوەی نـاوەڕۆکی ئـەو ماددانـە هـەمووی لێك نزیکن و باس لە پێدانی مۆڵەت دەکەن بۆ ئەوەی فوتابخانەیەکی لەو جۆرە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دابمەزرێت، پشتگیری لەوە دەکەین کە ئەو ماددانە دەمج بکرێن لەبەرئەوەی یەك ناوەڕۆکیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عصمت محمد خالد(وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکا هەیە لەسەر ڤێ بابەتێ، وەزارەتا پەروەردە پشتی تەجروبا وێ دگەل ئـەڤا ئیجازێت هاتینـە دان دگـەل هەنـدێ نینـە ئیجـازە بێتـە تاکـە فـەردا، ئیجازە بێتـە دان بـۆ کۆمپانیـەت پـەروەردەیێ سـەوانیەت مەحەلیا عەدا باخچێت ساڤا موشکیلە نینـە بدەنـە فـەردا، ئـەو کەسـانەی تـێن وەکو شەخسـەك ئیحتمالـە ئیختساس نەبیتن، ئەمە هەنـدەك سـەرمایەت هـەی لازمـە دگـەل ئیختساسـا هەنـدەك شـارەزای بۆچـوونێت پەروەردەیێ بن، دا موستەحەق بیت ئیجازە بداتە هەر کەسەکی هات، بۆ ڤێ چـەندێ مـە پێشـنیارا مـە کو وەزارەتا پـەروەردە ئـەو مرۆڤێـت کـو مۆڵـەتێ دێتـە کۆمپانیـات پـەروەدەیی بـن، خۆمـاڵی یـان بیـانی، دوو/ ڕێکخراوێت پەروەردەیی بن، خۆماڵی یان بیانی دەوڵەتێت بیانی ڕێکەفتن یان ژی ئەگەر کەسەك بیت بەس باخچێت ساوایا، ئەڤە تێبینیا من لەسەر تەحدیـدا وێ مرۆڤـێ کـو حـەقێ هـەی ئیجازە وەربگـرن و ڕیـدانا ئەڤێ تاکە فەرد کێشەکا گەلەکی مەزنە، ئیحتماله، دوو ملاحەزێ هـەین لسـەر وان تێکسـتا 1 و 2 و 3 و 4 ئەز بێژم ئەگەر ببتە أ و ب و ج ئەو شتە ئیحتماله دروست تـر بـی، (یجب لتأسـیس مدرسـة خاصـة والبـدء بعملیة التعلیم واحداث تغیرات جذریة .... ) ئەڤ تێکستە دروست نینە، مراجعەتەك بۆ بێتـە کـرن، بـەس خالا ئەوەلی گەلەکە گرنگە، لازمە ئەو مرۆڤێ ئیجازە وەرگریتن تەئهیلەك هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ (ئاهەنگ عارف، دلێر، پەروین خان، عەزیمە خان، پەیمان خان، ئاشتی خان، کاك جەمال، شـلێر خـان، هـاژە خـان، کـاك فاضـل بەشـارەتی، کـاك سـەردار، کـاك ئـارام، کـاك خـەلیل، ژیـان خـان، دکتـۆر سەروەر، کاك عبدالقادر، گوڵیزار خان، بێریڤان خان، سمیرە خان)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاتینە فەقەرەیەکی دیکە دەڵێت (منح الاجازە)، مەنحی ئیجازە شتێکی زۆر گرنگە مەکتەبی خاص، ئەگـەر تەماشـای سـتاندەردی عالـەمی بکـەین مەکتـەبی خـاص لـە صـین (83) بەنـدی هەیـە، لـەو فەقەرانـە، لـەو

بەندانە پیشان دەدات لەو جالیەی صین کە لە دەرەوە دەخوێنێت، ئێمە لە مەنحی ئیجازە هیچ ئیشارەتمان بەوە نەداوە جالیەی کوردی ئەوەی لە دەرەوە دەخوێنێت خۆمان فکر بکەینەوە ئیجازەی مەکتەبەکی بدەینێ لەوێ مەکتەبی بکاتەوە، ئەو خێزانانەی کە دەگەڕێنەوە سەریان لێ نەشێوێت، یان حەقی ئیختیاریان هەبێت، بۆ ئەوەی لەو مەکتەبە بخوێنن، ئەوە یەك.

بەنیسبەت دووەم فەقەرە کە خاصە بەناوی (اسم المدرسة)، (اسم المدرسة) نابێت دەمج بکرێت لەگەڵ ئیجازە، لەگەڵ مەنحی ئیجازە، لە هەموو ستاندەراتی عالەمی، لە قانونی صینیش فەقەرە (83) بە تەنیا بەندێکە خاصە بەناو، چونکە ئەوە عیلاقەی بە ئەمنی قەومی و عیلاقەی بە ستیراتیجی و عیلاقەی بە هەدەفی مەکتەبەکە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو راپۆرتەی لیژنەی پەروەردەم کە ماددەی سێ و چوارو پێنجیان کردووە بە ماددەیەك وکردوویانە بە شەش فەقەرە، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی یەکەمی لەوەی راپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە، ئێمە باسی قوتابخانە غەیرە حکومیەکان دەکەین، یەعنی کەرتی تایبەت باسی مۆڵەتیش دەکەین، دەڵێت بەگوێرەی بنەماکان ئەم یاسایە هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی جا بەشێوەی تاك بێت، یان کۆمەڵ، بە قەناعەتی من بگوترێت بەشێوەی تاك بێت، یان کۆمپانیا، لە مەسەلەی مۆڵەتدا کۆمەڵ نییە، تاك، یان کۆمپانیا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەم، من پێشنیار دەکەم کە چەند خاڵێك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت، یەك لەوانە دەبێت ئەو قوتابخانە تایبەتە ستافێکی کارامەو لێهاتووی هەبێت، کە هەڵدەستن بە وانە گوتنەوە بە قوتابیان، لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو قوتابخانە ئەهلیانە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەن ساڵی یەکەم کە دەیکاتەوە دیارە ستافێك دێنێت کە ئەو ستافە ئەمساڵ تەخەروجی کردووە، کە تەعینی دەکاتن، دیارە ئەوەش بە عەقد تەعین دەبێت لەو قوتابخانە ئەهلیە، ساڵی دووەم ئەو مەجموعەیە هەمووی نەقل دەبن مەجموعەیەکی تر دێنێت دیارە ئەوەش شارەزاییەکی کەمی هەیە هەڵدەستێت بە وانە گوتنەوە بە قوتابیەکان، بۆیە پێویستە ستافێکی شارەزاو کارامەو لێهاتوو بێت.

من پێشنیارێکی تریشم هەیە، سەبارەت بەوە مولزەم بکرێت بە هەڵدانی ئالآی کوردستان لەسەر بینایە، لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان قوتابخانەمان هەیە تایبەتە مەنع دەکات کە ئالآی کوردستان لەسەر بینایەی قوتابخانەکە هەڵبکرێت، هەروەها بەرنامەی پەروەردەی نیشتمانی کە لە مەکتەبەکە دەخوێندرێت هەڵدەستێت بە باس کردنی پەروەردەی نیشتمانی سەبارەت بە وڵاتەکەی خۆی، هی هەرێمەکە ناخوێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قوتابخانانەی کە وەزارەت مۆڵەتی پێ دەدات، ئەو قوتابخانە تایبەتانەی کە هەن لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە ئێستا گرفتە، ئێمە دەبێت تەجروبە لەو گرفتە وەربگرین، ئەو قوتابخانانە بەبێ ئەوەی ئەو مەرجانەی کە قوتابخانەی ئەهلین مەرجیان تیا بێت مۆڵەتیان پێدراوە، یەعنی ئێستا تازە کراوەتەوەو هەیە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی پێش لەوە بگرین لەم یاسایە دەتوانرێت ئەو پەیڕەوەی کە دانراوە هەموو قوتابخانەیەکی تایبەت پەیڕەوێکی تایبەتی هەبێت لەگەڵ بنەما گشتیەکانی کارکردن و چۆنیەتی بەڕێوە چوون، هەموو ئەم مەرج و بنەمایانە لەگەڵ پەیڕەوەکەدا، لەگەڵ مۆڵەتەکەدا تەقدیم بە وەزارەتەکە بکرێت ئینجا بڕیار بدرێت لەسەر پەسند کردنی ئەو مۆڵەتە یان نا، بەڵام کە تۆ مۆڵەتتدا پێی دوای ئەوە هاتی بەسەرکردنەوەی قوتابخانەکان و مەرج و بنەماکانی داوا لێ بکەیت، یان پەیڕەوەکەی بەچی دەچێت، تازە مۆڵەتت پێداوەو داواکاریەکەت پەسند کردووە، بۆیە پێویستە لەگەڵ پەیڕەوەکە، لەگەڵ بنەما گشتیەکان و مەرجەکان، ئینجا مۆڵەتی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ئەوەیە کە خاڵی چوارەم لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە، دەڵێت ئەگەر وەزارەت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو وەڵامی داواکاری نووسراوی پێشکەشکاری نەدایەوە، ئەوە داواکە بە پەسند کراو ئەژمار دەکرێت، من سەیرم بەوە دێت یەعنی بەڕاستی نازانم ئەوە چۆن بووە، ئەوە هەڵەیەك بووە لەبن دەستمان دەرچووە، یەعنی ئەگەر ئەو کەسە دەستی پێ کرد بە مەعامەلەی تەقدیمات و شتی وا وەزارەت مەنعی کردو نەیهێشت بیکات، یەعنی حەقە وەزیر لێرە تەداخول بکات، چۆن بە پەسند کراو دەژمێردرێت؟ یەعنی شتەکە نازانم، نایسەلمێنم.

خاڵێکی تر، ئەوەی ئاهەنگ خان باسی کرد، بەڕاستی ناو زۆر زۆر گرنگە لەوە، دەبێت ئەو ناوە گونجاو بێت لەگەڵ زروفی کوردستان و وەکو بڵێین ئەمە وڵاتی شەهیدی هەرێمە، شەهیدی...... هەر یەکە ناوەك دادەنێت، حەرفێکە، دوو حەرفە، یەعنی حەقە وەزارەت ناوەکان بداتە ئەو خوێندنگایانە.

خاڵێکی تریش، خاڵی شەشەم کە باس لە پەیڕەوی ناوخۆ دەکات، لێرە ئەو خاڵە زۆر روون نییە، هەموو قوتابخانە، یەعنی قوتابخانەی بابڵێین بیانی کە دێت داوایەکە پێشکەش دەکات، ئەوە پەیڕەوی خۆی دەهێنێت، تەبعەن پێشکەشی دەکات با بزانین ئەهدافەکانی چیە، چۆن کاری قوتابخانەکە دەکات؟ بەلاَم ئەوەی ناوەخۆ پەیڕەوی چی، یەعنی ئەوە خازیعە بۆ هەموو، چونکە شتێکی ئەجنەبی پێ نییە، شتێکی غەریبی پێ نییە، پرۆگرامەکانە، هەموو رێکارە یاساییەکانە کە وەزارەت پابەندی دەکات، یەعنی لێرە نازانم بەڕاستی ئەو خاڵە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، پێویستی بە روون کردنەوەیەکی زیاتر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی مۆڵەتدان، لەبەر ئەوەی من قەناعەتم هەیە لەبەر گرنگی قوتابخانەو پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە کردنیش کە بەشداری دەکات لە بونیادی کۆمەڵگا، لە بڕبڕە سەرەکیەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگایە، ئەوەی کە تەحەکوم دەکات بە خوێندنگا ئەهلیەکان شێوازی مەنهەجەکەیەتی کە بەکاری دەهێنێت، بۆیە لەو بڕوایەم ئەمە بە تەنها مۆڵەتدان نییە بۆ یەکەیەکی پیشەسازی، بۆ کۆمپانیایەك کۆمەڵێك ئەولەویاتی رەسمی بهێنێت و کۆمەڵێك رێکاری یاسایی تەواوی پێ بێت کەواتە ئێمە مۆڵەتی بدەینێ، یەعنی یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکان ئەوەیە کە شێوازی ئەو مەنهەجەی لەو قوتابخانەیە بەکار دەهێنرێت چیە؟ بۆیە من داواکارم بەڕاستی ئیزافەی خاڵێك بکرێت لە مەرجەکانی مۆڵەتدان بریتیە لە هاوپێچ کردنی ئەو مەنهەجەی کە بەکار دەهێنرێت، چونکە ئێمە نموونەمان هەیە زۆر جار لە هەندێك قوتابخانەی ئەهلی مەنهەجی سێ مانگی حازر بووە، هی شەش مانگی حازر بووە، من حەز ناکەم ناوی قوتابخانەکە بێنم کە کۆنتراکتی لەگەڵ حکومەتیشدا هەبووە لە دوای شەش مانگ ئەجنەبیەکان رۆیشتوونەتەوە بە پەلە پروزە هەوڵیانداوە مەنهەجی شەش مانگی ئاینده حازر بکەن، لەبەر ئەوەی تێکچوون، یەعنی لەگەڵ بەندەکانی کۆنتراکتەکە، لەگەڵ حکومەتەکە پێك نەهاتوون، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم دەبێت ئەم خاڵە بەم شێوەیە ئیزافە بکرێت (دەبێت ئەو پرۆگرامی خوێندنی بەکار دەهێنرێت لەلایەن قوتابخانە ناحکومیەکانەوە لەژێر چاودێری وەزارەتی پەروەردە موافەقەتی لەسەر کرا بێت)، لێرە

پێشیناز دەکەم، چونکە سەیری بڕگەکانی تـرم کـرد شـوێنێکی تیـا نییـە کـە مـن پێشـنیازێك بـۆ وەزارەتـی پەروەردە بکەم، کە وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکی تایبەت دروست بکـات لـە دوای تـەعلیمات دەرکـردن بـۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە بەناوی لیژنەی مـەناهجی خوێنـدنی ئـەهلی، واتـا تـەقیمی خوێنـدنی ئـەهلی بکات، ئێمە هەمانە خوێندنی قوتابخانە حکومیەکان، بەڵام ئایا تایبەت هەمانە بۆ تەقیم کردنی پرۆگرامی خوێنـدنگا ئەهلیـەکان؟ یـەعنی لیژنەیـەکی موختـەس بێـت، بـۆ ئـەوەی بـە خێرایـی چـاو بخشـێنێت بـە مەنهەجـەکان و ئەگـەر کورتەیـەکیش، یـان بیرۆکەیـەکیش لـە مەنهەجەکـە بێـت پاشـکۆ بێـت لەگـەڵ مۆڵەتەکەدا، ئینجا مۆڵەت بدرێت بەو لایەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئەوەی لیژنـەی تەربیە بۆ موداخەلە من تەبـەنی دەکـەم و موناقەشـەکەم لەسـەر راپـۆرتی تەربیـە بێت، دەستخۆشیان لێ دەکـەم و هەوڵیانـداوە کـە ماددەکـان کـەمتر بکـەن، بـەڵام ئەگـەر بێتـو سـەیر بکـەین ماددەی سێیەم و ماددەی چوارەم پاش ئەوەی گۆڕانکاری کرا لەلایەن لیژنەی تەربیە با بڵێین پەیوەندی بە یەکتریەوە هەیە، بۆیە من پێشینار دەکەم ماددەی سێیەم و مـاددەی چـوارەم بـە یـەك مـاددە دابڕێژرێتـەوە دووبارە صیاغە بکرێتەوە، صیاغەکەم درێژە، بەڵام بەس بیدایەت دەڵێم:

ماددەی سێیەم:

(لکل شخص طبيعي او معنوي منفرداً او جماعة حق تأسيس مدرسة او معهد حسب احكام هذا القانون:

1-تقديم طلب مكتوب الى الوزارة ويتضمن او متضمناً مايلي: اسم المدرسة او المعهد مـع مراعـاة الخصوصيات الثقافية والتربوية والوطنية للاقليم في التسمية) خاڵەکانی ماددەی چوار کە لێرە هاتووە بێن بە تەسەلسول لەگـەڵ ئەمـە، خاڵـەکانی تـر (يرفـق مـع الطلـب النظـام الـداخلي وعلـى الـوزارة البـت.............) بۆیـە مـن پێشنیارەکەم بە نووسراو نووسیمە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار دەنێرەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین تا رۆژی دوو شەممە سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان دا.

ئێستاش بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامە بەرێزانە ئەخوێنێتەوە کە مۆڵەت بوون یان نەهاتوون با بفەرموێ.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە 12 ی ئاسایی لە 10/16 مۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون 16 ئەندامە، هەموویان مۆڵەت بوون، بۆیە تەنها ناوەکانیان ئەخوێنینەوە:

1-امینە زکری 2-برهان رشید 3-خورشید احمد 4-ئاراس حسین 5-صبیحە احمد 6-کەیلی اکرم 7-لیلی امیر 8-نەژاد عزیز 9-صباح محمد 10-علی حسین 11-شێردڵ تحسین 12-عماد محمد 13-احمد سلیمان 14-کوێستان محمد

15-دکتۆر بشیر خلیل 16-عمر حمد امین.

**بەرێز د.ارسلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە و مونەسیقی نێوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین، ئێستاش بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کارمان ئەویش (-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان دا.) لیژنە تایبەتەکان فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، لە دانیشتنی ڕابردوو ژمارەیەك لە ئەندامە بەرێزەکان ناوی خۆیان نووسی و بەشێك قسەیان کرد و بەشێك ماوە قسە بکەن، ئێستا شلێر خان با بفەرموێ.

**بەرێز شلێر محی الدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دووەم (الاجازە)، ماددەی سێیەم لە بڕگە دوودا کە ئەڵێ (یجب تأسیس مدرسە خاصە والبدء بعملیة التعلیم واحداث التغیرات الجذریة)، من لە لیژنەکە ئەپرسم ، چونکە وابزانم ئەوە ئیشی موئەسەسەی تەربیە خۆیەتی کە ئیحداسی جەزری بکا، لە تایبەتەکاندا چۆن چۆنیە؟ لە سێیەمدا ئەڵێ ( علی الوزارە ان تبت فی الطلب خلال مدة لا تتجاوز 45 یوما من تقدیمە ) لە بڕگەکەی تریشدا کە باسم کرد، ئێمە بەراستی لە یاسای وەبەرهێناندا بۆ پرۆژەی قوتابخانە ئەهلیەکان ئیجازەیان بدرێتێ، ئەوان ئەڵێن لە ماوەی 30 ڕۆژدا ئەبێ ئیجازەکە جواب بدرێتەوە، لێرە کە تۆ وتت 45 ڕۆژ، بە شەرتێك ئەوان ئەو 45 ڕۆژە لەگەڵ جیهەی موختەص قسەی خۆیان ئەکەن و تەواوی ئەکەن، ئایا ئەم 45 ڕۆژە لەگەڵ یاسای ژمارە 6 کە ئیجازە ئەدرێ بەو موستەسمیرەی کە ئەو خوێندنگایە ئەکاتەوە تەعاروزی نابێ؟

سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو هاژە خان

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم مەسەلەی مۆڵەتەکە ئەو ماددانەی، ماددەی 5/4/3 هەمووی بکرێ بە یەك، و بکرێ بە چەند فەقەرەیەك کە هەمووی مەسەلەی مۆڵەتەکە لە خۆی ئەگرێ، و خاڵێکی تر زیاد بکرێ ئەویش ئەو قۆناغە دیاری بکرێ کە ئەو کەسە ئەیەوێ بیکاتەوە، واتە ئەیەوێ قۆناغی بنەرەتی بێ، یان هەموو قۆناغەکان بێ، ئەگەر قۆناغەکە دیاری بکرێ کە ئەو کەسە ئەیەوێ بیکاتەوە، و بە هەمان شێوە ماددەی 6 هەموو ئەو مەرجانەیە کە بۆ کردنەوە یان بۆ مۆڵەتەکەیە، من پێم باشە ئەویش لێك بدرێ لەگەڵ ئەو ماددە، هەمووی بکرێ بە یەك ماددە، لە دوو بڕگە خۆی ببینێتەوە، یەکەمیان مۆڵەتەکە چۆن بدرێ؟ دووەمیان ئەو شروتانەی کە پێدانی مۆڵەتەکە چۆن بێ؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 3 من پێشنیار ئەکەم شێوەی نووسینەکە بە شێوازێکی تر بێ، ئەوەی من بە پەسەندی ئەزانم، لێرە ئەڵێ ئەو کەسەی کە ئارەزووی کردنەوەی قوتابخانەی هەیە، بە بڕوای من وا بنووسرێ، (لەو شوێنەی کە حکومەت نەقسی قوتابخانە ئەبینێ)، ئیعلانی بکا لەو شوێنە پێویستمان بە قوتابخانەیە، چونکە قوتابخانە ئەهلیەکان دوو شێواز خەڵك ئەیکەنەوە، مونەزەمات و خەڵکی فێرخوازو، من پێشنیاریش ئەکەم کە ئیمکانە لە هەندێ جێگا قوتابخانە پییێویست نەبێ، ئەو پرۆژەیە بگۆڕدرێ بە پرۆژەیەکی خێرخوازی کە ئەو ناوچەیە پێی زەڕووره، هەر لەو خاڵەدا پێشنیارێکی تر ئەکەم، ئەم مەسەلەی قوتابخانە ئەهلیانە تەنها مەرکەزی پارێزگاکان نەگرێتەوە، بەڵکو ئەو قەزایەنەش کە زانکۆی لێ کراوەتەوە، ئەو قوتابخانە ئەهلیانە بگرێتەوە و، ئەو بڕیارانە کە ئەدرێن نەقڵ بکرێ بۆ ئەو جێگایانەش کەوا زانکۆی لێ دروست کراوە، چونکە ئێستا زۆربەی قەزاکانی هەرێم زانکۆی لێ دروست کراوە، بەڵام بە پێی ئەم یاسایە ئەو قوتابخانە ئەهلیانە ناچێ بۆ ئەو جێگایانە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو قوتابخانە ئەهلیانە ئەو قەزاو ناحیانەش بگرێتەوە کە زانکۆی لێیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوەکان ئەخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئەندامە بەڕێزەکان بزانن کەی نۆرەیان دێ بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن، (کاك سەردار، کاك خلیل، کاك ئارام، ژیان خان، دکتۆر سەروەر، کاك قادر، گوڵیزار خان، بێریڤان خان، سەمیرە خان)، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ مۆڵەت دان ماددەی سێیەم بەراستی حەقە لایەنی کەم ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێ بۆ ئەوەی مۆڵەت دانێکی تەندروست بێ، شارەزایی و لێوەشاوەیی، بەراستی ئەوە پرۆژەیەکی بازرگانی یان پیشەسازی نیە هەرکەسێ مۆڵەتی پێ بدەی و ئیستیسمار بکا لە بواری تەربیە، حەقە شارەزاییەکی هەبێ، بەخشینی بڕوا نامە، یان تاقی کردنەوەکان، لە ژێر ئیشرافی تەربیەدا بێ، ناکرێ ئەوانە خۆیان کە ئەو لیژنەیە سەرپەرشتی ئەو خوێندنگا ئەهلیانە ئەکەن، یان پەروەردە و فێرکردن ئەکەن، وەك ئەڵێ پەروەردە و فێرکردنێکی تەندروست کۆمەڵگایەکی تەندروستی لێ بەرهەم ئەهێنرێ، بۆیە حەقە لایەنی کەم شارەزایی و بەخشینی بڕوانامە و تاقی کردنەوە لە ژێر ئیشرافی ئەو لیژنەیە دابێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من مەبەستمە ئەوە بە نەتیجە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانە کە ئەکرێ، بەلاَم لێرە وا باس کراوە کە یەکێ کە ئەیەوێ پرۆژەیەکی لەم جۆرە بکا ئەبێ تەنیا ڕێنمایەکانی وەزارەتی پەروەردە جێ بەجێ بکا، ئایا لیژنەی یاسایی ئێمە یاسایەکمان هەیە بە ناوی یاسای وەبەرهێنان، کە تێکەلاَوی هەیە لەگەڵ ئەمە بۆ مۆڵەت دان بە هەرە پرۆژەیەك، ناکرێ ئێمە لە پاڵ یاسای وەزارەتی پەروەردە ناوی یاسای وەبەرهێنانیش نەهێنین، بۆ ئەوەی هەردوو یاساکەی بەسەردا جێ بەجێ ببێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاَ ئەکەم سەبارەت بەوەی کە ماف بدرێ بە هەر کەسایەتیەك تاك بێ یان گروپ بۆ ئەوەی خوێندنگەی ئەهلی بکاتەوە، چونکە ئەگەر تەنها مۆڵەت بدرێ بە کەس یان گروپ ئەوە خۆمان بەربەستێکی گەورە دروست ئەکەین لەبەر دەم کردنەوەی خوێندگای ئەهلی دا لەکاتێکدا لەگەڵ ئەمانجەکانی ئەم یاسایەدا ناگونجێ، کە کۆمەڵێك ئامانجمان داناوە کە فرسەت بدرێ بۆ وەبەرهێنەران، یان بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ لەم بوارەدا کار بکەن، چونکە ئەوکاتە ملکەچ ئەبێ بۆ قانونی شەریکاتی عێراقی، ئەبێ لە پێشدا کۆمپانیاکە مۆڵەتی بۆ دەربێنێ ئەوجا دوای ئەو

خوێدنگا ئەهلیەکە، ئەمەش بەراستی دروست کردنی لەمپەرێکی زۆرە، ئەوەی کە لیژنەی خوێندنی بالاّ ئاماژەی پێ کردووە وەك خۆی بمێنێتەوە، و هەروەها سەبارەت بە مۆڵەت دان تەنها ماددەی 3 بمێنێتەوە، ئەوانی تر زیاتر لە چوار چێوەی تەعلیمات دایە، پێم باشە هەر لە ماددەی 3 دا بە یەك خاڵ ئاماژە بکرێت و ئەو ماددانە ئیلغا بکرێت، باس لەوە بکرێ کە کۆمەڵێك تەعلیمات لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەرچێ بۆ شێواز و بنەماکانی ئەو خوێندنگا ئەهلیانە کە دەردەچێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو ژیان خان

**بەڕێز ژیان عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم نیە، جگە لەوەی کە ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ ئێمە ماددەکەمان دارشتۆتەوە، من هەر لەگەڵ ئەو ڕایەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّدام تەنها یەك خاڵ نەبێ، لە ئەصلی پرۆژەکەدا بۆ ماوەی مۆڵەت 30 ڕۆژ دانراوە، پێم وایە لەوەی لیژنەی پەروەردە کراوە بە 45 ڕۆژ بکرێتەوە بە 30 ڕۆژ، چونکە هەست دەکەین وەکو هەم شلێر خان وتی ئەمە تەعاروزێکە لەگەڵ یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2006 هەیە کە لە ماددەی 13 دا دەڵێ ( ئەو وەبەرهێنانەی کە دێن لە کاتی مۆڵەت دا تەنها 30 ڕۆژ مۆڵەتیان بۆ دادەنرێ لەگەڵ لایەنی موختەص)، لێرەدا وەزارەتی پەروەردەیە، بەسە داوای ئەوە ئەکەم کە 45 ەکە بکرێ بە 30 واتە وەکو ئەصلی پرۆژەکە بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك قادر

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مۆڵەت دان بۆ قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلیەکان ئەمە نوقتەیەکی زۆر گرنگە، چونکە ئەساسی ئەم قانونەیە، یەعنی چەند ئەم قانونە یان ئەو قوتابخانەیە، یان ئەو پەیمانگایە، چەند فەشەل بێنێ یان چاك بێ هەمووی ئەکەوێتە سەر ئەو نوقتەیە کە مۆڵەتە، تەبیعی من پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە ئەکەم،کە لە خاڵەکانی 3 و 4 و 5 و 6 ی یەك خستووە، ئەمە لە کاتێکدا کە ماددەی 31 هەیە،

یەعنی ئەبوایە ئەویش تێکەڵ بوایە لەگەڵ ئێرە، چونکە ماددەی 31 باسی چۆنیەتی دروست کردنی قوتابخانە ئەکا، یەعنی مواسەفاتی هەندەسی، چونکە ئەبێ مواسەفاتی هەندەسی هەر قوتابخانەیەك تەقدیم بکرێ، یەعنی ئەویش فەقەراتێکی زۆری هەیە، ئەبێ سەقفەکە لە سێ مەتر کەمتر نەبێ، یان بۆ هەر 25 قوتابی دەبێ ئاودەست و مەغسەل هەبێ، بۆ ئەوەی خاڵی 31 لەگەڵ ئەمە یەك بێ، ئەمەش زۆر موهیمە زۆر لە قوتابخانە ئەهلیەکانمان ئەو نەوعە شروتانەیان تێدا نیە هەروەکو قوتابخانە حکومیەکان تێیان دا هەیە، یەعنی ئەبێ زۆر تەئکید بکەین لەسەر ئەو خاڵە، هەروەها ماددەی 22 کە ئیجازە ئەدەی ئەبێ خاوەنی ئەم موئەسەسەیە ئەبی شەهادەی جامیعی هەبێ، قەصدم لە شەهادەی جامیعی کەمتر نەبێ و 5 ساڵیش کەمتر نەبێ، چونکە ئێستاکە بوویتە تیجارەت، هەر کەسێك ئەتوانێ قوتابخانە بکاتەوە، تەبیعی کە ئیجازەش ئەدرێ ئەبێ یەکەم شت ئەو ئیجازە مەبدەئی بێ، ئینجا کە هەموو ئیش و کارەکانی تەواو کرد، ئەو مۆڵەتە ببێتە موئەقەت تا دوو ساڵ بکرێ بە دائیمی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو گوڵیزار خان.

**بەڕێز گوڵیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 3 من پشتگیری ئەکەم، بەلاّم ئەو بڕگەی کە لیژنەی یاسایی زیادی کردووە کە ئەڵێ (ڕێگە نادرێ بە هیچ حیزبێکی سیاسی یان خێرخوزای یان ڕێکخستنی سیاسی بە دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت)، من لەگەڵ ئەوە دا نیم لایەنی خێرخوازی ڕێی پێ نەدرێ، ئایا مەبەست چیە لە ڕێکخستنی خێرخوزای؟ ئەگەر ڕێکخراوی خێرخوازی بێ ئەوە گرفت دروست ئەکا، چونکە ئێستا لە کوردستان ڕێکخراوی خێرخوازی هەیە و کار ئەکا، پێشنیاریشم ئەوەیە ئەو پرۆگرامەی لەو قوتابخانانە دەوترێنەوە ڕەچاوی تایبەت مەندی ئاینی و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی تێدا بێت، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینیم هەیە، لە پرۆژە یاساکە نووسراوە ڕێگەدان، بەلاّم لە ڕاپۆرتەکە نووسراوە مۆڵەت، کامیان هەوە؟ بە ڕای من مۆڵەت باشترە لە ڕێگە دان، چونکە مۆڵەت زیاتر یاساییە، یەك تێبینیشم بە کورتی هەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر یەکێك داوا بکا، یان هەر دەزگایەك یان هەر کۆمەڵێك پێشنیاریان هەبێ بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دروست کردنی قوتابخانەی تایبەت، قەبارەی قوتابخانە، ژمارەی قوتابیان، هەروەها تەمەنی قوتابیان، ئەو مامۆستایانەی کە دادەمەزرێن چەند ساڵ خیبرەیان هەیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو سەميرە خان

**بەڕێز سميرە عبدالله**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە لە ماددەی سێیەم ئەڵێ (كل من يرغب)، من لەگەڵ ئەوە نیم، پێویستە ئەشخاصی پەروەردەیی بن، من پشتگیری ڕەئی جەنابی وەزیر ئەكەم، چونكە ئەگەر كەسانی پەروەردەیی نەبن ناتوانن هەیكەل و تەئسیسەكەی بە جوانی دابنێن، هەروەها لە عیلم مومارەسەیان كردبێ و خیبرەیان هەبێ، ئەوە یەكەم، و دووەم بكەینە شەرت لەسەریان ئەو مەدرەسانەی كە دادەمەزرێن با عەلەمی هەرێمی لەسەر هەڵبدرێن، چونكە ئیهمال كرایە، سیستەمی خوێندن لە بیدایەتەوە دیاری بكەن، مەسلەن ئیدارەی مەكتەبەكی دەدەیە دەست كەسێك خەریجی كولیە نیە، خەریجی شەشی ئیعدادیە، یان راسبی شەشی ئیعدادیە چۆن دەتوانێ ستاف ئەو مەكتەبە دابنێ بۆ لوغەكان یان زمانەكان یان تاقەی ئیستیعابی چۆن ئەزانێ؟ قەواعیدی رسوب و نەجاح چۆن ئەزانێ؟ پێویستە كەسێك مومارەسەی كردبێ، و هەروەها باسی تەلەبی موسبەق ئەكا، كاتەكەی دیاری نەكردووە بۆ وەزارەت، یەك لاشی نەكردۆتەوە، ئایا ئەو تەڵەبە موسبەقەیە چ كاتێك ڕێگە پێ دەدرێ بۆ پێشینە؟ پێویستە كاتەكەی دیاری بكرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو جەنابی وەزیر لەسەر ماددەی 3 ئەگەر تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد–وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیامن ئەوا ئەز دگەل هەندێ نیمە بداتە ئەشخاصا بێ تەحدید، مە هەندەك پێشنیارێت دەكەین، وەزارەتێ مە تەحدید كریە كو ئەوێ مۆڵەتێت پێددات عەددا باخچێ ساوا ئەویدی كۆمپانی بن، یان ڕێكخراوێت معەرەف بن ب كارێت پەروەردەیی، مە كێشەكا مەزنا هەی دگەل هەندەك ئەشخاصێ كو نەت موختەصن ،كابرایەكی هاتی سەرمایەدارە یان برەكی دەولەمەندە چ علاقەت ب پەروەردەیا هەی؟ قوتابخانەكا ڤەكی وەكی مەشروعەكا تیجاری، ئەم تووشی گەلەك كێشا دبینەڤە، وەزارەتا پەروەردێ هەندەی تەعلیماتێ دی ڤەهینانیە دەر ئەز حەز دكەم بخینم ئەگەر پێن باشبێ جەماعەت؟ مۆڵەتی كردنەوەی باخچەی ساوایان، بنەرەتی، پەیمانگا، ئەبێ بە كۆمپانیای پەروەردەیی خۆماڵی یان بیانی، مامۆستایەكی ئێستا گوتی ئەوە عایقە، نەخێر، كۆمپانیای پەروەردەیی تشتەكی ب ساناهیە، بەس تەخەصوصە، یا ڕێكخراوێت پەروەردەیی یان بیانی، بە مەرجەك ئەو ڕێكخراوە ب خێر و قازانج بی، ئیشیان بۆ پەروەردە بۆ خێرخازیە، بۆ دەولەتێت بیانی ئەگەر برامجەكی قوتابخانەی بكاتەوە لێرە، یەعنی دەولەت هەیە مەسەلەن ئینترناشیناڵ مەداریس دروست دكەن فەرعەكیش لێرە بكاتەوە، ئەو مەرجانە و

**تەنها باخچەی ساوایان بە ئەشخاص بدرێ، یەعنی موشكیلە نیە، ئەڤە دیتنامەیە، سوپاس، مە كێشەیا هەی دگەل ئەشخاصی نە موختەص، كابرایەك دێت تیجارە و مەدرەسەكی دروست دكا ئەڤە موشكیلەیە.**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

**فەرموو سۆزان خان.**

**بەرێز سۆزان شهاب:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەسەر ئەو گفتوگۆی برادەران كە داوایان كردووە وەزیریش دووپاتی كردۆتەوە كە دەبێ شارەزایی و لێهاتوویی هەبێ، و دوایش بەخشینی پرۆگرامە هەمووی لە ماددەكانی تردا باس كراوە، هەروەها ڕەچاوی یاسای وەبەرهێنان لە ڕێگەی مۆڵەت پێدان بە كۆمپانیای پەروەردەیی لەوێوە ڕەچاو ئەكرێ، ما باقی ئیختیصاصی وەزارەت خۆیەتی، بە پێی ئەو ڕێگە پێدانەی كە لە لایەن تەسجیلی شەریكاتەوە ئەكرێ بۆ وەبەرهێنان، تاكەكان، بەرێز وەزیری پەروەردە من پێم وایە ئێمە یاساكان ئەدەینە بەرێز وەزیری پەوەردە جێ بەجێی بكا، بۆیە ئەگەر گوێ لەوان بگرین لە ئەنجامی ئەو تەجروبەیەی كە هەیانە لەگەڵ تاكەكاندا قوتابخانەیەكیان كردۆتەوە كۆمەڵێك كێشە دروست بووە ئێستا، ئەوان داوای ئەوە ئەكەن كە كۆمپانیای پەروەردەیی خۆماڵی بێ یان بیانی، ڕێكخراو و دوڵەتی بیانی باخچەی ساوایان بۆ ئەشخاص، ئێمە بەو وردە كاریە پێویست ناكا بیهێنین، دوایی بەجێی ئەهێڵین بۆ وەزارەت بە ڕێنمایی دەری ئەكات بەم یاسایە، ئێمە هیچ مانعاتمان نیە لەوەی كە مۆڵەت پێدانەكە 30 ڕۆژ بێ، لەوەی 45 ەكە بگۆڕینەوە بۆ 30 ڕۆژ، سەبارەت بەوەی ڕەچاوی تایبەت مەندیەكەی خێرخوازی بێ، ئێمە ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەیان كردبێ لە ماددەی شەشەم باس لەوە نەكراوە كە ئێمە ڕێگە نادەین خێرخواز بیكاتەوە، كە وتوومانە هەموو كەسێكی سروشتی و مەعنەوی، ئیتر خێرخوازی بێ ڕێكخراو بێ، ئێمە وتوومانە تاكیش، بەلأم ئەوە ڕای وەزارەت ئەوەیە، بەڵێ باسی ئەوەش كراوە كە بە پێی ڕێگەی یاسایی بێ باسی عەلەمی هەرێم ئەوانە هەمووی بۆ وەزارەت بە جێ ئەهێڵین بە ڕێنمایی دەری بكات، تەلەبی موسبەڤیش، و لە ئاخیر خاڵ لە جەلسەی پێشووشدا هەندێ لە بەرێزان باسیان كرد وتیان ئەبێ پەیڕەوی ناوخۆشیان هەبێ، ئێمە لە ئاخیر خاڵ لە پێنجەم باسمان كردووە كە ئەبێ لەگەڵ تەقدیم كردنی ئیجازەكە پەیڕەوی ناوخۆیان تەقدیم بكەن، كە پەیڕەوی ناوخۆیان تەقدیم كرد تێدایە جۆری مەنهەجەكە، شێوازی وانە وتنەوە، جۆری قوتابخانە، هەمووی لەو پەیڕەوی ناوخۆیە خۆیان دیاری ئەكەن لەگەڵ تەلەبەكەدا پێشكەشی ئەكەن، ئەمە تەنها ڕوون كردنەوەی لیژنەی پەروەردە بوو، سوپاس**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

**فەرموو دكتۆر عومەر.**

**بەرێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مۆڵەت دان کە ئێمە کردوومانەتە مۆڵەت دان، ماددەی 3 و 4 و 5 مان وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاْ کردۆتە ماددەی 3، دووبارە ڕێکمان خستۆتەوە، بەو شێوەی کە لە ژێر دەستی بەرێزتانە، ئەوە تێبینی و پێشنیارانەی کە هاتن، سەبارەت بە مەسەلەی ماوەی وەلاْمدانەوەی وەزارەت لە 45 ڕۆژ بکرێ بە 30 ڕۆژ ئێمەش پێمان باشە، سەبارەت بەوەی کە وابکرێ فوتابخانەی ناحکومی لە دەرەوەی پارێزگاکانیش بێ، تەئکید ئەوکات بە گوێرەی ڕێنمایەکانی وەزارەتی پەروەردە و پێشنیارەکان کە لەلایەن کەسانی تەبیعی و سروشتیەوە دێن، ئێستاش هەیە، ئێستاش لە کۆمەڵێك قەزا بە تەحدید هەیە کە ئەو جۆرە فوتابخانانە کراونەتەوە، بەڵێ و هیچ مەناعەتێکیش نیە، سەبارەت بەوەی مواسەفاتی هەندەسی، ئەمەیان ئەوەی لە ماددەی سێدا هاتووە، تەنیا پێدانی مۆڵەتە، ڕەنگە مۆڵەت بدەی بە کەسایەتیەکی سروشتی و تەبیعی و مەعنەوی کە فوتابخانە بکاتەوە، بەلاْم هێشتان بینای فوتابخانەکەی دروست نەکردووە، ماوەیەکی دەدەیێ لە ئایندەدا فوتابخانەکە دروست بکا، بەم مواسەفاتە، بۆیە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، بەلاْم پێمان وایە لە دوو ماددەی جیاوازدا ڕێك بخرێن باشترە، مەسەلەی ڕێکخراوی خێرخوازی باس کرا کە هیچ موشکیلەیەك نیە، سەبارەت بە مەسەلەی ڕەچاو کردنی ئالاْ و کەلتوری هەرێم، لە ڕاپۆرتی ئێمەدا لە برگەی پێنجەمدا دەبێ هەر فوتابخانەیەکی نا حکومی کە داوای لێ دەکرێ ناوێکی تایبەت و جیا کەرەوەی هەبێ لەگەڵ تایبەت مەندی کەلتوری و نیشتیمانی هەرێم بگونجێ، بێگومان دەستەلاْتیش ئەدرێ بە وەزارەتی پەروەردە کە ڕێنمایی تر دەربکا، سەبارەت بە کۆمپانیای پەروەردەیی کە جەنابی وەزیر باسی کرد، لە ڕاستیدا ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، بەلاْم پێمان وایە کۆمپانیای پەروەردەیش لەگەڵ کەسانی سروشتی و مەعنەویشدا ئەگونجێ، واتە کۆمپانیای پەروەردەیی بۆ خۆی کەسایەتیەکی سروشتی یا مەعنەوی هەیە، بەلاْم ئەگەر بڵێین تەنیا کۆمپانیای پەوەردەیی ڕەنگە بەو واقیعەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە گرفت دروست ببێ بۆ جێ بەجێ کردنی یاساکە، بۆ؟ یەکەم، کۆمپانیای پەروەردەیی چیە؟ چۆن دادەمەزرێ؟ ئایا کۆمپانای پەروەردەیی ئەوانەی کە ئێستا مۆڵەتی ناحکومیان پێداوە هەموویان کۆمپانیای پەوەردەیین و لە ماوەی چەندا دەبێ خۆیان بکەن بە کۆمپانای پەروەردەیی؟ بە ڕەئی من ئێمە فکرەکەمان پێ باشە و تەئیدیشی ئەکەین، بەلاْم لە ئێستادا پێویستە وەلاْمی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، یەکەم، کۆمپانیای پەوەردەیی قانونیەن چیە؟ چۆن دادەمەزرێ؟ مۆڵەتی چۆن پێ دەدرێ؟ ئەوانەی ئێستا بە سەدان فوتابخانەی نا حکومیمان هەیە، هەموویان کۆمپانیای پەوەردەین؟ بێگومان نا، لە ماوەی چەندا خۆیان ئەکەن بە کۆمپانیای پەوەردەیی و چۆن خۆیان ئەکەن بە کۆمپانای پەوەردەیی؟ وەلاْمی ئەو پرسیارانە ئەبێ وەرگرین، ئەوکات کەسی سروشتی و مەعنەوی بکەین بە کۆمپانیای پەوەردەیی، بەلاْم ئەگەر ئێمە دەڵێین کەسی سروشتی و مەعنەوی، واتە کۆمپانیای پەرەوەردەش دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەو شێوە گۆڕانکاریە، بەتایبەتی ئەوەی ماوەی زەمەنیەکە، لەگەڵ ئەوەی کە لە ماددەی سێیەمی ڕاپۆرتی لیژنیە پەروەردە دا هاتوو، پاشان برگە بە برگە بیخەینە پێش چاوی بەرێزان بۆ دەنگدان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد-وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو وەلاَم بۆ جەوابا وی، دانانا کۆمپانیا پەوەردەیی تشتەکی گەلەکی زەحمەت نینە، موجەرەد دیاری کرنا تەخەصوصەکیە و ئیمکانیاتێت ماددی بـۆ کەسایەتیەت دڤێت قوتابخانـەکی ڤـەکات، مـە هـەنوکا هەنـدەك کێشـە هەنـە، شەخصـەکی هـاتی مەسـەلەن ب نـاڤێ ئـەوروپا عـەردەکی دیـاری کـرد، عینـوان و تشـتێت وی گەلەك سانایە، فلاَن کورێ فلاَنیە، مەدرەسەکا چێ کریە ڤێ بنەمایێ، کێشەکی گەلەکی مەزن هەینە، پشتێ ئەڤ قانونە دەرچیت ئەم دێ قانونەکا دانێین، خیلالێ سالەکی دا یـان سـالێ و نیڤـەکی دا وەختـەکی گونجـاو کو ئەو مرۆڤێت ڕێکبێخنەڤە وەزعێ خۆیێ ئیداری ببیتە کۆمپانیا، ئـەز تەصـەور ناکـەم کێشـەکە گەلـەکی مەزن بی، بەس زۆریا زەڕووریە، د ڤێ نەصێدا وەختێ دبێژیتن (کل شخص) جارەکی نەهاتیە کۆمپانیا یـان نا؟ یەعنی فەردەك دشێت دابی، دیتنامن، تەرجومامن، فەردەك دشێت دانیتن تەفسیرا من بۆ لوغێ بۆ ئـەڤ نەصا وی ئەزێ دبینـم ئەگەر بێت و ڕایەکی بلندتر لێ بێتەوە بەرەو تەخەصوصەکی بچیتەوە، یـان بـەرەو حەجمەکی باشتر بچیتەڤە کو ئەڤ کێشەت مێ هەی نەمینێتن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یاسایە باسی لـە دوو شـت کـردووە، ئـەڵێ شەخصـی تـەبیعی و شەخصـی مەعنـەوی ئـەتوانێ قوتابخانـە تایبەت کە ناوی نرا ئەهلی بکاتەوە، ئەمە خۆی لەخۆی دا ئەچێتە زمنی ئەو ئیستیسمارەی کـە لـە قـانونی ئیستیسمارە باسی لە سەر کراوە ئیستیسمار لە بواری تەربیـە و تەعلیمـە، لەبـەر ئـەوە ئـەو کۆمپانیایـە بـە تەبیعەتی حاڵ سیفەتی خۆی کە وەردەگرێ کۆمپانیایەکی تەربیە و تەعلیمە مەکتەبی کردۆتەوە،

2. ئەگەر ئێمە بێین لە ماددەکانی ئەم یاسایە سەیری کەین لە ماددە (21) و (22) شروتی کردنەوەی ئەم جۆرە قوتابخانانەی داناوە، کە ئەبێ شەهادەی جامعی ئەوەلی هەبێ، ئەبێ موتەخەسیس بێ، ئەبێ خیـبرەی پێنـج ساڵی هەبێ، لە ماددەی (21) کە باسی لە سەر کردووە ئەو بینای ئەو دروستی دەکا کە ئەو مەکتەبـە چۆن چۆنی ئەبێ شرووتی ئەم بینایە چۆن بێ، تەقریبەن بە دە فەقەرە باسی لە سەر کردووە، لەبەر ئەوە ئیکتیفا لـەم یاسـایە بەشەخسـی تـەبیعی ئـەو مەعنـەوی بـۆ دروسـتکردن و کردنـەوەی قوتابخانـەی ئـەهلی بەگوێرەی یاسا جێبەجێکراوەکان کە لە هەرێمی کوردسـتان یـەکێ لـەو یاسـایانەی کـە ڕێـی پـێ دەدا یاسـای ئیستیسمارە، و، ئەمەشیان یاسایەکی تایبەتی دەوێ بۆ ئەو کۆمپانیایانـە لەبـەر ئـەوە پێویسـت ناکـات هـیچ گۆڕانکاریەکی دیکە لەو جۆرە شەریکاتانە هەبێ و، هەموو ئەو شـەریکاتانە بـەگوێرەی قـانونی ئیستیسـمار،

ئیستیسمار وەردەگرن، موافەقاتی خۆیان وەردەگرن، حەقی تەئسیس وەردەگرن لەلای موسەجلی شەریکات، لەو بوارانەی کە خۆی پێی دراوە، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هاورِا دەبین لەگەل رِائەکەی لیژنەی پەروەردە، بە ئیزافەی ئەو فەقەرەی کە لە رِاپۆرتەکەمان باسمان لە سەرکردووە، سوپاس،

**بەرِێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەقەرە، فەقەرە بیخوێنەوە، دەیخەینە دەنگەوە دوای ئەوەی، کاك خلیل فەرموو،

**بەرِێزخلیل عثمان حمد امین:**

**بەرِێزسەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە بۆیە وتمان قسەمان لە سەر ئەوە بوو، یەعنی مەوزوعەکە بەس موددەکە نیە، تۆ کاتێ باسی یاسای وەبەرهێنان دەکەی کە یاسای وەبەرهێنان بەسەر جێبەجێ بکرێ، یەعنی مەوزوعەکە هەر مۆڵەتەکە نیە، کۆمەڵێ حەوافزی تر هەیە، لەپاڵ ئەوە کە مەسەلەن دراوە بە وەبەرهێنانی کەل و پەلی ئیحتیاتی، هێنانی کەل و پەلی تەئسیسی کە لە رِسوماتی گومرگی و لە کۆمەڵێ شت دەبەخشرێ، کە ئەمە هەمووی تەسهیلاتە بۆ بوارەکە، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو مەسەلەن، ناوی یاسای وەبەرهێنان مەسەلەن بلێ بەگوێرەی یاسای پەروەردەو بەپێی یاسای وەبەرهێنان دادەمەزرێ، سوپاس،

**بەرِێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عمر،

**بەرِێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەرِێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ناکرێ ئێمە ناوی یاسای ئیستیسماریش بێنین لێرە، ئەگەر یاسای ئیستیسماری بێنین، ئەبێ باس لە یاسای زەریبەی دەخلیش بکەین، ئەبێ باس لە یاسای گومرگ بکەین، لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەڵێین ئەو قوتابخانانە شەخسی تەبیعی مەعنەوی دروستی دەکا، بەگوێرەی ئەو یاسایانە یەعنی(وفق أحكام القوانين النافذة في الإقليم) هەموو ئەو یاسایانە دەگرێتەوە پێویست ناکات ناوەکانی بێ لە مەوادی خیتامی ئەو یاسایەشە باس لەوە کراوە کە بەرِێز کاك خلیل باسی لە سەر دەکا، سوپاس،

**بەرِێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە بیخەینەوە دەنگەوە، فەرموو سۆزان خان،

**بەرِێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرِێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە کە ئێستا بەم شێوەیەیە: ـ

ثانياً: ـ الاجازة

1: لكل شخص طبيعي ومعنوي منفرداً أو جماعة حق تأسيس المدارس والمعاهد الغير حكومية حسب أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی هەتانە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

لە نەصی یاسا ئەصلیەكەدا ئەم ماددانە بە ماددەی جیاوازی سەربەخۆ هاتووە، ئێمە كردوومانەتە ماددەی سێ، هەتا ماددەی شەش، (3 ، 4، 5) كراوە بە ماددەی سێ، كراوەتە یەك ماددە، بەڵام كراوە بە خاڵ خاڵ، من ئێستا ئەو خاڵانە دەخوێنمەوە، من بەعەرەبی دەخوێنمەوە، بەكوردیش دەخوێندرێتەوە،

ثانیاً: ـ الاجازة.

المادة الثالثة: ـ

1: لكل شخص طبيعي او معنوي منفرداً أو جماعة حق تأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية حسب أحكام هذا القانون.

2. لتأسيس المدرسة او المعهد الغير حكومية او البدء بعملية التعليم واحداث التغيرات الجذرية فيها يجب تقديم طلب تحريري مكتوب لأستحصال الموافقة من الوزارة.

3. على الوزارة ان تبت خلال مدة لا تتجاوز (30) يوماً من تأريخ تقديمه ويجب أن يكون الرفض مشفوعاً بمبرر قانوني.

4. اذا لم ترد الوزارة على الطلب المكتوب من قبل مقدمه خلال الفترة القانونية المحددة فإن الطلب يعد مقبولاً.

5. يجب ان يكون لكل مدرسة خاصة اسم خاص، مدرسة او معهد غير حكومي اسم خاص، ومميز يتناسب مع الخصوصيات الثقافية، والتربوية والوطنية للاقليم،

6. يجب ان يكون لكل مدرسة او معهد غير حكومي نظام داخلي يتضمن الاسس العامة للعمل وكيفية إدارة الامور فيها ويقدم مع طلب الاجازة الى الوزارة.

**بەڕێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو كاك شڤان،

**بەڕێز شڤان احمدعبدالقادر:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوەی كە پرۆژە یاسای ئەصلی پرۆژەی موناقەشەیە، ئیعتیبار لە سەر پرۆژەی ئەصلی دەكرێتن، ئەو ماددانەی كە سۆزان خان باسی كرد، كە دەمج كران لە ماددەی سێ دا پێش ئەوەی ئەم تەفسیلەی كە باسی كرد، بە دەمج كردن بخرێتە دەنگدان، دەبێ، پێشتر تەصویت بكرێت كە ئەو ماددانە دەمج بكرێ یان دەمج نەكرێتن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر وەك دانیشتنی پێشتریش باسم کرد، فەقەرەی تەسمیە، ئەو ڕێنماییەی کە بۆ (اسم) دێتە دەرێ، بەنیسبەت هەموو قانونی (پڕایڤت سێکتەر) بۆ مەکتەبەکان هەموو ئەوانە بەندی ناو نووسین بەتەنێیە، چونکە تەعلیماتی پێ دەردێ، بەتەنێ ناچێتە ناو ئیجازات، بۆیە ئەوە دەبێ بە بەندەکی بێ، هەتا لە قانونی سینیش بەندی (84)ە یان (82) ناو نووسین بۆ مەکتەبەکان تەعلیماتی خاس و ڕێنمایی پێ دەردێ لە وەزارەت ئەوە ناچێتە ناو تەعلیماتی ئیجازە، بۆیە دەبێ بەندەك بی بەتەنێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو د. سەروەر عبدالرحمن عمر،

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ڕۆژەش باسمان کرد بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالێکی قانونی نەبین لێرە دا ئیشەکان زووتر بڕوا، ئێستا لە سەر ئەصڵی پڕۆژەکە ئەگەر دەنگ لە سەر ئەوە بدەین کە من خۆم لە لیژنەی پەروەردەم پشتگیری ئەوە دەکەم کە سۆزان خان خوێندیەوە، بەڵام بۆ ئەوەی تووشی ئیشکال نەبین، کە ئەمە دەنگی لە سەر بدرێ لە سەر ئەصڵی پڕۆژەکە ئێمە دەچینە سەر ماددەی چوار، پاشان دەچینە سەر پێنج، بەڵام ئەم دووەش تێکەڵ کراوە، وەکو ئەوەی کاك شڤان وتی، ئەگەر تەنها ئەوەندە دەنگ دانێك لە سەر ئەمە دەکەین سیغەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئیشەکان سەریع تر بڕوا، سوپاس،

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمرحمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە پێمان وابووە کە ماددەی (3، 4، 5) بکرێن بە یەك ماددە، وەکو ئێستا خوێندمانەوە دوایی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیانەی کە لەلایەن بەڕێزانەوە هاتبوو، پێویستە ئێستا دەنگ لە سەر ئەوە بدرێ، ئایا ماددەی (3، 4، 5) بکرێن بەیەك ماددە، دوای ئەوە وەکو ئەو بڕگانەی کە خوێندرانەوە بەکوردی دەیخوێنینەوە و دەنگی لە سەر دەدەین، سوپاس،

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێکی وا هاتۆتە پێشەوە ماددەی (3، 4، 5) یەك بخرێ، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ دوو کەس لەگەڵ دا نیە، نەسرین خان فەرموو،

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

ببورە بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان دەنگی لە سەر درا، بەڵام من پێشنیار دەکەم ماددەی شەشیشی لەگەڵدا دەمج کرێ، چونکە لەم چوار ماددەیە دەبێت و پێویست و مەرجە، ئەمە زۆر تیکرار بۆتەوە، چونکە هەمان کێشەش لە ماددەی شەش تیکرار دەبێتەوە، چونکە مەرجەکان زۆر پەرش و بڵاو بووە لە چەند ماددەی تریشا مەرجە، مەرجەکانیش یەك بخرێن لەگەڵیان، سوپاس.

**بەڕێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

سیوەیل خان فەرموو،

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پڕۆژە یاسایە تێکەڵی زۆر تێدایە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕاست دەکەن، منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەردە، نەك هەر ئەو دوو، سێ، ماددەیە ئێستا بێینە سەر ماددەی (14، 15، 16)، ( 9، 10، 11) ئەوانە هەمووی ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان بیخەیتە دەنگەوە ئەگەر ڕەزامەند بن لە سەر ئەوەی، دوایی ئێمە موناقەشەی دەکەین دەنگی لە سەر دەدەین، بەڵام لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەبێ دانیشن سیاغەکەی بکەنەوە ئەگەر با بڵێین سەلاحیاتیان بدرێتێ، لەبەر ئەوەی ئێستا بێینە سەر ماددەکانی تر من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەوە و ئەوە دەمج بکرێ، ئەوی دی زۆرە ماددەکان زۆرە، لە سێ، چوار مادده بکرێتە ماددەك، بەڵام فەقەرەکان، بەندەکان ، یەك، دوو، سێ، بکرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو لیژنەی پەروەردە ئەوە موافەقە کرا لە سەر ئەوەی ئەو سێ ماددەیە بکرێ بەیەك، ئێستا ئاخر سیاغەی بخوێننەوە، بەعەرەبی خوێندرایەوە، بەکوردیش بیخوێننەوە ودەنگی لە سەر بدەین،

**بەڕێز د. عمرحمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ئەوەی هەمووی پەیوەندی بە مۆڵەت دانەوە هەیە، تەقریبەن لە مادده (3) تا مادده (16)یە، ئێمە کردوومانەتە (8) مادده، بۆیە لە ئایندەشدا وەکو چۆن ئێستا سێ ماددەمان دەمج کرد، دیسان لە ڕاپۆرتی ئێمە دا هاتووە کە چەندین ماددەی تریش دەمج دەکەین وەکو بەڕێزان پێشنیاریان کرد، بۆیە ئەوە لە ئایندەدا ئەوە دێتە پێشەوە، ئێمەش هەمان ڕەئیمان هەیە، بۆیە

ئێستا ماددەی سێیەم دوای ئەوەی کە دەنگی لە سەر درا، کە ماددەی (3، 4، 5) بکرێتە یەك ماددە دەبێتە ماددەی سێیەم بڕگەکانی بەکوردی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنینەوە،

دووەم: مۆڵەت دان.

ماددەی سێیەم: ـ

1. بەگوێرەی بنەماکانی ئەم یاسایە هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی جا بەشێوەی تاك بێ، یان کۆمەڵ مافی دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی هەیە،

2. پێویستە بۆ دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی دەستکردن بە پرۆسەی خوێندن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی تیایدا داواکراوی نووسراو پێشکەش بە وەزارەت بکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی،

3. لەسەر وەزارەت پێویستە لە ماوەیەکدا کە لە (30) ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی داواکەوە، وەڵامی یەکلاکەرەوە بداتەوە و، هەرڕەتکردنەوەیەك پێویستە بە پاساوی یاسایی بێت ،

4. ئەگەر وەزارەت لە ماوەی یاسایی دیاریکراو، وەڵامی داواکاری نووسراوی پێشکەشکاری نەدایەوە، ئەوە داواکە بە پەسندکراو ئەژمار دەکرێ،

5. دەبێ هەر قوتابخانە و پەیمانگایەکی نا حکومی ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەی هەبێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندی کلتوری پەروەردەیی و نیشتیمانیەکانی هەرێمدا بگونجێت.

6. دەبێ هەموو قوتابخانە و پەیمانگایەکی نا حکومی پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێت، کە بنەما گشتیەکانی کارکردن و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری تێدا بێت، لەگەڵ داواکاری مۆڵەتەکە پێشکەش بە وەزارەت بکرێت و وەزارت پەسەندی بکات،

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د.احمد،

**بەڕێزد. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

زیاد لە ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیاریان کرد، کە ئەو قوتابخانانەی دەکرێنەوە، لەگەڵ تایبەتمەندیە کلتووریەکانی هەرێمی کوردستان بگونجێن، ئەوەی کە لە فەقەرەی پێنجەم دا هاتووە، لە بڕگەی پێنجەم ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دەڵێ دەبێ هەر قوتابخانەیەکی تایبەت ناوێکی یان هەر پەیمانگە و قوتابخانەیەکی نا حکومی ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەی هەبێ، کە لەگەڵ تایبەتمەندی کلتوری پەروەردەیی و نیشتیمانیەکانی هەرێمدا بگونجێت، یەعنی ئەو گونجانی و لەگەڵ تایبەتمەند و کلتووری بۆ ناوەکە دەگەڕێتەوە، تەنها ناوی قوتابخانەکە، بەڵام پێویست بوو ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە بەڕاستی، یەعنی ئەمە ناوی قوتابخانەکە لەگەڵ تایبەتمەندی کلتووری پەروەردەیی و نیشتیمانیەکانی هەرێمدا بگونجێت

یاخۆد ئەو قوتابخانەی کە دەکرێتەوە، بە پرۆگرامەکەشیەوە هەمووی لەگەڵ تایبەتمەندیە کلتووری و پەروەردەیی و کۆمەلأیەتیەکانی نیشتیمانیەکانی هەرێمدا بگونجی، سوپاس،

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشت ئەوە هاتووە، سوپاس،

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا ماددەی (3، 4، 5) بە دەنگدان کران بەیەك و، سیاغەیەکی تازەی بۆ کرا بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەی شەش.

**بەڕێز د. داناسعید صوفی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی شەش: بەخشینی ڕێگە پێدان بە مەبەستی دانانی دامەزراوە فێرکردنە ئەهلی و تایبەتەکان پێویستی بە هەبوونی ئەم مەرجانە هەیە: ـ

1-لایەنی خاوەن ئارەزووی دانان (دامەزرێنەر) پرۆژەیەکی تەواو گشتگیر دەداتە وەزارەت کە تێایدا ئەمانە ڕوون دەکاتەوە: ـ أ. ئامانجی گشتی و تایبەتی پڕۆژەکە، ب. سوودە ئابووری و کۆمەلأیەتی و پەروەردەییەکانی، ج. سەرچاوەی باربووکردن و لێهاتوویی، د. بڕی ئەو ڕسوماتەی کە پێویست دەکات وەربگیرێت لە بەخێوکەرانی خوێندکاران، هـ. مەرجەکانی وەرگرتن و ڕێژەی چڕێ و ئەو پەڕی توانای وەرگرتن، و. بنەماکانی دەرچوون و کەوتن و سستەمی گشتی هەڵسەنگاندن، ز. زمانی بەکارهاتوو لە وتنەوەی ماددە جیاجیاکاندا، ح. پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیازکراو بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی دەرچوون، گ. پرۆگرامەکان و پەرتووکەکانی خوێندن و سەرچاوەکانی، ی. ئامرازەکان و کەلوپەلە ئامادەکراوەکان بەگوێرەی قۆناغ و جۆرو بەشەکانی پسپۆڕی وەرگرتن، ل. ڕێگەکان و شێوازەکانی وانە وتنەوەو جۆری وانە بێژان و بەڕێوەبەریەکان و ڕەگەزنامەکانیان، ص. تاقیگە و بەشەکان و هۆڵەکانی خوێندن و تەندروستی و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەکە،

ع. سستمی پێشنیازکراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە.

2. پرۆژەکە دژ وەست نەبێت لەگەڵ بەها نیشتیمانیەکان و بنەما گشتی و تایبەتی سنووردارەکانی سیاسەتی فێرکردن.

3. سستمی فێرکردنی هاوجووت بێ لەگەڵ سستمی گشتی فەرمی، تەنها ئەگەر ڕوون بۆوە کە: ـ

أ. پرۆژەکە خزمەت دەگەیەنێتە ئامانجە پەروەردەییەکان کەوا لەباردایە یارمەتیدەر بێت بۆ چاکترکردنی ڕۆڵی فێرکردن یان نوێکردنەوە لە شێوازی بەڕێوەبردنی قوتابخانە تازەگەری دەخاتە نێو ئامرازەکان و کەناڵە پەروەردەییەکان بەجۆرێك بتوانێت ئەزموونی نیشتیمانی لەم بوارە دەوڵەمەندتر بکات،

ب. پرۆژەکە دەتوانێت ماوەو تێچووی خوێندن کەم کاتەوە، بەبێ زیان گەیاندن بە ئاستی خوێندنی گشتی یان ئاستی زانستی لە قۆناغە جیاجیاکاندا وەمەرجە لەم حاڵەتەدا پرۆژەکە بخرێتە ماوەیەکی ئەزموونگەری کە وەزارەت دیاری دەکات و ڕێگە دەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەزموونیەکە، بۆ وەدەست هێنانی دەرئەنجامەکەی وە داواکار دەبێت پەیمان بدات وە ئاستی خوێندکاران دانابەزێت لە ماوەی هەرساڵێکی ماوە ئەزموونگەریەکە بەرامبەر ڕێژەی ئاستی خوێندکاران لە قوتابخانە هاوشێوەکانی.

ج. دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەزموونگەریەکە پۆزەتیف بێت بەسەر سستمی فێرکردنی گشتی چاککردنی لێهاتوویی و ناوخۆیی چارەسەری هەر لایەنێکی لاوازی بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

بەعەرەبیەکەی؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة السادسة: ـ منح الاجازة الخاصة بتأسيس مؤسسات تعليمية أهلية وخاصة تحتاج الى توفر الشروط الاتية: ـ

1. للجنة الراغبة بالتأسيس (المؤسس) أن يسلم الوزارة مشروع كامل وشامل بحيث يوضح الامور التالية: ـ

أ. الاهداف العامة والخاصة للمشروع.

ب. الجدوى الاقتصادية والاجتماعية والتربوية.

ج. مصادر التمويل والتأهيل

د. مبلغ الرسوم الواجب استفاؤها من اولياء امور الطلبة.

ه. شروط القبول ونسبة الكثافة والحد الاقصى للقبول.

و. أسس النجاح والرسوب والنظام العام للتقويم

ز. اللغة المعتمدة في تدريس المواد المختلفة

ح. الخطة الدراسية والمدة المقترحة لنيل شهادة التخرج.

ط. المناهج والكتب الدراسية ومصادرها.

ي. الادوات والحاجات المعدة حسب المراحل والاصناف والاقسام الاختصاصية للقبول.

ك. طرق واساليب تدريس ونوعية المدرسين والمديرون وجنسياتهم.

ل. المختبرات والاقسام وقاعات التدريس والصحة والنشاطات المختلفة للمدرسة.

م. النظام المقترح لادارة المدرسة.

2. المشروع لا يتعارض مع القيم الوطنية والظوابط العامة والخاصة المحددة للسياسة التعليمية.

3.ان يكون نظامه التعليمى مطابقاً مع النظام الرسمى العام، إلا اذا تبين انه: ـ

أ. يقدم مشروع الخدمة للاهداف التربوية بحيث يكون بمقدورها المساعدة على تحسين دور التعليم او التجديد في مجال ادارة المدارس وتضخ تجديد الادوات والقنوات التربوية، بالشكل الذى يجعل التجربة الوطنية اكثر غنى.

ب. يستطيع المشروع ان يقلل المدة وتكاليف الدراسة، من دون الاضرار بمستوى التعليم العام او المستوى العلمي في المراحل المختلفة ويشترط ان يعرض المشروع على مدة تجريبية، والتى تحددها الوزارة وتسمح لاجراء البحث في المدة التجريبية للحصول على النتائج، وعلى صاحب الطلب ان يتعهد، بأن لا يهبط مستوى الطلاب في كل من المدة التجريبية، قياساً بمستوى التلاميذ في المدارس المشابهة.

ج. يجب ان يكون إنعكاس التجربية إيجابيا على نظام التعليم العام وتصلح المؤهلات الداخلية وان يعالج كل وجهة ضعيفة.

**بەڕێزد. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم، ثانیاً لە مۆڵەت داندا، لە ئیجازەیدا، ئەگەر هەر چی خەلەلەك هەبوو لە زمانی عەرەبی دەبێ لێمان ببوورن، چونكە بەو شێوەیە تەرجەمە كراوە،

المادة الرابعة: ـ أ. يجب ان يتضمن الطلب المقدم الموضوعات الاتية: ـ

1. تحديد الاهداف العامة و الخاصة.
2. الجدوى التربوية والاجتماعية والاقتصادية.
3. تحديد المصادر المالية والطرف الداعم.
4. مقدار الرسوم الدراسية المأخوذة من الطالب نفسه او من اوليائه.
5. شروط القبول و نسبته او اقصى حد له.
6. اسس النجاح و الرسوب والنظام العام للامتحان والتقويم.
7. لغة الدراسة.
8. خطة الدراسة والمدة المقترحة للحصول على شهادة النجاح.
9. المناهج وكتب الدراسة ومصادرها مع مراعاة حقوق الملكية الفكرية.
10. الادوات والمستلزمات المهيئة حسب المرحلة والنوع والاقسام و الاختصاص.
11. طرق واساليب التدريس ونوعية المدرسين والباحثين الاجتماعيين والنفسيين والمدراء وجنسياتهم.

12. المختبرات والمكتبة والقسم وقاعات الدراسة والرعاية الصحية والنشاطات المتنوعة للمدرسة.

13.النظام المقترح لإدارة المدرسة.

ب. يجب ان لايخالف المشروع القيم الوطنية والمبادئ العامة والخاصة المتبعة في السياسة التعليمية.

ج. يجب ان يقدم المشروع خدمة للغايات التربوية بحيث بإمكانه المساعدة في تحسين دور التربية والتعليم او التجديد في مجال إدارة المدارس وتقوية الشخصية والقنوات التربوية.

داوای لێبووردن دەکەم ئەو ڕستەی ئەخیر کە خوێندمەوە هەڵەی زۆر زۆر تێدایە، بەڵام بەو شێوەیەی تەرجەمە کراوە، کوردیەکە باشترە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د. عمر،

**بەڕێز د. عمرحمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەم شێوەیەیە کە ماددەی شەش دەبێتە ماددەی چوار و، بەم شێوەیەش دابڕێژرێتەوە، گۆڕانکاریمان بەم شێوەیە تێدا ئەنجام داوە کە پێشکەشی دەکەین ماددەی چوارەم:

أ. دەبێ داواکاریە پێشکەشکراوەکە ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

1- دیاریکردنی ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان.

2- سوودی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

3- دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی و لایەنی پشتیوانی.

4- بڕی ئەو ڕەسمەی لە بڕی خوێندنی ساڵانە لە قوتابی خۆی یا لە بەخێوکارانی وەردەگیرێ.

5- مەرجەکان و ڕێژەو ئەو پەڕی ژمارەی وەرگرتن.

6- بنەماکانی دەرچوون و کەوتن و سیستەمی گشتی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن.

7- زمانی خوێندن.

8- پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیارکراو بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دەرچوون.

9- پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی خاوەنداریەتی هزری.

10- کەرەستە و پێداویستی ئامادەکراو بەگوێرەی قۆناغ و چەشن و بەشە پسپۆریەکانی وەرگرتن.

11- ڕێکار و شێوازەکانی وانە وتنەوە وجۆری وانە بێژان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و بەڕێوەبەران و ڕەگەزنامەیان.

12. تاقیگە و کتێبخانە و بەش و هۆڵەکانی خوێندن و چاودێری تەندروستی و چالاکی جۆرا و جۆرەکانی قوتابخانە.

13. سستەمی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە.

ب - پڕۆژەکە لەگەڵ بەهای نیشتیمانی و پرنسیپە گشتی و تایبەتە پەیڕەوکراوەکانی سیاسەتی فێرکردن ناکۆك نەبێ.

ج - پڕۆژەکە خزمەتێك پێشکەش بە ئامانجەکانی پەروەردەیی بکات بەجۆرێك کە توانای یارمەتی دانی هەبێت بۆ باشترکردنی ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن یا بۆ نوێکرنەوەی بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان و بە هێزکردنی کەسایەتی و کەناڵە پەروەردەییەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وابوو کە کە ماددەی شەشەم پێویست ناکات لەبەر ئەوەی کە ناوەڕوکی دەقی ماددەکە بگۆڕین ریزبەندی ماددەکە کراوەتە ماددەی چوارەم وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دا هاتبوو، بەڵام حەز دەکەم ئەوەی پێشوو ڕاست بکەمەوە، بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان. باسم لەوە کرد کە لە ماددەکان نەهاتووە، چونکە کە دەقی ئەصڵی پڕۆژەکەمان کردۆتە ئەساس بۆ موناقەشە ئەوەی کە من باسم کرد لەویە نەهاتووە نە لە ماددەی هەشت، نە لە ماددەی تریشدا، ماددەی نۆیەمە باسکراوە، بەڵام لە ماددەی هەشتەمدا ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵایە کە سۆزان خان ئاماژەی پێدا، لە دەقی ماددەی هەشت لە ئەصڵی پڕۆژەکە دەڵێ دانانی دامەزراوی فێرکردنی تایبەت، بەپێی ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی هەمان سیفەت و هەمان کەوتنە ژێر باری جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ڕێگە پێدان و بنەما ڕوونکراوەکانی هەیە لەم یاسایەدا، کەوا بوو ئێمە ئەو پڕۆژەیەمان کردۆتە ئەساس بۆ موناقەشە نەئەبوایە تێپەڕێ بەڕاستی بۆ ئەوەی ڕەئی ئەندامان لەبەر چاو بگیرێ ئەگەر پێویست بوو لەو شوێنە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوەی کە هەیە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەیە، کە ئەمە ئەساس نیە، لە کاتێ دا هەردوو ڕاپۆرتەکە دەخوێندرێنەوە، دوایی لە ئەنجامی دەنگدان ڕەئی لە سەر دەدرێ، بەڵام لە ئەصڵی پڕۆژەکە نەهاتووە، سوپاس،

**بەڕێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمووسۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها وتم لە ماددەی هەشتەم لە ڕاپۆرتەکەمان دا هەیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان**

فەرمووجەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی مە كێشەكە هەی د گەل تەسعیرە ئەز نزانم ڤێرێ ئان ڕێنماییێدا لازمە بێتە چارەسەركرن، ئەو ژێ (تغیر الاسعار) مامۆستا دێ تەقدیمی ئیجازەی كەت سعرێكی دی دادەنێ، بێژێ مەسەلەن (1000) دۆلار ساڵێ، كە تە دیت پشتی ساڵەكە دی حەقی تە ڕاسەن دێ بلند كەتەڤە، وە ئەڤە مەزن ترین كێشا مە ئەڤەیە، تحدیدە سعرە بدایەتە كیمە، د بێژن تەبعەن دونیایی قبول عەقدە ما بەینە قوتابی دا و ما بەینە مەدرەسێ دا، چێنابت بێتە گۆڕین، ئیلا سەر هەندەك بنەمایێ حكومەتی ئیعلان كەت سەوا ڤان بی یان ڕەفعا تەزەخومی بی سەر ڤان شتە، ئەز نزانم دڤێت دركێدا ئەم موجبی ڕێنمایە لازمە ئەڤە بێتە چارەسەركرن، چونكی ئەڤە مەزن ترین كیشەی قوتابخانە و پەیمانگای ئەهلی هەینا، ڕێنمایی ژ چێببێت و ڤێری جیت و جێی ڤاكەڤە مەسەلە ڕەفعێ بەس ئەز ببینم ئەڤەیە زورورییە دەرباز نەبی، چونكی گەلە گەلەكە ڤێت بیە، سوپاس،

**بەڕێزد. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا جەنابی وەزیر ئەو قسەی جەنابت دەیكەی 100٪ ڕاستە من یەك، دوو جاری دیكەش لە موناسەبات باسم كردووە، لەو قوتابخانە ئەهلیانە ڤیستیڤاڵ دەكەن ئاهەنگێك دەكەن تەلەبەكان بۆ خۆیان ڤیستیڤاڵەكە دەكەن، كەچی دخولیە بە پارەیە بۆ تەلەبەكان ئاخر چۆن دەبێ شتی وا؟ یەعنی بەڕاستی بووە بە مەسەلەیەكی ئیحتیكاری، بووە بەمەسەلەیەكی تیجاری، زیاتر تیجاریە لەوەی زیاتر تەدریسی و پەروەردەیی بێ.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز تەصەورێ دكەم ئەڤ تەفاسیلە زەحمەتە د قانونێ دا بهێن، بەس وزووح ئیشارەتەك پێ بێتە دان، ڕێنمایی دەسەڵاتدارێ وەزارەتێ بێننە دەرڤە ڤان تەفاسیلە دا بچین چارەسەر بكەین، چونكی گەلەكە زرووریە،

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا هەردوو لیژنە ڕاپۆرتەكەیان خوێندەوە ڕەئیەكانی خۆیان دا، جەنابی وەزیر ڕەئی خۆی دا، كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بۆ ئەوەی ناوی بنووسم موناقەشەی بكەن، (شەونم محمد، قادر حسن، شڤان احمد، شلێر محمد نجیب، كاوە محمد امین،عظیمة نجم الدین، ڤیان عبدالرحیم، ئاشتی عزیز، بشیر خلیل، ئەڤین عمر، كاروان صالح، هاژە سلیمان، ئارام قادر، سمیرە عبداللە، حەمە سعید حەمە علی) ئەم بەڕێزانە نایان نوسراوە. ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (عظیمە خان، ڤیان خان، ئاشتی خان، د. بشیر،

ئەڤین خان، کاك کاروان، هاژە خان، کاك ئارام ، سمیرە خان، کاك حەمە سعید، د. سەروەر) فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، پێم باشە لەم ماددەیە بڕگەی (د) کەدەڵێ بڕی ئەو ڕسوماتەی کە پێویست دەکا وەربگیرێت لەخوێندکاران، لەبەخێوکەری خوێندکاران پێم باشە ئەو پارەیە تەحدید بکرێت، داوا لەوەزارەت بکرێ، لێرەدا وەزارەت مولزەم بکرێ لەڕێنمایەکانی خۆیدا کە بەتەحدید ئەو پارەیە تەحدید بکا، چونکە ئەوەی ئەزانین بەڕاستی ئێستا لەقوتابخانە ئەهلییەکاندا پارەیەکی زۆر لەخاوەنی قوتابییەکان وەردەگیرێ، هەندێ مەساریفی زیادە بەقوتابییان دەکرێ کەبەڕاستی پێویست نییە قوتابییان ئەو مەسرەفانە بکەن، هیچ ڕەپتێکی ئەو مەسرەفانە بە مەنهەجی خوێندنەوە نییە، ئەگەر سەیری قوتابخانەکان بکەین، بەتایبەتی قوتابخانەی صلاحەددین بەڕاستی قوتابخانەی صلاحەددینی ئەهلی کەمەسرەفێکی زۆر بەقوتابییان دەکا، دایك و باوکی قوتابییەکان هاواریان لێ هەستاوە ئەوەندە پارە زۆر بەخەڵك سەرف دەکەن، بڕگەیەکی دیکە پێم باشە هەر لێرەدا ساڵانە چەند کورسییەك دەست نیشان بکرێ بۆ منداڵانی یاخود کەس و کاری شەهید و ئەنفال و کەم دراماتەکان، چونکە لەڕاستیدا لەچینە کەم دراماتەکاندا ژمارەیەکی زۆر باش قوتابییانی زیرەك و هەڵکەوت و خاوەن توانای تایبەت هەیە، ئەگەر سەیری قوتابییە متەفەوقییەکان بکەین لەهەموو مەجالەکاندا زۆربەی لەخێزانە کەم درامەتەکانەوە دەردەچنە دەرەوە، لەبەر ئەوەی توانایان نییە کەمنداڵەکانییان بخەنە ئەو قوتابخانانەوە، پێویستە بڕیارێك یاخود ڕێنماییەك دابندرێت، ئەگەر بەپێی تاقیکردنەوە بێت ئەو قوتابییانەی کە زیرەکن و کە ئیمکانەتێکی باشییان پێیە، دوای ئەوەی کە تاقیکردنەوە دەکرێن، هەوڵبدرێ لەوقوتابخانانەدا بەبێ بەرامبەر وەربگیرێن، خاڵێکی تر دەستنیشانکردنی ژمارەی خوێندکاران کەئەمە زۆر گرینگە لەپۆلەکاندا دەست نیشان بکرێ، چونکە ئەگەر ژمارەی قوتابییان لە($20 - 25$) تێپەڕ بکا نە دەتوانن وانەکان بەتەواوی وەربگرن، نە مامۆستایەکانیش دەتوانن ئیدارەی ئەو پۆلە بەباشی بەڕێوەبەرن، هەروەها هەرچەندە لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردەشدا هاتووە، ئەو خاڵە زۆر گرینگە دەست نیشان بکرێ کە ڕێگا بەهیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و ئاینی نەدرێت کە قوتابخانە بکاتەوە، بەپێی ئەو ڕێنمایانە دایبمەزرێنێ، چونکە لەڕاستیدا ئێمە بینیمان لەقوتابخانەی میدیا لەسەر کێشەی ئاینی بوو لەنێوان مامۆستایەك و قوتابییەکدا کە ئەو کێشەیە دروست بوو، بەهەمان شێوە ڕەنگە لەقوتابخانەکانی تردا دروست بێتەوە، هەروەها لەو قوتابخانانەدا دەبینین وانەی ڕەگەز پەرستی دەوترێتەوە، لەڕاستیدا هیچ ئیلتیزامێ نییە لەو قوتابخانانەدا بەو ڕێنمایانەی کە لەکوردستاندا هەیە، بۆنموونە ئیلتیزام یەعنی بەوەی کە ئاڵای کوردستان هەڵبکەن کە لەناو وڵاتی کوردستاندان، ئیلتیزام نییە بەوەی کە بەهاکانی نیشتیمانی کوردی مەسەلەن لەقوتابخانەکەدا بخوێندرێ، بەپێچەوانەوە بەهای وڵاتانی تر دەهێندرێت بۆ ئێمە، لەبەر

ئەوە ئەو خاڵە زۆر پێم باشە تەسبیت بکرێت، بەهیچ شێوەیەك ڕێگا بەدامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە نەدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر حسن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینم لەسەر ماددەی شەش هەیە كەبوو بەماددەی چوار، سەرەتا پشتیوانی لە سیغەكەی لیژنەكەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەكەم، ئەگەر تەسبیت بوو، بەڵام ئەگەر تەسبیت نەبوو تێبینیم لەسەر بڕگەی دوو هەیە، لەهەمان ماددە، كە دەڵێ پڕۆژەكە دژوەست نەبێت لەگەڵ بەها نیشتیمانیەكان و بنەما گشتی و تایبەتییە سنووردارەكانی سیاسەتی فێركردن لەهەرێمدا زیاد بكرێ بۆ ئەو مەبەستە كە روونتر ببێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بەحەقیقەت چەند تێبینییەكەم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، بۆنموونە بڕگەی (ز، ح، گ) ئەم هەرسێ بڕگەیە زیاتر روونكردنەوەیان پێویستە، لای من وازح نین، مەسەلەن دەڵێ زمانی بەكارهاتوو لە وتنەوەی ماددە جیا جیاكاندا، پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیاركراو بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دەرچوون، پڕۆگرامەكان و پەرتووكەكانی خوێندن و سەرچاوەكانی، ئەمە بەحەقیقەت لای من وازح نییە، هەتا لەرووی زمانەوانی مەسەلەن دەڵێ كەل و پەلە ئامادەكراوەكان، دژوەست یەعنی بەڕەئی من بكرێ بەهاوتەریب باشترە لەوشەی دژوەست یان هاوجووت، بەحەقیقەت پشتگیری لەڕەئی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەكەم، كە ئەم ماددەیە بەشێوەیەكی باشییان داڕشتووە، من پشتگیری ڕەئی ئەوان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە من ڕەئیم وایە هەر وەزارەت خۆی هەمووی دابڕێژێتەوە، موافەقەتی ڕەئی وەزیر دەكەم، بەڵام ئەگەر دەنگی نەهێنا، لەماددەی چوار لەدووەمدا دەڵێ (جدوی التربویة والاجتماعیة والاقتصادیة)، لەبەر ئەوەی لە چواردە نەفسی شتە لە (ج)دا یەعنی لەدوای چواردەكەوە، ئەمە جەدوای

تەربەوی و ئیقتیسادی بەسە، چونکە ئەوەیە کە لەهەموو مەشروعێکدا هەر ئەو دوو جەدوایە، ئەمە لەبەر ئەوەی تەربەوییە، لەبەر ئەوە تەربییەی بۆ زیاد بێ، بەنیسبەت (المختبرات) لە (12)دا (المختبرات والمکاتب والاقسام) ئەو قسمە هەربکرێ بە ئیدارە، یەعنی مادام بەتەفسیلیش باسکراوە، (المختبرات والمکاتب واقسام الادارة وقاعات الدراسە) ئاوای لێبکرێت، هەر ئەوەبوو، چونکە بەنیسبەت پارەکە، بەنیسبەت ئەوەی تەحدیدی ئەو پارەیەی کە رسوم وابزانم ئەمە لایەنێکی قورس دەبێ، چونکە عەرز و تەڵەبە، خەڵکێکی زۆر بتەوێ و نەتەوێ منداڵی دەباتە ئەو شوێنانە، ناچار دەبێت، ئێمەش حەز دەکەین ئەو شتە بەهەر شێوەیەك بێت بتوانێ، بەڵام ئەوەیە پەیوەندی بەبازاڕەوە هەیە، لەبەر ئەوە بڕواناکەم بتوانن هەر بەم شێوەیە، بەم یاسایە ئەوە زەبت بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجەکانی ئەو پڕۆژە یاسایە زۆر سوودی هەیە، بۆ هاوکاریکردنی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێ لایەنی سلبیشی هەیە، بۆ نموونە عادەتەن ئەو قوتابخانە ناحکومییانە مامۆستای بەتوانا دەچن قوتابخانەیەکی ناحکومی دەکەنەوە، من دەزانم پابەند بوون بە ئیلتیزامی دەوام و مامۆستای باش و نسیبەتی نەجاحی لەقوتابخانە حکومییەکان زۆر باش بووە، دوای ئەوەی کە نیسبەتێك لەو مامۆستایانە چوونە قوتابخانەیەکی ئەهلییان کردۆتەوە، زیاتر تەرکیزیان خستۆتە سەر قوتابخانە ئەهلییەکە، هەروەها لەدەرەوەی هەرێم دەوامی حکومی و نا حکومی، دەرس گوتنەوەی ماڵانیشیان هەیە، بەپارە، ئەوە وای کردووە جدییەت و ئیهتیمامدان بە قوتابخانە ناحکومییەکان و بەدەرس گوتنەوە لەماڵان زیاتر بێتن لەوەی کە ئێهتیمامی پێشتر هەبووە لەقوتابخانە حکومییەکان، من دەزانم قوتابخانە هەبووە نیسبەتی نەجاحی زۆر باش بووە، هەمان ئەو مامۆستایانە وایانکردووە ئێستا نیسبەتی نەجاح لەو قوتابخانە حکومییانە دابەزیووە، بۆیە پێشنیار دەکەم چ لەماددەی چوارەم، چ لەماددەکەی تر کەلەبەشی سێیەم لەسەرپەرشتی کردن بڕگەیەك یان ماددەیەك هەبێتن، بۆ ئەوەی کە ئەو مامۆستایانە دەچن لە قوتابخانە ناحکومییەکان دەرس دەڵێنەوە، ئیهمالی نەکەن لەقوتابخانە حکومییەکاندا، ئەو پێشنیارەم بۆ وەزیری پەروەردەش هەیە کە بتوانن لەڕێنماییەکان یاخود لەکاتی سەرپەرشتی کردنی ئەو قوتابخانانەدا بتوانن ڕێنمایی و چاودێری کردنیان هەبێتن، بۆ ئەوەی تەئسیر نەکاتە سەر ئەو قوتابخانە حکومییانە لەدەرس گوتنەوە و جدییەت لە وانە گوتنەوە لەقوتابخانە حکومییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمە خان.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ کۆی ئەو خاڵانەدام کەلیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕەچاوی کردووە، بەڵام یەك خاڵ ئیزافە دەکەم کە لەوانەیە ئەو کاتە خۆشم لەوێ بوومە و ئەو پێشنیارەم نەکردبێ، لەگەڵ ئەوەدام کە لەسیستەمی نوێی خوێندندا ئێهتیمامێکی گەورە بەپرۆسەی پەروەردەی فێرکردن بدرێ لەبوارەکانی دیموکراسی و پەروەردەی مەدەنی و بنەماکانی مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێ، چونکە ئامانجی پەروەردەیی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی دەبێ گەشە پێدان بێ لەپێناوی پەروەردەی مەدەنی و دیموکراسی، هەروەها فێرکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، دەبێ ئەم سێ بنەمایە لەئامانجە پەروەردەیەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومی و لەیاسای وەزارەتی پەروەردەشدا تایبەتمەندی هەبێ و ڕەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوار من پشتگیری ئەو دارشتنەوەیە دەکەم کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کردوویانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتواندرا زۆربەی ئەو خاڵانەی کەلێرەدا نووسراوە، دەتواندرێت وەزارەتی پەروەردە خۆی لەکۆمەڵێك ڕێنماییدا ئەمە پێشکەش بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیاری ئەوە دەکەم تەنها خاڵی (ج) دەتواندرێت بەماددەی چوارەم، چونکە لێرەدا باسی تەواوی ئامانجەکانی ئەو ماددەیە کراوە کە دەتواندرێت بەشێوەیەکی کورتتر بەس ئەوە بنووسرێتەوە، بەنیسبەت یەکێك لەو خاڵانەی کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا نووسیویەتی باس لەوە دەکات دەڵێت: پێویستە یاخود دەڵێت: سوودی پەروەردەی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێ، من لەوەیان تێناگەم سوودی ئابووری مەبەستی چییە؟ چونکە تۆ کاتێك دەڵێی سوودی ئابووری، سوودی ئابووری ئەگەر بۆ قوتابخانەکەیە نازانم بۆ قوتابییەکەیە یان بۆ قوتابخانەکەیە! ئەگەر بۆ قوتابخانەکەیە لەدواتردا نووسراوە دەڵێ ڕسمێك لەهەر قوتابییەك...، لەخاڵی چوارەم دەڵێ بڕی ئەو ڕسمەی کە لەبڕی خوێندنی ساڵانەی قوتابی وەردەگیرێ، یەعنی لێرەشدا جارێکی تر باسکراوەتەوە، ئەوە پێویستە روون بێ، یان دەتواندرێت ئەمانە هەمووی لەسێ، چوار خاڵدا وەزارەی پەروەردە لەشێوەی ڕێنمایدا دەری بکات، بەڵام کۆمەڵێك سنوور هەیە دەبێت دابندرێت لەم قوتابخانە ناحکومییانەدا وەکو ئەوەی ئەو وەرگرتنەی ئەو پارەیە، چونکە هەر قوتابخانەیەك بەشێوازێك پارە لەخوێندکارانی وەردەگرێت، وەکو ئەوە ڕایەی شەونم خان، پشتگیری ئەو ڕایەی شەونم خان دەکەم کە زۆر بەجوانی ناوی یەکێك لەو قوتابخانەشی هێنا کە ئەمە جگە لەوەی کە ساڵانە پارە وەردەگیرێت لەبڕی خوێندن لەو قوتابییانە کەلەوێ دەخوێنن، لەکۆمەڵێك موناسەبەی تریشدا بانگی دایك و باوکییان دەکرێ، داوای کۆمەڵێك مەبلەغی خەیاڵییان لێدەکرێ، کە ئەڵێ ئێمە بەتەماین لەداهاتوودا یان لەئایندەدا ئێمە

قوتابخانەی تر دەکەینەوە، کە ئەمە ئیشی ئەو قوتابخانانە نییە کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی پارە وەربگیرێ لەدایك و باوکی ئەم خوێندکارانە، دواتر یەعنی سنوور دابندرێت لەوەی کە پێویستە ئامانجی ئەو قوتابخانە ناحکومییانە پەروەردەیەکی تەندروست بێت بۆ منداڵانە، چونکە تۆ ناکرێت منداڵ لەتەمەنێکی سەرەتاییەوە دەینێری، زۆربەی هەرە زۆریان لەتەمەنی سەرەتاییەوە دەنێردرێت بۆ قوتابخانە، تۆ دەبێت بناغەیەکی وا، پەروەردەیەکی وا بگەیەنیت بەو منداڵە کە لەئایندەدا تەئسیر نەکاتە سەر سلوکی ئەو منداڵە، هەم لەناو خێزان، هەم لەدەرەوە، چواردەوری خۆشی، دواتر پشتگیری ئەو ڕایەش دەکەم کە لەیەکێك لەڕاپۆرتەکاندا نووسراوە، کە دەڵێ بەکارنەهێنانی ڕەمز و دروشمی ئەوتۆ کە گاریگەری هەبێت، بزەبت ئەمە زۆر گرینگە کە لەو قوتابخانەدا بەشێوەی ڕێنمایی ئەمە دەربچێت، کە کۆمەڵێك ڕەمزو دروشم هەیە پێویست ناکات لەناو قوتابخانەکاندا بەکاربهێندرێت، ئەگەر ئامانجی ئەو قوتابخانەیە پەروەردەیەکی تەندروستە بۆ ئەو قوتابییانەی کەلەوێ دەخوێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لایەنێکی گرینگ لە قوتابخانە ئەهلییەکان، یا ناحکومییەکان چارەسەر دەکا، بەڵام پێویستە لەو ماددەیەش، لەماددەکانی داهاتووشدا بەشێوەیەکی گشتی من ڕاموایە گرینگییەکی ئەو تۆ بەو یاسایە بدرێ بەقەدەری حەجمی خۆی، واتە ئێمە وانەکەین گرینگییەکی زیاتر لەحەجمی خۆی بە قوتابخانە ناحکومییەکان بدەین بەوەی کەوا بەڕاستی هەتا لای خەڵکیش وادیاربێت کەوا حکومەتیش، وەزارەتی پەروەردەش گرینگییەکی زیاتر بەوان دەدا لەسەر حیسابی قوتابخانەی حکومی، وەکو ئێستاکە لەم دوایەدا هەندێك زانیاری بڵاوبۆتەوە کەوا ئێستا ئاستی قوتابخانە حکومییەکان لەوانەیە باشتربێ لەئاستی زۆرێك لەقوتابخانە ناحکومییەکان، بۆیە ئیتر پێویستە ئەم یاسایە نەبێتە شێوازێکی ئاوا زیاتر گرینگی بەوان بدرێ، پێویستە بەلای کەم تەوازنێك ڕابگیرێ، زیاتر گرینگی بەقوتابخانە حکومییەکان بدرێ، بەنیسبەت ئەو ماددەیە، ماددەی چوار لە ڕاپۆرتەکە، ماددەی شەش لەئەصڵی پرۆژەکەدایە، ئەوە دەکرا بەڕێنمایی وەزارەت دەربچووبایە، من پێموانییە لەقانوندا ئەو هەموو تەفاسیل و جوزئییاتانە بکرێ، ببێتە قانون، دەکرێ بڵێین ئەمە بە ڕێنمایی وەزارەت بێتە گۆڕێ، لەپاشان لەخاڵی یەك لەفەقەرەی(ب) باسی جەدوای ئیقتیسادی دەکا، ئەو جەدوای ئیقتیسادییە منیش وەکو ڤیان خان پرسیار دەکەم، ئەم جەدوای ئیقتیسادییە بۆ کوێ؟ یەعنی ئەم قانونە باس لەجەدوای ئیقتیسادیش دەکا، ئایا بۆ قوتابخانە دەکا؟ یان بۆخاوەن کۆمپانیایەکە؟ ئەگەر بۆخاوەن کۆمپانیایەکەبێ، عیلاقەمان چییە؟ یاسا عیلاقەی چییە لەجدوای ئیقتیسادی دەکۆڵێتەوە؟ دیفاعی لێدەکا بۆ کەسێك، ئێمە دەبێ لەجەدوای ئیقتیسادی بکۆڵینەوە بۆ

قوتابخانەکە، بۆ وەزارەتی پەروەردە و بۆ حکومەت، ئەماش ئەگەر هەیەتی با ئەوە باس بکرێت، لەخاڵێکی تردا دەڵێ (شروط القبول ونسبة الكثافة)، (ونسبة الكثافة) دەبێ لێرە دیار بکرێ، ئایا لەپۆل یان لەمەنتیقە، مەبەستیشی وابزانم لەناو پۆلێکە، خاڵی (و) کە دەڵێ ( اسس النجاح والرسوب) لەگەڵ خاڵی (ح) کە (الخطة الدراسية) ئەمانە پێویستە ئەم دوو خاڵە لەڕێنمایەکان، لێرە بێ، نەبێ، لەبەر ئەوەی خاڵی سێ موعالەجەی کردووە، خاڵی سێ دەڵێ ( ان يكون نظامه التعليمي مطابقا مع النظام الرسمي) کەواتە ئەمانەش هەموو داخیلی نیزامی تەعلیمینە، بۆیە پێویست ناکا خاڵی (و ، ح) لێرەدا باس بکرێ، لەخاڵی (ك)دا دەڵێ ( طرق واساليب التدريس ونوعية المدرسين)، (نەوعییەت) مەبەستی چییە؟ ئایا لەڕەگەزا؟ یەعنی ئەوەیە کە جنسییان چییە؟ پیاون یان ئافرەتن؟ ئەگەر ئاوابێ من پێموایە نەك بنووسرێ (نوعية المدرسين) مودەریسین نەوعییەتەکەی چییە؟ باش و خراپە، یان ڕەگەزەکەیە مەبەستەکەی؟ ئەگەر ڕەگەزەکەیە بابنووسێ ( للسهوم) یان ڕەگەزەکەیان با دیار بکرێ، لەپاشان من لێرە پرسیارێك دەکەم، لێرە روون نەکراوەتەوە، ئایا دابینکردنی مامۆستا بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان ئەمە وەزارەتی پەروەردە مولزەمە پێی؟ یەعنی وەزارەتی پەروەردە مامۆستای خۆی نەقل دەکا بۆ ئەوێ؟ ئەگەر ئەوە وابێ بەڕاستی ئەمە کارەساتە، چونکە ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو دامەزراندنە دادەنێین بۆ مامۆستایان، هێشتا قوتابخانە حکومییەکان پێویستییەکی زۆریان بەمامۆستا هەیە، ئەگەر ئێمە لێرە دیسان مامۆستا بنێرین و نەقل بکەین بۆ قوتابخانە تایبەتییەکان کەواتە ئەمە دیسان خاڵێکی زۆر باش نییە بەلای منەوە، خاڵی سێیەم لەگەڵ ئەو هەموو دوورو درێژییانە من لەگەڵ ئەو هەموو کورتکردنەوەی لیژنەی پەروەردەم، دەست خۆشییان لێدەکەم، کەوا کورتکراوەتەوە بۆ دوو دێڕ، ئەمە ئەو هەموو درێژ کردنەوەی ناوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی چوارەم، سەبارەت بەخاڵی چوار، بڕی ئەو ڕسوماتەی لەبڕی خوێندنی ساڵانە لەقوتابیان وەردەگیرێت، یان لەبەخێوەکەران وەردەگیرێت، من داوا دەکەم شتێکی لەگەڵ ئیزافە بکەن یەکسان بێ بەبڕی ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێشکەش دەکرێت، واتە یەعنی قیاس بێت، ئایا شێوازی خزمەتگوزارییەکەی، ژمارەی مامۆستایانی بیانی، جۆری مەنهەجەکەی، ئەو مەنهەجەی کەبەکاردەهێنێ مەنهەجێکە کوالێتەکەی باشە لەڕاکێشان و کۆپی کردندا، کە هەندێك قوتابخانە دەبینی مەنهەجەکانی زۆر ڕێك و پێکە، لەئاستێکی باشدا ڕکێشراوە، هەندێك قوتابخانەی تر هێشتاکە ڕەش و سپییە، قوتابخانەی نموونەیشە و پارەیەکی زۆریش وەردەگرێ، بۆیە ئیقتران بکرێ، یەعنی بڕی پارەکە ئیقتران بکرێ، بەشێواز یەکسان بێ بەو بڕە خزمەتگوزارییەی کە پێشکەش دەکرێ، سەبارەت بەوەی کە لیژنەی پەروەردە سیاغەی

کردۆتەوە لەخاڵی (9)دا دەڵێ (پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان بەڕاستی لەگەڵ ڕەچاو کردنی مافی خاوەنداریەتی)، ئەوە یەعنی دەستەواژەیەکی زۆر ناروونە، هەدەفەکە چییە لێی؟ لەوانەیە ئەو نەسە عەرەبییەکەی دابندرێتەوە زۆر گونجاوتربێ کە مەجالی ئەوەی تێدا نەبێ، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ، سەبارەت بەبڕگەی (ب ، ج) من پێشنیار دەکەم زۆر زەحمەتە بۆ ئەو لیژنەیەی کە هەڵسەنگاندن دەکا، چونکە مەسەلەی مۆلەت فەترەیەکی قیاسی هەیە بۆ وەلامدانەوەی مۆڵەت، یەعنی بەچ بنەمایەك دەتواندرێ قیاسی ئەم دوو بنەمایە بکرێ کەتێیدا داڕێژراوەتەوە، لەخاڵی (ب)دا دەڵێ (پرۆژەکە لەگەڵ بەهای نیشتمانی و پرەنسیپی گشتی و تایبەتیە پەیڕەو کراوەکانی سیاسەتی فێرکردن ناکۆك نەبێت) ئەمە لەپراکتیکدا قیاس دەکرێت، ئەمە کە ئەم قوتابخانەیە کەلای داوە لەسیاسەتی تەعلیمی لەهەرێمی کوردستاندا یان پابەندە، لەبڕگەی شەشەمدا، لەماددەی شەشەمدا لەئەصڵەکە هاتووە دەڵێ (پێویستە کۆمەڵێك بنەمای ڕەگەز پەرستی تێدا نەبێت و حزب قوتابخانە نەکاتەوە)، خۆی بۆخۆی ئەمانە ئەم ئامانجە دەپێکێ، واتە لەهەمان شێوەش لەئامانجەکاندا ئێمە کۆمەڵێك سنوورمان بۆ داناوە، خاڵی (ج) بەهەمان شێوە دەڵێ (پرۆژەکە خزمەتێك پێشکەش بە ئامانجەکانی پەروەردەیی بکات بەجۆرێك کە توانای یارمەتیدانی هەبێت بۆ باشتر کردنی ڕۆڵی پەروەردەو فێرکردن)، چۆن قیاسی دەکا؟ خۆ ئەمە دەبێ ساڵێك ئەزموون بکات، بزانێ ئایا تەتەوری کردووە بە موئەسەساتی تەعلیمی، یەعنی ئیزافەیەکی هەبووە لەسەر ڕەوشی خوێندن لەهەرێمی کوردستاندا؟ ئینجا ئێمە دەتوانین ئەمە قیاس بکەین، بۆیە بڕوام وایە ئەمە دەمینێتەوە بۆ مەزاجی لیژنەی هەڵسەنگاندن کە مۆڵەتەکە دەداتن، قابیلی ئەوەیە کە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، یەکێك دەڵێ بەشداری کردووە، یەکێك دەڵێ بەشداری نەکردووە، بۆیە لەمۆڵەتدا نابێ بنەمایەك هەبێ کە قابیلی قیاس کردن نەبێ، من پێشنیار دەکەم کە ئەم دوو بڕگەیە لابدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی پەروەردەم، بەڕاستی داڕشتنەوەکەی ئەوان زۆر بەدەقیقی بەعیلمیانەوە هاتووە، بۆیە باوەڕ بکەن خاڵ بەخاڵ ئەگەر بیخوێنینەوە هەمووی موبەریریاتی خۆیان تەربەوی و نهێنی هەیە لەسەریان، تەنها من دوو ئیزافەم هەیە بۆیان، یەکەمییان ئەوەیە کەوا ئیلتیزام کردنی هەر لەشروتی قبولا ئیلتیزام کردنی ئەو قوتابخانە ئەهلییانە بەهەندێك مەواد کە ببێتە مەوادی ئەساسی لەقوتابخانە حکومییەکاندا دەخوێندرێ لەوێش بخوێندرێتەوە، وەکو هەرچەندە هەیە ئێستا هەندێکییان، بەلام هەندێکییان قوتابخانە ئەهلییەکان ئیلتیزامی پێوەناکەن، قوتابخانەکان هەندێ مەواد هەیە کە موقەرەرە، وەزارەتی پەروەردە ئیقراری کردووە کەوا بیخوێننەوە، بەلام لەبەر ئەوەی ئەوان ئیلتیزامی پێوە ناکەن، دەبینی لا بەلا هەندێك جار دەخوێندرێ، لەهەندێك جاریشدا ناخوێندرێ، بۆیە لەشروتی قبوولدا ئەگەر

ئێمە لێرە دانێین ئەوە دەبێتە مەرجێك لەسەریان، ئێمە دەبینین كە هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئێستا كە دەیڵێن جۆرە نیگەرانییەك هەیە لەلای ئێمە، كاتێ ئەمە شروتی قبوولە، بەڵام دەبینین قوتابخانە ئەهلییەكان ئەو شروتی قبوولانەیان پاش ماوەیەك پاشگەز دەبنەوە، یاخود بەكەیفی خۆیان گۆڕانكاری لەسەر دەكەن، هەرچەندە موشریفی تەربییەی هەیە، یاخود بڵێین چاودێری قوتابخانە ئەهلییەكان دەكا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین خروقات دەكەن، بۆیە ئەگەر بێت و ئێمە بێین چارەسەرێك بۆ ئەم حاڵەتە دابنێین ئەویش وای لێبكەین ساڵانە ئەم قوتابخانە ئەهلییانە بەپێی ئەم مەرجانەی بۆ ئیجازەكردن دیاریان كردووە، ئەگەر لەگەڵ خاوەنەكانی ئەو قوتابییانەی كەلەوێ دەخوێنن گرێبەستێك ئەنجام بدەن، یەعنی ساڵانە كەمن قوتابیم هەیە، منداڵم هەیە، دەچێتە ئەم قوتابخانانە كە خاوەنی منداڵەكەم، گرێبەستێك ئەنجام بدەم، گرێبەستێكم هەبێ، لەنێوان من و قوتابخانەكە، بۆ جێبەجێكردنی ئەو تەعلیماتانەی كە ئەوان، ئەو مەرجانەی كە لەئینجازەكردندا دایانناوە، من وەكو خاوەنی منداڵەكە ئاگاداری هەموو ئەو ئیجازانەم، ئاگاداری ئەو مەرجانەم كە بینیم یەكێك لەمەرجەكان كەلێرە بۆ ئیجازە دان بەقوتابخانەكە دراوە، ساڵەكە ئەو ساڵەی كە من قوتابییەكەم بۆی دەنێرم ئەگەر ئەو لەیەكێ لەمەرجەكانی پاشگەز بۆوە، یاخود خیلافێكی كرد، یاخود گۆڕانكارییەكی لەسەر كردن من وەكو خاوەن تەرەفی دووەم، گرێبەستێكم دەبێ لەگەڵ، من ئەو كاتە دەتوانم ئاگاداری وەزارەت بكەمەوە، یاخود من ئەزانم ئەو ئیجازەیە، یاخود ئەو مۆڵەتەی ئەو لەسەر ئەساسی چی وەرگرتووە، ئەو موخالەفەی كردووە، بۆیە ئەو كاتە زیاتر خەڵكەكە خۆشی دەبێ بەچاودێر، وەزارەی پەروەردەش لەو كاتەدا زیاتر ئاگادار دەبێت، بۆیە گرێبەست ببێ بەمەرجێك لەمەرجەكان، كە گرێبەست ببێ لەنێوان تەرەفی دووەم و تەرەفی قوتابخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرمووو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، من پێموایە ئێمە هەندێك تێكەڵ و پێكەڵی لەموناقەشەكاندا دەكەین، ئێمە هەندێجار قوتابخانە ئەهلییەكان لەگەڵ قوتابخانە حكومییەكان بەتێكەڵی باس دەكەین، قوتابخانە حكومییەكان تەئمینە لەلای حكومەتەوە، سەرپەرشتی دەكرێ، چاودێری دەكرێ، دەپارێزرێ، بەهەموو شێوەیەك چاودێری دەكرێ، بۆ قوتابخانە ئەهلییەكان لەهەموو دونیا واباوە ئەوە ڕەچاو دەكرێ كەتۆ لەبەرامبەرت بڕێك پارە كە هاووڵاتی منداڵەكەی خۆی دەنێرێتە ئەو قوتابخانەیە، ژیانی ئەو قوتابییە لەهەموو ڕووەكانییەوە زامن دەكرێ لەو قوتابخانەیەدا، لەبەرامبەر پارەكەدا، لەڕووی خواردنەوە، لەڕووی سەلامەتییەوە، لەڕووی سەلامەتی گیانی و جەستەیشەوە، بۆیە ئێمە پێویست دەكا لەو ماددەی (شەش)ە، كەباسی مەرجەكان و هەندێك لەئامانجەكان دەكا، پێموابێ شتێك زیاد بكرێ یان تێكهەڵكێش بكرێ لەگەڵ ماددەیكی تر، ئەویش ئەوەیە (

لەسەر لایەنی دامەزرێنەر، تەبیعی یان مەعنەوی دەستەبەری سەلامەتی گیانی خوێندکاران و سەلامەتی تەندروستی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتییەکان کە قوتابخانە ئەهلییەکان لەحەرەمی قوتابخانەکە پەیوەستدارن بەپاراستنی گیان و سەلامەتی تەندروستی بۆ خوێندکاران)، ئەوەیان لەهەموو قوتابخانەکانی دونیا ئەهلییەکان منداڵ هەندێکییان لەدەرگای ماڵ دەیبا هەتا دەیهێنێتەوە دەرگای ماڵ، هەندێکیشییان لەناو حەرەمی قوتابخانەکە هەتا لەسەفرەکانیش، ئێمە دەبێ لەو یاسایە بەراستی ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، خاوەنی پڕۆژە دەبێ تەئمینی ژیانی ئەو خوێندکارە بکات، ئێستا قوتابخانەیەکی ئەهلی هەیە، لەتەنیشتی بینا دەکرێت، قوتابخانەکە چەند رۆژێك ئیزنیان داون نەوەکو بینایەکە بڕوخێ، لەهەولێر، باشە کێ تەئمینی ژیانی دەکا؟ ئەگەر حکومەت بەرپرسیار نەبێ لەقوتابخانە ئەهلییەکە، خۆ نابێ خاوەن پڕۆژەکە، دامەزرێنەری ئەو پڕۆژەیە بەرپرسیارەتی تەئمینی حەیات بێ؟ سەلامەتی و ژیانی و جەستەیی و سەحی و هەموو لایەنەکانی قوتابخانە بگرێتە ئەستۆ، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەردوو لیژنەی تایبەت، ئەو مەسەلەیە بەنەزەری ئێعتیبار وەربگرن، چونکە لەهەموو دونیا قوتابخانەی حکومی حکومەت سەرپەرشتی دەکاتن، دەیپارێزێ، بەڵام قوتابخانەی ئەهلی بەپێی یاسا، بڕگەیەکی یاسایی زەمانی حەیاتی خوێندکاران لەڕووی خواردن، لەڕووی تەندروستی، لەڕووی گیانی، باشە بەیانی، دوو بەیانی قوتابخانەیەك کەوت کێ بەرپرسیارە؟ ئایا خاوەن پڕۆژەکە تەئمینی حەیاتی ئەو خوێندکارە دەکا؟ ئەگەر لەخوێندگایەك قوتابییەکان تووشی نەخۆشییەکی، پەتایەکی سەیر بوون، کێ بەرپرسیارە؟ ئەگەر خواردنێکی پیس، تەسەمومێك بوو لەقوتابخانەکە کێ بەرپرسیارە؟ ئەگەر لەڕووی سەحی، سەرما، گەرما هەموو لایەنەکانی بۆ زامن نەکرێ کێ بەرپرسیارە؟ چونکە ئەو بەپارە دەخوێنێ، نەك حکومەت ئەرکەکەی بگرێتە ئەستۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لەڕاستیدا لەگەڵ لابردنی ئەو ماددەیەم، چونکە ئەو ڕێنمایانە دەکرێ، ئەو سەلاحیەتە بدرێت بەوەزارەتی پەروەردە، کەوەکو ڕێنمایی دەریان بکات، چونکە ئەوە وردە کارییە، بەڕاستی لەناو یاسادا وابزانم زۆر ئەوە نییە، یەعنی زیاتر ئەو ڕێنمایییە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەبێت، تەفاسیل باسی بکات باشترە، بەڵام ئەگەر هاتو ئەوە نەکرا منیش پشتگیری لەپێشنیارەکەی کاك کاروان دەکەم، بەڕاستی لێرە بەهیچ شێوەیەك باس لەنیزامی خواردن نەکراوە، کە زۆر گرینگە، بەتایبەتی ڕەوزەکان کەخواردنیان پێدەدرێت، زۆرجار لەزۆربەی قوتابخانەکان یەعنی مەرجی تەندروستی تێدا نییە، کەئەوە زۆر گرینگە، هەروەها مەسەلەی پاراستنی سەلامەتی کە ئەمەش دووو خاڵی گرینگە، ئەگەر بێین لەناو قانونەکە هەبێت، بەهەمان شێوەی هاتوچۆیەکە ئەویش زۆر گرینگە کە هەبێت، ئەگەر لەناو قانونەکەبێت یان

بەشێوەی ڕێنمایی بێت لەوەزارەی پەروەردە دەردەچێت، دەربارەی خاڵی (2) کە باسی لەوە دەکات بەعەرەبییەکەی (المشروع لایتعارض) من پێموایە یەعنی بەوشێوەیە نابێت، دەبێ بنووسرێت (یجب ان لایتعارض المشرع القیم الوطنیة) یەعنی بەو شێوەیە دابڕێژێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نیعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم ئەوەیە ئەو ماددەیە بەتەواوەتی ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیە، زۆربەی زۆری ئەو خاڵانە هەر لەڕێنمایەکاندا هەیە، یەعنی دەتواندرێ لەڕێنمایەکاندا جێگەی بکرێتەوە بەڕاستی، ئەوە خاڵێك، ئەگەر بێت و ئیلغا نەکرێت هەندێکیشی زیادە، خاڵی یەکەم (دیاری کردنی ئامانجی گشتی و تایبەتیەکان)، لەخاڵی ماددەی پێشوودا باسمان لەوە کرد کەدەبێ ئەم پرۆژەیە پەیڕەوێکی ناوەخۆی هەبێ، پەیڕەوی ناوەخۆدا بەدڵنیاییەوە ئامانجەکانی تێدایە، سەبارەت بەقیستی بڕی خوێندن ساڵانە دەگۆڕێ، گرێبەستێکە لەنێوان قوتابی و خوێندنگاکەدا، ئەوەش ناکرێ لەوێ دابێت، خاڵێکی گرینگتریش هەیە، خاڵی (ب) کە باس لەپرۆژەکە لەگەڵ بەهای نیشتیمانی و پرەنسیبی گشتی و تایبەتی پەیڕەوکراوەکانی سیاسی فێرکردن ناکۆك نەبێت، ئێستا قوتابخانە هەیە لەهەرێمی کوردستاندا کە لەگەڵ سیاسەتی پەیڕەوکراوی هەرێمی کوردستاندا ناگونجێ، واتە سیستەمی خوێندنەکەی جیاوازە، کە ئێمەش لەئامانجەکان باسمان لەوە کردووە کە ئەبێ بوار بدەین بەو قوتابخانانە کە سیستەمەکانیان جیاوازە، لەکاتێکدا سیستەمەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئیستیفادەی هەیە، بۆ نموونە لەهەندێ وڵات تەمەنی خوێندن (5)ساڵە، لەهەندێ وڵات سیستەمی وانەکان کەمترە، ماددەکانی جیاوازترە، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەوە هەر ناکۆکە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکە و پێموایە تەنها ئەوە بمێنێتەوە، پرۆژەکە لەگەڵ بەهای نیشتیمانی ناکۆك نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر وەکو برادەرانم پشتگیری کاك ئارام و کاك کاروان دەکەم، کە ئەو ماددەیە بەڕێنمایی وەزارەت، بەڵام لەگەڵ ماددەی (7 و 8)ش تەقریبەن ئەوانیش هەر تەعلیمات و ڕێنمایی وەزارەت دەگرێتەوە، ئەگەر بکرێ ئەوانە بەیەك ڕێنمایی دەربچێ ئاسانتر دەبێ و زیاتر بەگرەوتر دەبێ، بەڵام ئەگەریش بواری جێ بەجێکردنی نەبوو فەقەرەی (ه) (شروط القبول ونسبته الکثافة والحد الاقصی للقبول) (للقبول) ببێتە ( للاستیعاب)، دیسان لە (ك) (طرق واسالیب التدریس ونوعیة المدرسین والمدیرین) لەباتی (نوعیة) ببێتە

(كفاءة المدرسين والاداريون وجنسياتهم) هەر لەهەمان كات حەزم دەكرد فەقەرەیەكی تریش ئیزافە بكرێ، ئەگەر (المنشأت والمرافق التعليمية والصحية والاجتماعية للمدرسة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەم ماددەیە كە ماددەی (6 و 7 و8)ی پرۆژەكەیە، كەئێستا ماددەی چوارە، (7 و 8)ی لەگەڵدا لابچێت، ئەم ماددەیە پێویست ناكا، جارێ بۆچی (7 و 8) پێویست ناكا؟ (7) لەبەر ئەوەی بەڕێنمایی جێ بەجێدەكرێ گواستنەوە، (8)یش لەبەر ئەوە بە رێكەوتنی نێوان دوو كەس نابێ قوتابخانە دروست بكرێ، هەر بەیاسا دەبێ ئەمە دروست بكرێ، ئەوە بۆ لابردنی ماددەی (7 و8) ئەو ماددەی كە ئێستا ماددەی چوارە، من پێمواییە زۆربەی زۆری تەفاسیلی چۆتە ناو تەفاسیلێكەوە كە بەتەعلیمات چارەسەر دەكرێ بەڕاستی، بۆنموونە بڕی ئەو رەسمەی كەوا وەردەگیرێ و شەرتی قەبوول و ئەساسی ناجیح بوون و شەهادە چۆن دەدرێ و چۆن نادرێ، ئەوە تەفاسیلێكە من پێمواییە، هەروەها نیزامی موقتەرەح كە ئەڵێ بۆ ئیدارە لەنیزام داخیلییە، ئەهدافەكان دیسان لەنیزام داخیلیدان، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەمانە تەفسیلن، چۆتە ناو تەفاسیلێكەوە كە بەتەعلیمات یان بەڕاستی بە نیزام داخیلی چارەسەر دەكرێ، هەندێكی بەتەعلیمات، هەندێكی لەنیزام داخیلییە، خاڵێكی تر بەنیسبەت ئەوەی دەكرێت كە ئەم قوتابخانە ئەهلیانەی كە ئێستا هەن، بەڕاستی سەرپێچی یاساییان زۆرە وەكو ئەوەی كە باسكرا، بە ئارەزووی خۆیان ساڵانە پارە لە قوتابی وەردەگرن و، بە ئارەزووی خۆیان مەساریف لەسەر قوتابی و، چۆنیەتی دەرس وتنەوەو مەنهەجیان، ئەو نایاسایيانەی كە جەنابی وەزیریش خۆی تەئكیدی لێ كردەوە، من ئەو پرسیارە دەكەم بۆچی تا ئێستا بەدواداچوون نەكراوە؟ بۆ چاودێری نەكراوە؟، بۆ ئیجرائات نەكراوە؟ كە ئەو هەموو خەلەلە هەیە كە شەونم خان باسی كرد، ئەو خەلەلانە وایە كە شەونم خان باسی كرد؟ بەلآم بەدواداچوون و لێپێچینەوەو لێپرسینەوە بۆ نیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وێڕای ئەوەی لەگەڵ ئەوەدام ئەوەی لیژنەی پەروەردە، كە ببێت بە ئەساس و بەوجۆرە بێت، بەلآم چەند خاڵێك هەیە ئەگەر وەكو تێبینی بتوانین ئیضافەی بكەین یان پێویستی بە ڕوونكردنەوەی زیاتر هەبێت، سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەوەی كە لە لیژنەی پەروەردە ئێمە ئامادەمان كردووە، دەڵێ سوودی پەروەردەیی و كۆمەلآیەتی و ئابووری هەبێت، ئێمە هەندێك حاڵەتی ترمان هەیە بۆ نموونە پەیمانگامان

**هەیە هونەری لێ دەکرێتەوە، ئایا پەیمانگایەکی هونەری سوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەییە یان دەکەوێتە بوارێکی ترەوە؟ ئایا پێویست دەکات ئەو وشەیەی بۆ زیاد بکرێت؟ چونکە بەپێی ئاگاداری ئێمە چەند داخوازیەك هەیە، کە دەیانەوێت پەیمانگای هونەری بکەنەوە لێرە لە بواری ئەهلی دا، سەبارەت بە، سوودی ئابووری هەبێت؟ وەڵلا نەك هەر وەکو شەخسەکە وەکو دامودەزگاش بتوانرێت بەکاربهێنرێت لەمەدا، بەڵام مەسەلەی هونەریەکە لەوانەیە هیچ سوودێکی ئابووری نەبێت، بڕی ئەو ڕەسمەی لەبڕی خوێندنی ساڵانە لە بەخێوکارانی قوتابی وەردەگیرێت، من وێڕای دووپات کردنەوەی ئەوەی هاوڕێیانم شەونم خان و کاك حەمە سعید باسیان کرد، لێرەدا پێویستە بەڕێز جەنابی وەزیر کە لێرەیە ئەمە دەست نیشان بکرێت، ئەگەر بێت و زیادیش بکرێت ساڵانە، بەڵام زیاد کردنەکە ناکرێت، من بێم منداڵەکەم لەوێ دانێم گرێبەستێك بکەم ئەمساڵ، بەڵام ساڵی داهاتوو زیادی بکات، ئەمە کێشەیەکە لە هەموو قوتابخانەکاندا هەیە، دەکرێت ساڵانە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە دەگۆڕێت بواری ئیقتصادی گۆڕانکاری بەسەر دادێت زیاد بکرێت، بەڵام ناکرێت بۆ کەسێك کە گرێبەستی کردووە بگۆڕێت، بۆئەوەی دواتری ئاساییە کەسێك ئارەزومەندە بۆخۆی منداڵەکەی دەبات بۆ ئەوێ یان نایبات، بەڵام بۆ ئەو گرێبەستانەی کەوا کراون ناکرێت بگۆڕێن، ئایا زیاد بکرێت ئەمە کێشەیەکی گەورەیە چۆن دەکرێت موعالەجە بکرێت؟، لەو خاڵەی کە پرۆژەکە لەگەڵ بەها نیشتمانی و پرەنسیبە گشتی و تایبەتە پەیڕەو کراوەکانی سیستەمی فێرکردن بگۆڕێت، بەڕێزان ئێمە هەندێك لەو قوتابخانانەی کە ئێستا هەمانە ناگونجێن، بۆ نموونە لە سیستەمی پەروەردە لەلای ئێمە ئەوەیە کە کچ و کور تێکەڵ بکرێت، بەڵام هەندێك لەو قوتابخانە تایبەتانە، ئەهلیانە، ناحکومیانە هاتوون ناچاریان کردوون لێکیان جیاکردوونەتەوە، ئایا هەڵوێستی وەزارەت چی دەبێت بەرامبەر ئەوە؟ چونکە هەندێکیان بەپێی سیستەمی نێودەوڵەتین، چونکە کێشە دروست دەبێت لەمەدا بەپێی سیستەمی نێودەوڵەتی، هەندێك پێوەری تایبەت بە خۆیان هەیە چ لە مەسەلەی جیاکردنەوەی کچ و کوڕ ئەوەی کە دەیبینین لێرە لە کوردستان هەندێك قوتابخانە هەن، چ لە مەسەلەی تەمەن و وەرگرتنیشیان کە دەڵێت لەگەڵ ئەمەدا بگونجێت، چۆن دەگونجێت؟ لە هەندێك لەو قوتابخانە نێو دەوڵەتیانەدا بەپێی تەمەن وەردەگیرێن، منداڵەکە تەمەنی شەش ساڵە لە پۆلی یەك دادەنرێت، تەمەنی هەشت ساڵە لە پۆلی سێ دادەنرێت، بەڵام لەوەیە لە قوتابخانەیەکی حکومیدا ئەگەر کەوت بێت ناچێتە ئەوێوە، ئەمە چۆن دەکرێت ڕێکی بخەین؟ چونکە دەبێت تایبەتمەندی قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان لەبەر چاو بگرین، کاتێك دەڵێن قوتابخانەی نێودەوڵەتی چۆن بڕوانامەکەی لێرە دانپێنراوە دەچێت بۆ وڵاتێکی تریش بەهەمان شێوە دانپێنراوە، بەڵام ئەگەر بێت و سیستەمەکەیان بگۆڕن کە لەدوای هەندێ خاڵی تر، لە مەسەلەی مەنهەجیشدا دێینە سەری زیاتر بار قورس کردنیان، سەپاندنی هەندێك پرۆگرام بەسەریان دا ئەمە چۆن دەکرێت؟ دەبێ ئێمە هاوسەنگیەك لە نێوان ئەوە ڕابگرین، هەم لەگەڵ بارودۆخی وڵاتی خۆماندا بگونجێت، هەم ئەو قوتابخانەیەش ئەو ئەساڵەتەی خۆی لە دەست نەداتن، ئەو پێوەرانەی کەوا هەیەتی، زۆر سوپاس خاڵەکانی تر هاوڕێیانم باسیان کرد.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم ماددەیە شتی زۆر موهیمی تێدایە حەقەتەن، بەس دیسان دەڵێم ئەو ماددەیە ئیحاتەی هەموو شروتەكانی مەنحی ئیجازە ناكاتن، بۆیە لە یاساشدا ئەو درێژدادڕیە، ئەو تەفاسیلانە لە یاسادا زۆر موستەحەق نیە، ئەگەرچی زۆرجار خۆ فەرز دەكاتن، بەڵام من دەبینم لێرەدا ئەو فەرزە وانیە، كە نەكرێ بە ڕێنمایی وەزارەت دەربچێتن، ئەگەر بە ڕێنمایی وەزارەت دەربچێت من تەسەور دەكەم زۆر شت هەیە، كە زۆر لە خوشك و برایان باسیان كرد كە لێرەدا نەهاتووە، دەبێت ئیضافە بكرێتن، تەبیعی ئەمە یاسایە دەبێت ئەگەر تێدا نەهات بێتن دەبێت تەعدیل بكرێتن، تەعدیلی یاساش عەمەلیەكی ئاسان نیە بۆ ئێمە، بۆیە من پێم باشە هەر بەیەك خاڵ بە ڕێنماییەكی وەزارەت مەنحی ئیجازە بداتن بە لەبەر چاوگرتنی هەموو لایەنەكانی پێدانی مەنحی ئیجازە ئەمە ئەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا كە ئەو ماددەیە بەوشێوەیە بێتن، بڕگەیەكی تری چوارەم بۆ ئیزافە بكرێتن لە ئاخیر، بۆئەوەی وەزارەت موقەیەد نەكەین تەنها بەو خاڵانەی كە تێدا هاتووە، چونكە بە تەئكید لە نەتیجەی تەتبیقی عەمەلی وەزارەت لە ئێمە باشتر دەزانێت، یەعنی شتی نوێ دێتە پێش شتی تازە دێتە پێش، من پێم باشە ئەگەر دەنگی نەهێنا بڕگەی چوارەم لە ئاخیریدا بۆ ئیضافە بكرێتن، هەر مەرجێكی تری تازەی پێویست بۆ پێدانی ئیجازە لەلایەن وەزارەتەوە، بۆئەوەی وەزارەت موقەیەد نەكەین بە تەنها بەو شروتانە، چونكە ئەو وەختە وەزارەت موقەیەد دەبێت و هیچی پێناكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو بۆ خوارەوە قسەكانی خۆت بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ویڕای پشتگیریم لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە، خوازیارم ئەو خاڵانە وەك خۆی لەناو یاساكە هەبێت، بۆئەوەی قوەتی قانونی زیاترە لەو قوەتەی كە بە تەعلیمات دەردەچێت، بەڵێ ئێستا تەعلیمات هەیە، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو تەعلیماتەدا ئاخۆ پێشێلكاری نیە لە تەعلیماتەكەدا؟ بۆیە من پاڵپشتی ئەوە دەكەم كە ئەم خاڵانە وەك خۆی بمێنێتەوە، چۆن لە یاساكە هاتووە لەبەر قوەتی قانونی ئەو یاسایە (ماعدا) یەك خاڵ نەبێت، كە دەبێت ئێستا چارەسەرێكی بۆ بدۆزینەوە، میقداری رسومی (الرسوم المأخوذة من الطالب نفسه او من اوليائه)، هیچ ئیلتیزامێك نیە سەبارەت بە تەحدیدی رسوم ساڵی خوێندن هێشتا تەواو نەبووە، قوتابخانەكان لە مانگی سێ دا زەغتێكی زۆر دەخەنە سەر قوتابیان، هێشتا دەرنەكەوتووە منداڵەكە دەردەچێت یان دەرناچێت، هێشتا هیچ شتێك ڕووی نەداوە كە

ئاخۆ تەزەخوم دروست بووە لە عوملە یان دروست نەبووە؟ هیچ شتێك ڕووی نەداوە یەكسەر لە مانگی سێ دا دەیكەنە سەر دایك و باوكەكان دەڵێن ئەگەر لە كۆتایی سێ دا پارەكە نەهێنی غەرامەت هەیە، كە ئەویش زیادكردنی 200 دۆلارە هەندێكجار 100 دۆلارە، ئەگەر لەو ماوەیە نەیهێنی باشە ئەوە ئینسانە، بەڵكو لەو ماوەیە نەیتوانی پارەكە دابین بكات ئەمە یەك، بەشكو منداڵەكەی دەرنەچوو، ئەوە بوو بە پاڵنەرێك بۆئەوەی ئەو دایك و باوكە منداڵەكە دەربێنن لەو مەكتەبە، بیگوازنەوە، ئەو دەڵێت ئێمە عیلاقەمان نیە لە مانگی سێ منداڵەكە دەربچێت دەرنەچێت، لەو قوتابخانەیە بمێنێتەوە یاخود نەمێنێتەوە تۆ دەبێت پارەی خۆت بدەی، دەركردنی ئەم یاسایە لەخۆڕا نەهاتووە لە ئەنجامی بەدواداچوون هاتووە و، ئەنجامی بەدواداچوونی دەقیق لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە بە هەموو ئەندامەكانیەوە، كە ڕۆژانە ئێمە خەڵك گلەیی هەبووەو هاتووەتە لای ئێمە و لە مەناهیج دا گلەیی هەبووە، هاتووەتە لای ئێمە، لە ئیمتحانات و تەقیم و تەقویمدا گلەیی هەبووە هاتووەتە لای ئێمە، قوتابخانە هەیە لەگەڵ تەسجیلی منداڵەكەت لەگەڵ ئەوەل ساڵدا بۆ هەموو منداڵێك لەگەڵ پارە وەرگرتنەكەدا پارەی سپلیتی لێ وەردەگرن، ئەگەر بە حیسابی ئەو تەلەبانەی هەبێت كە ئێستا هەیەتی 1500 تەلەبەی هەیە، دەبێت 1500 سپلیتی لەو قوتابخانەدا هەبێت، سپلیتی تێدایە لە پۆلەكاندا بۆ قوتابیەكانی داناگیرسێنن، من دەمەوێت ئەمانە نەمێنێت بۆیە دێم ئەو وردەكاریانە هەمووی دەڵێم نابێت بە تەعلیمات دەربچێت دەبێت نەسی قانونی هەبێت، بۆئەوەی كەی كە لە دەرەوەی ئەو قانونە جووڵایەوە من موحاسەبەی بكەم، بۆیە من پشتگیری لە مانەوەی ئەو خاڵانە دەكەم وەك خۆی، بۆئەوەی بە شێوازێكی یاسایی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاستان دەكەم، ئەز دگەل هەندێمە تشتی نە زەروری بیتن ئەوی دی بچیتە تەعلیمات، تەعلیمات برونە پتریا تێدا گۆڕانكاریە ساڵانە دیف پیڤا دێتە كرن، ئەما تشتی زەروری وەكو سۆزان خان ئیشارەتی پێدای، كە بنەمایەك قانونیانە قوەتێ پەیدا بكاتن بمینن دروستە، وەكو دیف چونەك من گەل كریە و ڕوونكرن، بەری نوكە ڕاستە تەنسیبا مامۆستا بۆ قوتابخانە هەتا نوكە بەشەك ماینەوە، مە تەعلیماتێت داینە وان، ئەز بێژم دوماهیكا وی پرۆژێ تێدا، چونكە پاش مامۆستایێ حكومەتێ ناچیتە قوتابخانێت ئەهلی، وەكو شێوازەكی تەعین عالەمێ دانای، كو چ موشكیلە نەمینێت، ئەو قانونە خلاص بیت موشكیلە نامینیت، یا هاتیە چارەسەر كرن، دوماهیكێ چ مستەوای قوتابخانەی ئەهلی نایێتە خارێ پشتێ ئەوە دێتە دانان، (مصاريف غير منضورة) تەبعەن ڕاست بێژن ئەو، بەری وێ گاڤێ، تەعلیماتێت ئەڤ ساڵە مە نەهێلاینە، ئەز تەسەور ناكەم كو پاش نوكە ئەم قەبیل بكەین، ئەما سۆزان خانێ بەحس كریە سپلیتێ زێدەو تەبەروعات و زكاتێ بینن، ئەوە هەموو زاهیریەن ئیحتیمال هەبوو،بەس دگەل ئەڤ ساڵا

خیندنێ ئەز متمانە کو نەماینە، موتابەعەکا جدی ژی ماموٚستایێ دی گوٚت تەبعەن هاتە کرن، بەلکو ئاخافتناوی ڕاست بی بوٚ سالأچووی، بەس ئەڤ سالاٚ دێتە کرن ئەز بێژم، مەوزوعی زیادەی ئەسعار، کێشا ڤوتابخانێت ئەهلیەو کێشا کوردستانێ کاملە، دەوڵەتێ دەرڤە نیزامەك هەی تەزەخوم وەکو تورکیا میسال، سالێ جارەکی دەرکەوی، بێژنێ، حکومەت پابەندە هەندە سیعر زێدە بووی، نە مودیرێ ڤوتابخانێ چیتن زێدە کەت، نەباب دچیت مەنعەك دانێ، ئەگەر وەنەبی ئەوە دبیتە موعالەجەك ل هەمی کوردستانێ، بەس ل ڤی درکێ تەعلیماتا دێ موعالەجە کەم، هەتاکو عیلاجەك دێ، بەرنامجێ ب تایبەت، بەداخەوە هاتینە قەبیل کرن بەری ڤێ گاڤێ، دەربارەی ئیختیلات، فیعلەن عەزل پەیدا بووی، ئەم دا تەعدیل بکەینەوە، عیشق وەکو ئێکێ ب ڤوەترین ڤوتابخانەی ئەهلی ل کوردستانێ نیزام عەزلی تێدایە، هاتە قەبیل کرن و ڤێ گاڤێ تشتەکی گەلەك ب زەحمەتە، ئیحتیمالە چی دیکە ئیجازە ب ساناهی نەدەی، بەس نەهێلانا وێ زاهیرەکا گەلەك ب زەحمەتە، بەس واقیعەکێ بەرچاڤە، وەزارەتێ پەروەوەردە تووشی ئیشکال نەبی دوماهیکێ ئەم نەشێین حەل بکەین، هەر ئەوەندە ئەز دووبارە دەست خوٚشی دکەم، ئەگەر هاتو تشتێ زێدە تێدانەبی وێ تەعلیماتێ، پشتەڤانیا وێ پڕوٚژێ دکەم، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/سەروٚکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتوٚر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەروٚکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەم پێشنیار و بیرو بوٚچوونە جیاوازو باش و دەوڵەمەندانە، ئێمە هەندێك ڕوونکردنەوەو ڕەئی خوٚمان بەو شێوەیەی خوارەوە دەڵێین، لەلایەن چەند بەڕێزێکەوە پێشنیاری ئەوە هات کە ڕێنمایی بێت یان مەسەلەن بە ماددەیەکی قانونی بێت، ئێمە پێمان وایە کە بەڕاستی ماددەکە بمێنێتەوە، چونکە ئەوانەی کە ئێستا لە ماددەی شەش وەکو لە ڕاپوٚرتی ئێمەدا بوٚتە ماددەی چوار داهاتوون، ئەمانە کوٚمەڵێك بنەمان کە پابەندی قانونی لەلای هەردوو تەرەف بەتایبەتیش ئەوانەی کە دەبنە خاوەن ڤوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بەهێز دەکات، جگە لەوەش ئەم بنەمایانە حاڵەتی ئەو توٚیان تێدا نیە کە زوو زوو پێویستیان بە تەعدیل بێت، سێ ئەصڵی ئەم قانونە بوٚیە هاتووەتە ئاراوە، چونکە جوٚرێك لە فەراغی قانونی هەبووە، بوٚ ریکخستن و بوٚ ئاراستە کردنی ئەم جوٚرە ڤوتابخانەو پەیمانگایانە، کە لە ولأتی ئێمە ئێستا هەن، چەندین نموونەشمان لەلایە ئیشارە بەوە بدەین کە فەراغی قانونی لە کوێدا هەبووە، دەرئەنجامی ئەو سێ ساڵەی بەدواداچوون و موتابەعە کردنی ئێمە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە لە کوٚتایی یاساکەدا دەسەڵأتمان داوە هەم بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەم بە وەزارەتی پەروەردە، کە بوٚ هەندێك حاڵەت بوٚ نموونە سەبارەت بە تاقی کردنەوەکان پێویستە سیستەمێکی بوٚ دەربکرێت، بوٚ حاڵەتەکانی تریش پێویستە وەزارەت ڕێنمایی بوٚ دەربکات، بوٚیە لە هەموو حاڵەتەکاندا دەرکردنی ڕێنمایی بوٚ دەوڵەمەند کردن و ئاسان جێبەجێ کردنی قانونەکە، ئەمە بوٚ وەزارەتی پەروەردە هێڵدراوەتەوەو ئەم

دەرگایەیان لێ دانەخراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیتر ئەوە بۆ بەڕێزتان بەجێ دەمێنێ، سەبارەت بە مەسەلەی رسومات ئێمە لەو ماددەیەی پەسەندمان کرد، مادده سێ لە بڕگە دوودا دەڵێین هەر گۆڕانکاریەك لەو قوتابخانەو پەیمانگایانەدا بکرێت دەبێت بە رەزامەندی وەزارەت بێت، یەکێك لەوانە ئەگەر گۆڕانکاری لە رسومات دا بکرێت، ئەوە دەبێت ئەم لایەنە واتە هەم قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکە پێشنیار بکات بۆ وەزارەت و، بە ئاگاداری وەزارەت ئەم گۆڕانکاریە ئەنجام بدات، سەبارەت بە مەسەلەی لە ڕاستیدا زۆر گرینگە کە ئێمە هەوڵ نەدەین ئەو جۆرە قوتابخانەو پەیمانگایانە زاڵ بن بەسەر حکومیەکاندا، هەدەفی ئەو قانونەش ئەوەیە لەڕاستیدا، بۆئەوەی تۆ رێکیان بخەی ئیلتیزاماتی قانونیان بۆ دروست بکەی، بۆئەوەی ئەم جۆرە ناهاوسەنگیەو، ئەو جۆرە نابەرامبەریە ئەصڵەن نەهێتە ئاراوە، بەشێوەیەك تەوجیهیان بکەین کە هاوسەنگی تێدابێت، سەبارەت بە پابەند بوون بە هەندێك وانە بە تەئکید ئەوە ڕاستە، بەڵام ئێمە لە راپۆرتی خۆمان دا هێناومانە دەڵێین دەبێ زمانی کوردی بخوێنن، پەروەردەی نیشمانی بخوێنن، ئایینیش بە ڕەچاوکردنی تەحەدوثی ئاینی لە هەرێمی کوردستان ئەوانە بەشێکن لەو سەوابتانەی کە پێویستە لەناو مەهەجەکە دا بخوێنرێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو قوتابخانەیە بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر مەنهەج دیسان پێویستی بە موافەقەتی وەزارەتی پەروەردە هەیە، خاڵێکی تر باسکرا کە خاڵی (ب- ج) نەمێنێت، لەبەرئەوەی قیاس کردنیان زەحمەتە، لەڕاستیدا تەبیعەتی ئەو شتە مەعنەویانە بۆ خۆی وایە، قیاس کردنیان زەحمەتە، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەو داواکاریە ڕوونی دەکاتەوە کە خزمەتی پرۆژەکە چۆنە، چۆن دەیگونجێنێ لەگەڵ بەها نیشتمانیەکان؟ بەتەئکیدیش دوا بڕیار بۆ ئەو لیژنەیەیە یان بۆ ئەو دائیرە خاصەیە، کە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت، سەبارەت بە جیاوازی لەگەڵ ناکۆکی، بە تەئکید ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە جیاوازی دەبێت، بەڵام تەناقوز و ناکۆکی نەبێت، چونکە موئەسەسەیەکی تەربەوی ئینتەرناشناڵ و نێودەوڵەتی هەیە، جۆرێك لە مەنهەجی خاصی خۆی هەیە دەیهێنێت بۆ ئێرە، ئەمە لە حاڵەتێکدا جیاوازی دەبێت لەگەڵ ئەو مەنهەجەی ئێمە لێرە دەیخوێنین، بەڵام ئەم جیاوازیە یەکەم نابێت تەناقوزی هەبێت واتە نابێت ناکۆك بێت لەگەڵ کۆمەڵێك شت کە ئێمە دەمانەوێت، دووش رەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی پێویستە، بۆیە دەبێت جیاوازی بکەن لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت جیاوازی هەبێت، بەڵام نابێت ناکۆك بێ و نابێت تەناقوزی هەبێت، سەبارەت بەوەی کە مەسەلەی سەلامەتی تەندروستی بە تەئکید ئێمەش لەگەڵ ئەو فیکرەیەین شتێکی زۆر باشە، بەڵام ئێمە لە خاڵی 12 باسی چاودێری تەندروستیمان کردووە، دەکرێت بڵێین چاودێری تەندروستی و سەلامەتی تەندروستی، جگە لەوەی لە ماددەکانی دواتریشدا لەسەر ئەوەی کە چۆن ڕەچاوی بنەماکان و پێوەرەکانی تەندروستی دەکرێت، کۆمەڵێك بڕگەو بابەتمان هێناوە لە ماددەکانی دواتردا، هەندێك خاڵ سەبارەت بە مامۆستا باسکران ئێمە بەشێکی تایبەتمان لە راپۆرتی خۆمان تەرخان کردووە، بەشی پێنجەم مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانە و پەیمانگاکان لەوێدا باسی ئەوەمان کردووە، کە مامۆستا چۆن دادەمەزرێت و لەوێدا ئەو پرسانەمان هەموو جێ کردووەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان زۆر باسیان لەوە کرد، سوودی ئابووری بۆ کێیە؟ بۆ مەشروعەکەیە یان بۆ هەموو مەشروعێك لە هەرێمی کوردستان کە تەقدیم دەکرێت بە دەستەی وەبەرهێنان؟، بە هەرچی لایەنێك بێت دەبێت دیراسەی جەدوای ئیقتصادی بکرێت، جەدوای ئیقتصادی چیە؟ ئەم مەشروعە لەم شوێنەیەیە بۆ ئەم شوێنەم هەڵبژاردووە، بۆ ئەم مەشروعە، چەند کەس لێی سوودمەند دەبێت؟ ئایا ئەو قازانجەی کە دەکرێت بەشی تەغتیەی تەکالیفی مەشروعەکە دەکات؟ بۆئەوەی لە پڕ نەڵێت ئەو ساڵێك بێت دایمەزراند بێت کابرا بڵێ من ئیفلاسم کردووە، هەرچەندە ئێمە موعالەجەی ئەو وەزعەشمان کردووە لە یاساکە، وتوومانە ئەگەر حاڵەتێکی وا ڕوویدا چ لایەنێك ئەم کارە سەرپەرشتی دەکات؟، جەدوای ئیقتصادی ئێستا بۆتە یەکێك لە بنەماکانی تەقدیمی هەموو مەشروعێك، پێش ئەوەی دەست بکرێت بە مەشروعەکە، بۆئەوەی بزانین چەند کەس تێدا تەعین دەبێ؟ چەند تەلەبە تێدا دەخوێنێت؟ بۆچی من مەسەلەن بڕیار دەدەم قوتابخانەیەك لە قەڵادزێ بکەمەوە؟ دەتوانرێت ئەگەر کردمەوە لە قەڵادزێ دەتوانم بەردەوام بم، ئایا خەڵکەکەی ئەو ناوچەیە دەتوانێت پارە بدات بۆ خوێندنی منداڵ لە ئەهلی دا؟ ئایا ئەو پارەیە لەگەڵ مستەوای مەعیشی ئەو ناوچەیە یەکی گرتووەتەوە؟ ئەمە جەدوای ئیقتصادیە، کە دەبێت ئێستا هەموو مەشروعێك هەیبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو پێشتر تەئیدی ئەوەمان کرد بوو، کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دا هاتووە، هەڵبەتە بە ڕەچاوکردنی ئەو سەرنج و پێشنیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمانیش، ئەوەی کە زیاد لە دوو ئەندام ئەگەر قسەی لەسەر کردبێت پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەئکید لەسەر ڕایەکەی کاك دکتۆر احمد، هەروەکو ڕەئی لیژنەی یاسایی دای، کە هاوڕاین لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە، تەوزیحێك لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە برادەران باسیان لەسەر ئەوە کرد،

که ئەوە پێویست ناکات ئەم ماددەیە بمێنێت، پێویست دەکات بچێتە بابی تەعلیماتەوە بۆ وەزارەت، بەڵام بە تێڕوانینی هەندێك لە بڕگەکانی، ئەوە پێویستە بە یاسا بێت، ئێمە هەموو گفتوگۆکانمان، هەموو ئەو بەڕێزانە تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە ئەو قوتابخانانە زۆر تەنزیم بکرێن، زۆر رێك بخرێن، پاراستنی بەرژەوەندی منداڵەکانمان و خوێندکارەکانمان لەو قوتابخانانە پێویستە بە هەند وەربگیرێت، لە هەموو ناحیەکانەوە لە ناحیەی صەحی، تەربەوی، مەحافەزە کردنی سەرو ژیان و لەش و لاریان، مستەوای دیراسیان، چۆنیەتی شەهادە وەرگرتنیان، پارێزگاری مستەوای تەعلیمی و دیراسی لە ناوچەکە، بۆیە ئەوانە هەمووی گرینگ بوون، لەبەر ئەو گرینگیانە پێویستە ئەوە وەکو یاسا، بە یاسا بمێنێتەوە، من لەگەڵ رێزم بۆ جەنابی وەزیر و، هەر وەزیرێکی تری بەڕێز کە دێتە ئەو شوێنە، ئەو تەعلیماتە دەکەوێتە سەر ئەهوای ئەو وەزارەتە سبەینێ پێ دەچێت و، لەوانەشە هەندێکجار گۆڕانکاری لە تەعلیماتەکاندا بکرێت، چونکە تەعلیمات قابیلە لە وەزارەت دەرچێت، وەزارەتیش پێویست بەوە ناکات وەکو ئەو پرۆژەیە داوای تەعدیل کردنی بکات، ئەوە لەسەر وەزارەتە، بەڵام ئەگەر بوو بە یاسا، یاسا هێزی تەنفیزکردنی زەمانی زیاترە و، یاسا گۆڕانکاریەکەی ئەرکی پێویستی ئەوێ و گرانترە لەوەی کەوا هەموو رۆژێك ماددەکانی بگۆڕێت و، پێویستە ئەم خوێندنگایانە کە ئەوەندە گرینگن بۆ بەرژەوەندی منداڵەکانمان، ئەمە بکرێت بە یاسا ئەم ماددەیە، بۆئەوەی کەس نەتوانێت گۆڕانکاری لەو مەنهەج و دیراسەو پاراستنە بکات، ئیلا بە یاسا نەبێت، لە دەزگایەکی تەشریعی وەك پەرلەمان نەبێت، تەنها واریدە مەسەلەی رەسم وەرگرتن، لەبەرئەوەی موحتەمەلە ساڵێك بۆ ساڵێك گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئەمە دەکرێت وەزارەت بە تەعلیماتێك بە گوێرەی نرخ، بە گوێرەی عەرز و تەلەب، بەگوێرەی کردنەوەی مەکتەبی زۆر، بەگوێرەی مەرحەلە دیراسەکان تەحدید بکات، کە باقی تری پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەمە بەنیسبەتی سەلامەتی منداڵەکان، راپۆرتەکە باسی لە سەلامەتی صەحی کردووە، باقی تری سەلامەتی گیانیان دەکەوێتە سەر عیلاقەیەکی عەقدی بەگوێرەی قانون، ئەمە عیلاقەی عەقدیە لەنێوان باوك و ئەولیای ئموری تەلەبەکان لەگەڵ ئەو موئەسەسەی کە دەیبات بەڕێوە، هەر خوانەکات زیانێکی گیانیان بەر بکەوێت ئەگەر موتەعەمید بێت بە تەحسیل حاسل بەگوێرەی یاساوە ئەوە عیلاقەی عەقدیەو، ئەو مەکتەبە، ئەو کۆمپانیایە، ئەو شەریکەیە تەحەمولی مەسئولیەتیان دەکات، لەبەرئەوە پێویستە ئەم بڕگەیە بە یاسا دابڕێژرێت باشترە و هێزی یاسایی زیاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی ئێوە سوورن لەسەر ڕەئی خۆتان، کە ئەو ماددەیە رەت بکرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ڕایەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەین و وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەڵێین بڕگەکە لەناو یاسایەکە بێت، چونکە هێزی یاسایی زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر احمد فەرمور.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە لە دەقی پرۆژەكە، لە ئەصڵی پرۆژەكە هات بوو، ئێمە لەگەڵ ئەوە بووين ئەو ماددەيە گۆڕانكاری بەسەر دابێت، ئەوەی ليژنەی پەروەردە بكرێت بە ئەساس، يەعنی ئەصڵی پرۆژەكە چونكە ئێمە ئەصڵی پرۆژەكەمان كردوە بە ئەساس بۆ موناقەشە، دەبێت ئاماژە بدەين بە ئەصڵی ماددەكە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داين ئەصڵی ماددەكە لابچێت، ئەوەی كە لە راپۆرتی ليژنەی پەروەردە هاتووە جێگای بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوا سياغەتان چيە؟ بۆئەوەی بيخەينە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەپێی ئەوەی كە وەك لە راپۆرتی ليژنەی پەروەردەدا هاتووە، ئێمە ئەو ماددانەمان دەمج كردوە و، ماددەی حەوت بەجێمان هێشتووە، ماددەكانی تر كە لە دواوە هاتووە شێوازی ئەوەی ئەگەر هاتو قوتابخانەيەك بگوێزرێتەوە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر، ئەوە با بيگوازنەوە، ئاخر ئێمە چيمان كردووە هاتووين ئەو ماددانەمان بەوشێوەيە سياغە كردووەتەوە بۆ دەنگدان، دوا سياغە:

المادة الرابعة:

أ- يجب ان يتضمن الطلب المقدم الموضوعات الاتية:

1- تحديد الاهداف العامة و الخاصة.

2- تحديد الجدوى التربوية و الاجتماعية و التربوية للاقليم للمشروع.

3- تحديد المصادر المالية والطرف الداعم.

4- مقدار الرسوم الدراسية الماخوذة من الطالب نفسه او من اولياءه مقابل الخدمات المقدمة.

5- شروط القبول و نسبة واقصى حد له.

6- اسس النجاح و الرسوب و النظام العام الامتحان و التقويم.

7- اللغة الدارسة.

8- الخطة الدراسية والمدة المقترحة على الحصول على شهادة النجاح.

9- المناهج والكتب الدارسة ومصادرها مع مراعاة حقوق الملكية الفكرية.

10- الادوات و المستلزمات المهيأة المعدة حسب المراحل و النوع و اقسام الاختصاص.

11- طرق واساليب التدريس ونوعية المدرسين والباحثين الاجتماعين والنفسيين والمدراء وجنسياتهم.

12- المختبرات والمكتبة والقسم وقاعات الدراسة و تأمين الرعاية الصحية والنشاطات المتنوعة للمدرسة.

13- النظام المقترح لادارة المدرسة.

ب- يجب ان لايخالف المشروع مع القيم الوطنية والمبادىء العامة والخاصة المتبعة فى السياسة التعليمية.

ج- يجب ان يقدم المشروع خدمة للغايات التربوية بحيث يكون بامكانة المساعدة فى تحسين دور التربية والتعليم او التجديد فى مجال ادارة المدارس وتقوية الشخصية والقنوات التربوية.

**بەرێز د. ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆکی پەرلەمان:**

مادەکەتان هەیە بیخوێننەوە، بەکوردیەکەی فەرموو.

**بەرێز د. عمر حمدامين خدر(نورەدينی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده چوارەم:

أ- دەبێت داواکارییە پێشکەشکراوەکە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت.

1- دیاریکردنی ئامانجە گشتیی و تایبەتیەکان.

2- دیاریکردنی سوودە پەروەردەیەو کۆمەلأیەتی و ئابووریەکانی پرۆژەکە.

3- دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی و لایەنی پشتیوانی.

4- بڕی ئەو رەسمەی لە بری خوێندنی سالأنە لە قوتابی خۆی یان لە بەخێوکارانی وەردەگیرێت لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات.

5- مەرجەکان و رێژە و ئەوپەڕی ژمارەی وەرگرتن.

6- بنەماکانی دەرچوون وکەوتن و سیستەمی گشتیی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن.

7- زمانی خوێندن.

8- پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیارکراو بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دەرچوون.

9- پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان، لەگەڵ رەچاوکردنی مافی خاوەندارییەتی فیکری.

10- کەرەستە و پێداویستی ئامادەکراو بە گوێرەی قۆناغ و چەشن و بەشە پسپۆرییەکانی وەرگرتن.

11- رێکار و شێوازەکانی وانەوتنەوە و جۆری وانە بێژان و توێژەرانی کۆمەلأیەتی و دەروونی و بەڕێوەبەران و رەگەزنامەیان.

12- تاقیگە و کتێبخانەو بەش و هۆڵەکانی خوێندن و دابین کردنی چاودێری سەلامەتی و تەندروستی و چالاکی جۆراو جۆرەکانی قوتابخانەکە.

13- سیستەمی پێشنیار کراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە.

ب- پرۆژەکە لەگەڵ بەهای نیشتمانی و پرەنسیپە گشتی و تایبەتیە پەیڕەوکراوەکانی سیاسەتی فێرکردن ناکۆك نەبێت.

ج- پرۆژەکە خزمەتێك پێشکەش بە ئامانجەکانی پەروەردەیی بکات بە جۆرێك  کە توانای یارمەتیدانی هەبێت بۆ باشترکردنی رۆڵی پەروەردە و فێرکردن یان بۆ نویٚ کردنەوەی لە بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان و بەهێزکردنی کەسایەتی و کەناڵە پەروەردەییەکان رسوم کرا، (الماخوذة من الطالب نفسه أو من اولياءهم مقابل الخدمات المقدمة) جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، رسوم ئەو رەسمانەیە  کە دەوڵەت بە گوێرەی قانونی رسوم تەحدیدی دەکات، ئەمەی کە لە کۆمپانیایەکان وەردەگیریٚ و لەم پرۆژانە تایبەتن، تەسمیەکەی ئجورە، پێویستە رسوم بکریٚ بە میقداری ئجور.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوەی کە بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبنیەی لیژنەی قانونی، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ دوو کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، د.دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 7

نابیٚ قوتابخانە لەو شوێنە بگوازرێتەوە کە مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، تەنها لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت نەبیٚ، بۆ ئەم مەبەستەش قوتابخانەکە دەبیٚ داواکاریەك پێشکەش بکات بە وەزارەت پێش دوومانگ بەلایەنی کەمەوە و تیایدا هۆکارە ئەرێنیەکان بخانەڕوو بۆ گواستنەوەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 7

لايجوز انتقال المدرسة من المكان الذى حصلت عليه الموافقة الا بعد اخذ موافقة الوزارة، ويجب ان تقدم المدرسة طلباً لهذا الغرض الى الوزارة، وذلك قبل شهرين اقل لتقدير تستعرف فيه الاسباب الاجابية لنقل.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان، ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەین کـە ئـەم ماددەیـە زیـادە، چـونکە لـە شـوێنی تـر چارەسەرمان کردووە بە تایبەتی لە مادده 3 لە بڕگـەی 2 کـە دەڵـێین هـەر گۆڕانکاریـەك بکـرێ دەبـێ بـە ڕەزامەندی وەزارەت بێ و ئەمە لە دەسەڵاتی وەزارەت دایە و بە ڕێنماییش ڕێك دەخرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گواستنا قوتابخانەکی کێشەکا مەزنا هەی، نە وەسا بـە سانایيە، لبەرهەنـدێ پـتر لسـەر ڕاوەسـتن، یـەعنی ل مەسـیرێ قوتابیـا دای وەختـێ قوتابخانـە نـەقل بـی و بچـیتە ئـەوێ، لازمـە ژ بەرهەنـدێ دبێـژم یـا هاتیـە چارەسەر کردن لدیف دا ئەڤ خاڵە ئەگەر بچیت ئەز دبینم باشترە، ئان پتر تەفاسیلێ باسی لێ بکەین، یەعنی گواسـتنا مەبەسـتی لـە شـارەك بچـێتە شارەکی، لەگـەڕەکێك بچێتە گەڕەکەکی چـونکە ئەڤـە مەوزوعـەکی غامزە، گەلەکی وازح نینە تێدا، ئەگەر هاتو ل عاردەکی دی بە تەفسیلێ باس بکەنەوە، مەوزوعەکە گەلـەکی موعەقەدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بەڕێز جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێیدا، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتیگری دەقـی ماددەکـەمان کـردووە، وەکـو لیژنـەی یاسـایی پشـتگیری دەقـی ماددەکـەمان کـردووە کـە وەکـو خـۆی کـە لـە پرۆژەکە هاتووە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا گواستنەوە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە ئەگـەر قوتابخانەیـەك یـا پەیمانگایـەك کـە بـە گوێرەی ئـەم قانونە مۆڵەتی پێ دەدرێ دادەخرێ، چارەنووسی قوتابیـەکانی لـە ئاینـدەدا دیاریمـان کـردووە، کـە بـە هـیچ شێوەیەك نابێ چارەنووسی ئەم قوتابیانە بە شێوەیەك بێ کە خوێندنیان لە کـیس بچـێ و بـۆ ئـەوە ئەمـە گرەنتی کراوە، لە ئایندەدا دەیگەینێ کە ماددەکانی ئایندە دەخوێنینەوە، بەڵام ئەوەی دەیخوێنینـەوە بـەس لە گواستنەوە ئەوەیە کە ئەمە قوتابخانەیە لەم گەڕەکە دەچێتە ئەم گەڕەکە، لەم شارە دەچـێتە ئـەم شـارە، پێمـان وابـوو ئـەوە لـە زمنـی ئـەو گۆڕانکاریانەدایـە کـە ئێمـە دەسـەڵاتمان داوەتـە وەزارەت و ڕەزامەنـدی

وەزارەت بە گوێرەی ماددەی 3 بڕگە 2 ئەوان دەسەڵاتیان پێدراوە، ئەگەر پێشیان باشە مەسەلەن جەنابی وەزیر وەکو وەزارەت ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، مەناعەتمان نیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ڕای لیژنەی پەروەردە دەیەوێ ئەو ماددەیە ڕەد بکرێتەوە، لەبەرئەوە دەبێ ئەوە بخەینە دەنگەوە، چونکە ئەگەر ڕەد بکرێتەوە موناقەشەی ناکەین، ئێستا کێ لەگەڵ ڕای......... د.عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وتمان، بەڵام بۆ لەگەڵ ئەوە نەبووین؟ دوای گفتوگۆ و وەرگتنی مەسەلەن ڕەئی جەنابی وەزیر هەروەها لیژنەی قانونیش ئەگەر پێویست بکات بمێنێتەوە مەناعەتمان نیە ئێستا و لاریمان نیە لەوەی بمێنێتەوە، بەڵێ باشە ئەو ڕەئیەی خۆمان کە دەڵێ ئەوە ڕەد بکرێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی پەرورەدە سەحبی دەکەینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بدرێتە دەنگدانەوە ، د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە نە بەو شێوەیەیە کە لێرە پەسەند بکرێ و نە ڕەد کردنەوەشە، ئەوەی من تێبینی بکەم، ئەگەر بەڕێزان لەوێ سەیری بکەن، ئەمە لە شوێنی تر موعالەجە کراوە، ئێمە کێشەکەمان لەوەوە دەستی پێ کرد کە پێمان وابوو ئەمە دەبێ بە ئەساس و نەکرا بە ئەساس، لە شوێنێکی تر موعالەجە کراوە و دەکرێ بەو جۆرە قسەی لێ بکەین کە لەو شوێنەی کە دێت لەوێ گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێ، لەگەڵ هەندێ ماددەی تر لێك دراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ئێمە پێمان باشە لیژنەی پەروەردە خۆیان ئەگەر دەگەڵ ئەوە دان ڕەد بکرێتەوە، وەکو لیژنەی پەروەردە، کە لیژنەی پەروەردە ئەو سێ یە نیە کە لەسەر سەکۆیەکە دانیشتوون، ئەوانەی تریش، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەگەڵ ئەوە دان کە ئەگەر ڕەد بکرێتەوە، واتە یاسایەکە تەواو نیە، ئەو کاتە بە کەیفی خۆی خاوەنەکەی فوتابخانە لە گەڕەکێك دەیباتە گەڕەکێك، نەك لە شارەك بۆ شارەك، دەبی دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لەماددەی 3 ئاماژەی سەریحی پێ دراوە و دەڵێ، گۆڕانکاری ڕیشەیی لە برگەی 2 پێویستە بۆ دامەزارندنی قوتابخانەی تایبەت و دەست کردن بە پرۆسەی خوێندن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی تیایدا، داواکاری نووسراو پێشکەش بە وەزارەت بکەن، موعالەجە کراوە، بەڕاستی گۆڕانکاری ڕیشەیی گواستنەوەش دەکرێ لە گەڕکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، بۆیە منیش لەگەڵ لیژنەی پەروەردەم و پێویست بە موناقەشە ناکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر سوپاسی بەڕێز کاکە حەمە دەکەم، ڕێك ئێمە لە ماددەی 3 لە خاڵی 2 وتوومانە، لە کاتی دەست پێ کردنی خوێندن بۆ مەکتەبێکی تازە، یاخود ئەو (احداث تغیرات جذریة) یەکێك لەو شتانەی کە تەغیراتی جەزریە گواستنەوەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بە بێ تەڵەبی نووسراو تەقدیمی وەزارەت بکەن بۆ ئیستحساڵی موافەقە، یەعنی بە بێ وەزارەت نابێ، ئەوەش ڕایەکە بۆ ئەندامان دەگەڕێتەوە، ئەگەر پێیان باشە بمێنێتەوە، ئێمە لەو ماددەیە موعالەجەمان کردووە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردە، ڕێگەیان پێ بدرێ و ڕەئی خۆیان بدەن، وەك ئەندامی لیژنەی پەروەردە، چونکە ئێستا ئێمە هەرسێکمان لێرەین، با ڕەئی خۆیان بدەن و بمێنێتەوە یاخود نەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە با لیژنەی پەروەدە قسە بکەن بزانین ئەوان ڕەئی خۆیان بنووسن، د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم ئەوەی سۆزان خان ئیشارەتی داو هەم لە بەشی چوارەمی ئەوەی کە ئێمە ئامادەمان کردووە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دا بەشی چوارەم کە تەلاری قوتابخانەی تایبەت و پاشکۆکانی، لە ماددەی 16 هەم ئەمە جێی دەکرێتەوە، هەمان ئەو حاڵەتەیە، چونکە ئەمە پەیوەندارە بە بیناوە، بیخەینە ماددەی 16 و دوای خەین بۆ ئەو کاتە، چونکە لەوێ هەمان شوێنیەتی و هەمان تێکەڵ بوونە لەگەڵ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنە فکرەی ڕێکخستنی قانونیانەی گواستنەوەی قوتابخانە ڕەد ناکەینەوە، بەڵکو دەڵێین عیلاجمان کردووە، هەر گۆڕانکاریەك ڕوودات دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەر وەربگیرێ، بۆیە گواستنەوەی قوتابخانەش دەچێتە ژێر ئەو عینوانەی کە ئەگەر گۆڕانکاریەك ڕووی دا پێویستە بەڕەزامەندی وەزارەت بێ، بۆیە ئێمە فکرەکە ڕەد ناکەینەوە، بەڵکو لەشێوەی ماددەیەکی سەربەخۆ دا دەڵێین لەبەرئەوەی چارەسەرمان کردووە لە دەقێکی تر و لە ماددەیەکی تر دا پێویستە لێرە دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاکە ئێستا عیلاج چیە؟، نەقڵی بکەین بۆ ماددەیەکی تر؟ ڕەدی کەینەوە، موناقەشەی بکەین؟ بۆمان تەحدید بکەن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە فکرەکە ڕەد ناکەینەوە، بەڵکو پێویست ناکات لێرە دووبارە بکرێتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوە نینە ئەم ماددەیە لێرە دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاکە مەعنای وایە ئەگەر هەیە ماددەکە نەمێنێ، ئەگەر هەیە ماددەکە نەمێنێ، بەسەراحەت پێمان بڵێن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك عمر نورەدینی باسی دەکات هەر تەغیرێ بەسەر قوتابخانەکان دا بێ جیاوازە بە قانونەن لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەك و نەقڵ کردنێ لە شوێنێ بۆ شوێنێکی دیکە بێ، ئەوەی کە ئەو باسی دەکات لەو بڕگەیە ئەوەیە ناوی ئەم مەکتەبە و سیفەتی ئەو مەدرەسەیە شوێنی خوێندنەکەی و ئسوڵ و ئسوسی تەعلیمەکەی، ئەمە نەقڵ کردنەوەی یەعنی ئەم مەکتەبە بە هەموو دامودەزگایەکەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە نەقڵ دەبێ، بۆیە ئەم ماددەیە پێویستە لێرە بمێنێ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەد لە سەد لەگەڵ قسەکەی کاك عمرم، چونکە بوونی بڕگەی 7 جێی خۆی هەیە لە یاسایەکە دا، من لەگەڵ مانەوەی دام.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**د.دانا فەرموو.**

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی وابزانم بەڕوونی لە یاسایەکە بەم شێوەیە ئاماژەمان پێی نەداوە، بەڵام دەکرێ هەندێ مادده و بڕگە بدۆزینەوە کە بڵێین موعالەجەی ئەوەمان کردووە، بەڵام مادام دوو ڕەئی جیاواز هەیە و پێموایە هیچ ئەشکال نیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ماددەیە هەبێ، هیچ زەرەری نیە و بەڕەئی من با هەبێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**د.احمد فەرموو.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لێرە ئەگەر قسەیەکی قانونی بکەین بەڕاستی ئێمە کەلە سەرەتاوە لە کۆبوونەوەی ڕابردوو دەنگمان لەسەر ئەوە دا کە پرۆژە ئەسڵیەکە بکەین بە ئەساس بۆ موناقەشە، هەر ماددەیەك لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی تەنها دەتوانن ڕەئی لیژنەی خۆیان بدەن وەکو ڕاپۆرتەکەی خۆیان، بەڵام ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان ڕەئی خۆیان لەسەری بدەن پاشان بە دەنگدان یەکلابکرێتەوە، کە ئەگەر ماددەیەك لادەبەین یان لای نادەین، چونکە ئێستا ئێمە قەرارمان داوە کە ئەو پرۆژەیە ئەسڵی پرۆژەکە بکەین بە ئەساس بۆ موناقەشە، لەبەرئەوە لەڕووی قانونیەوە، وەختێ کە ماددەکە دەخوێندرێتەوە ڕەئی هەردوو لیژنەکە وەردەگیرێ، پاشان ڕەئی ئەندامان بە دەنگدان دەبێ یەکلابکرێتەوە، لەگەڵ ڕێزم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئێستا لیژنەی پەروەردە دەیانەوێ بمێنێتەوە، بۆیە ئەندامان کێ دەیەوێ قسە بکات؟ دە کەواتە بە تەسویت، ئێستا کەس هەیە بیەوێ موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ کەواتە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ کاکە هەروەکو خۆی وەکو ئەوەی کە هەیە، کێ لەگەڵ دانیە؟ کاکە بە زۆرینەی دەنگ قەرار درا ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بۆ ماددەیەکی تر، کاك دانا فەرموو.**

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 8**

**دانانی دامەزراوەکانی فێرکردنی تایبەت بە پێی ڕێککەوتنامەی دوو قۆڵی هەمان سیفەت و هەمان کەوتنە ژێرباری جێ بەجێ کردنی هەنگاوەکانی ڕێگەپێدان و بنەما ڕوونکراوەکانی هەیە لەم یاسایەدا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 8

تأسيس مؤسسات التعليم الخاصة وفق الاتفاقيات الثنائية، لها نفس الصفات ونفس التزامات تنفيذ خطوات السماح والاسس الموضوعة في هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە بەم شێوەیە ئەم ماددەیە دووبارە دابڕێژرێتەوە، هەر ڕێککەوتنێکی دوولایەنەی نێوان وەزارەت و هەر لایەنێکی دیکەی نێودەوڵەتی یان نیشتمانی بۆ کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی هەمان ئەو مەرج و ڕێکارو بنەمایانەی کە لەم یاسایە دا دەقیان پێ هاتووە پەیڕەو دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە دەبێتە ماددەی 6 ئەگەر بەم تەعدیلاتە بکرێ پاش ئەوەی کە قسەمان لەسەری کردو دەنگمان دا لەسەر ماددەی پێشوو، (المادة 6 فی کل اتفاقیة ثنائیة بین الوزارة او ای جهة اخری دولیة أو وطنیة لافتتاح مدرسة خاصة تتبع نفس الشروط والطرق والاسس المنصوصة علیها فی هذا القانون.

من داوای لێ بوردنتان لێ دەکەم، ئەسە عەرەبیەکەی زۆر ڕەکیکە، کوردیەکەی بکرێتە ئەساس زۆر باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 8 ڕای لیژنە وایە پێویست بەو دەقە ناکات، پێشنیاری لابردنی دەکەین، لەبەرئەوەی هەموو دامەزراوەیەکی فێرکردن دەکەوێتە ژێر حوکمی ئەم یاسایە، دامەزراوەی خوێندنی تایبەت بە

حوكمی یاسا دادەمەزرێ، نەك بە ڕێككەوتنی دوو قۆڵی، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین كە ئەو دەقە لێرە نەمێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا ڕەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە ئەو ماددەیە نەمێنێ، كێ لەگەڵ دایە ئەو ماددەیە نەمێنێ؟ كێ لەگەڵ دایە بمێنێ؟ وەڵڵا 30 بە 30 دەنگی خۆم بدەم بە كێ باشە؟ د.عمر نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویست بوو پێش ئەوەی كە ڕەئی ئێمە بخرێتە دەنگدانەوە، ڕەئی خۆمان بگوتبا كە بۆ بمێنێتەوە؟ دەمانەوێ ئەو ڕەئیە بدەین ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا تەسویتەكە تەواو نەبووە، چونكە وەكو یەكن، دەتوانن ئێستا تەبریری خۆتان بدەن بۆ ئەوەی جارێكی تر بیخەینە دەنگدانەوە، كاك فرست دەڵێ دەنگ دەدەم و دەنگ نادەم كاكە، پێم باشە هەر لایەنەو تەبریری خۆی بڵێ، هەر لایەو دوو كەس، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە بمێنێتەوە باشە، چونكە هەندێ جار هەندێ موئەسەسەی نێودەوڵەتی هەیە، بە پێی ڕێككەوتنێك لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، دێتە هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی فەرعێك لەم موئەسەسەی خۆی بكاتەوە، ئەم ڕێككەوتنە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی كە پاشان مۆڵەتی پێ بدرێ بە گوێرەی ئەم قانونە دەبێ لێرە موئەسەسەكە دابمەزرێ و ئیلتزاماتی قانونی بۆ دروست بێ، جەنابی وەزیر لێرەیە و خۆ پێشنیار لەگەڵ چەند موئەسەسەیەك ڕێككەوتنیان كردووە، بۆ ئەوەی موئەسەساتی تری نێودەوڵەتی بێنە هەرێمی كوردستان و پرۆگرام و بەرنامەی خۆیان بۆ خوێندن بێننە ئێرە، ئێمە پێمان باشە هەر بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئیتفاقیاتی سونائی ڕاستە دەكەوێتە ژێر ئەحكامی ئەو ئیتفاقیانەی كە هەیە، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نیە ئێمە، لەبەرئەوەی ئەو ئیتفاقیە كە كراوە خازع نەكرێ بۆ یاسایەكە، ئێمە كە ئەم ماددەیەمان داناوە وتوومانە هەتا تەنانەت ئەو ئیتفاقیاتانەی كە وەزارەتی پەروەدە دەیكات

لەگەڵ هەرچ لایەنێك دا بۆ هێنانی قوتابخانە و بۆ هێنانی سیستمێکی نوێ دەبێ ئەم مەرجانەی ئەم یاسایەیان بەسەردا تەتبیق بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئیتفاقیەکە لە مابەینی دوو جیهەتی ڕەسمی دایە کە ئیتفاق دەکەن لەسەر ئەوەی کە تەعاونی سەقافی و پەورەردەییان هەبێ، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نیە خازع نەبێ بۆ یاسای ئەم هەرێمە بۆ ئەم یاسایە کە ئەوەیە، لەبەرئەوە دەبێ ئەندامان لە کاتی دانان ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەن، ئایا ئیتفاقیات کە دەکرێ، نەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاساوە، یا بکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەم یاسایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی دەڵێن نەمێنێ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمان ناخۆش نیە هەرچی موئەسەسەی سەقافی و تەعلیمی و دنیا هەیە لەسەر هەرچی مستەوایەکی بەرز بێتە کوردستانەوە و خزمەتی ئێمە بکات، بەڵام ئێمە دەبێ وەکو ناحیەی یاساییەکەی لێکی بدەینەوە، چەند دەسەڵاتمان هەیە لە موعاهەداتی دەولی ئیش بکەین، ئەمە کە باس لە ئیتفاقیاتی سونائی دەکات، دەچێتە بابی ئەو موعاهەدە دەولیانەی کە مستەوا دەکرێ و دەچێتە زمنی دەستووری عیراقەوەیە و سەڵاحیەتی ئێمە نیە، ئەمە یەك، دووەم/ ئێمە لە ماددەی 9 باسمان لەسەر کردووە، ئەمە هەندێ شروتی تایبەتی بۆ دانراوە، ئەم موئەسەسانە ئەمە شروتی تایبەتی هەیە لە کوردستان دا کە دەبێت ئەم مەکتەبانە بکاتەوە، لەبەرئەوەیە ئێمە داوامان کردووە و دەبێ خازع بێ بۆ شروتی ئەم قانونەی کە ئێستا ئێمە لە سەر موسادەقە کردنی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامی لیژنەی پەروەردە...... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

قسەتان نەکرد جاری یەکەم، دوو کەس دیفاعی لێ کردو، دوو کەسیش ڕەدی دەکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەندامی لیژنەی پەروەردە ڕەئی خۆمان هەبێ، دیارە مانەوەی ئەو بڕگەیە لەو یاسایە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك لە قوتابخانەی ئەهلی هەنە لە کوردستان دا لەگەڵ ئەوەی ڕێکەوتنیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردیە، ئەوجا ئیلتزام ناکەن بە قەراری وەزارەتی پەروەردە، کەواتە ئەگەر ئەو یاسایە نەبێت ئیلزامیان بکەی، ئەوانە هەر بە یەکجاری، بۆ نموونە شوەیفات، بەڕوونی، بەڕاستی شوەیفات ئیلتزام بە هیچ قەرارەك ناکات لە کوردستان، بەڵام بەو قەرارە ئیلتزامیان پێوە بکەین و زیاتر پابەندیان بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مانەوەی ئەو ماددەیە لەوەدایە بۆ ئەوەی پێشێلکاری یاسا نەکرێ، چونکە وەزارەت مولزەم کراوە بەوەی هەندێ کار بکات بۆ نموونە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەندێ موئەسەسە هەن کەئێستا من پرسیارەك لە جەنابی وەزیر دەکەم بۆ نموونە موئەسەسەی فەزالەر هەیە کە هاتووەتە ئێرە و لەسەریەتی بۆ خۆی بینا دابین بکات، بەڵام لە زمنی 18 بینایە کە لە کوردستان بینای حکومی دراوە بە قوتابخانەی ئەهلیەکان کە لەسەر خۆیانە لەو 18 بینایە 7ی مونەزەمە و دامەزراوەی فەزالەر تیایدایە، هۆکار چیە مەکتەبەکانی ئیشق لەمە بن، مەکتەبی فەرەنسی هەیە لە بینایەی حکومی دایە، بۆچی لەوێ دابێ، بە پێی ئەو عەقدانەی کراوە ئیتر ئەمە شوەیفاتە و کۆمەڵێ شتی تریشە، 18 بینایە، لەڕووی بینایەوە، سەبەب چیە ئەو عەقدانە وادەکرێن ئەو کاتە حکومەت ناچار دەبێ و وەزارەت ناچار دەبێ بە جۆرێکی تر گرێبەستەکان بکات، بۆیە تکا دەکەین ئەوەی موڵك و ماڵی حکومی و موڵك و ماڵی گشتی تایبەت بە کار نەهێنرێ کە ئەمانەش بەشێکن لە کەرتی تایبەت، تکا دەکەین ئەو ماددەیە بمێنێتەوە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام نەهجی سەرۆکایەتی پەرلەمان تەوافوقیە، ئێستا ئەوان تەوافوقیان کردووە، ڕازی دەبن کە ئەوان تەوافوقی خۆیان بخوێننەوە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە وامزانی دووکەس قسە بکەن، من بەڕاستی دەمەوێ یەك شت بڵێم، مەبەست لە نێودەوڵەتی تێ گەیشتین، ئیتفاقاتی دوەلیە، جیهەتێکی عالەمیە دێت و مەدرەسە دەکاتەوە ئەوەمان زانی، سیستمی

دادوەری سیستمێکی موتەکامیلە، هەمووی یەکتر دەگرێتەوە، تەجاروبی قانونێك ناکرێ لە کاتی بیرکردن لە کێشـەیەکی تـر، کەلـەم قانونـە دەوتـرێ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم یاسـایە ئـەرکی حکومـەت و جیهەتـە پەیوەندارەکانە، واتە وەزیری پەروەردەکە گرێبەسـتێك دەبەسـتێ دەزانـی لـەولاتی ئێمـە یاسـایەك هەیـە و دەرمان کردووە، واتە ئۆتۆماتیکیەن ئەو گرێبەستە لە دەرەوەی ئەم یاسایە بێ، بۆیـە کـە وەکـو کـاك عمـر نورەدینی باسی کرد، ئێمە کە دەڵێین ئەم ماددەیە داعی نیە هـەبی، چـونکە تەحسـیلێ حاسـڵە لـە پرۆسـەی ڕێکەوتن لەسەری، چۆن ئێمە کە لە بوارەکانی تریش کە دێن دەپرسن لە ئێمە یاسا و بانـك تەنـدەر هەیـە یاساتەندەربەری زەریبە هەیە، ئیعفائات هەیە، بە هـەمان شـێوە ئێمـە یاسـایەکمان دەرکـردووە حکومـەت و وەزیری تەربیە بە شێوەیەکی تایبەتی ئیلزام دەکەین لـە کـارکردن و مۆڵەتـدان لەسـەر ئـەم یاسـایە بچیت، مادام ئەوە هەیە، لەسەر ئەو ئەساسە ڕوحی مەبەست لە بوونی ئەو ماددەیەی کە ئیلزامی حکومەت دەکات ئەنجام دراوە، ئەوەیە سەبەبی ڕەئیسی کە بۆچی ئەم ماددەیە هەبێ، تیکراری زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سیغەیەکی تەوافوقیان دۆزیوەتەوە بۆ نەیخوێننەوە بزانین، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پرسیاری ئەوە دەکەم حیکمەت چیە لەوەی کەلیمەی ئـەو ئیتفاقیـە سـونائیە ئیزافـە بکـرێ؟، مـادام هەمان قانونەکە بەسەری دا تەتبیق دەکرێ و لە ماددەی 62دا دەڵێ دوای دەرچوونی قانونەکە لـە جیهـەی موختەس مولزەمە ئیش بە قانونەکە بکات، یەعنی ئەم ئیتفاقیـە چ ئیزافەیـەکی هەیـە؟ بـا گوێمـان لێ بـێ ئەگەر ئیزافەیەکی مەنتقی و مەعقول هەیە با ئێمە تەئیدی بکەین، ئەگەر نیە، هەر قانونەکە جێ بەجێ دەکـرێ، ئەگـەر نـا هـیچ شـتێك لـەوە بـەرزتر نیـە، مـادام قانونەکـە دەبـێ تـەنفیز بکـرێ، کەواتـە ئەمـە ئەولەویەتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەو سیغە تەوافوقیە بخوێنینەوە بەڵکو ڕازی دەبن، سیغە تەوافوقەکە بخوێننەوە ئەگەر ڕازی نـەبوون ئـەو کات شتێکی ترە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمانەی لێرەین تەوافوقمان کردووە، تەوافوقەکە لەسەر ئەوەیە ڕێککەوتنی دوولایەنە (دوولایەنە) لابچێ، بـەم شـێوەیە، هـەر ڕێککـەوتنێکی نێـوان وەزارەت و هـەر لایـەنێکی دیکـەی نێودەوڵـەتی یـا نیشـتمانی بـۆ کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی هەمان ئەو مەرج و کاروبنەمایانەی کە لەم یاسایەنەدا دەقیـان هاتووە پەیڕەو دەکرێ).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا ئەو سیغەیەی كە خوێنرایەوەو هەردوو لیژنە موتەفقن لەسەری، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ تەنیا سێ كەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، كاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 9

قەدەغە دەكرێ بە قەدەغە كردنێكی تەواو ڕێگەپێدان بۆ دانانی دامەزراوەكانی فێركردنی تایبەت یان كاركردن لەهەر جۆرێكی بوارەكانی فێركردن، ئەگەر سەلمێنرا لایەنی داواكار پەیوەندی (هەبوو) (هەیە) بە ڕێكخراوە تیرۆرستیەكان یان دەستە موژدەبەرەكان، (تبشیری) یان ماسۆنی گومان لێكراوەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەرێ ئەو شتانە هەیە لە كوردستان؟ كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 9

یمنع منعا باتا السماح لتأسیس مؤسسات تعلیمیة خاصة أو عامة فی ای نوع من مجالات التعلیم اذا ثبت ان جهة لصاحبة الطلب كانت لها علاقة بالمنظمات الارهابیة أو الهیئات التبشیریة أو الماسونیة والمشبوهة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا لیژنەی پەروەردە ڕەئیتان؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە گۆڕانكاریمان هێناوە لەسەر ئەوماددەیە لە زمنی ئەوماددە ئەسڵیەی خۆی وەكو خۆی نەماوە، لەبەرئەوەی هەندێ شتی تیایە كە ئێستا ئەسڵەن لەلای ئێمە هەر نیە و نەش بووە، بۆیە بەم شێوەیەمان لێ كردووە، المادە 6 لەدوای ئەو دانگدانەوە ئێستا بووەتە 9 .

المادة 9

1/ لایسمح لای حزب أو تنظیم سیاسی یأسس مدرسة خاصة.

2/ لایجوز تأسیس أی مدرسة (تەبعەن مەدرەسە خاسەكە هەمووی بە پێی ئەو دەنگدانە هەمووی دەبێتە ) ای مدرسة أو غیر حكومی.

2/ لايجوز تأسيس اى مدرسة أو معهد غير حكومى على اساس الفكر الارهابى والعنصرى وأذا ثبت ذلك بعد تأسيسها فانه ينبغى غلقها.

3/ لايجوز فى أى مدرسة خاصة استخدام الرموز والشعارات التى لا تتفق مع مبادىء التعايش السلمى الدينى والقومى لشعب كوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

فەرموو لیژنەی یاسایی، د.دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ماددەی 9 و 10 و 11 ی پێكەوە لێك داوە، جامن پێشنیار دەكەم هەرسێ ماددەكە بخوێنینەوە دەبێ دەقی پرۆژە ئەسڵیەكە، هەمووی لێك دراوەو ڕەبتی هەیە بەو ماددەیەی ئێستا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە ماددە ماددە بخوێندرێتەوە و ئەوكات ڕەئی لەسەربدرێ بڵێی ئەو سێ ماددەیە تەوحید دەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 10

قەدەغە دەكرێ بە قەدەغە كردنێكی تەواو و ڕێگەپێدان بە حیزبەكان و ڕێكخستنە سیاسیەكان و كۆمەڵە خێرخوازیەكان بە دامەزارندنی دامەزراوەكانی پێكردنی ئەهلی یان تایبەتی.

ماددەی 11

قەدەغە دەكرێ بە قەدەغە كردنەوەی قوتابخانە بۆ مەبەستی شاراوە یان بە پاڵنەری سیاسی یان حزبی یان تایفەگەری یان مەزهەبی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ مادده دەخوێنینەوە بە سەر یەکەوە ئەو سێ ماددەیە بەڕای لیژنەکان پەیوەستن بەیەکەوە بۆیە بە یەکەوە دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی دواتر هەرسێ ماددەکە لە سیاغەی ماددەیەکی موستەقل دابڕێژرێتەوە.
المادة 9 يمنع منعا باتا السماح لتأسيس مؤسسات تعليمية خاصة او عامة فى أى نوع من مجالات التعليم اذا ثبت ان الجهة صاحبة الطلب كانت لها علاقة بالمنظمات الارهابية أو هيئات التبشيرية أو الماسونية والمشبوهة.

المادة 10

يمنع منعا باتا السماح للاحزاب والتنظيمات السياسية والجمعيات الخيرية تأسيس مؤسسات التعليم الاهلية والخاصة.

المادة 11

يمنع افتتاح المدارس لاغراض سرية خفية أو لدوافع سياسية أو حزبية أو طائفية أو مذهبية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێکی تر بە عەرەبی دەیخوێنمەوە، بەم نەسە تازەیە یاخود یەکسەر بە کوردی بخوێندرێتەوە، باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا ئەو ماددەیە هەر دوو لیژنەی پەروەردە و یاسایی پێیان باشە لێکی بدەن و سیاغەیەکی تازەی بۆ بکەن، کێ لەگەڵ دایە؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی نەمان وت وەك لیژنەی یاسایی وتمان بۆ پرۆتۆکۆل ماددەکان دەخوێنینەوە، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسایی ڕای جیاوازمان هەیە لەسەر هەرسێ ماددەکە، ڕامان بە نیهائی لابردنی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی ماددەی سێ و ماددەکانی پێشوو تر، باسی لەسەر کراوە، داوا دەکەین هەرسێکی ئیلغا بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەکەمیان جگە لەوەی من باسی ئەو تەبریرانە ئەکەم کە زۆر پێویستە ئەو ماددەیە هەبێ، بەڵام لیژنەی یاسایی بۆخۆشی پێش ئەوەی بگەینە ئەو ماددەیە، پێشتر ماددەیەکیان داناوە، هەمان ئەو قسەیەیان

کردووە نەوەك ڕەتی بکەنەوە، لە ماددەی سێیەم، لە ڕاپۆرتەکەیان لە مۆڵەت دان هاتووە دەڵێت ڕێگا بە هیچ حیزب یان ڕێکخستنێکی سیاسی خێرخوازی نادرێ کە بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی تایبەت هەڵبستێ، یەعنی لێرە ئەمە خۆشیان داوایان کردووە پێشتر، هیوادارم کەوا قسەی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دوو ڕەئی جیاوازیان هەیە، با هەر یەکەیان دیفاع ....، لیژنەی پەروەردە دەڵێ هەرسێ ماددەکە بکەین بە یەك ماددە، لیژنەی یاسایی ڕەئیەکی تریان هەیە، لەبەر ئەوە با لیژنەی پەروەردە ڕەئیەکەی خۆیان بڵێن، دیفاعی لێ بکەن، دوایی لیژنەی یاسایی دیفاع لە ڕەئیەکەی خۆی بکات، فەرموون لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ڕامان وابووە کە ئەم سێ ماددەیە بکرێن بە ماددەیەك، چونکە هەموو پەیوەندی بەوەوە هەیە لە چەند برگەیەکدا تۆ ڕێگا نەدەی بە هەندێ لایەن، بەم شێوەیە، بەم داڕشتنەی خوارەوە:

یەکەم: ڕێگە بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نادرێ کە قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی دامەزرێنێ.

دوو: نابێ هیچ قوتابخانەیەکی تایبەت لەسەر بنەمای بیری تیرۆریستی و ڕەگەز پەرستی دابمەزرێ، ئەگەر پاش دامەزراندن سەلمێنرا دەبێ ئەو قوتابخانەیە دابمەزرێ.

سێ: نابێ هیچ قوتابخانە و پەیمانگایەکی ناحکومی ڕەمز و دروشمی ئەوتۆ بەکاربهێنێ کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ژیانی ئاشتیانە و ئاینی گەلی کوردستان ناکۆك بێ.

**بەڕێز د. . ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان باسمان کردووە، ئەڵێین ماددەی (9) لیژنە پێشنیار دەکات، کە دەقی پێشنیارکراو لابدرێت، لەبەر ئەوەی مەرجەکانی دامەزراندنی دامەزراوەی فێرکردنی تایبەت لە ماددەی پێشوو بە ڕوونی و ڕاشکاوی دیاری کراوە، جگە لە وەرگرتنی ڕەزامەندی لە وەزارەت، ڕێگر دەبێ لە دامەزراندنی لەم جۆرە دامەزراوانە، لە ماددەی (10) هەمان ڕەئیمان هەیە کە ڕەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (3) باسی لەسەر کراوە، لە ماددەی (11) لەبەر هەمان هۆ باسمان لەسەری کردووە کە پێویستە ڕەت بکرێتەوە، بۆچی؟، لەبەر ئەوەی لە ماددەی(3) لە ڕاپۆرتی خۆمان باسمان کردووە، ئەڵێین ڕێگا نادرێ بە هیچ حیزب یان ڕێکخستنی سیاسی، یان خێرخوازی بە دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت.

**بەڕێز د . ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، لیژنــەی یاسـایی هــەر خـودی خـۆی وتوویـەتی لـەماددەی (3) ئیزافـەی ماددەیـەك بکـەن، کـە بـوترێ، ڕێگـە نـادرێ بـەهیچ حیزبێـك یـان ڕێکخسـتنی سیاسـی یـان خێرخـوازی بەدامەزراندنی قوتابخانەی تایبـەت، ئەمـە تەسـبیت نـەکراوە، کەواتـە فـەراغمان هەیـە، بۆیـە دەڵێین، ئـەم ماددەیە دەبێ وەکو خۆی بمێنێتەو، چونکە ئەمەمان ئیزافە نەکرد لە کاتی خۆی لە ماددەی (3) تکا دەکەم بمێنێتەوە، زۆر سوپاس، خەتای لیژنەی یاساییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیانووەکە بەقوەتە، لەوێ تەسجیل نەکراوە، ئێستا هەموو لایەك موتەفقن لەسەر ئەوەی کە بمێنێتـەو، جا بەو سیاغەیەی...، ئێستا هەرسێکی دەکەین بـە یـەك، ئێسـتا ئـەو سـێ ماددەیـە کـێ لەگەڵدایـە؟، هەرسـێکی بکـرێ بـە یـەك، یـەك سـیاغەی تـازەی بـۆ بکرێتـەوە، کـێ لەگەڵدایـە تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، کـێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، چوار کەس لەگەڵدانیـە، کەواتـە بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـەند کـرا کـەوا هەرسـێ مـاددە بکـرێ بـە یـەك، فـەرموو سـیاغە تازەکـە بخوێنـەوە بـۆ ئـەوەی موناقەشـەی بکـەین، فەرموون.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە سابعە:

اولاً: لایسمح لاي حزب او تنظیم سیاسی ان یأسس مدرسة خاصة.

ببورن مەدرەسە خاسە دەبێ لە هەموو شوێنێك پاش ئەوەی کە دەنگمان داوە، بکرێ بە ( مدرسة او معهد غیر حکومی) من وەکو خۆی دەیخوێنمەوە.

ثانیاً: لایجوز في تأسیس مدارس او معاهد خاصة علی اساس الفکـر الارهـابي والعنصـري واذا ثبـت ذلـك بعـد تأسیسها فانها ینبغی غلقها.

ثالثـاً: لایجوز في أی مدرسـة خاصـة أسـتخدام الرمـوز والشعارات الـتي لا تتفـق مـع مبـادیء التعـایش السـلمي والدیني والقومي لشعب کوردستان.

**بەڕێز د. . ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ئەوەی هەرسێ ماددە کرا بە یەك، سیاغەی تازەی بۆ کراوە، کێ دەیەوێ قسەی لەسـەر بکـات، بـا قسـە بکـات، ئـارام، بـیلال، د.بشـیر خلیـل، سـیوەیل عثمـان، فـەرمان عزالـدین، جـلال، د.سـەروەر عبـدالرحمن، عبدالسلام مصطفی، شەونم محمد، حەمە سعید حەمە علی، د.احمد، ئەم بەڕێزانـە ناویـان نووسـراوە، کـاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش ئەوەی دەنگ درا لەسەر ئەوەی ئەو سیغەیە بمێنێتەوە، بەلاّم خاڵی یەکەم لەگەڵ قانونی ئەحزاب یەك ناگرێتەوە، چونکە ئیشی حیزب جیاوازە کە کاری چیە لەناو کۆمەڵگا، بەهیچ شێوەیەك ئەوە لەگەڵ قانونی ئەحزاب یەك ناگرێتەوە، ئەرکی ئەو نیە کە تەقدیم بکات قوتابخانەیەکی تایبەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئەڵێم خاڵی یەکەم زیادە، خاڵی دووەم، پێشنیار دەکەم تەبشیریشی بۆ زیاد بکرێ وەکو لە پڕۆژە ئەسڵیەکەدا هاتووە، چونکە بەڕاستی ئەوە کێشەی ئەمڕۆی کوردستانە، لە هەموو میدیاکان باس کرا، ئێمە کێشەی تەبشیرمان هەبوو، کە قوتابخانەی میدیاو هەموو میدیاکانی کوردستان باسیان کردووە و کێشەشی لێ دروست بووە، ئەو زاراوەی بۆ زیاد بکرێ، پاش ڕەگەز پەرستی تەبشیری دابەزێت، سوپاس.

**بەڕێز د. . ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئیەکانی کاك ئارامم هەیە، ئەگەر بۆ جوابی ئەوەش خاڵی دووەم، لە خاڵی یەکەم باسی کردووە و ڕوونی کردەوە پێویست ناکات بڵێین لەبەر چی، لە خاڵی دووەمیش ئەو تەبشیرو ماسۆنیەی کە پێشتر لە دەقی پڕۆژە یاسایەکەدا هەبوو، پێویستە لێرە دابندرێت، ئەگەر کەسێکیش بڵێت نیمانە بە تەئکید هەمانە، بەڵگەش لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك هەیە، کێشەی لێکەوتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بوونی قوتابخانەی تەبشیری هەیە لە کوردستان، بۆیە پێویستە لێرەش بە نەفسی یاسا قەدەغە بکرێن ئەو قوتابخانانە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لەو فەقەرەیەی کە باس لە ( لا یجوزتأسیس أی مدرسة خاصة أو معهد علی اساس الفکر الإرهابي أو العنصري) وشەی تەبشیریشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە وەکو هاوکاران باسیان کرد، ئەمە کێشەیەکی دروست کرد لەو بارەیەوە، هەموومان ئاگادارین ئێستا وجودی هەیە لە کوردستاندا، یانیش ئەگەر ئەوە داناندرێت، دەکرێ فەقەرەیەکی تازە لەگەڵ ئەو فەقەرەی ماددەکە زیاد بکرێ، (لایجوز فتح او تأسیس أی مدرسة دینیة الا لمعتنقي ذلك الدین) بۆ دینەکەی خۆی مەسەلەن لە عەنکاوە، لە مەنتیقەیەکی

مەسیحی بۆخۆیان دەکەنەوە، مانع چیە؟، موسوڵمان بۆخۆی دەکاتەوە، مـانع چـیە؟، (لمعتنقـی ذلـك الـدین) بەلاَم بۆ خەڵکی تر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە یەکەم (لایسمح لحزب تنظیم سیاسی)پێم باشە جمعیەی خەیریشی تێدابێ، لەبەر ئـەوەی جەمعیـەی خـەیری دوو نـەوعمان هەیـە، هەیـە ئەهلیـەو چـەند کەسـانێك بـەڕێوەی دەبـات، هەیـە بابڵێین لە ژێر پەردەی حزبەوەیە، هەیە حیزبیە، لەبەر ئەوە جەمعیەی خەیریەکە با هەر مەسموح نـەبێ بیکاتـەوە، لەگەڵ هەیئاتی تەبشیریشی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوم لە هەموو هاوکارانم کە پێش من قسەیان کرد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەکە (نابێ) چەند جارێك دووبارەی کردۆتەوە و سێ بـارەی کردۆتـەوە، (نـابێ) هەیـە کـە زەرورە هەبێ، مەسەلەی ئەو قوتابخانانەی کە حکومین ناکرێ بدرێتە ئەو قوتابخانە ئەهلیانە، چـونکە لـە مـاددەی (16) ش جێگەی بۆ نەکراوەتەوە، لێرە جێگەی بۆ بکرێتـەوە پـێم شـتێکی باشـە، کـە قوتابخانـەی حکومی نـەدرێ بـە قوتابخانـەی ئـەهلی، دەرسـی تیـا بگوترێتـەوە، هیچیشـیان لێ وەرنـەگیرێ، لـەو بینایانـەی ئێسـتا جێگەی بۆ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەسەر ئەوە قسە دەکەم کە ڕەئیەك هەبوو ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە، ئایا من پرسیار دەکەم لەگەڵ ئەوەدان ڕێگە بدرێت بە حیزب، یان ڕێکخراوێکی سیاسی قوتابخانە بکاتەوە، چونکە هەبووە لە کوردستان، قوتابخانەمان هەبووە حیزب کردوویەتیەوە، کێشەشیان بۆ ناوینەتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەمە هەبێ بەڕاستی، بە نەسی سەریح هاتووە، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەیە بگیرێ، خاڵێکی تر لەسەر ئەوەی کەوا نابێ هیچ قوتابخانەیەکی تایبەت ڕەمز و دروشمی ئەوتۆ بەکاربهێندرێت، بەڕێزان، ئێمە هەندێ قوتابخانەمان هەیە جۆرێك ڕەمز بەکاردەهێنن، لەوانەیە من وەکو هاووڵاتیەکی ئەم کوردستانە لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە ئیستیفزاز کردنی من بێ، ئیستیفزاز کردنی نەتەوە بێ، مناڵەکانمان پەروەردە بکەن بەو جۆرە عەقڵیەتە، بەڕاستی پێویستە لێرە بەدەقی ڕوون و ئاشکرا، بە دەقی یاسا بێ بۆ ئەوەی ئەوانە قەدەغە بکات، ئەوە هەڵسەنگاندنێکە تەنانەت ئێمە بۆ نموونە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بەپێی هەڵسەنگاندنێکی خودی وەزارەت ئەوەتا لەبەر دەستی من دایە، لە کۆمەڵێك لەو مەکتەبانە ئاڵای کوردستان هەڵناکرێ، هەندێکیان مەبەستی لەوانەیە لە پشت بێ، هەندێکیان فێری جۆرێك سروودیان دەکەن کەوا پێچەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵێك بەهای نیشتیمانی ئێمە، مەسەلە ئاینیەکانیش هەروەها، چ مەسەلەی ئاینی ئیسلامی بێ، چ مەسەلەی ئاینی مەسیحی بێ، هەرکەسێك ئازادە لەوانەی کە چۆن و چ ئاینێك هەڵدەبژێرێ، چۆن لەسەری ڕا هاتووە، ڕۆڵەی دایك و باوکی خۆیەتی، ئەو ئاینێکی هەیە، بەلاّم ناچار کردن و دروست کردنی کەشێك بۆ مناڵێك، کە ئێستا نازانێ چۆن بیر دەکاتەوە، ڕایکێشی بۆ ئاینێك، چ بەرەو ئەو ئاینەی کە خۆی هەیەتی، بەرەو توند ڕەوی یاخود بەرەو ئاینێکی تر، بەڕاستی هەق وانیە ئەمانە لەناو پرۆسەی پەروەردەدا هەبن، بۆیە من بە تەواوی پشتگیری ئەمە دەکەم، زۆر پێویستە ئەو ماددانە لێرەدا بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی پێکەوە لکێندرانی ئەو ماددانە شتێکی باش بوو، یەعنی بە یەك ماددە، بەلاّم تێبینیەکانم لەسەر هەر یەکەیان، ئێمە دەنگمان دا لەسەر ماددەی سێیەم، کە بەگوێرەی ئەم یاسایە هەموو کەسێکی سروشتی و مەعنەوی جا بەشێوەی تاك بێ یان کۆمەڵ، مافی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی نا حکومی هەیە، ئەم ماددە ماوە یان نەماوە؟، ئەگەر مابێ؟، حیزب بە پێی قانون شەخسیەتێکی مەعنەویە، دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، نابێ ماددەیەك ڕێگا بدەی بە شەخسیەتی مەعنەوی، لە ڕێگایەك ئەو حیزبەی نەخۆشی مەرەزی موعدی هەیە، وادیارە ناتەوێ بێتە ناو حیزب خێرە؟، حیزب لە موجتەمەعی مەدەنی لەسەر مەشاریعی ئیستیسماری ئەژی، حیزب...، حەز دەکەم گوێ لەمن بگرن ڕەجاتان لێ دەکەم، حیزب لەموجتەمەعی پێشکەوتوو مەدەنی لەسەر مەبدەئی ئیستیسمار ئەژیت، وەکو هەر یەکەیەکی ناو ئەو

کۆمەڵگایە، تاوەکو حکومەت نەیکاتە موڵکی خۆی و میزانیەی بۆ سەرف نەکات، حیزبەکان سوپەرمارکت دەکەن، بیناپاتیش ئەکەن، مەشاریعی تەربەوی بۆ نەکەن؟، تەحدیدمان کردووە بە یاسا، ئەو مەدرەسەیە لە ڕووی مەنهەج ئەوەیە دەبێ پابەندی ئەو هەموو مەرجانەبێ، هەقت چیە ئەوەی کە پێشکەشی کردووە، بەتایبەتی ڕێگەشت پێی داوە ئەو حیزبە یان کۆمپانیایە، یان ڕێکخراوە، ئەو پارەی خۆی ئیستیسمار دەکات، بەڵام تۆ بۆت هەیە نەهێڵی بۆ حیزبەکەی خۆی بەکاری بهێنی، ئەوەش لە پێشان باسمان کردووە، بۆیە من تەسەوڕ دەکەم ئەمەی یەکەم موناقزە بۆ خودی یاساکە، ئیجحافە بە هەقی جەماعەتێك هیچ گوناحیان نیە، غەیری ئەیانەوێ لە پرۆسەی سیاسی ئەو وڵاتە بەشدار ببن، کە ناویان حیزبە، شەخسیەتێکی مەعنەویە، بۆیە ئەوە نایاساییە، نا دەستووریە، خاڵی یەکەم نابێ لەناو ئەو یاسایە هەبێ، سیاغەی بکەن، بڵێن ئەگەر دەرچوو ئەو جیهەتەی یاسای قوتابخانەکەی داناوە بە کاری دێنیت، بۆ مەسائیلی ئایدە لۆجی تایبەت و ئەو مەنعی بکات، ئەوە دەستی خۆش بێ، بەڵام حیزب وەکو پشکێك لەو کۆمەڵگای مەدەنیە، تۆ مەنعی بکەی جێگا لە هەموو پێکهاتەکانی تر، بەڕاستی نا دەستووریە، دژی ماددەی سێیەمە، ئەوە یەك، دوو، لەماددەیەکی تر وتوومانە پڕۆژەکە لەگەڵ بەهای نیشتیمانی و پرەنسیپی گشتی و تایبەتە پەیڕەو کراوەکانی سیاسەتی فێرکردن ناکۆك نەبێت، پڕۆژەکە دەبێ ڕەچاوی تەعەدودی بکات، هەموو شتی باس کردووە، داعی چ هەیە ئەتۆ بڵێی جارێکی تر بێی بڵێی ڕەمز و دروشم بەکانەیەت، لەوێ کەلیمەی ڕەمز و دروشم ئیزافە بکات، داعی هەیە بڵێی بیری تیرۆریستی و ڕەگەز پەرستی، تۆ لە بیدایەتەوە وتووتە دەبێ بیری ئەوە دروست بکەن، بۆیە رەجاتان لێ دەکەم بە سینگێکی فراوان تەماشای ئەوە بکەن، حیزب وەکو موئەسەسەیەکە هیچ گوناحی نەکردووە، مافی خۆیەتی ئیستیسمارات بکات، یەکێك لە یاساکانی ئێمە مافت پێی داوە، دوو، ئێمە لە دوو ماددەی تر باسمان کردووە، مەرجەکانی مەنهەجەکە، ئەمەی ئەو دەقە ئەیڵێت لێرە، دەبێ جارێ پێوەر هەبێ بۆ قیاس کردنی، ئەڵێم دەرچوونە لە خودی ڕوحی ئەم قانونە، تیکرارە ئەم ماددەیە هەرسێك زیادە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری تەواوم بۆ د.سەروەر عبدالرحمن لە ڕاکانی، نامەوێ دووبارە قسەکانی ئەوان دووبارە بکەمەوە، لەهەمان کاتدا پێم باشە ئەو بڕگەیە پێشتریش قسەم لەسەری کرد، کە ئیزافە بکرێ، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت بەهیچ حیزبێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی و ئاینی بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان تۆزێك بە وردتر و بە شەفاف تر قسە بکەین، من پێموانیە هیچ کەسێك لەگەڵ ئەوەدابێ کە قوتابخانە دروست بکرێ، حیزبێك بۆ حیزبایەتی یان ئایدۆلۆجیەك بۆ ئایدۆلۆجی بۆ تائیفی یان مەزهەبی، یان ئیرهابی یان چی، ئەوە لەگەڵیدا نیە، بەلاّم خۆی بۆخۆی وەکو ئەوەی کاك عبدالسلام وتی، کە ئەڵێت (لکل شخص طبیعی أو معنوي)حیزب شەخسێکی مەعنەویە، ئەتوانین ئەو خاڵی یەکەمە وا لێ بکەین بڵێین (لایسمح تأسیس مدارس و معاهد غیر حکومیة لاهداف سیاسیة وحزبیة وأیدولوجیة) ئێستا حیزب هەیە لە ولاّتانی دونیا پالاّوگەی هەیە، مەعمەلی چیمەنتۆی هەیە، ئیحتیمالە لە ولاّتی خۆشمان هەبێ، مەشاریعی ئیستیسماری مەکتەبی هەیە، لەبەر ئەوە، بەلاّم بۆ ئەهدافی حیزبی و حیزبایەتی تیا بکات، ئایدۆلۆجی و فیکری و سیاسی، ئەوە مەمنوعە و ناکرێ بەبێ یاسا، بەلاّم ئەوە مەشروعێکی ئیستسماریە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر بەنیسبەتی خاڵی دووەم، (لایجوز تأسیس أی مدرسة أو معهد غیر حکومی علی اساس الفکر الارهابی أو العنصری) ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ، ( والتبشیری والماسونی والمشبوه) بۆ؟ چونکە بەڕاستی برایان زۆر باش دەزانن تەبشیری و مەسیحی زۆر جیان لە یەك، یەعنی مەدرەسەیەکی دینی دروست دەکەی، دینێکی دیاریکراو لەناو ئەو کۆمەڵگەی کوردەواریە، ئەوە هەقێکی تەبیعی خۆیەتی، بەلاّم بۆ مەسائیلی تەبشیری یان ماسۆنی جیان لە ئەسڵی دینەکە، ئەوە خاڵێك، لەگەڵ خاڵی سێیەمیشم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشیتوانی لە ڕای هاوکارانم ئەکەم، کە باسیان لە مەسەلەی یەکەم مەسەلەی حیزبی کرد، کە هەقی هەیە قوتابخانەی تایبەت بەخۆی دروست بکات....

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك د.احمد دەنگت بەرز بکەوە، داوا لە ئەندامانیش دەکەین هێمن بن بۆ ئەوەی بتوانین ئیستیفادە لە قسەکان بکەین، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەنگیشمان بەرز بکەین، بەلاّم ئەگەر هاوڕێیان گوێمان لێ نەگرن ڕەنگە هەر دەنگمان نەیەت، من پێم باشە دەقەکە بەو شێوەیە بێ کە لەسەر بنەمای حیزبی نەبێ یەعنی مەدرەسە، یان مەعهەد لەسەر بنەمای حیزبی دروست نەکرێت، ئیتر ئەگەر ئەو کەسە مەعنەویە شەخسی تایبەتی یان مەعنەوی، ئەگەر

ئـەو کەسـە لەسـەر بنـەمای تـەبیعی یـان مەعنـەوی کـە دروسـتی ئـەکات، بـەڵام لەسـەر بنـەمای حیزبـی و ئەهـدافی حیزبـی نـەبێ، خـاڵی دووەم، ئـەوەی کـە لـە دەقـی یاسـاکەدا هـاتووە، قەدەغـە دەکرێـت، قەدەغـە کردنێکـی تـەواو ڕێگـە پێـدان بـۆ دانـانی دامـەزراوەکانی فێرکردنـی تایبـەت، کـارکردن لـە هـەر جـۆرێکی بوارەکانی فێرکردن سەلمێنرا، لایەنی داواکار پەیوەنـدی هـەبوو بـە ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان، یـان دەسـتە موژەدەرەکان، تەبشیری یان ماسۆنی گومانلێکراوەکان، هیچ قوتابخانەیەکی تایبەت نابێ لەسەر بنەمای بیری تیرۆریستی و ڕەگەز پەرستی دابمـەزرێ، منـیش هـاوڕام لەگـەڵ ئـەو هاوڕێیانـە کـە ئـەوەی تریشـی بـۆ زیـاد بکرێ، واتە تەبشیری یان ماسۆنی، یان مەشبوه و گومانی بۆ زیـاد بکـرێ، چونکە ئەگـەر بڵێین نیـە، وەکـو هەنـدێ هاوڕێیـانم ئاماژەیـان پێـی دا، لـەماوەی ڕابـردوودا ئـەو کێشـانەی کـە لێـی کەوتـەوە، بەتایبـەتی لەقوتابخانەی میدیای نموونەیی، ئەوە بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی کە خۆشیان وایان ڕایانگەیاند کە مەسـەلەی تەبشیری تێوە گلاوە لە مەسەلەکە، ئەگـەر بڵێین لـە کوردسـتان نیـە، کـە هەشـە وەکـو بەڵگـە باسمـان کـرد، مەسەلەی بیری تیرۆریستی و ڕەگەز پەرستی، وابزانم هەر گریمانەییـە لـە کوردسـتان، بـەڵام دیـارە یاسـا بـۆ ویقایەیە بـۆ ڕەدعـە، کـە یاسـا دەرئەکـەی بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵگای ئێمـە کۆمەڵگایـەکی سـەلامەت بـێ، لەگـەڵ کرانەوەی بە ڕووی دونیادا، لەگەڵ کرانـەوەی قوتابخانـە و مەعاهـد و جامیعـاتی ئـەهلی لـە کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئێمـە کۆمـەڵگای خۆمـان بـە سـەلامەتی بپێڵینـەوە، بۆیـە مـن لەگـەڵ ئەوەمـە کـە هـیچ قوتابخانەیـەکی تایبـەت لەسـەر بنـەمای بـیری تیرۆریسـتی و ڕەگـەز پەرسـتی و تەبشـیری وماسـۆنی و گومانلێکراوی لە هەرێم، ڕێگەی دروست کردنی پێ نـەدرێت، ئەگـەر سـەلمێنرا، ئـەو قوتابخانەیـە دابخرێـت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر، ڕەئی جەنابت.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندی ب کۆمەلگەێ ڤە هەیە، قەراراتێ سیاسی ئەز ب خۆشی دبینم، قوتابخانە ناچیتە ب کار ئینان بۆ مەبەستێت حیزبـی و ئایـدۆلۆجی، ئـەما دەسـەڵات داری هـەبی بکەنەڤـە بـەس نـابینم تشـتەکی وەکـو دژی دەستووری، ئەما کا چەوا دێ ل کوردستانێ ژی کۆنـترۆڵ کـەین ئـەوێ هەقیقەتـەکێ تەرجەمـە بکـەین، ئـەو دمینێت بۆ جەمەعەتێ پەرلەمانێ تەقیم بکەن، ب نەزەریڤە ئەز بێژم تو نەشێی ڕێگە لێ بگری، کو بێـژی تو ناکەی بێژیێ مەناهجێ قوتابخانێ و مەدرەسێ دەبی گونجای بی دگەڵ پرەنسیپی پـەروەردەیی، خزمـەتا حیزبایەتیێ نەکەن و خزمەتا ئایدەلۆجی دی نەکەن، وەکی دی ژی تەقدیرا برادرێـت ئەنـدامی پەرلـەمانی ئەڤە ژ ناحیێ عەمەلی ڤە، یان قابیلە بۆ تەتبیقێ ئان ڕێیەکێ نەدەن، ئەوە تشتەکێ تەبیعیە نەشێ ل وانـە زیاتر پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەربارەت بەوانەی کە لەسەر خاڵی یەکەم ئەڵێ (لایسمح لای حزب) وتیان حیزب شەخسیەتێکی مەعنەویە، ئێمە یەکسەر وتوومانە لەو ماددەیە (وحسب احکام هذا القانون) یەعنی ئەم قانونە دەڵێ ڕێگە نادەین بۆ ئەوەی کە حیزبێکی سیاسی قوتابخانە بکاتەوە، چونکە ئامانجی پەروەردە، فێرکردنە، ئەو حیزبە سیاسیە ئازادە لەوەی دەچێ خۆی کۆمەڵێك کەس ڕادەسپێرێ، کۆمپانیایەکی پەروەردەیی ئەکاتەوە، بەلاَم گرنگە ئەحکامی ئەم قانونە، ناوی تایبەتی دەبێ هەبێ، بەپێی مەرجەکانی ئەم قانونە، نەوەك بوترێ ئەمە قوتابخانەی حیزبی فلاَنە، یەعنی نابێ، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە حیزبی سیاسی، تەدەخول بکات لە مەسائیلی پەروەردەییەوە، ئەمە مەبەستی ئێمە بووە، ماباقی ئاینی و تەبشیری و ئەم شتانە، ئەمانە هەمووی ناوی هاتووە لەناو ئەوەی کە وتوومانە، مەبادئی تەعایشی سلمی و ئاینی و قەومی و شەعبی کوردستان بپارێزێ، یەعنی دووربێ لە توندو تیژی، دوور بێ لەسەر سەپاندنی ئاینەکان بەزۆر لەسەر قوتابییەکان، هەرچ ئاینێکیش بێ، بۆیە ئێمە باسمان کردووە، ئەساسی فکری و ئیرهابی و عونصریش دیارە بەپێی قانونیە ئیرهاب، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کۆمەڵێك بیرو بۆچوونی زیندوو تر باش خرانە ڕوو، سەبارەت بە مەسەلەی حیزبی سیاسی، لە ڕاستی حیزبی سیاسی بە گوێرەی یاسای ئەحزابی سیاسی، بوونێکی قانونیانەو دەستووریانەی هەیە، سیاسیش پێویستی بە بوونی حیزبی سیاسی هەیە، ئەمە هەقیقەتێکە، بەلاَم حیزبی سیاسی بۆخۆی پەیمانگا دەکاتەوە، قوتابخانە دەکاتەوە بۆ کادری خۆی، بۆ پەروەردە کردنی، ئەمەیان شتێکی ترە، بەلاَم قوتابخانەو پەیمانگا کە لەوێ پەروەردە کردنی منالاَن و بڕوانامەی تێدابێ، زیاتر مەبەست ئا لێرەدایە، شتەکان لێك جیا بکەینەوە، سەبارەت بە مەسەلەی بڕگەی دووەم، کە باس لە بیری تیرۆریستی و ڕەگەز پەرستی دەکات، هەردوو ئەم بیرە بەڕێزان، بەدرێژایی مێژوو تایبەت نین بە ئاینێك و بە شارستانیەتێك و بە کیشوەرێك و بە گەل و نەتەوەیەك، بیری تیرۆرستی و ڕەگەز پەرستی لەنێو هەموو ئاینەکان، لەنێو هەموو شارستانیەتەکان، لەنێو هەموو گەل و نەتەوەکاندا هەبووە، بۆیە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی هاتووە لێرەدا، مەبەستمان بەشێوەیەکی گشتیە نەوەك لەوێدا مەسەلەن ڕەئیەك هەبێ کە ئەمە بە لای ئەم ئاینەدا دەشکێنێ و ئاینێکی تر هین دەکات، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەقمان پێی هێناوە، سەبارەت بە بوعدە ئاینیەکەشی، ئێمە دەڵێین لەگەڵ پەرەنسیپەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئاینی و نەتەوەیی

بگونجێ، ئا لێرەدا تەعبیرەکە بە شێوەیەك هاتووە کە ئێمە پێمان وایە هەم لە ڕووی هاوسەنگی، هەم لە ڕووی مەنتقیەوە دەقەکە باش هێنراوە، چونکە موناقەشەیەکی زۆر زۆرمان لە لیژنە لەگەڵ هەموو ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە لەسەر ئەم بابەتانە کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د.دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئیەك هەبوو کە گوایە ئەوە ناکۆکە لەگەڵ ماددەی (3)م، بەلاّم ئەگەر تەماشای ماددەی سێیەم بکەین هیچ تەعاروزێك نابینینەوە، لەوێ نووسراوە کە هەرکەسێکی سروشتی و مەعنەوی بە گوێرەی بنەمایەکانی ئەم یاسایە، مافی دامەزراندنی قوتابخانەی هەیە، ئێستا کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین ماددەی بابڵێین دەبێتە (7)م، یەعنی ئەوە یەکێکە لە بنەمایەکانی ئەم یاسایە، یەعنی هیچ ناکۆکیەك نیە، هیچ تەعاروزێك نابینین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەم لەبەر ئەوەیە من قسەیەکم کرد جەنابت لێرە نەبووی، با ئێستا وەکو لە وەلاّمدانەوە بەشێوەیەکی تر وەلاّمم درا، وابزانم کوردیەکەم زەعیفە بۆیە وازح نیە فیکرەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ببورن من دووبارەی دەکەمەوە ناچارم، من دژی ئەوەبووم ئەتۆ ڕێگا بگری لە حیزبی سیاسی، موکەونێکی موجتەمەعی مەدەنی بۆخۆی ئیستیسمارات بکات، کەچی لە یاسای حیزبەکان داهاتەکەی حیزب وتووتە ئەو پارەیەی لە قازانجی مەشروعەکانێتی، لە دونیای پێشکەوتوو حیزب دەبێ موستەقل بێ لە دەوڵەت، بەشێکە لو موجتەمەعە مەدەنیە گەورەیەی لە بەینی سیاسەت و ئیقتیصاد، بۆی هەیە مەشاریع بکات، سوپەر مارکێت دەکاتەوە یان قوتابخانە دەکاتەوە، مەبەست ئەگەر ئەوەی شەرح کرا، مەبەست لەوەبوو کە حیزب ئیستیغلالی نەکەن بۆ مەبەستی حیزبی خۆی، ئەوە حەل کراوە، یانیش شتەکە بگۆڕن بڵێن نابێ هیچ قوتابخانەیەك یان پەیمانگایەکی نا حکومی بۆ مەبەستی حیزبی و ئایدەلۆجی و سیاسی بەکاربهێندرێت، ئەمە ئەگەر مەبەست بێ لەگەڵێدامە، بەلاّم ڕەجاتان لێ دەکەم ناکۆکە ئەحکامی ئەم یاسایە، ڕاستە، بەس تۆ لە دونیا لەو کۆمەڵگایە هەر هەموویتی، هەموو ئەو چین و توێژەیە، دێی یەخەی حیزب ئەگری ئەڵێی نابێ مەدرەسە بکەی، بۆ؟، پێی بڵێ بۆ، بۆت هەیە بڵێی بەکاری نەهێنێت، بۆ حیزب و ئایدەلۆجی لەگەڵتم، بەلاّم رەجاتان لێ دەکەم با نەبێتە نەریت لای ئێمە، تەماشای حیزب ئەکەن وەکو موتەهەم پێش هەڵسێت، بۆی هەیە ئیستیسمارات بکات، لەوێ گوتووتانە چۆن بێت؟،

ناوەکەی چۆن بێت؟، ئەگەر پابەندی هەموو ئەوانە بوو، بۆ یەعنی فێڵت لێ بکات، (N.G.O) بکات، لەناوی ئێن جی ئۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام (اختلف الفقهاء) ڕێگا بەحیزب نەدرێت مەکتەب بکاتەوە، ئەمە کارێکی خراپە، هیچ حیزبێکی سیاسی هەر نەهجەیەکی هەبێ، نەهجی قەومی هەبێ، نەهجی شیوعی هەبێ، نەهجی ئیسلامی هەبێ، نەهجی دیموکراتی هەبێ، مەکتەب شتێکی عامی وەتەنیە، نیشتیمانیە، یەعنی کوردستان مەکتەب دەکاتەوە، کوردستان ئیدارەی مەکتەب ئەدات، نابێ ڕێگا بدەین بە پارتی و بە یەکیەتی و بە گۆڕان و بە یەکگرتووی ئیسلامی، بە بزوتنەوەی ئیسلامی مەکتەب بکەنەوە، کارێکی زۆر زۆر خراپە، بەهەر ناوێك لە ناوەکان بێ، نابێ شتی لەو بابەتانە بکرێ بەڕاستی، دوا سیاغە بخوێننەوە، تکایە، بەڵێ کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی نەصەکە بخوێنێتەوەو جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە، چەند پێشنیارێکی تازە کرا، پێویستە ئەوانەش قسەی لەسەر بکرێت، یەك/ لادانی نەصەکە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە زیاتر لە سێ کەس پێشنیاریان کرد، واتا خاڵی یەکەم زیاتر لە سێ کەس داوای کرد کە لاببرێت.

خاڵی دووەمیش/ مەسەلەی (تەبشیرو ماسونیە) زیاتر لە پێنج کەس تەئیدی ئەوەی کرد کە ئیزافە بکرێت، بۆیە دەبێت ئەوانەش بخرێتە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی دەنگدان بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ماسۆنی هەیە لە کوردستان؟

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەیە، هەیە لە سلێمانی، لە هەولێر، لە دهۆك قوتابخانە هەبوو و کێشەی لێ دروست بوو، خەڵکیش تێدا کوژرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ قوتابخانەی ئیرهابیش هەیە، ئەگەر هەیە چەند ساڵە ڕێگەمان پێداوە خراپتر، ئەمە بۆ ئەوە نییە کە هەیە، بۆ ئەوەیە کە نەبێت لە ئایندەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش زۆر سوپاست دەکەم کاك حەمە سەعید لەسەرخۆ قسە بکە، تۆ رەنگ و رووت خۆشە ما شائەڵڵات لێ بێت، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعلیقێکم لەسەر ماسۆنیا هەیە، تاکو ئێستا لە دنیادا ماسۆنیایەت بەس بە کتاب خوێندراوەتەوە، نە ئەعزایەکانی یەکتری دەناسن، نە دەزانرێت لە کوێ دادەنرێن، نە دەزانی دەرەجاتی سێ و یازدەو سی و سێ کێیە، باوەڕت پێ بێت ئەوانەی لە شەرقی ئەوسەت لەوانەیە لە هەموو شەرقی ئەوسەت شەش، یان حەوت کەس هەبێت لە دەرەجەی سی و سێ بێت، ئەوەش بە ئیعلام و بە کتاب دەرچووە، کە بە تاریخ، من تەعەجوب دەکەم وەکو دەڵێن ماسۆنیا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا صیاغە بخوێننەوە، لیژنەی پەروەردە دوا صیاغەتان بخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت لە خاڵی یەکەمدا کە دەڵێت (لا یسمح لاي حزب او تنظیم سیاسي ان یؤسس مدرسة او معهد غیر حکومي)، زیاتر لە سێ کەس گوتی با ئەم خاڵە لا بچێت، حزبی سیاسی وەکو هەموو کەسێکی، شەخصێکی مەعنەوی حەقی ئەوەی هەیە قوتابخانە بکاتەوە، جەنابیشت رەئی خۆتداو ئەندامانیش رەئی خۆیاندا، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە پێمان باشە ئەم یەکەمە بمێنێتەوە وەك خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئیەك هەیە دەڵێت خاڵی یەکەم نەمێنێت کە رێگا نادات حزبەکان چ بە ناوی حزبایەتی، چ بە ناوی ئاین، چ بەناوی قەومی، چ بەناوی هەر ناوێك بن لە ناوەکان مەکتەب بکەنەوە، رەئیەك هەیە دەڵێت ئەوە لابچێت، یەعنی حزبەکان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبێت مەکتەب بکەنەوە، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە زۆر موناقەشە کرا، دوایی بە ناوی نوقتەی نیزامیشەوە جارێکی تر زۆر موناقەشە کرایەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بیخەنە دەنگدانەوە، ئیتر ئەوە یەکلایی دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرموون بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، رەئی سێیەم چیە کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی سێ، چوار برادەر هەیە گوتیان ئەگەر مەبەست ئەوەیە بۆ بەکارهێنانی حزبی سیاسی بگۆڕدرێت، نەگوترێت نابێ حزب وا بکات، بڵێ نابێت قوتابخانەو پەیمانگای نا حکومی بۆ کارو بەرژەوەندی حزبی و سیاسی بەکار بهێنرێت، ئەمە ڕەئی سێیەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێت لەپێشدا بخرێتە دەنگدانەوە ئەم ماددەیە بمێنێت، یان نەمێنێت، ئەگەر مایەوە ئەو کاتە صیاغەکە دەستکاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً/ لایسمح لاي حزب او تنظیم سیاسي او دیني ان یؤسس مدرسة او معهد غیر حکومي.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (9) لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو ماددەکە هەمووی بخوێنەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً/ لایسمح لاي حزب او تنظیم سیاسي او دیني ان یؤسس مدرسة او معهد غیر حکومي.

ثانیاً/ لایجوز تأسیس اي مدارس او معاهد غیر حکومیة علی اساس الفکر الارهابي او العنصري واذا ثبت ذلك بعد تأسیسها فانه ینبغي غلقها.

ثالثاً/ لایجوز في اي مدرسة خاصة استخدام الرموز والشعارات التي لا تتفق مع مبادئ التعایش السلمي والدیني والقومي لشعب کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیرهابیش پێویست نییه تێدا بێت، ئیرهابیەکەش لابدەن، چونکه کێ هەیە قوتابخانەی ئیرهابی بکاتەوە؟ ئەوە ناکرێت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نالێین قوتابخانەی ئیرهابی، ئێمە دەڵێین بیری ئیرهابی، باشە لایدەبەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وا صیاغەیەکی تازەیان هەیە، تکایە ئاگادار بن بزانن صیاغە تازەکەیان چیە، فەرمووون.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

صیاغەی تازە ئەوەیە:

دەنگماندا بۆ یەکەم.

المادة السابعة:

اولاً/ لایسمح لاي حزب او تنظیم سیاسي او دیني ان یؤسس مدرسة او معهد غیر حکومي. ئەوە هی ئەو بەڕێزانە بوو کە گوتیان، خاڵی دوو لا بچێت

(ثانیاً/ لایجوز تأسیس اي مدارس او معاهد غیر حکومیة علی اساس الفکر الارهابي او العنصري واذا ثبت ذلك بعد تأسیسها فانه ینبغي غلقها) پێشنیار دەکەین لا بچێت بخرێتە دەنگدانەوە.

ثالثاً/ لایجوز استخدام الرموز والشعارات التي لا تتفق مع مبادئ التعایش السلمي والدیني والقومي لشعب کوردستان في ایة مدرسة غیر حکومیة او معهد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بڕگەی یەکەممان حەسم کرد، ئێستا ماوەتەوە بڕگەی دووەم، ئێمە پێمانوایە بڕگەی دووەم لا بچێت بیخە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رەئیەك هەیە لە لیژنەی پەروەردە دەڵێن بڕگەی دووەم لا بچێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە لا بچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ بڕگەی دووەم لادرا، ئێستا بڕگەی سێیەم بیخوێننەوە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

17-يشار نجم الدين-مۆڵەت

18-عدنان عثمان-ئامادە نەبوو

19-د.ڕێباز فتاح-ئامادە نەبوو

20-د.ڕۆژان عبدالقادر-مۆڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی کار:

بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلی و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

داوا لە لیژنەی پەروەردە و یاسایی ئەکەین بێن بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە ئەکەین، بەخێربێ، فەرموو لیژنەی پەروەردە بۆ ماددەیەکی تازە.

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12:

ڕاکێشانەوەی ڕێگە پێدان یان ڕەتکردنەوەی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتەکان بە بڕیاری وەزیر ئەبێ، بە پشت بەستن بە پێشنیازی ڕوون کردنەوە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئەهلی بە سەرپێچیەکان و هاوپێچ کراوە و هەموو بەڵگەکان کە سەرپێچیەکان ئەسەلمێنن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة12:

يكون سحب الاجازة او الغاء مؤسسات التعليم الاهلية والخاصة، بقرار الوزير، بالاستناد على مقترح توضيح من مدير عام التعليم الاهلي، للمخالفات المرفقة بجميع الوثائق التي تثبت المخالفات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەرەوەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يكون رفض الاجازة وسحبها بقرار الوزير مستندا الى الادلة والمبررات القانونية

**بەڕێز عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دووبارە دابڕێژرێتەوە و کورت و چڕ بکرێتەوە.

(ڕەتكردنەوەو سەندنەوەی مۆڵەتی دامەزراندنی قوتابخانەو پەیمانگای ناحكومی بە بڕیارێك لە وەزارەت دەبێت پشت بەستوو بە بەڵگەو پاساوی یاسایی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەم ماددەیە پێمان وایە لەبەر ئەوەی سەحبی ئیجازە ناكرێ بە قەراری وەزیر بێ، بەس ئەوە یەكێكە لە صلاحیەتەكانی وەزارەت، پێمان باشە صیاغەی ئەو ماددەیە بەو شێوەی خوارەوە بكرێ (سحب اجازة منح تاسیس مدرسة خاصة بقرار من الوزارة، یكون في حالة خرق القانون )، یەعنی سەحبی مەنعی ئیجازەكە بە قەرارێك بێ لە وەزارەتەوە نەك لە وەزیرەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردە پێمان وایە ئەمە لە زمنی صەلاحیاتی وەزیرە، نەك وەزارەت وەكو دامەزراوە، وەزیر ئەو صەلاحیەتەی هەیە كە ڕەفزی بكا یان سەحبی بكا لە ئەنجامی ئەو بەڵگانەی كە دەخرێنە بەردەستی كە ئەو قوتابخانەیە بە پێچەوانەی ئەم یاسایە كاری كردووە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەڵێین (یكون رفض الاجازة وسحبها بقرار من الوزیر مستندا الى الادلة والمبررات القانونیة)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر، لیژنەی پەروەردە قسەی كرد ئێوە قسەی ترتان هەیە؟ دكتۆر عمر، فەرموو

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موناقەشەی ئەوەمان كرد، چونكە لە وەزارەت دا دەبێ بڕیار دەر بكرێ، بڕیاریش دەربكرێ دەبێ بە تەوقیع و بە ئیمزای وەزیر بێ، بۆیە هەردووكیان، هەم وەزارەت، هەم وەزیر ئەگەر بەیەكەوە بڵێین لە وەزیرەوە دەردەچێ، هەردوولای بەیەكەوە كۆ دەبێتەوە، ئەوەی كە لە لیژنەی قانونیش ئاماژەیان پێدا، بۆیە ئەگەر جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە ئەو دارشتنەی ئێمە هێناومانە هەردوولای بەیەكەوە كۆ دەكاتەوە و هیچ گرفتێك نابێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوای ئەو ڕوون كردنەوەی كە ئێستا درا و بە گوێرەی ئەو بڕیارانەی كە لە وەزارەتەوە دەر دەچێ و دواتر لە لایەن وەزیرەوە تەوقیع ئەكرێ و صادرە ئەكرێ، ئەوەی كە زۆریشی بە دەست بێ كەمیشی بە دەستە (من یملك اكثر یملك اقل)، لەبەر ئەوەی هاوڕاین لەگەڵ ڕاكەی لیژنەی پەروەردە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەرێز د.عصمت محمد خالد-وەزیری پەروەردە**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە چ گلەیی نینە، ئەز تەئیدا قراریٰ لیژنێت پەروەردەییٰ دەكەم.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

(ئاهەنگ عارف، نەژاد عزیز، جمال طاهر، شلێر محی الدین، حمە سعید حمە علی، سەرگوڵ رضا، ایوب نعمت، بەلاَم تكاتان لێ دەكەم قسەكان تكرار نەبێتەوە و بە موختەسەر بێ، چونكە ئەم یاسایە زۆر پێویستە، شەست و قسوور ماددەیە، ئاوا بە تەفصیلی موناقەشەی بكەن تەواو نابێ، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەرێز ئاهەنگ عارف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بیدایەت لەگەڵ لیژنەی یاسایی بووم بۆ قەرارەكەیان، نابێ تەنیا وەزیر صلاحیەتی ئەوەی هەبێ سەحبی ئیجازەی بكا، لە هەموو دونیایێ ئێستا تیم قەرار دەدات بۆ سەحبی ئیجازە، راستە بەرێز وەزیر تەسدیقی لەسەر دەكا، بەلاَم دەزانن كە وەزیر مەنسەبەكی سیاسیە پێشی ئەوەی ئیداری بێ، عادەتەن قەراراتی ئاوا لیژنە لە وەزارەت دەیدا ئەوجا وەزیر تەسدیقی لەسەر دەكا، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد

**بەرێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەكەی ئەوها هاتووە (استنادا على مقترح توضيح من مدير عام التعليم الاهلى)، من پێم وایە وابكرێ باشترە (يكون تحويل الاجازه او الغاء مؤسسات التعليم الاهلية او الخاصة)، لەوێ بە عینوانێكی تر هاتووە (بمخالفتها الموثق)، یەعنی موخالەفەكە تەوسیق كرابیتن، منیش لەگەڵ ڕەئی ئاهەنگ خانم كە

ئەبێ تیمێك ئەوە رەفز بكاتەوە، دواى لە لایەن جەنابى وەزیرى پەروەردە تەوسیق بكرێ، لەگەڵ لیژنەى قانونینم لەو مەزوعە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محى الدين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵە من پشتگیری ئەكەم دەقاودەق لەو ڕاپۆرتەى كە لە لیژنەى پەروەردە دا هاتووە وەكو خۆى، لەبەر ئەوەى ئەبێ ئەو سەلاحیەتە بدرێ بە وەزیر لە كاتى هەر سەرپێچیەكى قانونى بتوانێ سەحبى ئەو ئیجازەیە بكات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیرى ماددەى سێیەم بكەین خاڵى 2،3 دەڵێ (على ان تبت فى الطلب....)، و سێیەم ئەڵێ (اذا لم ترد الوزارة...)، یەكەم، رەفزى ئیجازە لە خاڵى دووەم حەسم كراوە، (على الوزاره ان تبت فى الطلب خلال مدة لا تتجاوز 45 یوما....ويجب ان يكون الرفض مشفوعا.....)، ئەوە لەوێ حەسم كراوە، لێرە (على الوزاره) یە، بۆیە من دەبینم پێویست ناكا دووبارە ببێ رەفزى ئیجازە، تەنها بڵێین (سحب اجازه التاسيس يكون بقرار من الوزاره استنادا الى الادله والمبررات القانونيه) هەتا هەماهەنگیەك لەگەڵ خاڵى دووەم و سێیەم لە ماددەى سێەم بكرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە من پێم وایە ئەگەر بە ناوى وەزیرەوە بێ ئەوە پێچەوانە ئەبێ لەگەڵ ماددەى سێ، چونكە لە ماددەى سێ وتراوە (على الوزاره) یەعنى لە كاتى پێدانى ئیجازەكە ئەو تەرەفەى كە ئیجازەكە ئەدات هەر ئەویش حەقى سەحبى هەیە، بۆیە منیش پێم وایە ئەبێ وەزارەت بێ نەك وەزیر، راستە لە كۆتایدا وەزیر ئیمزاى ئەكا، بەڵام پێشتر ئەبێ لە لایەن وەزارەت یان مەجلیسى وەزارەت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بكرێ و دواتر بەناوى وەزارەتەوە بڕیارەكە دەردەچێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سەعید

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕای هاوكارانم ئەكەم، و ماددەی 3، ماددەی 17 ی مەشروعەكە، ماددەی 10 و 11 ی ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە هەموویان باسی مەنحی ئیجازە و سەحبی ئیجازە و ڕەفزی ئیجازە بۆ وەزارەتە، و بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەبێ لە بەینی ئەو ماددە و ماددەكانی تردا كە ئیشارەم پێ كرد، با وەزارەت بێ، چونكە ئیمزا كردن هەر تەناقوزی نیە، لە ئەخیردا هەر ڕەئیسی موئەسەسەكە ئیمزای ئەكا، بەڵام وەزارەت بۆ خۆی تیم پێك ئەهێنێ، لیژنە پێك ئەهێنێ، بۆ ئەوەی لە نێوان ماددەكاندا تەناقوز نەبێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئارام

**بەرێز ایوب نعمت(ئارام):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كران، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەرێز عمر حمد امین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە كە دەقەكەمان دارشتووە لە مەفهومدا هەمان تێڕوانینمان هەبووە ئەوەی كە بەرێزان باسیان كردووە و پێشتریش هاتووە، چونكە لە ئایندەدا كە دەگەینە سەر موناقەشەی بابەتەكانی تر پێشنیاری ئەوەمان كردووە بەڕێوەبەرایەتیەكی تایبەتیش دروست بكرێ لە ناو وەزارەت دا، واتە وەزیر بە تەنها ئەو بڕیارە نادات، ئەنجومەنی وەزارەت هەیە، هەروەها بەڕێوەبەریەتیەكی گشتی لەناو وەزارەت هەیە، هەروەها تیمێكی تایبەت پێك دەهێنرێ بۆ سەرپەرشتی كردنی ئیجازە و ئەوانە، بۆیە ئەو مەوزوعە بە هەموو ئەو وێستگانەدا ئەڕوا، بەڵام لە ڕووی هینەوە ئەبێ كەسێك هەبێ لەناو وەزارەت بڕیارەكە دەربكا، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لاریمان نیە لەوەی دووبارە دایبڕێژینەوە، چونكە هەمان نیەتمان هەیە، بە هەمان تەعبیر، بەڵام دەقەكەی وا هاتووە، لە ئایندەشدا ئەگەر بشڵێین وەزارەت دیسان ئەبێ كەسێك لە ناو وەزارەت بڕیارەكە تەوقیع بكاو صادری بكا، ئەویش ئەبێ جەنابی وەزیر بێ، بۆیە ئێمە لاریمان نیە كە جارێكی تر بڵێین ڕەت كردنەوە و سەندنەوەی مۆڵەت بە بڕیارێك بێ لە وەزارەت پشت بەستوو بە بەڵگە و

پاساوی یاسایی، بەس ئایا وەزارەت وەكو شەخصی مەعنەوی موئەسەسەیەك بڕیار دەردەكا؟ بێگومان لە لایەنی عەمەلی دەبێ یەكێ هەبێ بڕیار دەربكا كە جەنابی وەزیرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە با بزانین دوا صیاغەتان، دوا ڕەئیتان، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە سەرەتادا باسی ڕەئی خۆمان كرد، ئێمە نكۆڵیمان لەوە نیە كە وەزارەت موتەمەسیلە بە شەخصی وەزیر، ساحێبی شەخصی مەعنەوی جەنابی وەزیرە، بەڵام ئەو بڕیارانەش كە دەری ئەكەن بە بوونی ئیجازەكە یان بە ئیلغای ئیجازەكە حەتمەن دوای كۆبوونەوە و لێكۆڵینەوەیە لە لایەن هەندێ موستەشار و ئەوانەی كە لەناو وەزارەت دا مودیر عامەكان ئەم كارە ئەكەن، دواتر ئاخیر كیتاب كە دەرئەچێ بە تەئكید ئیمزای وەزیری لەسەر ئەبێ، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تر ماددەی 3 موصادەقەمان لەسەر كردووە دوێنێ، دەنگمان لەسەر داوە، لە هەرسێ بڕگەكەكە (للوزارە) هاتووە، بە وەزارەت هاتووە، وەزارەت سەحبی ئیجازەكە ئەكا لە خیلالی 30 ڕۆژدا، كەواتە هەر وەزارەتیشە ئەتوانێ سەحبی ئەو ئیجاوە بكا لە مودەی خۆیدا، لەبەر ئەوە پێویستە صیاغەكەی بەو شێوەی خوارەوە بێ و بڵێین (یكون سحب اجازة التاسیس بقرار من الوزارة بالاستناد الی الادلة والمبررات القانونیة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە لەسەر ئەو صیاغەیە ئەڵێن چی؟ فەرموو صیاغە موشتەرەكەكە بخوێنەوە بە كوردیەكەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 7:

ڕەتكردنەوە و سەندنەوەی مۆڵەتی دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگای ناحكومی بە بڕیارێك لە وەزارەت دەبێ پشت بەستوو بە بەڵگە و پاساوی یاسایی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو داڕشتنەوەی ئەخیری كە هەردوو لیژنەكە موشتەرەكن و بەیەكەوە صیاغەیان كردووە ،تكایە كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 13:

ڕێگەی پێ دەدرێ بە گوێرەی مەرجەکان و بنەما تێکست لەسەر کراوەکان لە ماددەی پێش و بە دانانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی یان تایبەتی بە کارکردن لەم بوارانەدا:

1-فێرکردنی گشتی ئەمانە ئەگرێتەوە:

ا-فێرکردنی بنەرەتی و ئامادەیی.

ب-فێرکردنی پەیوەندیدار بە ئامادە کردنی راستەوخۆ بۆ پێداویستیەکانی بازاڕی کار ئەمانە ئەگرێتەوە:

1-فێرکردنی ئامادەیی هونەری بە لقەکان و جۆرە جیاجیاکانەوە.

3-ڕاهێنانی پیشەیی و دەست کاری لە بوارەکان و جۆرە جیاجیاکانیەوە.

2-فێرکردنی سەر لەنوێ و ئامادە کردنەوەی (تأهیلی) لە بواری پەروەردەی تایبەت دا ئەمانە ئەگرێتەوە:

1-قوتابخانە تایبەتەکان بە ڕاهێنانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

2-قوتابخانەکانی گەشە پێکردنی هزری و ناکامە ژیریەکان و دواکەوتووانی گەشە کردن.

3-فێرکردنی پەیوەندیدار بە گەشە کردنی کۆمەڵایەتی ئەمانە ئەگرێتەوە:

1-قوتابخانە و پەیمانگاکانی خزمەت گوزاریە کۆمەڵایەتیە ناوەندیەکان تا دەگاتە بڕوا نامەی زانکۆیی.

2-سەنتەرەکانی گەشە پێدانی داهاتووی فێرکردنی نا سیستەمی.

3-پەیمانگەکانی فریاکەوتن و پەرستاری.

4-پەیمانگاکانی فێرکردنی ژنان لەم بوارانەی خوارەوە:

ا-پەروەردە کردنی منداڵ و خۆراك پێدانی و ڕۆشنبیری تەندروستی.

ب-ڕاهێنان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خێزان و ماڵداری.

ج-هونەری نەخشاندن و چنین و کارە دەستیەکان.

د-هونەری بڕین و دورمان.

4-پەیمانگاکانی ڕاهێنانە پسپۆڕیەکان ئەمانە ئەگرێتەوە:

1-پەیمانگاکانی زمانە بیانیەکان.

2-پەیمانگاکانی ڕاهێنانی چاپ کردن بە جۆرە جیا جیاکانیەوە.

3-پەیمانگاکانی ئەندازەی کۆمپوتەر و پرۆگرام ڕێژی

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 13:

يسمح حسب الشروط والاسس المنصوص عليها في المادة السابقة، بتأسيس مؤسسات التعليم الاهلي او الخاصة بالعمل في هذه المجالات:

1-التعليم العام و يشمل الاتي:

اولا-التعليم الاساسي و الاعدادي.

ب-التعليم ذات الصلة بالاعداد المباشر لاحتياجات سوق العمل، و يشمل الاتي:

1-التعليم الاعدادي الفني بفروعه واصنافه المختلفة.

3-التعليم المهني والاشغال اليدوية في المجالات والانواع المختلفة.

ثانيا-التعليم التأهلي في مجال التربية الخاصة و تشمل الاتي:

1-المدارس الخاصة بتدريب ذوي الاحتياجات الخاصة

2-مدارس التطوير الفكري والقاصرين عقليا والمتخلفين في النمو.

ثالثا-التعليم المتعلق بالتطور الاجتماعي و تشمل الاتي:

1-مدارس ومعاهد الخدمة الاجتماعية المركزية (المتوسطة ) حتى الشهادات الجامعية.

2-مراكز التطوير القروي والتعليم غير المنظم.

3-معاهد الطوارئ و التمريض

4-معاهد تعليم النساء فى المجالات التاليه:

ا-تربيه الطفل والتغذية والثقافة الصحية

ب-تربية وادارة شؤون الاسرة والبيت

ج-فن التطريز والحياكة والاعمال اليدوية والابرية

د-فن التفصيل والخياطة والحلاقة

رابعا-معاهد التدريب التخصصية و تشمل الاتي:

1-معهد اللغات الاجنبية

2-معهد التدريب الطباعي باصنافه المختلفة

3-معاهد هندسة الكومبيوتر والبرمجة

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە پێشنیارمان کردووە کە ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە بە پەیڕەو ڕێك ئەخرێ نەك بە یاسا، بەجێی ئەهێڵێن بۆ وەزارەت ئەو کارانە بکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد-وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی ئەڤە موختەصەرەکا گەلەکا کافیە، ئەڤ تەفاصیلا زەرووری نین و بە تەعلیمات دەربکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە لیژنەی یاسایی هاوڕاین کە ئەمە بە نیزامێکی تایبەتی دەرچێ، و ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عمر

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە پێمان باش بووە کە ئەمە لە ناو یاساکە دا نەیەت، چونکە ڕەنگە لە ئایندەدا هەندێ بواری تر بێتە پێشەوە کە ئەوان فوتابخانە و پەیمانگای بۆ بکرێنەوە کە لەناو دەقی یاساکەدا نەبێ و نەمان ویستووە لەم ڕووەوە لە راستیدا چوارچێوەیەك دابنێین بۆ وەزارەتی پەروەردە کە نەکرێ ئەوان لە ناوی دا بڕیاری تازە بدەن یان دەست و پێی ئەوان بە شێوەیەك ببەستین کە تا یاساکە هەموار نەکرێ ئەوان نەتوانن لە بواری تردا و پەیمانگا و فوتابخانەی تازە بکەنەوە، بۆیە بۆ ئەوان بەجێ بمێنێ باشترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو لیژنە دەیانەوێ ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵ دایە ڕەت بکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ ڕەت کرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 14: مەرجە لەناو دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی چالاکیە فێرکاریە سنووردار کراوەکان لە نێو پڕۆگرامەکانی خوێندن هەبێ، بە ئاستێکی پێویست لە ڕۆشنبیری گشتی و کۆمەلأیەتی لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی تەنزیمیەتی خوێندنی کوردی لە هەموو هەلومەرجێکدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 14:

يشترط ان يكون في مؤسسات التعليم الاهلي النشاطات التعليمية المحددة في برامج التدريس بمستوى مناسب من الثقافة العامة والاجتماعية مع مراعاة الزامية تعليم اللغة الكوردية في كل الظروف

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(يشترط في المدارس الخاصة وجود كل انواع النشاطات التعليمية المقررة في مناهج التدريس وفي المستوى يتناسب مع الثقافة العامة والاجتماعية بالاضافة الى اللغة الكوردية والتربية الاجتماعية والدينية مع مراعاة خصوصيات الاديان المختلفة) ئێمە بەم شێوەیەمان لێ كردووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر عمر

**بەڕێز د.عمر حمد امين(نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە كوردی دەقەكەیمان بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە، (مەرجە لە قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی دا هەموو چالاكیەكانی فێركردن هەبێ كە لە پرۆگرامەكانی وانە وتنەوە دا دیاری كراون و بە ئاستێكی گونجاو لە ڕۆشنبیری كۆمەڵایەتی لەگەڵ خوێندنی زمانی كوردی و پەروەردەی كۆمەڵایەتی و ئاینی بە ڕەچاو كردنی تایبەتمەندی ئاینە جیاوازەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە نیسبەت ئەم ماددەیەوە پێمان باشە صیاغەكەی بەم شێوەی خوارەوە بێ، لە جیاتی (يشترط) بكرێ بە (يجب تنظيم جميع نشاطات التعليم الواردة في مناهج التدريس في المدارس الخاصة)

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدا ڤێ نەصێت دەكەم كو لیژنا یاسایی دەركەفتیە، سەپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا یەك كەس، فەرموو دكتۆر بەشیر**

**بەڕێز د.بەشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری لە دارِشتنەوەكەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەكەم، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕایەی لیژنەی یاسایش دام كەوا (یشترط) بكرێتە (یجب)، هەروەها ئێمە جگە لەو وانانەی كە باس كرا لەوانەیە وانەی تریش هەبێ كە وەزارەتی پەروەردە دەكاتە مەرج بەسەر قوتابخانەكان، وەكو مێژووی كورد، یان مێژووی ئەو نەتەوانەی كە لەگەڵمان ئەژین لە قوتابخانەكان، بۆیە بەعزێك مەوادی سابت هەیە، كەواتە وەزارەت بەخۆی دایناوە، وەكو زمانی كوردیە، ئاینە، ئەوان با هەمووی بێتە گۆڕێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی پەروەردە ئاخیر صیاغەتان لەگەڵ لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە دوای گفتگۆمان لێرە لاریمان نیە و تەئیدی ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیر و دارِشتنەكەی لیژنەی یاسایی ئەكەین.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادە 14:**

**یجب ان یتم تنظیم جمیع نشاطات التعلیم الواردة في مناهج التدریس في المدارس الخاصة**

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوەی بەڕێز كاك دانا ئەیخوێنێتەوە نەصە ئەصڵیەكەیە، كە چەندین برگە و ماددەمان پێكەوە تێك هەڵكێش كردووە، ئەوەی كە من دەیخوێنمەوە ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەیە كە ئەڵێ لە ماددەی نویەم پاش دەنگدان و پاش زیاد كردنی ماددەیەك بۆتە ماددەی نۆیەم ئەم ماددەی كە ئێمە ئێستا دەنگی بۆ ئەدەین، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 9:

**يجب ان يتم تنظيم جميع نشاطات التعليم الواردة في مناهج التدريس في المدارس والمعاهد الغير الحكومية**

**بەڕێز د. عمر حمد امين(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێویستە لە قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکاندا هەموو چالاکیەکانی فێرکردن کە لە پرۆگرامەکانی خوێندن دا هاتوون ڕێکبخرێن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

**فەرموو کاك شوان**

**بەڕێز شوان عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پرسیارێك ئەکەم هەم لە لیژنەی پەروەردە و یاسایش، مەناهیجی دیراسی ڕێکبخرێن یەعنی چی؟؟ تێمانگەیەنن بۆ ئەوەی بزانین بۆچی دەنگ ئەدەین؟ سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

**فەرموو دکتۆر ئەحمەد**

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە دوێنێ لە کاتی باس کردنی ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کردبوو کە تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕووی ئاینی و کۆمەلآیەتیەوە ڕەچاو بکرێ، ڕای لیژنەی پەروەردە ئەوە بوو کە ئەوان لای خۆیاندا جیایان کردۆتەوە، بەلآم ئەوەتا لێرەش دەرکرایە دەرەوە بەراستی، لەبەر ئەوە نە ڕای ئەندامان خرایە دەنگدانەوە، نە لێرەش کە باس لە تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردستان ئەکا، پێوستە لێرەدا جێی بۆ بکرێتەوە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

**فەرموو دکتۆر سەروەر**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش ئەو قسەی برای بەرێزم کاك شوان ئەکەمەوە، یەعنی ڕێکبخرێ دیار نیە، بەلآم ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دا هاتووە ئێمە لەبەر ئەوەی لە مەکتەبە ئەهلیەکاندا مەنهەجێکی تایبەت هەیە، ئەو قوتابخانەیە چ غەیری حکومی بێ کەرتی تایبەت بەڕێوەی ببات، و یان نێودەوڵەتی بێ لە لایەن ڕێکخراوێکەوە، ئێمە پێویستمان بەوەیە وەکو هاوولآتیانی نیشتیمانی خۆمان کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆمان هەبێ، بۆ ئەوەی ئەو بابەتانەی کەوا لەمەنهەجی ئەو قوتابخانانە بخوێندرێ، ئەمە هاتووە لێرەدا،**

یەکێکیان حیکمەتی دانانی ئەو ماددەی دارِشتنەوەی بەم جۆرەیە (مەرجە لە قوتابخانە تایبەتیەکاندا هەموو چالاکیەکانی فێرکردن هەبن)، ئەمە بەشێکیەتی، (کە لە پرۆگرامەکانی وانە وتنەوەدا دیاری کراون بە ئاستێکی گونجاو لە رِۆشنبیری گشتی و کۆمەلاّیەتی، لەگەلّ خوێندنی زمانی کوردی و پەروەردەی کۆمەلاّیەتی و ئاینی بە رەچاو کردنی تایبەتمەندی ئاینە جیاوازەکان، واتە لێرە بابەتێکە ئێمە زیادی ئەکەین بۆ ئەوە، بابەتێکە پێویستە زیاد بکرێ، نەوەك بەو شێوەیەی کە لە لیژنەی یاساییدا هاتووە، چونکە ئەگەر بێت و مولزەم نەکرێن ئەوانە لەوانەیە ئەو بابەتانە نەخوێنن، دوا قسەشم ئەوەیە کە تایبەتمەندی ئەو قوتابخانانەش لەبەرچاو بگرن، باشتر وایە بابەتی ئاینیەکە لەوانەیە بلّێین ئایینناسی باشتر بێ، بۆ ئەوەی هەموو پێکهاتە جیاجیاکان جیا بکرێتەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك حەمە سەعید

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، جەنابی وەزیر تەئیدی دارِشتنەوەکەی لیژنەی پەروەردەیی کرد، دووەم، ئەو دارِشتنەی لیژنەی یاسایی گشتی و نارِوونە، بۆیە کاك شوانیش ئەو پرسیارەی بۆ دروست بوو، دارِشتنەکەی لیژنەی پەروەردە دیارە، بابەتی رِۆشنبیریە، کۆمەلاّیەتیە، ئاین ناسیە، من پێم وایە ئەو نەصەی لیژنەی پەروەردە باشترە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك جلال

**بەرێز جلال علی عبداللە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەقەی لیژنەی پەروەردە کردی هەم شامیلە، هەم نەختێکیش ئیزافەی ئەوێ، کە ئەلێ (بە ئاستێکی گونجاو لە رِۆشنبیری گشتی و کۆمەلاّیەتی) ئەی زانستیەکە؟ تۆ رِۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی، ئەبێ عیلمیش ئیزافە بکرێ، دوای ئەو قوتابخانە غێر حکومیانە هەندێکیان بۆ ئەو کەسانەن کە لە خاریجەوە هاتوون یان بۆ دبلۆماسیەکان، ئەبێ بوترێ لەگەلّ فێرکردن و خوێندنی زمانی کوردیدا، یەعنی زمانی کوردییان فێر بکەی، ئاینە جیاوازەکانیش لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر نەتوت لە هەرێمی کوردستان لەوانەیە لە دەرەوەی عێراق بێ، لەبەر ئەوە ئاینە جیاوازەکانیش، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەرێز  فرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دووجۆرە قوتابخانەی ئەهلی دەکرێ سێمان هەیە، ئەوانەی نێودەوڵەتی و ئەوانەی خۆماڵیەکان، قوتابخانە خۆماڵیەکان بەراستی هەمان مەنهەجی کە لە خوێندنگاکانی خۆمانە ئەخوێندرێ ئەبێ هەمان مەنهەج بخوێنن بێ کەموکوڕی، بەلاَم ئەوانی تر ڕەنگە جۆرێك لە تایبەتمەندی هەبێ، بەلاَم دەکرێ هەمان ئەوەی لە خوێندنگاکانی خۆمان ئەخوێدنرێ نەقلَ بکرێ بۆ ئەو خوێندنگایانەی هەتا نێودەوڵەتیشن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو عظیمة خان

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرکۆی پەرلەمان.**

بەراستی لێرە کە ناوی خوێندنی زمانەکانی کوردی و ڕەچاوی ئاینی کراوە کۆمەڵێك ماددەی تری ئەساسیش هەیە کە بە قەد ئەوانە پێویستە ناوی بهێنین و بیخەینە ناو ماددەکەوە، ئەوەی لیژنەی یاسایی زۆرباشە لەبەر ئەوەی هەمووی ئەگرێتەوە، ئێمە هەندێك قوتابخانەمان هەیە کە سیستەمی نێودەوڵەتی، ئەوانە سیستەمی خۆیان هەیە، ناتوانی تۆ فەرزی بکەی بەسەری کۆمەڵێك مەنهەجی خۆت، قبوڵیشی ناکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دیقەت بکەین لە دارشتنەکەی لیژنەی یاسایی، و دێڕێك بخوێنینەوە لە ئەصڵیەکە دەبێ چالاکیەکانی فێرکردن کە لە پرۆگرامەکانی وانە وتنەوەدا دیاری کراون، لە وەزارەتی تەربیە پرۆگرامی وانە وتنەوە هەیە، دیاری کراوە لەوێ و فەرز کراوە لەسەر مەدرەسە حکومیەکان کە چ وانەیەك هەبێ، دواوتە لێرە دائیمیەن ئێمە لە نەصێکی یاسایی تازە کە بڵێین چالاکیە فێرکردنەکانی پەیمانگاو قوتابخانە نا حکومیەکان ئەبێ هەموو ئەوەی تێدابێ لە پرۆگرامی حکومەت هەبێ، جارێکی تر ناوی ئەو دەرسانە بێنین ئەوانەی لەناو ئەو پرۆگرامەدا هەن، زمانی کوردی، کۆمەلاَیەتیە، مێژووییە، ئاینە، هەمووی لە پرۆگرامی وانە وتنەوەدا هەیە، کە تۆ فەرزی بکەی ئەو پرۆگرامەی حکومەت لەسەر قوتابخانە پێویستە هەموو ئەوانە بڵێین، بۆیە تەصەور ئەکەم ئەو دەقە کافیە و شامیلە بۆ ئەو خوشك وبرایانەی کە داوای ئەکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەكەم ئەوەیە كە كاتێك لیژنەی پەروەردەیی دەقەكەی خۆیان خوێندەوە دەقەكە وابوو كە كەس تێبینی نەبێ لەسەری، دوایی كە مەسەلەن بۆیە هیچ تێبینیەك نەبوو چونكە كافی بوو، بەس دوایی كە دەقێكی تر ئەخوێندرێتەوە ئێستا ئیشكالیەتەكە لەوەدا دروست بووە، لیژنەی پەروەردەیی ئەو دەقەی كە خۆی دایڕشتووە ،بۆیە ئێمە تێبینیمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئاخیر شت كە خوێندرایەوە ئەوەی لیژنەی پەروەردەییە، بۆیە دەقێكی تر ئەخوێندرێتەوە كە ماددەی هەشتەم نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەم گفتوگۆ و سەرنجانە پێویستە هەندێ ڕوون كردنەوەی تریش بدەین، ئێمە بۆ بەم شێوەیە وەكو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاَ ئەم دەقەمان داڕشتۆتەوە؟ یەكەم، جۆرێك لە پابەندی تێدایە بۆ هەموو پرۆگرامەكانی خوێندن و دیاری كردنی چالاكیەكانی فێركردن، بەلاَم بۆ ئێمە لێرە هاتووین بە نەص زمانی كوردی و كۆمەلاَیەتی و بابەتە ئاینیەكانمان هێناوە، چونكە هەندی قوتابخانەی تایبەتی یان حكومیمان هەیە كە ئینتەرناشینالَه لەوێ كێشەمان هەبووە كە زمانی كوردی چۆن ئەخوێندرێ؟ مێژوو جوگرافیای كوردستان چۆن ئەخوێندرێ؟ ئاین چۆن ئەخوێندرێ؟ چەند كێشەیەكمان هەبووە لەگەلَ وەزارەتی پەروەردە چارەسەریشمان كردووە، بۆیە ئەوەی كە گوێمان لە هەندێ خەبیر گرت كە لەم بوارەدا لەسەر ئاستی نێو دەولَەتیش كاریان كردووە، بە ئێمەیان وت لە هەموو ولاَتاندا ئەگەر موئەسەسەیەك كە دێت لەم ولاَتە ئەخوێنێ بەشێك لە مەنهەجە زانستیەكانی خۆی ئەخوێنێ، بەلاَم هەموو ولاَتێك ئەم دامەزراوە پەروەردەیی و فێركاریانە ناچار ئەكا كە بەشێك لەو بابەتانەی كە تۆ وەكو زمانی خۆت و مێژووی خۆت و ئاینی خۆت كە دەبێ ئەو قوتابخانانە ناچار بكەی كە دەبێ ئەم بابەتانە بخوێنن، بۆیە لێرە لە ڕاستیدا زمانی كوردی و كۆمەلاَیەتی و مەسەلەی ئاینیمان هێناوە بۆ ئەوەی ئەو پابەندیە دروست بكەین، ئێستا ئەم پابەندیە بەم شێوەیە نیە كە ئێمە بمانەوێ ئەو تایبەتمەندیانەی ولاَتی خۆمان لەم قوتابخانانە بخوێندرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خـۆی لـە راسـتیدا هـەموو قوتابخانەیـەكی تایبـەت كاتێـك كـە شـەهادە ئـەدات بـە قوتابیـەك دەبـێ ئـەو موفرەداتی كە ئیمتیحانی تێداوە موتابیق بێ، بۆ ئـەوەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان ئیعـتیرافی پـێ بكا ئەبێ موتابیق بێ، لە قوتابخانەیەكی حكومی شەهادە ئەدرێ ئەبێ هـەمان مـوفرەداتی خوێنـدبێت، یـەعنی ئەوە نیە لە قوتابخانەیەكی ئەهلیدا ئەگەر هاتو ئاینیـان نەخوێنـد تـۆ پێـی بڵێـی تـەواو لـە نـۆی بنـەرەتی ئاینی نەخوێندوە و شەهادەی وەرگرتووە، بەلاّم لەوێ بە شێوازێكی تـر ئاینەكـەی پـێ ئـەڵێن، بـە شـێوازی ئاین ناسی، پێی ئەڵێن، هەر ئەوەیە فەرقەكەی، ئەوان كە ئەڵێ ئاین، لە زمنیدا ئاینی خوێندووە، كە ئەڵێی كۆمەلاّیـەتی لـە زمنیـدا تـاریخ و جوگرافیـا و پـەروەردەی مـەدەنی و پـەروەردەیی كۆمەلاّیـەتی هـەمووی پێكەوە ئەخوێنێ، بۆیە لە موفرەداتدا هیچ فەرقیان نیـە، بـە نیسبەت ئێمـەوە هـەبێ ئـەو ماددەیـە، بـەلاّم سەبارەت بەوەی كە مەساحەیەكمان هەیە ئێمە هەندێ مـەوادمان هەیـە كـە بـە لامانـەوە باشـە، ماڵمـان لـە مەكتەبی ئەهلی بێ یان حكومی بێ، لـە زمـانی كـوردی زمـانی دایكیانـە ئـەبێ فـەرز بكـرێ و سـەبارەت بـە وانـەكانی كۆمەلاّیـەتی، مێـژوو، جوگرافیـای كوردسـتان، ئـەوە مـافی خۆمانـە، سـەبارەت بـە ئـاینیش ئـەوان مەساحەیان هەیە، كە ئێمە ئەڵێین ئەبێ ئایینناسیەكان بخوێنن، چونكە ئەبێ لە موفرەداتی شەهادەدا ئەبێ ئاینی تێدابێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە صیاغەكەمان بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە بـە تەئكیـد هـاوڕا ئەبێتـەوە لەگـەڵ ڕاكـەی لیژنـەی پـەروەردە و لەگەڵ ڕەئی زۆرینەی ئەندامانی بەڕێز، بەچی؟ ئێمە ئەبێ تـەنزیمی هـەموو نەشـاتاتی تـەعلیمی بكـرێ، و هەروەها مەناهیجی تەدریس، مەناهیجی تەدریس ئەو مەناهجانە یـان ئـەم یاسـایە كـێ جـێ بـەجێی ئـەكا؟ ئەم یاسایە وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان دا جێ بەجێی ئەكا، بـە تەئكیـد مـەناهیجی تـەردیس كوردیشی تێدایە، و دینی و ئاینی و ئەمانەشی تێدایە، بۆیە ئەوەمان بەو نەصە هێناوە نـەمان وتـووە فلاّن دەرس و فلاّن دەرس، لەبەر ئەوە بە موەسەع هاتووە بۆ ئەوەی مەناهیجی تەردیس هەمان مەناهیجی ئێرە بێ، لەگەڵ ئەو خصوصیاتەی كە ئەو قوتابخانانە هەیانە وەكو (عەزیمە) خان باسی كـرد، هەنـدێكیان هـەن نێو دەوڵەتین، مەناهیجی تایبەتی خۆیـان هەیـە، كـە وتوومانـە (جمیـع نشـاطات التعلـیم الـواردة في منـاهج التدریس في المدارس والمعاهد الغیر الحكومیـة )، بـە تەئكیـد ئـەو مەناهیجـەی كـە لـە كوردسـتاندا كـاری پـێ ئەكرێ، بۆیە بەو صیغەیە هێناومانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا گەیشتینە سیاغەیەکی هاوبەش، ئەو سیاغە هاوبەشە بخوێننەوە، فەرموو، بەس بەکوردییەکەی، کوردییەکە دەکەینە ئەساس، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەقوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکان لەهەموو چالاکییەکانی فێرکردن هەبن، کە لەپرۆگرامەکانی وانە گوتنەوەدا دیاری کراون، بەرەچاو کردنی خوێندنی زمانی کوردی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئایینناسی لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ئاینە جیاوازەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر زۆر موناقەشە کرا، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێناگەم ئایینناسی یەعنی چی؟ ئێمە لێرە باسی ئاینی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستان دەکەین، ئەگەر وایە زمانناسی و کۆمەڵناسیشی تێخەن، یەعنی بڵێین زمانناسی، ئایینناسی، کۆمەڵناسی، باس لەوەیە کەوانەی پەروەردەی ئاینی دەبێ گرینگی پێ بدرێ لەکوردستاندا، بۆچی ئاوای لێدەکەن؟ ئاین ناسی یەعنی باسی ناسینی ئاینەکان، ئەوە باسی دراسات عولیا و ئیختیساساتێکی زۆر باڵایە، ئێمە باسی پەروەردەی ئاینییە مەوزوعەکەمان، ئەو دارشتنەی سەرەتا، هی لیژنە زۆر باش بوو، بۆچی وای لێهات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت زمانی کوردییەوە بەراستی بەرەچاو کردن، کەلیمەی ڕەچاو کردن ئیلزامی نییە، یەعنی وشەی هاتنی ڕەچاو کردن ئیلزامی نییە، وشەی بەرەچاو کردن بەکارهاتبوو، ئەو ڕەچاو کردنە ئیلزامی نییە، لەهەموو حاڵەتێکدا دەتواندرێ ڕەچاویش نەکرێ، یەعنی دەبێ وشەیەك بەکاربێ کە ئیلزامی بێ، زمانی کوردی بخوێندرێ بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر پشتیوانی بۆچوونەکەی کاك نەژاد دەکەم، بەڵام دەقەکەی لیژنەی یاسایم پێ گشتگیرترە بۆ یاسا، بەهۆی نیزام و ڕێنمایی دەتوانێت ئەو ناوەڕۆکەی کە مەبەستمانە کە لەئەوەی لیژنەی پەروەردەدا هاتووە جێ بەجێ بکرێ، ( پێویستە لەقوتابخانە تایبەتییەکاندا هەموو چالاکییەکانی فێرکردن کەلەپڕۆگرامەکانی خوێندنی خوێندنگا حکومییەکاندا هاتووە ڕێك بخرێت) ئیتر ئەوە دەتوانی بەشێوەی نیزام جێ بەجێ بکرێ و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕاستی دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام یەك دوو کەسی تریش باقسە بکەن، چونکە دوو بۆچوونەکان جیاوازن، فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی ئایینناسی مە هەندە مەرحەلێت خیندنێت هەی کو ژ بلی ئاینێ ئیسلامی، ئاینی مەسیحی، ئێزدی دێتە خاندنێ، ژ بەر هندێ نە پێتڤیا تایبەت بیتن مەسەلا ئاینی ب تنێ، بەلکو ئاین ناسی بی، پاشان ژی ل هەرێما کوردستانێدا ئەم دروشمێ بۆ هندێ ددەین کو ژیانەکا پێکڤە، ژیانا هەمی ئەدیانا، ئەڤە دێ چەوا تەساموحا دینی چێ بیت ئەگەر موسوڵمان تشتەکێ ژئاینێ مەسیحیەتێ نەزانی، یان مەسیحیەت تشتەکی بسوڵماناو ئێزدیەتێ نەزانی، ژ بەر هندێ چونکی ناڤ هندەك پرۆگرامێ خیندنێ هندە مەرحەلە هەم سەر مەسیحیەتێ و ئێزدیەتێ دێتە خاندن، ژبەر هەندێ ژی ئاین ناسی گشت گیر ترە کو کەلیمەکا بتێ بهێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو منیش لەگەڵ ڕەئییەکەی امینە خان و مامۆستا عمر دام، کە مادام ئاینەکان، ئاینی جیا، جیا هەیە، زمانی جیا، جیاش هەیە، کەواتە چۆن دەڵێی ئایینناسی هەیە، بیکە ئایینناسیش، کاك دکتۆر عمر قسەیەکی زۆر جوانی کرد، وتی هەموو وڵاتێك ئەبێ ئیلزامی ئەو قوتابخانانە بکا بەکۆمەڵێ شت کەلای خۆی ئەساسە، ئێمە بۆ دەڵێین زمانی کوردی؟ لەبەر ئەوەی زۆرینە کوردییە، ئەگەر نا تورکمانمان هەیە، زمانی تریشمان هەیە، بەس بۆ ئیلزام دەکەین بەزمانی کوردی؟ لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانی ئەساسی و زۆرینەیە، بۆیە مادام وتووتە زمانی کوردی دەبێ لەم لایەش بڵێی پەروەردەی ئاینی، ئاینی زۆرینە لێرە ئیسلامە، ئەگەر دەیکەی بەئایینناسی حەقی تەواو دەدەم بە امینە خان، بیکە بەزمانناسی، با زمانی

**تورکمانیش بخوێندرێ، کلدانی و ئاشووریش بخوێندرێ، بازمانی کوردیش بخوێندرێ، بەس مادام تۆ زمانی کوردت لا ئەساسە، با ئاینی زۆرینەش ئەساس بێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێرزاد فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە ئەمە قۆناغەکەی دیاری بکرێ، ئەو منداڵەی کە لەئەوروپاوە دێتەوە لەگەڵ ئەو منداڵەی کەلێرە دەخوێنێت لەیەکی سەرەتاییەوە ئاینناسی کوردی، عەرەبی هەمووی دەخوێنێ، ڕێزمانە، قواعیدە، بەلآم ئەوەی لەئەوروپاوە دێتەوە، ئەو شتانە بەتەواوی نازانێ، ئێستا ئەوەی من ئاگادارم لێییە، سێ ساڵی ئەخیر ئەگەر بێتەوە بۆی حیساب نییە، بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆری، بەلآم ئەبێ لەگەڵ ئەو منداڵانەی تر تاقیکردنەوە بکا، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەر ئەمە وا بڕوا خەڵکی دەرەوە زۆر بەکەمی دێنەوە، لەترسی مستقبەلی منداڵەکانیان، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**پەیمان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەخۆی هۆی دانانی ئەو خاڵە چی بوو؟ مەسەلەن ئێستا قوتابخانەی نێودەوڵەتیمان هەیە، قوتابخانەی بابلێین خۆیمان هەیە، هەروەکو جەنابی دکتۆر عمر باسی کرد، قوتابخانەکانی بابلێین مەحەلییەکان، هەمان پرۆگرامی خوێندن دەخوێنن، بەلآم کێشەکە لەئەوەی دەرەکییەکەیە، ئەوەی نێودەوڵەتییەکانە، مەسەلەن ئیشقمان هەیە لێرە زمانی تورکی دەخوێنێ، من بەخۆم بەشدار بوومە لەچەند کۆبوونەوەیەکی ئەو قوتابخانەیە زۆر دایك و باوك هەنە دەڵێن با کوردی نەخیندرێ، زمانی تورکی بەسە بۆ ئەو قوتابخانەیە، بەلآم ئێمە دەبێت لێرانە داینێین، بەراستی داینێین کە زمانی کوردی لەوانەیە وەزارەت بتوانێت مەنهەجێکی ئاسانکارییان بۆ دابنێ، بەلآم ئەوە لەهەمان کاتیشدا ئەو زمانە وەحدەیە، یەعنی بلێین دەرەجەی لەسەرە لەپۆلی شەش، ئەگەر ئەو وەحدانەی نەبێ، ئەو کۆمەڵە بابلێین کۆکراوەی دەرەجەی نەبێ، تێکڕای نمرەکان لەخوێندنی باڵا، لەخوێندنی زانکۆیی ئەو مافەی پێنادرێ کە قوتابیانی خۆمان دەگرێتەوە، واتە لەهەمان کاتیشدا ئەو خوێندنگایە نێودەوڵەتییانە شانسی ئەوەیان پێنادەن بچن لەناو وڵاتەکانی ئەواندا بخوێنن، بۆیە ناحەقی دەکەن دەربارەی ئەوە، لەلایەکی تر بەنیسبەت ئەوەی ماددەی ئاینی، ئێمە بەهەمان شێوە قوتابخانەی نێودەوڵەتی هەیە لێرە کێشەکە لەوەوە دروست بوو کە چییان دەخوێند، پێی دەوترا (مەداریسی تەبشیری) ئەو دینەی خۆی هێنابووی بەگوێرەی وەلآتەکەی خۆی**

**لێرە دینەکەی فەرز کرد، ناوی قوتابخانەکەش دێنم لەقوتابخانەی میدیا ئەو شتە روویدا، جا کە ئێمە .........**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ناوی هیچ قوتابخانەیەك مەهێنن، چونکە ئێوە پەرلەمانتارن، فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئیتر کە ئێمە بڕیارماندا ئەوە یان ئاینناسی یان رۆشنبیری ئاینی بێ، کە تێدا مادام قوتابییەکان قوتابی ئێمەنە، با هەموو زانیاری پەیدا بکەن دەربارەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکان، نەك تەنها تەخەسوس بێ لەئاینی ئیسلام، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە بەموختەسەری قسە بکەن، چونکە زۆر موناقەشەی لەسەر کراوە، فەرموو کاك شڤان.**

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە وەکو مەخرەج بۆ ئەم بابەتە بڵێین پەروەردەی ئاین بەرەچاوکردنی ئاینەکانی دیکە، تەواو، یەعنی ئاینی ئیسلام ئاینی ئەساسە، پەروەردەی ئاین بەرەچاوکردنی ئاینەکانی تر، تەواو، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك حەمە سعید.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەو دەقەی سەرەتای لیژنەی پەروەردەیی بەدەقێکی زۆر گونجاو و موناسب دەزانم، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم لەخۆمانەوە موعەقەدی دەکەین، من حەز دەکەم موعەقەد نەکرێ بەڕاستی، ئەگەر موعەقەدی دەکەن با وردتری بکەینەوە، تەعقیدتری بکەین، لەبەر ئەوە من پێموایە (التربیة الاجتیماعیة والاسلامیة) بڵێین (دینییە) نەڵێین، ئەمە یەك، دوو (مع مراعات خصوصیات الادیان المختلفە)ی تێدابێ، یان ئەگەر ئەمەش قبوول ناکەن، باسی هیچ دینێك مەکەن، دین لابەن، چۆن دەبێ ئێمە پەرلەمانی کوردستان زۆرینەی خەڵك موسڵمان، چۆن دەبێ ناوی دینەکەی نەبەین؟ بەتەحدید ناوی تەربییەی ئیسلامیش نەبەین؟ سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**چیتر موناقەشە ناکەین، موناقەشە زۆر کرا، سیاغەکان بکەن، ئەگەر یەك....، کاکە ئەوە یەك، ئەوە دوو، ئەوە سێ، د. بشیر گیان چوار جار قسەت کردووە، هەیە یەك قسەی نەکردووە، ئەوەتا کاك قادر قسەی نەکردووە، زەکیەخان قسەی نەکردووە، باشە هەتا ئێوارە موناقەشە دەکەین، فەرموو قسە بکە.**

**بەڕێز د. بشير خليل توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا حاڵییەن لەكوردستاندا، لەوەزارەتی پەروەردە وانەی پەروەردەی ئاینی لەسێ قۆناغی ئاخیری (10 و 11 و 12) ئایینناسییە، بەخۆی ئێستا وایە پێویست بەوە ناكا بڵێین ئایینناسی، بۆیە لەگەڵ وەی بڵێی پەروەردەی ئاینی یەكەم سیاغە و داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە، زۆر ڕێك و پێك و تەواوە، ئەوەی كە ئێستا جەنابی دكتۆر عمر باسی كرد، زۆر تەواو و ڕێك و پێكە، با نەگۆڕێ، ئەوە كەوای لێهات وەزارەت بەخۆی ئایینناسییەكە تەواو دەكا، بڵێ پەروەردەی ئاینی تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەكوردستاندا باس لەئازادی دەكەین، هەموو ئەو گەلانەی لەو هەرێمەدا دەژین، حەقی ئەوەی هەیە زمانی خۆی هەبێ، پێی بنووسێ، پێی بخوێنێ، حەقی دینەكەی خۆشی هەیە، بەڵام لەكۆی هەرێمی كوردستاندا ئێمە كۆمەڵێك گەل بەیەكەوە دەژین، بەدڵنیاییەوە لەناو كورد، دینی ئیسلام لەهەموویان زیاترە، بەڵام ناكرێ كوردێك لەگەڵ توركمانێك بەگەلەكەیان یان بەدینەكەیان لەگەڵ مەسیحییەك شارەزا نەبن، بۆیە بەبڕوای من دەبێ جیاوازی بكەین لەبەینی زمان، لەبەینی ئایینناسی و زمانناسیدا، بەپێی تایبەتمەندییەك لەعەنكاوە ناكرێ ئێمە لەوێ دینی ئیسلام بخوێندرێ، بەڵام زمانەكە بەزمانی كوردی بێ، دەبێ بەپێی تایبەتمەندی بێ، ڕەچاوی تایبەتمەندییەكان بكەین، كە لەگەڵ ئازادی و پێكەوە ژیاندا بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو زەكیە خان.

**بەڕێز زكيه صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی وەختێ ئەم بێژین ئایینناسی وەكو عیلمەك دهێتە دیار كرن، وەختی ئەم بێژن كۆمەڵناسی وەكو عیلمێكە، وەكو زانستەكە، بەڵام ئەوە نووكە مەداریسا دێتە تەتبیق كرن (سەقافەتی ئەدیانە) واتە ئەم دشێت بڵێین روشنبیری ئاینی هەمووی دەگرێتەوە، هەم بۆ مەسیحییەت دەگرێ، هەم بۆ ئیسلام دەگرێ، هەم بۆ ئێزیدییەت دەگرێ، رۆشنبیری ئاینی شمولی ترە بۆ هەموویان بەڕەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له خاڵی چوارەم لەماددەی پێنجەم لەیاسای وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە دەڵێ (العناية بالتربية الدنية والخلقية وتيسير الفرص لمارسة الفرائض وتمثل اساليب السلوك القائم على التسامح والتعاون والصدق والاخلاص في الاقوال والاعمال مع مراعاة الخصوصية للاقليات الدينية في الاقليم) ئەوەی کەلێرە لەو دەقەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەبییەو خوێندنی باڵادا هاتبوو ڕێك لەگەڵ ئەوەی یاسای وەزارەتی پەروەردە یەك دەگرێتەوە بەڕاستی، کە لێرە باسی تەربییەی دینی کردووە، پەروەردەی ئاینی، بۆیە لێرە بەڕاستی خوێندنی زمانی کوردی، خوێندنی ئاینی، چونکە وەکو د. بشیریش ئاماژەی پێدا لەقۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنی تەربییەی دینی دەخوێندرێ، نەك ئایناسی، ئایناسی خۆ ئەمە ڕۆژهەڵاتناسی نییە تەنها فێری ئەوە بکرێن ئیسلام بریتییە لە تەعریفێکی بکات و پێغەمبەرکەی ناوی ئەوەیە و تەواو، لەڕاستیدا ئەم نەسەی پێشوو کە لەڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەدا هاتبوو، من لەگەڵ ئەوەمە کە ئەوە پەسەند بکرێ و دەنگی لەسەر بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان فەرموون.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەم گفت و گۆیە ئێمە سیاغەیەکی تازەمان کردووە، کە د. دانا دەیخوێنێتەوە، دەمانەوێ ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەقوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکاندا هەموو چالاکییەکانی فێرکردن کە لەپرۆگرامەکانی وانە گوتنەوەدا دیاری کراون هەبن، لەگەڵ خوێندنی بابەتەکانی زمانی کوردی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئاین لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ئاینە جیاوازەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەکی خۆماندا، مەسەلەی خوێندنی زمان و ئاینە پیرۆزەکان بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە ئەو کێشانەش پێموایە ئەوە جەنابی وەزیر لێرە ئامادەیە بەتەعلیمات

چارەسەر کراوە، ئێمە بۆیە ئەم سیاغەیەمان بەم شێوەیەی خوارەوە هێناوە، بۆ ئەوەی گشتگیر بێ، دواتر لەم یاسایە تەعلیمات و یاسا دەردەچێ کە ئیلزام دەکا، وەزیر دەری دەکا، مەجلیسی وزەرا دەری دەکا، کە ئیلزامی هەموو مەکتەبەکان دەکا، بەگوێرەی ئەو تەعلیماتانەی کە ئەوان دەری دەکەن ئەم مەکتەبانە لەسەری بڕۆن، ئێمە لەپێشدا باسمان کردووە، وتوومانە هەر مەکتەبێك لەم مەکتەبە ئەهلییانە ، غەیر حکومییانە، موخالەفەی ئەم تەعلیماتە و ئەنزیمە و یاسایانەی ئەم وەزارەتە بکا، ئەوا بەرپرسیار دەبێ، سەحبی ئیجازەی لێ دەکرێ، دادەخرێ، ئەمە کە ئەڵێین (في مناهج التدريس) تەنزیمی مەناهیجی تەدریس بکرێ، بەواتا ئەمە هاوڕا دەبێ لەگەڵ ئەو مەناهیجی تەدریسەی کە ئەمڕۆ مەکتەبەکان و قوتابخانەکانی ئێمەش دەیخوێنن، بەتەعلیمات دەردەچێ، ئەو تەعلیماتانەش بەشێکن لەم یاسایە، ئیلزامیەتی خۆیانیان هەیە بەسەر هەموو مەکتەبەکاندا، لەبەر ئەوە ئێمە موسیڕین لەسەر سیاغەکەی خۆمان، کە بەو شێوەیەی خوێندمانەوە، بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەسی تر قسە ناکا، دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، هەردوو بۆچوونەکان بخوێننەوە، دەیخەینە دەنگەوە، هەموو قسەتان کرد، کافییە، ئێستا کام بۆچوون دوورترە ئەو دەخەینە دەنگەوە، کامەی ئەساسەکەیە؟ ئەوەی لیژنەی یاسایی دوورترە، لیژنەی یاسایی سیاغەی خۆتان بخوێننەوە تکایە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يجب أن يتم تنظيم جميع نشاطات التعليم الواردة في مناهج التدريس في المدارس والمعاهد الغير حكومية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، تکایە ئەو سیاغەی کە کردی کێ لەگەڵدایە؟ دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (47) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (23) کەس لەگەڵدانییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ئەوەی یاسایی پەسەند کرا.....

دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، دوو ڕای جیاواز هەیە، ئەوەی لیژنەی یاسایی کردوویەتی (47) دەنگی هێناوە، ئەوەی کەدەنگی پێنەداوە (23) کەس دەنگی پێنەداوە، کەواتە ئەوەی دووەم ناخرێتە دەنگەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەهەم:

مەرجە لەناو دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی چالاکییە فێرکارییە سنووردارکراوەکان لەنێو پڕۆگرامەکانی خوێندن هەبێت، بەئاستێکی پێویست لەڕۆشنبیری گشتی و کۆمەڵایەتی........ ببورن.

ماددەی پازدەهەم:

مەرجداره داواكارى ڕێگەپێدان بەدانانى دامەزراوەكانى فێركردنى ئەهلى يان تايبەتى، پابەندبێت بە پێشينە مافى وەزارەت بەسەرپەرشتى كردن و پابەندبوون بەرێنماييەكانيەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبييەكەى.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشر:

يشترط في صاحب طلب تأسيس مؤسسة تعليم اهلية او خاصة، بالالتزام بأولية حق الوزارة بالاشراف والالتزام بتعليماتها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، ئێمە ئەمەمان كردووە بە فەصڵێكى تر (الفصل الثالث – الاشراف) چۆنيەتى ئيشراف كردن المادة العاشرة (يشترط ان يلتزم صاحب طلب المدرسة الخاصة، كە بۆتە المدارس والمعاهد الغير حكومية ان يلتزم بالنظم و التعليمات الواردة وحقها في الاشراف عليها)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو ليژنەى ياسايى.

**بەڕێز بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە لەم ماددەيە هاوڕاين لەگەڵ ئەو گۆڕانكارييەى كە ليژنەى پەروەردە و خوێندنى باڵا كردوويەتى، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امين خدر (نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەوەی کە لەماددەی (15)، لەیاسا ئەصڵییەکەدا هاتووە، لەپڕۆژە ئەصڵییەکەدا، بخرێتە ژێر بەشی سێیەم کە سەرپەرشتییە، چونکە لەگەڵ ناوەڕۆکی سەرپەرشتی کردن یەك دەگرێتەوە، ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:
مەرجە کە خاوەنی داوای دامەزراندنی فوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی پەیوەست بێ بە پەیڕە و ڕێنمایەکانی وەزارەت، مافی سەرپەرشتی کردنیان لەلایەن وەزارەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز موتەفیقم لەگەڵ ڤی نەسێ، چ موشکیلە تێدا نینە، تەبعەن ئەگەر ببنە فەصڵێ ئیشراڤێ وازحترە، وەکی لیژنا پەروەردەیا گوتی، وەکو نەس من چ ئیشکال لەسەر نینە و وەك تەبوویب لەگەل ئیشراڤێ بی باشترە، وەکی وان گوتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ناوەکانتان بلێن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراو ( کاك کاردۆ، سیوەیل خان، کاك جلال، کاك نەژاد)، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هیچ زەروورەتێکی نییە لێرە، چونکە یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی خوێندنگا تایبەتەکانە، پێویستە پابەندیش بی پێی، یەعنی هیچ ماددەی ناوێ، لەبەر ئەوە پێموایە لابدرێ باشترە، ئەوەی بەتایبەتی کە کراوەتە فەصڵێك و ئیشراف و ماددە نوێیەکەی کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕێکی خستووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پازدەهەم و شازدە، با دووبارە لەشازدەش قسان نەکەمەوە، ئەمنیش پێموایە هەردووکی لابدرێ، لەبەر ئەوەی فەصڵەکی تایبەت هاتییە بەئیشرافەوە، لەئیشراف هەمووی دیاری کرایە، ماددەی پازدە ئەوە سەرپەرشتی کردنە، ماددەی شازدەش مادام ئیجازەکەی وەرگرتییە لەلایەن وەزارەتەوە، بەپێی

ئەو مەرجانەی کە دەبێ بڵێین بەپێی نیزامی داخیلی بێ، پەیڕەوی ناوەخۆی هەبێ، پازدە و شازدە هەر لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من داڕشتنی کوردییەکە (مەرجە کەخاوەنی داوای دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت) خۆی یاسایەکە قوتابخانە و غیرە حکومییە، بڵێین مەرجە لایەنی داواکار پەیوەست بێ، ئەوە بۆ کوورتکردنەوە و تەوزیح، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەکەی هاوکارم سیوەیل خانم بیزەبت ماددەی (15 و16) هیچ ئەوەیەکی نییە، چونکە لەئیشراف هەموو ئەو بابەتانە هاتووە، پێشتریش لەهەندێك ماددەدا هاتبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبابەتی سیاغەیا دەبێ جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، چونکە نابێ بوترێ مەرجە، دەبێ بوترێ پێویستە لەسەر خاوەنی قوتابخانە ناحکومییەکە، یاخود پەیمانگا ناحکومییەکە، ئیلتیزام بکات بەو ڕێکارانە، بۆیە پێموایە ئەگەر لەسیاغە کوردییەکەی چاك بکرێت و عەرەبییەکەشی وەك ئەم دەقەی لێبێت (يجب على صاحب طلب المدرسة او المعهد غير الحكومية ان يلتزم بنظم وتعليمات الوزارة وحقها فى الاشراف عليها)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئەندام پەرلەمانانەی موناقەشەمان کرد، تازە، ڕەئیمان وابوو کە هەر ڕەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لەبەشی ئیشراف هەیە، حەق وایە بیخەیە دەنگدان، ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەموو نەیان وت ڕەت بكرێتەوە، دوو كەس وتی، فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە پێویستە سیاغە بكرێ، تەڵەب و موئەسس، موئەسسە یان موئەسسینە، یەعنی شەرت نییە كەسێك بێتن، لەوانە جەماعەتێك بێتن، چونكە فەردەن ئەو جەماعەتەن لەپێشەكی باسمان كردییە، بۆیە من پێشنیار دەكەم (على مؤسس او مؤسسي المدارس او المعاهد غير الحكومية الالتزام بنظم وتعليمات الوزارة وحقها في الاشراف)، موئەسس ئەو موئەسسین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆچی نامانەوێ ئەم ماددەیە ئیلغا بكەین ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە، ئەمە تەعەهود پڕ كردنەوەیە لەلایەن ئەو قوتابخانە تایبەتەوە كە پابەند بێ بە ئیشراف كردنی وەزارەت لەسەری لەگەڵ هەموو نیزام و تەعلیماتێك، یەعنی مەجالی ئەوە نامێنێ، خۆی بڕیاری سەربەخۆ بدا، گۆڕانكاری سەربەخۆ بكا، بۆ ئەو شتانە دەبێ هەمووی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، حەقی ئیشراف كردنەكە هی وەزارەتە، بۆیە نامانەوێ ئێمە لابدرێ، وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەمە تەعەهود و پابەند بوون دروست كردنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەوەی وتی ڕەتی دەكەینەوە، با هەڵبستێ تەبریری خۆی بڵێ، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەتا نوسراوە (ثالثا: الاشرف) المادة السابعة ئەو پەڕە هەر هەمووی باسی ئیشراف دەكاتن، یەعنی وردیشی كردیتەوە، بەتەفاسیلەكەشی زۆر جوان باسی كردییە، لەبەر ئەوەمان نییە كەڕەت بكرێتەوە، نابێ ئیشرافەكە لەسەر وەزارەت بێ، واتە وەزارەت ئیشرافی لەسەر دەكا، بەپێی ئەو ڕێنمایانە و ئەو تەفسیراتانەی كەهاتییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امين (نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەڕاستيدا ئەوەى بەڕێز سيوەيل خان دەيڵێ ئێمە وامان كردووە، واتە ئەم ماددەيەمان خستۆتە ژێر عينوان و چەترى بەشى سێيەم، كە سەرپەرشتييە، بەڵام لەگەڵ ئەوەين كە دووبارە دابڕێژرێتەوە، بەم شێوەيەى خوارەوە:

پێويستە لەسەر دامەزرێنەرانى قوتابخانە و پەيمانگاى ناحكومى پابەندبن بەپەيڕەو و ڕێنمايەكانى وەزارەت و مافى سەرپەرشتى كردنيان لەلايەن وەزارەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، ئەگەر سەيرى ڕاپۆرتى ليژنەى پەروەردە بكەن، سەرەتاكەشى من خوێندمەوە، (الفصل الثالث – الاشراف) المادة التاسعة كەجاران تاسيعەن بوو بەهۆى زياد كردنى ماددەيەكەوە بۆتە المادة العاشرة، ئێستا پاش ئەم گفت و گۆيە پێمان باشە بەم نەسەبێ ( على طالب تأسيس المدارس والمعاهد الغير الحكومية ان يلتزم بنظم وتعليمات الوزارة وحقها في الاشراف عليها)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئێستا ئەوان دەيانگۆت ڕەت بكرێتەوە، بەوسياغەيە تەواوە؟ دەباشە، بەڕێزان، ئێستا دەيخەينە دەنگەوە، بەو سياغەى ئێستا خوێندرايەوە كێ لەگەڵدايە؟ تكايە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانييە؟ تكايە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (1) كەس لەگەڵدانييە، منيش لەگەڵت دەبم دەبين بە دوو، (2) كەس لەگەڵدانييە، بەزۆرينەى دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆماددەيەكى تر.

تكايە ئەوانەى دەڕۆنە دەرەوە زوو وەرنە ژوورەوە، چونكە ئێستا ئەوەى كە لەهۆڵەكە دانيشتوون (58 و 59 و 60) دێ و دەڕوا، تكايە كە دەڕۆن زوو وەرنەوە ژوورەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعيد صوفى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى شازدەم:

دامەزراوەكانى فێركردنى ئەهلى و تايبەتى، پابەند دەبن، بەپابەند بوونێكى تەواو، بەپرۆگرامەكانى كتێبەكانى خوێندن و سيستەمى ناوخۆ و سيستەمى هەڵسەنگاندن، كەپێشتر پێشكەش بە وەزارەتى كردووە و ڕێگەپێدانى لەسەر ئەو بنچينانە وەرگرتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبييەكەى.

**بەڕێز بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة العشر:

تلتزم مؤسسات التعليم الاهلي والخاص التزاما تاماً بمناهج وكتب التدريس والنظام الداخلي ونظام التقويم، والذي سبق وأن قدمت للوزارة واخذت الاجازة على هذه الأسس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشر:

بەم شێوەمان لێکردووە:

تلتزم المدراس والمعاهد الغير الحكومية كليا بمناهج وكتب التعليم والنظام الداخلي ونظام التقويم التى سبق ان قدمتها للوزارة و على اساسها حصلت على الاجازة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە چ ئیشکال لەگەڵ وی نەسێ دانینە، دروستە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەتێبینیەکەمان وتمان ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، وەکو لەسەر ئەوە لەگەڵ لیژنەی پەروەردە لەماددەی (9) هاوڕا بووین لەسەری، باسییان لەسەر کردووە، ئەوە ڕەئی ئێمە بوو بەنیسبەت ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە شتێکی جیاوازە لەپاش وەرگرتنی ئیجازە، ئێمە دەڵێین ئەو قوتابخانە تایبەتانە ئیلتیزامێکی کولی دەکەن بەو مەنهەج و کتێبانەی نیزامە تەقویمەکەی کە لەسەری ئیجازەکەی وەرگرتووە، کاتێك کە ئەو ئیجازەی تەقدیم کردووە، ئەو مەرجانەی کە دامان نابوو لەماددەی سێدا باسمان کرد، کە دەبێ ئەو هەموو شتانە تەقدیم بکا، لەدوای وەرگرتنی ئیجازەوە دەبێ پابەندبوونی خۆی بەو شتانەوە بکا، ئیلتیزامی پێوە بکا، بەو شتانەی کە پێوە تەقدیمی کردووە، نابێ لێی پاشگەز بێتەوە، بەئارەزووی خۆی شت بگۆڕێ، شتی تر بێنێتە ئارا، چۆن و ئیجازەی لەسەر چ شتێك وەرگرتووە دەبێ بەردەوام بێ لەسەری، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارێك هەیە، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەڵێن چۆن دەبێ دوو ئەندام لەلیژنەی پەروەردە، هەر یەکێکیان بەجۆرێك قسە بکەن؟ دەبێ لیژنەی پەروەردە یان ڕەئی موەحەدتان هەبێ یان سیاغەی موەحەدتان هەبێ، یان ڕەئی جیاوازتان هەبێ بچنە خوارەوە قسە بکەن، فەرموو کاك عمر قانونی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی دوای ئەو تەوزیحەی کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دای لەسەر بابەتی ئیلتیزام بوونی ئەو قوتابخانە تایبەتی و مەعهەدە تایبەتییانە، بەکتێب و مەنهەجی تەدریس و نیزامە داخیلییەکەی، لەبەر ئەوە ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەو بۆچوونەی لیژنەی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ تێبینی هەیە؟ لەسەر ئەو ماددەیە با ناویان بنووسین، تەنیا (3) کەس (کاك نەژاد، ئاهەنگ خان، مامۆستا فرمان)، فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو (تلتزم)ە، (یجب ان تلتزم) بێ، یەعنی فەرز بکرێ لەسەریان کە ئەو موئەسەساتانە، ئەوانە، هەرچەندە ئێمە ئەو ماددەیە کەوتەوە ژێر ئەوەی ئیشراف، چونکە من و سیوەیل خان لەگەڵ ئەوە دابووین کە ئەو دوو ماددەیە بەڕاستی، چونکە تیکرار بۆتەوە یەعنی ئەوە بکرێتن، بەڵام مادام کەوتە ئەوەی ئیشرافەوە کێشە نییە، بەڵام دەبێ بنووسرێ (یجب ان تلتزم) ئەمن وام پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پرسارێکم لەلیژنەی قانونی و لیژنەی پەروەردە هەیە، فەرمزەن من دەمەوێ مەکتەبەکی ئەهلی بکەمەوە، ئیجازەی وەردەگرم و پرۆگرامی خۆم تەقدیم کردییە، ئەدی ئەگەر شتێك ئیستیحداسی بوو، مەنهەجەکی عیلمی یان دەرسەکی ئیزاڤی ئەمن بمەوێ تەقدیمی بکەم، پاشی ئەو ئیجازەیەی کە وەرم گرتییە، ( ئەو ما توقەدیم و موستەقبەلەن) ئەو شتە زەروورییە، ئەو مادده فەرمزەن زەروورییە، کۆرسەکە، دەرسەکی نوێیە، بەگوێرەی مواسەفاتی عالەمی دەبێ بخێندرێ و دەبێ قوتابخانە، قوتابییەکان ئاگایان لێبی، چۆن تەقدیمی بکەم؟ ئەگەر ئەمن ئیجازەم وەرگرتبێ، ئەو شتە قەرارەکی قەتعی بێ، ئێعدام بێ لەسەرم، ئەدی کو دەمەوێ ئەو مەنهەجەی تەقدیم بکەم؟ قەت نابێ سەغرەکی قانوونی هەبێ، بتوانم ئەمن لائیقەن شتەکی نوێ بێ، لەسەر ئەساسی عەینەن ئینجازەکەی ئیستیحداسی ئەو موافەقەی بکەم؟**

**زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا فرمان فەرموو.**

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیەکەم لەسەر کتێبەکانی خوێندنە، دیارە ئەو قوتابخانە ئەهلییانەی کە دادەمەزرێن دوو بەشن، بەشێکییان نێودەوڵەتییە، بەشێکییان خۆماڵییە، ئەوەی خۆماڵییە دیارە گرفتمان نییە، مەنهەجی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنێ و هیچ گرفتمان نییە، بەڵام گرفتەکە لێرەیە لەنێودەوڵەتییەکەیە، نێودەوڵەتییەکە ئێمە گوتیتمان کتێبەکانی خوێند ئەوە خۆی دەبێ هەر مولزەم بێ بەو کتێبانەی لای ئێمە، کە باسمان کرد، وەکو زمانی کوردی و ئاین و ئەوانە، تاوەکو دوایی، بەڵام کتێبەکانی خوێندن کە ئەو پێشکەشی کردوویە، کتێبەکانی ئێمەی پێشکەش نەکردییە، ئەو مەنهەجی خۆی پێشکەش کردییە، ئەو بەپابەند بوون بەمەنهەجەکەی خۆی ئەوە بەلگە نەویستە، هەر دەبێ پابەند بێ، بەڵام لێرە لەناو کەوانە (ئەو دەبێ پابەندبێ بەو مەنهجەی کە ئێمە دەیدەینێ) مەسەلەن زمانی کوردییە، لێرە لەئیجازە وەرگرتنەکەی، کۆمەڵایەتییەکەیە، ئەوەیە، لێرە بەڕاستی لەکتێبەکانی خوێندن برەك پێوێستی زیاتر بە روونکردنەوەیە،**

**زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە تێبینیتان، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو ماددەیە بۆ ئەوە هاتووە کە لەکاتی پێدانی مۆڵەتدا قوتابخانە یا پەیمانگای ناحکومی مەنهەجی خوێندن، کتێبەکان پێشکەش دەکات، کۆمەڵێك بەڵگەنامە و شت پێشکەش دەکات، ئەمە لەبابی تەئکیدا کە دوای ئەوەی مۆڵەت وەردەگرێ، پێویستە پابەندبێ بەو مەنهەجەی پێشکەشی کردووە، بەڵام ئەگەر گۆڕانکارییەك لەمەنهەجدا کرابوو، ئێمە لەماددەیەکی تردا دەڵێین: (هەرگۆڕانکارییەکی تری پێویست بکرێ، بەڕەزامەندی وەزارەت دەکرێ ئەو گۆڕانکارییە ئەنجام بدرێ، بۆیە دەرگای گۆڕانکاری لەمەنهەج و لەهەندێ شتی پێویستدا لەڕووی قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومییەکان دانەخراوە، بەڵام ئەمە لەبابی پابەند بوونی ئیجابییە، بەو مانایەی تەخیرێك نەکا، کە تەئسیری سلبی هەبێ بۆ سەر پرۆسەی خوێندن و پابەند بوون بە مەنهەجەکانی خوێندنەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو تەغیری ئیجابی بکا، ئەوە بەڕەزامەندی وەزارەت بێ، ئەو دەرگایە کراوەتەوە)، سەبارەت بەکتێبەکانی خوێندن لەقوتابخانەی نێودەوڵەتییدا ڕاستە ئێمە دەبوو پابەندمان کردبان بەقانونەکە، بەزمانی کوردی و کوردی و ئەوانە بخوێنن، بەڵام ئەو مەسەلەن ئەو کیمیایەی قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی دەیخوێنێ، شەرت نییە هەمان کتێب بێ، کە ئێمە لێرە لەقوتابخانەیەکی حکومی کیمیا دەخوێندرێ، بۆنموونە کیمیا لەقوتابخانەی میدیا جیاوازە لەگەڵ ئەو کیمیایەی لەقوتابخانەیەکی حکومی دەخوێندرێ، لێرە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو مەنهەجەیەی، ئەو کتێبەی کە پێشکەش کراوە بۆ بابەتی کیمیا، وەزارەتی پەروەردە ڕەزامەندی لەسەر نیشانداوە، کە ئەم مەنهەجە دەخوێنێ، پێوەی پابەند دەبێ، بنەمای عیلمی تێدایە، دوای ئەمە بابەتێکی تر ناهێنێ، کتێبێکی تر ناهێنێ بۆ خوێندن، کە جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەوەی کە پێشکەشی وەزارەتی کردووە، بەهەمان ئەو کتێبانەی کە هی زمانی کوردییە، هی ئاینە، هی کۆمەڵایەتییە، کە مولزەم دەکرێن لەلایەن وەزارەتەوە، بۆ ئەوەی بیخوێنێ، بۆیە کتێبەکانی خوێندن بەنیسبەت هەردوو لایەوە، دەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان ئەو بەناوی چی قسەی کرد؟ تۆ بەناوی چی قسە دەکەی؟ خۆ دەبێ لەلیژنەی پەروەردە یەکێکتان قسەی بکەن، فەرموو، کاك عمر قسەی دەکا فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا تەوزیحەکەی من وەکو سیاغەیەکی یاسایییە، ئەگینا باقی تر قسەمان لەسەر کرد، ڕەئی خۆشماندا لەسەر، پێموایە جەنابی وەزیر ئەگەر تەوزیحێکمان بداتێ...، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێ بەیاسا، دواتر هەر گۆڕانکارییەکی تێدا کرا، دەبێ بەپرۆژەی تەعدیل ئەو ماددانە بگۆڕێن، لێرە باس لەوە دەکا دەڵێ (ونظام التقویم التي سبق ان قدمتها للوزارة) یەعنی ئەو بەرنامەی کەپێشتر تەقدیمی کرد، بۆ وەزارەت، ئەگەر هاتو ئەم مەکتەبە، ئەم مەعهەدە، پاش (5)ساڵ مەنهەجەکەی خۆی گۆڕی، کار چۆن دەبێ؟ چ ئیجرائاتێکی

یاسایی دەکریٚ؟ چۆن چۆنی ئەو بەرنامەجەی قبولٚ دەکریٚ؟ داوا دەکەین جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی سیاغەی یاساییەکە باش بێت، بۆمان تەوزیح بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مە نەڤێت قانون ببێتە دەسکر بەرامبەری پێشڤە خستنێ، سالانە چێبیت هەندەك بابەت بهێنە گۆڕین، دوماهیکە ئەز حەزکەم نەسەك تێدا بێت دەستەلاتداری بداتە وەزارەتێ، پێداچوون سەر مەناهیج و بابەتێن علمی کو بچێت بگۆڕیتەوە، تەتویری پێ بکاتەوە، نەبەس بەدل بکا، دووماهی کی دی داوا دکەمەوە تێکستەك بچێتە قانونێدا کە دەستەلاتداریا گۆڕینا بابەتێن علمی ل سەر شێوازا علمی بدرێتە وەزارەتێ، ئینجا بەنیزام بی، یان دەستەلاتداری بدا، ئەڤە هەمی دگەل وەزارەتێ گرێ بدەن، نەشی چ تشتان بکا، بابەتێك گۆڕانکارییێك نووکە بەڕێز ئاهەنگیش عەینەن میسالی هینا، یەعنی مە دڤێت ریازیاتێ بەدل بکەم سوبەهی، یان دەرسەکا کۆمپیوتری هاتە گۆڕێن قانونێ بەدل بکەم، هەتا تێدا بکەم، تشتەکی گەلەکا زەحمەتە، ئەوجا جەنابێ تە قانونییە، تۆ چۆن هاتە داخیل کرن تێدا، بەس ئەز دووماهی کێ فەقەرەکا وازح بهێ قەراری دابێ دەسەلاتداری بداتە وەزارەتێ، وەبی شولی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابی وەزیر دەیلێ من عەینەن ئەو پرسیارەم پرسی، یەك فەقەرە دەتوانین ئەگەر لیژنەی یاسایی قەرار بدەن، (اوما تقدمه لاحقأ او مستقبلا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینی ئەوەم هەیە ئەو ماددەیەی ئەوەی ئێستا موناقەشەی دەکەین لەگەڵ دوو ماددەی پێشووش، بەڕاستی هەرسێکییان، ئەگەر لیژنەی یاسایی لەگەڵمان بن بۆ ئەوەی چونکە ئاراستەی بەڕێزتان، دەڵێم ئەو سێ ماددەی ئێستا موناقەشەی دەکەین، پێشووەکەش و ئەمەش، باسی مەرجە، ئێمە لەماددەی شەشدا بەڕاستی (13) خاڵمان بۆ مەرجەکان داناوە، لەوێ ئاماژە بەنیزامی تەعلیم، بەمەناهیج، بەئوسوسی نەجاح، بە نیزامی تەعلیمی ، بەمەناهیجی تەدریس هەمووی کراوە، ئێمە لێرە دووبارە بۆچی

ئەم سێ خاڵەمان داناوەتەوە؟ هەرسێکی مەرجن دەبوایە لەوێ جێگامان بکردبایەوە، (13) خاڵی تێدایە نازانم بە دووبارەی دەبینم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانە ئیجازەی تەڵەبی تەئسیس و شروتی تەئسیسەکەیەتی، ئەم بابانە بابی ئیشرافی وەزارەتە لەسەر مەکتەبی خاسەکان و مەعهەدە تایبەتییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەگەر سیاغەکە گۆڕانکارییەکی تێدا بکرێ، لەو کێشەیە نەجاتمان دەبێ، کە باسی ئەوە دەکرێ، ئەگەر مەنهەج بگۆڕێ، ئەگەر بابەتێکی تازە بێتە ناو مەنهەجی خوێندنەوە، ئەوان چۆن چارەسەری دەکەن؟ هیوادارم لیژنە ئاگاداربێ، کە ئێمە دەڵێین قوتابخانە تایبەتەکان بەتەواوی پابەند دەبن بەپڕۆگرام و کتێبەکانی خوێندن و پەیڕەوی ناوەخۆ و سیستەمی هەڵسەنگاندن، ئەوان دەڵێن کە پێشتر پێشکەشی وەزارەتییان کردووە، ئەگەر ئێمە بیکەین بە (کەپێشکەش بەوەزارەتی دەکەن)، ئەوا موزاریعی موستەمیڕە، نوقتە تەواو، ئیتر هیچ کێشەیك دروست نابێ، ئەوەش دەگرێتەوە کە ئەگەر لەموستەقبەلدا،لەمەنهەجدا گۆڕانکارییەك بکرێت و تەڵەب تەقدیم بکەن بۆ وەزارەت، وەزارەت موافەقەتی لەسەر بکا، هیچ کێشەیەکییان بۆ دروست نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دواسیاغەتان بزانین چییە؟ لیژنەی هاوبەش، کاك عمر سیاغەتان لەگەڵ ئەواندا جیاوازە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان، بەجەنابی وەزیریشەوە، کۆکن لەسەر ئەوە، ڕاستە گۆڕانکاری لەمەنهەجەکاندا بکرێ، بەڵام ئێمە دەکرێ لەم یاسایە ئیتر لەم بابەدا یان لەبابەکەی تردا بێ، ماددەیەك بەئیزافە بێنین باس لەوە بکەین کە بۆ وەزارەت هەیە بەمەنهەجەکاندا بچێتەوە، ئەو مەنهەجانەی کە ئەو مەکتەبە تایبەت و مەعهەدانەی کە موافیقە، کە گونجاوە لەگەڵ ئەو تەتەویرە عیلمییەی کە ڕوودەدات،

حەقێك بدەین بە وزارە، ئەوە بەماددەیەكی موستەقیل بێ، پێموایە باشتر دەبێ، هێزی یاسایشی زیاتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە دوو ساڵیش قانوونم خوێندووە، پێموایە لەهەمان ماددە ئیلتیزامەكی بدەینێ بەگۆڕانكاری باشتر دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەگەر ماددەكەش بخوێنینەوە بۆ دەنگدان، ناتوانین دەنگدانی لەسەر بكەین، چونكە نیسابی قانونی تەواو نییە، چەندین جار تكا دەكەین، ڕەجا دەكەین، موراعات بكەن، هی وا هەیە خوادەزانێ چاومان لێیەتی یەك سەعات و نیوی پێدەچێ، هی وا هەیە چارەگە سەعاتێك دێ، دوایی هەردەڕوا و نایەتەوە، ماڵیان ئاوابێ، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ئەندامەی وایە، حەزیشت لێ نییە، ناوی بێنی، ئەگەر زەحمەت نییە، بەكاغەزێك بۆی بنووسە، كەهاتەوە ژووری، بڵێ تكا دەكەم دووبارەی مەكەوە، هەتا بزانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هی واش هەیە زۆر نادیر و كەم دەچێتە دەرێ، حەقە ئەوانیشت بگۆتبایە، هی واش هەیە هەر ناچێتە دەرێ، زۆرنادیر و كەم دەچێتە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە دەست خۆشی لەوانە دەكەین كە ناچنە دەرەوە، ئەوانەی كە دەچنە دەرەوەش هەر قەیناكە، ئاساییە بچن چارەگە سەعاتێك، دە دەقە ئیسراحەتێك بكەن، ئاوێك بخۆنەوە، بەڵام ناكرێ تۆ سەعاتێك تاخیر بی، دوو سەعات تاخیر بی، چارەگە سەعاتێك بێیت و دوایی بڕۆیتە دەرەوە، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەم ماددەیە، دوای ئەو گفت و گۆو سەرەنجانە، ئێمە لێرە موتەفقیقین لەسەر ئەوەی کە ئەم ماددەیە بکەین بە دوو برگە، (أ و ب)، (أ) ئەوەی کە خوێندرایەوە، (ب) بڵێین: (وەزارەت دەتوانێ چاو بخشێنێتەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن لەقوتابخانە و پەیمانگا ناحکومییەکان، بەشێوەیەك کە لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی بگونجێت)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا بیخوێننەوە فەرموو سۆزان خان**

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحادية عشر: ـ اولا: يجب ان تلتزم المدارس والمعاهد غير الحكومية كلياً بمناهج وكتب التعليم والنظام الداخلي ونظام التقويم التي سبق وقدمتها للوزارة وعلى اساسها حصلت على إجازة.**

**ثانيا: للوزارة إعادة النظر في مناهج المدارس والمعاهد الدولية والمعاهد غير الحكومية بما ينسجم والتطور العلمي.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو د. عمر.**

**بەڕێزد. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەقەکەی بەکوردی دەیخوێنینەوە، أ- قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی بە تەواوی پابەند دەبێ بە پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن و پەیڕەوی ناوخۆ و سستەمی هەڵسەنگاندن کە پێشتر پێشکەش بە وەزارەتیان کردووە و لە سەر ئەو بنەمایەش مۆڵەتیان وەرگرتووە، ب ـ وەزارەت دەتوانێ چاو بخشێنێتەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکان بەشێوەیەك کە لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی بگونجێ، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،**

**بەڕێزد. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (17) وەزارەتی پەروەردە لایەنی فەرمی بەرپرسە لە سەرجەم دامەزراوەکانی فێر کردنی ئەهلی تایبەتی، دەست واڵایە لە بەخشینی ڕێگە پێدانەکانی کارکردن یان ڕاکیشانەوە یان ڕاگرتن لەکارو بەرپرسیارەتیەکە پەیوەستداریش بەیەکەی سەرپەرشتیاری مەیدانی ئەم دامەزراوانە، بۆ دڵنیا بوون لە**

بەڕێوەچوونی کارو  بەرپرسیەتیەکانیان بەپێی تێکستە یاساییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەمانە وەزارەت پیادەی ئەم ئەرك و ڕێ و شوێنانە دەکات:

ا. توێژینەوەی ئارایی فێرکردنی ئەهلی و تایبەت و پلانە ستراتیژیەکان و سیاسەتە گشتیەکان بۆ پێشخستن و فراوانکردنی لە بواری ئەو خزمەتانەی کە ئەو دامەزراوە مەبەست خوازانە بەم جۆرە فێرکاریە.

2. وەرگرتنی داواکاری ئارەزوومەندان بە دانانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی و بڕیاری کۆتایی دەربارەیان، 3، توێژینەوەو بڕیاردانی لیست بەندەکان و سستمە ناوخۆییەکانی (پەیڕەو) ئەم دامەزراوانەو دڵنیابوون لە سەرجەم مەرجە یاساییەکان و سەرجەم ( مواسەفاتە کارگێڕی و هونەری و پەروەردەییەکان لە دامەزراوەکاندا ئەوانەی دادەمەزرێن لە ئایندەدا)، 4. ئەنجامدانی سەرپەرشتیاری مەیدانی بۆ دڵنیابوون لە بەجێ گەیاندنی کارو چالاکیەکانیان و دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی تایبەتی بەپێی ئامانجە سنووردارکراو و بەرنامە بڕیار لە سەردراوەکانیان کە لە بنچینەدا لە سەر ئەمانە ڕێگە پێدانی کاریان وەرگرتووە، 5. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی بە مەبەستی ئامانجی پێشخستنی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی بارودۆخی کارەکانیان، 6. ڕەتکردنەوەو ڕاگرتن و کێشانەوەی ڕێگە پێدانی کارکردن و داخستنی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی بەپێی یاسا، 7. ڕێکخستنی پرۆسەی پەیوەندی گرتن و هەماهەنگی گرتن پەیوەست بە کاروباری ئەم جۆرە فێرکاریە لە سەر ئاستی دەزگاکانی وەزارەت و نێوانیان و نێوان لایەنە پەیوەندارەکان، 8. بەردەست خستنی جۆرەها پاڵپشتی بە توانا بەردەستەکان لە لایەنی ماددی و مەعنەوی و کۆکردنەوەی توانا فەرمی و نا فەرمیەکان و، چاکترکردنی و پێشخستنی ئەم جۆرە فێرکردنە، 9. ئەنجامدانی هەر کارێك یان بەرپرسیاریەتێکی تر بەپێی پیادەکردنی ئەم یاسایە و بەرپرسیارەتیەکانی وەزارەت لە یاسا جێبەجێکراوەکان دەبێت،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیەکەی؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشر کە دەبێتە المادة الثانية عشر:

وزارة التربية هي الجهة الرسمية المسؤولة عن جميع مؤسسات التعليم الاهلى والخاص، وهي مطلقة اليدين في منح إجازة العمل او سحبها او إيقاف العمل المسؤولية معهودة بوحدة الاشراف المادي لهذه المؤسسة من اجل ألاطمئنان حول حصة سير العمل ومسؤلياته وفقا نصوص القانونية، من اجل تنفيذ ذلك تقوم الوزارة بتطبيق هذه الواجبات والاجراءات:

1. إجراء البحوث حول التعليم الاهلي والخاص والخطط الاستراجية والسياسات العامة من اجل تهوف بها وتوسيعها في مجال خدمات التى تقدمها مثل هذه المؤسسات المختصة بموهل هذا التعليم.

2. استلام طلبات الراغبين لتأسيس المؤسسات التعليم الاهلى والخاص وإصدار القرار نهائي حولها.

3. دراسة وإقرار مستندات والنظم الداخلية (البرامج) لهذه المؤسسات لتأكد من توفر جميع الشروط القانونية وجميع المواصفات الادارية والفنية والتربوية في المعنيين والذين يعينون في المستقبل.

4. تنفيذ الاشراف الميداني لتأكد من تحقيق ونشاطات المؤسسات التعليم الاهلي والخاص وفق الاهداف المحددة والبرامج المقررة والتى هي اساساً منحت إجازة العمل بناءً عليها.

5. إجراء البحوث والدراسات العلمية بهدف تطوير المؤسسات التعليم الاهلي والخاص وفق القانون.

6. رفض وإيقاف وصحب إجازة العمل وإغلاق مؤسسات التعليم الاهلى والخاص وفق القانون. 7. تنظيم العملية الاتصال والتنسيق المتعلقة بشؤون هذا النمط من التعليم على مستوى مؤسسات الوزارة وفيما بينها وبين الاطراف ذات العلاقة.

8. إستعمال مختلف انواع الدعم بالإمكانيات المتاح من الناحية المادية والمعنوية والجمع القدرات الرسمية وغير الرسمية لتحسين والتطوير هذا النمط من التعليم.

9. إنجاز اي عمل او مسؤلية اخرى وفق تطبيق هذا القانون ومسؤليات الوزارة تكون عن القوانين النافذة،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی پەروەردە؟

**بەڕێزد. عمر حمد امين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سەبارەت بەو ماددەيە دووبارە دامان ڕشتۆتەوە و كورتمان كردۆتەوەبەتايبەتی ئەو خاڵانەی، هەنگاوانەی كە دياريكراون بۆ ئەوەی كە وەزارەت بيان گرێتە بەر پرۆسەی سەرپەرشتيكردن، ئێمە پێمان وابوو كەوا ئەركی وەزارەتە و پێويست ناكات لە ناو ياساكەدا ئاماژەيان پێ بدرێ، بۆيە بەم شێوە دامانڕشتۆتەوە: وەزارەتی پەروەردە لايەنی بەرپرسی فەرميە لە هەموو قوتابخانە و پەيمانگا نا حكوميەكان و تەنيا لايەنی مۆڵەت دەريشە مافی مۆڵەت يان ڕاگرتنی كاری قوتابخانە و پەيمانگای نا حكومی هەيە، ئەگەر سەلمێنرا كە ئەو قوتابخانەو پەيمانگايە بە حوكمەكانی ئەم ياسايە پەيوەست نەبوو،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو سۆزان خان.

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشر:

وزارة التربية هي الجهة الرسمية المسؤولة عن كافة المدارس والمعاهد غير الحكومية وهي الجهة الوحيدة لمنح الاجازة وسحبها وإيقاف عمل المدرسة او المعهد غير الحكومي إذا ما ثبت عدم التزامها بإحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی یاسایی ڕامان وایە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری لە پێدانی مۆڵەت باسکراوە لە ماددەکانی پێشوو، و، بەشێکی تری زۆری کە ئەمینێتەوە پێویستە بە نیزامی داخلی کە لێرە باسکراوە، باسی لە سەر بکرێ، مەسەلەی مەنح و سەحبی ئیجازەش باسی لە سەر کرا کە وەزارەتە و بە شروتی قانونی خۆی مەنحیش دەکا و بەشروتی قانونی سەحبیش دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە زیادە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووجەنابی وەزیر.

**بەڕێز:د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەزی نابینم گەلەکە زروری بمینتەڤە، بەس تێکستەکی داهاتیە وەزارەتا پەروەردە تەنها جیگایە پابەند بێ ب دان و دیف موئەسەساتێ ئەهلی یان نا؟ بەس ئەڤ تێکستە وەزارتێ تەربیە جیهێ (وحیدةالمعنیة) عاردەکی دی تێدا هات یان نا؟ ئەگەر نەهاتبێ ئەڤە زەروریە لازمە بمێنێ، چونکە نەوەکو وەزارەتا تەعلیم عالی سوبەی ئیجازە بدات، وەزارەتا کار ئیجازە بدات، بو ڤێ بابەتێ بە ئەڤە مە دڤێت تەئکید کەمەڤە، ئەگەر ئەو ل عاردەکی دی هاتبتە گوتن پێویست ناکات، ئەگەر نەهاتیە گوتنڤێ تێدا تەحدید کرن، وەزارەتێ تەربیە جهێ (وحیدة المعنیة بمنح إجازة وسحبها)، چونکە بەیانی وەزارەتێ کار ژ دێتن، وەزارەتا تەعلیم عالیش دێت، تەعەدودیا مەسئولیەتێ تێدا پەیدا بیت، بۆ ڤێ چەندە پێویستە موراجەعەتێ بکەت، بۆ لایێ قانونی، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە جارێ وەزارەتەکە وەزارەتی تەربیەیە، دووەمینیان قوتابخانە ئەکید سەر بە وەزارەتی تەربیەیە، پەیمانگاکانیش سەر بە وەزارەتی تەربیەیە لە ڕووی ئیختیساسەوە مەربووتە بە وەزارەتی تەربیەوە.

**بەڕێز:د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، پەیمانگە هەندێك جار عەردێ دی ڤەد کەت، یەعنی نووکە وەزارەتا کارقوتابخانە ژی هەی جەنابێ سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتا صحێ، وەزارەتا کار، غیر وەزارەتا قوتابخانە ژیت هەین، ئەگەر ئەوە یەك لا نەبیتەوە ئەو کێشە دی هەر مینێت بۆ ئاگاداریت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر لە ماددەی یەکەوە کە باس لە وەزارەت و جەنابی وەزیر کراوە باس لە وەزارەتی تەربیە و وەزیری تەربیە کراوە، باس لە مەدرەسەی خاسە و مەعاهیدەکانیشی لە سەر کراوە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە خاصە بە خۆی پێویست ناکات کە لێرە هیچ بابێکی دیکەی بۆ بێتە پێشەوە هیچ ماددەیەکی تری بۆ ئیزافە بکەی، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵام ئایا ئێمە هیچ مەعهەدێکمان نیە سەر بە وەزارەتەکی دی بێ غەیری وەزارەتی پەروەردە؟ هەمانە کەواتە وەزیری پەروەردە حەقێتی بڵێ هەندەك مەعاهد هەن، فەرموو سۆزان خان،**

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڵێ وەزارەتی کار مافێیتی مەعاهد بکاتەوە، وەزارەتی صحە مەعهەدی تەمریز مەسەلەن کۆمەڵێك خەڵك بچن داوا بکەن مەعهەدێکی تایبەتی ئەهلی تەمریز بکەنەوە، ئەویش جارێکی تر ئەگەر باس نەکرێن، نەوترێ ئەمانە ئیجازە لە مەناهیج وشتانە تەنسیق بێ لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەبێ ئاگاداری وەزارەتی پەروەردە ئیجازەی دەدرێتێ بەبێ گەڕانەوەی بۆیان، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرمووکاك عمر.**

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو باسمان لە سەر کرد بە تەئکیدەوە شروتی دانی ئیجازەو نەدانی ئیجازە و سەحب کردنی ئیجازە لە ماددەکانی پێشوودا باسمان لە سەر کردووە دەنگیشمان لە سەر داوە، وەزارەتی تەربیە موختەسە بەوە، لەبەر ئەوە بۆ تەوزیح کردنی زیاتر و ، ئەو دوورو درێژیەی کە لەو ماددەیە هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە سیاغەکی بۆ دادەڕێژینەوە، (تكون وزارة التربية هي الجهة الوحيدة والمختصة بمنح وسحب إجازة تخصيص المدارس والمعاهد غير الحكومية في الإقليم)،جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئیعادەی سیاغەکەمان دەکەینەوە (تكون وزارة التربية هي الجهة المختصة حصراً بمنح و سحب إجازة تأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية في الإقليم)،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرمووجەنابی وەزیر.**

**بەڕێز:د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەڤ تێکستە وازحە، بەس ڤێ درکێ دیسان دێ تەعاروزێك چێببیتەوە د گەل تەعلیم عالی، هندەك مەعاهدا تەعلیم عالی دات ئیجازە، ئەز حەز د کەم تە ئەنیەت سیاغەی بکەنەوە یا دروست بی، مەسەلەن ئەڤە نووکێ ڤێ مەعاهدە، مەعاهدێ تێن پشتی صەفە(12)ی دێتە وەرگرتن، و ناڤی وەژی هەر مەعاهدە، ئەو ئیختیساسێ وەزارەتە تەعلیم عالیە، ئەگەر مەجال هەبێ بۆ سیاغەتەکە دروست تر، دەقیق تر، چونکی سوبەی مەعهەدەکە ڤەکەت مستوی پشتی صەفە(12)ی ئەڤە ڤێ نەصێ د بیتە تابعی وەزارەتە تەربیە، بەڵکو تەعلیم عالیە، بەڵێ ئیجا بێت ڤێت تەحدید کەت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عمر.

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم سیاغەیەی کە من هەر چەندە پێشم وایە ئەمە لە ماددەکانی تر باسمان لە سەرکردووە و ، کۆتاییشی هاتووە و لە سەر دراوە، بەڵام بۆ تەئکید لەوانەیە گرنگ نەبێ، بەڵام ئێمە باسمان لەو یاسایە کردووە لە تەعریفەکەدا، بەڵام موعەڕەفە وەزارەتی تەربیە مەعهەدەکان، مەکتەبە غەیر حکومیەکان لەبەر ئەوە پێویست ناکات هیچ فەقەرەیەکی دیکەی زیاد بکەین، بڵێین ئەمە ئەو مەعهەدانە دەگرێتەوە کە بیدائی ئەو مەعهەدانە ناگرێتەوە کە سەر بە تەعلیمی عالین، ئەوەی سەر بە وەزارەتی تەعلیم عالیە خۆی یاسای تایبەتی خۆی هەیە، لێرە تەحدیدەن حەسر کراوە، ئەم قانونە، قانونێکە بۆ وەزارەتی تەربیە، ئەو وەزیرە وەزیری تەربیەیە، ئەو صەلاحیەتانەی کەوا دەنگی لە سەر دراوە، موصادەقەکراوە باسی لە سەر کراوە لەبەر ئەوە زۆر ڕوون و وازیحە ئەگەر ئیکتیفا بەم نەصەی خوێندمانەوە بیهێنین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێزد. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە کاتێك لە زاراوەکان و وشەکان پێناسەمان کردوون کە دەڵێین قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی، دەڵێین ئەو قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیانەن کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە سەرپەرشتی دەکرێن و خوێندنی پێش خوێندنی زانکۆیی دەگرێتەوە، خوێندنی باڵا دەگرێتەوە، واتا هەموو ئەو پەیمانگایانەی کە

لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە تایبەتن بە خوێندنی باڵا ئەوان ناگرێتەوە، بۆیە لە تەعریفەکەدا ئەمە ڕوون کراوەتەوە، هیچ ئیشکالیێکمان نیە لەو ڕووەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەصەن وامان وتووە لە تەعریفەکەدا، ئەگەر جەنابی وەزیر بگەڕێتەوە بۆ تەعریفەکە یاخود بیخوێنمەوە، (المدارس والمعاهد غير الحكومية عبارة عن رياض الاطفال والمدارس والمعاهد غير الحكومية العاملة في مجال التربية والتعليم والتدريب المهنى قبل مرحلة التعليم العالى وتتولى وزارة التربية ترخيصها والاشراف عليها) ئەمەمان لە تەعریف تەسبیت کردووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا سیاغەکە بخوێننەوە بزانین پەرلەمانتارە بەڕێزەکان کەس تێبینی هەیە؟ فەرمووو کاک عمر ئاخیر سیاغەی بخوێننەوە،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تكون وزارة التربية هي الجهة المختصة بمنح وسحب إجازة تأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية في الإقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمە هەردوو لیژنە لەگەڵ جەنابی وەزیر موتەفیقن کەس تێبینی هەیە لە سەری؟ ناوەکانتان دەنووسم، ( د. احمد وەرتی، د. بشیر خلیل، عبدالرحمن حسین، نەژاد عەزیز) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموود. احمد.

**بەڕێزد.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە ماددەی (18) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە خۆی بە دەق هاتووە کە دەڵێ ( لا تؤسس او تقام مدرسة اهلية او اجنبية او روضة للاطفال الا بإجازة خطية وفق الشروط التى تضعها الوزارة) یەعنی لەوێ زۆر بە ڕوونی هاتووە کە هەموو قوتابخانەیەك یان ڕەوزەیەك پێویستی بە ئیجازەیەکی خەتی بەپێی ئەو مەرجانەی کە وەزارەتی تەربیە دای دەنێ ئیجازەی پێ دەدا ئەمە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە دا هاتووە، بەنیسبەت ئەو نەصەی کە خوێندرایەوە لە لیژنەی هاوبەش، دەڵێ وەزارەتی پەروەردە جیهەتی موختەسە بە پێدان و یان سەحب کردنەوەی ئیجازە، بەڵام ئەوە بە موتلەقی هاتووە لە چ حاڵەتێك بۆی هەیە سەحبی ئیجازەکەی بکا؟ یەعنی پێویستە پاشماوەکی هەبێ لە نەصەکە، بۆیە ئەوەی کە لیژنەی تەربیە هێنابووی لە ڕاپۆرتەکە من پێم وایە هەر ئەوە باشترە وەزارەتی پەروەردە لایەنی بەرپرسی فەرمیە لە

هەموو پەیمانگا و قوتابخانە نا حکومیەکان وە لایەنی مۆڵەت دەریشە مافی سەندنەوەی کاری قوتابخانە یان پەیمانگای نا حکومی هەیە، یەعنی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ ئەگەر سەلمێندرا کە قوتابخانە یان پەیمانگای نا حکومی بە حکومەکانی ئەم یاسایە پەیڕەو و پرۆگرامی وەزارەت پەیوەست نەبووە، بۆیە دەڵێم پەیڕەو و ڕێنماییەکانی وەزارەت، چونکە هەر بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە ماددەی (19) وەزارەتی پەروەردە نیزامێکی خاص دادەنێ، (تحدد نظام خاص، تضع الوزارة مناهج وخطط الدراسة وشروط القبول والادارة والعمل والانظباط وإمتحانات المدارس الاهلية والاجنبية والاشراف الفنى عليها) ئەمە بە دەق هاتووە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە، بۆیە من پێم باشە کە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ هەروەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دا هاتووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێم وایە ئەم ماددەیە زیادە بەڕاستی، چونکە لە پێشووتر هەموو شتەکان وتراوە، فەرموو د. عمر،

**بەڕێزد. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (8) کە ئەمڕۆ پەسەندمان کرد، لەوێ دا بە نەص دەڵێین ) ڕەتکردنەوەو سەندنەوەی مۆڵەت بە بڕیاری وەزارەت دەبێت، پشت بەستن بە بەڵگە و پاساوی یاسایی ئەم نەصە هەیە، بۆیە لەڕاستیدا وەکو جەنابتان وتتان ئەم ماددە پێویست نیە دەکرێ ڕەتی بکەینەوە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە لە سەرۆکایەتی سێ کەسین حەقمان هەیە وەکو ئێوە، کاکە قەیدی چییە ناوتان نووسیوە ئێستا ڕەئیەکی تر هەیە کە ڕەتبکرێتەوە، ئێ کاکە ئێمەش وەکو ئێوە حەقی قسەمان هەیە، حەقی ڕەئیمان هەیە، ئێمە هەر سێکمان ئەوە لیژنەی پەروەردە و یاساییش هەموومان مەتەفیقین لە سەر ئەوەی کە ڕەئیەك هەیە ڕەتبکرێتەوە، ئێمە حەقی خۆمان هەیە ئەو ڕەئیەی بخەینە دەنگەوە بەڕاستی، ئەگەر ڕەتبکرێتەوە موناقەشەی بۆ چییە؟ ئێستا ڕەئیەك هەیە دەمانەوێ ڕەتبکرێتەوە، کێ لەگەڵ دایە ڕەتبکرێتەوە تکایە دەست بەرز کاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە. تەواو ڕەتکرایەوە، بڕۆنە سەر ماددەیەکی تر. دەنگ لە سەر نوقتەی نیزامی نیە، فەرمووبۆ ماددەیەکی تر .

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە لە بواری دارایی و تاوانکاری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (18) والتي تصبح بعدد (13):

لا تتحمل الوزارة اية مسؤولية ذات علاقة بحقوق المنتسبين والمتعاقدين مع مؤسسات التعليم الاهلى والخاص ولا تتحمل اي تبعات حول اية حدث يقع في المجالات المالية والاجرامية)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی پەروەردە،

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەم نەصە دامان ڕشتۆتەوە، الماده (الثانية عشر) لا تتحمل الوزارة اية مسؤولية قانونية حول حقوق الموظفين والتدريسين والمتعاقدين مع المدرسة غير الحكومى إذا لم تصادق الوزارة على عقودهم، سوپاس

**بەڕێزد. عمر حمد امين خدر(نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەكوردی بەم شێوەمان داڕشتۆتەوە، وەزارەت هيچ بەرپرسياريەتێك ناگرێتە ئەستۆ لە بارەی مافی كارمەندان و مامۆستايان و ئەوانەی گرێبەستيان لەگەڵ قوتابخانە و پەيمانگای نا حكومی دا كردووە، ئەگەر گرێبەستەكە لەلايەن وەزارەتەوە پەسەند نەكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم قوتابخانە و مەعهەدانە، قوتابخانە و مەعاهدی ئەهلين، موئەسەسەی تايبەتی دەيانبەن بەڕێوە، ياخود كۆمپانيای تايبەتی دەيانبەن بەڕێوە، ئەو مەسئووليەتەش كە عيلاقەی عەقدی تەحەكومی تێدا دەكا، هيچ پێويست ناكات وەزارەتی هەرێمی كوردستان تەرەفێ بێ لەم عيلاقەيە بە تەحەمول كردنی مەسئولێتی مالی، ياخود ئيجرامی هێناوە، ئيجرامی نا يەعنی عيقابی،ٚئێمە لە ليژنەی ياسايی پاش ديراسەكردنی پێمان وابوو سياغەكە بەم شێوەيەی خوارەوە دابڕێژينەوە، (تتولى الوزارة المسئولية فيما يتعلق بمجال التربية والتعليم وفق أحكام هذا القانون) بۆچی وەهامان داڕشتۆتەوە، چونكە ئەوەی لە سەر وەزارەتە لێرە مەجالی تەعليم تەحەمولی مەسئوليەتەكەی خۆی دەكا، بەڵام دواتر ئەگەر عەقدەكەی موسادەقە كرابوو ئيجازەكەی درا بوويێ، مامۆستايەك كوژرا، تەلەبەيەك كوژرا، وەزارەت لێرە چ عيلاقەی تەحەمولی مەسئوليەتی مالی هەيە، يان ڕووخا بەسەريدا ئەوە مەسئوليەتی ئەو موئەسەسەيە بەرامبەر ئەو كەسانەی كە لەلای دەخوێنن يان كاری تێدا دەكەن وەزارەتی پەروەردە پێويستە مەسئوليەتی تەعليم هەڵگرێ، بەگوێرەی ئەحكامەكانی ئەم ياسايە كە لێرە بۆی موسادەقە دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر،

**بەڕێز:د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەبعەن ڤوتابخانە یان مەدارسێ ئەهلی جوزئەکێ کەرتی تایبەت یان مونەزەمەکە خێر خاز چێکەت، وەزارەتێ سەر نینە کو مەسئولیەت وەرگرن،وە عقودی ژی وە نایەتە دەڤ مە تەوقیع کەین ژ بۆ ڤێ چەندێ کولیە ئەزێ گەل وێ نەصە کو لیژنە لە سەری هاتیەڤە بابەتێ ئیجرامی ژی بابەتێ موخالەفاتێ ترێ ێیت مالی و ڤانونی چ عیلاقەتە وەزارەتە پێڤە نینە، ئەم تەعەمووڵی چ مەسئولیەتێ ناکەین ئێمە بەرامبەری، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە ئەم نەصەمان داناوە، بۆ ئەوەی لەمەو دوا ئەو ڤوتابخانە تایبەتە عەقدی لەگەڵ هەر کەسێك کرد موصادەقە بکرێ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، چونکە دەنگێکی وا هەیە هەندێ کەس دەهێنن ئەصڵەن حاملی شەهادەی ئیجازەی وانە وتنەوە و دەرس وتنەوە یان نیە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی بە زمان زمانی ئینگلیزی ڤسە دەکەن، لەبەر ئەوە دەیهێنن عەقدی لەگەڵ دەکەن وانا دەڵێتەوە بەبێ، ئەوەی هیچ ئیختیساسێکی هەبێ، نە لە پەروەردە، نە لە خوێندنە، ئێمە بۆیە ئەمەمان وتووە ( إذا لم تصادق الوزارة على عقودهم) بەڵام سەبارەت بە ئەوەی ، بەڵی غەڵەتە نابێ وابێ بە شێوەیەکی تر دەبێ دابڕێژرێتەوە، ئەم نەصە نابێ وابێ، ئێمە مەبەستەکەمان ئەمە بووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام ئەم شێوە سیاغەی ئێوە ئەو مەبەستە ناپێکێ، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێزد.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم عەڤدە تەدقیق کەین، بەس ئەم تەوقیع ناکەین، یەعنی عقود و شەهادە و باوەڕنامەی مامۆستا و بەریخۆ دەدەینێ تەدقیق کینەڤە و موافەقەتی ل سەر کەینەڤە شرۆێی ئەکادیمی ڤە، ئەما عەڤدی وی د گەڵ موئەسەسێ ڕاتبی وی چەندە حەتتا کەنگی دی خەلاس بی، ئەڤە شۆلێ مە نینە، ئەس ڤێ هەندێ ئەس نابینم سیاغەتە وان یان عەینی مەعنا بێتن ئەگەر ڤێتن داخیل کە سیاغەتێ بەدل کەت ئەو نەصەی جەماعەتێ گوتی ئەز. گەڵەکی پشتەڤانی د کەم، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموولیژنەی یاسایی،

**بەڕێزعمرعبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئکید لە سەر ڕەئەکەی خۆمان دەکەینەوە، چونکە ئەو مەسئولیەتە عەقدەی کە لیژنەی پەروەردە باسی لە سەر کرد، ئەوە ڕووبەڕووی وەزارەتی تەربیەی لای ئێمە نابێتەوە، ئەوە عیلاقەیەکە لە بەینی ئەو کەسەی کە تەئسیسی دەکا و، لەگەڵ ئەو ستافەی کە ئەیهێنێ دەرسی پێ دەڵێ شەهادەی هەیە، هەێیتی، نیەتی، نەخۆشە، ئەمرێ، تووشی کاریسە ئەبێ ئەمە شتێکی دیکەیە، ئەمە کۆمپانیایەکە نیزامی داخلی خۆی هەیە، مەسئولیەتی عەقدی خۆی هەڵی ئەگرێ، وەزارەتی تەربیەی هەرێمی کوردستان باسمان لە سەرکردووە، مەسئولیەتی مەجالی تەربیە و تەعلیمەکە بەو شکلە واسعەی کە لە یاساکە باسی کردووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکا، لەم سیاغەی کە ئێستا ئێمە باسمان لە سەر کردووە، هیچ ئیلتزامێك بخەینە سەر وەزارەت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر کاك عمر وەزارەتی تەربیە ئەبێ مەسئولیەتی ئەوەش هەڵگرێ ئەو مامۆستایە شەهادەکەی موسددەقە یان موسەددەق نەبێ، ئێوەش تەئکید لەو مەسەلەیە بکەنەوە، بەڵی فەرموو کاك عمر،

**بەڕێزعمرعبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە باسمان لێی کردووە کە سەحبی ئیجازەی لێی ئەکا، ئیلغای ئیجازەکەی لێی ئەکا، ( وفق احکام القانون) یەکێ لەوانە مامۆستا شرووتی ئەو دەرس وتنەوەی نیە، بۆیە سەحبی ئیجازەکەی لێ ئەکات، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د. عمر،

**بەڕێزعمرحمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ دووبارە دارشتنەوەین، بەلام مامۆستایەك پەیمانگا و قوتابخانەیەکی نا حکومی عەقدی لەگەڵ دەکا، ئایا ئەم مامۆستایە مەرجەکانی وانە بێژی و مامۆستایەتی تێدایە، دەبێ بەلای وەزارەتی پەروەردە دا بڕوا، ئەگەر هەموو مەرجەکانی پێویستی تێدا بوو، ئەوە وەزارەت پەسەندی دەکات، ئێمە دەڵێین پەسەندی بکات، چۆنی پەسەند دەکات، خۆ دەبێ بە مۆرو بە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی پەسەندی بکات، بڵێی قوتابخانەی فلانی نا حکومی تۆ مامۆستاکانت هەموو مەرجەکانی تێدایە بۆیە ئێمە ڕازین لە سەری، ئەگەر ڕازی نەبێ لە سەری دیسان بە پەسەند کردنێك یان بە بەڵگە نامەیەك کە ڕەسمی دەبێ لەبەر ئەو مەرجانە مامۆستا و کارمەندەکانی تۆمان پەسەند نەکردووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێزعمرعبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(لا تتحمل الوزارة اية مسؤلية ذات علاقة بحقوق المنتسبين التقاعدية مع المدارس والمعاهد غير الحكومية وتقتصر مسؤليتها بالجوانب التعليمية والتربوية)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێزد.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەی ختورەتە سەر قوتابیە نە وازحە، نە کاملە، بخینەوە سەیدا بێ زەحمەت، مونتەسیب قوتابیش دەگرێتەوە لێرە، سوپاس**

**بەڕێزعمرعبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نەخێر، سوپاس،**

**بەڕێزد.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئاخر ئەگەر بەیانی بانێك ڕووخا (20) قوتابی مردن، کێ مەسئوولە؟ ئەزانم د ڤێت وازح بێژیت، دەبێتە ئیجتیهادی نە، سوپاس،**

**بەڕێزعمرعبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە تەفسیری مونتەسیب هەمووئەو کەسانەن کە لەوێ ئیش و کار دەکەن، ئەوانەی مەوجوودن لەو موئەسەسەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە وتمان لە بیدایەتە هیچ مەسئولیەتێکی هەڵناگرێ، تەنیا مەجالی تەربیە و تەعلیمیەکەی نەبێ، کە وتمان تەربیە و تەعلیم باسی ئیشرافمان کردووە باسی هەموو شتەکانیمان کردووە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا ئەو سیاغەیەی کە هەردوو لیژنە خوێندیانەوە، بەیەکەوە موشتەرەکن، وەزیریش تاڕادەیەك ڕازیە، کێ دەیەوێ قسەی لە سەر بکا تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (حەمەسعید حەمەعلی، سمیرە عبدالله، نەژاد عزیز، شلێر محمد نجیب، بەشیر خلیل، پەیمان عبدالکریم، ئاهەنگ عارف). فەرموو کاك حەمە سعید.**

**بەڕێزحەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە مەسئولیەتی ئەو مۆزەفانە یان ئەومامۆستایانە، كە دەرس دەڵێنەوە لەو قوتابخانە و پەیمانگانە مەسئولیەتی وەزارەتە، مەسئولیەتی ئیشرافی تەربەوی، بەڵام ئێمە هەم لە یاسای بودجە و، هەم لە ماددەی ژمارە (20) فەقەرەی سێ و فەقەرەی شەشی ئەو راپۆرتە باسی ئەوەمان كردووە، كە ئەو مۆزەفانە مودەڕیسن یان مۆزەفن حەقی تەقاعود و زەمانی ئیجتیماعی و یان هەر شتێكیان هەیە، یەعنی ئێستا لێرە نەفی هەموو ئەو حەقانە دەكات، بۆیە دوایی تەناقوزی دەبێت لەگەڵ ماددەكانی تردا و، لەگەڵ یاسای بودجەشدا و، لەگەڵ ئەوەی كە خۆمان تەشجیعی مۆزەف و مامۆستا دەكەین، كە بچن لە كەرتی تایبەت دابمەزرێن، بۆیە من پێم باشە بكرێ بە چەند فەقەرەیەك، فەقەرەیەكیان ئەوە بێت، چونكە وەزارەت یەعنی حكومەتیش، باشە ئەگەر مۆزەفێك، ئەگەر مامۆستایەك لە كەرتی گشتی ڕۆیشت بۆ ئەو كەرتە تایبەتە، عەقدی بەست دوایی تەبعەن زەمانی ئیجتیماعی لێ وەردەگیرێ و پارەی تەقاعودی لێ دەبڕێ و ئەو شتانە، ئەگەر ئەم مامۆستایە، ئەم هاووڵاتیە، ئەمە شتێكی لێهات، چۆن چۆنی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ؟ ئایا لێرە غامز نیە؟، لە ماددەی (20) ژمارە (3) و ژمارە (6) هەیە، بۆیە دەبێ شتێك نەنووسین لێرە پێچەوانەی ئەو ماددەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە تۆزێك ناڕوونی تێدایە، هەروەكو كاك حەمە سعید وتی و، تەعاروزیش دەكات لەگەڵ ماددەی (25)دا ئەگەر مولاحەزە بكەین، ئەوە وەكو شوێنێكی ئاسایی لێ دێت، یەعنی لە مەسلەحەتی خاوەنكار نیە، قوتابی دانیە، ئەگەر هاتو ئەو مەدرەسە یان ئەو قوتابخانە داخرا، تەحەمولی مەسئولیەتی ئەو قوتابیانە ناكرێت، كێوە دەچێت؟ لە ماددەی (25)یشدا هەر كە باس دەكرێت لێرەدا ئەگەر دەڵێت مامۆستا، وانە بێژ دەچێت دەرس دەڵێتەوە، وەزارەت مۆڵەتی پێ دەدات، بەڵام ئەگەر هەر شتێك بێت نامەسئولیەتی هەڵناگرێت، مەعنای وایە وەكو شوێنێكی ئاسایی لێ دێت، لێرەدا بە زیادی دەزانم ناڕوونی تێدایە، تەعاروزیش دەكات لەگەڵ ماددەی (25)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرمووو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سەحبی ئیجازە، کە لە ماددەکەی پێشوو تریش دا هات بوو، سەحبی ئیجازەی ئەو مەداریسانە، من پرسیارێك لە لیژنەی پەروەردە و لیژنەی قانونیش دەکەم، تەکلیفی قوتابیەکان چ دەبێت، کە ئەگەر سەحبی ئیجازە کرایەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو فەقەرە و ئەو ماددەیەی کە باسی دەکەن، تەبیعیاتی قانونی تێدایە، ئەوە جەنابی وەزیریش مولاحەزەی دا، من نەصێکم نووسیوە ئەگەر پێیان باش بێت بڵێین (يدقق جميع العقود التدريسية والتعليمية في المدارس والمعاهد الغير الحكومية من قبل الوزارة و يصادق عليها حتى حسب القوانون والتعليمات المرعية).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی قسەکەی کاك حەمە سعیدی دەکەم، بەڕاستی ئەم ماددەیە خۆی باش بوو، یەعنی ئەوە بۆ یەکێکە کە عەقدی نەکرد بێت لەگەڵیدا، تەبعەن مەسئولیەتی هەڵناگرێت، بەلاّم تۆ لە ماددەی (20)دا دوای ئەوە ئەو مەشروعانە هەمووی ئیستسمارین و، تەشجیعی خەڵك دەکەی بچێتە کەرتی تایبەت، ئاوا بەم شێوەیە بڵێین من هیچ مەسئولیەتێك هەڵناگرم تەناقوزە لەگەڵ (20)، چونکە بە هەموو نەوعێك تۆ پێی دەڵێی حقوقت مەحفوزە، بە خزمەت بۆی حیساب دەکرێت، یەعنی با ئاگامان لێ بێت ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە فیعلەن لە دەرەوە دێت، وەکو سۆزان خان وتی یان عەقدێك دەکات بە هیچ شێوەیەك تەربیە موافق نیە، یان موافق نیە یان پێی نازانێت، با ئەوەیان وا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر بشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەو پەرلەمانە بە یاسا ئەوەمان دانا، ئەو فەرمانبەرەی کە لە کەرتی حکومیەوە دەچێتە کەرتی تایبەت، بۆئەوەی کەوا هەتا ماوەی (5 ساڵ یان 3 ساڵ) نیوەی مەعاشی خۆی بدرێتێ و، هەروەها زەمانی

ئیجتماعیش و کامل ماف و حقوقی خۆی هەبێت، واتە ئەمە تەشجیع دەکەین لێرە بەعزێك مۆزەف بچێت بۆ بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت، وەکو وەزیری پەروەردەش ئاماژەی بەوە دا، بەعزێك مامۆستا هەیە بۆخۆیان تەنسیبیان کردووە، کە بچێت لەو قوتابخانە ناحکومیانە دەرس بڵێتەوە، کەواتە ئەوە یەعنی بە رێگایەکی ناڕاستەوخۆ ئەمانە فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردەن، بەڵام بە تەنسیب لەوێ کار دەکەن و، هەروەها تەشجیعیش کراوە ئەمانە، باشە مەعقولە ئەوە لەوێ بێ و نیوەی لەسەر وەزارەتی پەروەردە بێت، لەپاشان هیچ مەسئولیاتێك لەسەر وەزارەتەکەی نەبێت ئەوە لەلایەك و، لەلایەکی دیکەشەوە داوا دەکا وەکو ئەوەی جەنابی وەزیر داوای کرد، قوتابیش داخلی ئەم تەبیعیاتی مەسئولیاتی وەزارەت بێت، لەبەرئەوەی ئەوە کارێکی گرینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك دکتۆر بشیر، تەبعەن وەزارەت دەبێت بەرپرس بێت، چونکە تەبعەن خوێندن پرسێکی نیشتمانیە ئەوە لەلای هەمووان ئاشکرایە و، وەزارەت بەرپرسە تەنانەت لە با بڵێین خوتەیەکی نوێی وەزارەت، کە بەڕێزیان جەنابی دکتۆر عیسمت دایناوە، کە مامۆستا تەعین بکات لەپێناوی چی ئینتیساب بۆ ئەو قوتابخانە ئەهلیانە، بەهۆی ئەوەی کە لەوێوە فێری چەند شتێك بن، مەسەلەن بە قەرز ئەو مامۆستایانەیان پێ دەدات، کە فێری وانەوتنەوەو مەسەلەن ئەو خوێندنگا ئەهلیانە، ئەرکی تەدریب کردن و بابڵێین دەورات و زۆر شتی تر هەیە پێیان دەکەن، ئەو مامۆستایانە پڕ چەك دەکەن ئینجا وەزارەتی پەروەردە بزانە عەقدەکە بۆماوەی 5 ساڵە، 10 ساڵە چەندە وەریان دەگرێتەوە تا بێن خزمەتی قوتابخانە حکومیەکان بکەن، یەعنی ئەوە وابزانم یەکێکە لە ئەو رێکارانەی کە بەڕێزیان دەیەوێت بیگرێتە بەر لە خوتەی داهاتووی، جا وەزارەتی پەروەردە یەعنی بەلای کەمی دەبێت بەرپرس بێت لەوە، چونکە ئەو مامۆستایە بەڕاستی ئەگەر بێت و خازع نەبێت لە بۆ حوکمی وەزارەتی پەروەردە، ئەوە لەلایەك دەمانەوێت لێرانە خۆی زەمان بکات، لەلایەك ئەو کابرایەی کە با بڵێین قوتابخانەکە دروست دەکات دەبێت لیستێك بەناوی کارمەند و توێژەرو مامۆستاو هەمووی تەقدیمی وەزارەت بکات، ئەدی ئەگەر ئەوانە لە ژێر چاودێری وەزارەت نەبن، کەواتە پرۆسەی خوێندنمان تەسلیمی جیهاتی تر کرد، کە حکومەت بەرپرس نەبێت لێی، کە ئەوەش پرۆسەیەکی زۆر زۆر خەتەرناکە، ترسناکە ئەگەر بێت و تەسلیمی هەر لایەنێك بکەین، بێگومان کاردانەوەی سلبی دەبێت بەسەر، لەوانەیە ئیجابی هەبێت کە ئەگەر ئەو کەسە مەسەلەن پرۆژەیەکی خۆی هەبێ بۆ پەرەپێدانی لایەنێك لەلایەنەکانی زانستی و، لەوانەشە کاردانەوەیەکی زۆر زۆر سلبی هەبێت، کە پرۆسەی خوێندن بەرەو دوا بچێ، لەوانەیە مەسەلەن

ئیستغلالی بکەوێتە ناو، لەوانەیە هەر شتێکی تر بێتە ناوی، بۆیە بەڕەئی من وەزارەت دەبێت بەرپرس بێت لەو پرسە، یەعنی ناکرێت وەزارەت دەستی خۆی لێ بکێشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من 100٪ تەئیدی لیژنەی یاسایی دەکەم، لەو دەقەی کە وتوویانە، چونکە لە سایکۆلۆجیەتی فەرقی مەکتەبی (privet school- public school) دەکرێت، یەك کەلیمە هەیە، یەك وشە هەیە (selection) ئیختیارە ئەوەی کە فەرقی لەنێوان ئەو دوو مەکتەبەی دەکات، هی یەکەمیان کە دەڵێت مەکتەبی عام، خۆی تەلەبەکان بەخۆیان دەچنە تەربیە ئەو مەکتەبانە ئیختیار دەکا، تەلەبەکان دەچنە ئەو مەکتەبەی، تەربیە بەخۆی موعەلیمەکان و هەموو کارمەندەکان ئیختیار دەکا و بە مەعاشەکی موحەدەد کە دایناوە، بەخۆی بەگوێرەی سەرف کردنی شتێکی موعەیبەن، هی دووەم ئیختیارەکە، عەقدەکە لەنێوان تەلەبە و لەنێوان باوك و دایکی ئەو تەلەبەی لەبۆ ئەو مەکتەبە خاصەی دەچێت، من خۆم دەچم لە بۆ مەکتەبەکەی دەڵێم ئەمن نیزامی ئێوەم بەدڵە، لە هەموو دونیا ئەمڕۆ مەکتەبی خاص (غیرحکومي) خۆی تەعلیم لە تەوەجوهی دونیایێ لە ئەوروپای، لە ئەمەریکای دەگری، لە کەنەدای دەگری دەڵێ (we are learning from them)، یەعنی ئەوە لە مەکتەبی خاص فێردەبین چۆن تەعلیم بەپێش دەخەین، (33) هەزار مەکتەب لە (2009) لە ئەمەریکای هەبووە مەکتەبی خاص، ئێستا عەدەدی لە زیاد بوونە، (25) تەلەبە لەگەڵ یەك مامۆستای لە کەنەدای حەقی هەیە مەکتەبەکی خاص بکاتەوە تەربیە دەعمیشی دەکات، یەعنی کەلیمەی ئیختیارەکە کە تۆ دەڵێی ئیختیار، ئیختیاری یەکەم حکومەت تۆی ئیختیار دەکات ڕازیە بەو شتەی، ئیختیاری دووەم فەلسەفەکە تۆ خۆت ئەو مەکتەبەی ئیختیار دەکەی، کە خۆت مەکتەبەکەت ئیختیار کرد عەقدەکە دەبێتە مابەینی ئیختیاری خۆت و ئیختیاری ئەو مەکتەبەی، قەت قەت تەربیە مولزەم نیە بەو عەقدەی، بۆیە دەقاو دەق نەصەکە یاساییەو زۆر پڕ بەپیستی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو مەبەستەی ئێمە بەو شێوەیە سیاغەمان کردووە، هەر ئەوەیە کە جۆرێك لە زەمانەتی ئەوە هەبێت لە مامۆستاکان و کارمەندەکان، کە لەو قوتابخانانەدا واجبیان پێ دەسپێردرێت، لە ڕووی تەربیەو، لەڕووی تەعلیمەوە ئەوان  شروتیان تێدا هەبێت، خاڵێکی تر ئەوەیە باسی ئەوە کرا باسی قوتابیان، لەڕاستیدا ئێمە بەشێکمان هەیە لە ئایندەدا، مافی قوتابیان بە هەموو شێوەیەك پارێزراوە، کاتێك قوتابخانەکە دادەخرێت یان پێش داخستنی، بۆیە ئەوە لە ئایندەدا عیلاج کراوە، هیچ موشکیلە نیە، خاڵێکی تر ئەوەی کە باسی  ئەوە دەکرێت حقوقی مەسەلەن تەقاعودی و ئەوانە هی کارمەند و مامۆستایان مسۆگەر کراوە، لێرە ئێمە شتێکی تر دەڵێین، بەڕێزان ئێمە زەمانەتی قانونی مافی ئەوانمان کردووە، هی مامۆستاو کارمەندەکان، بەلآم مامۆستایەکی کەنەدی عەقدێك دەکات لەگەڵ قوتابخانەیەك لێرە مانگانە بەوەندە، ئەگەر قوتابخانەکە مووچەی نەدایێ یان موشکیلەیەکی هەبوو وەزارەتی پەروەردە بۆ تەحەمولی مەسئولیەتی قانونی بکات؟ بلێ پارەکەی لەجیاتی ئەو بدات، موشکیلەکە ئالێرەدایە تەحەمولی مەسئولیەتی قانونی لەگەڵ زەمانەتی قانونی مافی ئەو مامۆستایە، جیاوازی هەیە،  ئێمە ویستوومانە قانونیەن مافەکانی بپارێزین دەچێتە مەحکەمە بە تەریقەی تر، نموونەی لەو بابەتەشمان هەیە مامۆستای قوتابخانەیەکی ئەهلی لێرە هەبوو موشکیلەیەکی لەو بابەتەیان هەبوو، ئەجنەبیش بوو هاتە لای ئێمە موشکیلەکە بەو شێوەیە بوو، یەعنی باسی ئەوە ناکەین چۆن چارەسەرمان کرد، بەلآم ئەم قەزیانە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن، بۆیە وەزارەت تەحەمولی مەسئولیەتی قانونی هەندێك شت ناکات، منی مامۆستا لە قوتابخانەیەك دەچم جەریمەیەك دەکەم، بۆ وەزارەتی پەروەردە تەحەمولی مەسئولیەتی قانونی بکات؟، بەلآم لە بواری پەروەردە و لە بواری عیلمیەکەیەوە حەقە ئەو تەحەمولی مەسئولیەتی قانونی بکات، زیاتر ئێمەش مەبەستمان پێی ئەوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕاستی من دڤێت ڕوونکردنەوەیەکی بدەم، سەر خاڵەکادی دهێتن یەعنی، مەوزوعێ تەنسیبا مامۆستاو ئیستیعارە، بەری ڤێ گاڤێ مە کێشەك هەبوو، وەکی باس کریە مامۆستایێ چاك چۆن مە هەڵبژاردن لە دەرسێ چاك و ئیستیعارە، نوکە مەی گۆتیە وەناکەین، دێ بۆ هەوە بۆ خۆ هەندەك سێلێکشن بکەنەوە تازەکان، ئێمە یارمەتی دەدەین و تەعین دەکەین، لغرض استعارة، ئەوە هەتا ئەو وەختەی لە مەدرەسەی ئەهلی بیت، شروتی مەدارسی ئەهلی لەسەر تەتبیق دەبێ، بەلآم ئەو دەبێ پابەند بێ بە سندوقی تەقاعودی، کە دوا ڕۆژ ویستی بگەڕێتەوە، لەو ڕۆژی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە مەسئولە لە دابەش کردنی و تەوزیعی و دانانی لە شوێنەکان، ئەمە ئەوە ناگرێتەوە پەیمان خان،

**ئێمە باسی ئەوە ناکەین، چونکە ئێمە هەر دەبێ یارمەتی ئەوان بدەین، بەشێوازێکی تر، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە مەسئولین لەگەڵ عقود، یان مەسئولیەتی ئەوەمان هەیە، زۆر زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێم وایە ئەو نەصەی کە داڕێژرا، ئەگەر مەجالمان بدەی بیخوێنینەوە هەموو ئەو خاڵانە دەپێکێ، کە جەنابی وەزیر باسی کرد و، کە ئەندامانی پەرلەمانیش ئیشارەتیان پێدا، چونکە ئەوانی تر لە ماددەکانی تر عیلاج کراوە، بەڵام مەسئولیەتە قانونیەکە ئێمە ویستمان بەو نەوعە، بەو نەصە موعامەلەی بکەین، بەڵام ئەوە ئێستا بەو نەصە تازەیە ئەگەر ڕێگا بدەی جەنابت بیخوێنمەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بیخوێنەوە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشر:**

**لا تتحمل الوزارة اية مسؤولية ذات علاقة بحقوق المنتسبين التقاعدية مع المدارس والمعاهد غير الحكومية و تقتصر مسئوليتها بالجوانب التعليمية والتربوية وفق احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو سیغەی کە خوێنرایەوە تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 19:**

**لەگەڵ نەخستنی بەرپرسیارێتی کەسی یاسایی، بەرامبەر سەرجەم کارمەندان لە دامەزراوەکانی فێرکردنی ناحکومی، لایەنەکان یان کەسەکان کەوا ڕێگەپێدانەکانی کارکردنی ئەو دامەزراوانەیان وەرگرتووە بەناوی خۆیان، یەکسەرە بە تەواوی بەرپرسیارن لەم دامەزراوانە لەبەردەم وەزارەت و بەردەم لایەنە یاساییەکانی تر.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیەکەی فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة 19: والتی تصبح بعدد (14) مع عدم الايفاء بالمسؤولية الشخصية القانونية، حيال جميع المنتسبين في مؤسسات التعليم الاهلي والخاص، الاطراف او الاشخاص الذين حصلوا على اجازات عمل هذه المؤسسات بأسمائهم، هم مسؤولون مباشرة وبالكامل عن هذه المؤسسات امام الوزارة وامام الجهات القانونية الاخرى.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە چوارچێوەی بەشی سەرپەرشتی كردندا، ئێمە پێمان وا بوو ماددەی (19) و (20) زەرور نیە بمێنێت، لەحیاتی ئەوە ئێمە سێ ماددەی ترمان ئیزافە كردووە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە لەبەرئەوەی باس لە تەحەمولی مەسئولیەتی مونتەسیبینی ئەو مەكتەب و معهدانە دەكات بەرامبەر بە وەزارەت، لەبەرئەوەی پێمان باشە ماددەكە وەكو خۆی لە پرۆژەكە هاتووە بمێنێتەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێزد. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەز بێژم ماددە بمێنێت و تەحەمولە مەسئولیەتی بكات، خاوەن ئیجازە زۆر زەروریە بۆ وزوحیان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە دوا ڕەئیتان چیە؟.**

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئێمە سەبارەت بە حقوقی ئەوان، لە داهاتووشدا كۆمەڵێك ڕێكاری قانونی هاتووەتە پێشەوە، كە باس لە مافی كارمەندان و مامۆستایان و هەموو ئەوانە دەكات، لەوێ مافەكەمان بەشێوەیەكی یاسایی بۆ مسۆگەر كردوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مادام لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر ئیتر تەئكیدی لێدەكەنەوە كە بمێنێتەوە، ئێمە لاریمان نیە بمێنێتەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەوشێوەیەی کە ماوەتەوە لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، کێ تێبینی هەیە با ناوی خۆی بنووسێ؟، بۆئەوەی قسەی خۆی بکات، کەس قسەی هەیە؟ بەس دکتۆر بشیر، فەرموو دکتۆر بشیر.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددانە هەمووی دەکەوێتە ژێر بابی سێیەم، کە بەناوی ئیشرافە و، تەماشا دەکەین هیچ ماددەیەکیشی لە بۆ ئیشراف دانەناوە، ڕاستە ئیشرافی عامی وەزارەت باس دەکات ئەمانە، بەلاَم لەناو وەزارەت دا وەحدەیەك هەیە بەناوی وەحدەی ئیشراف، دوو بەشە ئیشرافی تەربەوی و ئیشرافی ئیختصاصی، مودیریە عامەشیان هەیە، دەکرێت ناوی ئەوانیش بهات بووایە، کە ئەوان ئیشیان چیە و؟ کارەکانیان ئیشراف لەسەر ئەو قوتابخانانە بکەن لەژێر ناوەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەکانی دوایی دا هاتووە، چونکە ئێمە ئەو باسەمان کردووە، کە هەموو ئیشرافێکی ئەو قوتابخانانە، کە وتمان ئیشراف لەلایەن وەزارەتەوە بە سیستەم ڕێك دەخرێت، مەبەستمان ئەوەیە کە وەزارەت هەر لە ماددەیەك دامانڕشتووە کە (13)یە (کیفیة الاشراف علیها) ئەمە بە نیزام ڕێك دەخرێت، کە ئیشرافی قوتابخانەکانی خۆمان، چۆن ئیشراف دەکرێت؟ ئەوانیش بە هەمان شێوە، بۆیە ئەوە بەجێمان هێشتووە بە نیزام بکرێت، ئەوەی جەنابت دەڵێی ئێمە ئێستا باسی ماددەیەکی تر دەکەین، کە جەنابی وەزیر پشتگیری لێ کردووە و، لیژنەی قانونی پێی باش بووە، ئەو پشتگیری لەو ماددەیە کردووە، ئێستا باس لەو ماددەیە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بخوێنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرمووون.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ نەخستنی بەرپرسیارێتی کەسی یاسایی، بەرامبەر سەرجەم کارمەندان لە دامەزراوەکانی فێرکردنی ناحکومی، لایەنەکان یان کەسەکان کەوا ڕێگەپێدانی کارکردنی ئەو دامەزراوانەیان وەرگرتووە بەناوی خۆیان، یەکسەرە بە تەواوی بەرپرسیارن لەم دامەزراوانە لەبەردەم وەزارەت و بەردەم لایەنە یاساییەکانی تر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 19: كە دەبێتە (13)

مع عدم الايفاء بالمسؤولية الشخصية القانونية، حيال جميع المنتسبين في مؤسسات التعليم الاهلي والخاص، الاطراف او الاشخاص الذين حصلوا على اجازات عمل هذه المؤسسات بأسمائهم، هم مسؤولون مباشرة وبالكامل عن هذه المؤسسات امام الوزارة وامام الجهات القانونية الاخرى.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها یەك كەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 20:

وەزیر سەرپشكی بڕیاردانە، دەربارەی ئەو سەرپێچییانەی كەسانێك دەیكەن، یان نوێنەرانی وەزارەت و نوێنەرەكانی هاوبەشن تیایدا، بەرامبەر هەر دامەزراوەیەكی فێركردنی ناحكومی، بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایەو بە یاساكراوەكانی جێبەجێكراو.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەكەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (20): كە دەبێتە ماددەی (14)

الوزير مخير في قرارته، حول المخالفات التي يرتكبها اشخاص، او ممثلوا الوزارة والممثلون المشاركون (المساهمون) فيه، ازاء كل مؤسسة تعليمية اهلية او خاصة، حسب احكام هذا القانون والقوانين النافذة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە ئەم ماددەیە ڕەت بكرێتەوە، لەبەرئەوەی كە جۆرێك لە فەراغی قانونی نیە لەوبارەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەو ماددەیە خۆی باس لە موخالەفە دەکات، موخالەفە خۆی هەر موخالەفەیە، ئێمەش پێمان باشە پێویست بە هیچ نەصێك ناکات تێدا هەبێت، ئیلغای ئەو ماددەیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێزد. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ جواب دا زەرورەت نینە کە ئەوە هەبێتن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنە داوای ڕەت کردنەوەی دەکەن، کێ لەگەڵ دایە رەت بکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس موعاریزە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کە رەت بکرێتەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆسەی سەرپەرشتی کردن، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە چەند ماددەیەکمان زیاد کردووە، بۆیە داوا لە جەنابت دەکەین کە پرسی ئەم زیادکردنی ئەو ماددانە، کە زۆر بە پێویستی دەزانین بخرێتە ڕوو، دەنگی لەسەر بدرێت و، ماددەکان بخوێنینەوە بۆ موناقەشە و گفتوگۆ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەیەکمان زیاد کردووە بەناوی ئەوەی کە ئەمانەی خوارەوە بە پەیڕەو ڕێك دەخرێت:

1- ساڵنامەی جێگیری خوێندن و تاقیکردنەوە.

2- بنەماو شێوازەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.

3- پشووە فەرمی و پەروەردەییەکان.

4- وەرگرتنی قوتابیان و نوێ کردنەوەی تۆماری ساڵانەیان.

5- کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستاو کارمەندان.

6- چۆنیەتی سەرپەرشتی کردنیان.

پێمان وایە هەموو ئەو بابەتانە بە نیزام رێك بخرێت، بۆئەوەی کە مەجالی ئیجتهاداتی تایبەتی و جۆرێك لە فەراغی تێدا نەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ڕەئیەکەی لیژنەی پەروەردە، ئەوەی کە بە نیزام رێك دەخرێت، ئەوە هیچ پێویست ناکات ئێمە بە ماددەیەکی یاسایی لێرە باسی بکەین، ئەوە کاتی خۆی کە ئیجازەکە تەقدیم دەکەن، داوا دەکەن، داوای نیزامەکانیشیان لێ دەکەن، دواتریش ئەم یاسایە کە چووە باری جێبەجێ کردنەوە، تەعلیمات و ئەنزیمەی تریشی پێ دەردەچێت، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەو ئیزافانەی تێدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو بۆچوونە، هەر پەرلەمانی بەڕێز کاتێك یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای دەرکردووە ساڵی (2008) ژمارە (10) دەڵێت ئەمانەی خوارەوە بە نیزام رێك دەخرێن، هەموو ئەو خاڵانەی کە لێرەدا هەن، بۆ زانکۆکانیش بەهەمان شێوە نەصی پێ هاتووە، کە بە نیزام رێك دەخرێن، ئەوان نیزامیان پێ دەرکردووە، لەڕاستیدا جێگای خۆشی گرتووە، چونکە ئەگەر نیزام هەبێت لەکاتی پێشکەش کردنی ئەو مۆڵەتە، ئەو نیزامە پێشکەش دەکرێت، نەك هەر قوتابخانە و هەر پەیمانگایە بۆخۆی جۆرێك لە نیزام و ئیتر پەیڕەوی ناوخۆ پێشکەش بکات، کە لەگەڵ نیزامەکە تەناقوزی هەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

وەڵلا دکتۆر عمر کە تۆ لێرەوە نیزامی بۆ دابنێی، کەواتە بیکە بە قانون، بۆیە نیزام و تەعلیمات دەردەکات، چونکە خسوسیەتی خۆی هەیە نیزام و تەعلیمات دەردەکات، کە تۆ لێرە ئەمرت پێ کرد بیکەی ئەوە دەبێتە قانون، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەئەنجامی موتابەعە کردن و بەدواداچوونی ئێمە، بۆمان دەرکەوتووە کە فیعلەن ئەگەر لە تۆ و نیزامەکە ئەو شتانەی تێدا نەبێت، جێگیر نابێت ئێستا ناجێگیری هەیە لەم بابەتەدا، لە هەندێك قوتابخانە پشووەکانیان وەکو پشووی قوتابخانەکانی تر نیە، هەریەکە بە ئارەزووی

خۆی پشوو دەدات، سەبارەت بە شێوازی تاقیکردنەوەکان، سەبارەت بە عوتڵەی رەسمی و تەربەوی، سەبارەت بە قبوڵی تەلەبە ئەمانە هەمووی ناجێگیرە، بۆیە ئێمە وتوومانە با بە نیزام بکرێت، شێوازی ئیشراف کردنەکەشمان لێرە داناوە، بۆئەوەی بزانن ئەو قوتابخانە لە کوێ ئیشرافی دەکات؟ چۆن ئیشراف دەکرێت؟ خوێندنی بنەڕەتی ئایا لەمەودوا موشریفی تایبەتمان دەوێ بۆ خوێندنی ئەهلی؟ کە ئیشرافی بکات، دەبێت ئەمانە هەمووی دیاری بکرێت بە نیزام، کە دەڵێین بە نیزام یەعنی ئەنجومەنی وەزیرانیش موافەقەتی لەسەر دەکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێزد. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز نزانم مەبەستی چیە نیزام؟ یەعنی ئەگەر نیزامەکی موەحەد لە وەزارەت دەرکەڤی تەعامول دگەل خسوسیاتێت ڤان مەدارسێت ئەهلی، ئەسلەن ماوەی خیندنێت وان هندەك درێژترە، دەستپێکا دەوامێوان درێژ ترە، عتەڵێت وان درێژ ترە، ئەگەر مە باسی نیزامەکا تایبەت بۆ هەر قوتابخانەکێ ئەوە نیزاما خۆ تەقدیم کری بۆ هەر قوتابخانەکێ، ئەزێ دبینم ئەگەر ئەوە درست بی نیسبەت مەدارسێت حکومی ئەوە زۆر ب زەحمەتە نیسبەی مەدارسێت ئەهلی نە حکومی، خسوسیاتێت خۆیێت هەی، دەربارەی هندەك تشتێ دی ژی هەتا نیسبەت حکومی، نزا دێ چەوا نیزامەکێ دانێ بۆ عوتەلێت رەسمی، یەعنی عوتەڵێت رەسمی دێ چەوا نیزامەکێ دانێم، یەعنی عوتەلێت تەربیەی، دێ چەوا ئەز بینم ئەو تشتێ نیزام پی دڤێتەوە، بلا بمینیت وەزارەت برِیارێ پێ بدات، وەختێ ئیحتیاج نیزامەکێ رەفع بکات، بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە ئێکا شامل بۆ هەموو مەدارسێت ئەهلی تەتبیقاوی عەمەلیەکا ب زەحمەتە، دگەل مەناهجێت ئینتەر ناشنالێ دکەت، ڕاستە هەندەك کێشەی مەیێت هەی، پشوێ وان دگەل یێت مە نینە، بەس وەکو ئاهەنگ خانێ باس کری، قبولا وی قوتابی دێ چ نیزامێ قەبیل بکەن، مەفروزە بەرێ تەقدیم بکەت ئیتیلاع ل نیزاما وی بکەت، ئەگەر ڕازی بیت پابەند بی پێی، ئەڤە ڤێ درکیدا ئیحتیماله نە عەمەلیەکە ب زەحمەت بی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی مەعقولە وەزارەت ئاگای لەوە نەبێت شەمموان لەو مەکتەبانە عوتلەیە، هەندێك مەکتەب هەیە ئەهلیە شەمموان عوتلەیە، یەعنی لە هەفتەکەدا 5 رۆژ دەوام دەکات، حەقی خۆیەتی ئاساییە، زۆر زۆر تەبیعیە  لە هەشتەوە هەتاکو سێ دەوام دەکات، بەلاّم دەبێت وەزارەت

ئاگادار بێت ئەمڕۆ شەممە لەو قوتابخانەیە عوتلەیە، ئێمە بۆیە دەڵێین بە نیزام بکرێت، بۆئەوەی وەزارەت ئاگادار بێت، کە شەممە ئەو قوتابخانەیە عوتلەی هەیە، خوێندنی تێدا نیە، نەك بۆئەوەی فەرزی بکات بەسەریدا، کە ئیلا دەبێت دەوام بکات، چونکە ئەوان لە رۆژی ئەگەر ڕێگام بدەن تەوزیحی بکەم، لە رۆژانی شەممانادا تەقویەیان هەیە بۆ تەلەبەکان، تەقویەیان هەیە بۆ تەدریسیەکان، بەرنامەی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ئێمە لە دژی ئەوە نین ئەوان ئەو خسوسیەت و تایبەتمەندیەی خۆیانیان هەبێت، هیچ دژی ئەوە نین، بەڵام دەبێت ئێستا من یەك نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، قوتابخانەیەکی ئەهلی هەبوو هەتاکو تەلەبەکانی گەیشتە پۆلی شەشی، کە ئێستا بووە بە $12$ نەیان دەزانی موعتەرەفە لەلایەن وەزارەتەوە یاخود موعتەرەف نیە، بە دڵە راوکێیەوە وەزارەت هەموو رۆژێك پێی دەوت موعتەرەفن، ئەی موعتەرەف نین و، نموونەم هەیە لەدواییدا ناوی ئەو قوتابخانەیە بە جەنابی وەزیر دەڵێم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

ئاخەر موعتەرەفی فەرقی هەیە لەوەی تۆ لێرەو نیزامی بۆ دابنێی، تۆ لێرەوە نیزامی بۆ دادەنێی بەهەر حاڵ ناوی دەنووسین، ئێوە قسەتان کرد ناوی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەنووسین با ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن، ئێستا کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ناوەکانیان دەنووسین ئەو بەڕێزانە ناویان نوسیووە(کاك کاردۆ- ئاشتی خان- عظیمة خان- ئاهەنگ خان- کاك عبدالرحمن- ئەڤین خان- کاك کاروان- امینە خان- کاك شڤان- سمیرە خان- د.احمد- کاك حەمە سعید) فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەرکردنی نیزام و ڕێنمایی، ئەوە داواکردنەکە بۆ موەحەد کردنی خوێندنگا تایبەتەکان لەگەڵ حکومیەکان، کە ئێمە پێمان وایە لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندی هەیە، یەعنی ئەو تایبەتمەندە پشتیوانی بۆچوونەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم، چونکە ڕێگا نەدان بەتایبەتمەندی جۆرێك لە ناوەندیەتیە بۆ تەوحیدکردنی مەکتەبی حکومی لەگەڵ ناحکومی، ئیتر کەواتە ئەو یاسایەی بۆچیە؟ بە پەیڕەو و تەعلیمات هیچ جیاوازی نیە لەنێوان خوێندنگا رسمیەکان و حکومیەکان و تایبەتەکان، لەبەرئەوە پێم وایە پێویستە خوێندنگا تایبەتەکان بەپێی ئەم یاسایە کاردەکەن، بەڵام خسوسیەتی خۆیان لەکاتی دەوام، لە عوتلە هەتا لە موناسەباتیش جیاوازیان هەیە، یەعنی ئەمە رێکەوتنێکە خەڵك بە ئیختیاری خۆی هەڵیبژاردووە ئەو خوێندنگا تایبەتانە و، ئەرکیشی لە ئەستۆیە، ئەرکی تایبەتیشی لە ئەستۆیە بەبێ وەزارەت، لەبەرئەوە من پێم وایە پێویست ناکات بەو وردەکاریە کە لەو یاسایە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیازەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەم، بڕوام وایە کە ئاماژە دەکرێت بە هەندێك تەعلیمات، وەکو هێڵی گشتی باس لە تەعلیمات دەکرێت، نەچوونەتە ناو تەفاصیلی تەعلیماتەوە، بەڵکو ئایا لادان لە تەعلیمات سزاکەی قورسترە یان لادان لە قانون؟، بەو نیەتە خراوەتە ناو قانونەکە، ناو هێڵە گشتیەکانی تەعلیماتەکە، ئێمە لە ساڵانی پێشوودا قوتابخانەی ئەهلی لە کوردستان کراوەتەوە، ئیجازەیان لە وەزارەتی پەروەردە وەرگرتووە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك سەرپێچی هەبووە، کۆمەڵێك تەناقوز هەبووە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، بۆئەوەی تەفادیان دەکەین تووشی ئەو موشکیلانەی ساڵانی رابردوو نەبینەوە، دیارە لادان لە تەعلیمات ئاسانترە وەك لادان لە هەندێك هێڵی گشتی لە قانوندا ئاماژەی پێکرابێت، ئەمە بەتەنها تەحدید کردنی هێڵە گشتیەکانی تەعلیماتە نەك چوونە ناو تەدەخول و ئازادی تەعلیمات، کە چۆن وەزارەتی پەروەردە دادەیدەڕێژێتەوە؟ بۆیە من پێم باشە ئەم هێڵە گشتیانە وەکو تەعلیمات بۆ وەزارەتی پەروەردە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتدا لە یاساکەدا، لە ماددەکانی پێشوودا باسمان لەوە کردووە، کە پەیڕەوی ناوخۆ خۆی هەبێت، تایبەتمەندی هەبێت، کە پەیڕەوی ناوخۆ خۆی هەبێت، چۆن نیزامی بەسەردا فەرز دەکرێت؟ یەعنی کە پەیڕەوی خۆی هەبوو ئەو قوتابخانە ئەهلیە تەقدیمی کرد، پەیڕەوی خۆی هەبێت، چۆن تۆ دەتوانێت بە نیزامێك کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی لێ وەرگرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هەردوو ڕەئیمە و، دەلیلیشم هەیە لەسەر ئەوەی کە پیشانیش دەدەم هەندێك خەتی عام هەیە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە ئاگای لێ بێت، ئێمە خۆمان لە موئەسەسەی (UN) ئیشمان دەکرد، ساڵی 98 هەتا 2002 (UN) عوتلەی هەبوو، ئەو عوتلانە بەپێی ئیتفاقیەکی، کە مونەزەمەکی عالەمی بوو لەگەڵ حکومەتی عیراق، ئیتفاقیەکی کرد بوو کە چ عوتلەك موهیمە لە حکومەتی عیراق، ئەو عوتلانە دەبێت لەسەر ستافی (UN) تەتبیق بکرێت و، ئەو عوتلانەی کە خۆشی هەیبوو (UN) بزەبت دایدەنا یەك لەوانە ئستەر بوو، یەك لەوانە عوتلەی تر بوو، کە (رأس السنة) بوو لە (25)ی عوتلە بوو ئەوانە (وفقاً) نیزامی دەوەلی بووە، کە دەهات لەگەڵ حکومەتی عیراق، لە زەمانی حیزبی بەعس صدام مابوو، ئەوان

دەیان وت دوو عوتلە بۆ ئێمە زۆر موهیمە، یەکێك میلادی (سید الرئیس)، یەکی (14)ی تەمموز، یەکی (17)ی تەمموز، باوەڕ بکە بە ئیجباری ئێمە لە سلێمانی و لە هەولێر و لە دهۆك، 17 و 14 میلادی رەئیسیان پێمان دەکردنە عوتلە، کە جەرگمان دێشا، کە پێمان دەوت ئێمە دەمانەوێت دەوام بکەین، وتیان ئێوە حورن دەتوانن دەوام بکەن، دەتوانن بچنە سەر ئیشەکانی خۆتان، بەڵام ئەوە ئیتفاقیەکە بەگوێرەی ئێمە لەگەڵ ئەو حکومەتەی کە ئیتفاقمان کردیە رەچاوی ئەو عوتلانە بکرێت، کە ئەو لەو دەوڵەتەی موهیمە، ئەوەی کە من باسم کرد وتم مەداریسی ئەهلی ئیختیارە؟ بەڵێ ئیختیارە (SELECTION)، بەڵام کاك عصمەت یەك تۆز گوێ بدە بە من، هەندێك عوتلە هەیە مەفروزە ئەو دەوڵەتانە بەگوێرەی ئەو قانونەی جەنابت کە وەزارەتی تەربیە بۆ ئەو مەکتەبانە دابنێ، وفق ئیتفاقیە بڵێ ئەو عوتلانە لەلای من عوتلەی موهیمە، بڵێ دەبێت زمنی عوتلەکانی خۆتان بن، ئەوەیە کە دەبێت تۆ یەعنی ئەو مەکتەبانە پێیان بڵێی، بڵێ ئەو عوتلانە بۆ من موهیمە، ئەو عوتلانە دەبێت زمنی ئیزافەتەن بۆ ئەو عوتلانەی کە بەخۆتان بەگوێرەی پەیڕەوی خۆتان هەتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

ئەو قسەیەی عظیمة خان بە ڕەئی من زۆر ڕاستە، کە دێی ئیجازە وەردەگرێ بەرنامەی خۆی تەقدیم دەکات ئەو مەکتەبە، کە لە بەرنامەکە هەندێك لەوشتانەی تێدایە، نیزامی خۆی تەقدیم دەکات، نیزامەکەی خۆی تێیدایە، دووەمینیان قسەی تۆیە ئەوەی تۆش لەلایەکی ترەوە ڕاستە، دەبێت هەندێك موناسەباتی وەتەنی هەن لێرە تێیدابێت، بەس ئەویش هەندێك موناسەباتی خۆی هەیە، ئەویش بەرنامەجەکەی خۆی دەکات، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرواشە خۆی بەخۆی ئەو ئیتیفاقە کە لەگەڵ تەربیە، تەربیە ئاگاداری دەبێت، بۆئەوەی ئەو عوتلانەی موهیمە لەلای تۆ، تۆ ئاگاداری ئەو بکەیەوە کە ئەوە زەروریە، تەلەبەی خۆمان ئەو عوتلانە بزانن چیە، ئەوەی خۆشی لە پەیڕەوی خۆی دانایە ئەساسەن وەزارەتی تەربیە ئیتفاقی لەسەری پێیانی وتیە ئەوە دەبێ پەیڕەوی خۆتانە، ئەمن ئیحترامی ئەو پەیڕەوە دەگرم و، ئەو تەلەبەی کە دەچێتە ئەوێ ئەویش خۆی ئیختیاری کردیە، بۆیە ئەوەی سۆزان خان دەڵێ کە بە ئاگای لیژنەی پەروەردە کە وەزارەت هەندێك عوتلە، هەندێك پشوو کە ئاگادار بێت لەو مەکتەبانە ئەوە لە (UN)یش پەیڕەو کرا بوو، دەبێت لە مەکاتبیش پەیڕەو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لێرە كە سەیر دەكەین، ئێمە هەمووومان دەمانەوێت پەیڕەوی دیموكراتی رەچاو بكرێت لە كوردستان، كە دیموكراتی رەچاو كرا ئەوە ئێستا لێرە ئەو پرۆژەمان داناوە بۆ ئەو قوتابخانانەی كە (غیر حكومین) یان ئەو پەیمانگانەی كە (غیر حكومین)، ئەوانەش وەكو كە عظیمة خانیش ئیشارەتی پێدا و جەنابیشت ئیشارەتی پێدا، پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی تەقدیمی وەزارەت دەكەن بە هەموو شێوەیەك، ئەو برگەش وەكو ئێستا كە ئێمە دەڵێین نیزام ئەویش وەكو پرۆتۆكۆڵێك دەبێت لەناو ئەو پرۆگرامە، پێشكەشی وەزارەت دەكات كە ئەوە ناكرێت ئێمە لێرە بێین دووبارە بۆیان سیستەمێك یان نیزامێك بۆی دابڕێژین، تۆ دەتەوێت وابێت یان وانەبێت، ئەوە دیموكراتیەتمان كە پەیڕەو نەكرد، كەواتە ئێمە هەر دەستكاریمان كرد، هەروا با تێكەڵ بكەین لەگەڵ پەیڕەوی خۆمان بین هی وەزارەتەكەی خۆمان، با هەمووومان یەك مەدرەسە بێت، یەك قوتابخانە بێت، ئەوە بۆ وا دەڵێین كەواتە ئەمەش سیستەمێكی تایبەتی خۆی هەیە، خۆیان بەگوێرەی خۆیان پەروەدە دەكەن، لەوانە سەعات 8 بچن سەعات 3 دەربچن سەعات 4 بەربدەن، هی ئێمە سەعات 8 دەچن سەعات یەك، 12 بەردەبن، دوو، سێ سەعات دەخوێنن، ئەوانە شەش، حەوت سەعات دەخوێنن لەوێ، لەوێ دەمێننەوە لەوانەیە خواردنیشی پێ بدەن هەندێك قوتابخانە، خواردنیشی پێ دەدەن، سەیارەی لۆ دەگرن، ئێمە هیچ لەو سیستەمانەمان نیە، ئیتر لەبەرئەوە من پشتگیری دەكەم ئەو سیستەمە هەر نەمێنێت، ئێمە پەیڕەوی سیستەمێك دەكەین، بۆ ئەوانە سیستەم بووینە، هیچ شتێك لەسەر ئەوانە فەرز نەكەین، قەیناكە وەكو ئاهەنگ خان باسی كرد رۆژی نەورۆز مەسەلەن، نەورۆز لەلای ئێمە رۆژێكی پیرۆزە لای هەمووومان، ئێمە ئاگادار دەكەینەوە ئەگەر ئەوانیش پەیڕەو بكەن باشە، یەعنی ئێمە زۆر پێمان باشە ئەما ئەوانی تر ئێمە دەستكاری نەكەین و تەداخول نەكەین، بە هیچ شێوەیەكی نیزامیەن تەداخول نەكەین، چونكە ئەوان ئازادی خۆیان هەیە، قوتابیەكان بە سەربەستی و بە ئازادی لەوێ بخوێنن و دەربچن، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە خۆی هەر مەبدەئێك هەیە لە یاسادا، هیچ كاتێك ئەنزیمەكان تەنزیم ناكرێت لەناو یاسای، چونكە هۆكارێكی موحەدەد نیە لەناو یاسا، تۆ نیزامەكان دیاری بكەی كە خاڵ بەندی بۆ بكەی، بۆیە لێرەدا ئێمە ئەو خاڵ بەندیەمان كردووە لە یاسایەدا، كە بەم شێوەیە هاتووەتەوە ئەوە موحەدەد نیە لەناو ئەو یاسایە، بەڵكو تەنها ئەوەندەیە لە هەموو یاسایەكیشدا لەو مادده پرۆتۆكۆلانەی كە لە ئاخیرەوە دایدەنێی، دەڵێین بە تەعلیماتەوە بە ئەنزیمە ئەو یاسایە رێك دەخرێت، بۆیە ئەوەی كە لە كۆتاییدا باس دەكرێت كیفایەتە، بۆئەوەی كەوا هەر جیهەتێك بۆ خۆی ئەنزیمە تەعلیمات دەربكات، لێرەدا كە ئەو موناقەشانەی ئێمە

دەیکەین بەڕاستی وامان لێدەکات هەندێك تایبەتمەندی لە قوتابخانە تایبەتیەکان بسێنینەوە، ئێمە هەمووومان دەزانین قوتابخانە تایبەتیەکان ڕاستە تایبەتمەندیەتی خۆیان هەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا مەرجی وەزارەتی پەروەردەشی هەیە، کە ئەوان مولزەمن بە جێبەجێ کردنی بۆ نموونە ئەو باسی عوتلەکان و پشووەکان یان موناسەباتی رەسمی دەکرێت، هەڵبەتە ئەوان مولزەمن بۆ جێبەجێ کردنی لەگەڵ ئەوە پەیڕەوی ئەنزیمەی خۆشیان دەکەن، بۆیە بە ڕەئی من ئەم ماددەیە ئەصڵەن لێرەدا نەبێت و، لەکۆتاییدا ئێمە لە هەموو جارێکدا وتوومانە بە ئەنزیمە و بە تەعلیمات ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت و، ئەو ئیلتیزاماتانەی کە لەسەر قوتابخانە ئەهلیەکان، لەم یاسایە لە ماددەی یەکەمەوە بۆ خاڵی کۆتایی داندراوە، کافیە بۆئەوەی وەزارەت ریقابەیەکی تەواوی هەبێت لەسەر کارو ئەداو تەعلیمی خوێندنە تایبەتیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من لە دەرکردنی ئەو زەوابت و ئەنزیمانە، ئەگەر تایبەتمەندیەکان لەو قوتابخانە ئەهلیانە بسێنرێتەوە وەکو قوتابخانە خۆماڵیەکان سەیر بکرێن، پێم وایە ئەوە ئەو ئەهلیەتەی نامێنێت، ئەو تایبەتمەندیەی نامێنێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە دەرکردنی ئەو ئەنزیمەو زەوابتانە و، هەروەها لەلایەن وەزیری بەڕێزیش و وەزارەتە بەرێزەکەشیانەوە پۆلین بکرێت، ئەو قوتابخانە نێودەوڵەتیانەی کە سەرو سیمای تایبەتی خۆیان هەیە، یان رێکار و شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە لە وانە وتنەوەو لە دەرسەکانی خۆیان، لە عوتلەکان و لە هەموو تایبەتمەندیەکان جیادەکرێنەوە، لەگەڵ ئەو قوتابخانانەی کە خۆماڵین و لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەڤ ماددە سەرووی ئەساسی لیژنەی پەروەردە داناکو،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من دەبینم خودی ئەم یاسایە، فەلسەفەی ئەم یاسایە تەنزیم كردنی ئەو قوتابخانە و مەعهەدانەیە كە ناحكومین، جەناحێكە كە هەتا ئێستا تەنزیم نەكراوە، فەلسەفەی ئەوە تەنزیم كردنی ئەوانەیە، ئەمرێكی ئیفترازیە كە وەزارەت نیزامێكی تایبەتیشی هەبێت بۆ ئەم قوتابخانە و مەعهەدانە و، لەبەرچاو گرتنی خسوسیەتی ئەو قوتابخانە ومەعهەدانە لەو پەیڕەوەدا یان لەو نیزامەدا، بۆیە ئەو ماددەیەی كە لێرە هاتووە، ماددەیەكی ئیفترازیە پێویست بە مانەوەی ناكات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەلەمان:**

**سمیرە خان فەرموو.**

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ تەوزیحەكەی سۆزان خان دامە، چونكە تەقریبەن هەردوو تەجوربەم بینیوە، كە مودیر عامی موجەمەعی فاخیر مێرگە سۆری بووم، مەجموعەیەكمان هەبوو خوێندنی تایبەت بوو سابیس بوو ئەوی تریش حكومی بوو، ئەوەی سابس بوو شەمموان ئۆفی هەبوو، هەموو رۆژی شەمموان نەك ئەوە بوو كە نەدەهاتنە دەوام، چالاكیان هەبوو، نەشاتاتی لاسەفیان هەبوو، ئیمتحاناتیان هەبوو لەو رۆژە دەكرا، تەلەبەكانی خۆمانیش خۆت بكوشت با هەتا سەعات دوو بوو، پاشی دوو هەموو دەچووینەوە، ئەوان هەتا سەعات چوار و نیو دەوامیان هەبوو، لە هەشت و نیو هەتا چوار و نیو، (مع العلم) ئەمە بڵێین لە كۆتایی مانگی پێنج مەنهەجەكان هەمووی كۆتایی دەهات و ئیمتحان دەكرا ئەوان تەواو دەبوون، (مع العلم) سابیس دەبووایە هەتا نیهایەتی شەش، 7/1 عوتلەیان دەستی پێ دەكرد، لێرە پێویستە پەیڕەوەی خۆیان هەبێت، بەڵام تەصدیق كرابێت لەلای وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ پەیڕەوی ئێمە ناگونجێت، هەردووكیان دەمج بكەین یەك پەیڕەو بێت، چونكە موخالەفاتی زۆری تێدایە، تەفریقە زۆر هەیە لەنێوانیان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەلەمان:**

**دكتۆر احمد فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەپێی ئەوەی كە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە هاتووە، كە دەبێت پرۆگرام و نەخشەی خوێندن و مەرجەكانی وەرگرتن و بەڕێوەبردن و كاركردن و تەنزیمات و تاقیكردنەوە، لە قوتابخانە ئەهلی و بیانیەكان سەرپەرشتی كردنیان لە ڕووی هونەریەوە، بە پەیڕەوێكی تایبەت كە وەزارەت دایدەنێ دیاری دەكرێن، ئەو خاڵانەی كە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتوون، زۆربەیان لەو ماددەیەی كە ماددەی نۆزدەهەمە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە هاتوونە، بەڵام من پرسیارەكەم ئەوە بوو لە جەنابی وەزیر، ئایا**

**تا ئێستا كه‌ كۆمه‌ڵێك قوتابخانه‌ی ئه‌هلی هه‌یه‌ له‌ هه‌رێمی كوردستان و هی بیانیش هه‌یه‌، ئایا ئێستا هیچ په‌یڕه‌وێكیان داناوه‌ به‌پێی ئه‌وه‌ی له‌ مادده‌ی نۆزده‌ له‌ یاسای وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌دا هاتووه‌؟ ئه‌گه‌ر به‌پێی ئه‌وه‌ بێت به‌ڕاستی ئه‌و مادده‌یه‌ زیاده‌، هیچ پێویست ناكات، چونكه‌ ئه‌و مادده‌یه‌ ده‌ست نیشانی كردووه‌، كه‌ به‌ په‌یڕه‌و هه‌موو ئه‌وانه‌ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ له‌سه‌ریه‌تی به‌ نیزامێكی خاص دیاریان بكات، زۆر سوپاس.**

**به‌ڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سه‌رۆكی په‌له‌مان:**

**كاك حه‌مه‌ سعید فه‌رموو.**

**به‌ڕێز حه‌مه‌ سعید حه‌مه‌ علی:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

**سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌وه‌ خۆشی نووسیویه‌تی به‌ نیزام دیاری ده‌كرێت، ئه‌مه‌ ته‌فاصیله‌ ئه‌وه‌ به‌ نیزام داخلی دیاری ده‌كرێت، به‌ڵام وه‌ره‌ له‌ مادده‌ی چواردا كه‌ ئه‌و ئه‌وراق و خوته‌یه‌ی، كه‌ ئه‌و جیهه‌یه‌ی ده‌یه‌وێت ئه‌و قوتابخانه‌و مه‌عهه‌ده‌ ئه‌هلیه‌ بكاته‌وه‌ مولته‌زمه‌ پێی، ده‌بێت پابه‌ند بێت، كه‌ ئه‌و ده‌ڵێت (تقويم سنوي ثابت للدراسة) كه‌ چوارده‌ برگه‌یه‌ مادده‌ی (4) له‌ برگه‌ی شه‌ش و چواردا حه‌ل كردووه‌، له‌ برگه‌ی شه‌شیشدا ده‌ڵێت (اسس النجاح و الرسوب و نظام واسس ونظام الامتحانات واسس التقويم) ئه‌مه‌ هه‌مووی كراوه‌، خاڵێكی تر (اسس اجراء للامتحان)له‌ برگه‌ی شه‌شدا ئه‌وه‌ی كه‌ ده‌ڵێت (قبول لطلب وتجهيد) له‌ برگه‌ی پێنجدا ده‌ڵێت (شروط القبول و نسبة واقصى حد له‌)، خاڵێكی تر ئه‌وه‌ی كه‌ ده‌ڵێت(فتح دورات تأهيلية) له‌ برگه‌ی 11 چاره‌سه‌ر كراوه‌، مه‌سه‌له‌ی ئیشراف و مه‌سه‌له‌ی ئه‌وه‌ نووسیویه‌تی له‌ برگه‌ی 13 ده‌ڵێت(النظام المقترح لادارة المدرسة) (ادارة) هه‌موو ئه‌و ته‌فاصیلانه‌ی تێدایه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ له‌ و چوارده‌ برگه‌یه‌ی مادده‌ی چواردا، كه‌ ئه‌و جیهه‌ته‌ مولته‌زیم ده‌بێت پێی، من پێم وایه‌ ئه‌وانه‌ هه‌مووی تێدایه‌ و تیكراره‌ پێویست به‌م مادده‌یه‌ ناكات، سوپاس.**

**به‌ڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سه‌رۆكی په‌له‌مان:**

**مامۆستا فرمان فه‌رموو.**

**به‌ڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

**دیاره‌ زۆر مشتومڕ كرا له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی په‌یڕه‌و، دیاره‌ ئه‌وه‌ دوو جۆره‌ په‌یڕه‌ومان هه‌یه‌، په‌یڕه‌وێكمان هه‌یه‌ جارێكیان ئه‌و قوتابخانه‌ پێشكه‌شی ده‌كات وه‌كو به‌ڵێن وه‌رگرتن، ئێمه‌ ئێستا كه‌ باسی ئه‌و په‌یڕه‌وه‌ ده‌كه‌ین لیژنه‌ی په‌روه‌رده‌، باس له‌وه‌ ده‌كه‌ین كۆمه‌ڵێك شت هه‌یه‌ پێویسته‌ ڕێك بخرێت به‌و په‌یڕه‌وه‌، له‌وانه‌ی كه‌ ڕێك بخرێت چۆن ئه‌گه‌ر له‌و په‌یڕه‌وه‌ نه‌هات بێت، ئێستا هه‌ر یه‌ك وه‌ڵام بدرێته‌وه‌، ئه‌و په‌رله‌مانتاره‌ به‌ڕێزانه‌ چۆن تاقیكردنه‌وه‌ ڕێك ده‌خاتن ئه‌و قوتابخانه‌ ئه‌هلیه‌ چۆن تاقی كردنه‌وه‌ ڕێك ده‌خات ئه‌گه‌ر ئێمه‌ به‌ په‌یڕه‌و دای نه‌نێین، خۆ ئه‌و قوتابخانه‌ ئه‌هلیه‌ به‌شێكه‌ له‌ كۆی سیستمی خوێندن له‌ هه‌رێمی كوردستان، به‌ تایبه‌تی له‌ مه‌سه‌له‌ی تاقی كردنه‌وه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی تاقی كردنه‌وه‌ زۆر گرنگیه‌كی**

تايبەتی هەیە، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم/ مەسەلەی وەرگرتن، بەڕاستی یەك لە كێشە زۆر گەورەكانی قوتابخانە ئەهلیەكان كۆمەڵێك قوتابخانە هەیە تەنها 90٪ كەمترت هەبێ وەرت ناگرێ، ئێستا دەبێ لەو یاسایە كە دەردەچێ بەڕاستی ئەو قوتابخانە مولزەم بكرێ بە پێی ئەو پەیڕەوەی كە لەو خاڵانەدا هاتووە، كۆ نمرەكانیان هەر كێیەك تەقدیم بكات لەو قوتابخانە وەربگیرێ، نەك ...... ئاخر ناكرێ خۆ قوتابخانەی ئەهلی هەر بۆ تەڵەبەی زیرەك نیە، ئەوەی ئیمكانیەتی هەیە دەتوانێ سالآنە ئەو پارە وەری دەگرێت، ئەگەر هاتو بەس تەڵەبە زیرەكەكان وەربگرێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر هاتو بەس تەڵەبە زیرەكەكان وەربگرێ لەگەڵ گەشەپێدانی مرۆیی و زانستی لە كوردستان هیچ گەشەی نەكردووە، یەعنی نەیتوانیوە گەشە بە عەقلیەتی تەڵەبە بكات، خوێندكار بكاتە چەقێك بۆ ئەوەی ئاستی زانستی بەرزبكاتەوە، لەبەرئەوە خۆی تەڵەبەكە خاوەن بەهرەیە و نمرەی 90ـە، گرنگی ئەو خوێندنە تایبەتیە چیە؟ خاڵی ترمان هەیە، كردنەوەی خول بۆ مامۆستایان، بەڕاستی ئەومامۆستایانەی كە لە زۆربەی زۆری چەند خوێندگایەك لە شاری هەولێر كە شارەزاییم لێی هەیە، ئەوە مامۆستا بە ئەزموونەكان هەیە، بەلآم زۆربەی ئەو مامۆستایانەی تر كە ئێستا لەو خوێندگا ئەهلیە مامۆستات بێ ئەزموونن و لەوانەیە ساڵێك، یان دوو ساڵە دامەزراون، لەوانە بەشێكی زۆریشیان بە فەرمی دانەمەزراون، جا كردنەوەی خول بەڕاستی زۆر گرنگە ئەگەر بە یاسایەك و بە ڕێنماییەك تۆ خولیان بۆ نەكەیەوە و مەشقیان پێ نەكەی، بەڕاستی ئەستەمە ئەو مامۆستایانەی ئەو تەڵەبەی لەبەردەستیانە بتوانن ئاستی زانستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم كە ئەو ماددەیە نەبێ، چونكە وەك هاوڕێم كاك كاردۆ باسی كرد، ئەوە مەركەزیەت دروست دەكرێت، ئێمە ئەگەر دوو نموونە لەمانە وەربگرین، ئەگەر باسی كاتی دەوام كردن بكەین ئەمە نەك لە خوێندگا ئەهلیەكان ڕێك ناخرێ، خوێندگاكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەش كاتی دەوام كردنیان وەك یەك نیە، بە هۆی كەمی خوێندنگاوە هەندێ خوێندگا هەیە سێ دەوامی تیایە و سێ سەعات دەوام دەكات، هەندێ خوێندنگا هەیە دوو دەوامی تیایە و 5 سەعات دەوام دەكات، جگە لەوە خوێندنگا نموونەییەكانی سەر بە وەزارەتی تەربیەش هەمان ئۆفیان هەیە، بەلآم ئەوانەی كە هەمان ئۆفیان نیە، ئەگەر بێی سەیری وەرگرتنی تەڵەبە بكەی لە خوێندنگە نموونەییەكانی سەر بە وەزارەتی تەربیە هەندێكیان بە دەرەجەیە لە 96 وەستاوە، لە مەكتەبی ڕەنگین و رزگاری و مەكتەبی شیرین، كەواتە تۆ دێی ئەمەش هەڵدەوەشێنیتەوە، بۆیە من پێموایە ئەمە مەركەزیەت دروست دەكات، هەمووشمان دەزانین ڕێنمایی و تەفاسیل و وردەكاریە، كە تەفاسیل و وردەكاری دەنووسی تۆ دەبێ هەموو ئەمانە بگەڕێنیتەوە

بۆ مەرکەزیەت، لەبەرئەوە نەك هەر زەرەر لە خوێندنگا ئەهلیەکان دەدەی کە تایبەتمەندی خۆیان هەبێ زەرەر لە وەزارەتی تەربیە و خوێندنگا حکومیەکانیش دەدەی کە هەندێکیان هەندێ تایبەمەندی خۆیان هەیە کە ئەو تایبەمەندیەتەش دەشێوێنی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

زیاتر لە 5کەس داوا دەکەن کە ئەم ماددەیە ڕەد بکرێتەوە، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەین، لەڕاستی دا ئێمە دەمانەوێ یەکخستن و ڕێکخستنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو پرسە گرنگانە بکەین، بەشێوەیەکی گشتی لەڕاستی دا دەرکردنی نیزامێك بۆ ئەم بابەتانەی خوێندگا و پەیمانگا ناحکومیەکان پاراستنی خسوسیەتی ئەوانە، واتە تۆ بە نیزامێکی تایبەتی بۆ ئەوان ڕێکی دەخەی بۆ ئەوەی خسوسیەتی ئەوان لەناو نیزامەکە دا ڕەچاو بکرێ، دوو/ لەڕاستی دا ئێمە دەمانەوێ خۆمان لە مەرکەزیەت بپارێزین بەڵکو بنەما گشتیەکان دابنێین، بنەما گشتیەکان کە هەموو ئەو پرسە گرنگانە ئاراستە دەکات، بۆ نموونە چۆنیەتی سەرپەرشتی کردنی ئەو قوتابخانە و ئەو پەیمانگایانە ئەرکێکی سەرشانی وەزارەتە، چۆن لە پەیڕەوی ناوخۆی قوتابخانە و پەیمانگاکان ئەوە دەنووسرێ بڵێ من خۆم بەم شێوەیە ئیشرافی خۆم دەکەم، ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆی قوتابخانە و پەیمانگادا نایە، پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگا و قوتابخانە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ناوخۆ و لایەنی ئیداری قوتابخانە و پەیمانگایەکەیەتی، خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستاکان، لەڕاستی دا خاڵێکی زۆر گرنگە بە چەند خاڵێك دەڵێی پێویستە لەسەر قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی ساڵانە خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایەکان و بۆ فەرمانبەرەکانی بکاتەوە بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی، دەبێ جۆرێك لە ئیلزامی ئیجابی لەو شێوەیە دروست بکرێ، هەروەها سەبارەت بە ساڵنامەی تۆماری ساڵانەی قوتابیان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان قوتابخانەی ناحکومی هەیە لە مانگی 3 ی ئەم ساڵەوە تۆماری ساڵانە دەکاتەوە بۆ ساڵی ئایندە و کرێش لە قوتابیەکانی وەردەگرێ، لە قوتابخانەیەکی تر بە شێوەیەکی ترە و لە شوێنی تر بەشێوەیەکی ترە، ناکرێ چەند برگە و بابەتێك بێنین و هەوڵ بدەین شێوازی تۆماری ساڵانەی قوتابیان لەو قوتابخانە و پەیمانگایانە لە جۆرێك لەم فەوزایە دەربچێ و ڕێکیان بخەین، سەبارەت بە هەموو پرسەکانی تریش، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئەم ماددەیە بمێنێ و تەئکیدش لەوە دەکەینەوە لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوو دا لەلایەن زۆربەی زۆری بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمانەوە پێشنیار بۆ ئێمە هاتووە تکایە هەوڵ بدەن ئەم بوارە گرنگانەی کە لێرە دا ئێمە هێناومانە لە قوتابخانە تایبەتیەکان ڕێکی بخەن، فەوزا هەیە و سکاڵامان بۆ هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا گوتمان زیاتر لە 4 تا 5 پەرلەمانتار داوای ئەوەیان کردووە ئەسڵەن ئەو ماددەیە ڕەد بکرێتەوە، امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارەك ل جەنابێ وەزیرێ هاتنە کرن ئەگەر بۆمە ڕوونکرنێ بدات بشێت بچنە دەنگدانێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز باش تێ گەشتم جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمان، تەبعەن هەندەك پرسیار هاتنە کرن من دڤێت ڕوونکرنا بدەم، دەربارەی ئایا نیزام هەیە ئان نینە؟، بەری ڤێ گاڤێ و قوتابخانا پابەندن پێ ئان نا؟، ئەمە بەحسێ عەسرەکی دکەین کو قانون نەبوو، نوکە مە قانونەکا دارشتیە، مە گۆتی لازمە نیزاما داخلی هەبی، ئەز دبێژم دبوری پشتێ تەوزیحی وێ نیزامێ، هیچ قوتابخانەیەکیش کە نینە موهیم دڤێ قانونێ دا هاتیە لازمە هەمیا هەبی، یا دوویێ، خسوسیەتا قوتابخانا نایەتە پاراستن ئەگەر تە نیزامەکا عام ئینا دەرڤە بۆ هەمی قوتابخانا، بەلێ ئەو نوقتەت گرنگ ئەوەیە ئاهەنگ خانێ بەحسی لێ کریەڤە، عوتلا نەڤرۆزێ مەسەلەن یان جێژنێت مەیەت قوربانی و ئەم لازمە بکەینە خالەکێ دوێ نیزامێ دا موافەقەتێ لەسەر نەکەین، موافەقەتێ لەسەر نەکەینەڤە، بابەتێ دی ترێ تەبعەن وەکو ئیشراف کە دێنە کرن، هەندەك تەعلیمات هەی ل وەزارەتێ دێنینە دەرڤە بۆ ئیشرافێ، ئەز بێژم د تەنزیم کەنەوە، دگەل خالا هەندێمە ئاشکرا کرنا شێوازێ ئیشرافێ، دیسان مەوزوعێ مەرجێ ڕاهێنانێ بۆ مامۆستا دیسا تەعلیماتێ دێتە کرن، بەس گەلەك تشت مە شێوازێ ئیمتیحاناتا ئەزموونا دێ چەوا دێتە کرن؟، یان نایەتە کرن، ئەگەر تو بەحسی بەری نوکە بکەی و بەری قانونێ هەندەك حالەتێ فەوزا تێدا، یەعنی ئەز تەئکید دکەم، بەس پشتی ئەڤ قانونە تێتە دانان، ل خالێ بەرێ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

وەڵڵا جەنابی وەزیر قوتابخانەی شوەیفات قوتابخانەیەکی دەولیە، مومکینە لە دەیان دەوڵەتانی تری دونیا هەبێ، خۆ هەموو مەنهەجەکە و نیزامەکەی وەکو یەکە لە دەوڵەتان، دەکرێ لە کوردستان ئەو یەك مەنهەجی خاسی هەبێ و بەرنامەی خاسی هەبێ مەسەلەن؟ وەکو شوەیفات دەکرێ شتێکی خاسی هەبێ؟ یەعنی جیا لەوەکانی تری کە لە وڵاتان هەیە؟ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد(وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قوتابخانەکا نێڤ دەوڵەتی وەرگرت بەرامەجێ وێ ڤە دەسکاری گەلەك بەرنامەجێت زۆر زەحمەتە، تشتێ بچیك کە سیعەتێت وان قەبیل بکەن و تەحەملا قوتابی و تەحەمولا ڤی، چونکە ئەگەر هاتو تە زێدە دەرس دانانە مەسەلەن گوتی زمانێ کوردی، زمانێ عەرەبی، کۆمەڵناسی، ئاینێ جودا جودا تشتێت قەومی ئەگەر ل بەرنامجێت شوەیفات دا لازمە تو جهێ بۆ ببینی یان قوتابی تەحەملێ ناکا، بۆ ڤێ چەندێ وەختێ ئەم نیزامەك تەقدیم بکا، وەسا تەقدیم کریا گونجای بی دگەل بەرامەجێت وێت سەرەکی و خسوسیەتێت کوردستانێ، ئان ئیتفاقێ لسەر و موافەقەتێ لسەر نەکا، بۆ ڤێ چەندێ ئەز باوەڕم بمینیتە قوتابخانەیەکی وەکی خۆ وەزارەتێ لازمە بزانیتن، وەزارەتەکا کوردستانیە، چنە خسوسیەتێت کوردستانێ لازمە بەرچاڤ وەربگرە ئان ئیجازە نەدات، وێ زێدەتر بمینە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەهەرحاڵ ئێمە ڕەئیەك دەخەینە دەنگەوە، کە دەیانەوێ ئەسڵەن ئەم ماددەیە ڕەد بکرێتەوە، تکایە کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم ماددەیە ڕەد بکرێتەوە دەست بەرز بکاتەوە؟ 22 کەس دەیەوێ ڕەد بکرێتەوە، کێ دەیەوێ بمێنێتەوە؟ بە زۆرینەی دەنگ مایەوە، فەرموو دوا سیاغەتان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دوایین داڕشتنی خۆمان دەخوێنینەوە.

ئەمانەی خوارەوە بە پەیڕەو ڕێك دەخرێن لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندیەتی قوتابخانە پەیمانگا ناحکومیەکان.

1/ ساڵنامەی جێگیری خوێندن و تاقی کردنەوە.

2/ بنەما و شێوازەکانی ئەنجامدانی تاقی کردنەوە.

3/ پشووە فەرمی و پەروەردەییەکان.

4/ وەرگرتنی قوتابیان ونوێ کردنەوەی تۆماری ساڵانەیان.

5/ کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستا و کارمەندان.

6/ چۆنیەتی سەرپەرشتی کردنیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقەکە بە عەرەبی دەخوێنمەوە.

المادە 14

ينظم مايأتى بنظام مع الحفاظ على خصوصية المدارس والمعاهد الغير الحكومية.

1/ تقويم سنوى ثابت للدراسة والامتحانات.

2/ اسس اجراء الامتحانات واساليبها.

3/ العطل الرسمية والتربوية.

4/ قبول الطلبة وتسجيل السجلات السنوية لهم.

5/ فتح الدورات التدريبية للتدريسين والموظفين.

6/ كيفية الاشراف عليها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 18 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر دەخوێنینەوە کە ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە پێویستی دەزانین زیاد بکرێ.

لە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی دادەمەزرێ بەناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان کە لەم بەڕێوبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

1/ باخچەی ساوایان.

2/ بنەڕەتی.

3/ ئامادەیی.

4/ پەیمانگاکان و ناوەندەکانی فێرکاری.

5/ هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون.

6/ هەر بەڕێوبەراتیەکی تر کە وەزارەت بە پێویستی دەزانێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە عەرەبیەکەی؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 15

تشكل فى الوزارة مديرية عامة باسم المديرية العامة للمدارس والمعاهد الغير الحكومية وتتكون من المديريات الاتية:

1/ رياض الاطفال.

2/ التعليم الاساس.

3/ التعليم الاعدادى.

4/ المعاهد ومراكز التعليم.

5/ التقويم والمتابعة.

6/ اية مديرية اخرى تراها الوزارة ضرورية.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد علی ابراهيم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە خوێندرايەوە، ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەيە نەك ئەسڵی پرۆژەكە، يان دەبێ ماددەكە بخوێننەوە يان ئەگەر ڕەد كرايەوە ئەو كاتە دەبێ ئەو مادده ئيزافيە لە شوێنی دابندرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی ياسايی؟ كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەيەش ئێمە پێمانوايە زۆر ئيزافيە پێويست ناكات ببێ لەبەر دوو سەبەب، يەكەم/ ئەمە باس لە تەغيری تەشكيلەی وەزارەت دەكات، ئەوە ياسای تايبەتی خۆی هەيە، دووەم/ ئەگەر قەسد لە دروست كردنی هەندێ موديريات بێ كە پێويستی پێيەتی لە ئەسڵی قانونی وەزارەتەكە باسی لەسەر كراوە، ئەگەر هاتو پێويست بە تەشكيلی و موديرياتی تازە وئيستحداس هەبوو يان دەمجی هەبوو يا ئيلغای هەبوو، سەڵاحيەتی وەزيرە، دەتوانێ بيكا، لەبەرئەوە لێرە پێويست ناكات ئەمە ببێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزير فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد (وەزيری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەز دگەل ڤێ بۆچوونێ نيم ژ بەر دوو سەبەبا، يەك ژی ئەڤە ئێستا نيزاميا مەركەزيەتێ ڤێ گاڤێ مە كێشايە د وەزارەتێ پەروەردەدا 12 مديريەت عامەی هەينە ل مەركەزێ وەزارەتێ كە نوكە پێشنيارا مە تەقليس كەينەڤەوە، نيزاميا مەركەزيەتا ئيداری بكەينە لامەركەزی پتر ئيهتمامێ بدەينە بەڕێوبەرێت گشتيەت پارێزگاهە نەك وەزارەتێ، دانانی بەڕێوبەرايەتيەكا گشتيا ديا ئيزافی، يەعنی عەكسا بۆچوونێ ئەو ئيتلاقەن خۆ دگەل ڤێ دبينن، رەقەم دوو حەجمێ نە موحتاجێ مەزنە، يەعنی موديريەتەكا ئەوا، سەرانسەری كوردستانێ و مديريەت مەی دی مالەبەرێ 5 مديريە، ژ بۆ ڤێ چەندێ تەبعەن ئەڤە نا موحتاجێ دڤێرێ دابێ بەس غير تێكستا من دڤێت تو لڤێتە، (يشكل فی الوزارة مديريات أو وحدات

مخصصة بالدراسات الغير الحكومية فى مركز الوزارة والمحافظات حسب الحاجة)، مەوزوعی مدیریەکا عام تێدا ئیزافە کەڤە، بە وادی سەبەبا مەرکەزیەتا ئەسڵەن یەعنی هەندەك محازەرەیەت مەی هەن مەدرەسەکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ليژنەی پەروەردە ئاخر ڕەئیتان؟ د.عمر فەرمو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە ئەو ماددەیەمان زیاد کردووە کاتی خۆی و گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردووە، پێشنیاری ئەوەمان بە نووسراو لەلایە کە ئەوان تەئیدی ئەوە دەکەن کە ئەم بەڕێوبەرە گشتیە زیاد بکرێ، بەلاّم پێش جەنابی کاك د.عصمت بووە، بۆیە لە ڕاستی دا ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ ئەوان کردووە، ئەوان هەرچەند گوتیان ئێستا بەڕێوبەراتیەك هەیە، بەلاّم پێویستی بەوە هەیە بکرێتە بەڕێوبەری گشتی، لەڕاستی دا بە گوێرەی یاسای وەزارەتی پەروەدەش کردنەوەی بەڕێوبەراتیەکی گشتی لە دەسەلاّتی وەزارەت دانیە، دەبێ بە نەسی قانون بێ، بۆیە لەسەر داوای ئەوان و زانینی ئەوان ئەوەمان کردووە، بەلاّم ئێستا بەو سیغەیەی کە جەنابی وەزیر پێشکەشی کردووە ئێمە لاریمان نیە کە بەم شێوەیە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەهەرحاڵ ڕەئیەکی وا هەیە، ئەوە هەر سێکیان موتەفق بوون لەسەر ئەوەی کە مودیریەتی عام نەبێ، کە مودیریەتی عام نەبێ، وەزیر سەلاّحیەتی هەیە مودیریەت بکاتەوە، کەواتە ئەم ماددەیە بە ئەسڵ وجودی پێویست ناکات وجودی هەبێ، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەم ماددەیە ڕەد بکرێتەوە، کێ لەگەڵ دایە ڕەد بکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ڕەد کرایەوە فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەیەکی ترمان ئیزافە کردبوو، بەلاّم ڕەبتی بەو ماددەیە هەبوو کە ڕەد کرایەوە، مادام ئەو ڕەد کرایەوە ئەویش ڕاستەوخۆ ڕەد دەکرێتەوە، نایخوێنینەوە و دێینەوە سەر ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم

بینایەی قوتابخانەی تایبەت و تەواوکاریەکانی:

ماددەی 21

پێویستە بینایەی قوتابخانەکان ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

1/ دوور بێت لە شوێنە گشتی و پیشەسازی و بازرگانی و ئەو شوێنانەی کاریگەری نەرێنیان بەسەر پرۆسەی پەروەردە و قوتابخانەوە دەبێت، بە بڕیاری وەزارەت شوێنەکە سنووردار دەکرێت.

2/ بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکاربهێندرێ تەنها بۆ فێرکردن نەبێ، تەنها بۆ ئەو قۆناغەی بۆی دیاری کراوە لە نێوان داواکاری و ڕێگەپێدانەکە.

3/ هۆڵەکانی خوێندن و ژوورەکانی تر بە گوێرەی پێویست فراوان بێ بۆ ئەوەی خوێندکاران وانەکان وەرگرن و چالاکیەکان ئەنجام بدەن.

4/ شوێنی پێویست هەبێ بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی قوتابخانە و قوتابخانە گونجاو بێ لەگەڵ خوێندنەکە.

5/ ژوورەکانی خوێندن و کارگێڕی و چالاکیەکان پاك و خاوێن و ڕەوشەن و ئاڵوگۆڕێکی هەوایی و ئامرازی ساردی و گەرمی و کارەبای هەبێ.

6/ شوێنی ئاو خواردنەوەی پاك و خاوێن و گونجاو دوور لە شوێنی تواليت ئامادە کرابێ.

7/ژمارەی پێویست دەتوانێ هەبێ بە گوێرەی پێوەری تەندروستی گونجاو بنیاد نرابێ بە پێی توانا دوور بێ لە هۆڵەکانی خوێندن.

8/ قوتابخانە پۆشتە کرابێ بە کەلوپەلی گونجاو بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن و کارگێڕی و چالاکیەکان وەك کورسی تەندروست و ڕەحلە و بۆردی سەوز یان سپی و ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردن.

9/ ڕووبەری پێویست بۆ یەك خوێنکار لە یەك مەتر چوار گۆشە کەمتر نەبێ.

10/ گۆڕەپانی قوتابخانە گونجاو بێ لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران، ڕووبەری دوو مەتر چوار گۆشە بۆیەك خوێندکار کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاو الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 21 التی تصبح بتسلسل 15

یجب ان تتوفر فی مبنی المدرسة الخاصة الشروط التالیة:

1/ ان یکون بعیدا عن الاماکن العامة والصناعیة والتجاریة والاماکن التی لها تأثیرات سلبیة علی العملیة التربویة للمدرسة یتم تحدید المکان بقرار من الوزیر.

2/ لایجوز استخدامه لای غرض اخر الا التعلیم وفق مرحلة محددة لها فی طلب الاجازة.

3/ ان تکون قاعات الدرس والغرف الاخری واسعة وفق حاجة کی یستوعب الطلبة دروسهم وان ینجزوا نشاطاتهم.

4/ ان يكون فيه غرف واماكن ضرورية لاجراء النشاطات المدرسية وملائمة مع المرحلة الدراسية.

5/ان تكون غرف الدرس والادارة والنشاطات نظيفة ومضيئة ويكون فيها مفرغ هواء والات التبريد والتدفئة الكهربائية.

6/ ان تهيأ اماكن شرب الماء النقى والنظيف بشكل مناسب وبعيدا عن اماكن التواليت.

7/ان يكون هنالك عددكاف من التواليت (دورات المياه) وان تكون مبنية وفق المعاير الصحية المناسبة وان تكون بعيدة عن قاعات الدراسة قدر الامكان.

8/ ان تكون المدرسة مؤثثة بالادوات المناسبة تسير عملية الدراسة والادارة والنشاطات، مثل الكراسى الصحية والرحلات واللوح (البورد) الاخضر أو الابيض والالات ووسائل التعليم.

9/المساحة الضرورية للتلميذ الواحد ان لا تقل عن متر مربع واحد.

10/ ان تكون ساحة المدرسة مناسبة مع عدد الطلبة، ان لا تكون اقل من ساحة (2) متر مربع للطالب الواحد.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ماددەكەمان بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە:

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان یەك دەقیقە كوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە ماددەی 15 شتێكی دیكەیە، یەعنی بیرتان چوو ئەوە ماددەیەكی ئیزافی بوو دەبووایە بە دەنگدان ئەگەر ئیلغا بكرێ، ئیلغا بكرێ، ئەگەر دەمێنێتەوە، موناقەشە بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لە ئەسڵی پرۆژەكە نیە هەر خۆیان نووسیویانە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 15 ئۆتۆماتیكیەن ئیلغا بووەوە نەخرایە دەنگدانەوە، چونكە ڕەبتە بە ماددەی پێشووتری خۆیەوە، كە ماددەی 14 بوو تەسویتی لەسەر كرا كە ئیلغا كرایەوە، چونكە ڕەبت بوو پێوەی یەكسەر ئەویش ئۆتۆماتیكیەن ئیلغا كرایەوە، نەخرایە دەنگدانەوە، چونكە بەیەكەوە رەبت بوون.

بناء المدرسة الخاصة وملحقاتها

المادة الخامسة عشر:

من اجل خلق بيئة تربوية مناسبة ولغرض منح إجازة المدارس والمعاهد الغير الحكومية يجب ان يتوفر الشروط الاتية:

1- يجب ان يكون محل المدرسة أو المعهد الغير الحكومى بعيدا عن الاماكن الصناعية و التجارية والمحلات التى تؤثر سلبا على البيئة التربوية ويحدد محلها بموافقة الوزير.

2/ لايجوز استخدام المدرسة أو المعهد غير الحكومى لاي غرض اخرغير اغراض التربية والتعليم وتستخدم للمرحلة التى اخذت الاجازة بحسبها حصرا.

3/ كل مدرسة أو معهد غير حكومى اسست لمرحلة معينة يجب ان تتوفر فيها كل السنوات القانونية لهذة المرحلة.

4/ يجب ان تتسع قاعات الدراسة والغرف الاخرى حسب الضرورة بحيث يتعلم فيها الطلبة ويمارسون نشاطهم.

5/ يجب ان تكون فيها الغرف والاماكن الضرورية لانجاز نشاطات المدرسة والملائمة لمرحلة التعليم.

6/ يجب ان تكون قاعات الدراسة والادارة والانشطة نظيفة ومنيرة ومجهزة بالساحبات والمكيفات والمدفئات.

7/ يجب تهيئة اماكن شرب المياه النظيفة بصورة مناسبة وبعيدة عن المرافق الصحية.

8/ بناء عدد مناسب من المرافق الصحية حسب المعاير الصحية بحيث تكون بعيدة ما امكن عن قاعات الدراسة.

9/ يجب ان تكون فى المدرسة الادوات المناسبة لادارة العملية التعليمية والادارية والانشطة.

10 / تكون مساحة المدرسة متناسبة مع عدد الطلبة ومرحلة الدراسة و المساحة اللازمة للطالب الواحد تكون حسب المعايير والاسس الدولية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەو نووسینەوەی كە لیژنەی پەروەردە پێشكەشی كردووە بۆ ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر ویستم ئەوە بڵێم دووبارە دامان ڕشتۆتەوە ماددەكە، پشتیوانی دەكەین، ئەگەر پێویستیش بكات بە كوردی بیخوێنینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز نزانم پێویستە تەفاسیلا قانونی دابن یان نا؟، ئەز نابینم ئەگەر گەلەکیا زەروریش بیت ئەڤە دبینم ئەوەڵەن پێشنیارا من ئەوەیە ئەزێ دبینم ئەمە زەروریە تێدابیت، ئەگەر بمێنی ئەڤ پێشنیارا (على وزارة التربية اصدار التعليمات التسهيلية للمواصفات الاهلية بحيث تنسجم مع الاهداف المنشأة من اجلها).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوتابخانە هەیە هی ئەهلی ئیجازەتان پێداوە لە وەزارەتەوە لەناو بازاڕێك دایە، بینایەکەی کە گرتوویانە خۆی بۆ بازاڕ کراوە، هێناویانە کردوویانە و منداڵی ئێمەش لەوێ دەخوێنێ، بۆیە ئێمە دەمانەوێ مەرجیان بەسەردابکەین، ئەگەر بینایەکیش دەگرن دەبێ بینایەك بێ کە موئەهەل بێ بۆ قوتابخانە نەك بازاڕێك بێ و دوکان بێ و بێن ئەمان تەکلیفیان کردووە و ئەگەر جەنابی وەزیر دەیەوێ من لە دوایی دا ناوی قوتابخانەکەشی پێ دەڵێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئیی بەڕێز وەزیری تەربیەم، ئەگەر ئەو فەقەرەیە بچینە تەفاصیل، دەبێ شروت و عامەی مواسەفاتی بە گوێرەی ستانداردی دوەلی نوقتە بە نوقتە، حەرف بە حەرف بنووسرێ، کارەبا و پلاکی کارەبا و پەنجەرە، ڕووناکی، ئەدی چەند بڵند بێ پلاکی کارەبا بۆ ڕەوزە، مەکتەبی ئەهلی، دەرگاکان بە دەرکەی ڕاست بکرێتەوە یان کارەبا، ئەوەی وەزیری تەربیە دەڵێت لە سەداسەد ڕاستە، ستانداردی عالەمی هەیە بۆ ئەو شتە، بەو ستاندارده ئەو شروتانە دادەندرێت بۆ هەموو مەکتەبەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز د.عمر .

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش کە موناقەشـەمان کـردووە، لـە ئەسـڵی قانونەکـەش هـاتووە لەگـەڵ وەزارەتـی پـەروەردەش بەڕێزیان ئامادەبوون لە موناقەشە کردنی یاساکە، دەزانـین چـوونە نـاو وردیـاتی تەفاسـل لـە قـانون ڕەنگـە بـاش نـەبێ، بـەڵام لـە لایـەکی تریشـەوە باشـیەکەی لـە چـی دایـە، چـەند قوتابخانـەی ئـەهلی و تایبـەتی و ناحکومی لەم وڵاتە هەن، کە ئێستا لە ژورێکی بچکۆلە 50 تەلەبەی تێدایـە، چـەند قوتابخانـەی نـاحکومی، پەیمانگای ناحکومی هەن کە هیچ مواسەفاتێکیان لە بینایەکەدا نیە، لەبازاڕدان، مەرجی تەندروستیان تێدا نیە، مەرجی ساردی و گەرمیان تێدانیە، بۆیە ئەم تەفاسیلە لە ڕاستیدا بە پێویستمان زانـی بمێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی کـە جۆرێـك لـە ئیلزامـی قـانونی دروسـت بکـرێ، هـەم بەنیسـبەت وەزارەت هـەم بەنیسـبەت ئـەم قوتابخانانـەوە، لـە ئێسـتاوە فـەراغی گـەورەمان هەیـە، بـەڕێزان ڕەنگـە سـەیر نـەبێ ئێمـە لـە یاسـادا باسـی ئاودەست بکەین، زۆر گرنگە لە قانوندا باسی ئەوە بکەین کە ئەو ژوورەی کە قوتـابی وانـەی لێ دەخوێنێت لە ڕووی ساردی و گەرمیەوە گونجاو بێ، زۆر زۆر گرنگـە ئێمـە بڵێین ئـەو مەسـاحەیەی قوتـابی لـە ژووردا لێی دادەنیشێ، ستانداردی نێودەوڵەتی و گونجاوبێ، هەموو ئەوانە لـە ڕووی مەسـەلەن دابـین کردنـی ئـاوی پاکی خواردنەوە لە قوتابخانەکاندا زۆر گرنگە ئێمـە بـە قـانون بیهێـنین، ڕەنگـە ئەمـە وەکـو تەفاسـل بێتـە پێشەوە، بـەڵام دروسـت کردنـی بنەمایـەکی قـانونی و پابەنـد بـوونی قـانونی بـەم مەرجانـەوە، بەنیسـبەت هەموو لایەکەوە لە بابی تەئکیدی ئیجابیە، ئێمە بە پێویستی دەزانین کە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، ناوی دەنووسین، عبدالقادر بازرگان، ئەڤین عمر، عظیمـة نجم الدین، ئەمیر گۆگە، شلێر محمد نجیب، هاژە سلیمان، بێریڤان سەرهەنگ، سیوەیل عثمان، لقمان سلیمان ، کاوە محمدامین، نەسرین جەمال، امینە زکری، ئاهەنگ عارف، سـەروەر عبـدالرحمن، جمـال طـاهر، شـڤان احمد، قادر حسن، عبدالسلام، خلیل عثمان، نەژاد، هاوڕاز، ناسك، کـاك عبـدالقادر فـەرموو، بـەڵام تکایـە بـە موختەسەری قسە بکەن، ئەو مەوزوعە مەچنە تەفاسیلی، تەفاسیلی ناوێ.

**بەڕێز عبدالقادر بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دروست کردنی قوتابخانەو پەیمانگای حکومی، یەعنی دەبێ چـەند جـۆرە مواسـەفاتێکی عالـەمی هـەبێ، ئەوانەی کە خۆم ئاگام لێیەتی، دەبێ ڕووبەری هەر پۆلێك لە 16مەتر دوجا کـەمتر نـەبێ، چونکە ئەگـەر لەو حەجمە کەمتر بێ بۆ هـەوا خراپـە، فەقـەرەی دووەم، دەبـێ لـە پـۆلی یەکـەوە تـاوەکو پـۆلی چـوار دەبـێ ساحەی خاریجی ئەو قوتابخانەیە لە 200 مەتر دوجا کەمتر نەبێ....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالقادر، ئیجازەی برای خۆت بدە، ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان وەزیر دەڵێ ئەو تەفاسیلاتانەی ناوێ، چونکە تەعلیمات و نیزام، هەموو مەدرەسەکان تەعلیمات و نیزامی خۆیان هەیە، بەلاَم لیژنەی پەروەردە دەڵێن ئەو تەفاسیلاتانەی دەوێ، تەفاسیلاتەکانیش ئەوان نووسیویانە، کامەت پێ باشە فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له پۆلی پێنجەوە تاوەکو پۆلی دە، دەبێ ساحەی خاریجی لە 400مەتر دووجا کەمتر نەبێ، بۆ مەرحەلەی ئامادەیی، دەبێ لە 600مەتر دووجا کەمتر نەبێ، لە پۆلی یەکەوە تاوەکو پۆلی چوار دەبێ هەر قوتابخانەیەك ژوری ئیدارەو کۆمپیوتەر و ژوری مامۆستای هەبێ، لە پۆلی نۆ وە هەتاوەکو سەرێ دەبێ تاقیگەی فیزیا و کیمیا و احیای هەبێ، هەروەها ئەو تاقیگانەش دەبێ سەقفیان لە دوو مەتر و هەشتا سانتیم کەمتر نەبێ، هەروەها ڕووبەری پەنجەرەکانیش لە 10٪ی ڕووبەری ژورەکە کەمتر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەگەر حسێب بکەین بۆ ئەوەی بزانین ژمارەی قوتابخانەی ئەهلیەکان، لەگەڵ قوتابخانە حکومیەکان چەندە، هەڵبەتە ئەبینین قوتابخانەی حکومی زۆر زۆرترن لەوەی کە قوتابخانەی ئەهلی هەیە، ئایا قوتابخانە حکومیەکان هەمووی مەرجە تەندروستیەکانی تیایە کە ئێستا فەرز کراوە؟، نیە، زۆر تەواوە، بەلاَم بەپێی تەعلیمات خۆ ئەبێ ئەم مواسەفاتانەی کە لێرە باس کراوە، ئەبێ لە هەموو قوتابخانەکان هەبێ کە حکومین، ئەوە ئەگەر تەعلیمات هەیە، بەلاَم سەد لەسەد جێبەجێ نابێ خۆ ئەتوانن ئێستا لێرە بەیەك فەقەرە ئێمە هەمووی چارەسەر بکەین، بلێین قوتابخانە تایبەتیەکان بە هەمان شێواز کە بۆ قوتابخانە حکومیەکان دائەڕێژرێ..، چونکە ئەزانین قوتابخانە حکومیەکان بەپێی تەعلیمات هەموو تایبەتمەندیەکی سحی ئەبێ تیابێ، ئەبێ ئێمە هەمان مەرجی کە بۆ قوتابخانە حکومیەکان دانراون، هەمان مەرج متەوەفر بێ لە قوتابخانە ئەهلیەکان، من لەگەڵ ئەوەم کە هەموو شتێك باس بکرێ، بە تەفاسیل باس بکرێ، وەکو ئاهەنگ خان باسی کرد هەتاوەکو پلاك باس بکرێ، جۆری ئەرزیەکە باس بکرێ، کە تەرتان بێ، یاخود فەرش بێ، هەرچ شێوەیەك بێ، هەموو مواسەفاتێك زۆر گرنگە بۆ قوتابخانەکان دیاری بکرێ، ئایا ئێمە ئەتوانین هەموو مواسەفاتەکان لەم ماددەیە شوێنی بکەینەوە؟، ناتوانین، بۆیە ئەبێ تەعلیماتێکی خاس هەبێ بۆ مواسەفاتی قوتابخانەکان، جا قوتابخانە چ ئەهلی بێ، چ حکومی بێ، لێرە ئێمە ئاماژە بە جێبەجێ کردنی ئەو تەعلیماتە بکەین کە بۆ قوتابخانە حکومیەکان

دانـراوه بـۆ شـێوازی تەصـمیمی قوتابخانـەکان، چ لـە ڕووی تەندروسـتی، چ لـە ڕووی هـەواوە، چ لـە شـوێنی قوتابی چەند مەتری بەرکەوێ، شێوازی دیوارەکان بەرزی و نزمی، هەتاوەکو جۆری گڵۆپەکان ئـەبێ دیـاری بکرێ، لە تەعلیمات بۆ ئەوەی قوتابخانانەی کە حکومی و ئەهلی بە هەمان شێواز بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گۆگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی نزانم دەربارەی ڤی بابـەتی ل گـۆڕێ چـەندین سـالە ئـەز بخـۆ سەرپەرشـتی پـەروەردە بـی، یـەعنی بابەت ب ڤی ڕەنگی نینە یـێ کـو ئـەم بێـژین وەختـێ سـەردانا ڤـان قوتابخانێـت ئـەهلی، هـەر قوتابخانـەکی ئەهلی بەری مۆڵەت پێدانێ ئەڤ شروتێت هەی دێن بەحس کرنێ، ئەڤـە هـەمی لیجـان هەنـە دێـن وان شـتا بینن، پشتی هنگی مۆڵەت دێت دانێ، ڤان تەفاسیلا چ داعی نینە بێت ئیشارە کرن، ئەسـلەن چ داعـی نینـە، یێ دوێ جەنابێتە دزانی بۆ تەجدیدا ئیجازێ ڤان تشتێت هـەمی دووبـارە پـتر ژ مانگـەکێ، دوو مانگـا هـەتا تەجدیدا ئیجازێ بۆ ڤان مەدارسێ ئەهلی دێتە کرن، لیژنە ژ تەربیێ دێت، لیژنا سحی دێـت، لیـژنا ریقـابی دێت، وان لیجانێت هەمی سەرەدانێ ڤان مەدرەسا دکەن، پشتی هنگـی ئیجازەکـە ئایـا تەجدیـد بـت یـان نـا؟ هەروەسا بۆ وەرگرتنا مۆڵەتێ ئان کو ئان ڤان تەفاسیلێ هەمی بەرێ هنگی ڤان تەفاسیلێ هاتینە وەرگـرتن، ڤان تەفاسیلێت هاتنە جێبەجێ کرن، باوەرکە ئەگەر سەف ساحیبە تێدا نەبن، ئەسلەن ئەڤ لیژنە سەرەدانا مەدرەسێ دکەت ناهێلیت ئیجازە تەجدید بت، دێ چەوا ئیجازێ ددەت، ب ڕەئیا من یەك دێر ئەو شـروتێت موحتاجی مەدارسێ حکومی بت، نەفسێ وان شروتا بێنە جێبـەجێ کـرن، بـۆ قوتابخانێـت ئـەهلی و هـەمی کافینە، وەك جەنابێ وەزیری ئەو دێرێت نڤیسی ناڤ هەردوو دێر کافینە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لابردنی ئەم ماددەیەم، چونکە بەڕاستی زۆر زۆر تەفاسیلی تێدایە، بەڕێز وەزیـری پـەروەردە زۆر بە وردی ڕوونی کردەوە، کە دەتواندرێ بە ڕێنمایی دەربچێت، بـەڵام یـەك شـت هەیـە لێـرە ئـەوەی کـە ئێمە ترسی ئەوەمان هەیـە، یـەعنی ئەگـەر هـاتو لـەناو یاساکەدا نەیـەت ئـەو قوەتـە قانونیـەی نیـە، ئێمـە دەتوانین ئەو ڕێنماییە لە وەزارەتـی پـەروەردەش دەربچێت، ئێمـە لیژنـەی پەیوەندیـدارمان هەیـە بـۆ ئـەم مەبەستە، ئەتوانین لە ڕێگەی موتابەعە کردنی لیژنەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە، بتواندرێت کـە موتابەعـە بکات، ئەم شروتانەی کە هەیە جێبەجێی بکرێ لەو قوتابخانانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە دوو پرسیارم هەیە، دەڵێم ئایا ئەو مەرجانەی کە ئێمە دادەنێین لەسەر ئەهلیەکان یان نا حکومیەکان، ئایا ئەو مەرجانە لە حکومی هەیە، نیە؟، کە دەڵێین دووربێ لە شوێنی گشتی، قوتابخانە هەیە هی حکومی لەتەنیشت لەحیمچیە، ئەوانیش چونکە پارە دەدەن ئێمە مەرجیان لەسەر دادەنێین، ئەو مەرجە دەبێ لەسەر حکومی هەبێ ئەهلیش چاو لە حکومی بکات، ئەگەر هاتو ئەهلیەکان ئەو مەرجانەیان تێدانەبوو، ئایا ئەوانە مەسیریان چیە؟، دادەخرێن؟، ئەوە یەك، بەنیسبەتی ئەوەی ئەگەر هاتو مایەوە ئەو شتە زۆر وردەکاری لەوە زیاتر هەیە دەبێ لەناو ئەوە بێ، ئێمە بەشێکمان وەرگرتووە، زۆر شتی گرنگ هەیە دەبێ تێیدا بێ، هەندێك لە ماددەکان پێویست بوو ئەو ماددەیە هەر لەناو مۆڵەت بوایە، کە مۆڵەت دەدەی بە یەکێك لەو پرۆژەی کە پێشکەشی دەکات ئەو شروتانەی تێدابوایە، حازر بوایە، ئەوجا مۆڵەتت پێدابایە، ئێستا مۆڵەتت دایە بە یەکێك مەکتەب بکاتەوە، ئەوجا شروتی بۆ دادەنێ، ئەوە دەبوایە لەگەڵ مۆڵەت بێ، لە خاڵی دووەم، دەڵێ ناکرێ بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکاربهێندرێت تەنها بۆ فێرکردن، هەر بڵێین پێویستە بەکاربهێندرێت بۆ خوێندن، بەلأم لە وڵاتانی تر هۆڵی مەکتەبەکان زۆرجار بەکاردەهێندرێت بۆ چالاکی تر بەکارهاتووە، بۆ ڕێگەیان لێبگرین؟، هەروەها کە دەڵێین ڕووبەری پێویست بۆ خوێندن کە لەیەك مەتری چوارگۆشە کەمتر نەبێ، ئەوە ئەگەرهاتو لە مۆڵەت نەبوایە حەجمی مەکتەبەکەت چەندە، ئەوەی نەدەویست، چونکە ئەگەر ئێمە ئەوە بڵێین دەبێ بڵێین هەر پۆلێك 28 تەڵەبە نابێ زیاتر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە درێژەی نادەمێ، لەگەڵ ئەو سیاغەیەی بەڕێز وەزیری پەروەردە کردی، بەلأم (مع مراعات ذوی الاحتیاجات الخاصة) ی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەو ماددەیە تەفاسیلەکانی بمێنێ، بەلأم من داواکارم گرنگیدان بە قوتابخانە ناحکومیەکان لەسەر حیسابی قوتابخانە گشتی و حکومیەکان نەبن، چونکە ئەبێ ئەوە لەبیر نەکەین ئێستا

زەنگێكی زیندوو لەناخی كۆمەڵگاكەمانە هاوار ئەكات، وەكو قوتابخانـە ناحكومیـەكان نـین، ئـەو دەنگانـەش دەنگێكی زۆرن و ئەبێ حیسابیان بۆ بكرێ، نابێ كەشێكی كۆمەڵایـەتی وا دروسـت بكرێـت كـە هـەژاران بـە چاوێكی ناحـەزەوە سـەیری قوتابخانـە ناحكومیـەكان بكـەن، لەبـەر جیـاوازی كۆمەڵایـەتی، بۆیـە پێویسـتە قوتابخانە حكومیەكانیش فەرامۆش نەكرێن، هـەمووومان ئـەزانین ئێسـتا لـە دۆخێكـدان كـە حەسـودیان پـێ نابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو تەفاسلە نیم كە هەقە بە تەعلیمات لەلایەن وەزارەتەوە دەربچێت، پشـتگیری ڕای بـەڕێز وەزیری پەروەردە دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕەئیەكەی بەڕێز وەزیری پەرەوەدەو بە ئیزافەكەی سیوەیل خانەوە دەكەم، چونكە بەڕاسـتی ئەوە ئەبێ تەعلیمات بێ، وەزارەتی پەروەردە خـۆی دایڕێژێتـەوە، هـەم لـە هـەمان كـات ئەگـەر هـاتو ئەمـە مایەوە، پێویستی بە كۆمەڵێك تەفاسیلی تر هەیە، لەگەڵ ئەوەش كە ئەم تەفاسیلەی دراوەتێ لێـرە، ئەگـەر مایــەوە پێویســتە بڕگــەی (3) و (4) و(5)یــەك بخرێــت، بڕگــەی (6) و(7) ش یــەك بخرێــت، كۆمــەڵێك تەفاسیلی تری بۆ دابڕێژن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەك بۆ من گەلەك جهێ پرسیارێیە، ئەڤە ناو پەرلەمانێ كوردستنێدا گەلەك جار مە گوه لێ بیتن یـا سانا چێ نابیت ئەو تەفاسیلە بێتە گوتن، وەك مەبدەئی ژی ل پەرلـەمانێ كوردسـتانێ دێتـە تـەنفیز كـرن، هەڤالێتمە ئەندام پەرلەمانێت كو ئەوێ دەرڤەی ولاتی ژیاینە، ل ولاتێ پێشكەفتی ژیاینـە، ڤێـت بـزانن كـو ئەو یاسایێت كو وێرە دەركەڤن،یاسایێت فەرعیێت هەی، بۆ هەر تشتەكێ یاسـایێ فـەرعیێت خۆیێـت هـەی، مە چووینە ولاتێ سویدێ یاسایا پـەروەردەی حەجەمـەكی زۆر مـەزن بەردەسـتێ هـەمی قوتابخانـە هـەبوو، یەعنی بۆچی ئەم تەفاسیلێت یاسایێ بترسین، بلعەكس بلا هەمی پەرلـەمانتار هاریكاری بكـەن كـا چ خـاڵێ

دی تر، لیژنا پەروەردێ ژ بیر کریە بلا بینین بکەینە دناڤدا، بلا بقوەتر بێخین، کا چ لایەنە ئەمە ژ بیر کری، ئەم تەفاسیلێت قانونی نەترسێین، یاسایێت فەرعییێت هەی، بۆچی هەر تشتەك بێ ڕێنمای بێتە دەرئێخستن، ڕێنمای ب ڕاستی ئەم هەمی دێرنین ل واقعی هەرێما کوردستانێ، یاسا ناهێتە جێبەجێ کرن، ئەوجا چەوا ڕێنمایی دێنە جێبەجێ کرن، ژبەر هندێ ئەز دگەلێ هندێ دامە پەرلەمانتارێت هێژا هاریکاری لیژنا پەروەردێ بکەن، کا د چ بەندەکی تر، د چ خالەکی تر پێویستە تەفاسیلێت وی بچنە ماددێدا، وەکی خۆ بمینێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بیدایەتیش گوتم بۆ(10٪) سەدا دە لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك عصمتم چونکە بەخۆی موهەندسە جەنابی چاك دەزانێ فەرق هەیە لە مابەینی قانون و مواسەفاتی فەنی، ئەوەی کە ئێمە باسی لێ دەکەین دەڵێین لەو قانونە هەبێ، ئەوە شروت و مواسەفاتی فەنیە، بە کەیفی من و هاریکاری یەکی دی و یەکی دی پێناوێ، ئەوە (یونس کۆ) یە(یونسیفە) عالەمیە، ستاندەراتی عالەمیە، ئەو مەکتەبەی کە دادەنـدرێت مواسەفاتی خاسی خۆی هەیە، لە ئەلف هەتاوەکو یا، لە سەد وەرەقەی زیاترە، شروت ومواسەفاتی فەنی فەرقی هەیە لەگەڵ قانون، ئەوەی کە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەڵێ لە سەدا سەد ڕاستە، بەتەنێ ئەو فەقەرەیە هەیە، زەروریە ببێ، بەڵام دەبێ (وفق الشروط والمواصفات الفنية والدولية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەگەڵ ئەو شێوازی دارشتنەوەیەم کە لە لیژنەی پەروەردە کردوومانە، من پرسیارێك دەکەم، ئایا هۆکار چیە و چ ڕێگریەك هەیە ئەم ماددەیە لێرەدابێ؟، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاستە ڕێنمایمان هەیە، بەڵام لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەپرسم هیوادارم وەڵامم بداتەوە، لە ساڵی 2003 وە قوتابخانەی ئەهلی و ناحکومی لەکوردستان دا هەیە، ئێستا نزیکەی وا هەست دەکەم 62 یان 65 قوتابخانە هەیە، جەنابی وەزیر دەکرێ پێم بڵێی یەك قوتابخانانە مەرجەکانیان تەواو تێدابێ؟، تەنها ناوی یەك قوتابخانەم پێ بڵێیت، لەبەر ئەوەی ئەمەی لەبەر دەستمە ڕاپۆرتێکی وەزارەتە خۆی نووسیویەتی، وەزارەت نووسیویەتی سەرجەم قوتابخانەکانی هەڵسەنگاندووە، یەك دانە لە قوتابخانەکان مەرجەکانیان تێدانیە، مەرجەکانیان تەواو نیە ئەوجا زۆر و کەم، بۆیە ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین زۆر پێویستە ئەلێرەدا ئەو ماددەیە هەبێ، ئەو خاڵانەش دەستنیشان بکرێ، ناکرێ ناوی (W.C) بێت لە یاسادا؟، بەڵێ

زۆر گرنگە، بەڕێزان قوتابخانەی حکومی هەبووە چووینەتە ناوی بە 400 خوێندکار، بە 400 قوتابییەوە یەك (W.C)یان هەبووە، کە پێموایە بە هەفتەیەك سرەی ناگاتە سەر، قوتابخانە بەم جۆرە بێ چۆن دەکرێ؟، بۆیە بەگرنگمان زانیوە هەریەکێك لەو خاڵانەی کەوا دەست نیشان کراون لێرە، پێمان وایە هەر لە مەسەلەی شوێنی بیناکەوە، لە گۆڕەپانەوە، لە پێداویستیەکانی ترەوە، زۆر زەرور بووە هەبێ، خاڵێکی تر بەڕێزان، من پرسیارێکم کرد، دوێنێش پرسیارێکم کرد لە وەزیر، پێم خۆشە ئەمڕۆ وەڵامم بداتەوە، دوێنێش وەڵامی نەدایەوە، ئەمە پەیوەندیدارە بە بینای قوتابخانەکانەوە، ئێستا لەو 60 قوتابخانە 18یان لە بینایەی حکومی دان، بۆچی چۆڵ ناکرێن؟، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من دەکرێ لێرەدا سەرنجێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بکەین، ئێمە دوو ساڵە پڕۆژە بڕیارێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، بۆچی چۆڵ کردنی بینایەی حکومی کاری لەسەر نەکراوە؟، ڕاپۆرتی لەسەر نووسراوە، نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، نووسراومان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، نووسراومان ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش کردووە، وەڵاممان نەدراوەتەوە لەسەر ئەمە، کە ئەمەش بەشێکە لەوەی ئێمە قوتابخانەمان نیە بۆ قوتابخانە حکومیەکان، بینامان نیە، بیناکانمان خراپن، کەچی بیناکانی ترمان وەکو غەنیمە بەخشیتەوە بە قوتابخانە ئەهلیەکان، کە پێویستە بۆخۆیان بینا دروست بکەن، ماددەیەکی پێموابێ ئەگەر تووشی هەڵە نەبم، پرسیارێك لە بەڕێز لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە بکەم لەسەر ئەوە، لە ماددەی حەوتدا وا هەست دەکەم دوێنێ کە گفتوگۆمان لەسەری کرد، قسەیەکی وابوو کە تەئجیلی بکەین و دوای بخەین بۆ ئەو ماددەیە، کە باس لە گواستنەوەی قوتابخانەکان دەکات، ئایا دامان نا یان گواستمانەوە ئێرە؟، چونکە ئەمە شوێنیەتی، بۆئەوەی بیرمان نەچێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەم یاسایە لە بیدایەتی بکەین، تاوەکو ئێستا ئەبینین زۆر تەفاسیلی تیایە، زۆر تیکراری تیایە، لەبەر ئەوە ئەبینین هەر ماددە بۆ ماددە ئیلغا دەکرێتەوە، یان دەمج دەکرێت، ئەو کێشە چیە؟، کێشەی تەفاسیلە، ئەگەر بێین باسی مەبانی بکەین، مەبانی مەدارس و مەعاهد، هەر مەدرەسەیەك و مەعاهدێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویست ناکات بڕۆینە ناو ئەو تەفاسیلەوە، چونکە زۆر شتی تر ماوە لێرە باسی بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم وپشتیوانی ڕای جەنابی وەزیر دەکەم، دوو دێرم نووسیوە بۆ لیژنەکە، ماددەی (16) یان (17) چەند دەکات (يجب ان يراعى في بناء المدارس والمعاهد غير الحكومية و مبانيها المعاير والمبادىء التي من شأنها خدمة العملية التربوية والتعلمية بكفاءة وفاعليه) ئیتر ئەوە هەموو دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیر هەقیقەتەن، ئەگەرچی ئەم نوقاتانە زۆر نین، بەڵام لەیاسادا مـن بە پێویست نازانم لە یاسادابێ، چونکە بینایە یەك لە شەرتەکانی ئیجازە پێدانە، بـەس تەفاسـیلی ئـەوە لـە حاڵەتێکی ترە، دەبێ لە یاسادا ئاماژەی پێ نەکرێت، مـن هـاوڕام لەگـەڵ بۆچـوونەکەی جـەنابی وەزیـر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم بە دوو بڕگە ئەگەر بەڕێزان لەهەردوو لیژنە پێیان باش بێ، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (يجب ان تكون بناية المدرسة مطابقة للشروط والمواصفات الفنيـة المتبعـة في بنـاء المـدارس النموذجيـة الحكوميـة و ان لاتقل عنها) یەعنی هیچ نەبێ لەوە کەمتر نەبێ، دووەم(بما ان فتح مدارس غير حكومية عند منحها اجـازة من قبل الوزارة تكون بالتنسيق مع هيئة الاستثمار فيجب ان يكون لها حق منح قطعة ارض من قبـل الهيئـة ويكون ايصال الخدمات من الكهرباء والماء تبليط الشارع قانون الاستثمار علـى نفقـة الحكومـة) یـەعنی باسـی ئاو کراوە، ئەمانە بەپێی قانونی ئیستیسمار ئەو تەعلیمی خاسە یەکێکە لـە بەنـدەکانی، لەسـەر حکومەتـە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گفتوگۆیەی کە کرا، من دەقێکم ئامـادە کـردووە لەسـەر تێبینیـەکانی خوشـك و برایـان، مەبدەئەکـەش بۆچوونی جەنابی وەزیرە ئەیخوێنمەوە ئێستا، ئێمە ڕاسـتە هەنـدێجار پێویسـتی بـە تەفاسـیلە، بـەڵام یاسـا دانان وەکو کاردانەوە لە بوونی دیاردەیەکی نێگەتیڤ، چارەسەر ناکرێ بەدەرکردنی یاسایەکی تـازە، بزەبـت منیش وەکو ئەم خوشك و برایانە چەند نموونە هەیە، کـە فیعلـەن ئێسـتاکە وەزعەکـە وەکـو کـاك سـەروەر یان برادەرانی لیژنەی پەروەردە باسیان کرد، مەئساتە پێویسـتە هەڵوێسـت وەرگـرین، هەڵوێسـتەکە چـەند هەنگاومان دەخەیتە بەرچاو دەبێ بیکەین، یەك، دەبێ ماددەیەکمان هەبێ کە ناچاریان بکات مەدرەسـەکان بەو شێوەیە نەبێ کە ئێستاهەیە، بۆیە ئەو ماددەیە زەرورییە، دوو، بەڕاستی ئەتوانین ئێمە لـە یاسـا شـتێك بکەین، ستانداردەکە دابنێین، پاشان ئیشی ئێمەیە وەکو پەرلەمانتار، بەدواداچوون بکەین، ئایـا ئـەو یاسـایە

جێبەجێ کراوە یان نا، کێشەی ڕێنماییان هەیە لە کوردستان، ئەوەش ئەزانین هەریەکەمان تەعامول لەگەڵ وەزارەتێك ئەکات ئەوە ئەزانین، هەندێجار ئەسلەن ڕێنماییەکان تۆزێك دەرچوونن لە یاسا، ئیشی ئێمەیە، ئێمە بەوە واجبمانە یەعنی نابێ بڵێین ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە، دەبێ بەدواداچوون بکەین و نەهێڵین ئەو دیاردە سلبیانە ئەوە بن، بۆیە من ئەو پێشنیارە دەکەم، وێنەکەشم ناردووە، چەند هەڵەی زمانەوانی تێدایە، ئەوەی ئەیخوێنمەوە دروست ترە، پێویستە ماددەکە ئەو نەسە ئەڵێ(پێویستە باڵەخانەی فوتابخانەو پەیمانگای ناحکومیەکان بەپێی مەرجەکانی دروست کردنی باڵەخانەی قوتابخانەکان بن، کە لەلایەن وەزارەتەوە پەیڕەو دەکرێت، بەپێی پەیڕەوە جیهانیەکان بێت) تەسەوڕ دەکەم ئەو هەمووی ئەگرێتەوە، کە مەدراستی حکومی ئەکرێن ئەو تەفاسیلە هەمووی تێدایە وابزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر حسن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەوڕی من قوەتی یاسا و حیکمەتی یاسا لە جێبەجێ کردن دایە، لەگەڵ ئەو هەموو تەفاسیلە نیم، ئەگەر موتابەعە نەبێ هەمووش بە یاسا دابەزێ جێبەجێ نابێ، بەلاَم ئەگەر موتابەعەی بەردەوام هەبێ بە تەعلیماتیش بێ جێبەجێ دەبێ، بۆیە من لە بەینی هەردوکیان تەئیدی پێشنیاری جەنابی وەزیر دەکەم، هەم بەشێوەیەی یاساییەو هەم بەشێوەیەکی کورت و موختەسەری ئاماژەی پێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە هاوکارانم باسیان لە قوتابخانە حکومیەکان کرد، ڕاستە قوتابخانە حکومیەکان هەندێکیان کەم و کوڕیان تێدایە، بەلاَم ئەوە مانای ئەوەنیە ئێمە لەو قوتابخانە ئەهلیانە هەر بەپێی ئەوە بڕۆین، من پێموایە ئەو نوقاتانە بمێنن، لەبەر ئەوەی کەوا قوەتی قانونی هەبێ، لەبەر ئەوەی تەجروبەمان هەیە کە تاوەکو ئێستا تەعلیمات دراوە جێبەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ لیژنەی پەروەردەدام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی زۆر بەڕێز هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بەڕاستی لەوانەیە بڵێم خۆم لەگەڵ ئەو هەموو تەفاسیلەدا نیم لەناو یاسا بێ، بەڵام لەکاتێدا بەڕاستی ئێمە دەبینین ئەو مەرجانەی کە بۆ قوتابخانەی ئەهلیەکان دانراوە، بەهیچ شێوەیەك ڕەچاو ناکرێ لە قوتابخانە حکومیەکان، ئایا ئەو مەرجانەش هەیە بۆ قوتابخانە حکومیەکان؟، ئایا پێویست نیە، زەرور نیە هەر منداڵی ئێمە لەو قوتابخانانە نیە کە ئەو مەرجانەش لەوێدابێ؟، بۆچی بەڕاستی قوتابخانە حکومیەکان بەشێوەیەکی سەقەت دادەندرێن، هەر ئەو ڕۆژە بوو لەپێش پەرلەمان خۆپیشاندانێك کرا، داوایان دەکرد منداڵی بەرپرسان و پەرلەمانتاران نەچنە قوتابخانە ئەهلیەکان و نەچنە نەخۆشخانە ئەهلیەکان، بەڕاستی ئەمە هەقیقەتێکە ئێمە کەرتی گشتی پەکمان خستووە، بێ متمانەمان کردووە، مەرجێکی زۆرمان داناوە، من لەگەڵ ئەوەدام لەوەش زیاتر مەرج هەبێ، بەڵام بەڕاستی ئێستا باسی ئەوە دەکرێت، خاڵی یەکەم باس لەوەکرا لە شوێنی پیشەسازی و بازرگانی نزیك نەبێ، قوتابخانە لەهەولێر هەیە لەسەر شەقامە، دەرگاکەی کەوتۆتە سەر شەقام، هەتاوەکو ئێستا لە هەولێر باسی ئەو حادیسانە بکەی ئەو قوتابخانانەی کە منداڵەکانیان بەر ڕووداوی هاتوچۆ کەوتوون، بوونە قوربانی هاتوچۆ، دەبێ ئایا قوتابخانەی حکومی دەرگاکەی لەسەر شەقام بێ؟، بۆچی بەڕاستی پێویستە بەوە دابچینەوە، گرنگە بەڕاستی قسەی لێ بکەین، من لەگەڵ ئەوەدام کە تەفاسیل نەبێ، بەڵام بەڕاستی کاتێك کە شتێك بە ڕێنمایی دادندرێت و جێبەجێ ناکرێ، لەبەر ئەوەی یاسا قوەتەکەی زیاترە، من پێم باشە وەکو یاسا هەبێ لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم پاساوی جێبەجێ نەکردنی ڕێنمایی نابێتە هۆکاری ئەوەی کە کوالیتی یاساکانمان لە ئاستی پێویست نەبێ، مەفروزە یاسا مەتن بێ، ئەوەی کە ڕێنمایی جێبەجێ ناکرێ، عەیبێکی گەورەیە وەکو چۆن یاسا جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر بێتو وەزارەتێك ڕێنماییەکەی جێبەجێ نەکرا، عقوبەو سزا بدات، ئەتوانێ مۆڵەت وەرگرێتەوە، ئەتوانێ ئەنواع شت بکات، چەن یاسا هەیە جێبەجێ ناکرێ، موتابەعەشمان کردووە، بەڵام چی کراوە دوای ئەوە؟، لەبەر ئەوەی ناکرێ لەباتی ئێمە حەلی قەزیەیەك بکەین، شوێنێکی ترمان ئێش ئەکات، ئێمە دەست بێنین شتێکی تر خەسار بکەین، ناکرێ کوالیتی یاساکانمان ناشیرین بکەین، لەبەر ئەوەی ڕێنمایی جێبەجێ ناکرێ، من ئەزانم لیژنەی پەروەردە بۆ چوونەتە ئەو تەفاسیلە؟، لەبەر ئەوەی بە فیعلی ئەم کەم و کورتیانە هەیە، ئەڵێ بەشکو بە یاسا ئیلزامی بکەم، بەس ئەگەر ئایا بەڕێنمایی ئەگەر

ئەم خەڵکە فێری ئەوە نەبێ ڕێنمای جێبەجێ بکات، یاسا جێبەجێ ئەکات؟، لەبەر ئەوە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدانیم، شێوازی مەتنی یاساکانمان وای لێ بێت بێتە جێگەی نەزەر، کاتێ موراجەعەو موتابەعەی یاساکان، دەرچوونی کوالیتی یاساکانمان ئەکرێت، بوترێ یاساکانیان زۆر دوورو درێژە، عادەتەن لە تەفاسیلێش کەم و کورتی دروست ئەبێ، چونکە ئێستا وەکو ئەو خوشك و برا بەڕێزانە ئیشارەتیان پێیدا، ئەگەر بێتو سەیری ئەو تەفاسیلە بکەین، ئەبێ یەك دونیا وردەکاری تر هەیە بینووسین، لەبەر ئەوە بەڕاستی من لەگەڵ ئەو نەسەدام، بە زیادەکەی سیوەیل خانەوە، ئەو نەسەی کە وەزیر دایڕێشت، لەگەڵ ئەو زیادەیەی کە سیوەیل خان خستیە سەری، ئەوە کیفایەتە، بەڵام بەڕاستی ئەبێ موراجەعەیەکی هەقیقی جێبەجێ نەکردنی یاساو ڕێنماییەکان بکرێتەوە لەم کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆیە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئێمە ئەم ڕێنماییانە لە چوارچێوەی یاسایەکدا جێگای بۆ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی واقیعێك لەبەرچاومانە ڕێنمایی هەبووە، مەرجی هەبووە بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تایبەت جێ بەجێ نەکراوە، ئەو قسانەی کە دکتۆر سەروەر کردی هەمووی راستە، لە قوتابخانەکانی کەرتی تایبەت ئێستا هیچ ئەو مەرجانە نییە کە مۆڵەتیان پێ دراوەو بەردەوامیشن لە خوێندن، بۆیە ئێمە ناچار بووین لەم چەند خاڵەدا ڕێنماییەکان قوەتێکی قانونی هەبێت و بتوانرێت لەناو قانونەکە جێگای بۆ بکەینەوە، چونکە تەجروبەمان لەگەڵ یاساکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتەکانی تردا هەیە، بۆیە ئێمە ئەو ڕێنماییانە بە پێویست دەزانین لە ناو ئەم یاسایە جێی بۆ بکرێتەوەو بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی هاوکارانم دەکەم لە لیژنەی پەروەردەو راپۆرتەکەی خۆمان، بەڕاستی ئەگەر سەرنج بدەینە ئەوانەی کە ناومان لێناوە قوتابخانەی ئەهلی، باخچەی ساوایان وەربگرین چەند سەد مەترییەك تابلۆیەکی هەڵواسیووەو باخچەی ساوایانە هەموو منداڵەکانمان شێت بوون لە سەد مەتری، لێرە کە تەفاسیلی دراوەتێ بەڕاستی هەموو ئەو کەلێنانەی پڕ کردۆتەوە کە ئێستا قوتابخانە ئەهلیەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، بەڕاستی زۆر گرنگە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئیزافەکاری بۆ بکرێت و ڕێك و پێکتر بکرێت، بەڵام وەکو خۆی بمێنێتەوە.

خاڵی ترمان هەیە، بەڕاستی ئێمە سەردانی وڵاتی سویدمان کرد، سەرەتا پرسیارمان کرد، پرسیارمان لە یاسای خوێندنی ئەوان کرد، یاسای خوێندنەکەیان لە دوو بەرگدا لە (400) لاپەڕە پێکهاتووە بە فۆنتی هەشت نووسراوەتەوە، وەکو ئێمە بە لاپەڕەیەك نووسراوەتەوە فۆنتی (14 و 16)یە ئینجا پێمان ڕەوان نابێت، باشە ئێمە بۆ لە تەفاسیلی یاسا بترسێین، کە هەموو لایەکان تەغتیەی هەموو لایەنەکانی پرۆسەی قوتابخانە ئەهلیەکانمان بۆ دەکات.

خاڵێکی ترمان هەیە، بەڕاستی زۆربەی زۆری قوتابخانەکان ئێستا ناویان لێناوە قوتابخانەی ئەهلی و تابلۆیان بۆ هەڵواسیوە وەکو زیندان وایە، جگە لە سەد مەترییەکان هیچ بەلایەك، بەلاّم وەکو زیندان وایە، بەڕاستی ئەو تەفاسیلەی کە لێرە دراوەتێ توانیویەتی چارەسەری ئەم هەموو گرفتە بکات، کە ئێستا خوێندنگاکان بەگشتی، هەروەها خوێندنگا تایبەتەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی واقیعێك هەیە، نەك وەکو ڕەد فیعل، بەڵکو وەك چارەسەرێك بۆ ئەو واقیعە، بۆ ئەو زاهیرەی کە هەیە مەفروزە تۆ بێیت بە یاسا چارەسەری بکەیت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاتێك کە دایك و باوك پێی باش بێت منداڵەکەی بنێرێتە خوێندنگەیەکی ئەهلی، پارە دەدات بەرامبەر ئەو خەدەماتەی کە ئەوان پێشکەشی دەکەن، لە زیمنی خەدەماتەکە شوێنی بینایەکەو پۆلەکەو ڕەحلەکەو تەختەکەی کە بەکاری دەهێنێت و داتاشۆیەکان، ئەو پارەیەی کە ئەو قوتابخانەیە وەریدەگرێت دەبێت تەوفیری ئەو شتانە بکات، بەلاّم لێرە حاڵەتێك دروست بووە قوتابخانەکە پارەکە وەردەگرێت، بەلاّم خەدەماتەکە پێشکەش ناکات، بۆیە ئێمە دەمانەوێت بەو تەفسیلە چارەسەری بکەین، بەڵێ، جارێکی تریش دەیڵێمەوە بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە قوتابخانەی ئەهلی هەیە لە بینایەکە کە بازاڕە، بۆ بازاڕ دروست کراوە، شروتی قوتابخانەی ئەهلی تێدا نییە، نەك شروتی قوتابخانەی ئەهلی تێدا نییە، ئەسڵەن بینای قوتابخانە نییە، بازاڕە، ناوەکەی کراوەیە، دوکانەکان وا لە دەوریەتی بە وەرەقە شوێنی ئیدارەکەو کافتیریایەکەیان ئیعلانی قوتابخانەکەیان داپۆشیووە، لە هەندێك شوێنی تریش هەیە بینا فەرز کراوە کاتێك کە ئیجازە وەرگیراوە بۆ ئەو قوتابخانەیە بینایەکی تایبەتی بەسەردا فەرز کراوە، کە شروتی تیا نییە، من 100٪ پشتگیری قسەکانی هاوکارم کاك فەرمان دەکەم قوتابخانە تایبەتەکان لە وڵاتێکی وەکو سوید یاساکەیان لە (400) لاپەڕە پێکهاتووە، ئەو (400) لاپەڕە بە فۆنتی هەشتە، تەنانەت باسی توالێت دەکات بەرزیەکەی، دەست شۆر بەرزیەکەی، چونکە قوتابخانە هەیە منداڵی زۆر بچووك تیای دەخوێنن دەست شۆرێکیان تیا دانەوە بۆ

**مرۆڤی گەورە، کە من پارە دەدەم دەبێت بە موقابیلی ئەو پارە دانە خەدەمات وەرگرم، تەفاسیل زەرورییە من پشتگیری لە مانەوەی دەکەم و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**پرسیارێك لە سۆزان خان دەکەم، پرسیارێك لە هەمووتان دەکەم، ئەمە وابزانم (20) لاپەڕەیە ئێمە لە کەیەوە خەریکین، ئەی ئەگەر (400) لاپەڕە بێت، دەبێت بە چەند ساڵ تەواوی بکەین؟ فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەفدی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە وڵاتی سوید ئامادەی دەنگدانی یاسایەك بووین لە (37) دەقیقەدا بیست یاسایان دەنگ لەسەردا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە با بفەرموێت.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە پێشتر قوتابخانەکان بە شروتێك کراوەتەوە کە چەند شروتێکی موحەددەد بووە، ئێستا قوتابخانە لە عالەم بە نیزامێك دەکرێتەوە کە پێی دەگوترێت نیزامی ئیعتیماد، واتا (ئەرکیتیشن)، ئەو نیزامی ئیعتیمادە بریتیە لە کۆمەڵێك ستانداردی عالەمی، لە کۆمەڵێك ستانداردی عالەمی وەرگیراوە، ستانداردی عالەمی سابت نییە لە دنیادا، ئەمریکا ستانداردی خۆی هەیە، ئەوروپا ستانداردی خۆی هەیە، هەر وڵاتێکیش ستانداردێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەو ستانداردە عالەمیە وەریگرتووەو دەیگونجێنێت لەگەڵ خۆی، بۆیە پێی دەگوترێت ستانداردی مەحەلی، یەعنی لە ستانداردە عالەمیەکە ستانداردێکی مەحەلی دروست دەبێت، ئەمە شروتی موحەددەد نییە، وەکو سۆزان خان باسی کرد بریتیە لە هەزاران نوقات، هەزاران خاڵ بۆ ئەوەی تۆ قوتابخانەیەك، یان نەخۆشخانەیەك، یان شتێك بکەیتەوە، ئەوە نیزامێکە، نیزامێکی ئیعتیمادی خاصە، بۆیە تەنها بە چوار خاڵ، یان بە دە خاڵ ئێمە رزگارمان نابێت لەوە، ئەوانەی سۆزان خان لێرە زیکری کردوون، یان لیژنەی پەروەردە باسی دەکات حەقی خۆیەتی و لە جێی خۆیەتی هەمووی هەبێت، بەڵام تەنها خۆمان ناتوانین بەم دە خاڵە رزگار بکەین لە شروتی دروست کردنی قوتابخانەیەك، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە تەنها بە دوو دێر، سێ دێر ئێمە وەزارەت موکەلەف بکەین کە نیزامێکی ئیعتیماد لە هەرێمی کوردستان دابنێین وەکو ئەوەی کە کاك عبدالسلام داینا، وەکو ئەوەی کە کاك جەمال داینا، ئیتر خۆیان لە ئێستاوە خەریك بن نیزامێکی ئیعتیمادی بۆ قوتابخانەکان دابنێن و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من پێموایە صیاغەیەكی موشتەرەكیان كردووە، با ئەو صیاغە موشتەرەكە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێت سەرەتا ئەوە بڵێم كە ئەم داڕشتنە تازەیە دەخوێنینەوە، بەڵام ئەم داڕشتنە تازەیە تەعبیر لە رای یەكگرتووی لیژنەی پەروەردە ناكات، چونكە لەمەوە ئێستا رەئی تر هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر وایە دوو رەئی هەیە، رەئی لیژنەی قانونی و وەزیر بخوێننەوە كە دوورترە لە رەئی ئێوە، دوایی رەئی خۆتان بخوێننەوە، ئەگەر موتەفیق نین وای لێ بكەن.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم داڕشتنەیە لە بەدیلی ئەوەی كە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردەدا هاتووە بەم شێوەیە صیاغە كراوە:

پێویستە لە تەلاری قوتابخانەو پەیمانگا ناحكومیەكاندا ئەو مەرج و پێوەرە هونەری و زانستی و پەروەردەیی و تەندروستیانە هەبن، كە پێویستن و لەلایەن وەزارەتەوە بۆیان دیاری دەكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (13) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، كەواتە ئەم ماددەیە رۆیشت، فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە رۆژانە پرسیار ئاراستەی سەرۆكایەتی و جەنابی وەزیر دەكەین، بەلاَم هیچ وەلاَمێك وەرناگرین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی ژی دیهی من جواب نەدا، چونكە مەجال نەبوو، كو دبێژم نەڤیا جواب بدەم، سێ خالێ ئەز حەز دكەم روون بكەمەڤە، ئەوەی چوو بۆ تەصویت، یا دویێ ڤالا كرنا ئان ئیخلا ئاڤاییێت وەزارەتا پەروەردێ، مانگا هەشت وەكی من دەست بە كاری كریا، ڤە بۆ پێزانین هاتن كە معاملەتە هەی بۆ ئیخلا

بینا بەری ڤێ گا ڤێ تەمام نەبوویە، سوبەی رۆژێ هەتا لیژنا پەروەردێش داخاز کر، ئەز محافەزا، پارێزگا من داخواز کر جەردەکا دوماهی بکەم، بەتایبەتی وەزارەتێ پەروەردێ هەلگرتنا داگرتنا چ موستەلەح لسەر لایەکی دی با، تەبعەن ئیختیلافەك ما هەبوو لە عەدەدی ناڤدا پێزانینی مەزنا بۆمان هاتن دوماهی بەری بیست رۆژەکا ئاخیر جەردا بۆمن هاتیەڤە، من دەستیان پێ کریە بە معامەلاتێت ئیخلا رێگا مەحکمە، چونکە کێشا لە هەمیا مەزنتر ئەو ئاڤایی موسەجل نینە بە ناڤێ وەزارەتا پەروەردێ زۆربەی وان، یەعنی زۆربەی بینایەتا نەك موسەجەل نینە بە ناڤێ پەروەردێ، ئان ئیدارا مەحەلیا، یان ئەرزی بەلەدییە، بینایەت ویە، من چ رێ نەما ئیلا داوا ژ ئیدیعا عام دکەم یارمەتی من بدەن بۆ ئیخلا، ئەز خۆشحالی دبێژم ئەوەل دەعوا مە بە رێڤا بەری ئەز هیڤیدارم پەرلەمانێ و ئەندامێ پەرلەمانێ داوای من پشتا من بگری، ئەڤە پێزانین کە ئیجرائات نەکرینە، من ئێت کرینەو دا بێژی سوبەی بدەمە دەستی کە چویتا ئیدیعای عام، یا چویتا وەزارەتا عەدلی، هەندە لێ پێچینەوە کریە مانگا هەشت هەتا نوکە ئەز هێندە ئیش بکەم، ئەڤە یەك.

دەربارەی گلەیی سەر بینایە خوێندنگا، یان ڤوتابخانە حوکمەتێ، ئەز تەئید دکەم ئاخافتنێ وان گوت و پتر، ئاڤاییێت خوێندنگایا ناڤ گەڕەکی ڤەرەبالغدا شروتی صحی تێدا نینە، کەفنن، کەمن، هەمی تشتێ تێدایە، ئەز داوا دکەم ژی پەرلەمانێ میزانیا 2013 بێتە تەرخان کرن هیند پارە بۆمە تەرخان کەنەڤە بۆ سالەکە دی ئەڤە نەمێنێت، نە پازدە سەدیش لە میزانیە مە ببڕن و پاشی بێژت مەرافق دەرا درتینە، جارەکا دی ئەز بە ناڤێ وەزارەتا پەوەردێ داوا دکەم ل پەرلەمانێ بەرچاڤ بگرنەڤە لە 2013 هیند میزانیە بخەنە بەر دەستێ مە دا ئەم کەمو کوریانەو ئاخافتنێ وان گوتی (400) ڤوتابی مەرافیقێکیان نینە، بینایە کەفنن، سبغیان خراپە، هەمی راستە، ئەز تەئید دکەم ئەو ژی دگەل مە چارەسەر دکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی دکتۆر سەروەر رێگاماندا وەڵامیش دایتەوە، بەڵام ئێمە وەزیرمان بانگ نەکردووە بۆ ئیستیجواب، وەزیرمان بانگ نەکردووە وەڵامی پەرلەمانتارەکان بداتەوە، وەزیر بانگ کراوە بۆ موناقەشە کردنی ئەم پرۆژە یاسایە، سەرۆکایەتی پڕ بەدڵ جەژنی قوربانتان لێ پیرۆزبایی دەکات، ئومێد دەکەین عوتلەیەکی خۆش بەسەر ببەن، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مەوزوع هەیە حەز دەکەم لێرە ئاماژەی پێ بدەم، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە هەڵە لە شتەکان تێ نەگەن، وەزیرە بەڕێزەکان لە زۆر موناسەبە ئەو قسانە دووبارە دەکەنەوە دەڵێن ئێمە داواکارین لە پەرلەمان کە بودجە هات حصەی وەزارەتەکەی ئێمە زیاد بکات، نازانم ئەو بەڕێزانە ئاگایان لەوە نییە کە

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر من برگەکەی پەیڕەوی ناوخۆ باس ئەکەم، لە کاتێکدا کە پێشنیارێك ئەخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی بخرێتە خشتەی کارەوە، ئەگەر بێت و ئەو فراکسیۆنانە یان ئەو ئەندامە تەنازولی نەکرد لە مافەکەی خۆی ئەبێ بخرێتە دەنگدان، و پەرلەمانیش کە بریتیە لە بەرزترین دەسەلاتی سیاسی هەم لە هەرێمی کوردستان هەم لە جیهاندا، هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی شار و شارۆچکەکان تەعبیریان لە بیر و بۆچوونی خۆیان کردووە جا بە خۆپیشاندان بێ،یان بە بەرنامە بێ، سەبارەت بەم ڕووداوانەی باکووری کوردستان، لە کاتێکدا پەرلەمان ئەبێ تەعبیر بێ لە سیاسەتی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان، بەلاّم بە داخەوە لە زۆربەی زۆری ڕووداوەکان پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی نیە، بۆیە داکۆکی لەسەر ئەم هەڵوێستە ئەکەین کە ئەم خاڵە بخرێتە خشتەی کاروە و گفتوگۆی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ کەس قسەی کرد، کافیە، ناکرێ هەموو قسە بکەن، جارێ بەر لە هەموو شتێك داوای لێبوردن ئەکەین ئەوە نوقتە نیزام نیە، چونکە نوقتە نیزام ئەبێ لەناو بەرنامەی کار بێ، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ڕێگەمان پێدان قسە بکەن، ئینجا ئێمە لەگەڵ هەرسێکتان دانیشتین و قسەمان کرد، داوا کاریەکەی ئێوە لە دوای دانانی بەرنامەی کار بووە، چونکە قەول وابوو بەرنامەی کار بۆ ڕۆژی دووشەمە دایبنێین، بەلاّم ڕێك نەکەوت و خرایە ڕۆژی سێ شەممە، کە داوا کاریەکەی ئێوە دوای بەرنامەی کار بووە، سێیەمیشیان ئێمە کە قسەمان کرد لەگەڵ ئێوەی بەڕێز وتمان لە سەرۆکایەتی دیراسەی ئەکەین، کە دیراسەی ئەکەین با دانیشتنەکە بەڕێوە بچێ ئیعتیادی ئێمە دیراسەی ئەکەین و دوایی قسەی لەسەر ئەکەین، بەلاّم ناکرێ تۆ بیخەیتە بەرنامەی کار، بەرنامەی کار دانراوە، بۆیە ئێمە بەردەوام ئەبین لەسەر دانیشتنی خۆمان، قسە کردن نیە لە دەرەوەی بەرنامەی کار، ئەو حاڵەتەی ئێوەش ئەڵێن خەتەرێکی ئەوتۆ نیە لەسەر وەزعی کوردستان و لەسەر مەسەلەی کورد، دەیان جار موزاهەرات کراوە، خەڵك لە زیندان مانی گرتووە، حەتمەن ئێمە تەئیدی هەموو کەسێك ئەکەین لە دونیا کە مافەکانی وەرگرێ، لە ڕێگەی ئاشتی، موزاهەرات، ئەوجا ئەگەر کوردیش بێ، بەلاّم ئەوە حاڵەتێکی ئیستیسنائی خەتەر نیە تۆ لەسەری دانەنیشی و کۆبوونەوە نەکەی دونیا کۆتایی دێ، زۆر حاڵەتیش، لەبەر ئەوە تکا ئەکەین با ئیلتیزام بە بەرنامەی کارەوە بکەین، لیژنە تایبەتەکان فەرموو بۆ شوێنی خۆتان، بۆ ئەوەی بەردەوام بین، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردەش ئەکەین، لەگەڵ مونەسیقی نێوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەخێربێن، فەرموو، لیژنە تایبەتەکان فەرموو بۆ شوێنی تایبەتی خۆتان، فەرموو بۆ ماددەیەکی نوێ.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە گفتوگۆمان و پەسند کردنی ماددەکانی پڕۆژە یاسای قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان گەیشتین بە ماددەی 22 کە تایبەتە بە مەسەلەی کارمەندانی قوتابخانەکان، ئێستا بەکوردی دەیخوێنینەوە، پاشان ڕای لیژنەکان عەرز ئەکەین و دەرگا ئەکرێتەوە بۆ گفتوگۆ.**

**بەڕێز امنە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێنجەم:کارمەندانی دەزگاکانی فێرکاری قوتابخانەی تایبەتی**

**ماددەی 22:**

**مەرجدارە بۆ بەڕێوەبەری دامەزراوەی فێرکاری قوتابخانەی تایبەتی:**

**1-بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ.**

**2-بە بڕوانامەیەکی پزیشکی باوەڕپێکراو لە لایەن لیژنە پزیشکیە پسپۆڕەکانەوە سەلمێندرابێت کە تەندروستی جەستەیی و دەروونی و ژیریی لەباری هەیە بۆ پیادە کردنی ئەو پیشەیە.**

**3-خاوەن لێهاتوویی پەروەردەیی بێت بە دەقێکی ڕێکخراو و خزمەتی کەمتر نەبێ لە پێنج ساڵ لە کارکردنی فیعلی(کرداری) لە بواری فێرکاری پەروەردەییدا**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو دکتۆر.**

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەقی پڕۆژەکە کە پێشکەش کراوە تەنها بە کوردیە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕەئیمان هەیە هەم بە کوردی و هەم بە عەرەبی صیاغەمان کردووە، ئێستا ئەگەر دەرفەت بدەن ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ڕای خۆمان بە کوردی و عەرەبی لەسەر ئەم ماددەیە پێشکەش بکەین پاشان لیژنەی قانونیش دوای ئەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێ.**

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستاش دەقەکە بە عەرەبی ئەخوێنینەوە.**

**المادة 22:**

**يشترط على مدير المؤسسة التعليمية للمدارس الخاصة:**

**1-ان يكون حاصلا على شهادة جامعية**

**2-ان يثبت بشهادة مصدقة من قبل لجنة طبية اختصاصية بان صحته الجسدية والنفسية والعقلية جيدة لممارسة هذه المهنة**

3-ان يكون مؤهلا تربويا بنص منظم على ان لا تكون خدمته اقل من خمسة سنوات بالعمل الفعلي في مجال التعليم والتربية

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د. عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی پەروەردە ڕامان وابووە ئەم بەشە عینوانەکەی بکرێتە

**(بەشی پێنجەم)**

**(مامۆستایان و کارمەندانی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی)**

واتە عینوانەکە ئاوای لێبێ، و ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە دووبارە دابڕێژرێتەوە :

بەڕێوەبەری قوتابخانەی تایبەت ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێ:

1-بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنا بێت

2-بە بەڵگەنامەیەکی پزیشکی پەسند کراو لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری پزیشکیەوە بیسەلمێنێت کە تەندروستی جەستەیی و دەروونی و عەقلی گونجاون بۆ کار کردن لەو پیشەدا

3-دەبێ لە ڕووی پەروەردەییەوە شیاو بێت و ماوەی خزمەت کردنی لە بواری پەروەردەییدا لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ

4-مەرجە حوکم نەدرابێت بە تاوانێکی ئابڕووبەر یان بە سزایەکی پەروەردەیی بەرچاو سزا نەدرابێت

5-بۆ قوتابخانە و پەیمانگای تایبەتی نێودەوڵەتی یاریدەدەرێك بۆ کاروباری کارگێری بە ڕەزامەندی وەزارەت دادەنرێت بە شێوەی خواستن یان تەنسیب.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**التدريسيون وموظفوا المدارس والمعاهد غير الحكومية**

المادة السابعة عشر:

يجب ان تتوفر الشروط الاتية في مدير المدرسة الخاصة:

1-ان يكون حاصلا على الشهاده جامعيه اوليه على الاقل.

2-ان يثبت بوثيقة طبية مصدقة من لجنة طبية مختصة ان سلامته الجسدية والنفسية والعقلية تؤهله للعمل في هذه المهنة

3-ان يكون مؤهلا من الناحية التربوية ولاتقل فترة خدمته في مجال التربية عن خمس سنوات.

4-ان لا يكون محكوما عليه بجناية مخلة بالشرف او بعقوبة تربوية بارزة.

5-يعين معاون للشؤن الادارية للمدرسة الخاصة الدولية بطريق الاعارة او التنسيب وذلك بموافقة الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو داڕشتنەی لیژنەی پەروەردە ئەكەین كە بە ڕیزبەندی ماددەی 17 دا هاتیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد-وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا ڤێ تێكستێ لیژنا پەروەردەیێ دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ (گەشە دارا، سەمیرە عبدالله، قادر احمد، شڤان احمد، یاووز ارسلان، كاوە محمد امین، بەشیر خلیل، حمە شارەزووری، عبدالسلام، جلال علی)

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم لەسەر خاڵی دوو هەیە كە ئەڵێ (بە بەڵگەنامەیەكی پزیشكی پەسند كراو لە لایەن لیژنەیەكی پسپۆڕی پزیشكیەوە بیسەلمێنیت كە تەندروستی جەستەیی و دەروونی و عەقلی) دیارە هەموو كەسێك كە تەعین ئەبێ پێش ئەوەی موباشەرە بكا ئەبێ بەم مەرحەلەدا بچێ، بۆیە پێم وایە ئەمە تەحصیلێ حاصڵە ئەم خاڵە، خاڵی سێیەمیش ماوەی پەروەردەیی بۆ داناوە، ئەڵێ (ئەبێ لە ڕووی پەروەردەییەوە شیاو بێ) كە تۆ ئەڵێی لە بواری پەروەردەدا پێنجساڵ كاری كردبێ، بەراستی ئەمە زیادەیە كە تۆ ئەیلێی، تۆ كە بڵێی پێنج ساڵ لە بواری پەروەردەدا كاری كردبێ باشترە، خاڵی چوارەم، لە دونیادا نیە كە یەكێ حوكم درابێ تەعین بێ، تۆ مەرجی بۆ دانێی با حوكم نەدرابێ، بەراستی ئەمەش بە تەحصیلێ حاصڵ ئەزانم، ئەوە زیادەیە، حوكم نەدرابێ، هەركەس حوكم درابێ تەعین نابێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من لەسەر بڕگەی دوو لەو ماددەیە سەرنجێکم هەیە، وابزانم لیژنەی پەروەردەش بە هەمان شێوە ئەو بابەتەیان داناوەتەوە، ئەویش کە ئەڵێ (بە بڕوانامەیەکی پزیشکی کە تەندروستی دەروونی و جەستەیی و عەقلی تەواوبێ) دەروونی و عەقلیەکە وایە، بەلاّم جەستەیی بۆ؟ کاتێ ئێمە لەیاسای کەمئەندامانیشدا ڕێژەمان داناوە، لە یاسای ئیمتیازاتی کەمئەندامان و دامەزراندنەکان بە نیسبەی لە 5٪ بۆ ئەوان بێ، ئایا کەسێك کە دەستێکی نەبێ؟ یان قاچێکی نەبێ ناتوانێ پیشەی مامۆستایی بکات؟ لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو جەستەیە لابرێ باشترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنی گەشە خان، من ئەڵێم ئەگەر ئەم ماددەیە بخوێنینەوە و ماددەی دوای ئەویش بخوێنینەوە، و ماددە ئەصلیەکە 24، هەرسێکیان بە یەك نەص ئەتوانین بڵێین ئەو مەرجانەی دامەزراندنی فەرمانبەران و کارمەندانی هەیئاتی حکومی لەسەر ئەوانیش تەتبیق ئەکرێ، ئینجا ئەگەر شتی زیادمان هەیە، وەکو ئەوەی لە ماددەی 25 هاتووە ئەتوانین ئیزافەی بکەین، چونکە ئەمانەی نووسراون هەمووی مەرجی دامەزراندنی خەڵکە لە هەیئاتی تەدریسی، چونکە لەماددەی دوای ئەوەش ئەو نەصە هەیە، بۆیە تاکو نەچینە ئەم تەفاصیلانە، پێشنیار ئەکەم ئیعادەی صیاغەکە بکرێ و دەمج بکرێ لەگەڵ 23 ، و بڵێین بەو مەرجانەی کە خەڵك وەرئەگیرێن لە بواری پەروەردەی حکومی، و ئەگەر شتێکی تازەش هەبێ ئیزافە بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر احمد

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر خاڵی دوو قسەم هەیە، و تەئیدی قسەکانی گەشە خان ئەکەم لە ڕووی جەستەیەوە، ئەگەر سەیری بواری پەروەردە بکەین لە زۆر شوێنی دونیا خەڵك دەستی نیە یان قاچی نیە، بەلاّم ئەتوانێ لە بواری پەروەردەییدا خزمەت بکا، ئەوە لابرێ، هی دووەمیان ، پرسیار ئەکەم لە کوردستاندا چەندین هەزار خوێندنگا هەیە، و لەگەڵ هەر خوێندنگایەکیش بەڕێوەبەری خۆشی هەیە، ئایا ئەم مەرجانە لەسەر سەرجەم بەڕێوەبەرەکانی کوردستانیش جێ بەجێ ئەبێ؟ و ئەگەر جێ بەجێ بێ ئەوە لە جێی خۆیەتی، ئەگەرنا شتێکی نەگونجاو ئەکەین، کە بۆ چەند خوێندنگایەکی ئەهلی ئەو هەموو مەرجە دابنێین، بۆیە

من پێشنیار ئەکەم ئەم خاڵە بمێنێتەوە و لایەنە جەستەیەکە لابرێ، ئەم ماددەیە لەسەرجەم خوێندنگاکان جێ بەجێ ببێ تەواوە، چونکە ئەگەر بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرەکان نەبێ با لابرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لیژنەی پەروەردە ئەکەم، چونکە ئەو مەرجانەی دانرایە من وەکو خۆم کە بەڕێوەبەر بوومە تەتبیق کرایە بەسەر هەموو بەڕێوەبەرەکان، کە ئەڵێ (جەسەدییەنیش)، من لەگەڵ ئەوەم ئەوە هەر بمێنێ، چونکە زۆریان هەیە زمانیان دەگیرێ، چۆن خەڵك تێبگەینن؟ ئەگەر تەحدید بکرێ هەر باشە، بمێنێ، بەلاّم من خاڵێکی تریشم هەیە ئەگەر ئیزافە بکرێ (ان یکون کوردیا) مەسەلەن پێویستە مودیرەکە کوردی بێ، با موشریفەکە هی ولاّتێکی تر بێ، چۆن لوغەی تەفاهوم لە بەینی دایك و باوکان و مودیرەکە دروست ئەکا، ئێستا مەسەلەن (سابیس) مەرجی کردیە مودیرەکە کوردە، پێم باشە ئەو خاڵەش ئیزافە بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ مەسەلەی جەستەیی منیش هاوڕام، مەسەلەی جەستەیی ستەمێکە بەرامبەر ئەوانەی کەمئەندامن، پێشتریش چەند یاسایەکمان بۆ داناوە، لە بڕگەی چوارەم (حوکم نەدرابێ بە سزای شەرەف) پێویستە بڵێین ئەو (جنح)، شەرت نیە بە جینایە بێ بە تەنها، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە مەسەلەی قوتابخانە نا حکومیەکان لە داهاتوودا دەورێکی باشی ئەبێ، لەبەر ئەوە چەند تەفصیل بدرێ بە شروتەکان باشە، بە نیسبەت بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەڵێ (بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی هەبێ)، بەلاّم بنووسێ زانکۆی تایبەتمەندی هەبێ ئەوە مەعقول ترە، ناکرێ تۆ هەرچی خەریجی کولیە بێ بیکەی بە بەڕێوەبەر، ئەبێ بڵێی (بڕوانامەی زانکۆی تایبەتمەندی هەبێ)، دوو، کە ئەڵێ (مادەی خزمەت کردنی لە بواری پەروەردەیی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ)، دیارە لە بواری پەروەردەییدا ئەمانەی پێنج ساڵیان هەیە زۆربەیان لە قیتاعی حکومیدان، یەعنی ئەوەش تەحدید بکرێ لە قیتاعی ناحکومی یان

حکومی پێنج ساڵی هەبێ؟ خۆ ئەگەر لە حکومی پێنج ساڵی هەبێ ئەبێ واز لە وەزیفە حکومیەکەی بێنێ و بچێتە ئەوێ، ئەوەش ڕوون بکرێتەوە باشە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاووز

**بەڕێز یاووز خورشید ارسلان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پشتگیری لە ڕای بەڕێز حەمە شارەزووری ئەکەم، بەراستی سەبارەت بە بڕگەی دوو ئەوە هەر نەمێنێ، چونکە وەکو بەڕێزیان فەرمووی مەعقول نیە یەکێك ئەبێتە مامۆستا فکری و بەدەنی تەواو نەبێ و بیکەن بە مامۆستا، لە بڕگەی سێش ئەو بڕگەیە زیادە لە بیدایەت (ان یکون مؤهلا من الناحیة التربویة ولاتقل فترة خدمته في مجال التربیة عن خمس سنوات) ئەوە هەڵبستی (ان لا تکون خدمته من خمس سنین من العمل الفعلی في هذا المجال)، ئەوەندە بمێنێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر بڕگەی یەکەمی ماددەکە هەیە، ئەڵێ بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هینابێ، من قەناعەتم وایە هەندێ کەس شەهادەی پەیمانگای هەیە، تواناو شارەزایی باشی هەیە لە بەڕێوە بردن و فێرکردن، لەوانەیە هەندێکیان لە خەریجی زانکۆکان زیاتر توانایان هەبێ، حەقە لێرە ئەگەر ئیزافەی خەریجی خانەی مامۆستایان و پەیمانگاکان بکرێت کە توانای بەڕێوەبردن و فێرکردنیان هەبێ، چونکە بەراستی هەیە لە مەکتەبی بنەڕەتی ناحکومی، بۆ یەعنی مامۆستایەکی زانکۆیی بەڕێوەبەری بێ، بۆ ئەگەر خەریجێکی مەعهەدی شارەزا ئەزموونی باشی هەبێ ئەتوانێ بەڕێوەی ببات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر بەشیر

**بەڕێز د.بەشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی دووەم لەو ماددەیە منیش پێم وایە کە ئەوە خاڵێکی زیادە، لەبەر ئەوەی ئەمە تەحصیلی حاصلە، موەزەف ئەگەر دادەمەزرێ ئەوەی لێ داوا ئەکرێ، لە پاشان ئێستا نەك بەڕێوەبەر لەقوتابخانەکانی حکومی ئەوەی لێداوا دەکرێ؟ نەخێر، لەبەر ئەوەی لەکاتی دامەزراندن ئەوەی کردووە و داوای کردووە، ئەمە پێموایە لێرەدا زیادە، ئەم خاڵە و خاڵەکەی کە لەڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، ئەوەی کە (ان

لايكون محكوما عليه بجناية مخلة بالشرف) ئەمەش هەر لەئەصڵی دامەزراندنەکەدا هەیە، بۆیە پێویست ناکا هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ، دوایی ئەم ڕەئی و بیر و بۆچوونە کە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە نیشاندرا، ئێمە لاریمان نییە کە دووبارە دایبڕێژینەوە، بڵێین: (بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ یان پەیمانگای بەدەست هێنابێ لەبواری پەروەردە و خوێندن) بەم شێوەیە دووبارە دابڕێژێتەوە، سەبارەت بەخاڵی دووەم کە کۆمەڵێك پێشنیار و سەرەنج هەبوو لەسەر دروستی جەستەیی، ئێمە لەڕاستیدا مەبەستمان پێ ئەوە نییە، دروستی جەستەیی مانای ئەوە نییە کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوو ئەو لەڕووی جەستەییەوە ساغ نییە، بەڵکو هەیە هەموو ئەندامی جەستەشی تەواوە، بەڵام بەڕاستی نەخۆشی جەستەیی هەیە، مەسەلەن نەخۆشی موزمینی هەیە، مەسەلەن موشکیلەی لەشێوازی قسەکردندا هەیە، ئەم مەرجانەش تەنها مەسەلەن موشکیلەی لە بیستن دا هەبێ، لەقسە کردندا هەبێ، بۆیە بەڕاستی مەبەستمان پێ ئەوەیە، ئەگینا ئەگەر بەڕێزێك مەسەلەن یەکێك لەئەندامانی جەستەشی نەبێ، بەڵام ساغ بێ، نەخۆشی نەبێ، بیستنی، قسە کردنی، تواناکانی تری موئەهەل بێ، ئەوە دەتوانێ ببێ بە بەڕێوەبەر، بۆیە ئەو مەرجانە تەنیا بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، لەگەڵ پەیمانگای ناحکومی نەك مەسەلەن بۆ کارمەند و ئەوانی تر، زیاتریش مەبەستمان پێی لەوەیە، بۆیە لەڕاستیدا ئێمە تێگەیشتنمان هەیە بۆ ئەو سەرەنج و تێبینیانەی برایان و خوشکان، بەلام مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە، حاڵەت هەبووە کە ڕوویداوە ئەم مشکیلەی جەستەییەی هەبووە، نەیتوانیوە بەردەوام بێ وەکو بەڕێوەبەر ناچار مەسەلەن دوایی نەقلیان کردووە ، یان لایان بردووە، پۆستێکی تریان داوەتێ، زیاتر مەبەستمان پێ لەئەوەیە، ئەگەر دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە بەڕێزان تێگەیشتنیان هەبێ بۆ مەبەستی ئێمە لەو تەعبیرە، ئەوە بمێنێتەوە، ئەگەر نا دەبێ بیکەین بەدوو ڕەئی، سەبارەت بەبڕگەی سێیەم ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ئەو فەقەرەی یەکەمی دەبێ لەڕووی پەروەردەیی شیاو بێت، ئەوە نەمێنێت بڵێین ماوە خزمەت کردنی لەبواری پەروەردەدا لە (5) ساڵ کەمتر نەبێ، جا لەکەرتی تایبەت بوو، لەحکومی بوو، لەهەر بوارێکدا (5) ساڵ خزمەتی هەبوو ئەوە دەکرێ هەین بێ، سەبارەت بەبڕگەی چوارەم دەکرێ ئێمە ئەوەی بۆ زیاد بکەین ( مەرجە حکوم نەدرابێت بەتاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر، ئێمە خۆ دەزانین لەیاسایەکانی تردا هەیە، بەڵام بەڕوونی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەمە بمێنێتەوە، ئێمە بەباشی دەزانین، سەبارەت بەوەش کە دەوترێ مەسەلەن کوردستانی بێ، ئەمە لەبڕگە (5)دا ئەگەر قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی بێ، بۆی هەیە بەڕاستی بەڕێوەبەرەکەی با بیانی بێ،

بـەڵام لەوێـدا ئێمـە حاڵەتەكـەمان جیـا كردۆتـەوە كـە یاریـدەدەرێكی بـۆ دابنـدرێ كـە لەلایـەن وەزارەتـی پەروەردەوە دابندرێ و لەهەرێمی كوردستاندا كە خەڵكی هەرێمی كوردستان بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی كە كرا، ئەو مەرجانە تایبـەتن بەبەڕێوەبـەر، ماددەی دواتـر مـەرجی وانـە بێـژ یاخود مامۆستا دیاری كرایە، بۆیە دەبێ ئەو دوو بابەتـە دووبابـەتی لەیـەكتر جیـاوازن، كـە بـاس لـەوە كـرا شیاو بێ لەڕووی جەستەییەوە، مەبەست ئەوەیە گونجاوبێ بـۆ كـاركردن، واتـە كـەم و كورتییـەكی وا نـەبێ ڕێگر بێ لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو كارە، نـەك لـەڕووی دامـەزرادن و یـاخود ڕێگـری لەبـەردەم دامەزرانـدن لـەبواری پـەروەردە، تـەنها ئـەو كـارەی پـێ گونجـاو نـەبێ بـۆ كـاركردن لـەو بـوارەدا، دەقەكـە زۆر روون و ئاشكرایە، پشـتگیری لـەو پێشـنیارە دەكـەین كـە كـەتنیش زیـاد بكـرێ، سـەبارەت بەبڕگـەی چـوارەم حكـوم نەدرابێ بەتاوانێك یاخود كەتنێكی ئابڕووبەر، ئەو هەموو جۆرە حكومەكان ناگرێتەوە، بەشێوەیەكی ڕەها نەهاتووە دەقەكە، تەنها ئەو جۆرە حكومدان، تاوان، ئەگەر كەتنەكەش زیاد كـرا دوای دەنگـدان، ئابڕووبـەر بێ، واتە هەموو جۆرە حكومێك ناگرێتەوە، پشتگیری لەوە دەكەین كە زیاد بكرێ، كـەتنێكی ئابڕووبـەریش زیاد بكرێ، بۆ دەقی بڕگەی چوارەمی ماددەكە، پشتگیری لەماددەكە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەز پشتگیرییا مانا ڤێ تێكستێ دكـەم، جەسـەدی هـەر چـەندە شەرحیشـی كـرد، بـەس مـن دڤێـت ئیزافـەكی بـۆ بكەمـەوە، ( ان یثبـت بوثیقـة طبیـە مصـدقة مـن لجنـة طبیـة مختصـة ان سلامتە الجسـدیة والنفسیة والعقلیة) دوایی گوتییە ( تؤهلە للعمل في هذه المهنة)، یەعنی دیارە ئـەوەی دەسـتێكی پێـوە نـەبێ موشكیلە نییـە، بـەس ئەگـەر نەشـێت بـاغ بـی یـان مەسـەلەن سـەرع هـەبی ئەڤـە لازمـە هـەر هـەبی، ئەڤـە جارەكێ گەلەك وازحە یـەعنی داڕشـتنەكی گەلـەكا وازحـە كـە شمولی كـەم ئەنـدامان ناكـاتن، ئـەڤ مەنحـە، بەینەما شمولی كێ دكات نەشێت وی مەینەتی بكات، ژبەر هەندێ دبینـم لازمـە، دیتنـامن لازمـە بمێنـێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی بەڕاستی بەپێی تەجروبە هەندێ لەمەكتەبە ئەهلییەكان، هەندێك لە مامۆستایەكان مەسەلەن بـەس ئینگلیزی دەزانن، شەهادەشیان نییە، هێناویانە، من زانیاریم هەیە، دووەمینیان هەنـدێك لەنەخۆشـییەكان

سارین، ئێ نابێت تەئکید بکەنەوە ئەو ماموستایانە ئەو نەخۆشییەساریانەی نییە، تکایە ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە لیژنەی پەروەردە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو ئاڵوگۆڕییەی کە ئەنجامماندا، لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دواین سیاغە دەخوێنینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێ:

1- بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی یان پەیمانگای بەدەست هێنا بێت لەبواری پەروەردە و خوێندن.

2- بەڵگەنامەیەکی پزیشکی پەسەند کراو لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی پزیشکییەوە بیسەلمێنێ کە دروستی جەستەی دەروونی و عەقڵی گونجاون، بۆ کار کردن لەو پیشەیەدا.

3- ماوەی خزمەتکردنی لەبواری پەروەردەدا لە پێنج ساڵدا کەمتر نەبێ.

4- مەرجە حکوم نەدرابێت بەتاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر یان بەسزایەکی پەروەردەیی بەرچاو سزا نەدرابێت.

5- بۆ قوتابخانەی تایبەتی نێودەوڵەتی یاریدەدەرێك بۆ کاروباری کارگێڕی بەرەزامەندی وەزارەت دادەندرێت، بەشێوەی خواستن یان تەنسیب.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردییەکە دەکەینە ئەساس، چونکە سیاغەی عەرەبییەکە نەکراوە، بەڵام پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ڕەئییەك هەبوو ئەوەی سەلامەتی نەفسی و جەسەدی ئەوانە هەڵبگیرێ، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم سورم لەسەر ئەو بابەتە، چونکە بەڕێز د. ڕۆژان فەرمووی کە ئێمە نییەتمان ئەوە نییە کە جەستەیی ئەو مانایە بگرێتەوە، بەڵام من لێرە چۆن جیای بکەمەوە کە ئەم نییەتە نییە، لەکاتێکدا بەڕێز د. عمر دەڵێ جەستەیی مەبەستمان نەخۆشییە موزمینەکانە، کە ئەوەش هەر ناکرێ، لەکاتێکدا یەکێك نەخۆشی زەختی هەبێت، یان نەخۆشی شەکرەی هەبێ، دەکرێ تۆ بێبەشی بکەی لەوپیشەی ماموستایەتییەی ( المطلق یجري علی اطلاقە) بەموتڵەقی دەڵێ تەواوی جەستەیی، کەواتە یەك پەنجەشی نەبێ، ئەم نەسە شمولی دەکات و ناتوانێ پیشەی ماموستایی جێ بەجێ بکات، بەڕێوەبەرێ، جیاوازیشی هەیە لەگەڵ ماددەی بیست و سێدا، پێش دەنگدان بایەکلای بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیە بەشێوەیەکی دیاری کردووە، بیسەلمێنێت لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆری پزیشکیەوە بیسەلمێنێت کدروستی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی لێرەدا تەقیدەکە دیاری کرایە، گونجاون، بۆ کار کردن لەو پیشەیەدا، واتە ئەگەر گونجاو نەبێ، ئەوجا ڕێگر دەبێ، دواتر بۆ ئاسانکاری جێ بەجێکردنی ئەو یاسایە ڕێنمایی دەردەچێ، لەڕێنمایەکە دەتوانن ئەو وردەکارییە باس بکرێ، لێرە تەنها تەقیدەکە گونجاوبێ بۆ کارکردن لەو پیشەیەدا، ئێمە باسی بەڕێوەبەر دەکەین، بەم شێوەیە تەقید کرایە و موتڵەق نییە، دەتوانن وردەکاری جەنابی وەزیر لێرەیە، دواتر بەڕێنمایی هەموو ئەو وردەکاریانە لەوێ ڕێك بخرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاووز.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەوکە من لەگەڵ ئەوەی دامە ڕەئیشم وابوو، کە ئەو بڕگەیە هەڵبستێتن، ئێستا لەبەڕێزیان دەپرسم، ئەو شەخسە، ئەو مامۆستایە هات، تەقریرەکی هێناوە کە سەلامەتە، ساغ و سەلامەتە، دوو ڕۆژ دەوامی کرد، نەخۆشییەکی گرت، ئینفسام شەخسیەو ئەو شتانە، چارەسەرەکەی چۆن دەبێ؟ تەبعەن لەوێندەرێ یەکە ئیدارییەکە، مامۆستایەکان، تەڵەبەکان، هەڵدەستن چی دەکەن، شکایەتیش دەکەن، ئەوەش هەر وایە، ئەگەر مامۆستایەکیش دیاری بکرێ، نەخۆش بێ، بیهێنن بیکەنە مودیر لەوێندەرێ، خۆدیارە لەوێندەرێ دیسان هەر دیاردەبێ ئەو مامۆستایە، ئەو مودیرە خراپە، لۆیە من دەڵێم پێم باشە ئەو بڕگەیە نەمێنێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەبارەت بەمەسەلەی جەستەیی من پشتگیری ڕایەکانی هاوڕێیانم دەکەم، کە باسییان کرد، حەق نییە ئەوەی جەستەیی هەبێ، چونکە ئێمە لێرەدا یاسایەك دەردەکەین دژی یاسایەکی ترە، کە لەو پەرلەمانەدا پەسەندمان کردووە، یاسای مافی کەم ئەندامانە، لەگەڵ ئەوەداین کە نەخۆشی حاڵەتێکە، بەلام لێرەدا وەکو ئەوەی گەشە خان باسی کرد، ئەگەر بێت و پەنجەیەکی نەبێ، قاچێکی نەبێ، دەستێکی نەبێ، ئەوە بەهەمان شت دەیگرێتەوە، سەبەبێ لەمپەری لەبەردەمدا دروست دەکەن، بۆیە تکا دەکەم، یان شێوازێك ببینینەوە، ئەو یاسایە تەعاروز نەکا لەگەڵ یاسای کەم ئەندامانندا، بۆ نموونە بڵێین کەم ئەندامان لەمە بەدەرن بەپێی یاسایەکەی هەیانە، نازانم لەڕووی یاساییەوە بەڕێزان دەزانن، لەوێ مافمان پێداون،

بەڵام لێرە مافەکەیان لێدەستێنینەوە، چۆن دەکرێتن ئەمە؟ خاڵی دووەمیشیان ماددەی (22) ئەمە لەگەڵ ماددەی (23)دا هەر لێرە پێش دەنگدان یەکلا بکرێتەوە، وەکو ئەوەی باسیان کرد، چونکە هەمان بابەتە، ناکرێتن لەوێ بچینە سەر بابەتێکی ترو هاودژ بێ، بۆیە من داوا دەکەم، بەڕاستی مافی کەم ئەندامان لێردا پارێزراوبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تەعاروزێك نییە لەنێوان ئەو یاسایە و یاسایەکەی پێشتر کە دەنگمان لەبۆ دایە، لەبەر ئەوەی لەوێندەر ڕێژەك داندرایە، باسی بەڕێوەبەر نەکرایە دابمەزرێ، لەدامەزراندن ڕێژەیك لەبۆ وان دابندرێ، ڕەچاوی حاڵەتەکەیان بکرێ بۆ دامەزراندن، ئەو مافەیان مسۆگەر کرایە، ئەوە باسی مەرجەکانی بەڕێوەبەر دەکا، ئەگەر کەم و کورتییەك هەبوو ڕێگر بوو لەبەردەم ئەوەی کە بتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدا، لەوێ وەکو بەڕێوەبەر دانامەزرێ، بەڵام دەتوانن لەپۆستێکی دیکە، لەشوێنێکی دیکە دابمەزرێ، دواتر ئەگەر ئەو کەسە وەکو بەڕێوەبەر دامەزرا، هەموو مەرجەکانی تێدابوو، دواتر یەکێك لەو مەرجانەی لەدەستدا، بەهۆی نەخۆشی، بەهۆی ڕووداوێك، هەر هۆکارێك بێ، بەڕێزان، ئەو کە پێویست بوو بۆ دامەزراندن دواتر پێویستیشە بۆ بەردەوام بوونی پۆستەکە، کە یەك لەو مەرجانەی لەدەستدا، ئەو پۆستە لەدەست دەدا، لەبەر ئەوەی مەرجە یاساییەکەی تێدا نییە، واتە ئەو مەرجانەی پێویستە سەرەتا بۆ دامەزراندن، هەمان مەرج پێویستە لەکاتی بەردەوام بوون لەپۆستەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە هیچ ڕێگریەکی قانوونی لەبەردەم مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دروست ناکات، چونکە ئێمە دەڵێین مەرجە تەندروستییەکان بۆ بوون بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی ناحکومی، بۆ بەڕێوەبەر تەنها بۆ بەڕێوەبەر، ئیتر هەندێ شەرتی سەحی هەیە ڕێگرە لەوەی کە بەڕێزێك ببێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە جا هەموو ئەندامەکانی جەستەیی هەبێ یان نەیبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن وەكو ئەو تێبینیانەی گەشە خان و د. سەرورەر دەڵێم، بۆیە داوای قسە كردنم كرد، پێش ئەوەی ئێمە دەنگ بدەین لەسەر ماددەی (22) ئێمە كە ماددەی (23) موناقەشەكرا، رووبەرووی كێشەیەك دەبین، بۆیە ویستم، چونكە ئەگەر دەنگماندا دواتر ناتوانین بیگۆڕین، لەوێ دەڵێت بەهەموو سەراحە ئەو مەرجانەی بۆ دامەزراندنی مودیر لەقوتابخانە حكومییەكان دەبێ تێدا بن، واتە لەوێ حەسمی كردووە، بێ ئەوەی بچیتە هەموو تەفاسیلەوە، ئێستا یەعنی بەعەمەلی ماددەی (23) ئیلغائی ماددەی (22) دەكات، یان عامتر دەبێت، بۆیە جارێكی تر من هەر ئەو پێشیارە، سەرەتاش كردم، پێش ئەوەی دەنگ بدەین لەسەر ماددەی (22) ئەو هەموو تێبینیانە لەسەر تەفاسیل دەر بچن، بابیری لێ بكەینەوە، (23) ئەو كاتە یان دەبێت نەبێت یان (22)كە بەشێوەیەكی تر بێ، تەنها ئەو شتانەی تێدا بێ، ئەوانەی لە مەرجەكانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر تێدا نەبن، یەعنی تازە بن لەدامەزرندنی بەڕێوەبەر بۆ مەدرەسە حكومییەكان، هەموو نیوەی ئەو مەرجانەی ئێوە وتوتانە تێدانە، باشە كامیان ئێستا پەیڕەو دەكرێ، ماددەی (22) یان (23)؟ ڕەجاتان لێدەكەم لیژنەی پەروەردە تۆزێك لەگەڵ من بیر بكەنەوە، یانیش بۆم روون بكەنەوە، من غەڵەت تێگەیشتوومە، چونكە دێیت و مەرجی گشتی دادەنێی، پێش ئەو دوو، سێ مەرج دادەنێی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنا بلند، دگەل لیژنا قانونی ماددەی (23) ئیلغای كری، یەعنی رازبەركرنا پرۆژەیا لیژنەی پەروەردێدا ئەڤ ماددە نەمایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرست سیاغەیەكی تازەی هەیە، فەرموو .

**بەڕێز فرست احد عبدالله / سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ چارەسەر كردنی ڕاو بۆچوونی جیاواز پێشنیار دەكەم سیاغەكە بهێتە گۆڕین، لەباتی (سلامته الجسدية والنفسية والعقلية) ببێتە (سلامتة الصحية تؤهله للعمل في هذه المهنة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، تكایە بەم سیاغەیە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگەوە، سیاغەیەكی باشە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگە دوو جارێكی تر بەو سیاغە نوێیە دەخوێنینەوە:

بەبەڵگەنامەیەكی پزیشكی پەسەند كراو لەلایەن لیژنەیەكی پسپۆڕی پزیشكییەوە، بیسەلمێنێت كە لەڕووی تەندروستییەوە گونجاوە بۆ كاركردن لەو پیشەیەدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، بەو سیاغەیەی ئێستا كە گۆڕانكاری بەسەر داهات، ئەو ماددەیەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس.

كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (3) كەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرمووو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز امنە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و سێ:

مەرجە بۆ ئەو كەسەی دەست نیشان دەكرێت بەبەڕێوەبەری دامەزراوەكانی فێركردنی ئەهلی و تایبەتی، مەرجەكانی تێكست لەسەر كراو لەلیستبەندی پیادەكراوی قوتابخانەی تێدابێت، وەكو ئەوەی لەقوتابخانە حكومییەكان پیادە دەكرێت، ئەمانە بێجگە لەچاوپۆشین لەمەرجی بوونی ئەو كەسەلە نێوان دەستەی كارمەندانی قوتابخانە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەعەرەبییەكەی بخوێننەوە فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (23):

يشترط على من يتم تحديده كمدير لمؤسسة تعليم اهلية وخاصة، ان تتوفر فيه الشروط المنصوص عليها في اللائحة المطبقة في المدرسة كالتي تطبق في المدارس الحكومية، هذا عدا عن غض النظر عن شرط ان يكون هذا الشخص من بين هيئة منتسبي المدرسة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان وابوو کە ئەم ماددەیە، لەماددەکەی پێشوودا کە پەسەند کرا جێگای بۆتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئیلغا کردنەوەی ئەو ماددەیەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئیلغاکردنەوەی ئەو ماددەیەن، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە، لەماددەکەی پێشووتر چارەسەر کرایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئییەك هەیە، ئەو ماددەیە لەلایەن لیژنەی پەروەردە و یاسایی و جەنابی وەزیرەوە، ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە ڕەتبکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە بمینێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (1) کەس لەگەڵدایە بمینێتەوە، بەزۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تازە.

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24):

دەستەی مامۆستایانی وانە بێژ:

1- پێویستە مامۆستایان لەڕووی پەروردەییەوە شیاو بن، هەرچی ئەندامانی دەستەی وانە بێژە پێویستە بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی دبلۆمیان هەبێت یان بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و لەڕووی پەروەردەییەوە شیاو بن.

2- پێویستە دامەزراوەکانی فێرکاری قوتابخانەی تایبەتی، دەستەیەکی وانە بێژی بەردەوامیان هەبێت، کەمتر نەبێت لەڕێژەی 80٪، بەڵام دەکرێت بۆ ئەو دامەزراوانە لەبارودۆخی نایاسایی پاساوداردا پەنا ببەنە بەر وانە بێژانی دامەزراوە پێکهاتەییەکان یان فێرکاری گشتی یان تایبەتی، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندییەکی تاك لەوەزارەتی پەروەردە و پێکهاتەی مەبەستەکە، ئەمەش لەپلانی هەر ساڵێکی خوێندن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (24): هيئة الاساتذة التدريسيين:

1- يجب ان يكون الآساتذة من الناحية التربوية مؤهلين، اما اعضاء هيئة التدريسيين يجب على اقل تقدير من حملة شهادة الدبلوم او الشهادة الجامعية وان يكونوا من الناحية التربوية مؤهلين.

2- على مؤسسة التعليم المدرس الخاص ان يكون لديها هيئة تدرسية دائمة لاتقل عن نسبة 80٪، لكن يجوز لهذة المؤسسات في الظروف غير الاعتيادية المبررة ان تلجا الى تدريسي المؤسسات التكوينية او التعليم العام او الخاص، بعد اخذ موافقة مفردة من وزرارة التربية مكون الغرض، وهذا في خطة كل سنة دراسية ولمدة محددة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم ماددەیەمان بەشێکی لەماددەی (18) ڕاپۆرتەکەمان سیاغەمان کردووە، بەشێکیشی لەماددەی (19)دا، بۆیە ئەمەی ماددەی (18) بەم شێوەیە دەخوێنینەوە:

1- مەرجە دەستەی مامۆستایان، وانە بێژان بەلای کەمەوە بڕوانامەی دیبلۆم یان بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێ.

2- لەڕووی سەلامەتی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و پەروەردەیی و پسپۆڕییەوە شیاو بن و باشترە ئەگەر دەرچووی خولی ڕاهێنانی پەروەردەیی بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبی هەتانە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (18):

1- يشترط في الهيئة التدريسية والمحاضرين حصولهم على شهادة الدبلوم او الشهادة الجامعية الاولية على الاقل.

2- ان يكونوا مؤهلين جسديا و نفسيا و عقلياو تربويا و اختصاصا، ويفضل اجتيازهم دورة تدريبية تربوية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی پەروەردە دەکەین، کە لەماددەی هەژدەمی ڕاپۆرتەکەیاندا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

ئەزیش پشتیگیریێ لێدەکەم ئەڤ ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن......، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (هاژە خان، بێریڤان خان، پەروین خان، کاک جمال، کاک جلال، د. احمد، کاک شێر دڵ، شلێر خان)، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر ئەو داڕشتنەوەیە کە لیژنەی پەروەردە دایڕشتۆتەوە، کە لەدوو خاڵ پێکهاتووە، من پێموایە لەپڕۆژە ئەصڵییەکە کە خاڵی دووەم هاتووە (على مؤسسة التعليم المدرسيه الخاصه ان يكون لديها هيئة تدرسية دائمة لاتقل عن نسبة 80٪) ئەوە بەڕاستی زۆر گرینگە لەناو قانونەکەدا هەبێتن، چونکە بەڕاستی هەندێك قوتابخانە هەیە، ئەگەر لەو نسبەیەی کەمتر هەبێ زۆر جار مامۆستای نابێت کەبۆ دەرس وتنەوەیە، بۆیە زۆر گرینگە کە ئەو نسبەیە هەر بمێنێتەوە لەناو یاسایەکە تا ئەو قوتابخانانە ڕێژەی ئەو مامۆستایانەیان هەبێ بۆ ئەوەی بە دائیمی بتوانن کە وانە بڵێنەوە لەقوتابخانەکان، قوتابییەکان بێ بەش نەبن لە وانە وتنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لیژنەی یاسایی و پەروەردە دەکەم، بۆ داڕشتنەوەیان، دەستخۆشییان لێدەکەم، زۆر جوانە و بەڕێك و پێکی و مانای زۆرە، لەو ماددەیە زۆر دووبارەی تێدایە، بۆیە هی ئەوان داوا دەکەم دەنگ بێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێكی تـر پـێم خۆشـە بـۆ ئـەم ماددەیـە زیـاد بكرێ، ئـەویش ئەوەیـە كـە دەورەیـەك بـۆ ئـەو مامۆسـتایانە بكرێتەوە، بەتایبەتی بۆ لایەنی دەروونی بەنیسبەت ئەو مامۆستایانە، هەروەرها پێویستە ئەو ستافەی یاخود ئەو مامۆستایانەی كە لەو قوتابخانە ئەهلیانەنە وەردەگیرێن، پێویستە شـێوەیەكی جێگیریـان پێـوە دیار بـێ لەو قوتابخانانەدا، لەبەر ئەوەی ئێمە قوتابخانەی ئەهلیمان هەیە، هەموو ساڵێ ستافەكەی خۆی دەگۆڕێ، باشە ئـەو تەڵەبەیـە چـۆن لـەو شـێوازی وانـە وتنـەوە تێـدەگا؟ هـەر سـاڵەی شـێوازێكی یـاخود ئـسلوبێكی نـوێی مامۆستایەكە وەردەگرێ، بۆیە پێم باشە شێوەیەكی جێگیری پێوە دیاربێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەوە ماددەی (18)یە لەلای لیژنەی پەروەردە، من كردیتمە ئەساس بۆ موناقەشەكردن، خـاڵی یەكـەم پێویستە بڵێین ( یشـترط في اعضـاء الهیئـة التدریسـیة) (اعضـاء) لـیرە ئیزافـە بكـەن، خـاڵی دووەم، (ان یكونـوا مؤهلین جسدیا و نفسیا و عقلیاو تربویا و اختصاصیا) ئەمە یەعنی حەسم بووە، دوایـی دەڵێتن ( ویفضـل اجتیازهم دورة تـدریبیة )، یەعنی پێویست ناكاتن (ویفضل اجتیازهم دورة تدریبیة)، چونكە لەپێشەكیمان گۆتییە ( مؤهلین جسـدیا و نفسیا و عقلیـاو تربویـا ) پـێم باشـە دوایـی ( و اختصـاصیا) بكـرێ بـە (ویـتم اشراكهم في الدورات التدریبیة المواكبـة المستجدات) ئەگـەر هـاتوو گۆڕانكـاری لـەبواری ئیختیـساس بـوو، یـان لەبەرنامەبێ یان مەنهەج بێ، چونكە لێرە ( اجتیازهم دورة تدریبیة تربویة) باشە لەمەجالی ئیختیساس ، مەجالی نەفسی، مەجالی شتی تر، چۆن دەكرێتن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەكوردییەكە تێبینییەكم هەیە، دەڵێ یان بڕوانامەی بـەرایی زانكـۆ یـان هـەبێ، جارەكـەی دیكـەش وتمـان بـەرایی زانكـۆی پـەروەردەیی یـان تایبـەتییان هـەبێ، ئـەوە تێبینییـەكی باشـە، دووەم لـەڕووی سـەلامەتی جەستەیی وتەندروستی بكرێت بە سەلامەتی تەندروستی، دوو، باشترە بەعەرەبییەكە، گونجاو ترە مـەعقول ترە باشترە نەك ئەحسەن، گونجاوتر (یفضل) باشترە كە بكرێ بەگونجاوتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر خاڵی دووەمە، كە دەڵێ ( لەڕووی تەندروستی و جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و پەروەردەیی و پسپۆڕییەوە شیاو بن و باشترە ئەگەر دەرچووی خولی ڕاهێنانی پەروەردەیی بن)، دیارە لەعەرەبییەكە دەڵێ (ان یكونوا مؤهلین جسدیا) یەعنی ئەو سەلامەتییە لەعەرەبییەكەدا نییە، بۆیە ئەمن پێشنیار دەكەم ئەو ئیقتراحەی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان كە لەماددەی پێشوودا لەبەرچاو گیرا، لێرەش بڵێین لەڕووی تەندروستی و جەستەیی و دەروونی و عەقڵییەوە شیاو بن، هەروەرها لەڕووی پەروەردەیشەوە گونجاو بن، باشترە ئەگەر دەرچووی خولی ڕاهێنانی پەروەردەیی بن، ئەو بڕگەیە لابدرێ، لەبەر ئەوەی كە ئەگەر لە ڕووەكانی پەروەردەیی و پسپۆڕییەوە شیاو بن ئیتر پیویست ناكا، بڵێ دەرچووی خولی ڕاهێنانی پەروەردەیی بن، چونكە ئەوە بەخۆی شیاوە، ئیتر پێویست ناكا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم هاتووە كە ( اعضاء) هەیە (تدریس) هەیە (یجب على الاقل ان یكون من حملة شهادة الدبلوم والشهادة الجامعیة) باشە ئێمە مەعهەدمان هەیە، مەعهد ئیعداد موعەلیمین، دەورە تەربەویمان هەیە، یەعنی ئەوانەمان بێ بەش كرد لە دەرس وتنەوەی ئەو مەدارسە ئەهلییانە، خانەی مامۆستایان كە زۆربەی قوتابخانەكان ئێستا خانەی مامۆستایانە، مەعهەد ئیعداد موعەلیمین دەورەی تەربەوی هی وانە، شەشی خلاس كردیە، دەورە تەربەوی هەبووە، بووینە مامۆستا ئێستا، ئەوان بۆ نەتوانن ئەو دەرسانە بڵێنەوە لەو مەكتەبانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەكەم (مەرجە دەستەی مامۆستایان، وانە بێژان بەلای كەمەوە بڕوانامەی دیبلۆم یان بڕوانامەی بەرایی زانكۆیان هەبێ یان دەرچووی خولی شیاندنی مامۆستایان بێ) ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێ، چونكە لەخاڵی دووەم هاتووە دەڵێ (باشترە ئەگەر دەرچووی خولی ڕاهێنانی پەروەردەیی بێ) هیچ خولێك ناتوانێ شەهادەی مامۆستایی بداتە ئەوانەی كە بەشداری دەكەن، تەنها خولی شاندنی مامۆستایان دوایی

ئامادەیی، بەپێی یاسای خزمەتی شارستانییەت هەرکەسێك لەدوای ئامادەیی شەش مانگ داخیلی خولی شیاندنی مامۆستایان بێت، دەبێتە مامۆستا، شەهادەی پێدەدرێت، بەڵام ئەوەی کە شەهادەی پێدرایە بەو خولە دەتوانی بەشداری خولی پەروەردەیی دیکەش بکە، بۆ بەهێز کردن، بۆیە ئەوە سێ جۆرە مامۆستامان هەیە لێرە، بڕوانامەی بەرایی و دبلۆم و دەبێ دەرچووی خولی شیاندنی مامۆستایان بێ، بەقانون ئەوە دەبێتە مامۆستا، لەخاڵی یەکەم ئەوە ئیزافە بکرێ، لەدووەمیش دیسان ئەو جەستەییە لابدرێ، باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1- ئێمە لەگەڵ ئەوەین لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرەنج و پێشنیارانە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:
مەرجە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان، وانە بێژان بەلای کەمەوە بڕوانامەی دیبلۆم یان بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لەبواری پەروەردەدا هەبێ، کە دەڵێین دیبلۆم پەیمانگاش دەگرێتەوە.

2- لەڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە، شیاو و گونجاو بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(دار المعلمین) مەعهد ئیعداد موعەلیمین دبلۆم نەبوو، یەعنی فەترەك لەوەو پێش بوویتە دبلۆم (5) ساڵ دەخوێنن، ئەو کات (3) ساڵیان دەخوێند، ئەو دەورەی کە ئەو بەڕێزانە باسییان کرد دبلۆم نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێزشلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من باسم کرد خولی شیاندنی مامۆستایان بەپێی یاسای خزمەتی شارستانیەت تەئهیل دەبێ بۆ ئەو مامۆستایە شەهادەی مامۆستایی دەدرێتێ، لە هەموو جێش هەتا ئێستا بڕیاردرایە لە زانکۆکانیش وەربگیرێ، مامۆستایە بە شەهادە، نەك بە دەورات و تەقویە و ئەوانە، ئەوە خولی شیاندنی مامۆستایانی پێ دەوترێ، پاشی ئیعدادیە بەو شەهادەیە، بەو شەش مانگەی کە دەخوێنن شەهادەی مامۆستایی وەردەگرن، مامۆستانە بە بڕوانامە مامۆستانە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێزسمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە شلێر خان باسی خولی شیاندن دەکا، ڕاستە قسەکەی، چونکە خەریجی تیجارە و سیناعە سەردەمێك ئەزمەی مامۆستایان هەبوو لە لادێیەکان بە بڕیارێکی وەزارەت ئەمانەیان هەموو کردە مامۆستا هەتا خەریجی وێژەیی و ئیعدادی کە پۆلی شەشەکان بوون لە کولیەکان وەرنەگیرابوون، بەو دەورەیە ناویان بۆ مامۆستا خولی شیاندنیان بۆ کرا، ئێستاش بەردەوامە هەر هەیە، کە ئەو قەرارەش دەرچووە لە کولیەکان وەربگیرێ، ئێستا موناقەشە لە سەر ئەوەیە کە دەڵێ خەریجی شەشی ئیعدادی بێ، نابێ خەریجی پیشەییەکان بێ، لێرە ئەزمەیەکی دروست کرد هەموو دەمێ تەلەبە دەهاتن موزاهەرەیان دەکرد، ئەو نەوعە، ئەو جۆرە مامۆستایەمان هەیە، کە کاك شێردڵیش دەڵێ (اعداد معلمین) کە هەبوو سێ ساڵ بوو دبلۆم نەبوو، بەس کە بوو بە پێنج ساڵ لە پاش پێنج ساڵەکە ئینجا بوو بە دبلۆم، مەجمووعەیەکی کەم ساڵانی حەفتایەکان ئەوەمان هەبوو، بەس لە هەشتایەکان کە گۆڕا بۆ مەعهەد بوو بە پێنج ساڵ، پێنج ساڵاکەش ئێستا مەعهەدمان هەیە بەردەوام، مەعهەدی کۆمپیوتەرە، فنون جەمیلەیە، وەرزشە، بە پێنج ساڵی شەهادەی دبلۆم وەردەگرن، بەڵام سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێزشلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من باسم کرد خولی شیاندنی بۆ مامۆستایان لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو بۆچوونە بە بڕیاری وەزارەت نەبوو، بڕیار نیە، ڕاستە لە کاتێکی ئەزمەی مامۆستا بوو، ئەوە بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی هەر کەسێك پاشی ئیعدادیە پێویست بوو تەئهیل بکرێ شەش مانگ کەمتر نەبێ دەورەکەی، شەهادەی مامۆستایی دەدرێتی دەبێتە مامۆستا، ئەوە بڕیار نیە، بەپێی یاسایە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عماد.

**بەڕێزعماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ڤی هەر مامۆستایەك ئەم د شێ بێژین فەقەرەك هەر مامۆستایەك هەبێت، بۆی هەیە وانا بێژی، هەر مامۆستا کو ڕەسمیەن مامۆستا وەزارەتە پەروەردی مامۆستا بێت بەری نووکە مامۆستایی کردبێ، بۆی هەیە وانا بێژێ و، حەل دەبێ ئیشکالی، چ مەعهەد بێ، چ دەورە بێ، هەر مامۆستایەکی بەری نووکە وەکو

ماموٚستا هاتبێت دامەزراندن بوٚی هەیە وانا بێژیٚ، ئەگەر هاتبێت بەری نووکە دامەزراندن، وەکو ماموٚستا، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەروٚکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕوٚژان.

**بەڕێزد. ڕوٚژان عبدالقادراحمد:**

**بەڕێز سەروٚکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دوو باس لە تەئهیلی تەربەوی دەکریٚ، وشەکە هاتیە (ان یکون مؤهلاً من الناحیة الصحیة والتربویة) بەو شێوەیە دامان ڕشتووە، تەئهیلی تەربەوی کو دەکریٚ، ئەوە بوٚ وەزارەت دەگەڕێتەوە ئەگەر لە ڕێگای دەورات بیٚ، لەڕێگای هەر شێوازێك بیٚ، وەزارەت دەیگرێتە بەر بوٚ ئەوەی لە ڕوی پەروەردەییەوە ئەو کەسە تەئهیل بکرێ، ئامادە بکریٚ، تاکو شیاو بیٚ بوٚ ئەوەی ببێتە ماموٚستا یان وانا بێژ یەك لە قوتابخانەکان، ( طرق تدریس) یان (دورات تدریبیة) تەئهیلی تەربەوی هەموو ئەو شتانە لە خوٚ دەگریٚ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەروٚکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێزشێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەروٚکی پەرلەمان.**

تەبیعی دەڵیٚ پێویست ناکات، بەس شەهادەی دبلوٚم نووسرایە لەگەڵ شەهادەی جامعی قانون، قانونە، ئەگەر سبەی، دووسبەی هەرکەسیٚ بچیٚ ئەوە بکا دەڵیٚ ئەوە نووسرایە شهادەی دبلوٚم و شەهادەی بەکەلوٚریوس، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەروٚکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە دوا سیاغەتان،

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەروٚکی پەرلەمان.**

یەکەم: مەرجە ئەندامانی دەستەی ماموٚستایان و وانا بێژان بەلای کەمەوە دەرچووی زانکوٚ یان پەیمانگا یان خولی ڕاهێنانی شیاندنی ماموٚستایان بن لە بواری پەروەردەدا،

دووەم: لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە شیاو بن،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەروٚکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر ئاخیر تێبینیت؟

**بەڕێزد. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا تەئیدا وی ئەندامانی پەرلەمان د کەمەوە گوتی ڕێژا ستافێ دائیمی بێتە تەحدید کرن، یەعنی گوتی 80٪ی ستافێ دائیمی بیتەڤیە ئەز تەئید کەمەوە، چونکی مەدرەسەکە هیچ مامۆستایەکی دائیمی تێدا نینە، کە مەعلوم نینە موستەقبەل پشتی ساڵەکێ د ئەڤ ڤوتابخانە دەوام د کەتن یان نا؟ یەعنی ڕێژەکە ستافی دائیمی نە موعتەمید بی، هەمی سەر موحزەراتە یان موحازر ئەز تەئیدا وی کەمەڤە ئەو گەلەکە زەروریە بێتە ئیزافە کرن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی پەروەردە ئاخیر سیاغەتان، بەکوردی و بە عەرەبی، فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی لێرە بەپێی ئەو دەڤە بێ خولی شیاندن هاوتا کراوە لەگەڵ بڕوانامەی زانکۆیی و دبلۆم، یەعنی چۆن دەبێ تەنها خولی شیاندن هاوتا بکرێ لەگەڵ ئەوەی بڕوانامەی زانکۆیی هەبێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک شێردڵ.

**بەڕێزشێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئیعداد موعەلیمین غەدری لێ دەکرێتن، چونکە ئەوە خولی شیاو نووسرایە خۆ(دار المعلمین) تێدا نیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە ئەو خولی شیاوی بۆ دانرابێ ( دار المعلمین) ئەصڵەن بۆ ئەوە دانراوە، چۆن؟ ئەزانی کێ ئەگەر شەشی سانەوی دوایی خولی شیاندنی بۆ کرابێ، ببێ بە مامۆستا (دارالمعلمین) هەر لە ئەصلەن بۆ مامۆستایەتی دانراوە، چۆن شموولی ناکا، فەرموو لیژنەی پەروەردە ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە،

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (18) هەردوو لیژنە بەو شێوەیە دامان ڕشتەوە، ماددەی (18):

اولا: يشترط في اعضاء الهيئة التدريسية والمحاضرين. 1- ان يكون من خريجى الجامعات او المعاهد او الدورات التأهيلية في مجال التربية والتعليم. 2. ان يكون مؤهلاً من الناحية الصحية والتربوية.

ثانيا: يجب ان لا تقل نسبة اعضاء الهيئة التدريسية الدائيمين عن 80٪ من مجموع الكادر التدريسى.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی،

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: مەرجە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و وانا بێژان، یان بە دارشتنەكی تر ئەندامانی دەستەی مامۆستایان و وانا بێژان پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێ: - 1. دەرچووی زانكۆ یان پەیمانگا یان خولی شیاندنی مامۆستایان بێ لە بواری پەروەردە، 2. لە رووی تەندروستی و پەروەردەییەوە شیاو بێ، دووەم: دەستەی مامۆستایی بەردەوامیان هەبێت كە ڕێژەی لە 80٪ی كەمتر نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك دەنگ لەگەڵ دا نیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، تكایە ئەوانەی دەڕۆنە دەرەوە بۆ دەنگ دان ئامادە بن، فەرموو،

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (25) نابێت هیچ كام لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە فەرمیەكان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە، ببنە وانە بێژ لە قوتابخانە ئەهلیەكاندا تەنها پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی دەزگاكانیان، بەمەرجێك پێچەوانەی دەوامی دەزگاكانی خۆیان بێت،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەعەرەبیەكەی،

**بەڕێزد. ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (25) لايجوز لأي من مديرى المدارس الرسمية والمعلمين وموظفي وزارة التربية ان يصبحوا تدريسيين في المدارس الاهلية، الا بعد أخذ موافقة مؤسساتهم، شرط ان يكون عكس دوام مؤسساتهم،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە،

**بەڕێزد. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان وایە كە ماددەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، ماددەكە لە لای ئێمە بۆتە ماددەی (25) كردوومانەتە دوو ماددە لە ڕاپۆرتی ئێمە دا بۆتە ماددەی (19) و ماددەی(20)، ماددەی (19)، 1.نابێ بەڕێوەبەران ویاریدەدەرانی قوتابخانە حكومیەكان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەت ببنە مامۆستا یان فەرمانبەر لە قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی دا بە شێوەی هەمیشەیی تەنیا لە پاش

دابڕانیان له دەزگاکانی حکومەت نەبێت، 2. دەکرێ مامۆستای قوتابخانەی حکومی وەك وانه بێژ له قوتابخانه و پەیمانگا نا حکومیەکاندا سوودیان لێ وەربگیرێ دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری پسپۆڕ و بەمەرجێك کار نەکاته سەر بەشەوانەی یاسایی له قوتابخانەی حکومی، پێویسته ماددەی (20)میش دوایی بیخوێنینەوە موناقەشەی بکەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبی هەتانە ئەوە؟

**بەڕێزد. ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (19) اولاً: لايسمح للمدراء والمعاونين والتدريسيين في المدارس الحكومية والموظفين في الوزارة بأن يكون تدريسيين او موظفين في المدارس الاهلية والمعاهد غير الحكومية بصورة دائيمية، إلا بعد إنفكاكهم من المؤسسات الحكومية، 2. يمكن الاستفادة من التدريسين في المدرسة الحكومية كمحاضر في المدارس الاهلية والمعاهد غير الحكومية بعد موافقة المشرف الاختصاصى شريطة ان لا يؤثر في حصة تدريسى القانونية في المدرسة الحكومية، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی،

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادراحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە دەکەین، که له ڕێگای دوو مادده ئەو بابەتەی ڕێك خستیه سەبارەت به ماددەی کردیتیه دوو مادده، ماددەی (19) و ماددەی (20)، ماددەی (19) هیچ تێبینیمان له سەر نیه، پشتگیری لێ دەکەین، تەنها بەشی دووەم که کرایته ماددەی (20) له سەر بڕگەکی تێبینیمان هەیه، کاتی که خوێندراوە ئەوکات بۆچوونی خۆمان دیاری دەکەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەردوو مادده گەلەك تێکەڵن، یەعنی نەشێ بێژم ئەوە دروسته ئەگەر یا دیڤ دا نەبێ دروسته، چونکی نزانم بۆچی فەسل کرینه هەردوو مادده، یەعنی ئەگەر من گوتبا دروسته دوماهی هەندێك موناقەشەی چێکەت یەعنی ئان دەستکاری کرن دەست نابینم، هەردوو مادده گەلەك تەداخوله گەلی کوردی تێدایه به ڕەئی من ئەگەر هات و تەغیرات پاشی دوو مانگی تر ڤێ بزڤرینەڤە، ئەز نزانم که دی چەوایه دێته سیاغەکرن؟ چونکی گەلەك عیلاقەته پێکڤە هەیه به هەردوو مادده، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ( ئاهەنگ عارف، احمد وەرتی، گەشە دارا، گوڵیزار قادر، جمال طاهر، خورشید احمد، سمیرە عبداللە، جلال علی) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرمو، ئاهەنگ خان،

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز وەزیری پەروەردە گوتی شتێکی ڕاستە، ڕوحی ئەو قانونەی ئەوەی ئێمە دەری دەینین، ئەو مونافەسەی ئەوەی دەمانەوێ لە مابەینی مەکتەبی خاص و مەکتەبی ئەهلی ببی، خۆی لەو فەقەرەی دەبینێتەوە، من بم سیاغەی ئەو قانونەی لێدەگەڕێم بە تەعلیمات بۆ وەزارەتی پەروەردە، چونکە وەزارەتی پەروەردە نابێ تەقەییدی مامۆستای بکا، بڵێ مەچۆ مەکتەبی ئەهلی، یان بە شرووتی من بڕۆ، یان نیو دەوام بڕۆ یان دەوامێکی موعەیەن بڕۆ، حەتتا مامۆستای مەکاتبی یان قوتابخانەی خاص یان مامۆستای قوتابخانەی عام، هی حکومی نەگاتە ئەو قەناعەتەی کە خۆی بە پێش بێخی کە بزانی ڕوحی مونافەسە و فەرقی ما بەینی هەردوو قوتابخانە چییە؟ لەو بڕوایەمە پەروەردەیمە ناگاتە ئەو ئاستەی ئەگەر بگاتە پەروەردەی وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆیە ئەو قانونە زۆر زۆر موهیمە بۆ ئەوەی ڕوحی مونافەسەی دانێ لە سستمی یان لە هەدەفی ئەو قانونە، لێگەڕی با مامۆستا خۆی بە پێش بێخی بە ئای پات ئیش بکا، با بزانێ سستمی قوتابخانەی حکومی چییە؟ سستەمی قوتابخانەی نێو دەوڵەتی چییە؟ و، خۆی بە پێش بێخی با موئەهل بێ، با بە ئیختیاری خۆشی بگەڕێتەوە ئەو قوتابخانانەی حکومی کە دیسان ئەوانیش ئیمتیازاتێکی خاصی بۆ دادنێن ڕوحی مونافەسەی بۆ پەیا دەبێ، بۆیە ئەو (لا یجوز)ە من پێیم غەڵەتە ئەوەی کە د. عصمەت وتی زۆر ڕاستە بەتەعلیمات دەربێ و با لێبگەڕێ (فلێکسبڵتی)بێ، زۆر زۆر هەبێ لەوەی ئیختیار بدرێتە مامۆستا، چونکە مامۆستا هەدەفە لەو دوو سستەمە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمدابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە جارێ لە ئەصڵی ماددەی (25) لە ئەصڵی پڕۆژەکە ئەو وای هێناوە دەڵێ نابێ هیچ کام لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە فەرمیەکان و مامۆستایان و فەرمانبەران ووەزارەتی پەروەردە ببنە وانە بێژ لە قوتابخانە ئەهلیەکاندا، بەڵام لە عەرەبیەکەدا دەڵێ (ان یصبحوا تدریسیین) یەعنی نەی وتووە (ان تصبحوا محاضرین)ە ئەمە لێرە تناقوز هەیە، خۆی وانە بێژە نابێ ببنە وانە بێژ نەك مامۆستا، بەڵام من لێرە بەڕاستی پشتگیری لەو دارشتنەی لیژنەی پەروەردە دەکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لە قوتابخانە ئەهلیەکان، تایبەتەکان گیرا، ئەورۆ ئەوەیە کە زیاتر بواری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی منداڵی دەوڵەمەندەکان لەو قوتابخانانە بخوێنن، کە هەژارەکان ناتوانن و، ئەگەر مامۆستایانی

قوتابخانەی حکومی بەرەزامەندی دەزگاکەشیان بێ کە من لەگەڵی نیمە بەڕاستی بتوانن لەوێ ببنە موحازر کاریگەری لە سەر قوتابخانە حکومیەکان دروست دەکا زیاتر تەوەجوە بەلای قوتابخانەی ئەهلی دایە، یەعنی زیاتر ئیهتیمام بە قوتابخانەی ئەهلی دەدەن، بۆیە بەڕاستی ئێمە نابێ لە قوتابخانە حکومی کەم کەینەوە، دەبێ گرنگی زۆر بە قوتابخانە حکومی بدەین، بەڵام بە یاسا قوتابخانەی ئەهلیش ڕێك دەخەین بۆ ئەوەی کە بۆتە ئەمری واقیع ڕێکی خەین بە یاسا لەبەر ئەوە تەنها بە موحازر مامۆستایان بتوانن لە قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی ببن بە وانە بێژ ئەویش بە مەرجێك وەکو ئەوەی لیژنەی پەروەردە دیاری کردووە کاریگەری سلبی دروست نەکا لە سەر وانەی قوتابخانە حکومیەکە کە تێیدا وانە دەڵێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا بەنیسبەت ئەو ماددەیە هەر لە گەڵی دا نیم کە کەسێك مامۆستا بێت لە قوتابخانەیەکی حکومی بچێتە قوتابخانەیەکی نا حکومی یاخود ئەهلی وانە بڵێتەوە، بۆ لەبەر ئەوەی 1. دەرفەتی کار لە خەڵکانی دیکە دەگرێ لەکاتێکدا کە ئێمە دەبینین ئەو هەمو خەریجی زانکۆیەمان هەیە ساڵانە بێکار ماونەتەوە حکومەت نسبەتێکی مەحدود دیاری دەکا بۆ دامەزراندن، لێرە هەلی کار دەرەخسێ بۆ خەڵکانێك کە دانەمەزراون با ئەوان ببن بە وانە بێژ لە ئەم قوتابخانانە و، پێم وایە کاریگەریشی دەبێ وەکو د. احمد وتی لە سەر ئەو مامۆستایە لە کاتێکدا دەچێتە قوتابخانەیەکی ئەهلی ڕەنگە نەتوانێ ئەو توانایەی مەحدوودە کاتێك کە حسەی خۆی تەواو دەبێ لە مەکتەبە حکومیەکە و، جارێکی دیکە دەچێتە دەوامێکی دیکە دەکا، پێم وایە بەو ئیتجاهە دەڕوا کە گرنگی بە قوتابخانە ئەهلیەکە لێرەیە قوتابخانە گشتیەکانمان لاواز دەبێ وەکو پێویست گرنگی پێی نادرێ، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەگەر ئەو ماددەیە وا نەمێنێت دابڕێژرێتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵیزارخان.

**بەڕێز گوڵیزارقادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (25) منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بەڕێوەبەر و مامۆستایان لەقوتابخانە تایبەتیەکاندا ببن بە مامۆستا، ئەگەر بەرەزامەندی ئەوەکەشیان بێ، بەڵکو تەنیا بە موحازر و وانە بێژ دەرس بڵێینەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك جمال.**

**بەڕێز جمال طاهرابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر بێین سەیری ئەو ماددەیە بکەین کە ئێستا دەکاتە ماددەی (19) لە ڕاپۆرتی لیژنەی خوێندن و فێرکردن، دەڵێتن (لا یسمح للمدراء الى اخره) من جوملەکە هەموو ناخوێنم ئەگەر بێینە سەر ئاخر کەلیمە ( الى بعد انفكاكه من المؤسسات الحكومية) یەعنی وا دیارە مەبەستێکیان هەیە، بەڵام نەیان توانیوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دایبڕێژن، چونکە من پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم بڵێین (لايجوز الجمع بين العمل في المدارس والمعاهد غير الحكوميه والحكوميه او في الوزارات الاخرى بأيه صفه كانت) جونکە لێرە تەئکید دەکات (الا) بێت و پاش ئینفیکاك کردنی مانای ئەوە نابێت جەمع بکەین لە نێوان کارکردن لە موئەسەسەی یان مەدرەسەی حکومی یان مەعهەدی حکومی و، مەعهەدی خاص یان لە هەر وەزارەتێکی تر، چونکە لێرە دیارە (المؤسسات الحكومية)لێرە ئیزافە کردیە، مەبەستیان نە ئەوە تەنیا (الموظفين ، المدراء او المعاونين في وزارة التربية) تەنیایە، وایە یان نا؟ چونکە ئێوە ئاخر شت (المؤسسات الحكومية)ئیزافە کریە، بۆیە دەبینم (لايجوز الجمع بين العمل ) لە هەردوو شوێن یان لە هەردوو بابەت، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك خورشید.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەی (25) بەڕاستی یەعنی داڕشتنەوەی مادده یەعنی زۆر بێ سەروبەری تێدایە بە ڕەئی من بۆ ئیستقراری میلاك بۆ ئەوەی مەدارسە ئەهلیەکان لە سەر حیسابی وەزارەتی پەروەردە گەشە نەکەن سیاغەکە دەبێ تۆزێ ڕێك و پێك کەن، 1. لا يجوز لمنتسبي وزارة التربية العمل في المدارس غير حكومية دون موافقة مسبقة من الوزارة او مؤسساتها، 2. على وزارة التربية إصدار التعليمات اللازمة بهذا الصدد سنوياً،**

**بەمە ئیشەکە تەرتیب دەبێ لە ژێر ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە دەبێ وە نابێتە مەسەلەیەکی میزاجی، لە هەر شوێنێك بە ئارەزووی خۆی تەسروف بکەن، وەزارەتی پەروەردە تەعلیمات دەردەکات ساڵانە بۆ تەنزیمی کار وە چۆن خەدەماتی موەزەفەك یان مودەرسێك ئەدرێت بە مەدرەسەیەکی غەیری حکومی، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو سمیرە خان.**

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونی برادەرانم هەیە، بەڵام تەنها پشتگیری لیژنەی پەروەردە دەکەم لە بڕگەی یەکەم کە داڕشتنیان کردیە، هی دووەم نا، چونکە لێرە کە لە پرۆژە ئەصلیەکە دا هاتیە دوو سیفەتی وەرگرتیە کەرتی عام و خاص هیچ تەبعاتی تێدا نیە، ئەگەر ئێمە خەمی خەڵکمان بێ، هەلی کار بدۆزینەوە چەندین خەریجمان هەیە هەموو بێکار مانەوە بۆ لێرە دوو وەزیفەی وەربگرێ هەندێکیانیش لە ماڵێ مەحروم بێ، دەوامی تەدریس ئەوەندە قورسە خۆ ئەوەندە ئاسان نیە، من لێرە لە مەکتەبی حکومی دەرس بڵێمەوە بەغار بچمە تایبەتیەکان، تایبەتیەکان خۆت دەزانی دەوامیان هەموو ڕۆژێ سبەینانە تا عەسرە، کەینێ لێرە دەرس دەڵێتەوە، کەینێ لەوێ دەڵێتەوە، ئەی چۆن تەوزیعی حصە دەکرێ چۆن دادەڕێژرێ ئەو جەدەوەلەیە؟ من لەگەڵ ئەوە دا نیمە زیادە، بە تەنیا بڕگەی یەکەم لەگەڵی دامە داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئەکەی کاك جمال دەکەم، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەوە سەری نەگرت، (لا یجوز لمنتسبي الوزارة) ئیتر کافیە وەزارەمان تەعریف کردووە لە کوردیەکەشدا ئەگەر وەکو خۆی مایەوە دابڕان ئەوە یەعنی بەڕاستی مەترسیدارە دابڕێ، بەڵام بڵێین دابڕانی وازهێنانی فەرمی یەعنی بەڕەسمی وازبینێ دابڕان کابرایەك دەتواتێ لە خۆیەوە بچێ تەئویل کرێ بەنەوعەکی دیکە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە

**بەڕێزد. عمر امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ماددەی (19) لە ڕاپۆرتی ئێمەدا دوو شتی ڕێك خستووە یان پەیوەندی نێوان قوتابخانە حکومیەکان و قوتابخانە نا حکومیەکان ڕێکی خستووە لە دوو خاڵ دا بۆ ئەوەی کە پەیوەندیان لە نێوانیاندا هەبێ، بەڵام لە شوێنێکەوە ڕێگرێکی ئیجابی هەیە، لە شوێنێکەوە ڕێپێدانێکی ئیجابی هەیە، بەو مانایەی لە خاڵی یەکدا تەنها بە شێوەی دائیمی مامۆستا و فەرمانبەر نابن، ئەگەر بە شێوەی دائیمی، کێش مامۆستا و فەرمانبەر لە ڕاستیدا چونکە ئەمە موشکیلە دروست دەکات بەڕێز جەنابی وەزیر و ئەوانەی لە بواری پەروەردەشدا ئاگایان لێیە بۆتە مایەی ئەوەی، چونکە هەن لە پەیمانگا و قوتابخانە نا حکومیەکان کە ئێستا هەن، ڕەنگە مووچەو ئیمتیازاتی ماددی زیاتر بێ، وای کردووە کە کۆچی مامۆستاکان لە

قوتابخانە حكومیەكانەوە بەرەو ئەوان بڕوا، بۆیە ئەمە ڕێگریەكی ئیجابیمان دانەوە بۆ مامۆستا و فەرمانبەر بە شێوەی دائیمی، بەڵام لە خاڵی دووەمدا ڕێگە پێدانێكی ئیجابی هەیە ئەویش ئەوەیە مامۆستایانی بە ئەزموون لە قوتابخانە حكومیەكاندا دەتوانن ببنە وانە بێژ بۆ ئەوەی توانای خۆیان لەوێ بەكار بێنن، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەگەر لە ڕووی هینەوە دووبارە سیاغەی بكەینەوە بەتایبەتی خاڵی یەكەم بەم شێوەیەی خوارەوە، نابێ بەڕێوەبەران یاریدەدەرانی قوتابخانە حكومیەكان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەت ببن بە مامۆستا یان فەرمانبەر لە قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی بە شێوەی هەمیشەیی تەنیا پاش دەستبەرداربوونی ڕەسمیان لە دەزگاكانی حكومەت نەبێ، 2. دەكرێ مامۆستای قوتابخانەی حكومی وەك وانا بێژ لە قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی سوودیان لێ وەربگیرێ دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری پسپۆڕ بە مەرجێ كار نەكاتە سەر بەشە وانەی یاسایی لە قوتابخانەی حكومی،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان چییە؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سوود وەرگرتن لەو مامۆستایانەی لە سەر میلاكی وەزارەتی پەروەردەن ئێمە هەموو دەزانین كەوا كێشەی كەمی مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، بۆیە پێویستە مەرج دابنرێ و سنووردار بكرێ، كێن ئەوانەی كە بۆیان هەیە بچن لە قوتابخانە نا حكومیەكان وەكو وانە بێژ وانە بڵێنەوە، بۆیە پێویستە سنووردار بكرێ، پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێ، كاریگەری نەبێ لە سەر ئەدای ئەو مامۆستایە لە قوتابخانە حكومیەكان، هەروەها وشەی (لایسمح) لە ڕووی قانونیەوە (صارم) نیە، الزامی شتێكی وای تێدا نیە، ئەگەر هەر ماوە بكرێتە (لا یجوز) وە سنووردار بكرێ، بەمەرجێ كە ڕەزامەندی وەزارەت و كاریگەری لە سەر ئەدای مامۆستا نەكرێ لە قوتابخانە حكومیەكان، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت خاڵا دووێ یا وانە بێژا هیچ كار نەكریە سەر مەدرەسێ حكومی، چونكی مە هەی هەندەك وانە بێژ مامۆستا تێت كەرتێ حكومی سێ حسەی دەرسێت هەی، چوار حسەی دەرسێت هەی، ئەڤە تەئسیری ناكاتە سەر دەواما وان یا حكومی، ژ بەر هەندێ ئەز نابینم كو ببیتە یەعنی ئەم ڕێگریە وان مامۆستا بكەین كو خودان شیانن و مەجالی هەندێ ژی هەی تەئسیری ژ سەر كەرتی حكومی ناكات كو بچن

مەدرەسەی ئەهلی دەرسێ دەی ژ بەر هەندێ ئەز بینم ئەڤ خاڵە بمینێ کو مەسلەحەتە ئەو مامۆستایی کو ئەو وانەی وان دەرسێ کێمن بچن خزمەتەکە تر لە کەرتا تایبەت دا بکا،سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال تێبینیت هەبوو؟ کاك جمال فەرموو،

**بەڕێزجمال طاهر ابراهیم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی بابەتەکە هەر وەك خۆی ماوە، دەڵێتن (المؤسسات الحکومیە) مەبەستان ئەوەیە تەنها ناکرێتن ئەوەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مۆزەف بێت یان مودیر بێت یان معاون بێت لە تەربیە، ناکرێتن لە مەدرەسە و مەعهەدی خاص ئیش بکات، ئەگەر وابێت ئەو موئەسەسات حوکمیە زیادە، ئەگەر نا لەجیاتی (الوزارة) بکرێتە (الوزارات) ئەوکاتە دروست دەبێتن، چونکە تەعمیم دەکرێتن، بەڵام لێرەدا مەبەستیان تەنها وەزارەتی تەربیەیە ناکرێتن، موئەسەسی حکومی پێویستە لابرێت نابێتن، غەڵەتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە باسی تەوزیعی حسەس بکەین، کە مامۆستا هەیە بەسێ دەرس یان چوار دەرس، بەخۆی دکتۆرە لە مەکتەبەکان دەبێ (12) حسەی هەبێت، ماجستێر دەبێت (14)ـی هەبێت، بەکالۆریۆس (18)یە، دبلۆم (24)ە، ئەگەر سێ حسە و، چوار حسە و، شەش حسەی هەبێت پێویستە لە مەکتەبێکی تری حکومی تەکمیلەی نیساب بکرێت، نەك بچێت لە مەکتەب و قوتابخانە ئەهلیەکان دەرسی بڵێتەوە، ئێمە ئەبەد لەگەڵ ئەوەنینە، مامۆستایەکانی لە قوتابخانەی حکومینە بچنە ئەهلیەکە، بۆ هەلی کار لە خەڵکی تر ببڕن؟ گەنجی ترمان هەیە تەخەروجی کردیە، برگەی دووەم پێویستە ڕەفز بکرێت ئەگەر ڕەئی خۆم بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من سمیرە خان کردی، بەڵام ئەوەندەیە سێ کەس پشتگیری ئەو ڕەئیەی کردیە، من پێم باشە بخرێتە دەنگدانەوە، هەم مەسەلەی دابین کردنی هەلی کار، هەم بۆئەوەی قوتابخانە حکومیەکان بەڕاستی لاواز نەبن، هەم لەلایەکی تریشەوە قوتابخانە حکومیەکان رێك بخرێن، چونکە وەکو ئەوەی سێ حسەی هەیە ئەمە خۆی کارێکی نایاساییە، پێویستە لەوێ پڕی بکاتەوە، بۆیە من داوا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە سێ ڕەئیەو سێ کەس پشتگیری کردووە، لەگەڵ رەت کردنەوەی برگەی دووەم، لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە، کە ناکرێت مامۆستا وەکو موحازریش لەوێ بێت، وەکو موحازر با کەسێکی تر لەوێ دەرس بڵێتەوە، ئێمە خەڵکێکی زۆرمان هەیە بێکارن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ڕاستی ئەڤە نوقتەیە ژ هەمی موهیم ترە ل ڤی موناقەشێدا، دڤێ قانونێدا، کێشەو موازەنە مابەینا موئەسەساتێت ئەهلی یەعنی غەیری حکومی، کاریگەریەکی ل سەرە، زڤریتە دێ فەلسەفەو بیرو باوەڕێت مە چنە، ئایا خیندنا نا حکومی زەروریە پشتاوێ بگرین، ئان یا لازمە چارەسەرێ کێشەی خۆ بکەتەڤە، مەدارسێت ئەهلی نەشێن ستافێ خۆ هەمی پەیدا بکەن، ئەگەر ئیعتیماد لەسەر ستافێ محەلی جوزئیەن نەکەن ئەوە ئێجا چەند بیت، ئەز بەرێدا سەرۆکێ زانکۆیێ بووم مە مەنع کر، مەنعەن باتەن، مامۆستایێ زانکۆ نەچیت ل زانکۆیا ئەهلی دەرسا بلێتەوە، چونکی وی وەختی مەترسیەك ل سەر هەبوو، وێ گاڤێ عەینی مەترسیا ل سەر مەدرەسێت مەو قوتابخانێت مەیە، ئەگەر مامۆستاییێت مە ڕێگە داییێ بچیتت وەکی ئامینە خانێ باس کری، ئەوە حالەتەکێ نە یاساییە، ئەوە بێتە چارەسەر کرن، لازمە بێتە چارەسەر کرن، مامۆستایەك مەعاشی وەربگریتەوە ب تەمامی، دوایی سێ دەرسا بێژیتەوە یان چار دەرسا، حالەتەکێ درست نینە ئەڤە، لازمە بێتە چارەسەر کرن، یان بچیتە عاردەکی دی دەرسا بێژی، ئەگەر هاتو مە بڤێت مامۆستا بچیت وانە بێژیتەوە، قوتابخانەکا غەیری حکومی، لازمە تو تەحدید بکەی عەدەدەکێ موحەدەد، بچیتەڤە، چونکە تاقەتێت هەر بەشەرەکی وەکی مامۆستایەکی گوتی مەحدودن، کەس نیە سپێدێ هەمی دەرسا بێژیت و ئێوارێژی بێژیتەڤە، یەعنی لازمە یا سنوور داربیتەڤە، تێکەلاویەکە مەزن هەی مابەینا هەردوو ڤان فەقەراتادا، چونی دیڤدائەگەر تو بەرێ خۆ بدەی دیڤدا اسلوب ایعارە ئەز پشتگیری...، ئەوە موفتەرەحی منە، بۆچی مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی ب ڕێکەمەڤە، هەتا مامۆستایەکی بلا ب خۆ ئیعلان بکەت، مە بە تالێت هەیتن، مە خەریجێ جامعەیێت هەی، دێ بۆ تەعین کەمەڤە بۆ غەرەز ئیعارە، ئەگەر ئەو دوو بابەت ڤێکرا بێنە تەحدید کرن، نە مەعنای ڕێکێ ژی لێ بگریتن ئیتلاقەن نەچیت، با بچیت بەس

ل حالەتەکێ گەلەکی سنووردادا مامۆستا بچن دەرسا بێژنێ، چونکە قوتابخانێت ئەهلی ژی هەر منداڵێت مە لێ دخینن، هەریێت مەنە یەعنی هەر کوردستانینە، تشتەکی دی ژی هەیە تووشی کێشەکی بووینە، مە غەیری حکومە دوو تشتێت هەی، مە غەیری حکومیت هەی تجاری بۆ پارە بۆ پارە شۆل کەت، هەیە بۆ پارە شۆل ناکا، کە ئەو هاریکاریێت مەنە، یەعنی نوکە دێتە دوماهیکێدا، خالەکمەی ئیزافە کریەڤە، ئەوژی تەوزیحەت پێ دڤێتەوە، دێ چەوا تەعامولێت مابەینا هەرسێ حالەتا دەرکەوی تەعلیمات، ئەز تەسەور کەم ئەگەر مە نەشیا د ریکا قانونیدا، تێستێ قانونی، باش حەل کەینەڤە عمومیات، بەس بێژین، ئەوە کێشەکا گەلەك مەزنە دڤێتن ڤێ درکێ گەلەك مەوزوع بێتە کرن، ئەدنا غەلەتێ تێدا دێ دوماهیکا تووشی مەترسیەکی کەتەڤە، ڤێ گاڤێ سەدا مامۆستاییێت دینێ، یەعنی مەسەلەن کێشەکێ دیاری بکەم بۆ ئەندامێ پەرلەمانی، ڤێ گاڤێ تەعیناتێت مەی نیە دەرکەفتینەڤە، مەدارسێت ئەهلی چی مامۆستای چینە گوندەکی دی، پێ چووی ئیتیفاقا دگەل کریە دێ وەرە تەعین کەم، کا دێ کێشەکێ ل وێرە پەیدا کەت، نوکە من بڕیارەکا دای ئیتلاقەن تەعینا ئەوساڵە چێ نابی مامۆستاو تشتا قوتابخانێت ئەهلی، ب سەدان ڕێکێت وەساییێت هەی، وێ جارێ ڕاوەستیانە ل سەر وێ داوایێ ل سەر وێ زۆر زۆر گرنگە، ئەساسێ تەعامولیە، مابەینا وەزارەتێ پەرەوەردە، زۆر سوپاس، ئەز بینم موفتەرەحی من دوماهیکێ هەردوو بابەت ڤێکرا بێنە موناقەشە کرن، دابزانین خولاسا دوماهیکێ ئەم گەیشتینە ڤێ عەردێ مە دڤێت، چونکە ئێکێ عەلاقەت ب ویا دی هەی، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای لەبەرچاوگرتنی ئەم گفتوگۆو سەرنج و پێشنیارانە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژینەوە (سوود وەرگرتنی قوتابخانەو پەیمانگە ناحکومیەکان لە مامۆستایان و وانەبێژان و فەرمانبەرانی وەزارەت دەکرێت بە ڕێنمایی لەلایەن وەزارەتەوە دەربچێت).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕایەکەی جەنابی وەزیرم زۆر پێ باشە، بەلاّم کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی کاك دکتۆر عمر خوێندیەوە، ئەگەر بێت و بەپێی ڕێنمایی بێت لێرە، یەکەمیان ئەوە سبەینێ ئەو وەزیرە دەگۆڕێت وەزیرێکی تر ڕایەکی تری هەیە، ڕێنماییەکە لە دەسەلاّتی خۆیەتی و وای لێ دەکات ئەمە یەك، بۆیە پێویستە لە یاسادا لێرە بچەسپێت، خاڵی دووەمیان ئێمە لە ماددەی (61)دا دەڵێت دەکرێت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی

وەزیـران، وەزیـری پـەروەردە ڕێنمـایی پێویسـت دەربکـەن بـۆ ئاسـان کردنـی ئـەوە، لـەوێش هـاتووە لێـرەش چیندێکی تر بڵێ ڕێنمایی، ئەم هەموو ڕێنماییە بۆچی لە یـەك شـوێن بـێ؟ بۆیـە لێـرەدا داوا دەکـەم بـەپێی ماددەکـە یـەك لا بکرێتـەوەو، ڕەئیشـم لەگـەڵ ئەوەیـە ڕێگـا نـەدرێت ئەوانـەی حکـومی دەرس بڵێنـەوە لـە ئەهلیەکان، بۆئەوەی ئێمە کەرتی گشتی بپارێزین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دوا سیاغە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە ماددەکەمان داڕشتەوە (يكون تنظيم استفادة المدارس والمعاهد غير الحكومية مـن اعضاء الهيئـة التدريسية والمحاضرين والموظفين في الوزارة بالتعليمات التي تصدرها الوزارة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە عەرەبیەکەی دەکەینـە ئەسـاس، ئـەو سیاغەی کـە خوێنرایـەوە کـێ لەگـەڵ دایـە؟ تکایـە دەسـت بـەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 9 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فـەرموون بـۆ ماددەیـەکی تر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، لـە ڕاپۆرتەکەمانـدا مـاددەی بیستەممان هەیـە، لەنـاو پـرۆژە یاسا ئەصڵەکە دانیە دەمانەوێت بیخوێنینەوە، موناقەشە بکرێت

ماددەی(20)

1- دەکرێت قوتابخانە و پەیمانگای نـاحکومی لەسـەر بنـەمای خواسـتن مامۆسـتا و فەرمانبـەر لـە وەزارەتـی پەروەردە وەربگرێت بۆماوەی 5 ساڵ کە ئەو ماوەیە شایەنی تازەکردنەوەیە.

2- بەڕێوەبەرایـەتی قوتابخانـە و پـەیمانگای نـاحکومی بەرپرسـە لـە دابینکردنـی مـاف و جیـاوکی مـادی و مەعنەوی مامۆستایان و کارمەندانی لەو ماوەیەی کە لە قوتابخانەی خزمەت دەکەن.

3- ماوەی خزمەتی مامۆستاو کارمەندان لە قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بەپێی یاسا کارپێکراوەکـان بـە خزمەت ئەژماردەکرێت بۆ مەبەستەکانی پلە بەرزکردنەوەو سەر مووچە و خانەنشینی.

4- بەڕێوەبەرایـەتی قوتابخانـە و پـەیمانگای نـاحکومی بـەگوێرەی پێداویسـتی و پسـپۆری وانەوتنـەوەو ڕەزامەندی یەکەی سەرپەرشتیاری پسپۆری، داوای دامەزراندنی مامۆستایان لە وەزارت بکات، وەزارەتیش لە ڕێگای لیژنەیەکی پسپۆڕەوە لەسەر بنەمای پێوەرە یاسایی و زانستیەکان ڕەزامەنـدی لەسـەر دامەزرانـدنی مامۆستا بۆ قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان دەدات بە بڕیاری وەزیر.

5- نابێت قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بێ پاساوی یاسایی و رەزامەندی وەزارەت دەست بەرداری مامۆستایان و کارمەندانی بێت.

6- دەبێت قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بەڵگەنامەی تۆمارکردنی هەبێت و هەموو مامۆستایان و فەرمانبەرانی خۆی لە فەرمانگەی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزراەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تۆمار و لە راپۆرتی ساڵانە پێشکەشی بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێوە تێبینیتان لەبارەی ئەو ماددەیە چیە؟

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتی خۆی کە راپۆرتمان ئامادە کرد، پشتگیریمان لەو ماددەیە کرد تەنها برگەی یەکی نەبێت، چونکە لەگەڵ ئەوە نەبووین لەبەرئەوە کێشەی کەمی مامۆستا، مامۆستا لە قوتابخانەی حکومی بچێتە قوتابخانە ناحکومیەکان، بەڵام ئێستا ماددەیەکمان پەسەند کرد کە ئەو بابەتەمان لێگەڕا لە بۆئەوەی وەزارەت بە ڕێنمایی ریکی بخاتن، بۆیە ئەو ماددەیە زیادە و پێویست ناکات، ڕێنماییەکان ئەو وردەکاریانەی تێدابێت، ئەوە ڕای لیژنەکەمانە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جوزئەك ئاخەفتنا لیژنەی پەروەردە ئەز تەئید دکەم، بابەتێ ئێکێ و دووێ بەس ئیدی لازمە ب قانون دەرکەڤی، چانابیت ببتە ڕێنمایی، یەعنی خالا ئیکێ و یا دوێ فعلەن ئەو نا زروریە نە دەرکەڤی، خالا دی ترێ قانون پێتڤێتەڤە، یەعنی (الاعارة و احتساب التعین لغرض الخدمة) ئەوە ڤێت قانونێدا دەرکەڤی، نا چێبیت ل ڕێنماییێدا، ئێجا بۆ ڤێ چەندێ ئەز بەس پێشنیار دکەم، ماددەی (20) خالا ئێکێ، دووێ فعلەن ئەڤە ب ڕێنمایی دێنە چێ کرن، خالا دی ترێ بمینێ و بێنە موناقەشە کرن، من موناقەشە ل سەر خالا دی هەیە، ئەگەر ئەوێ دی ببیتن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ با قسە بکات، ئەو ماددەیەی کە تازە پێشنیارکرا لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە با ناوی بنووسی، کەس تێبینی نیە؟ فەرموو دکتۆر احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی کە دەخرێتە دەنگدانەوە، من بەڕاستی بۆئەوەی ڕای لیژنەی یاسایی لەگەڵ خاڵی یەکەم نیم، خاڵەکانی ترم پێ باشە، بەلاّم خاڵی یەکەم یەعنی وەرگرتنی مامۆستا بەگوێرەی وەزارەتی پەروەردە، ئەوە ئەو خاڵە لابرێت و خاڵەکانی تر پشتگیری لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، فەرموون بزانم دوا سیاغەتان، دوا ڕەئیتان.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین لە ماددەی بیستەمی راپۆرتی ئێمە خاڵی یەکەم نەمێنێت، چونکە ئەوە لەگەڵ ماددەی پێشووتر کە پەسەندمان کرد دەکرێت ئەوە تەنزیم بکرێت، بەلاّم (2- 3- 4- 5 -6)ی ناو ماددەکە هەموویان پەیوەندیان بە چۆنیەتی دابین کردنی حقوق و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوی ئەو مامۆستاو وانەبێژو کارمەندانەیە، کە لە قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی کاردەکەن، لە ڕابردوودا فەراغی قانونیش هەبووە، جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێداوە، بۆیە ئێمە جگە لە خاڵی یەکەم تەئیدی ئەوە دەکەین، کە هەموو خاڵەکانی تر بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر برگەکانی تر ناتوانرێت بە ڕێنمایی چارەسەر بکرێت، پێویستە لە یاساکە هەبێت ئەوە کێشەمان نیە، تەنها ئەو خالاّنەی نەبێت کە لە ماددەکەی پێشوو، کە دەنگمان لە بۆ دا وەکو خاڵی یەکەم ئەوە پێویستە لابرێت، لەبەرئەوەی ئەو بابەتە بە تەعلیمات ڕێك دەخرێت، ماددەکە دەنگی لەسەر درا و برگەکانی تر زەمانەتی مافی ئەو مامۆستایانە دەکات، کە لە قوتابخانە ناحکومیەکان وانە دەڵێنەوە دووبارە نەکرێتەوە لەناو ڕێنماییەکان، ئەوە لاریمان نیە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم، وتیشت کێ تێبینی هەیە؟، بەس من پرسیارێکم هەیە لەسەر خاڵی چوارەم ئەگەر ئەزیەت نەبێت لیژنەی پەروەردە بۆمان ڕوون بکاتەوە، چۆن بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ناحکومی بۆی هەبێت داوای ئەوە بکات مامۆستا تەعین بکرێت، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، من زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی پرسیارەكەی برای بەڕێزمان كاك شوان، كە داوای ڕوونكردنەوەی كرد لەڕاستیدا ئەمە گرفتە لەلایەك، قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومیەكان كە پێویستیان بە مامۆستا هەیە و، چۆنیەتی ئەوەی كە مامۆستا لەلای ئەوان كار بكا و دابمەزرێت، لێرەدا پێویستە ئەوان دەستیان كراوە بێت، خەڵكێك كە ئەو مەرجانەی تێدابێت كە دەبێتە مامۆستا، تەڵەب پێشكەشی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی ئەو قوتابخانە بكات، چونكە حقوقی ماددی هەندێك حقوقی تریشی لەلای قوتابخانەكەوە بەگوێرەی یاساكە بۆ دابین دەكرێت، واتە ئیلتیزاماتی دەكەوێتە سەر شانی قوتابخانەكە، بەڵام لە ڕووی پسپۆریەتی و لە ڕووی شیاویەوە ئەوە پێویستە وەزارەت ڕەزامەندی تێدا هەبێ، بۆیە بەم شێوەیە ویستوومانە جۆرێك لە ئاسانكاری بێتە پێشەوە، كە قوتابخانەو پەیمانگا ناحكومیەكان لەسەر بنەمای هەندێك پرەنسیب و مەبادئ، كە تەوازنی تێدایە لەڕووی پسپۆریەتی و لەڕووی شیاویەوە ڕەزامەندی وەزارەت وەردەگرێت، بۆخۆشیان دەستیان كراوە بێت ئەم پرۆسەیە ڕێك بخرێت وەكو جاران نەمێنێتەوە، كە بەڕاستی ئەوان موشكیلەیان هەیە، یەعنی لەڕووی تەعین بوونی مامۆستا، كاركردنی مامۆستا لەلای ئەوانەوە، فەراغی قانونیش هەبووە لەو ڕووەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دڤێت بەس ڕوون كردنەوەكی بدەم، چونكی ئەڤ خالاً دەڤ من هاتی ب ڕاستی وەكو پێشنیار، بۆ چارەسەر كرنا نەبوونا ستافی قوتابخانێت ناحكومی، یان دەبیت ستافا وەزارەتا پەروەردەیێ بدەیێ، یان دەبی چارەكا دی ببینیەوە، چارە ئەوە كو ژ دەرڤەی وەزارەتا پەروەردێ ئیعلانا تەعیناتی بێتە كرن، مافێ وێ مامۆستای مەزموون بی، بەداخەوە هەتا سندوقا تەقاعودی بغیر مونتەسبی حكومە مە نینە، یەعنی مە نینە ڤێ دركێ بۆ ئەڤ مافێ پاراستی بێتە ڤە، ئەڤ ڕێكە مە دۆزیەوە قوتابخانا موعەیەن پێویستی بە دوو مامۆستا هەی، بۆ خۆی ئیعلان بكات دوو مامۆستا، پێوەرێت حكومی بێژیت بۆمە تەعین بكەن، بۆ ئەوەی تەئسیر ل مە نەكەت، تەعین دكەم لیغەرەز ئیعارە، تەئسیر لەمیلاكی وەزارەت نەكەت، چەند ساڵ ئەگەر تەواویش بوو، بێتە وەزارەتی پەروەردە ببیتە مامۆستا بە شروتی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە، هەر ئەوەیە هیچ مەترسیەكی تێدا نیە، گەلەكا ب ساناهی دێتە تەنزیم كرن، زۆر سوپاس، ئەگەر دڤێت هێشتا تەوزیح ددەم من، سەرچاوا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیستەم 6 فەقەرە بوو برگەك لادرا، برگەی یەکەممان لابرد، لەبەرئەوەی ماددەی پێشتر دەنگمان لە بۆ دا، بە تەعلیمات ڕێك بخرێت.**

**المادة العشرون:-**

**1- ادارة المدارس والمعاهد غير الحكومية مسؤولة عن تأمين الحقوق و الامتيازات المادية والمعنوية للتدريسيين والموظفين فيها خلال مدة خدمتهم بالمدراس والمعاهد غير الحكومية.**

**2-تحتسب فترة خدمة التدريسيين والموظفين فى المدارس والمعاهد غير الحكومية لاغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد.**

**3- تطالب ادارة المدارس والمعاهد غير الحكومية الوزارة بتعين التدريسيين حسب حاجاتها الى الاختصاصات الدراسية بعد موافقة وحدة الاشراف وتقوم الوزارة عن طريق لجنة مختصة وعلى اساس المعايير القانونية والعلمية بالموافقة على ذلك وبقرار من الوزير.**

**4-لايجوز للمدارس والمعاهد غير الحكومية ان تتخلى عن تدريسيها وموظفيها بدون مبرر قانونى وبدون موافقة الوزارة.**

**5-على ادارة المدارس والمعاهد غير الحكومية مسك السجلات التى يشترطها قانون الضمان الاجتماعي لتثبيت حقوق منتسبيها من التدريسيين والموظفين والعاملين لديها.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو سیاغەی کە هەردوو لیژنە بە موشتەرەکی خوێندیانەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تازە دەنگمان لەسەردا، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران و تاقیکردنەوەکان**

**یەکەم: پرۆگرامەکان**

**ماددەی (26): پرۆگرامەکان و کتێبەکانی خوێندن بڕیار لەسەردراوەکان بەسەر خوێندکارانی قوتابخانە حکومیەکان لە قۆناغەکانی خوێندن و بەشە جیاجیاکانی دەبێتە بنچینە لە هەڵبژاردنی پرۆگرام و کتێبەکانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی، دەکرێت لاتەرك کردن هەبێت، بە پشت بەستن لەسەر توێژینەوەیەك لەلایەن لیژنەکانەوە پێك دەهێنرێن بۆ ئەم مەبەستە، ئەمەش لە دوو حاڵەتدا:**

1- ئەگەر ئەو قوتابخانانە کە نیاز وایە دابمەزرێت تایبەت بکرێت بۆ خزمەتکردنی تاکەکانی رەوەندە بیانیەکان و خزمەتکردنی پەروەردەیی کە پێشکەش دەکرێت، تەنها بۆ رۆڵەکانی ئەو رەوەندانە دەبێت.

2- دەکرێت پرۆگرامەکانی قوتابخانە بیانیەکان لە بابەتەکانی کیمیا، فیزیا، ئامار، بیرکاری، زمانی ئینگلیزی و ئەو پرۆگرامانەی خزمەت دەگەیەنێتە پەروەردەی تەندروستی و ژینگەو رۆشنبیر کردنی خۆراکی و ئابووری و راهێنانی ماڵداری و چنین و نەخشاندن و برین و دوورمان و کتێبەکانی راهێنانی هونەری و پیشەیی، بە مەرجێك مۆڵەتی پێ وەربگیردرێت لە لیژنەکانی هونەری پسپۆر، دەربارەی ئاستی زانستی و ناوەڕۆکی هزری و کاریگەرییە پەروەردەییەکان و داهێنانی هونەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە عەرەبیەکەش تکایە.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**المنهاج الدراسي ونظام قبول الطلبة والامتحانات**

اولاً: المناهج

المادة (26): مناهج وكتب الدراسة المقررة لطلبة المدارس الحكومية في مراحل الدراسة والاقسام المختلفة، تصبح الاساس في اختيار مناهج وكتب مؤسسات التعليم الاهلي والخاص، يجوز الترك، استناداً لبحث من قبل لجان تشكل لهذا الغرض، وهذا في حالتين:

1- اذا كانت المدارس المزمع انشاءها، خصصت لخدمة افراد الجاليات الاجنبية والخدمات التربوية التي تقدم تكون حصراً لابناء هذه الجاليات.

2- يجوز لمناهج المدارس الاجنبية في مواضيع الكيمياء، الفيزياء، الاحصاء، الرياضيات، اللغة الانكليزية، والمناهج التي تقدم الخدمة للتربية الصحية والبيئية والتثقيف الغذائي والاقتصادي والتدريب المنزلي والغزل والتطريز والتفصيل والخياطة وكتب التدريب الفني والمهني، شرط اخذ الاجازة بها من اللجان الفنية المختصة حول المستوى العلمي والفحوى الفكري وتأثيراتها التربوية والابداع الفني.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ماددەکە دووبارە دابڕێژرێتەوەو کورت بکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(پرۆگرام و کتێبی خوێندن لە قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومیداو لە قۆناغەکانی خوێندن و بەشی جیاجیادا دەبێ لەلایەن وەزارەتەوە رەزامەندییان لەسەر بدرێت).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان پێشنیاری رەتكردنەوەی ئەو ماددەیەی كردووە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی چوار كە باس لەوە دەكات مۆڵەت وەربگرێت بۆ دامەزراندن، یاخود دروست كردنی قوتابخانەیەك لەو شێوەیە، كە ئەو یاسایە رێكی دەخات، لەویٚ باس كراوە كە پرۆگرامەكانی خوێندن لەگەڵ داواریيەكەی دێتە بەردەم وەزارەت، یەك لەو هۆكارانە ئەگەر وەزارەت رەزامەندی نەداو رازی نەبوو لەسەر پرۆگرامەكە، ئەوە رەزامەندی نادات لەسەر دروست كردنی ئەو جۆرە قوتابخانە، بۆیە پێویست ناكات ئەو ماددەیە بمێنێت، ئەگەر هەر مایەوەش ئەو داڕشتنەوەی كە كراوە (يجب ان توافق الوزارة) ناكرێت بەو صیاغەتە بێت كە بكەیتە واجیب لەسەر وەزارەت، واتا بەپێی حوكمی قانونەكە ناچارت كرد هەر دەبێت بەو پرۆگرامە رازی بێت، ئەوە صیاغەتەكەی بگۆڕێت و ئێمە ئەو ماددەیە بە زەرورەت نازانین، چونكە پرۆگرام زۆر گرنگە لە پرۆسەی خوێندن سەرەتا وەزارەت پێویستە پرۆگرامەكان دیراسەت بكات و رەزامەندی نەدات لەسەر پرۆگرامەكان قوتابخانەكە دانەمەزرێت، نەك ئێمە باسی هەموو رێكارەكانی دامەزراندنی قوتابخانەمان كردووە، دواتر (يجب على الوزارة) كردیتمانە واجیب و هەردەبێت لەسەر مەنهەجەكەو پرۆگرامەكە رازی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەڤە مەوزوعێكی دیارە، هەندەك مەدرەسە هەنە لە تەعریفا مە دانینە، پرۆگرامێت عالەمین، بۆ ڤیٚ چەندیٚ گەلەك مرونەت هەبێتن بۆ وەزارەتیٚ تەعامول وەكو نموونە ئەڤە نوكە هەندەك بەرنامەجێت بۆ مـن هاتینە تەقدیم كرن، تەبعەن ئەڤە نەوعە قوتابخانەكە لە دونیاییٚ پەروەردە ژیانێیە، یەعنی ژینگەیەك قوتابی لەناڤ دابێت و دونیاییٚ بەرفراوان و گەلەك قادەت عالەمین دەركەتینە، ڤیٚ جێگا ڤیٚ فەرعێك ڤیٚ بێتن، ژی بەر هەندیٚ ئەز باوەڕ ناكەم لە قانونێدا ئەم بشێین ڤان تشتە حەصر بكەینەوە، لازمە هەندەك مرونەت هەبێت لە تەعلیماتادا بۆ وەزارەتیٚ كو بەریٚ خۆ بدەنە ئەوێترا، ئەڤە زەرورینە نەشیٚ ریٚ لیٚ بگرین، بۆ ڤیٚ چەندیٚ روون بكەمەوە وەكو لیژنا یاسایی گوتی ئەڤ مەجالە بمێنێت بۆ مرۆڤێت موختەس لە وەزارەتێدا كو بڕیاریٚ بدەن سەر وان مەنهاجا، سەر وانە ویٚ قوتابخانە ئەگەر گونجاو بێت، تەبعەن ئەڤە هیچ قوتابخانە، ئەڤ سیستمانە مەعروفن سەرانسەری عالەمیٚ دونایێت هەین، بەینما نەبووە تشتی وا ئەوسا، یەعنی ئەز تەئید دكەم ئەڤە لازمە هەر هەبێت، ئەڤ تشتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر لەگەڵ ئەوەی ئەو ماددەیە ئیلغا بێت؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر یاسایی جوابی مە بدات، سوبا ئەگەر بەرنامە بۆ مـن هـات، دڤێت قانونـا مـن حـەق هەیـە تـەعامول لەگەڵ بكەم، دیتنا من مانەوەی باشترە، بەس كەلیمەی (یجب) بێتە گۆڕین وەكو گوتی ئیلزام نەبێت ببێتـە (یشترط) ئان صیاغەتەكە ببیتەوە، چونكە ئەڤە كەسەكە مـن هینـای گەلـەك هەیـە، ئەمـە نوكـە تەقـدیمی ئیجازەی كر وی ڤێ تەبعەن ئەڤە لەلای مە نینە ئەڤ تشتە، لیژنەكە موختەس بێت پێدا بچێت، كە بێژێت ئا، ئان نا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنا پەوەردێ ژی هەمان ڕەئیا هەی، گەلەك وازیح دبێژیت ئەو پرۆگـرام و كتێبێـت خانـدنێ دڤـێتن هـەر بەشەكی جـودا جـودا بـێتن لەلایـەن وەزارەتـێ ڤـە بێتـە، یـەعنی لای وەزارەتـا ڕەزامەنـدێ سـەر بهێتـە دان، یەعنی غەیری وی مەش نەگوتیا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وەكو ڕەئی لیژنەی قانونی كە لە ماددەی چواردا بـاس كـراوە، بێگومـان لـەوێ بـاس كـراوە، بـەڵام مەسـەلەن یـەكێك داوای مۆڵـەت دەكـات بـۆ كردنـەوەی قوتابخانەیـەكی نـاحكومی هـەتا پـۆلی شـەش، لـەوێ لەگەڵ داواكارییەكە مەنهەجی خوێندن تا پۆلی شەش پێشكەش دەكات، بەڵام دوای دوو ساڵ تـا ئامـادەییش دەكاتەوە، پێشتر لە تەلەبی داواكاریدا مەنهەجەكانی پێشكەش نەكردووە، بۆیە لە بـابی تەئكیـد كردنـەوەی ئیجابی، ئێمە لێرە بەم شێوەیە كورتمان كردۆتەوە، بەڵام ئەوەی كە مولاحەزەی هەیەو وا پێویسـت نـەكات، دەكرێت بڵێین بەم شێوەیە:

مەرجە پـرۆگرام و كتێبی خوێندن لـە قوتابخانـەو پـەیمانگای ناحكومیـدا لـە قۆناغـەكانی خوێنـدن وبەشـی جیاجیادا لەلایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندیان لەسەر بدرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتای دامەزراندن و رەزامەندی وەزارەت دەبێت لەسەر بنەمای ئەوە بێت بە وردی سەیری پرۆگرام و مەنهەجی خوێندنی کرد بێت، پرۆگرام لە پرۆسەی خوێندن زۆر گرنگە، رۆڵی سەرەکی دەبینێت، راستە بایەخ بە مامۆستا دەدرێت، بەس لایەنی دووەمیش پرۆسەی خوێندنەو مەنهەجەکەیە، ئەویش پرۆگرامی خوێندنە، ئەگەر قوتابخانەکە بۆ ماوەی شەش ساڵ بوو، دواتر ویستی رەزامەندی سێ ساڵ وەربگرێت، یاخود ئامادەیی، لە کاتی وەرگرتنی رەزامەندییەکە داواکارییەکەی پێشکەش دەکات دەبێت پرۆگرامەکەشی لەگەڵدا بێت، یەعنی ناکرێت لەبەر ئەو ماددەیەو بوونی ئەو ماددەیە تەبریرەکە ئەوە بێت، کە سەرەتا داوای رەزامەندی کردووە کە قوتابخانەی بنەڕەتی دابمەزرێنێت، پرۆگرامەکە بەس بنەڕەتی بوو، دواتر تا پۆلی دوازدە، سێ پۆلی تریشی زیاد کرد، کە داوای زیاد کردنی ئەو سێ پۆلە دەکات، دەبێت پرۆگرامی ئەو سێ پۆلە لەگەڵ داواکارییەکە بێت، ئەوە لە ماددەیەك دەنگی بۆ دراوە، بۆیە ئەوە تەئکیدە لەسەر ئەو مەرجانەی کە دانراوە بۆ وەرگرتنی رەزامەندی بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە، قانون پێویست بە تەئکید کردن ناکات، مەرجەکە پێشتر باس کراوەو دەنگمان بۆ داوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەمدا دەڵێت ئەو داواکارییەی کە پێشکەش دەکرێت پێویستە ئەو خاڵانەی تێدا بێت، ئەو خاڵانە لەخۆ بگرێت، بۆ نموونە پرۆگرامی خوێندن، زمانی خوێندن، بەڵام لەوێ خوردی نەکردۆتەوە، بۆ نموونە ئەوەی لەو ماددەیە دەڵێت پێویستە لەپاڵ ئەو زمانەی خۆی زمانی کوردی بخوێندرێت، یەعنی ئەو ماددەی ئێستا کە موناقەشەی دەکەین زیاتر خوردی کردۆتەوە، بۆ نموونە دەڵێت پێویستە زمانی کوردی لە پاڵ ئەو زمانانەی کە لەو قوتابخانەیە پەیڕەو دەکرێت، یاخود دەخوێندرێت بخوێندرێت، یەعنی لەوێ ئەمە خورد نەکراوەتەوە لە ماددەی چوار، بۆیە من وا دەزانم بە داڕشتنەوەیەکی تر پێویست بەو ماددەیە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی قانونی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خوێندنی زمانی کوردی، ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە، بەڵام ئەوە ماددەکەی دواترە، ئەو ماددەیە نییە، ئەو ماددەیە بەس باس لەوە دەکات وەزارەت رەزامەند بێت لەسەر پرۆگرامی خوێندن، زمانی کوردی لە ماددەکەی دواتر هاتووە، کە ماددەی (27) لە راپۆرتەکە، تا ئێستا راپۆرتی خۆمانە وەکو لیژنەی یاسایی، تا ئێستا نەگەیشتوونە ئەو ماددەیە، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2012/11/7

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2012/11/7 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرست أحمد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (17)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (17)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێكـەوتی 2012/11/7 دا بـەم شێوەیە بێت:

بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنە ڕوو و گفتوگۆ كردنـی پێشـنیاری یاسـای ڕێكخسـتنی قوتابخانـە ئـەهلی و تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان دا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەست پـێ دەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی چـوارەم، خـولی گرێـدانی یەكـەم، ژمـارەی دانیشـتن 17، ڕۆژی دانیشـتن 2012/11/7، بەرنامەی كار، بە پێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددە 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەكی هـەموار كـراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردسـتان-عێـراق دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی كـاری دانیشتنی ژمارە 17 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات 10 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێكەوتی 2012/11/7 بەم شێوەیە بێت:

بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنە ڕوو و گفتوگۆ كردنـی پێشـنیاری یاسـای ڕێكخسـتنی قوتابخانـە ئـەهلی و تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان دا.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و مونەسیقی نێوانی حكومـەت و پەرلـەمان دەكـەین، ئێسـتاش داوا ئەكەین لە لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی بچن بـۆ سـەر سـەكۆی لیژنـەكان بـۆ بـەردەوام بـوون لەسـەر بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، بفەرموون، فەرموو بۆ ماددەیەكی تازە.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددەی 27:

قوتابخانه تایبەتکراوەکان بە ڕۆڵەکانی ڕەوەندەکان، مافیان هەیە زمانی خۆیان بەکاربێنن لە فێرکردندا، بە مەرجێك زمانی کوردی بوترێتەوە وەکو زمانی دووەم، لە حاڵەتێکدا ڕوون بۆوە کە خوێندکارانی بە ڕەگەزنامەی عێراقی وەردەگرن (لە هەرێمی کوردستان) بە شێوەیەکی گشتی، لێرەدا وتنەوەی ئەم وانەی پرۆگرامە فەرمایيانەی خوارەوە دەبێتە تەوزیمی:

1-زمانی کوردی

2-پەروەردەی نیشتیمانی و جوگرافیا و مێژوو و ڕۆشنبیری گشتی

3-لەگەڵ پابەند بوون بە وتنەوەی کتێبە فەرمییە بڕیار لەسەر دراوەکان لەم بابەتانەی خوێندن.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادە 27:

المدارس المخصصة لابناء الجاليات، من حقها استخدام لغتها في التعليم، شرط ان تدرس اللغة الكوردية كلغة ثانية وفي حال توضيح بان طلبتها ينالون الجنسية العراقية (في اقليم كوردستان) بصورة عامة ، عندها يصبح تدرس المناهج الرسمية ادناه الزاميا:

1-اللغة الكوردية

2-التربية الوطنية و الجغرافيا و التاريخ والثقافة العامة

3-مع التقييد بتدريس الكتب الرسمية المقررة في هذه المواد الدراسية

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

بەراستی ئەگەر موراعاتمان نەکەن، ئەگەر نەختێك بێدەنگی نەپارێزن، تەسجیل نابێ، تکایە نەختێك بێدەنگی بپارێزن، فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د. عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە ئەبێتە ماددەی 22، بەم شێوەیە داڕێژراوە

ماددەی 22:

قوتابخانەی تایبەت بە ڕەوەندەکان یان پەنابەران، مافی خۆیانە زمانی فەرمی خۆیان لە خوێندن و فێرکردندا بەکاربهێنن، بەمەرجێك زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم بخوێندرێت بە پێی پرۆگرامێکی تایبەت کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادە 22:

المدارس الخاصة بالجاليات واللاجئين لها الحق في استخدام لغتها الرسمية في التربية والتعليم شريطة تدريس اللغة الكوردية كلغة ثانية حسب منهج خاص تقرره الوزارة

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نین کە زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم حیسابی بۆ بکرێ، زمانی فەرمیە، زمانی خوێندنە، بەلاَم ناکرێ بە یاسایەك وەکو زمانی دووەم حیسابی بۆ بکرێ، پشتگیری لە داڕشتنەوەکەی لیژنەی پەروەردە ئەکەین، بەلاَم بە مەرجێك وشەی دووەم لابرێ، وەکو زمانی خوێندن زمانی کوردی بخوێندرێ بە پێی پرۆگرامێکی تایبەت، کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات، واتە تەنها وشەی زمانی دووەم لە داڕشتنەوەکەی لیژنەی پەروەردە لابرێ، ئەویتر پشتگیری لێ ئەکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد:وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

براستی پیچەکا تەوزیح پتر پێدڤیێ، مە ل ڤێ درکێ مەدارسێ گوتی بەس بۆ لاجئا، خەلکەکێ هەی ژ بەغدایێ هاتی یان ژ خار هاتی، ئەگەر ڤیا مە ڤوتابخانەکا ئەهلی یان حکومی نەکاتەڤە مەسەلەن ب عەرەبی یان زمانەکی دی ئەڤە چاوا معالەجە دکەت؟ نیسبەت مە ژی ئەم نزانین چاوا تەعامول ڤێ بکەین، پێشنیارامن ئەوەیە گۆڕانکاری تێدابی ئەم هەنوکە ڤوتابخانێت هەین لوغەت تورکیا تێدا دخینن، ئەڵمانی دخینن، ئینگلیزی دخینن، ئەڤا ب ئیعتیبارێ لوغاتێ ئەجنەبیەت دێتە حیساب کرن، بەس ئەگەر هاتو ئیشارەتێك بدەن زمانی عەرەبیش بخینن ئەز تەصەورێت دکەم تشتەکی باشترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر کردی لە ماددەکە چارەسەر کرایە، لەبەر ئەوەی صیاغەکە بەو شێوەیە (ڤوتابخانەی تایبەت بە ڕەوەندەکان یان پەنابەران، مافی خۆیانە زمانی فەرمی خۆیان لە خوێندن و فێرکردندا بەکاربهێنن، بەمەرجێك زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم بخوێندرێت بە پێی پرۆگرامێکی تایبەت کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات) واتە ئەوەی باسی ئەکەی زمانە فەرمیەکەی خۆیان و مەنهەجی خوێندن بەو زمانەیە، بەلاَم دەبێ کوردی وەکو زمان لە پڕۆگرامدا هەبێ و بخوێنن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز عصمت محمد خالد-وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێدایە گوتی (جالیات و اللاجئین)، ئەڤە هەو نینە، ئەز تەصەورێت دەکەم ئەڤە ژ ناحیەت قانونی دا ئەڤان ناگریتەڤە، ئەزێ غەڵەت بم دروستە، بەس ئەز تەصەورێت دکەم ئەڤان ناگریتەڤە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ (احمد وەرتی، یشار نجم الدین، ایوب نعمت(ئارام)، ئەڤین عمر، شوان كریم، سمیرە عبدلله، نەژاد عزیز، صباح بیت الله، عبدالرحمن حسین، شێرزاد حافظ)، فەرموو دكتۆر احمد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە كە لە ئەصلی پڕۆژەكەدا هاتووە باس لەوە ئەكات ئەگەر خوێندكارانی بە ڕەگەز عێراقی وەرگرن لە هەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی گشتی، لێرەدا وتنەوەی ئەو وانانەی كە لە خوارەوە ئاماژەی پێداوە ئەبێتە ئیلزامی، واتە زمانی كوردی و پەروەردەی نیشتیمانی و جوگرافیا و ڕۆشنبیری گشتی، وەكو ئەوەی كە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا لێرە باس لە زمانی عەرەبی نەكراوە، هەڵبەتە ئەوان ناچنە چوارچێوەی جالیاتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ماددەیە بە پێی داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردەش بێ بە هەمان شێوە هەر نایان گرێتەوە، چونكە ئەڵێ (ڕەوەندەكان یان پەنابەران مافی خۆیانە زمانی خۆیان بەكاربێنن بە مەرجێك زمانی كوردیش بەكاربێنن) كەوایە لێرەدا ئەوانە جالیاتن، چونكە هاووڵاتی عێراقی ئەوانەن كە لە هەموو موحافەزاتی عێراق نیشتەجێن، كە لێرە بوون ئەوان مافی خۆیانە بە زمانی خۆیان بخوێنن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك یشار.

**بەڕێز یشار نجم الدین**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە ماددەی 27 دا ئاماژە بە وانەی ئاینی نەكراوە، لەو قوتابخانانەدا كێشەی ئەوە هەیە كە دەرسی ئاینی بخوێنرێ، چونكە ئەو قوتابیانەی كە ڕەوەندن لەوانەیە موسڵمان نەبن، لە قوتابخانەكانی ئێمەدا دەرسی ئاین ئەوترێتەوە، ئەو قوتابیانە پێویست ئەكا ئاینی خۆیان بخوێنن، یان كێشەیان بۆ دروست ئەبێ ئەگەر لەسەر مەنهەجی ئیسلامی بێ، لە ڕابردووشدا قوتابی وا هەبووە مەسیحی بووە لە قوتابخانەكانی نموونەیی هەرێمی كوردستان ئیمتیحانی دەرسی ئاینیان پێ كردووە و ئەویش نەیكردووە و كێشەی بۆ دروست بووە، بۆ ئەوەی یەك لا بكرێتەوە پێویستە ئاماژە بەوە بكرێ لەو قوتابخانەدا وانەی ئاینی چۆنە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا وەكو پرسیارێك لە هەردوو لیژنەی بەڕێز لەكاتێكدا كە باس لە جالیاتی ئەجنەبی ئەكرێ، تەبعەن هاووڵاتی وڵاتێكی ترن، بەڵام هاتوون بۆ كاروبار لە هەرێمی كوردستاندا، چۆن ئێمە ئەتوانین زمانی كوردیان بەسەر فەرز بكەین؟ ئەوە بۆ لاجیئەكان ئەبێ، بەڵام بۆ جالیات كە خێزانە یان قونسڵیاتە ئەوە ناكرێ، لە ڕووی قانونی نێودەوڵەتیەوە حەز ئەكەم ڕوون كردنەوەم بدەنێ، پاشان چۆن داوای جنسیەی عێراقی ئەكەن؟ ئەو جالیاتە هەرگیز داوای جنسیەی عێراقی ناكا، و ئەوەی كاك یەشار باسی كرد، مەسەلەی بابەتەكانی تر بێ، جوگرافیا و ئەوانی تر، ئێمە بە پێی ماددەی چوار هەموومان دەنگمان دا لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی كە ئەڵێ (پێویستە لەسەر قوتابخانە تایبەتەكاندا هەموو چالاكیەكانی فێركردن كە لە پڕۆگرامەكانی خوێندندا هاتوون ڕێكبخرێن، ئەو كاتی ئێمە ئەوەمان حەسم كرد، مەسەلەن ئەگەر بێت و جارێكی تر دیسان بێ عەینی ماددەیە و تەناقوزیشی تێدایە، ماددەی چوار كە باسمان لە پەروەردەی نیشتیمانی و ئاین و ئەوانە كرد لە كۆبوونەوەكانی پێشوو حەسمان كرد بەوەی كە پەسندی پێشنیارەكەی لیژنەی یاساییمان كرد وتمان ئەوانە لابرێ بەو دەقە پێویستە لە قوتابخانە تایبەتەكان هەموو چالاكیەكانی خوێندن كە لە پرۆگرامەكانی خوێندندا هاتوون ڕێكبخرێن، ئێستا ئەو ماددەیە تەناقوزی هەیە لەگەڵ ئەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕایەكەی لیژنەی پەروەردە ئەكەم، چونكە ئەوان بەشێوەیەكی باش هێناویانە ئەوە نەبێ وشەی لاجیئینی لەسەر لابدەین، چونكە هەموومان ئەزانین كوردستان بە هۆی ئەوەی ئەقلیمە، بە پێی دەستور مادەی 111 خاڵی پێنجەم (لجوء) حەقێكی حەسری دەستەڵاتی حكومەتی فیدراڵیە، بۆیە لێرەدا ئەو كۆمەڵە زۆرە لاجیئە، نیشتیمانە، كەوا قوتابخانەی تایبەتیان بۆ بكەینەوە، تەنها لاجیئی جاریات نەبێ وەكو كاك ئارام باسی كرد، ئەوانە بە ئەركێكی فەرمی لێرەن، ئەتوانرێ ئەو جۆرە قوتابخانەیان بۆ بكرێتەوە، بەڵام كە ئەڵێ زمانی كوردی زمانی دووەم بێ فیعلەن ئەو قوتابخانانە تەنها بۆ ئەو جالیاتانە كە ئەكرێتەوە لەسەر سیستەم و زمانی خۆیان ئەخوێنن، چونكە ئەوانە بە فەرمی لێرەن بۆ ماوەیەكی كورت و ئەگەڕێنەوە، كە لوغەی كوردیش بخوێنێ وەكو زمانی دووەم ئەبێ تەنها بۆ ناساندنی ئەو خەڵكەی كە لەوێن، بۆیە ئەگەر بوترێ زمانی دووەم ئەمە شتێكی عاتیفی نیە، یاساییەن وابزانم زۆر بەشێوەیەكی باش

**هاتووه، چونكه تەنها بۆ ناسینی ئەو زمانەیە كە ئەوان لە هەرێمی كوردستان ئەژین، بۆیە دەقاو دەق ئەوەی كە لیژنەی پەروەردە نووسیویانە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك شوان.**

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە بڕوای من ئەو ماددەی پێویست نیە، چونكە لە زۆربەی ولاَتان ئەو قوتابخانانە حكومەت ئەیكاتەوە، قیتاعی خاص قوتابخانە ناكاتەوە بۆ ڕەوەند و خەلكی ولاَتی تر كە هاتوون ئیتر بە هۆی ئیشەوە بێ یان بە هۆی هەر شتێك بێ، ئەمە ئەركی حكومەتە، ئەركی قیتاعی خاص نیە، لەبەر ئەوە پێم وایە لە بەرێزانی لیژنەی پەیوەندیدار كە بەم ماددەیە دا بچنەوە و یەك لایی بكەنەوە، چونكە ئەوە ئەركی حكومەتە و ئەركی قیتاعی خاص نیە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**سمیرە خان.**

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ئەو ماددەیەی كە ئەلێن لاجیئمان نیە، بەلێ لاجیئمان هەیە، كوردستان بەرەو گەشە دەڕوا، ئەوە مەخموورە، ئەوە (دۆمیز)ە، ئەو كەمپانەمان هەیە، جگە لەوەش خۆ ئەو مەكتەبە بیانیانە دەكرێتەوە تەنها بۆ مندالی كورد نیە، ئەدی ئەو هەموو شەریكانە لێرەنە ئیش دەكەن، ئەو كۆریانە، ئەو صینیانە، ئەگەر ئێستاش نەبێ ئەبێ لە داهاتوودا هەر بكرێ، ئەگەر باسی زمان بكەین پێویستە زمانی كوردی بە زمانی فەرمی دابنرێ، لە هەموو ولاَتان ئەلێن زمانی دایك حیسابی بۆ ناكرێ بە دەرەجە دوو، بەلاَم ئێمە چونكە ئەقلیمین موكەویناتی ترمان تێدا هەیە، پێویستە بلێین بە زمانی فەرمی وەكو دكتۆرە ڕۆژان وتی، كە هەندێ ماددەشمان تێكەلَ كرد وەكو ئاین و جوگرافیا و ئەوانە، باوڕكەم ئەوانە لێرە جێگەی نابێتەوە، بۆ نموونە، ئێستا مەعهەدەكان، مەعهەدی كۆمپوتەر ئێستا ئەهلیش كرایتەوە، كا بزانم لە چ مەرحەلەیەك دینی ئەخوێنن؟ لە چ مەرحەلەیەك تاریخ و جوگرافیای دەخوێنن؟ نەك ئەوەی ئەهلیە، لە حكومیەكەش، ئەدی ئەقسامە ئەهلیەكان؟ نە دین ئەخوێنن، نە تاریخ ئەخوێنن، ئەوانە ناكرێ لەگەلَ زمان تێكەلَ بكرێ، بابەتەكە جودایە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك نەژاد**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش لەگەڵ ئەوەی هاوکارم کاك شوانم، ئەو قوتابخانانە پێویستە حکومەت بیکاتەوە، پێم وایە قسەکەی کاك شوان زۆر راستە، ئەو قوتابخانانە نابێ ئەهلی بن، عادەتەن ئەو جالیاتانەی کە لێرەنە حکومەت قوتابخانەیان بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بە زمانی ئەوانیش، و و زمانی کوردیش بە ڕەئی من نەنووسرێ لوغەکی دووەم بێ، و ئەو مەنهەجەی کە لە وەزارەتی تەربیە بۆیان دائەنرێ ئەبێ ئەوە بخوێندرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەی صیاغەیەکی تری بۆ بکرێتن، چونکە ڕەوەندەك لە وڵاتی سوید یان دانیمارك مەرجە زمانی ئەو وڵاتە بزانێ، بەڵام کە ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی دایك زمانەکەی ببێتە زمانی دووەم بە ڕەئی من حەقە ئەوە لابدرێ و صیاغەکی تری بۆ بکرێتن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش پشتگیری قسەکانی لیژنەی یاسایی، و قسەکانی سەمیرە خان ئەکەم، ناکرێ وڵاتی خۆمان بێ و زمانی ئێمە نەخوێنێ، یان زمانی خۆم بە دەرەجە دوو بزانم، ئەمە لە هیچ وڵاتێك نیە، زمانی من زمانی فەرمیە لە هەر نووسینەگەیەك، لە هەر مەکتەبێك بخوێنێ ئەبێ فەرمی بێ، ئەگەر نەبێ ئەبێ ئیجازەی پێ نەدرێ، چونکە ئەوە ناکرێ زمانی من لابدەی، لەم وڵاتە بژی ئەبی بزانی، بەیانی شتێك ئەکرێ و ئەفرۆشێ، بۆخۆی فێربێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم بە پێی دەستووریش خەڵکی عەرەب حەقی هەیە لێرە مەکتەبێك بکاتەوە و بخوێنێ، فەرموو کاك شێرزاد

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی پەروەردە دام کە زمانی کوردی زمانی دووەم بێ، بەڵام من ئیزافەم هەیە کە زمانی عەرەبیش هەبێ، چونکە لێرە زمانی عەرەبیش ئەوترێتەوە، حیسابێك بۆ ئەوەش بکرێ، لەگەڵ ئەوەش مەرحەلەکانیش دیاری بکرێ، لە چ مەرحەلەیکدا بتوانن ئەو زمانە بخوێنن؟ مەسەلەن تۆ منالێکت

هەیە لە ئەوروپا دێتەوە تا $10/9$ ی خوێندووە، ئەگەر ئەو دایك و باوكەی هەندێ موهتەم نەبێی (ا، ب) نازانێ، یەعنی ئەو منداڵەی كە لێرە بووە و ڕێزمانی خوێندوە یان ئەوەی خوێندووە، گەشتۆتە ئەو مەرحەلە، تۆ ئێستا بیهێنی ئەوەی فێربكەی فریای ناكەوێ بەكۆلۆریە و ئەوانە ئیمتیحان بدات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوە ی لیژنەی پەروەردە شتێكی زۆر باشە بەو ئیزافیانەی كە باسم كرد، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لاریمان نیە لەسەر ئەوەی كە زمانی دووەم لابچێ لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی، پێم وایە هەمان مانا ئەبەخشێ، بەلاّم گرنگیەكە لەوەدایە كە بتوانرێ زمانی كوردیش بتوانرێ لەو قوتابخانانەی مەسەلەن بۆ پەنابەران بێ، یان هەر جالیەیەكی دیاری كراو بێ كە دێن لێرە ئەیكەنەوە، من پێم وایە حەق بەوەش دراوە كە ئێستا كەم هەیە یان زۆر هەیە، ئەوە مەسەلەیەكی ترە، بەلاّم ئەو مافە هەیە كە قوتابخانەی تایبەت مادام بكرێتەوە ئیحتیمالی هەیە لە داهاتوودا بكرێتەوە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە دەبێتە ئاسانكاری و پێویستیشە بۆ ئەوانەی كە لێرە ئەژین، بۆ ئەوەی كەمێك لە زمانی كوردی فێربن، جا بۆیە بە پێی ئەو پرۆگرامەی كە وەزارەتی پەروەردە بۆخۆی دیاری ئەكات ئێمە پێمان باشە زمانی كوردیش بخوێندرێ لەو قوتابخانە، بەلاّم ئەوەی كە پێویست نەكا ئێمە دیاری بكەین لێرە وەكو زمانی دووەم بخوێندرێ یان بە زمانی یەكەم حیسابی بۆ بكرێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش پشتگیری قسەكەی كاك دكتۆر دانا ئەكەم كە پشتگیری لیژنەی یاسا بوو قسەكانی، وەكو زمانی دووەم كوردی نەخوێندرێ لەو قوتابخانانە، بەڵكو لەو قوتابخانانە بڵێین بە مەرجێك زمانی كوردیش بخوێندرێ، یەعنی مەرجە لە هەموو ولاّتان كە قوتابخانە بۆ جالیات ئەكرێتەوە، ئەگەر ئەهلی بێ یان حكومی بێ ئەوە بە زمانی جالیەكەیە، بەلاّم لە هەموو ولاّتانیش ئاوایە زمانی ئەو ولاّتەی كە لێوەیەتی دەخوێنێ، لێرە پێویست ناكا بڵێین دووەم، بەلاّم ئەبێ بخوێندرێ، سەبارەت بەو تێبینیەی كە هەندێ هاوكاران ئەڵێن ئەوە ئەركی حكومەتە، بەڵێ ئەركی حكومەتە، بەلاّم لەو قوتابخانە ئەهلیانەش هاوكاری حكومەتن لە كردنەوەی قوتابخانە، چ بۆ جالیات بێ یان بۆ ناوخۆ بێ، هیچ مانیعێك نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەوزیحەکم هەیە بە نیسبەت دیراسەی کوردی دەرەجە دوو بێ یان یەك بێ، ئەو صیاغە قانونیـەی کـە بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان کردیەتی، لیژنەی یاسایی کردیەتی صیاغەیەکی تـەواوە، پلـە یـەك و پلـە دوو نیـە لـە ولأتێکی دایك بۆ زمانێك، ئەوەی لەسەر ئەرزی کوردستان ئەژی مەفروزە ئـەلف و بێـی کـوردی بخـوێنێ بـە ئەجنەبیـەوەش، چـونکە ئیختیلأتی دەبـێ، ئـەوە لـە هـەموو دونیـا دا هەیـە، لـە قـانونی صـینی هـەتا ئـەو مەکتەبەی لە دەرێ ئەکرێتەوە، لە خاریجی صین ئەڵێ ئەبێ لوغەکی صـینی بخوێنـدرێ، ئـەو صـیاغەی کـە لیژنەی یاسایی کردیتی زۆر باشـە بـە نیسـبەت دیراسـەی کـوردی، چـونکە دیراسـەی کـوردی نـاڵێم شـیعری مەلای جەزیری بخوێنێ لە مەکتەبی، جالیات کە زمانی خۆی ئەجنەبیە، بـەلأم ئـەبێ ئـەلف و بێـی کـوردی بخوێنن، کە ئەڵێی زمانی کوردی بە دەرەجە یەك و دوو ناگوترێ، کـە ئـەتو ئـەڵێی بـەو دەرەجـە ئـەگوترێ کە ئەتو بە مستەوای ئەو مەکتەبانە، ئێمە موهەندیسی پاکستانیمان هەبوو لە مەخموور بوو، منداڵیان لـە مەکتەبی کوردی ئـەیان خوێنـد، بـە کـوردی قسـەیان ئـەکرد، کەچـی بابـەکانیان بـە ئینگلیـزی تـەعامولیان دەکـرد لـە دەوائـیر، لۆیـە صـیاغەی لیژنـەی یاسـایی صـیاغەیەکە حـەقی خـۆی ئـەداتێ کـە ئیختیـاری پرۆگرامەکەی بکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئێمە مافمان داوە بە هەموو کەسێك کە بە زمانی فەرمی خۆی بخوێنێ کە لە هەر شوێنیك بێ، ئـەبێ ئەو حەقەش بدەین بە هەر پەنابەرێك کە لە هەر ولأتێکن یـان لـە هـەر جێگایـەکن زمـانی فـەرمی خۆیـان بخوێنن، ئەگەر کورد بێ، ئەگەر ئەجنەبی بێ، ئێمە مادام مۆڵەتمان داوە بە کردنەوەی قوتابخانە، مەکتەبی فەرەنسیمان هەیە، مەکتەبی ئەڵمانیمان هەیـە، ئەمانـە مەکتـەبی تایبـەتن بـە زمـانی خۆیـان و سیسـتەمی خۆیان، ئێمە لە کەرتی تایبەت، لە قوتابخانەکانی کە سەربە وەزارەتی پەروەردەن، هەموو ئەو قوتابخانانەی کە لە کەرتی تایبەت وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتیان ئـەداتێ پابەنـد ئـەبن بـەوەی کـە زمـانی کـوردی زمـانی ڕەسمیە بە پێی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەلأم ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە لـە هـەرێمی کوردسـتان دا مۆڵەت ئەدرێ بەو خوێندنگایانەی کە نێودەوڵەتین، یان زمانە جیاوازەکانن لە هەرێمی کوردستان، ئێستا مەکتەبی سویدیمان هەیە ئەوانەی لە مەرحەلە جیاجیاکان لـە سـویدەوە ئەگەڕێنـەوە، ئەگـەر ئەوانـەی کـە کوردن و گەڕاونەتەوە، یەعنی لەو قۆناغانە ناتوانی فەرزی بکەی بەسەریدا کە زمـانی کـوردی هـیچ نـازانێ بڵێی زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێ، چونکە ئەبێ لەو مەکتەبە تایبەتانەدا ئەوانەی کـە سیسـتەمێکی نێـو

دەوڵەتیان هەیە، زمانی ڕەسمی خۆیان زمانی یەکەم بێ، بەڵام ئەوانەی کە سەربە کەرتی تایبەتن و سەربە وەزارەتن ئەوانە بۆیان هەیە کە پرۆگرامەکانیان وەکو ئەوە بێ کە ئەم بەرێزانە باسیان کرد، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا موشکیلەکە ئەوەیە کاکە ئەگەر بڵێین زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم لابچێ شتەکە حەل ئەبێ بەراستی، ئیشکال نامێنێ، فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەرێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من قسەم لەسەر زمان و یاساکە نیە، بەراستی ئەو یاسایە 63 ماددەیە نزیکەی مانگێکە ئێمە خەریکین، تازە گەیشتووینەتە ماددەی 27، ئەگەر بەو شێوازە قسەی لەسەر بکەین من تکایەکم هەیە لە بەرێزتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان، ڕێ مەدەن بەناوی نوقتەی نیزامەوە من هەڵبستمەوە کۆمەڵێك قسەی تر بکەم، ئەگەر نوقتەی نیزامە ڕێم پێبدە، ئەگەرنا دامنیشێنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ماوەیە، ئەو یاسایە ئەوەندەی پێ بچێ پێڕاناگەین، و بەرێزانیش حەقە لە چوارچێوەی بابەتەکە قسە بکەن...

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

سەروەر گیان دوایی لەسەر خۆشت تەتبیقی ئەکەین، دکتۆر دانا فەرموو

**بەرێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستەواژەی زمانی دووەم بە مانای پلە بەندی کردنی زمانەکان نیە، دەستە واژەیەکە بەکاردێ لەو مەجالانە، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە خەڵکی پەنابەر و جالیەی تێدایە، زمانی دووەم بەو مانەیەیە کە تۆ زمانی دووەم ئەیخوێنی، بەڵام وەکو زمانی دایك نایخوێنی، یەعنی وەکو زمانی دووەمە، زمانی دایك نیە، تەنیا پەیوەندی بە مەسەلەی ئەوەیە شێوازی خوێندنەکە ئایا بە شێوەیەکی زۆر چڕ و زۆر قوڵ ئەیخوێنێ؟ یان بە شێوازێکی تر ئەیخوێنی کە زمانی دایکت نیە، بۆ نموونە لە بەریتانیا زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم ئەخوێندرێ، وڵاتەکەش هی خۆیانە و زمانەکەش فەرمیە، و لە سویدی ئەمانەش بە هەمان شێوەیە، جا ئێمە ئێستا بۆ موعالەجە کردنی ئەو کێشەیە باسمان کرد، مەسەلەی زمانی دووەمان لاداوە، ئێستا صیاغەیەکی موشتەرکمان هەیە، ئەگەر ئیجازە بدەن ئەیخوێنینەوە.

ماددەی 22:

قوتابخانەی تایبەت بە ڕەوەندەکان یان پەنابەران، مافی خۆیانە زمانی فەرمی خۆیان لە خوێندن و فێرکردندا بەکاربهێنن، بەمەرجێك زمانی کوردی بخوێندرێت بە پێی پرۆگرامێکی تایبەت کە وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 28:**

**دەكرێت بۆ قوتابخانە ئەهلیەكان، بابەتەكانی تێكست لەسەر كراو لە بڕگە (1) لە ماددەی (26)ی ئەم یاسایە بە یەكێك لە زمانە بیانیەكان بوترێتەوە، بە مەرجێك كاریگەری نەرێنی نەخاتە سەر خوێندكارانی خەڵكی هەرێم، بەتایبەتیش خوێندكارە كوردستانیەكان، لە بواری كاریگەری خستنە سەر ڕێڕەوی زمانی نەتەوەییان، یان كاریگەری بخاتە سەر دابەزینی تێگەیشتن لە بنەماكانی خوێندن و نووسین و خوێندنەوە و وەرگرتنی ئەدەبی و ڕەوانبێژی، هاو ئاست بە هاوڕێكانیان لە قوتابخانە فەرمییەكان بە گوێرەی قۆناغەكان و لقەكانی خوێندن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو بە عەرەبیەكەی**

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة 28:**

**یمكن للمدارس الاهلیة، المواد المنصوص علیها في الفقرة (1) من المادة (26) من هذا القانون، یدرس باحدى اللغات الاجنبیة، شرط ان لا یؤثر سلبیا على الطلبة من اهل الاقلیم، خصوصا الطلبة الكوردستانیون، في مجال التاثیر على مجریات لغتهم القومیة، او یؤثر على هبوط فهم اسس القراءة والكتابة والاستیعاب الادبي والبلاغي، بذات مستوى اقرانهم في المدارس الرسمیة وفق مراحل وفروع دراستهم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە**

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**لەبەر ئەوەی پێشتر لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێمان وابوو ئەوە ئەكرێتە بنەما، بۆیە بە پێی ئەوە نەڕۆیشتووین، یەعنی دیاریمان نەكردووە ئایا ئەو ماددەیە ڕەفز كراوەتەوە یان نا؟بەڵام ئێستا كە سەیر ئەكەم ماددەی 23 یەم دێ لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، دەتوانم بڵێم باس لەوە ئەكا بنەما سەرەكیەكانی وەرگرتنی قوتابیان، جا بۆیە تەقریبەن دوو، سێ ماددە هەر ڕەفز كراوەتەوە، بەڵام پێم وایە هەر ئەبێ بیخوێنینەوە.**

**ماددەی 23:**

**بنەما سەرەكیەكانی وەرگرتنی قوتابیان بەم شێوەی خوارەوە ئەبێ:**

1-سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەکەوێتە بەر حوکمی بنەماکانی سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانەکانی حکومەتدا

2-دەبێ قوتابخانەی تایبەت پلانی وەرگرتنی قوتابیان لە کاتی دیاریکراودا پێشکەش بە وەزارەت بکات و پاش ڕەزامەندی وەزارەت لیستێك بە ناوی ئەوانەوە پێشکەش بکات بۆ پەسند کردنی

3-دەکرێ قوتابی لە قوتابخانەی حکومیەوە بۆ قوتابخانەی تایبەت یان بە پێچەوانەوە بگوازرێتەوە، بە گوێرەی دەقی ئەو ڕێنماییانەی لە پەیڕەوی تایبەت بە وەرگرتندا ڕێکدەخرێت

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا باسی ئەوەم کرد، گوتم ئێمە لەڕاپۆرتی خۆماندا، هەرچەندە نەمان نووسیوە، بەڵام ڕەتمان کردۆتەوە، ئەو دوو، سێ ماددەیەی کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، لەبەر ئەوەی لەماددەکانی تردا پێشتر باس کراوە، جێگا کراوەتەوە، ئێمە بۆیە تەسەسولی ماددەی (23) یەکسەر داوامانە بەو، دەتوانم بڵێم لەماددەی (32)ەوە دەست پێ دەکات، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو ماددەیەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشنیاری ڕەتکردنەوەی ئەو ماددەیە دەکەین، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی ماددەکە لەماددەکانی پێشووتردا دەنگمان بۆ داوە، چارەسەر کرایە، داوا لەبەڕێزتان دەکەین کە ڕەتکردنەوەکە بدرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش چ ئیشکال نینە ئەڤ ماددە لابچیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنە و جەنابی وەزیر دەیانەوێ ڕەتبکرێتەوە، کێ لەگەڵ وەی دایە ڕەتبکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس.

بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (29):

قوتابخانە تایبەتە کوردییەکان پابەندی هەمان پرۆگرام و کتێبە بڕیار لەسەر دراوەکانی وەزارەت دەبن، لەهاوشێوە قۆناغەکان، بەڵام قوتابخانە تایبەتە ناکوردییەکان، پێویستە کۆپییەك لەپرۆگرامەکان و کتێبەکان بدەنە وەزارەت بۆ بڕیاردان لەسەریان، نابێت هیچ گۆڕانکارییەك بکەن لەم پرۆگرام و کتێبانە یان نا بێت ماددەیەکی زیاد بەدەر لەوەی بڕیاری وەرگرتووە بوترێتەوە، تاکو بەنوسراو بڕیاری وەزارەت وەرنەگرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (29):

المدارس الكوردية الخاصة، تلتزم بنفس المناهج والكتب المقررة وزاريا، بمثل المراحل، لكن المدارس الخاصة غير الكوردية، يجب ان تقدم نسخة من المناهج والكتب الى الوزارة لاقرارها، ويجب ان لا تجري اية تغييرات على هذه المناهج والكتب او لايجوز ان تدرس مادة اضافية غير التي اخذت بها الموافقة حتى يتم استعمال قرار الوزارة تحريريا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو ماددەیەین، بەهەمان هۆی ئەوەی کە لەماددەکانی تردا چارەسەری بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکا، ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پێشنیار دکەم ڕەت بکرێتەوە، ئەڤەی هاتە گووتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنەی و جەنابی وەزیر دەیانەوێ ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (30):

وەزارەت بۆی هەیە، هەموار یان ڕاگرتنی هەر پڕۆگرامێکی خوێندنی قوتابخانە تایبەتەکان بکات، کە تانە و توانجدار بێت بە بەها ئاینی و نەتەوەییەکانی وڵات، وەزارەت بە نووسراوێك تیادا هۆیەکان و بنەماکانی بڕیارەکە، دیاری دەکات و قوتابخانەی پەیوەستدار ئاگادار دەکاتەوە و ماوەی گونجاو دیاری دەکات بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (30):

للوزارة الحق في تعديل او ايقاف اي منهاج دراسي للمدارس الخاصة كأن تكون تطعن وتنال من القيم الدينية والقومية للبلد، وتوضح الوزارة بكتاب اسباب وأسس القرار، وتخطر المدرسة المعنية وتحدد المدة المناسبة لتنفيذ القرار.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئیلغا کردنەوەی ئەو ماددەیەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ڕەتکردنەوەی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە باس لە پێدانی مۆڵەت دەکا، ئەو بابەتە چارەسەر کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئیم هەی، چونکەڤە دووبارەیە هاتییە گوتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (1) کەس لەگەڵ مانەوەی ئەم ماددەیە، بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ مادەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (31):

سەرجەم کەل و پەلی کتێبخانە و هۆڵی خوێندنەوە و کتێب و تۆمارەکان و چاپکراوەکان و ڕۆژنامەکان و هێڵکارەکان و وێنەکان ،.... هتد، دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری وەزارەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة(31):

جميع مواد المكتبة وقاعة المطالعة، والكتب والسجلات والمطبوعات والجرائد والتخطيطات والصور،... والخ، تقع تحت اشراف ورعاية الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە پێشنیاری ئیلغا کردنی دەکەین، لەبەر ئەوەی چارەسەر کراوە لەماددەکانی پێشوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ڕەتکردنەوەی دەکەین، لەبەر ئەوەی کە پێشتر چارەسەر کراوە ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش هەمان ڕەئی هی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ مادەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: بنەماکانی وەرگرتنی خوێندکاران

ماددەی (32):

سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران لە دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی، دەکەوێتە ژێر پابەند بوون بە بنەماکانی سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانە حکومییەکان، وە دەکرێت لادا بەیەك ساڵ بەرەو بەرزترین یان نزمترین تەمەنی بڕیار لەسەردراو بۆ پۆلەکانی خوێندن هاوشێوە لەقوتابخانە حکومییەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیا: أسس قبول الطلبة

المادة (32):

نظام قبـول الطلبـة في مؤسسـات التعلـيم الاهلي، تقـع تحـت طائلـة الالتـزام بأسـس نظـام القبـول في المـدراس الحكومية، ويمكن ان يكون انحراف بسنة واحدة نحو أعلى أو اسفل العمـر المقـرر لصـفوف الدراسـة المشابهة في المدارس الحكومية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرمووو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەواوی ئەوەی کە بـابڵێین لـەژێر دەروازەی ئـەوەدا هـاتووە، بـەناوی بنـەما سـەرەکییەکانی وەرگرتنـی قوتابی، هەر سێ ماددەمان لەیەك داوە، بەم شێوەیە دامان ڕشتۆتەوە:

ماددەی (23): بنەما سەرەکییەکانی وەرگرتنی قوتابیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1- سیسـتەمی وەرگرتنـی قوتابیـان لـە قوتابخانـە تایبەتەکانـدا دەکەوێتـە بـەر حکـومی بنـەماکانی سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانەکانی حکومەتدا.

2- دەبێ قوتابخانـەی تایبـەت پلانـی وەرگرتنـی قوتابیـان لـەکاتی دیـاریکراودا پێشکەشـی بـە وەزارەت بکات و پاش ڕەزامەندی وەزارەت لیستێك بەناوی ئەوانەوە پێشکەش بکات بۆ پەسەند کردنی.

3- دەکرێ قوتابی لە قوتابخانەی حکومییەوە بۆ قوتابخانەی تایبەت یان بە پێچەوانەوە بگوازرێتـەوە، بە گوێرەی دەقی ئەو ڕێنماییانەی لە پەیڕەوی تایبەت بە وەرگرتندا ڕێکدەخرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەداڕشتنەوەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەین، کـە بـەڕیز بەنـدی مـاددە (23)یـە، تـەنها ئـەوە نەبێ دەستەواژەکان بگۆڕدرێن، بەپێی ئەو دەستەواژانەی کە دەنگی لەبۆ درایـە، ئەهلییەکـە بکرێتـە غـەیر حکومی، وە مەعاهیدیش زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە تەنها باس لە مەداریس دەکا، ئێمـە لـەناوی یاسایەکەدا مەعاهیدیشمان زیاد کرد، مەعاهیدی غەیر حکومیش زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئید ناکەم، لازمە مەجال پتر تێدا بێ، لەخیندنا ئەهلی، خاسەتەن بەنیسبەت عمری، گەلەك جار مە تەحدیدا دیێت هەین ئەم خەلکی ڕادەگرینەڤە، شیا نێتەن، تشتێ تەن، بەس عمرێ وی زێدەیە، ئەڤ سا مە

مەجبوربن هەندەك جارا، مە لەڤوتابخانە یا  مەعاهیدێ كۆمپیوتەرێ یا بینا سازیییە، هەندەك ئەندامێ پرلەمانێ، مە شەرتی عمری ئیلغا كریەوە، ئەز نابینم لازمە وەك یەك بن، لازمە هەندەك مرووره تێدا بیتەوە، مەجالەك بۆ وان كەسێ، سەبەبێ عمری یان تشتەكی دی نەشێ بچیتە ئەو ڤوتابخانەیێ یا مەعاهیدێ حكومی بچێتە هی ئەهلی، ئەز بینم ئەڤە بێتە تەعدیل كرن، ئەگەر كێشە نەبێ هەر نەمینێت، چونكە ئەڤە كێشەكا واقعی مەیە لەسەر ڤی بابەتێ، پێشنیارم ئەوەیە شەرتی عومر لابچێت، لەئاستی پڕۆژە و لێرەش بە موتلقی هاتووە، هەمان شروتە، ئەوە بۆتە بخینە، دەلێت ( يخضع قبول الطلبة في المدارس الخاصة لاحكام واسس نظام القبول في المدارس الحكومية) كە ئەوە هەموو تشتەك تێدایە، مەعەدەل و ئەوە و، من لەگەڵ داڕشتنەكی بە روونترم لێرە، چونكە مەدارسی ئەهلی كەسێك دەیەوێ بەپارەی خۆی دەخینتەوە، دەبیتن بڕەك شی لەو ماددەی تێدابیتن و فرسەتەك هەبیتن تێدا، عادەتەن ڤەكرنا مەدارسێت ئەهلی دەرگایەكە بۆ وان كەسێت فرسەت نەهینایە بۆ ڕەغبەتێ، نەئیلا بچێتە شوەیفات و مەدرەسەیەكا دی مستەوای بلندترە، هەندەكا دەلیڤا نیینە لەمەدرەسا حكومەتێ بخینن، بۆ ڤێ چەند دڤێتن لازمە بەرچاڤ وەرگریڤەوە، ئەو ڤبوول لازمە هەندەك شروتا خاص بیت ل وەزارەتێ دەركەڤنەوە، چارەسەریا ڤێ كێشێ و هەدەڤێ كو مەدارسێت ئەهلی پێ تێرە دان، لازمە تەحقیق كاتن، كابرایەكی مەعەدەلێ وی كەمترە دوو دەرەجە مەسەلەن، دڤێت بچێت كۆمپیوتەری بخینیت، ڤوتابخانێت حكومەتا، مەعاهیدێ حكومەتێ، مەجال نینە، داتوو دەلیڤە بدەیێ زمە توو ڤێ مرووورەتێ پیدا بكەی، یان عمرێ وی ساڵەكا بەسەرچوو یان هەر شەرتەكا دی، بۆ ڤێ ئەصڵەن ئەمە ناگونجێت لگەڵ فەلسەفا ڤەكرنا مەدارسێت ئەهلی، ئەڤە لازمە بمینێتن، هەندەك شروتی تایبەت بهێنە دانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەسەر ئەم ماددەیە تێبینی هەیە؟ با ناوی بنووسین، تكایە ناوەكانتان، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( كاك قادر، گەشە دارا، ئاهەنگ خان، كاك عبدالرحمن، كاك عبدالسلام، ناسك خان، زكیە خان، سمیرە خان، شلێر خان، كاك شڤان، كاك جمال، كاك جلال، پەروین خان، مامۆستا فرمان، عظیمة خان)، فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لەكردنەوەی ڤوتابخانە ئەهلییەكان بێ جگە لەوەی لەڕووی زانستی بالاتر و ئەوانە، دەرفەتێكی زیاتریشە بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری فێرخوازان بتوانن لەڤوتابخانە ئەهلییەكاندا فێر ببن، بۆیە من تەئیدی پێشنیاری جەنابی وەزیر دەكەم، كە ئەو شروتانەی لەڤوتابخانە حكومییەكان فەرز دەكرێ، بەتایبەتی لەڕووی تەمەنەوە، بەسەر ڤوتابخانە ئەهلییەكانەوە فەرز نەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گەشەخان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی قسەكانی بەڕێز وەزیر دەكەم، لەمەسەلەی تەمەن، نابێ ئێمە ئەوە فەرز بكەین بەسەر ئەو قوتابخانە ئەهلییانەدا، كاتێك كە تۆ دەڵێی قوتابخانەی ئەهلی سیستەمێكی تایبەت بەخۆیەتی، كەواتە تۆ بیخەیتە ژێر باڵی سیستەمی حكومییەوە، چ جیاوازییەكی دەبێ؟ لەكاتێكدا تۆ بڵێی سیستەمێكی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە لەمەسەلەی وەرگرتندا دەتوانێ جیاوازبێ، مەكتەب هەیە، بە (7) ساڵی خوێندكار وەردەگرێ، بەڵام لای خۆمان دەبێ (6) ساڵ بێت، یەعنی ڕەنگە هەبێت (5) ساڵ بێت، سەبارەت بەگواستنەوەی خوێندكاریش لەقوتابخانەیەكەی حكومییەوە بۆ قوتابخانەیەكی نێودەوڵەتی یاخود ئەهلی، ئەمەش جۆرێك هاودژی دروست دەكات، چونكە لەكاتێكدا تۆ دەڵێی پەیڕەوی سیستەمی تایبەت بەخۆی بكا، ڕەنگە ئەو سیستەمە بەپێی تەمەن ئەو حوێندكارە وەر بگرێ، لەكاتێكدا بەپێی سیستەمە حكومییەكە دەبێ ئەو قۆناغەی تێپەڕادبێ، بۆنموونە لە (5) دەرنەچووە، بەڵام دەیەوێ بچێتە قوتابخانەیەكی ئەهلی یا بڵێین ناحكومی، ئەو بەپێی تەمەن وەری دەگرێ، ئەگەر ئەو قۆناغەشی تێنەپەڕاندبێ، وەری دەگرێ، ئایا ئەمە هاودژی دروست ناكا لەنێوان ئەو دوو سیستەمە؟ لەبەر ئەوە پێویستە بەپێی سیستەمی تایبەتی قوتابخانە ناحكومییەكان خوێندكار بگوێزرێتەوە یان وەر بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

حەق بوو باسی دەرەجەشت بكردبایە، چونكە ئەگەر دەرەجەش بەقەدەر دەرەجەی جامیعاتی حكومی بێ، كابرا ناچێتە ئەهلی، حەتمەن دەبێ دەرەجەكەی كەمتربێ ئەوجا دەچێتە جامیعاتی ئەهلی، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی بەڕێز وەزیری پەرروەردە دەكەم، د. عصمت، چونكە فەلسەفەی ئەو دوو مەكتەبە لەتەنافوسە لەگەڵ یەك، ئەو نیزامە ئەو دوو مەكتەبە، خاس و عام ڕەبت نییە بەیەكتری، دادەندرێ لەوڵاتانی پێشكەوتووی دونیایێ بۆ ئەوەی پرۆگرامیان، وەكو ئینتیخاباتە، پرۆگرامی هەر گرووپەكی موختەلیفە بۆ ئەوەی ئەوانە بكەونە مونافەسە، فەلسەفەكەی ئەوەیە كەهیچ ڕەبت نەكرێ بەشروتی حكومی، بۆیە پشتگیری بەڕێز وەزیری پەروەردە دەكەم، لەو لایەنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەروا پشتگیری قسەكانی جەنابی وەزیر دەكەم، قسەكانی من كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو بۆچوون هەیە بۆمەدرەسەی ئەهلی، هەندێکیان هەیە تەنها لەبەر ئەوەی چونکە ڕێگا نییە قوتابی و خوێندکار لەقوتابخانە حکومییەکان وەر بگیرێن، مەجالێکییان بدەینێ لەجێگایەکی تر بخوێنن، بۆچوونێکی تر هەیە کە بەتەسەوری من مەبەست لەو یاسایە ئەو بۆچوونە ئەوە بێت، ئێمە ڕێگا بدەین بە فرە چەشنی و جیاوازی مەسائیلی تەربەوی و بەڵکی خەڵکی ئێمە کەڵکی لێوەر بگرێ، ئەو مەدرەسە ئەهلییانەمان لەبەر چاو بێتن کە هەندەك تاقی کردن و تیۆری تەربەوی تازە هەیە لەدونیادا، بۆیە ئێمە ئەگەر بەو تێڕوانینەی دووەمدا بچین من پێشنیار دەکەم، ئەگەر لەسەر یاسایە ئەصڵییەکە بێتن، مادده (32 و 33) لابدرێ، هی ئەصڵی، ئەگەر تەنها مەسەلەی گواستنەوەیە، چونکە ئەوە ڕەبتی هەیە بەسیستەمی دیراسیمان، لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە گەشە خان باسی کرد، ئەگەر هاتو پێشنیاری لیژنەی پەروەردە بێت، لەگەڵ جەنابی وەزیرم کە هیچ باسی بنەمایەکانی وەرگرتن و بنەمایەکانی ئینزیبات و ڕەفتار نەکەین، ئێمە لەسەرەتاوە، بۆیە موئەهەلە وەر دەگرین تاوەکو وەزارەت دیراسەتی فائیلەکە هەمووی دەکا، موئەهەلەی دەداتێ، کە موئەهەلەکەی دایێ، داعی نییە تۆ بەماددەیەکی تر هەندێك تەعقیدات دابنێی، ڕێکخستنی گواستنەوە، چۆنیەتی گواستنەوە، لە مەدرەسەی حکومی بۆ ناحکومی فیعلەن بابەتێکە دەبێ یاسا قسەی لەسەر هەبێ، بەڵام وانەکەین بڵێین هەمان بنەمایەکانی وەرگرتن لەمەدرەسەکانی حکومی دەبێ وەر بگیرێ، ئەوە شتێکە تەسەوڕ دەکەم بیڵێن بۆ وەزارەت، بەڵام ڕێگا بدەین، ئەگینا باسی نەقبول بکەین و نە باسی چۆنیەتی تەدریس، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە داڕشتنەوەکەی لیژنەی پەروەردە بەسێ برگە کردوویەتی، تەقریبەن نزیکە ڕامان لەیەکتر، هەر لەگەڵ ڕەئی وەزیری داین، بەس خاڵێ یەکەم کەباس لەسیستەمی وەرگرتنی قوتابیان دەکا، پێموایە ئەمە لەپێشتر لەماددەیەکدا کە باس لەوە کراوە دەبێ ئەو کەسەی کە دەیەوێ مەکتەبێکی ئەهلی بکاتەوە، دەبێ پەیڕەوی ناوەخۆی قوتابخانەکە پێشکەش بکا، ئەو پەیڕەوە حەتمەن سیستەمی خۆی تێدا تەوزیح دەکا، لەبەر ئەوە پێویست ناکا جارێکی تر تۆ لێرە بیهێنی بڵێی دەبێ سیستەمی وەرگرتن لەگەڵ قوتابخانەکانی حکومەت دابێت، ئەی تۆ بۆچی داوای پەیڕەی لێدەکەی؟ ئاخر دەزانی پەیڕەوی ئەوان، یاخود سیستەمی ئەوان جیازاز بێ لەحکومی، لەبەر ئەوە من وابزانم ئەو خاڵی یەکەمە، زیادەیە،

دووەمیش هەر بەهەمان شێوە لەپەیڕەودا جێگەی دەبێتەوە، ئەمێنێتەوە ئەم سێیەمە کە لەم یاسایەدا تا ئێستا باس نەکراوە، مەسەلەی گواستنەوە لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر، ئەمیش دیسان ئەم کێشەیەی دێتە بەردەستی، ئایا ئەم قوتابخانە ئەهلییە کە زۆر بەتەبیعی یاخود ئەو پەیمانگایە کە ئەمە پەیمانگاشی تێدابوو، کە گوێنادا بەتەمەن و کەسێك نەیتوانیوە خوێندنی شەش تەواو بکا بۆ نموونە تەمەنیشی شموولی ناکا، دەچێتە شوێنێکی ئەهلی، دواتر ئیجازەی بدەین بگەڕێتەوە بۆ حکومییەکە، ئایا حکومییەکە دەتوانێ وەری بگرێ؟ لەکاتێکدا ئەم شروتی تەمەنی تێدا نەبووە، دەرەجەی کەم بووە، ئینجا چۆتە ئەو ئەهلییە، ئێستا بەپێی ئەم ماددەیە بێ، یەعنی ئۆتۆماتیکییەن دەتوانێ بچێ لەئەهلی بخوێنێ، دوای ساڵێك داوا بکا نەقل بێتەوە، ئەوە بۆ هینی حکومییەکە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من یەکەم و دووەم هەر لەپەیڕەوی ناوەخۆیەکە جێگای دەبێتەوە، زیادەیە، دووەمیش دەبێ بڵێین (بەمەرجێك لەگەڵ ڕێنمایەکانی قوتابخانە حکومییەکاندا ڕێك بکەوێ) ئینجا بتوانێ نەقل بێ بۆ حکومی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زەکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەز دگەل خالا یەکێ کو د ڕاپۆرتا لیژنەیا پەروەردەدا هاتیە، سێیەم بنەمایێ وەرگرتنێ دگەل سیستەمێ وەرگرتنێ حکومی و ئی ئەهلی ببێتە یەك، ئەڤە ب هیچ ڕەنگەکی ناهێتە کرن، چونکو هەندی ئەز ئاگادارم سیستەمی وەرگرتنێ ل قوتابخانێت حکومی بەس ل سەر ئەساسێ تەمەن یا مەوقعا جوگرافیایا، بەس ئەگەر بهێین لەواقعدا سەح کەین، سیستەمێ وەرگرتنێ قوتابخانێت ئەهلی نووکە لەهەرێمی کوردستانێ، دەبینین مەسائیلێت ماددی هەتا ل هەندەك مەدارسادا ئەزمونەك دێتە کرن کو هەندێ کو قوتابی وەرگرن، دیسا ژ سیستەمی قورعە ژی بکاردینن، ژ بەر هەندێ ژی یا ڤیا بیتن سیستەمی حکومی بگۆڕین دگەل وان بگونجێنین، یان ئەم نەشێن دوو سیستەمی نووکە هەردوو سیستەما بکەینە یەك کو هندێ بشێین ڤێ درکێ قوتابی وەر بگرین، سەبارەت ڤە گواستنا یا قوتابی یان ژحکومی بۆ ئەهلی یا ژ ئەهلی بۆ حکومی ئەڤەش ژی ئەز بینم ئایا لسەر ویستا قوتابی بخۆیا؟ یان ژی پێڤەرەك هەیە بۆ ڤی یەکێ، چونکە ئەوە قوتابخانێت ئەهلی نوکە لەهەرێمێ کوردستانێ دێتە چاڤەڕێ کرن، هەتا هەندەك قوتابخانێت یێت نموونەیی ژ هەرێما کوردستانێ بۆنموونە مەدرەسا نموونەیا حکومیا هەی، ئەگەر هاتو ل دەرسەکێدا مەعەدەلێ ژ (70) هاتە خوارێ، یەکسەر دێ نەقل کەنە مەدرەسەکا دی، کو دڤێ درکێدا ئەز بینم یا گونجای نینە کو ئەم ڤی ڕەنگی تەعامول بکەین بۆ ڤەگواستنێ، پێدڤیا سەر ویستا یا وی قوتابی بیتن، بۆ هندێ بێتە ڤە گواستن ڤێرەدا ئاماژە پێ نەکریە کو ل سەر ویستا قوتابی ب خۆ بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر تەئیدی قسەكانی زەكیە خان دەكەم، بەنیسبەت سیستەمی وەرگرتنی قوتابی، لەهیچ شوێنێكدانییە، كەرتی تایبەت لەگەڵ حكومی یەك بگرێتەوە، هەر نمونە لەپێش دەستمانە، ئێستا بڕۆ شوەیفات (سایبس) دەبێ بەچوار ساڵی ئەو قوتابییە وەردەگری دەبێتە (K.J.1) (كەی جی وەن) دوایێ دێت (K.J.2) (كەی جی توو) یەعنی مەنهەجەكەی بەو شێوەی دادەنێت، هی ڕەوزەی عمری چوار ساڵە، ئێستا لەبۆ ئەو ساڵ وەربگرێ، تاریخەكەی دیار دەكا، هەتا (2010/9/15) لەدایك بێ، تا (2013/9/15) یەك ڕۆژیش تێپەڕی، چاومانیش دەربێ، هەموو واستەی دونیای بكەین وەر ناگیرێ، ئەوە دەبێتە پۆلی یەكی ڕەوزە، دوایی هەر ئەو قۆناغە دەڕوا، دەبێتە ڕەوزەی دوو، ئەوجا دەچێتە قۆناغەكەی سەرەتایی، كا لەحكومی ئەوەمان هەیە، چۆن دەتوانین ئێمە قانونی حكومی تەتبیق بكەین لەوێندەر؟ هەر مەعەدەلیش، ئێستا تەڵبە هەیە، پۆلی شەشی ئامادەییە، سێ ساڵ لەشەش مایتەوە، فەصڵ بووە، تەمەنەكەی هەن ڕۆیشتییە، دەرەجەكەشی لەمەعەهدی كۆمپیوتەری خۆمان ئەویش هەر بەتەمە، تەمەنەكەی دیاری كرایە، خەریجیە ساڵەكەشی دیاری كراوە، دەبێ لەفلاَن ساڵێ تەخەروجی كردبێ، نەفسی ساڵ بێ، ساڵی بسەرتێنەپەڕی بێ، مەعەلعیلم ئەوە سێ ساڵ تێپەڕییە، ڕاسب بووە لەپۆلی شەش، ئێستا هاتییە، چووە لەكۆمپیوتەری ئەهلی دەخوێنێ، ئەوە دوو مەرج، ئی سێیەمیش باسی تەئدیب و ئەوانە كاك عبدالسلام بەجوانی باسی كرد، ئێستا لەهەموو كەرتەكان، كە بچینە مەكتەبەكانی سەر بە وڵاتێكن، نیزامی خۆیان لەبۆ تەئدیب و ڕەوشت و سلوكی دادەنێن، ئەوە پێویستە هەمووی لەناو پەیڕەوی ناوەخۆ، لەناو فائیلەك، هەمو تەدوین بكرێ، لەگەڵ فایلەكە تەقدیم مۆڵەت دەكا، لەوەزارەت تەسدیق كرابێ، بیدرێتێ، هەندێ وڵات هەیە هەروەزارەتیان نییە، وەزارەتی پەروەردەیان نییە، تەنها كەرتی تایبەتە پەروەردە بەڕێوە دەبات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرمووو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من خۆم هەر لەم یاسایەدا یەعنی ئەو كۆت و بەندانەی خرایە سەر كەرتی تەعلیمی تایبەت، بەڕاستی لەگەڵیان نەبووم، ئێستا جارێكی تر ئەوەندەی تر موقەیەد ببێ، لەبەر ئەوە با واز لەوە بێنین، جەنابی وەزیر چۆن ئیشەكانی خۆی دەكا، بەس ئەمن یەك پرسیارم هەیە، ئایا بەڕێزیان لە وەزارەتەكەیان ئەو كادیرە شارەزایەی هەیە كە بتوانێ تەفتیشی ئەو هەموو پەیڕەوی ناوەخۆی مەكتەبانە بكات؟ كە نەبێتە ڕێگر بۆی، چونكە بەڕاستی ئیبداعی خوێندكاران لە مەكتەبە تایبەتەكاندا دەركەوت، بەپێچەوانەوە

مەکتەبـەکانی خۆمـان لـەنیزامی دەرخ کـردن، کـە نایـەڵێ تەڵبـە بەباشـی بـیر بکاتـەوە، هـیچ تەڵەبەیـەکی موبدیعمان نییە، ئەوان لای خۆیان ئەصڵەن نیزامی جەمپیان هەیە، دایك و باوکەکە دەڵێن ئەم خویندکارە لەم پۆلە ئیتر هیچ نەماوە فێـر ببێ، ئەوەنـدە زیـرەك و بەتوانایـە سـاڵێکی تێدەپـەڕێنێ ئەمانـە هـەمووی ئەگەرئیێمە بێتو لێرە دانیشین قانونی بۆ دابنێین، ئەیکەینەوە بەمەکتەبەکانی خۆمان، کە بەڕاسـتی ئێسـتا لەوڵاتان تۆ سەیر بکە دەبینی دکتۆرای تەواو کردووە، تەمەنی (20) ساڵە، ئێمە ئەگەر بێت و ئـەم پێـوەرە دابنێین بۆ مەکتەبە تایبەتەکان ناگەین بەو وڵاتانە، هەر لەدواوە دەبین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەکانم کرا، بەڵام هەر ویستم تەئکید بکەمەوە، دووبـارە، یـەعنی سـێ شـت هەیـە دەبـێ هـەر باسـی نەکەین، منیش پشتگیری قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، یەك مەسەلەی تەئدیبە، دووەم مەسەلەی عمرە، سێیەم کـە باسـنەکرایە، مەسـەلەی مەعەدەلـە، ئـەم خسوسـیەتە بـۆ مەدارسـانە ببێـت، ئەگـەر بەسـیغەیك بنووسین خسوسیەتی وان لەبەر چاو بگیرێـتن، لـەو بـارەوە، بـەپێی پـەیڕەوی نـاوەخۆ یـەکێ لەشـروتەکانی وەرگرتنی ئیجازەدا ئەو شتە شتێکی وەکو دەڵێن حەسیل حاسڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەقوتابیان لەمەکتەبا ناحکومییەکان وەردەگیرێن، ئەو مەکتەبە ناحکومییانـە کـە تایبەتن، ئیمتیازیاتیان هەیە، لەجامیعە تایبەتەکاندا کە لەکوردسـتاندا هەیـە، بـۆ نموونـە باسـی جامیعـەی ئەمەریکی دەکەن لەسلێمانی، نیزامـی سمسـتەریان هەیـە بـۆ فێربـوونی زمـانی ئینگلیـزی، ئـەو قوتابیانـەی لەمیدیا دەردەچن، یان لەصەلاحەددین دەردەچـن، ئێعفـا دەکـرێن بـە نیزامـی سمسـتەری فێربـوونی زمـانی ئینگلیزی، لەبەر ئەوە فەرز کردنی شروتی وەرگـرتن لـەنیزامی حکومیـدا بەسـەر ئەهلییەکانـدا زەحمەتـە، چـونکە ئـەو قوتابخانـە ئەهلییانـە، کـە مـن باسـی سـلێمانی دەکـەم لەوانەیـە شـوەیفاتیش وابـێ، لەوانەیـە ساسیبسـیش وابـێ، ئیمتیازیاتیـان هەیـە لەوەرگرتنـدا لەجامیعەکـەدا، تکـام وایـە لەلیژنـەی پـەروەردە و لەلیژنەی یاسایی، جێـی ئـەوە بکەنـەوە، یـان جـەنابی وەزیـر چـۆن جێـی ئـەوە دەکرێتـەوە کـە قوتابییـەك لەقوتابخانــەی حکـومی دەچـێتە جامیعــەی ئەمــەریکی، دووســاڵ زمــانی ئینگلیــزی دەخــوێنێ، بــەڵام لــە صــەلاحەددین و لەمیــدیا بچــێ، زمــانی ئینگلیــزی نــاخوێنێ، دوو ســاڵ دەکەوێتــە دواوەی قوتابخانــە، قوتابییەکـەی لەقوتابخانـەی حکـومی دەردەچـێ، تکـام وایـە جێـی ئـەوە بکەنـەوە، چـونکە ئـەوە خۆمـان

زەرەرمەند دەبین تێیدا ، دووبارەشی دەکەمەوە، ڕێژەیەکی کەم دەتوانێ بچێتە قوتابخانە ئەهلییەکان، کە ئەسبابی موجەبەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نارۆمە تەفاسیل و نموونە بێنم و ئەوانە، ئەوە دیارە ئێستا کە جیاوازییەك هەیە لەنێوان قوتابخانە و پەیمانگا حکومییەکان و ناحکومییەکان، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و کورتکردنی ئەم ماددەیە، موقتەرەحێکم نووسیە، بەجەنابی وەزیرم دایە، بۆ لیژنەشم نارديیە، ئێمە لەجیاتی ئەو سێ، چوار دێرە بلێین (یکون قبول الطلبة في المدارس والمعاهد غير الحكومية والانتقال منها واليها وفق ضوابط ومبادئ تحددها وزارة التربية) لێرە سەلاحیات بەوەزیر تەربییە دەدەن، ئەو دەزانێ چۆن زەوابت دادەنێ و کەی نەقل دەبێ و چەند نەقل دەبێت، تەعلیماتی خاس پێ دەردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (32) کە باس لە سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان دەکا، لەقوتابخانە ئەهلییەکان، من پێم باش نییە کە وەرگرتنی قوتابیان لەو مەکتەبە ئەهلیانە بەگوێرەی سیستەمی قوتابخانە حکومییەکان بێ، لەبەر ئەوەی ئێمە قوتابخانەی نموونەیمان هەیە کە سەر بەحکومەتە، نموونەی وەك ئەوە ڕۆژاك، فاخیر مێرگە سۆری، هەولێری نموونەی، دیارە ئەوانە بەموعەدەلی زۆر بەرز قوتابی وەردەگرن، لەو قوتابخانانە، ئێمە ئەگەر بێت و وەرگرتنەکە بەگوێرەی سیستەمی ئەو قوتابخانە حکومییانە بێت، دەبێ لەقوتابخانە ئەهلییەکان بەو موعەدەلە بەرزە قوتابییەکان وەر بگیرێن، دیارە مەبەستیش لەو قوتابخانە ئەهلییانە کە هاوکاری کردن و کارئاسانییەکە بۆ قوتابیانمان، بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بەخوێندنیان بدەن لەو قوتابخانانەدا، جا من پێم باشە سیستەمی وەرگرتنەکە بەگوێرەی سیستەمی وەرگرتنی قوتابخانە حکومییەکان نەبێت، بەگوێرەی ماددەی (24) کە باس لەگواستنەوەی قوتابیان دەکات، لەمەکتەبی حکومی بۆ ئەهلی و لەئەهلییش بۆ حکومی، من پێم باشە ئەو خاڵەش بمینێتەوە، چونکە لەوانەیە ئەو خاوەن پرۆژەیە، هەرەس بێنێ، یاخود سەرکەوتوو نەبێ لەپرۆژەکەی دا، ئەو سیستەمەی کە پەیرەوی دەکا سیستەمەکە سیستەمێکی باش نەبێ، فەشەل بەپرۆژەکە بێنێ، ئەو کاتە چ لەقوتابیان دەکەی؟ کە لەو قوتابخانەنە، چۆن دەگوازرێنەوە؟ ئەگەر گواستنەوە نەبێ ئەو کاتە ئەوان هیچیان بۆ نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەرەتا دوو جۆرە وەرگرتن لەو قوتابخانانە ئەهلیانەدا هەیە، جۆرێکییان ئەو قوتابخانانەن سەرەتا قوتابخانە ئەهلییەکان تەسریف بکەین لەبۆ (أ و ب) وای دابنێین، ئەو قوتابخانەی کە کوالێتی زانستییان بەرزە لەخانەی (أ) دایان بنێین، ئەو قوتابخانەی کە کەمترن لەخانەی (ب) دایان بنێین، ئەوانەی کە کوالیتیان بەرزە لەقوتابخانە ئەهلییەکان بەڕاستی خوێندکارەکان ئەگەر 90٪ کەمتریان هەبێ، وەر ناگیرێن، ئەوانەی کوالێتیشیان نزمە، (50) هەبێ وەر دەگیرێن، جیاوازکردنەوەی دەربارەی ئەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئەو یاسایە بۆ ئەوەیە کە ئەو کێشە هەیە لە سستەمی قوتابخانە تایبەتەکان لێرە چارەسەر بکرێ، بەتایبەتی لە وەرگرتنی مەسەلەی خوێندکاران، دیارە خوشك و برایانی بەڕێز زۆر بیر و ڕایان دا دەربارەی وەرگرتنەکە، بەڵام وەرگرتنەکە لێرە ئێمە کە باس دەکەین لە قوتابخانە تایبەتەکان ئەوە خواست و خستنە ڕووە، (عرض و طلب)، کە قوتابخانەکی کردیتەوە با بۆی هەبێ هەر کەسێ دەچێتە ئەو قوتابخانە ئەهلیە با بچێتن، بەڵام ئێستا هەندێ قوتابخانە بەڕاستی ئەگەر بەگوێرەی ئەو بڕگانەی ئێمە دامان نایە، ئەگەر وا نەڕواتن هەموو خوێندکارێك وەرناگرێ لەبەر ئەوە کۆمەڵێ بەربەستی لەبەردەمی ئەو قوتابیانە دانایە، بۆ نموونە سانسۆرێکی دانایە تاقیکردنەوەیەکی پێشەکی دەکا ئەگەر لەو ڕێژە نمرەی ئەو بۆی دانایە کەمتر وەرگرێ لە قوتابخانەکە وەرناگیرێ، کەواتە ئەو سانسۆڕانە دەبێ لا بچن یان یەعنی زۆر بە ئاسانی کەواتە(عرض و طلب)، ئیقتیسادە ئەوە قوتابخانەی ئەهلی دانایە بەشێکی بازرگانی و دەسکەوتی ماددیە، لێگەڕێ هەموو کەس با بچێ لە قوتابخانەك بخوێنێ نەك سانسۆرێك دابنێ نەوەت کەمتر وەرنەگرم ئەو یاسایە بۆ ئەو ئاسانکاریە زیادە کە هەموو کەسێك بەو ئازادیە بچێ لەو قوتابخانە بخوێنێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (23) لە لیژنەی پەروەردە لە ڕاپۆرتی خۆمان، لە خاڵی (أ، ب) منیش لەگەڵ ڕای وەزیرم لەبەر ئەوەی کە بنەماکانی وەرگرتن لە گەڵ پلانی وەرگرتن ئەوەی بەجێ دەهێڵین قوتابخانە ئەهلیەکە خۆی تەقدیم دەکا، ئەوە ئێمە ناتوانین وەکو وەزارەتی پەروەردە پابەند بکەی کە هەموو قوتابخانە کەرتی تایبەت وەزارەتی پەروەردە وەرگرتن و پلانی بۆ دابنێن، چونکە ئەوان پەیڕەوی خۆیان هەیە، خاڵی سێیەم پێویستە بمێنێ لەگەڵ ئەوە دام کە خاڵی سێیەم، چونکە قوتابخانە ئێمە لە خاڵێك باسمان لەوە کردووە،

دەكرێ ئەو قوتابخانانەی كەرتی تایبەت وەزارەت ئەگەر پابەند نەبن بە مەرجەكانەوە ئەو قوتابخانە دابخرێ ئەو قوتابخانە نەهێڵێ، لەو حاڵەتە خوێندكارەكان ئەبێ بگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەكانی ئەگەر لە كەرتی تایبەتیش نەخوێنن بگوازرێنەوە لە كەرتی حكومی جێیان بۆ بكرێتەوە، بۆیە خاڵی سێیەم بە پێویست ئەزانم بمینێتەوە، بەڵام خاڵی یەكەم و دووەم لابدرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوا سیاغەتان بخوێننەوە،

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیار بوو سەرنج و تێبینیەكان زۆربەی لە سەر ئەوە بوون جۆرێك مروونەتی زیاتر نیشان بدرێ لەبەر ئەوەی ئەوانە قوتابخانەی با بڵێین تایبەتن، هەندێك خسوسیاتی تایبەتیان هەیە، ئێمە ئێستا لێرە گەیشتوینەتە سیاغەیەكی هاوبەش، ئەگەر پێیتان باش بێ دەیخوێنینەوە ئێستا، ماددەی (23): بنەما سەرەكیەكانی وەرگرتنی قوتابیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ: ـ

1. وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگا نا حكومیەكان بەدەر دەكرێ لە مەرجی تەمەن و نمرە كە پەیڕەو دەكرێ لە سستمی وەرگرتن لە قوتابخانە حكومیەكان

2. دەبێ قوتابخانەو پەیمانگا نا حكومیەكان پلانی وەرگرتنی قوتابیان لە كاتی دیاریكراو دا پێشكەش بە وەزارەت بكات و پاش ڕەزامەندی وەزارەت لیستێك بە ناوی ئەوانەوە پێشكەش بكرێت بۆ پەسەندكردنی،

3. گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانەو پەیمانگای حكومیەوە بۆ قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی، یان بەپێچەوانەوە بەگوێرەی پەیڕەوی تایبەت بە وەرگرتن ڕێك دەخرێت،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (23) تكون المبادیء الاساسیة لقبول الطلبة كالاتي: ـ

1.یستثنى قبول طلبة المدارس والمعاهد غیر الحكومیة من شرط العمر والمعدل المعتمد في نظام القبول في المدارس الحكومیة.

2.تقوم المدارس والمعاهد غیر الحكومیة بتقدیم خطة قبول الطلبة الى الوزارة في الوقت المحدد و بعد موافقة الوزارة تقدم قائمة بإسمائهم الیها للموافقة علیها.

3.نقل الطلبة من المدارس والمعاهد الحكومیة الى المدارس والمعاهد غیر الحكومیة وبالعكس یكون وفق النظام الخاص بالقبول.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان من نوقتە نیزامەكەم لەوەیە پێش ئەوەی ئێمە دەنگ دان لە سەر ئەوە بدەین ڕەئی زیاتر لە (10 تا 12) خوشك و برا هەبوو، یەكەم و دووەم نەمێنێ، تەنها باسی گواستنەوە بكرێ، چونكە یەكەم و دووەم ئەنجام دراون لە كاتی ئیجازەی وەرگرتووە ئەو قوتابخانە، بۆیە من لەبەر ئەوەی نوقتە نیزامەكەم پێش ئەوەی بڵێی لەگەڵ ئەمەیە یان لەگەڵ ئەمە نین ئەو ڕەئی تریش، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دانا.

**بەڕێزد. دانا سعيد صوفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سیاغەی هاوبەشمان خوێندەوە لە سەر ئەو ڕایەی خۆمانین، لە چ ماددەیەك هاتووە تكایە كاك عبدالسلام ئەگەر بۆمان دەست نیشان بكەی؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ پێشنیارێك هەیە، یەعنی ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین كە هەموومان قسەكانمان كۆكردنەوەی ئەو هەر سێ ماددەیە بەیەك سیاغەی ئەوەی لیژنەی تەربەویی كردبوو باشە ، بەڵام پاش ئەوەی خوێندیان(10 تا 12) خوشك و برا وتیان خاڵی یەكەم و دووەم داعی نیە هەبێ، چونكە لە كاتی وەرگرتنی ئیجازە ئەنجام دراوە، هەموومان لەگەڵ ئەوە بووین تێكستێك تەنها هەبێ بۆ مەسەلەی گواستنەوە، بۆیە ڕجا دەكەم لە لیژنەی یاسایی سیاغەی ئەو پێشنیارەی ئێمە بكا، لەگەڵ ئەمەش بخرێتە دەنگدان، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە كە لە ناو یاساكە باس نەكرێ، ئەوە دواتر دەبێ بە یاسا و ڕێنمایی ڕێك بخرێ، بابەتە گرنگەكان وەكو پرەنسیپە گشتی و پێویستە لە یاساكە چوارچێوە گشتیەكە بۆی دیاری بكرێ، ئەگەر نا دواتر وەزارەت ئازاد دەكەین لەوەی ڕێنمایی چۆن دەردەكا دەبێ سنوورێك دابنرێ وەكو مەبادیئەكی عام لە ناو یاساكە بۆ ئەو بابەتە، دواتر كە باسی ئەو ماددانەی كە دەنگی بۆ دراوە كە باسی وەرگرتنی مۆڵەت دەكا ئەو وردەكاریەی تێدا نیە، داواكە پێشكەش دەكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا هەست دەکەم پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوەخۆ دەکرێ، ڕەئیەك هاتووە زیاتر لە سێ کەس ئیقراری کردووە جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی بیخەنە دەنگدان یان دەنگ دەهێنێ، یان دەنگ ناهێنێ، دەنگی هێنا دارشتنەوەکە وای لێی ئەکەین، یەکەم و دووەم لا ئەدەین، یەك خاڵ دای ئەرێژینەوە؟ دەنگی نەهێنا وەکو لیژنەی پەروەردە دەیخەینە دەنگدان، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا کوا پێشێلمان کردووە دەنگدانمان کردووە؟ ئێستا دەیخوێنینەوە ئاخر سیاغە ئەو خوشك و برایانەی کە ئێستا قسەیان کرد دەڵێن خاڵی یەکەم و دووەم ڕەتبکرێتەوە دەیخەینە دەنگەوە بزانین ڕەتبکرێتەوە یان نا؟ فەرموو ئاخر سیاغەتان بخوێننەوە، جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێزد. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەوە وان گوتی جوزئێکی تەحقیق کەت مەتڵەبێ مە، بەس نە هەمیە، یەعنی وان باسی عمری کریە و مەعدەلاتە، ئیحتیماله هەندەك شروتی موقابەلەیێت هەی هەندەك تشتێ دی هەی، ئەز د گەل هەندێ نیم سنووردارکەین قبولێ مەدارس ئەهلی بمینێ جۆری تەعلیماتە خسوسیاتە هەر مەدرەسەك، بەلێ هەر مەدرەسەك بۆڤێ چەندێ ئەزێ بینم ئیحتاج ناکرێتە بێتە دانان ئیحتیماله بینن ود ڤێت دەسەڵات داریە وەزارەتێ سنووردارکەنەڤە ئەز گەل هەندێمە نەخێر ئەڤە نە دەسەڵاتداریێت وەزارەتێنە، بەڵکو ئەوە سنووردارکردنە خسوسیاتێ مەدرەسەیە، ژ بۆ ڤێ چەندێ هەردوو بابەت نەمێنێ یەعنی گەل هندێ مە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاخر سیاغە بخوێننەوە خاڵ، خاڵ بخوێننەوە،

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1.وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکان بەدەر دەکرێ لە مەرجی تەمەن و نمرە کە پەیڕەو دەکرێ لە سستمی وەرگرتن لە قوتابخانە حکومیەکان،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەین لە خۆتانەوە قسە مەکەن، موناقەشەی خۆتان کرد، ڕەئی خۆتان دا سیاغەکراوەتەوە لەگەڵن یان لەگەڵ نین؟ چی بکەین یەك سەعاتە موناقەشەی دوو مادده دەکرێ، دوایی دەڵێن وەڵلا ماددەکان

نارۆن، تکایە بێ دەنگی بپارێزن، ئێستا تەئکید دەکەینەوە ئەو خاڵەی کە لیژنەی پەروەردە خوێندیانەوە کێ لەگەڵ دا نیە دەست بەرزکاتەوە؟ فەرموو کاکە بیخوێننەوە ئاخر جار بیخوێننەوە، ناسك خان فەرموو،

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو خاڵە کە ئەیخوێنیتەوە کە ئەڵێ بەدەر لە تەمەن و ئەوە ئێمە ئەوەمان ویستووە لە مەزموونە، بەڵام ئەمانەوێ لە یاساکە نەنووسرێ، چونکە ئەمە تەفاسیلە، ئەم تەفاسیلە بەجێ بێڵە بۆ وەزیر خودی وەزیریش وا ئەڵێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا کە تۆ دەڵێی ئەم خاڵە چەند کەس لەگەڵێتی نیوەی بۆیە دەست هەڵنابڕێ ، چونکە پێی وایە ئەم خاڵە زەرووورە، بەڵام با بچێتە ڕێنماییە تایبەتەکانی وەزارەت یەك خاڵ دابڕێژرێ بۆ ئەمە کە باس لە گواستنەوەکە بکا تەنها ئەوەندە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە دەمانەوێ دوو سیاغەمان بدەنێ، چونکە دوو ڕەئی جیاواز هەیە، هەردوو سیاغەکە دەخەینە دەنگدانەوە فەرموو د. ڕۆژان

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئیەك هەیە دەڵێ ئەم بابەتە بە ڕێنمایی ڕێك بخرێ، ڕەئیەکیش دەڵێ بە یاسا ڕێك بخرێ، هۆکارەکەی چییە؟ کە ئێمە داوامان کرد وەکو لیژنەی یاسایی ئەو بابەتە بە یاسا ڕێك بخرێ، بەڕێزان ئەوە یەکەم یاسایە لە بۆ قوتابخانە نا حکومیەکان پەسەند دەکرێ لە سەر ئاستی عێراق نەك هەر کوردستان، یاسایەکی گرنگە بابەتێکی زۆر گرنگە کردنەوەو مۆڵەت پێدانی قوتابخانەکان هەموو دەزانن گرنگی ئەو بابەتە، بەڵام بابەتێکی وا گرنگ دەسەڵات بدەینە وەزارەت ڕێنمایەکە قابیلی گۆڕانە پێویستە ئیتارە عاممەکە، چوارچێوە گشتیەکە، پرەنسیپە گشتیەکە لە ناو یاسا دیاری بکرێ ئەگەر مەرجی تەمەن، مەرجی نمرە، لە یاساکە نەکرێ سبەینێ ڕێنمایی دەربچێ لەوانەیە بڵێی هەمان جێبەجێ دەکەم تۆ پێویستە ئیتارە گشتیەکە لە یاساکە دیاری بکەی، سنووورداری بکەی، پاشان لە چوارچێوەی ئەو یاساکە دادنایا وەزارەت ئازاد بێ لەو چوارچێوەیە ڕێنمایی دەربکەین، ڕێنماییەکە موتابقی، بەڵام ئەگەر لە قانوون باست نەکرد دەسەڵاتی 100٪ دا بە وەزارەت ئەو ڕێنماییانە بە ئاسانی هەموار دەکرێن بە ئاسانی دەگۆڕدرێن، وەدواتر دەتوانێ بە کەیفی خۆی مەرجەکان دابنێ، پێویستە بە یاسا سنووردار بکرێ، بابەتێکی گرنگە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی کاك فرسەت تێبینی هەیە، فەرموو

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەر قانونێك تەعبیر لە فەلسەفەیەك دەکات، بۆ تەعبیرکردن لەو فەلسەفەیە مەفرووزە لە قانون مەبادیئی سەرەکی بچنە ناو قانون نیزام و تەعلیمات ئالیەتی تەنفیزی ئەو فەلسەفەیە، بە ڕەئی من فەلسەفەی ئەو قانونە ئەوەیە ڕێگایەك بدەین ئەو کەسانەی وەکو جەنابی وەزیر تەعبیری کرد، نەیانتوانی خوێندنی خۆیان تەواو بکەن دەرگایەکیان بۆ بکەینەوە کە خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، یەك لە ئەسبابی نا تەواوکردنی خوێندنەکە ئەوە بوو یان عومرە یان موعەدەلە یان وەزعی ئیقتیسادی خراپە بەیانیان دەتوانێ ئیشەك بکاتن و ئیواران بچێ دەوام بکا، عەلەقەل ئێمە بتوانین دوو عایق لە ڕێگا لابدەین، عایقی موعەدەل، کو ئاستەنگە لە ڕێگای عومرەکە بوویە، چونکە ئەوە مەبدەئەکی ئەساسیە بە ڕەئی من بچێتە ناو قانون نەوەکو بۆ تەعلیمات بیهێڵین، نەوەکو بۆ نیزام بیهێڵین، چونکە نیزام و تەعلیمات ئالیەتی تەنفیزە، نیزام و تەعلیمات نە ئیحتوائی مەبادئی ئەساسی دەکەن لە نیزام و تەعلیمات نابێت مەبادئی تازە دابنێن مەبادئی سەرەکی لازمە بچنە ناو قانون تەفاسیل بچنە ناو تەعلیمات و نیزام ئەوەش بە ڕەئی من ئەو مەبدەئە لادانی ئەو دوو شەرتە ئیعتیبار نابێتە تەفسیلێ، ئیعتیبار دەبێتە مەبدەئێکی ئەساسی مەفرووزە لەناو قانون بێت، هەتا قانون جێگای خۆی بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێزد. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەز تەمامەن عەکسە جهێ مە، وی مەبدەئی کو لیژنە قانونێ سەر ئیستیناد د کەت سەر بێژێتن دێ وەزارەت هەمی وەختە گۆڕی( وهو المطلوب) گەل ئیحتیاجاتێ ڕۆژانە و گۆڕانکاریە کەڤیتە زانستێ لازمە مە بمرونەتەڤە تەعامولێ د گەل کەین، هەمی جارە نە زڤرینە قاعە پەرلەمانی ئەڤروکە د زانی تەقەدومە، پێشکەفتنە، تەنکنەلۆجی بوارێ خوێندنە دا زۆر زۆرە، ژ بەر هندێ ئیحتیمالە سالانە ئەم دێ موحتاجی گۆڕانکاری بینە ڤە، (ولنفس السبب) ئەز داوا د کەم ئەڤە نەچتە تێدا، چونکی دا بمینیتەڤە وە ئەو بمینیتەڤە تشتەکی ئەم بچی وێ مرونەتێ نا تەفسیر کەن بۆ لایێ ئیجابی هەمی وەختە بۆ لای سلبی دێ تەفسیر کەنەڤە، تۆ سنووردار دادەنێەوە ئەگەر بە تەعلیمات بێ سنوور نامێنێ وەزارەت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە ئەمە دەڵێن سنووردانی قانونێكی دەكەین بۆ دوو بنكەی ئەساسی، (100) بنكەی ئەساسی سبەینێ ئەوان دەبنە ئەساسی كاك د. عصمت ڕاست دەكات، قەد نابێ ئەوە سنووردار بكرێ، چونكە ئەوە لە تەغیرە ئەو شتە هەموو ڕۆژێ گۆڕانكاری بە سەر دێ، ئەو گۆڕانكاریە ئەوڕۆ موهیمە بۆ تۆ سبەی ڕۆژێ شتەكی دی دێتە ڕێی، ئەگەر بێ وەكی شروت عامەی مواسەفاتیە، من بەتەنێ ناتوانم بڵێم هۆدەك چوار بە چوار بێ، دەبێ هەموو مواسەفاتەكانی بڵێیم، بۆیە نابێ سنووردارێ ئەوە نابێ دوو شەرتی بەتەنێ لێی بگۆترێ، مەلاین شەرت هەیە، سبەی، دوو سبەی دێتە پێش، دوایی تۆ دەستەی پەرلەمان موراقەبەیە، لیژنەی پەروەردە دەتوانێ موراقەبەی تەعلیماتی وەزارەتی پەروەردە زۆر باش بكات، دەتوانێ ئێمە فەرز بكەین لە سەر حكومەت بڵێین كاكە ئیستیشاری بێنە، هەتا هەموو كەس ناتوانێ ئەو ڕێنماییانە دانێ، قانون وەكو بە دوو شەرتی من سنووداری دەكەم ئەو قانونە حوكمی ئیعدامی لە سەر دەردێنم، لێناگەڕێم بجوولێتەوە، ئەوەی وەزیری پەروەردە دەڵێ 100٪ بۆ خزمەتی قانونەكەیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر سیاغە بە هەردوو لایان، دەزانی چۆن خوشك و براینە وەڵلاهی موناقەشەی زۆر زۆر كرا، ئێستا وازیحە دوو ڕەئی هەیە، یەكێكیان دەڵێ بە تەعلیمات و نیزام بێ، ئەوی تریان دەڵێ لە قانونەكە بێ، زۆر وازیحە، ئێ باشە ئەو دووە دەخەینە دەنگدانەوە ئەوەی تر، فەرموو ئەڤین خان،

**بەڕێز ئەڤین عمراحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵام ئێمە پێشتر ئەمەمان بە دەنگدان چارەسەر كردووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی چوارەم خاڵی پێنجەم، ئاخر دەڵێت (شروط القبول والنسبة واقصى حد لە) كەواتە ئێمە دەنگمان داوە ئەو كاتە (طلب) تەقدیم دەكا شروتی خۆی بۆ تۆ تەقدیم دەكا كەواتە تۆ ماددەی چوارەم خاڵی پێنجەم بە دەنگدان چارەسەر كراوە لەوێ، ئێمە لێرە دیسان دێینەوە شروتی حوكمی بۆ دادەنێینەوە لێرە تەناقوز دروست دەبێ، لە بەینی ماددەی چوارەم و ئەو ماددەیەی كەوا ئێستا موناقەشەی لە سەر دەكەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. دانا

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە جۆرێك بە هەڵە لێك تیگەیشتن هەیە، چونكە یەعنی سستمی وەرگرتن بۆ با بڵێین ئیش و كاری وەزارەت دەكەین سستمی وەرگرتن خۆ لە پەرلەمان دانەڕێژرێ، ئەویش هەر دەچێتەوە بەر دەستی وەزارەت یەعنی وەزارەت بۆخۆی دەستی كراوەیە، دوا جار خودی ئەو سستمی وەرگرتنەكە هەموار بكاتەوە،

یەعنی بەڕاستی ئەوە بە پێچەوانەیە ئەوەیە، کە تۆ تەحویلی دەکەیت سستمی وەرگرتن تەنیا دوو شەرتی لێ بەدەرگرتووە، سستمی وەرگرتنەکەش لە وەزارەت دەکرێ، خۆ لە پەرلەمان نەکراوە دەسەڵاتی وەزارەت دیسان سنوور ناکرێ بەم شێوەیە، ئەو سیاغەیەی ئێمە خوێندمانەوە باس لەوە دەکات دووبارە دەیخوێنمەوە، (وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکان بەدەر دەکرێ لە مەرجی تەمەن و نمرە کە پەیڕەو دەکرێ لە سستمی وەرگرتن لە قوتابخانە حکومیەکان) سستمی وەرگرتن لە کوێی دادەڕێژرێ بێگومان ئەویش هەر لە وەزارەت دادەڕێژرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پێش دانیشتنەکە ئەوەی لە ئینسات لەو هۆڵەی پەرلەمانەدا لە سەر ئەو یاسایە دەنگی لە بۆ درایە هەموومان لە لایە، ئەوەی کە باس کرایە لە مادده چوار کە ئەڤین خان ئاماژەی پێی کرد داواکاری پێشکەش دەکرێ لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری پێویستە چەند بابەتێك داواکاریەکە لە خۆ بگرێ، خاڵی پێنچەم باس لە مەرجەکان و ڕێژە و ئەو پەڕی ژمارەی وەرگرتن دەکا، کە لە داواکاریەکە باس لەوە دەکا مەرجەکان و ڕێژەی قوتابیان کە وەردەگرێ، پێویستە لە سەر بنەمای ئەو یاسایە بێ، کە ئەو یاسایە کۆت و بەندو بابەتەکەی سنووردار کرد، پێویستە کە پێشکەش دەکەی داواکاریەکە لە چوارچێوەی ئەو کۆت و بەندانە بێ کە یاساکە داینایە، لە مادده چوار ئەو وردە کاریە باس نەکرایە، لەگەڵ ڕێزم، سوپاس، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ئەوەیە بابەتی پرەنسیپە بنەما سەرەکیەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگا و قوتابخانەی نا حکومی بەو شێوەیە ڕێك بخرێ: ـ وەرگرتنی قوتابی بەپێی مەرج دەبێ ئەو مەرجانە دەبێ کە بە ڕێنمایی لەلایەن وەزارەت ڕێك دەخرێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید،

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتەکە زۆر دیارە ئێستا دوو پێشنیار لە ئارادایە، یەك دەڵی بە ڕێنمایی، ئەوی تر دەڵێ بە دەق، با ئەوە بیخەینە دەنگدان، پاشان دێینە خاڵی دووەم، بەڵێ ئەمە باسمان کردووە، تۆ باست نەکردووە، جەنابی وەزیر ئێمە پشتەوانیمان کردووە، وتمان بە ڕێنمایی با بیخەینە دەنگدان،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. دانا

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێستا هاتووە پێشنیار دەکەم ماددەی (26، 27، 28) لا بدرێ و، ماددەیەك لە جیاتی ئەو ماددەیە بێت، بەپێی پێشنیارەکە نووسراوە خاڵی سێیەمی پێشنیاری لیژنەی پەروەردە، یەعنی دەبێتە خاڵی سێیەم، گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگای حکومیەوە بۆ قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی یان بە پێچەوانەوە بە گوێرەی پەیڕەوی تایبەت بە وەرگرتن ڕێك دەخرێت، ئەوە هاتووە لە پێشنیارەکە، هۆکارەکەشی ئەوەیە دەڵێ لەگەڵ ئەوە نین ئەصڵەن باس لە ڕێنماییەکانی قوتابخانە حکومیەکان بکرێ، چونکە ئەو قوتابخانە لە ماددە چوار پێشی مۆڵەت وەرگرتن ئەم بابەتە دەست نیشان کراوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەو پێشنیارە تێگەیشتین، بە هەردوو لیژنەکە تەفسیرمان کرد، چونکە زۆر ڕوون نەبوو، ئەوەیە ماددەکە تەنها خاڵی سێیەم ببێتە ناوەڕۆکی ماددەکە ئەوە پێشنیاری یەکەمە، پێشنیارێکیش هەیە بە ڕێنمایی ڕێك بخرێ، پێشنیارێکیش کە هی هەردوو لیژنەیە لەناو یاساکە، کە مەرجی تەمەن و نمرە بەدەر بکرێت ئەو سێ پێشنیارە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکە یەکە بیخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم کە دەڵێت بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەکە ئیلغاء بکرێت، ئەو ماددەیەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە، بە ڕێزبەندی ماددە (23)، واتە ماددەکە تەنها بەو شێوەیە بێت (نقل الطلبة من المدارس والمعاهد الحكومية الى المدارس والمعاهد غير الحكومية و بالعكس يكون وفقاً النظام الخاص بالقبول)، ماددەکە بەس لەو خاڵە پێك دێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ 16 کەس، کێ لەگەڵ ئەوە دانیە؟ ئەی چۆن دەبێت؟ هی دووەم بخوێنەوە دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم ئەوەیە، ئەویش لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز کرا، کەوا وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومیەکان بە ڕێنمایی رێك بخرێت، وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیان لە قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان بە ڕێنمایی رێك بخرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ کەس لەگەڵ دانیە، یەك کەس لەگەڵ دایە، فەرموو هی سێیەم بخوێنەوە، دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئێستا ئێمە لە کێشەیەك داین، ئەو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە مەرحەلەی تەسویتین ئەگەر نوقتەی نیزامت هەبێت، بەلاَم بۆ موداخەلەی تر نابێت، دکتۆر ببورە، کاکە دەڵێین بەپێی ڕێنماییەکان نابێت، فەرموو هی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون:

تكون المبادىء الاساسية لقبول الطلبة كالاتي :

1- يستثنى قبول الطلبة في المدارس والمعاهد غير الحكومية من شرطي العمر والمعدل المعتمدة في نظام القبول في المدارس الحكومية.

2- تقوم المدارس والمعاهد غير الحكومية بتقديم خطة قبول الطلبة الى الوزارة في الوقت المحدد وبعد موافقة الوزارة تقدم قائمة باسمائهم اليها للموافقة عليها.

3- نقل الطلبة من المدارس والمعاهد الحكومية الى المدارس والمعاهد غير الحكومية و بالعكس يكون وفقاً النظام الخاص بالقبول.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست وسێیەم:

بنەما سەرەکییەکانی وەرگرتنی قوتابیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1-وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان بەدەردەکرێت لە مەرجی تەمەن و نمرە کە پەیرەو دەکرێ لە سیستەمی وەرگرتن لە قوتابخانە حکومیەکان.

2- دەبێت قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی پلانی وەرگرتنی قوتابیان لەکاتی دیاریکراو دا پێشکەش بە وەزارەت بکات و پاش رەزامەندی وەزارەت لیستێك بەناوی ئەوانەوە پێشکەش بکات بۆ پەسەند کردنی.

3- گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگای حکومیەوە بۆ قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومیەکان یان بە پێچەوانەوە بەگوێرەی پەیڕەوی تایبەت بە وەرگرتن ڕێك دەخرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ 38 کەس لەگەڵ سێیەم دایە، پێشنیاری سیاغەی یەکەم 16 دەنگی هێنا، سیاغەی دووەم (1) دەنگی هێنا، هی سێیەم (38) دەنگی هێنا، کەواتە ماددەکە تەسبیت بوو، ئاخیر سیاغە کە خوێنرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوکمەکانی مۆڵەت و بەڵگەنامەکانی خوێندنکاران و سیستەمی تەمبێ کردن کە هاتووە لە لیست بەندییەکانی ڕێکخستنی قوتابخانە حکومییەکان، بەسەر خوێندکارانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی جێبەجێ دەکرێت، دەکرێت لادان بە درێژکردنەوەی ماوەی خوێندن بکرێت، لە یەك هەفتە تێپەڕ نەکات، ئەمیش لەسەرەتا یان لە کۆتایی ساڵ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (33)

احكام الاجازة ووثائق الطلبة ونظام التأديب الوارد في قوائم تنظيم المدارس الحكومية، تطبق على طلبة المؤسسات التعليمية الاهلية، يجوز ان يكون الخروج من خلال تمديد مدة الدراسة، على ان لا تتجاوز الاسبوع، وهذا في بداية او نهاية العام.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی راپۆرتی لیژنە ئەو ماددەیەمان ئیلغاء کردووەتەوە، دواتر لەبەرئەوەی لە ماددەکانی تر ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش داوای ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەمان کردووە، لەبەرئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە لە ماددەی (25) ئەو حوکمانەی تێدایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی تەئیدی ئەوان دکەم، ئیحتاج نیە تێدابێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ ڕەت کرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (34)

دەکرێت وەرگرتنی داواکانی گواستنەوەی خوێندکاران وەربگیرێت لە قوتابخانە حکومییەکانەوە بۆ دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی یان بە پێچەوانەوە، ئەوانە دەکەونە ژێر هەڵسوکەوتە تێکستراوەکانی لیست بەندییە ڕێکخەرییەکانی بۆ ئەم جۆرە فێرکردنە گواستراوانە، بە بوونی تۆماری خوێندکار گواستراوە لە هەمان پۆلی خوێندنی گواستراوە لێی و، بەتوندی قەدەغەیە لاتەریکی هەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (34)

يجوز استلام طلبات نقل الطلبة من المدارس الحكومية الى مؤسسات التعليم الاهلي او بالعكس، ويقع ذلك تحت الاجرءات المنصوص عليها في اللوائح التنظيمية لمثل هذا النوع من التعليم المنقول، بوجود سجل الطالب المنقول من نفس الصف الدراسي المنقول منه، و هنالك منع قاس لوجود اللامبالاة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە پێشنیاری ڕەت كردنەوەی ئەو ماددەیەمان كردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشنیاری ڕەت كردنەوەی دەكەین، لەبەرئەوەی لە ماددەی (23) كە ئێستا دەنگمان لە بۆ دا باسی گواستنەوی قوتابیان كرا و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز تە ئیدی هەردوو لیژنە دكەم، كو نەمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە ڕەت بكرێتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ ڕەت كرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم: تاقیكردنەوەكان و دەركردنی بڕوانامەكان.

ماددەی (35)

هەموو پرۆگرامە بڕیار لەسەردراوەكانی خوێندنی پەیوەست بە بابەتەكانی خوێندن، دەكەوێتە ژێر تاقیكردنەوەكان، كەوا لەژێر سەرپەرشتی وەزارەت یان بەڕێوەبەرێتی پەروەردە لە پارێزگاكاندا ئەنجام دەدرێت و، دەبێت هاوجووت بێت لەگەڵ سیستەمی وەزارەت كە داینـاوە یان بڕیاری لەسەر داوە، نابێت خوێندكار بەرز بكرێتەوە بۆ ئاستێكی تر تەنها ئەگەر هەموو مەرجەكانی گواستنەوەی تێدا نەبێت، هەروەك لە بنەما فەرمییەكاندا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثا: الامتحانات و ادار الشهادات

المادة (35)

جميع المناهج الدراسية المقررة المتعلقة بمواضيع الدراسة، تخضح للامتحان، والتي تجري تحت اشراف الوزارة او مديريات التربية في المحافظات، ويجب ان تطابق مع النظام الذي وضعته الوزارة او اقرته، لايجوز رفع الطالب الى مستوى اخر الا اذا توفرت فية شروط الانتقال، مثلما هو وارد في القواعد الرسمية.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوای ڕەت كردنەوەی ئەو ماددەیەمان كردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پێشنیاری ڕەت كردنەوەی دەكەین، لەبەرئەوەی پێشتر چارەسەر كرایە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە ڕەت بكرێتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ ڕەت كرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (36):

خوێندكارانی دامەزراوەكانی فێركردنی ئەهلی، مافیان هەیە داوا پێشكەش بكەن بۆ بەشداریكردن لە تاقیكردنەوە بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە گشتیەكان، كە وەزارەت ڕێكی دەخات لەسەر ئاستی ناوەندی و خۆجێیەتی بە هەمان بنەماكان و مەرجەكان و (رسومە) بڕیار لەسەر دراوەكان، بەسەر هاوپۆلەكانیان لە دەرچووانی قوتابخانە حكومیەكان سەركەوتووان و بڕوانامەی حكومیی فەرمیان پێ دەبەخشرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (36):

**طلبة مؤسسات التعليم الاهلي، يحق لهم تقديم الطلب من اجل المشاركة في الامتحانات لاجل الحصول على الشهادة العامة، والتي تنظمها الوزارة على المستوى المركزي والمحلي، بنفس الاسس والشروط والرسوم المقررة على أمثالهم في صفوف المدارس الحكومية، ويمنح الناجحون شهادات حكومية رسمية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە فەرموو.**

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە لەگەڵ هەندێك با بڵێین بەشێك لە ناوەڕۆکی ماددەکەی دواتر بەشێوەیەکی تر دامان ڕشتووەتەوە، کە ئێستا دەبێتە ماددەی (24)ەم بەم شێوەیە دەبێت (قوتابیانی قوتابخانە وپەیمانگای ناحکومی کە حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، وەك قوتابی فەرمی تەماشا دەکرێن و بەگوێرەی ئەوەش لە کارتی تاقی کردنەوەدا تۆمار دەکرێن و مافیان لە زەمالە و نێردەی خوێندندا هەیە بە هەمان ئەو مەرجانەی بۆ هاوتاکانیان لە قوتابخانە حکومییەکاندا دەستەبەر کراوە).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین، بەڵام بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە پێویست بەو وردەکاریە ناکات، مەبەست لەو ماددەیە ئەوەیە مافی قوتابیان لە قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان پارێزراو بێت، وەکو قوتابخانە حکومیەکان بەو شێوەیە ماددەکەمان داڕشتووەتەوە، ماددەی 36 (قوتابیانی قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان مافەکانیان پارێزراوە وەکو قوتابیانی دامەزراوە حکومیەکان).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو قوتابخانێت کو کەفتە بن ئیمتیحاناتێت عام ڤە، تەبعەن ئەوە گەلەك ئاساییە، ئەڤێت ئیمتیحاناتێت خاص دکەن دڤێ ل سەر ڕابوەستین، بەس مەعهەدا کۆمپیوتەری ئەهلی، مەعهەدا کۆمپیوتەرێ حکومی، دەرەجەی خەریجا وەکی یەك نینە، دڤێت مونافەسێ بکەن ل سەر قبولا جامیعێ، دێ چەوا چارەسەری دکەی، ئەوە مەوزوعەکی حەساسە ب ڕاستی، ڤێ درکێ ئەز نزانم بینم لازمە پتر ل سەر ڕابوەستن، پشتی ڤێ گاڤێ خەریجێت جامیعاتێت ئەهلی جامیعاتێت حکومی دەرەجەی وان نەوەکی یەکە، ژ بۆ ڤێ چەندێ ئەڤێت کو ئیمتیحاناتێت گشتی دکەن، مەدارسێت ئیعدادیەو تشتێت وەسا، ئەو دروستە ئیمتیحانا گشتی**

بەرنامجێ مە بکەت دروستە، ئەڤێ بەرنامجێ تایبەت ژی هەی مەعادەلە بۆ ڤێ بێتە کرن دروستە، بەس ئەڤێت ئیمتیحانێ گشتی نەکەن وەکو مەعهەدا ئەڤێت بێتە کرن، ئەز بێژم غەدر ل مەدارسێت حکومی بیتەوە پیچەك د ڤی بابەتیدا، ل سەر هندێمە پیچەك ل سەر ڕابوەستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەلسەفەی ئەو مەکتەبانە ئێمە دەڵێین موناڧەسە، دەڵێین تەتویر، دەڵێین تەعلیم، ئەو مەکتەبە کە دەبێت خۆی تەتویر پێ بکات، دەبێت سیستەمێکیشی هەبێت، بۆئەوەی کە تەلەبەکانی خۆی تەتویر دەکەن، بزانن ئەوانە لە چ کولیەکی وەردەگیرێن، مەسەلەن مەکتەبی شوەیفات نیزامێکی خاصی هەیە، تەعاونێکی دوەلی خاصی هەیە، بەخۆی لەگەڵ جامیعاتی هەندێك دەوڵەتی دونیایێ، ئەوە کەنەدایە، ئەوە فەرەنسایە، ئەو تەلەبەی کە خەریجی خۆی دەبێت وفقەن نیزامی خۆی، دەبێت ڕێگایەکی بۆ بکاتەوە عیلمییەن، نەفسییەن، تەربەوییەن، ئەو مەسئولی ئەو بێت لە تەکمیلەی دیراسەی، ئێمە ناتوانین بڵێین تا حەدێکی ئەوە نابێت ئەو کاتی دەبێتە تیجارەت، نابێتە موناڧەسەیەکی عیلمی، بۆیە بەڕێز وەزیر ڕاست دەکات، تەئەنی دەبێت لەو ماددەیە زۆر زۆر بکرێت، چونکە ئەگەر ئێمە بڵێین سیستەمی تەربەوی بڵێین نیزامەکە تەقەدوم دەکات، دەبێت وا لەو مەکتەبانە بکەین بە نیزامێکی ڕەبتی نیزامی عالەمی بێت، ڕەبتی کولیاتی ئەهلی بن، ڕەبت بن، تەشجیع بن خۆیان تەتویر پێ بکەن، نەك ئەمن ڕەوزەکی بکەمەوە لە مەرحەلەی چوار تەواو بم نەتوانم ئیبتدائی بکەمەوە، ئەو کات ئەوە دەبێتە تیجارەت، دەبێتە دوکان دانان، بەسەراحەت (مع احترامات) و (مع اعتذار) بۆ ئەو کەلیمەیە، بەڵام ئەگەر ئەمن ڕەوزەکی دابنێم لە ڕەوزرەوە تەلەبەکانی خۆم بناسم هەتا کولیەی بیان بەم، سبەی، دووسبەی یەك لەو تەلەبانە دەبێتە موئەسسێکی جامیعی، بەڕێز وەزیری تەربیە لە فەلسەفەکەی ڕاست دەکات، دەبێت ئەوە تەئەنیەکی لێ بکرێت ئەو قبوڵە دەبێت نیزامێك خاصی لە بۆ بکرێت، وە بکەین لەو قانونەی ئەو مەعهەدی ئەهلیانە، ئەو مەکتەبە ئەهلیانە خۆیان تەتویر پێ بکەن، جامیعات خۆیان چارەسەری تەلەبەی خۆیان بکەن و، خۆیان تەلەبەی خۆیان بگەیینە مەرحەلەیەکی لە ئاستی ئەعدادیەی بڵند تر و، لە ئاستی جامیعای بڵند تر، لە ئاستی دوکتۆراو علمی تر بڵند تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسـەلەی گفتوكـۆكردن لەسـەر ئـەو ماددەیـە پەیوەنـدی بـە دوو بابـەت هەیـە، یـەكێكیان مەسـەلەی تاقیكردنەوەكان و بەشداری قوتابیانی ئەو قوتابخانانە لەو تاقیكردنەوە و ئیمتحانات، دووەمیش مەسەلەی پەیوەندیان یان پابەندبوونیان بە سیستەمی حكومی، دووەمیان دەست پێ دەكەم قسەكانی ئاهەنگ خان ئەوەیە كە لەبەرچاومان بێت، نابێت ئێمە ڕێگا بدەین مەدرەسەی قوتابخانەی ئەهلی دروست ببێت، كە ئاستەكەی چ زانكۆ بێت ئەوەیە مەبەستی ئێمە، كەمتر بێت لە ئاستی حكومیەكان، دەبێت هەمیشە ئێمە یاساكەمان بەو ئاراستەیە بێت، سیستەمی تازە و سیستەمی پێشكەوتوو تر و سڤیل تر هەبێت، بۆیە من بە ئەو دەڵێم یەك: ئەو مەترسیەی كە تاقیكردنەوەكانی نەگشتی باش بوو، ئێمە بە رەبت كردنی ماددەی پێشوو لادرا، ئەو نیگەرانیەی جەنابی وەزیر هەیبوو، سەبارەت بە شەهادە گشتیەكان مافی دەوڵەتە، مافی سیستەمی پەروەردەیە لەو وڵاتە، فیعلەن پابەندی قوتابخانەكانی تر بكات بەشێوەیەك لە ئیلتیزام، بە تاقیكردنەوەو شەهادە گشتیەكان تاكو بتوانێت بەردەوام بێت، واتە ئەگەر بێین، بەڵام كێشەكە لەوە دێت كە جارێكی تر ئێمە بڵێین(بنفس الاسس والشروط والرسوم المقررة على أمثالهم في صفوف المدارس الحكومية) تێبینیەكەم و نیگەرانی من لەو ماددەیە لەو دەقەیە جارێكی تر، ئێمە ڕێگامان دا بە چەند ماددەی پێشوو جالیات بۆخۆیان مەدرەسە بكەن وەكو سیستەمی خۆیان، من كە لە نەمسا بووم ئیبتدائی 4 ساڵە، متەوەستە 4 ساڵە، ئیمتحانی گشتی دێت، ئێمە لە سیستەمی تەربەوی خۆمان بنەڕەتیمان كردە 9 ساڵ، ئەو كە 8 ساڵی خوێند ڕێگای دایە مەنهەجی خۆی و وڵاتی خۆی بەپێی خۆی مەدرەسەكە بەڕێوە ببات، پاش 8 ساڵ شەهادەی دایە، شەهادەی متەوەستەی ئێمە، دێت لە ئەعدادیەی ئێمە بخوێنێت قبوڵی ناكەین، چونكە (8) ساڵی خوێندووە، (9)ی نەخوێندووە قبوڵی ناكەین، ئەصڵەن ئیمتحانی پۆلی (9)ی ئێمە بدات دەڵێت تۆ 9 ساڵت تەواو نەكردووە، واتە كێشەمان جارێكی تر لەو ئەو یاسایە هەمووی وا دەكات نیگەران بن، هەندێك لە ئێمە كێوە بچین هەمیشە ڕووبەڕووی (بنفس الاسس في المدارس الحكومية) دەبین، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەومەدرەسانە فیعلەن غەرەز لەو یاسایە تەحقیق بكەن، دەبێت وریا بین لەو جۆرە رستانەی كە هاتوونە، لە قبوڵ من جارێكی تر دەڵێم، لە قبوڵ ئەو داوای لێكراوە مۆڵەت دان سیستەمێك هەموو ئەوانەی لە ماددەی 4 هەنە پێشكەش بكات، دیراسەت كراون لە وەزارەت مۆڵەتی وەرگرتووە، دێین جارێك تر ماددەیەكی تر شتی تری لەسەر فەرز دەكەین، كە مەبەستەكە تەحقیق نابێت وەكو وتم ئەوە ئەو مەدرەسەیە تایبەت، واتە قوتابیەكانی بەپێی ئەو ماددە هیچیان حەقی ئەوەی نیە ئیمتحانی متەوەستە بكەن، چونكە (8) ساڵیان خوێندووە (9)یان نەخوێندووە، بۆیە دەبێت باشتر بیری لێ بكەینەوە جارێكی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری داڕشتنەوەکەی راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بکەین، کورتی کردووەتەوە سەبارەت بە تاقیکردنەوە لە ماددەکانی پێشووتردا بنەماکانی پەسەند کرا، لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە قوتابی لە قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان قوتابیەکی ڕەسمی خاوەن مافە، هەم لەبارەی تاقیکردنەوە و پێدانی بڕوانامە مافی هەیە، هەم لە زەمالە و لە ناردن کە مەسەلەن لە قوتابخانە حکومیەکاندا هەندێ مافی لەو بابەتە هەیە، ئەگەر یەکێك یەکەم دەبێت لە قۆناغی ئامادەیی دەنێردرێت بۆ دەرەوە بۆ خوێندن، بە هەمان شێوەش لەو قوتابخانانە ئەگەر بەهەمان پرۆسە داڕۆیشت، نابێت ئەوانە بێبەش بن لەوە کە لە رابردوودا ئەم ئیشکالیەتە هەبووە، ئەم فەراغە هەبووە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە وازیحی ئەم مافانەیان بۆ بەرجەستە بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لەو ماددەیە ئەوەیە مافی ئەو قوتابیانەی لەو جۆرە قوتابخانە و پەیمانگانە دەخوێنن پارێزراو بێت، یاساش لە بۆ رێکخستنی مافەکان دادەنرێت، چەند نموونەیەك لە راپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە هاتووە، کە باس لە مافەکانی قوتابی دەکات گرینگتریان ئەوەیە، کە ئەو قوتابیە بڕوانامەکەی بنێردرێت، چونکە ئەگەر ئیعتراف بە شەهادەکەی نەکرێت، ناتوانێت بەردەوام بێت لە پرۆسەی خوێندن ئەوە لە هەمووی گرینگترە، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوە دانە بووین کە مافەکانی بنووسرێتەوە یاخود نموونەی بێنینەوە نەوەك هەندێك شت لەبیر بکرێت، بۆیە بەشێوەیەکی موتلەق باسی هەموو مافەکانمان کرد، قوتابیانی قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان مافەکانیان پارێزراوە، هەر لە ئیعتراف دان بە بڕوانامەکەو هەموو ئەو مافانەی کە قوتابی لە قوتابخانەی حکومی هەیەتی، کە دامەزراندنە بەردەوام پرۆسەی خوێندنە، هەموو ئەو مافانە لەخۆ دەگرێت، ئەوەیە مەبەست لەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت پرسیارەکی بکەم ئەوان بۆ من تەفسیر کەن، (طلبة المدارس الخاصة وزنة تطبق علیه احکام هذا القانون یعاملون کطلبة رسمین وبالتالی سجلون فی بطاقة الامتحانات) بۆمە ڤێ تەتبیق بکەن ل سەر مەدرەسا میدیا هەی نوکە، ل سەر شوەیفات، کا بێژن دێ چەوا تەعامول گەل دکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر مەوزوعەكی گرینگی باس كرد، كو ئایندەی مە دبێتە موشكیلە ژ بەر هەندێ داخوازێ جەنابت دكەم، كو داخوازێ جەنابی وەزیر بكە پێشنیارێ، چ لێبهێت ئەڤ ماددە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی امینە خان، بزانین جەنابی وەزیر پێشنیارەكەی چیە؟ هەیەتی؟

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەكانی پێشوو با بڵێین ئەو مەرجەكانی مۆڵەت وەرگرتنمان پەسەند كرد، چۆن یەعنی قوتابخانەیەكی با بڵێین ناحكومی یان پەیمانگایەك بە چ شێوازێك وەردەگیرێت، یەكێك لەوانە ئەوە بوو با بڵێین كۆمەڵێك ئەوەیە دەبێت پێشتر پێشكەشی بكەن، یەك لەوانە ئەوەیە ئێمە كە باس لە مەسەلەیەك دەكەین، بەگوێرەی ئەوەش لەكاتی تاقیكركردنەوەكەدا، كە وابزانم پرسیارەكەی جەنابی وەزیر لەسەرەوە بوو تۆمار دەكرێن، بێگومان ئەو كاتەیە لە مەرجەكانی كە با بڵێین مۆڵەت وەرگرتن كارتی تاقیكردنەوە یەعنی سیستەمی خۆیان تایبەتیان هەیە، پێشكەشیان كردووە بەگوێرەی ئەوەیە كە لێرە باسی دەكەین، چونكە نووسراوە ئەگەر هاتو وەك قوتابی فەرمی تەماشا بكرێت، بەگوێرەی ئەوەش كە لە كارتی تاقیكردنەوەدا تۆمار دەكرێت، یەعنی كارتی تاقیكردنەوە پێشتر ئەوان لە نیزامی خۆیان كردووە، لە نیزامەكەی خۆیان كردووە، یەعنی ئەوە هەر بەو گوێرەیە، هەر ئەوەیەك تایبەت بەخۆی هەیە، ڕاستە هی حكومیەكان تایبەت بە خۆیان هەیە هی مەسەلەی كارتی ئیمتحانات، بەڵێ بۆ گشتی هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بە سیغەیەكی هاوبەش بوو، گرینگ ئەوەیە لەو ماددەیەدا جەخت لەسەر ئەوە بكرێت، مافەكانی ئەو قوتابیانەی كە لە قوتابخانە و پەیمانگای ناحكومین بە هەمان شێوەی ئەوانی تر پارێزراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر دانا.

**بەڕێز د. دانا سعيد صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە تا ئێستا پەسەندمان كردووە، ئەوەی لە ماددەی چوارەم بوو، ماددەی چوارەم، شەشەم باس لەوە دەكات دەڵێت چی؟، دەڵێت بنەماكانی دەرچوون و كەوتن و سیستەمی گشتی تاقیكردنەوەو هەڵسەنگاندن، یەعنی لەوێ تێدا هاتووە كە تەقدیمی دەكات مەرجەكان، یەعنی لەوێ باسمان كردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ماددەكەی بەو شێوەیە دارشتەوە، قوتابیانی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومیەكان مافەكانیان پارێزراوە وەكو قوتابیانی دامەزراوە حكومیەكان، ئەگەر ئەوە بدرێتە دەنگدان سوپاست دەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو سیغەیەی كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵ دانیە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محى الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (37)

خوێندكارانی دامەزراوەكانی فێركردنی ئەهلی، كەوا حوكمی ماددەی پێشتر (35) بەسەریاندا پیادە دەكرێت، وەكو خوێندكاری فەرمی سەیر دەكرێن و تۆمار دەكرێن لە كارتی تاقیكردنەوەكان لەسەر ئەم بنەمایە، وە مافیان دەبێت بۆ هەڵبژاردن لە بەخششەكان و شاندی خوێندن، بەهەمان مەرجەكان كە بەسەر هاوپۆلەكانیان لە دەرچووانی قوتابخانە حكومییەكان جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (37)**

**طلبة مؤسسات التعليم الاهلية، والذي تنطبق عليهم احكام المادة السابقة (35)، ينظر اليهم كطلبة رسميون و يسجلون في البطاقات الامتحانية بناء على ذلك، ويكون لهم الحق في الامتيازات ووفود الدراسة، وبذات الشروط المطبقة بحق خريجي نفس صفوفهم في المدارس الحكومية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە فەرموو.**

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لە ماددەی پێشووش ئیشارەتم پێدا، لەبەرئەوەی ئێمە بەشێوازێكی تر سیاغەمان كردووە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو ماددەیە ئێمە پێشنیارمان كردووە، كە ئیلغاء بكرێت، بەڵام لەكاتی ماددەكەی دواتر كە دەخوێندرێتەوە ئێمە پێشنیاری خۆمان دەخوێنینەوە، ئێمە ئیلغامان كردووە ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنیاری رەت كردنەوەی دەكەین، لەبەرئەوەی لە ماددە 36 ئەو حوكمانەی تێدایە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەمان ڕەئیم هەیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ ئەوە دایە رەت بكرێتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموو رەت كرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (38)**

**بەخشینی مافی دانپێدانانی حكومەت و پەسەندی فەرمی بەسەر بڕوانامەكانی دامەزراوەكانی فێركردنی ئەهلی و تایبەتی و بەڵگەنامە قوتابخانەییەكان، كە دەیبەخشنە خوێندكارانیان، مەرجدارە:**

1- قوتابخانەکە ڕێگە پێدانی بەردەوامی هەبێت.

2- پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکە، وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دابێت و، هەر دانەیەکی نیشانەی فەرمی لەسەر بێت، بۆ دەرخستن کەوا ئەم کتێبە بابەتی فەرمییە.

3- پابەند بوون بە مافی وەزارەت لە پشکنین و ئاراستەکردن، بەپێی پرۆگرام و سیستەمە سەپێنراوەکان بەسەر قوتابخانە حکومییەکان.

4- سیستەمی تاقیکردنەوەکان، کە قوتابخانەکە پیادەی دەکات، دەبێت وەزارەت بڕیاری بەڵگەکراوی لەسەر دابێت، ئەم تاقیکردنەوانە دەبێت لەژێر سەرپەرشتی وەزارەت و نووسینگەکانی لە پارێزگاکان و دەڤەرە جیاجیاکانی فێرکردن بێت جا چ لەسەر ئاستی تاقیکردنەوەکانی گواستنەوەیی یان بڕوانامە گشتییەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە (38)

منح حق الاعتراف الحكومي والمصادقة الرسمية على شهادات مؤسسات التعليم الاهلي والخاص ووثائقهم المدرسية التى يمنحونها لطلبتهم، و يشترط:

1- المدرسة لة اجازة دائمية.

2- المناهج والكتب الدراسية للمدرسة قد وافقت عليه الوزارة وان يكون كل نسخة منها تحمل علامة رسمية، لاظهار بان هذه المادة رسمية.

3- الاالتزام بحق الوزارة في التفتيش و التوجيه طبقاً للمنهاج و النظام المطبق عل المدارس الحكومية.

4- نظام الامتحانات التي تطبقها المدرسة، يجب ان يكون للوزارة قرار موثق عليها و يجب ان تكون هذه الامتحانات تحت اشراف الوزارة و مكاتبها في المحافظات و الاماكن المختلفة للتعليم، سواء اكانت على مستوى الامتحانات الانتقالية ام الشهادات العامة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی پەروەردە فەرموون.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم ماددەیەمان پوخت کردووتەوە و بەو شێوەمان داڕشتووتەوە.

ماددەی بیست و پێنجەم:

مـاف پەسـندکردنی بڕوانامـە و بەڵگەنامـەی دەرچـوونی قوتابخانـە و پـەیمانگا ناحکومیـەکان بـۆ وەزارەت پـارێزراوە، لەگـەڵ ڕەچاوکردنی ئـەوەی کـە دەبێـت قوتابخانـە و پـەیمانگا ناحکومیـەکان مۆڵـەتی بـەردەوام بوونی خوێندنیان هەبێت و پابەندبن بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـەش پشـتگیری لـەو داڕشـتنەی لێژنـەی پـەروەردە دەکـەین کـە بـە ڕیزبەنـدی ماددەی 25 لـە ڕاپـۆرتی لێژنەی پەروەردەدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێ ئەز زەروریەا ئەز هـەبێت، بـەس ئەگـەر هـەبێت حـەز ئەکـەم ئـەڤ ئیزافـە هـەبێت: تعتـذرالوزارة عـن المصادقة عن الشهادات ووثائق تعليم المارس الخاصة و معادلة درجات المدارس الخاصـة مثـل المنـاهج الخاصـة، ئەڤـە ئیزافـە بێتـە کـرن، معادلـة درجـات المـدارس ذات الامتحانـات المنـاهج الخاصـة ، وەکـو بـەحس کریـە مەسەلەن شوێفات و ئەوەی تر هەندێك سەکتەری تر دەرجات دیت ئەمـە لازمـە هـەتا بـۆ جامیعـاتیش و بـۆ تەقدیمیشی ئەمە مەبەستە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ، ئـەم بەڕێزانـە ناویـان نووسـراوە، هـاژە سـلیمان، جمـال طـاهر، عبدالسلام، کـاوە محمـد، سیوەیل عثمان، سمیرە عبداللە، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیری کردنم بۆ ئەو داڕشـتنەی لێژنـەی پـەروەردە، بـەڵام پێشـنیار دەکـەم کـە ئـەو خاڵـە کـە لـە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە وەکو بڕگەیەك لەناو ئەو ماددەیە هەبێت، ئەویش بڕگەی سێیەمە : الالتزام بحق الوزارة في التفتـيش و التوجيـه، طبقـاً للمنـاهج و النظـام المطبـق علـى المـدارس الحكوميـة، چـونکە بەراسـتی پێموایە ئەو خاڵە زۆر زۆر گرنگە، لەو کاتەدا دەتوانرێت کە ئیلزام بکرێت ئەو قوتابخانانە کە تـەفتیش لـە لایەن وەزارەتی پەرەوەردەوە بکرێ بۆ ئەوەی هیچ پێشیلکاریەك نەکەن لەو نیزامەی کە بۆیـان دانـراوە بـە پێی ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێبین و سەیری ئەم ماددەیە بكەین دەبێنین تۆزێك رەكاكەتی تێدایە، تەواو نیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە دووبارە دابڕێژرێتەوە و پێشنیاری جەنابی وەزیریش دەخەمە ناو ئەو پێشنیارە، بڵێین ماددەی 25، كە دەكاتە 25 لێرە، تحتفظ الوزارة بحقها في المصادقة على نتائج الامتحانات، چونكە نەتیجەش موهیمە، ئەدی نەتائیجی ئیمتحانات كێ موصادەقە دەكات لێرە؟، باس نەكراوە، نتائج الامتحانات في المدارس و المعاهد الغير الحكومية و مصادقة معادلة الشهادات و وثائق التخرج الصادرة منها، چونكە باسی موعادەلەشی كرد، بۆیە پێویستە لەناوی دابنێین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەمە كە لێژنەی پەروەردە ئیعادەی صیاغەی كردووە، لەگەڵ ئەوەی بە ڕەچاو كردنی تێبینیەكەی وەزیر، من پێشنیار دەكەم صیاغەكە بەو شێوەیە بێت، مافی پەسندكردن و هاوتا كردنی بڕوانامە و بەڵگەكان.......تا بۆ وەزارەت پارێزراوە، چونكە ئەوەی بە مەرجێك لەگەڵ رەچاوكردنی ئەوەی مەرجێك، چونكە ئەگەر پابەند نەبێت، چونكە ئێستا مەدرەسەكە مۆڵەتی لێ سەحب كراوە، بۆیە تەصەور دەكەم تەحصیل حاصلە، بۆیە ئیزافەی پەسند كردن و هاوتاكردنی تا وەزارەت و نوقتە پارێزراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە برادەرانی لێژنە چاویان لێ بێ، لە ماددەی پێشنیاركراوی لێژنەی پەروەردە كە بە ماددەی 25 هاتووە، كە مافی پەسند كردنی بڕوانامە و بەڵگەنامەی دەرچوونی قوتابخانە تایبەتەكان بۆ وەزارەت پارێزراوە، لەگەڵ ئەو بڕگەی تر كە لە دوای دێتن، پەیوەندیان بە یەكەوە نیە، پارێزراوە لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەوەی كە دەبێت قوتابخانە تایبەتیەكان مۆڵەتی بەردەوام بوونی خوێندنیان هەبێت و پابەند بن بە ڕێنمایەكانی وەزارەت، بەردەوام بوونی قوتابخانە چ عیلاقەی بە پەسندكردنی بڕوانامەی ئەوەكان هەیە؟ لەبەر ئەوە من پێموایە ئەوەی لەگەڵ ڕەچاوكردنی تا ئاخیری زیادە، لەگەڵ ئەو مولاحەزەی وەزیر دای صیاغە بكرێتەوە، پێموایە ئەوە بەسە، ئەوەی دیكە زیادە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە منیش پێموایە، اولآ وثانیأ وثالثأ ورابعأ، با بڵێین زیادە کە صیاغەکە ماددەی 38، وەکو ئەوەی لێژنەی پەروەردە صیاغەی کردووتەوە باشە، ئێمە سێ حەفتەیە موناقەشەی ئەم ماددەیە دەکەین تازە گەڕاینەوە سەر ماددەی یەکەم، دووەم گەڕاینەوە سەر ماددەکانی تر کە هەمووی زیادە، ئیشراف و ئیمتحانات و ئیجازە لە سەرەتاوە ئێمە لە کاتی دارشتنی ناوی پرۆژەکە ئێمە ئەوانەمان دووبارە کردیتەوە، پێموایە زیادە، بەڵام ئەگەر پێشنیارەکەی جەنابی وەزیری لێژنەی پەروەردە و یاسایی پێیان باشە ئیزافە بکرێ، پێم باشە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە وەکو برادەران تەئیدی قسەی جەنابی وەزیری دەکەم، بەڵام پرسیارێکیشم هەیە وەکو تەوزیحات، مەسەلەن قوتابخانە نێودەوڵەتیەکان هەیە، ئەوە شوێفاتە، کامبریدج کۆنسولی بەریتانیە، ئەوانە شەهادەیان دەچێتە وڵاتی خۆیان لەوێ تەصدیق دەکرێ و لێرەش دووبارە تەصدیق دەکرێتەوە؟، ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە، ئەگەر وا بێ، ئەگەر لەوێ تەصدیق بکرێ ئەوە لێرەش موعتەرەف دەبێ، بەڵام ئەگەر لەوێ تەصدیق کرا ئەوە لێرە موعتەرەف نابێت؟، ئەگەر ئەو پرسیارەمان جواب بداتەوە و دەستتان خۆش.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەصدیق و موعادەلە دوو شتی لێك جودانە، تەصدیق بێناڤێتە خۆ قوتابخانە یان موجازە وەختی دەردکەویت شەهادەیا وی، ئەما موعادەلە دەرجاتە من بەحسی وی بووم، یەعنی من بەحسی موعادەلەی دەرجاتە، یەعنی ئەگەر یەکێ لە شوێفات تەقدیمی زانکۆی بکات، دێ دەرجەی چی حیساب بکرێ؟، مەبەستا من ئەوەیە، ئەمما موصادەقە هەر عەرزێکی موجاز وەختی ئەوێ دەرکەوێ هەر شەهادە موصادەقە کریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر و هەروەها هەندێك لە پەرلەمانتاران مەبەستیان ئەوە بوو كە مەسەلەی با بڵێین تەعادولی ئەوەشی تێدا بێت كە هەم موعەدەل و هەم، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكەین لە ڕێی زیادكردنی مافی پەسندكردن و هاوتاكردنی بڕوانامە و بەڵگەنامەكان، هەمووی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەڵگەنامەكان ئەویش كارتە، یەعنی ئەویش دەگرێتەوە، هەم شەهادەیە و هەم بەڵگەنامەكان، یەعنی ئەوانی تریش دەگرێتەوە، سەبارەت بە بەشی دووەمی ماددەكە، ئایا چ پەیوەندییەكی بە مەسەلەی پەسندكردنەوە هەیە، بەشەری یاخود بە ڕچاوكردنی ئەوەی كە دەبێ پەیمانگە یان قوتابخانە ناحكومیەكان مۆڵەتی بەردەوام بوونی خوێندنیان هەبێ یان پابەند بن بە ڕێنماییەكانی وەزارەت، ئێمە چەند نموونەیەكمان هەیە، زیاتر دەتوانم بڵێم لەسەر مستەوای جامیعەكان ڕوویداوە، بەڵام دەكرێ ئەوە لەسەر مستەوای قوتابخانەكانیش ڕوویبدات، بۆ نموونە هەندێك زانكۆ هەبوون وەزارەت ئیجازەی لێ سەندبوونەوە، بەڵام هێشتا ئەوان بەردەوام بوون لە خوێندن، هێشتا با بڵێین شەهادە و بڕوانامەیان دەدا بە تەڵەبەكانیان، یەعنی بۆیە ڕێگری لەوە بكەین، ئێمە ئەو مەرجەمان داناوە، ئەگەر قوتابخانەیەك بە پێی ڕێنماییەكانی وەزارەت كاریان نەكرد، وەزارەت ئیجازەی لێ سەندبوو، نەتوانرێ ئەو قوتابخانەیە هەر بەردەوام بێت و هەر شەهادەی بداتە تەلەبەكانی و لەوێ بەردەوام بێ، زیاتر ئەوە بۆ ڕێ گرتن لەوە دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە باس لە مافی وەزارەت دەكات بۆ پەسەندكردنی بڕوانامە و موعادەلەكەش زیاد كرێ، المصادقە علی الشهادە و معادلتها، بەڵام ئەو بڕگەی كۆتایی(شریطة التزام المدارس بتعلیمات الوزارة) یان( الحصول علی اجازة الاستمرارية)، مۆڵەتی بەردەوام بوون، باشە ئەگەر وەزارەت ئەو مۆڵەتەی نەدایەیی، یان قوتابخانە ناحكومیەكە لەبەر هەر هۆكارێك داخرا، مافی قوتابیانە كە بڕوانامەكانیان پەسند بكرێ، ئەی چۆن دەتوانن بگوازرێنەوە بۆ قوتابخانەیەكی دیكە؟، مەرجیشە كە پابەند بێ، پێویست ناكات لە دەقەكە هەبێ (التزام المدرسە بتعلیمات الوزارە)، یەعنی ئەوە هەر دەبێ نەك تەعلیمات، یەعنی التزام بكات بە هەموو ڕێنماییەكانی وەزارەت، نەك لە كاتێكدا كە داخراو و ئەوە بێ، مافی قوتابیان لێرە دەبێ پارێزراو بێ و بڕوانامەكانیان پەسند بكرێ و گوناحی ئەو قوتابیە نیە كە قوتابخانەكە دادەخرێ لەبەر ئەوەی قوتابخانە

ئیلتیزامی نەکردیە بە تەعلیماتی وەزارەت، یان لەبەر ئەوەی قوتابخانە ناحکومیەکە مۆڵەتی بەردەوام بوونی وەرنەگرتیە لەبەر ئەوەی یەك لە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی لە دەست دایە، ئەی ماف ئەو قوتابیە کو پارێزراو دەبێ ئەگەر بڕوانامەکەی پەسند نەکرێ لە لایەن وەزارەتەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە وشەی موعادەلە زیاد بکرێ و ئەوەی بڕگەی کۆتایی لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتریش روونکردنەوەیەکمان دا کە چەند کێشە و گرفتمان هەیە ئێستا لە قوتابخانە ئەهلی یاخود پەیمانگا و تاکو زانکۆ ئەهلیەکانیش، زۆر تەلەبە ماف دەخورێ لەبەر ئەوەی کە ئاگادار نیە ئایا یاسایەك هەیە ئەو قوتابخانەیە یاخود ئەو زانکۆیە مولزەم دەکات بەوەی کە ئایا، من نامەوێ ناوی قوتابخانە و زانکۆکان بێنم، بەڵام ئێمە چەند حاڵەتێکمان هەیە ئێستا لێرە، قوتابیەکان بەردەوامن لە خوێندن لەو زانکۆ و قوتابخانانە، بەڵام بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتیان نەکردووە، هەندێکیان مۆڵەتەکەشیان سەحب کراوەتەوە بۆ ئەوەی قوتابیەکان زەرەمەند نەبن و بۆ ئەوەی تووشی ئەو حاڵەتە نەبن، پێویستە ئەو مەسەلەیە بە یاسا چارەسەر بکرێ، یەعنی چوارچێوەیەکی یاسایی ئەدەیێ و روونتر دەبێ، هەم بۆ قوتابخانەکان و هەم بۆ قوتابیەکان، جابۆیە ئێمە پێمان وایە زەرورە ئەو ماددەی بەو شێوەیەی کە لە راپۆرتی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا هاتووە بە تەعدیل کردنی ئەوەی کە باسمان کرد، مەسەلەی دەسەڵات و بۆ مەسەلەی موعادەلەی معەدەلیش بگرێتەوە، ئەوەی کە جەنابی وەزیریش باسی کرد، ئەگەر پێتان باش بێ من صیاغەی ئەخیری دەخوێنمەوە:

ماددەی 25

ماف پەسندکردن و هاوتاکردنی بڕوانامە و بەڵگەنامەی دەرچوونی قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان بۆ وەزارەت پارێزراوە، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی کە دەبێت پەیمانگا و قوتابخانە ناحکومیەکان مۆڵەتی بەردەوام بوونی خوێندنیان هەبێت و پابەند بن بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، فەرموو د.رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەیە، یەك ئەوەی کە تازە د.دانا خوێندیەوە، دووەمیان ئەوەیە کە تەنها بڕگەی ئەخیری تێدا نەبێ، واتا تەنها : تحتفظ الوزارة بحقها في المصادقة على الشهادات و معادلتها ووثائق النجاح للمدارس و المعاهدات الغير الحكومية، لە دوای ئەو شەریتەوە مەرجەکانی تێدا نەبێ، ئەو پێشنیارەش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە هەردوو پێشنیار بخوێننەوە و یەك یەك دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تحتفظ الوزارة بحقها في المصادقة على الشهادات و معادلتها ووثائق النجاح للمدارس و المعاهدات الغير الحكومية

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟، توخوا بژمێرن بزانن چەندە؟، 34 کەسی لەگەڵدایە، ئەوەی تریش بخوێننەوە بزانن چەند کەسی لەگەڵدایە؟.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 25:

مافی پەسند کردن و هاوتا کردنی بڕوانامە و بەڵگەنامەی دەرچوونی قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکان بۆوەزارەت پارێزراوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەبێت قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکان مۆڵەتی بەردەوام بوونی خوێندنیان هەبێت و پابەند بن بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟، 15 کەسی لەگەڵدایە، کەواتە بە پێی دەنگ صیاغەی یەکەم دەنگی هێنا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی چوارەم

## سیستەمی بەڕێوەبردن و دارایی

### یەکەم: سیستەی بەڕێوەبردن

ماددەی 39:

پێکهێنانی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن لە هەر دامەزراوێکی فێرکردنی ئەهلی پێکدێ لە :

أ-ئەندامە هاوپشکەکان ژمارەیان لە (3) زیاتر نەبێ، لە حاڵەتی زیادکردنی هاوپشکەکان لەم ژمارەیە، ئەنجومەنی گشتی سێ لە ئەندامی هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی بەڕێوەبردنی قوتابخانە.

ب-بەڕێوەبەری قوتابخانە.

ج-دوو نوێنەر لە دەستەی وانە بێژان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**نظام الادارة و المالية**

**اولاً: نظام الادارة**

المادة 39

**تشكيل مجلس ادارة في كل مؤسسة تعليمية اهلية تتكون من:**

**أ-الاعضاء المشاركون ان لا يكون عددهم اكثر من (3) و في حالة ازدياد المشتركين على هذا العدد يختار المجلس العام ثلاثة من الاعضاء لتمثيله في مجلس ادارة المدرسة.**

**ب-مدير المدرسة.**

**ج-ممثلان عن الهيئة التدريسية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی پەروەردە؟**

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئەوە دەبێتە بەشی حەوتەم لە ڕێزبەندییەکەی ئێستا بە پێی ڕاپۆرتی خوێندنی باڵا و ئێمە بەو شێوەیە دامانڕشتووە،**

**سیستەمی کارگێڕی و دارایی و سزایی، سزاییشمان بۆ ئیزافە کردووە لەبەر ئەوەی پێمان وایە کە باس لەوەش دەکات لەو دەروازەیە،**

**یەکەم: سیستەمی کارگێڕی**

**ماددەی 26**

**لە هەر قوتابخانەیەکی تایبەتدا، ئەنجومەنێکی کارگێڕی پێکدێت بەم شێوەی خوارەوە:**

1- **خاوەنی قوتابخانەی تایبەت لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابخانەکە بە کۆمەڵ بوو، ئەوان نوێنەرێك هەڵدەبژێرن.**
2- **بەڕێوەبەری قوتابخانە تایبەتەکە.**
3- **دوو نوێنەری دەستەی مامۆستایان.**
4- **توێژەری کۆمەڵایەتی قوتابخانە تایبەتەکە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك د.دانا کە دەڵێی ئیدارە هەمووی ناگرێتەوە، کارگێڕی دەگرێتەوە و مالیە دەگرێتەوە و سزادان دەگرێتەوە، ئەو عینوانە دوور و درێژەی بۆ چییە؟، فەرموو.**

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشەکانی تر لەبەر ئەوەی کراوە بە یەکەم، سیستەمی کارگێڕی و دوایی دووەم هاتووە، داهات و دارایی، دواییش سێیەم سزاکان هاتووە، یەعنی هەر سێکیان لەو دەروازەیە جێی کراوەتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە داڕشتنەوەکەی لێژنەی یاسایی دەکەین بە ڕێزبەندی 26 لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە فیعلەن بە قانونیەن بشیت النظام ، عایدی قانون دیە النظام؟، یەعنی ئەڤە لازمە ببێت الهیکل الاداری مەسەلەن، یەعنی ئەوە دبیژێت نیزامە یەعنی قانونە ئەز وەکو دویی النظام الاداری والمالی و العقابي، کەلیمەی عیقابیش ئەگەر بمینە ژێ بەدیلێکی بۆ ببینن، یەعنی ئەوەشی پەروەردەدا ئەڤ نەبی، ئەز نزانم ئایا ئەڤ تەفاصیلە زەروورییە لە قانونیدا هەبێ؟، نابینم ئەساسەن ئەڤە گونجاو بیت دگەل داڕشتنا قانونێ، ئەگەر ئەڤە برادەرانی پەرلەمان دەنگ لەسەر بدەن، ئەز نابینم ئەڤ تەفاصیل زەرووری بێتن لە قانونیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە راپۆرتی خۆمان عیقابیەکەمان لادایە، سیستەمی بەڕێوەبردن، و مەبەست لە نیزامی ئیداری ئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن و شێوازی بەڕێوەبردنە، راستە وشەی نیزامەکە هەیکەلی ئیداریە و شێوازی بەڕێوەبردن، هەتا ماددەکانی دواتر زۆر وردەکاریی تێدایە ئێمە داوای رەتکردنەوەمان کردیە و ئەگەر جەنابی وەزیر و لێژنەی پەروەرد بە پێویستی نازانن کەوا ئەو وردەکارییە کە لە ماددەی 26 هاتیە زەروری نیە و پێویست نیە لەناو یاسایەکە هەبێت، ئەوە بزانین لە نیزامەکە و بە رێنمایی وەزارەت رێکی دەخات، ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام وشەی عیقابیمان لادایە و ئیداریەکە نەمایە، هەیکەلی ئیداریە و شێوازی بەڕێوەبردنە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەژی دیسان جارێكی دی خصوصیاتی مەداریسە، هەر مەدرەسەكی سیستەمی خوّی ئیدارەكرنی هەیە، شێوازیكی دی هەیە، ئەتو راڤا قالبێكی ببێژی و رێگاكا قانونی تو فەرزكریە سەر، چ دڤێتن مەداریسی عالەمی و شێوازێكی دی هەیە، ئەز نابێنم ئەڤە گەلێك كاریگەر بێت سەر كاری ئیداری، ئەز دەبینم و جارێكی دی دووبارە دەلێم ئەڤە زۆر زەرووری نیە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، عظیمة نجم الدین، ئاهەنگ عارف، كاوە محمد امین، صباح بیت الله، عبدالسلام بەرواری، قادر حسن، امیر گۆگا، ئارام قادر،احمد وەرتێ، سمیرە عبدالله، بیریڤان خان، فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لێژنەی خۆمان، لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، سیستەمی كارگێڕی و دارایی و سزایی بمێنێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی 29یەمدا، سزا دانراوە بۆ ئەو خوێندنگایانەی كە پابەند نابن بە ڕێنمایەكانی وەزارەتەوە، بە سێ خاڵ، یا بە هەڵوەشاندنەوەی قوتابخانەكە بێت یان بەسەرداگرتنی قوتابخانە تا ئەو كاتەی كە پێویستیەكانی پڕ ئەكاتەوە وەكو مەرحەلەیك و كۆمەڵێك خاڵی تر كە لەناو بڕگەی ماددەی 29 دا هەیە، بۆیە بڕگەی سزایی، وە سیستەمی كارگێڕی و داراییشمان، دارایی لەبەر ئەوەی ئێمە كۆمەڵێك قوتابخانەی كەرتی تایبەتمان هەیە قازانج ویستە و هەندێكیشمان هەیە قازانج نەویستە، ئەوانەی كە خێرخوازین و قوتابخانەیەك دەكەنەوە، لەبەر ئەوە سیستەمی داراییان جیاوازە، بۆیە پێویست دەكات سیستەمی كارگێڕی و دارایی و سزایی وەكو خۆی بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی لە ماددەكانی تردا روونكردنەوە دراوە و بەخاڵ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت سیستەمی ئیداری پێویست بەو تەفاصیلە ناكات، چونكە هەر مەكتەبێك نیزامێكی ئیداری خاصی خۆی هەیە، تۆ كە دەڵێی مانجمینت، مانجمێنت ئەوەیە كە بە خۆی نیزامەكەی دادەنێت و خۆی دەزانێ ئیدارەی ئەو مەكتەبەی كو دەكات، یەك لەگەڵ یەكی زۆری فەرق هەیە، ئەگەر ئێمە بەو

تەفاصیلەی بچینە ناو ئەو قانونەی مەعنای ئەوەیە تەداخولە و ئێمە نیزامیان بۆ دادەنێین، ئەوە عەکسی فەلسەفەی قانونەکە خۆیەتی، بۆیە نابێ هیچ ئەو تەفاصیلەی تێدا بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان ڕام هەیە، بەراستی حەقی ئەو هەموو تەفاصیلە نیە، پێم باشە ماددەکە بەو شێوەیە بێت، لە هەر قوتابخانەیەکی تایبەتدا، ئەنجومەنێکی کارگێڕی پێك دێت کە لە وەزارەتی پەروەردە بە ڕێنماییەکی تایبەت بۆیان دیاری دەکرێ، خاڵەکان زیادن، بۆ نموونە، توێژەری کۆمەڵایەتی قوتابخانە، ئەوە توێژەری کۆمەڵایەتی نەبوو، یەك لە مەرجەکانی دەبێ توێژەری کۆمەڵایەتی هەبێ، ئەدی ئەگەر نەیانبوو؟، ئینجا لەبەر ئەوە من پێم باشە هەر وابی کە وەزارەتی پەروەردە بە ڕێنمایی بۆیان دیاری بکات و دێنە وەزارەتی پەروەردە و هەیئەتی کارگێڕی خۆیان دابنێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەمە پێویست ناکات، چونکە هەر کەسەو سیستەمی تایبەتی خۆیان هەیە، لە ڕەوزەوە دەست پێدەکات ئینجا قوتابخانە و ئینجا پەیمانگاکان، سیستەمیان جیاوازە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەمە کە ئەو ماددەیە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەمە ئێمە ڕەچاوی جیاوازی لە نێوان جۆری ئەو قوتابخانانە بکەین، هەیە لە ڕەوزەیە تا دەگاتە پەیمانگایەکی پێشکەوتوو، بێگومان جیاوازی ئاستەکانیان و ئەرکەکانیان ئەخوازێ سیستەمی بەڕێوەبردنیان جیاواز بێت، بۆیە یەك: نابێ ئێمە سیستەمێکی بە دڵی خۆمان لەسەریان فەرز بکەین،دوو: لەگەڵ ئەوە نیم ئەصڵەن ئێمە زەغەت بکەینە سەر پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت، صەمونخانەیەك بکەم فەرز دەکەی لەسەرم مودیر ئیدارەیەك چۆن بیت؟، کۆمپانیایەك بکەم بۆ ئەوەی کاڵایەکی زۆر فراوان و گەورەش بەرهەم بێنم، فەرز دەکەی لەسەرم سیستەمەکەی چۆن بیت؟، ئیجازە وەردەگرم بۆخۆم سیستەمەکەی دادەنێم، ئێمە لە ماددەی 14م مافمان دایەتی، کردوومانە ئەرك لە پێشکەش کردنی ئیجازە،

دەبێ شێوەی بەڕێوەبردنەکەی دەستنیشان بکەیت، ، بەڵام تاکو ئێمە لە یاسا تۆزێك پابەنـدیان بکـەین، مـن پێشـنیارێکم هەیـە بـۆ هـەردوو لێژنـە، مـاددەی کـۆنی 40 و 41 وا بـزانم 39و40 کـۆ بکـرێن وا بڵـێین: پێویسـتە لەسـەر قوتابخانـە یـان پـەیمانگای نـاحکومی شـێوەی بەڕێوەبردنەکـەی و ئامانجـە سـەرەکییەکانی پێشکەش بکات بۆ حکومەت و بۆ ئاگاداری و وەرگرتنی ڕەزامەنـدی، ئەگـەر مەبەسـت لـەوە بێت پابەنـدیان بکەین شێوەیەکی بەڕێوەبردنیان هەبێت، ئێمە پابەندیان دەکەین بەوەی کە ئـەو شـێوەی خۆیـان دایاننـاوە بـۆ حکومـەت بنێـرن و وەزارەت موافەقـەی بکـات، چـونکە بۆمـان نیـە، کـەرتی تایبەتـە، یـەعنی بـۆ ئێمـە حکومەت شێوەیەکی ئیداری لەسەریان فەرز بکەین؟، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشـنیار دەکـەم مـاڤی دامەزرانـدنی بـەڕێوەبردنی خۆیـان پـێ بـدرێ، چـونکە مەنهـەجی خوێنـدن و تایبەتمەنی جیاوازیان هەیە، بۆیە ئەو مافەیان پێبدرێ کە چۆن بەڕێوەبەرایـەتی خۆیـان دەکـەن، دوو: کـە لێرە لە (أ) دەڵێ: ئەندامە هاوپشکەکان ژمارەیان لە سێ ٚزیاتر نەبێ، من پرسیار دەکـەم بـۆ؟، یـەعنی زیـاتر بێ ڕێگەی پێ نادرێ؟، چونکە هاوپشك ئیحتیمالە لە سێ زیاتر بێ، هەندێ جار پێنـج کەس بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەمیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزی پشتگیری ڕەئی و بۆچوونێ جەنابی وەزیری دەکەم کە پێویستی بەو ماددەی ناکات، چونکە ئەصڵەن هەر یەك سیستەمێ خۆی تایبەت هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ هەردوو لێژنەی بەڕێز، ئەو فەصڵە زیـاتر پێشـنیارەکەم ئیلغـا بکـرێ، ئەگـەر لێـی ورد ببنــەوە، چــونکە لــە خــاڵی شــەش مــاددەی 9 هــەر خۆمــان پەســندمان کــردووە، دەڵــێ: دەبــێ هــەموو قوتابخانــەیکی تایبــەت، پــەیڕەوێکی نــاوەخۆی هــەبێ کــە بنــەما گشــتیەکانی کــارکردن و چــۆنیەتی بـەڕێوەبردنی کـاری تێـدا بـێ، یـەعنی ئـەم فەصڵە هـەمووی باسـی مەسـائیلی دارایـی و ئیـدارە و عقوبـاتی

تێدایە، بەراستی پێویست ناکات ئەوە لە رووی شکلیشەوە ئەو بۆچوونە لەناو یاسادا بە شیاو نازانم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی چوارەم کە توێژەری کۆمەڵایەتی لە ناو ئەنجومەنی کارگێڕی بێت، ئەگەر لە ماددەی دوایی تەماشا بکەین، ئەو ئەرکانەی کە ئەنجومەنی کارگێڕی پێی هەڵدەستێ، هیچیان لەوانە نینە کەوا توێژەری کۆمەڵایەتی ئەنجامیان دەدات بە دیاری کردنی سەرچاوەی داهاتی فوتابخانە یان پەیمانگای ناحکومی، بڕیاردان لەسەر بودجەی فوتابخانە و چاودێری کردنی چەسپاندنی ژمێریاری و حسابات، جێ بەجێ کردنی سیاسەتی گشتی فوتابخانە تایبەتەکان، یەعنی پێموایە ئەوانە هیچیان لەوانە نینە کە توێژەری کۆمەڵایەتی ئەنجامی بدات، بۆیە من پێموایە پێویست ناکات توێژەری کۆمەڵایەتی بەشێك بێ لە ئەنجومەنی کارگێڕیەکە، یەعنی ئەگەر لەناو فوتابخانە دا یان لەناو پەیمانگا ناحکومیەکە بێ گرفت نیە، بەڵام لە ئەنجومەنی کارگێڕی وابزانم لە مەهامەکان هیچ ئەرکێکی ئەوی تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم ختوە هەر نیزامی ئیداری دەبێ هەیکەلی ئیداری هەبێ، چۆن تۆ هەیکەلەکەی ڕێك دەخەی؟، تەنها ئەوانەی کە لێرە باسکراوە، هەر ئەوە نیە، بۆ نموونە مەعهەدەك لەگەڵ ڕەوزەیەك دەکەیە یەك مەعهەدی کۆمپیوتەر لە چوار بەش پێکهاتووە، فنونی جەمیلە لە سێ بەش پێکهاتووە، وەرزش لە پێنج، شەش بەش پێکهاتووە، هەریەکە تەڵەبەی خۆی هەیە، قسمی خۆی هەیە، بێینە سەر ئیدارەکەش، ئیدارە کارگێڕی هەیە، خۆیەتی هەیە، دارایی هەیە و قانونی هەیە، ئیعلامی هەیە، پێویست ناکات ئەو نیزامە هەبێ، هەر زیادە لێرە، بەڕەئی من ئەوە لێرە نەبێت، با صەلاحییەت بدەینە ئەو فوتابخانە، هەر یەکە و بە گوێرەی پێویستی خۆی و ئیختیصاصی خۆی دابنێت، باسی توێژەر دەکەین لە مەعهەدەکان توێژەر نیە، هەر لەوانی تر توێژەر هەیە، ئەو داندرایە سێ کەس، هەر بە سێ کەس پێك نایێت، هەر ئەنجومەنەکە هی مەعاهد دەبێ 12 کەسی تێدا بێت، ئەوە چۆن بەسێ کەس تەدبیر دەکرێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە داوکراوە کە ئەنجومەنەکە دادەمەزرێ بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە، بەڕێوەبەری قوتابخانە و دوو نوێنەر لە وانەبێژان نیشان کراوە، من پێشنیار دەکەم دایك و باوکیش نوێنەریان هەبێ لە مەکتەبەکە، چونکە ئەوانیش دەبێ ئێمە عیلاقە دروست بکەین لەگەڵ مەکتەب و دایك وباب بۆ پێشخستنی قوتابخانەکە، هەتا لە حکومیش دەبێ هەبێ، بەڵام ئەگەر ئێستا لە ئەهلیەوە دەست پێ بکەین ئەو قوتابخانە پێش دەکەوێ، ئەگەر نموونەیەك بگێڕمەوە، خۆم نوێنەری دایك وباوك بوومە بۆ منداڵەکانی لە ئەوروپا، ئەوانەی کە پێشنیاریان هەیە، دەست نیشانی منیش کرا، لەبەرئەوەی کەلتورم هەڵگرتیە، کەلتوری ئێرە و کەلتوری ئەوێ، هەتا مناڵەکان زیاتر مەکتەبەکەیان خۆش بوێ و زیرەکتر بن و گرنگی پێ بدەن، زۆر زۆر پێویستە دایك وباب نوێنەری هەبێ لەو ئەنجومەنە بۆ چاککردنی قوتابخانە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستی ئێمە زیاتر تەئکید کردنەوە لەو ماددەیە ئەوەیەکە  پێویستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی هەبێ لەبۆ ئەوەی بزانرێ کێ تەحەمولی مەسئولیەتی بڕیارەکانی بابلێین ئەو قوتابخانەیە یان ئەو پەیمانگایە دەکات، ڕاستە ئێمە لە ماددەی 4 پێموایە 13 بوو باسمان کردووە کە بۆ مەسەلەی شروتی ئەوانەی تەقدیم کردن بۆ مۆڵەت وەرگرتن، 13 باس لەوە دەکات سیستمی پێشنیار کراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە، یەعنی یەکێکە لە مەرجەکان، سیستمی پێشنیار کراو بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، بەڵام باسی تەفاسیلێ نەکراوە، یەعنی چی دەبێ؟، بەڵام ئەو ماددەیە، ئەوقوتابخانەیە مولزەم دەکات کە دیاری بکەن کێن ئەوانەی کە تەحەمولی مەسئولیەت دەکەن لە دەرکردنی بڕیارەکان، جا بۆیە بەڕای ئێمە بەڕاستی بوونی ئەوە زەرورە بۆ هەر قوتابخانەیەك، لەڕاستی دا قوتابخانە سەمموونخانە نیە، یاسای ترمان دەرکردووە بۆ نموونە بۆ مونەزەماتی بابلێین غەیرە حکومی پێشتر، چوارچێوە گشتیەکانمان دیاری کردووە بۆ ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆیان پێویستە چی تێدابێ، ڕاستە یەعنی قوتابخانەش پەیڕەوێکی تایبەتی خۆی دەبێ، پەیڕەوێکی ناوخۆی دەبێ، بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانیان، بەڵام تۆ دەبێ هەندێ ئسوس و بنەما دیاری بکەی، یەعنی ئەوە تەسبیت کردنی بنەمایەکی دیموکراسیە ئەگەر نا خاوەنی قوتابخانەکە بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ هەر شتێك بکات، تەنیا و تەنیا ئەو دەبێ،یەعنی ئەو کاتە تەحەمولی مەسئولیەت بکات، بەڵام کاتێ کە تۆ مەرجێکت دانا کە پێویستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی هەبێ، ئەو کاتە وادەکەی هەم مامۆستاکان بەشدار بن لەو بڕیار وەرگرتنەدا، هەم ئەو نوێنەرانەی تر کە دیاری کراوە، ئەگەر قسەمان لەسەر گۆڕینی نوێنەرەکانە یاخود ئەوانەی کە دەبنە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە شتێکی ترە، بەڵام پێویستە یەعنی لەو

چوارچێوە یاساییە دا بنەماکە دیاری بکرێ کە پێویستە ئەنجومەنێکی کارگێڕی هەبێ لە فوتابخانە یان لە پەیمانگا بۆ ئەوەی کە دەبێ بزانین کە کێ تەحەمولی مەسئولیەت دەکات و بڕیارەکانیش بە فەردی نەدرێن، مەسەلەکە ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد(وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕاستی ئەز دڤێ تەئکیدێ لسەر هەندێ بکەم، یەك هەیکەلی ئیداری بۆ ڕەوزەی هەتا مەعەهەدا شێوازەکی تێدا نیە، جارێ ئەڤە غەڵتەکا تەختیتیە، ئەز نابینم و ناگونجێت دگەل بوارێت من، ئەڤە یەك، دوو/ ئیجازەی نیزام داخلی تێیدا، جوزئەکە نیزام داخلیە کە لێی دایە، ئەگەر لێ بزەڤرڤیەوە شێوازی ئیدارە کرنێ، سێ/ من دڤێت دەست خۆشیێ لە مامۆستا بکەم کە بەحسێ دایك وبابا کریەڤە، جوزئەکە ژ نیزاما ئیسلاحیا پەروەردەیێ ئەوە کە پەیوەندی هەبی مابەینی هەمی فوتابخانا دا، بەس ئەز باوەڕ ناکەم جهێ کو د قانونێ دا وەکو پرۆسێس لازمە وەزارەتێ پەروەردێ بێتە بکارهێنان، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم بەشە واتە سیستمی کارگێڕی و دارایی زۆر گرنگە، کە دەڵێین سیستمی کارگێڕی و دارایی بەڕێزان تەنها لە هەیکەلی ئیداری دا کورت نابێتەوە، سیستەمەکە فراوانترە لە هەیکەلەکە، بۆیە دەبینین ئێمە پێشنیاری بابەتێکمان کردووە 5%ی ئەم داهاتە لەڕووی داراییەوە دەبێ تەرخان بکرێ بۆ پەرەپێدانی توانا زانستی و پەروەردەییەکانی ناو فوتابخانە و پەیمانگاکان، تۆ ئیلزامیان دەکەی 5% ی داهاتەکە بۆ خولی ڕاهێنانە، بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستیە، بۆ داهێنانی کۆمەڵێك ڕێوشوێنە کە کار لەسەر ئاستی زانستی و پەورەردەیی دەکات، ئەمە لە هینەکانی تر داهاتووە، ئەمە تەنها باسی ئەنجومەنی کارگێڕی دەکات، باسی ئەنجومەنی مەسەلەن زانستی ناکات، لە پەیمانگاکاندا سەرۆکی بەشەکان زیاتر ئەنجومەنی زانیستین لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر مەبەستمان پەیمانگاکان بێ دەکرێ بڵێین سەرۆکی بەشەکان لە پەیمانگاکانیش دەبن بە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی، بەڵام ئەمە ئەنجومەنی کارگێڕیە نەك ئەنجومەنی زانستی، بۆیە خاڵێکی تر باسی ئەوە دەکرێ کەلە نیزامی داخلی هەر فوتابخانە و پەیمانگایەك دا ئەوان دەکرێ شێوازی سیستمی ئیداری پێشکەش بکەن، ڕاستە ئێمە نیزامی داخلی ئەوان پێویستە کە هەیان بێ، بەلام لە نیزامی داخلیەکە دا کاتێ ئەوان پێشکەشی دەکەن دەبێ لەژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایەدابێ، بەشێوەیەك پێشکەشی بکەن کە پابەند بن بە بنەماکانی ئەم قانونەوە کە لەوێ دابڵێین ئێمە بەم شێوەیە بە گوێرەی ماددەی

ئەوەندە کە دەبێ ئەنجومەنێکیان هەبێ، ئەنجومەنی کارگێڕی سەرۆکی هەرێم هەبێ و ئەندامی هەبێ، نوێنەری مامۆستایانی تێدا هەبێ، سەبارەت بەوەی کە توێژەری کۆمەڵایەتیش زۆر زۆر گرنگە لە ڕاستی دا، لە ماوەی دوو، سێ ساڵی ڕابردوودا ئێمە بایەخمان پێداوە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو دا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە زیاتر لە 500 توێژەری کۆمەڵایەتی ........ .

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

دکتۆر گیان ئەمە نوقتەی نیزامی نیە، ئەمە شەرح و موداخەلە و هەموو شتێکە، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە موناقەشەی هەر پرۆژە قانونێك دا گرنگە گوێ لە لیژنەی مەعنی بگیرێ، چونکە لە ڕاستی دا ئەو ئیشی تێدا کردووە، وەکولیژنە پەیوەندی هەیە بە بوارە تایبەتیەکەوە، ئەگەر ئێستا من باسی زەرورەتی بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی بکەم، بە نیو سەعاتی تریش تەواو نابم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

نوقتەی نیزامە، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نیزامەی مەدارسی خاس کە تەقدیم دەکرێ چوار پاوەرپۆینتی هەیە کە هەیکەلی خۆی نیشان دەدات، یەك هەیکەلی ئیداریە، یەك هەیکەلی خوێندنە، یەك هەیکەلی مالیە، یەکیش هەیکەلی سێرڤس، خەدەماتە، یەعنی بەتەنێ نیە من بێم و بڵێم، چوار کەس ئەنجومەن بێ و حەوت کەس ئەنجومەن بێ، بەچوار نیزامی پاوەرپۆینت یان پێنج هەیکەلی ئیداری خۆی پیشان دەدات کە ئەوانە چ دەکەن و کێ مەسئولیەتی، من بێم لەو قانونەی حەسری بکەم لەسەر 6 کەس بۆ 20 مەکتەبی، بەڵام 5٪ ی مالی ئەشهەدوبیلا من لەگەڵیانم فەرزی ئەو مەکتابانە بکەن 6 تەڵەبەی فەقیر ئەوەی کە حەزی لێیە بچێتە ئەو مەکتەبە و مالیەن ناتوانێ بچێ، 5٪ ی بۆ ئەوانە دانێن، ئەوە بە مینحە بچێتە ئەوێ، لەگەڵ ئەوەیمە بەڵام وەڵڵا لەگەڵ ئەوە نیمە ئەتو هەیکەلێکی موئەسەساتەکی موتەتەور پێنج پاوەر پۆینت دەبێ تەقدیم بکات، هیکەلی خۆی لەهەر جیهەتێکی تر، لە هەر بەشێکی ئەتو کو دەکرێ حەسری بکەی بە شەش ئەعزای؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، کاك دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەنجومەنی کارگێڕی هەبێ، سیاغەکە بەو شێوەیە.

1- برهان رشيد          مۆڵەت.
2- تارا عبدالرزاق          مۆڵەت.
3- حمديه معروف          مۆڵەت.
4- ڕێباز فتاح          مۆڵەت.
5- سەرگوڵ رضا          مۆڵەت.
6- سۆزان شهاب          مۆڵەت.
7- صباح محمد نجيب          مۆڵەت.
8- صبيحه احمد          مۆڵەت.
9- عمر عبدالرحمن          مۆڵەت.
10- فاضل محمد          مۆڵەت.
11- ليلى امير عاض          مۆڵەت.
12- هاژە سليمان          مۆڵەت.
13- بشير خليل          مۆڵەت.
14- رازاو محمود          ئامادە نەبووە.
15- شەونم محمد غريب          ئامادە نەبووە.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستاش بەردەوام دەبين لەسەر بەرنامەی كار داوا لەليژنە تايبەتەكان دەكەين، ليژنەی ياسايی و ليژنەی پەروەردە بفەرموون بۆ سەكۆی ليژنەكان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزيری پەروەردە و مونەسيقی نێوانی حكومەت و پەرلەمانی كوردستان دەكەين، بەخێربێن، باليژنەكان بفەرموون، داواتان لێدەكەين شتەكان دووبارە مەكەنەوە، ئەوەی كە پەيوەندی بە ماددەكەوە نەبێ، قسەی لەسەر مەكەن، هەوڵدەن بەكەمترين شێوەش ڕەئييەكانی خۆتان دەربڕن، چونكە بەڕاستی بەهۆی دووبارە بوونەوە و چوونە سەر ماددەی تر، ماوەيەكی زۆری خاياندووە ئەم ياسايە، داواشتان لێدەكەين كە دەچنە دەرەوە زوو وەرنە ژوورەوە، بۆ ئەوەی نيسابی قانوونی تەواو بێ بۆكاتی دەنگدان، فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (26) كە مەجليس ئيدارەيەكمان دانا، ئايا لێرە دەست نيشان نەكراوە، كێ سەرۆكايەتی ئەو مەجليسە دەكات؟ مالیكی مەدرەسە، يان موديری مەدرەسە، بۆيە ئەمن پێشنيار دەكەم، پێش ئەوەی بڕۆنە ماددەی تر لێرە دياری بكەن، بڵێن ڕەئيس مەجليسێك دەستنيشان دەكرێتن، ئەمما بەتريقەی ئينتيخاب يانيش بەشێوەيەكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی پەروەردە، وەڵامی کاك جمال بدەنەوە.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوەی برای بەڕێز کاك جمال باسی دەکا، بەڵام لەڕاستیدا هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگایەکی ناحکومی بەڕێوەبەری دەبێ، ئەم بەڕێوەبەرە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی دەبێ، بەڵام سەیر دەکەین ئەگەر بەوازحی نەهاتبوو، پێویستە بڵێین بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی نوێ.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (40): ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قوتابخانە، تایبەتمەند دەکرێت بەم کارانە:

1- بڕیاردان لەسەر بودجەی قوتابخانە، پێش سەرەتای ساڵی خوێندن و دیاری کردنی داهاتە داراییەکان، لەسەر بنەمای ژمارەی خوێندکارە وەرگیراوەکان و بەخشیشەکان و هاوکارییەکان کە بۆ قوتابخانە دێت، هەروەها مەزەندەی مانگانە دادەنرێت بۆ مووچەی مامۆستایان و کارمەندە بەڕێوەبەرییەکان و کرێکاران و کڕینی کەرەستەکان و کتێبەکانی قوتابخانە و ئامراز و کەلوپەل و ئەنجامدانی چاکسازی و کرداری چاککردنەوەی پێویستەکان.

2- پێداچوونەوەی حساباتی مانگانە و کۆتایی قوتابخانە و ئامارکردنی ئامرازەکان و کەلوپەل و ئەنجامدانی چاکسازی و کرداری چاککرنەوەی پێویستیەکان.

3- پێداچوونەوەی حسابی مانگانە و کۆتایی قوتابخانە و چەسپاندنی.

4- جێ بەجێکردنی سیاسەتی گشتی قوتابخانە دەربارەی ئاراستەکردنی هونەری و بەڕێوەبردن لەبەر ڕۆشنایی حوکمە هاتووەکان لەلیستبەندییەکە و ئەو بڕیارو لیستبەندییانەی لە وەزارەتەوە دەردەچن بۆ ئەم مەبەستە.

5- دابەشکردنی دەستەی کار بەسەر دەزگاکانی قوتابخانە.

6- بەدوا داچوونی ئاستی بەڕێوچوونی کاروبارەکانی قوتابخانە بەشێوەیەکی گشتی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

المادة (40): مجلس ادارة المدرسة، يختص بالاعمال التالية:

1- اقرار موازنة المدرسة، ذلك قبل بدء العام الدراسي وتحديد الموارد المالية، وذلك على اساس عدد الطلبة المقبولين والمنح والمساعدات التي ترد الى المدرسة وكذلك يتم تخمين الرواتب الشهرية للمعلمين والمنتسبين والاداريين والعمال وشراء الادوات والكتب المدرسية والالات والمواد وانجاز التصليح وعمليات الترميم الضرورية.
2- مراجعة الحسابات الشهرية والنهائية للمدرسة وجرد الالات والاثاث واجراء التصليح وعمليات الترميم الضرورية.
3- مراجعة الحسابات الشهرية والنهائية للمدرسة وتثبيتها.
4- تنفيذ السياسة العامة للمدرسه فيما يتعلق بالتوجية الفني والادارة على ضوء الاحكام الواردة في اللائحة والقرارات واللوائح الصادرة لهذا الغرض من الوزارة.
5- توزيع الايدي العامله على اقسام المدرسة.
6- متابعة مستوى سير الاعمال في المدرسة بصورة عامة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امين (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە كە ماددەكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ئەنجومەنی كارگێڕی ئەم ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- دیاری كردنی سەرچاوەكانی داهاتی قوتابخانەو پەیمانگا ناحكومییەكان.
2- بڕیاردان لەسەر بودجەی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومییەكان، بەر لەدەستپێكردنی ساڵی خوێندن.
3- چاودێریكردن و چەسپاندنی ژمێریاری مانگانە و كۆتایی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومییەكان.
4- جێ بەجێكردنی سیاسەتی كشتی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومییەكان لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەیڕە و ڕێنمایانەی كە بۆ ئاسانی جێ بەجێكردنی ئەم یاسایە دەرچوون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەتكردنەوەی ئەو ماددەیەن، لەبەر ئەوەی ئەركەكانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن دەتوانن بەڕێسا ڕێك بخەن، پێویست ناكا لەناو یاسادا دیاری بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەز تەئیدا لیژنا یاسا دکەم، چونکە ئەڤە نیزامە دێتە تەحدید کرن، ئەڤە نا موحتاجە بچیتە قانونەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دوو ڕەئی جیاواز هەیە، لیژنەی پەروەردە دەیەوێ سیاغەیەکی تازەی بۆ بکا، بەڵام لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر دەیانەوێ ڕەتی بکەنەوە، پێویست بەو ماددەیە ناکا، بەڕێزان، ئێستا ڕەتکردنەوەی ماددەکەی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (42) کەس لەگەڵ ڕەتکردنەوەیەتی، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (21) کەس دەیەوێ بمینێتەوە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە،فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دووەم: داهاتە داراییەکان.**

**ماددەی (41): داهاتە داراییەکانی دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی پێکدەهێت لە:**

**أ- بڕە پارەی لەبەرچاوگیراو لەلایەن ئەندامە دامەزرێنەرەکانی پڕۆژەکە.**

**ب- پارەی خوێندنی وەرگیراو لەخوێندکاران و بەخێوکارانیان.**

**ج- هاوکاری و بەخششەکان و یارمەتییەکان، کە قوتابخانە دەستی دەکەوێت لەلایەنەکانی حکومەتی هەرێم یان لایەنی تر، وەزارەت بڕیاری لەسەر دەدات لەڕێگای دەزگا تایبەتەکانی.**

**ثانیا: الموارد المالیة:**

**المادة (41): الموارد المالیة لمؤسسات التعلیم الاهلي والخاص تتألف من:**

**أ- المبالغ المالیة المرصدة من قبل الاعضاء المؤسسین للمشروع.**

**ب- المبالغ المستلمة من الطلبة واولیاء امورهم.**

**ج- المعونات والمنح والمساعدات التي تحصل علیها المدرسة من اطراف حکومة الاقلیم او الجهات اخرى تقررها الوزارة عن طرف مؤسساتها الخاصة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەرورەردە فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژێتەوە، هەروەها ئیزافەشمان کردووە بەتایبەتی تەرخانکردنی بڕێك لەم داهاتە بۆ پەرەپێدانی توانای زانستی و پەروەردەیی، کارگێری قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکە بەم شێوەیە لەلای ئێمە داڕێژراوەتەوە:

دەبێتە ماددەی (28) لە ڕاپۆرتی ئێمە:

أ- داهاتی دارایی قوتابخانەی تایبەت پێکدێت لە:

1- ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن ئەندامانی دامەزرێنەرەوە بۆ پڕۆژەکە تەرخان دەکرێ.

2- ئەو بڕە پارەیەی سالآنە لەقوتابیان وەردەگیرێت، کە پێویستە لەسەر بنەمای پێوەر و ئاستی زانستی و پەروەردەیی هەڵسەنگاندنی سالآنە بێت و لەلایەن وەزارەتەوە ڕێنمایی پێدەرچێت.

3- ئەو کۆمەك و مینحە و یارمەتییانەی قوتابخانەکە لە لەلایەنی دیکەوە دەستی دەکەوێت لەپاش ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنانی پەیوەندیدارەوە.

4- ئەو داهات و دەستکەوتانەی لەئەنجامی چالاکییەکانی قوتابخانە و پەیمانگاکەوە بەدەست دێن.

ب- لەسەر قوتابخانەی و پەیمانگای ناحکومی پێویستە پابەند بێت بە:

1- ژمێریاری داراییانەی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی مەلکەچی حکومی یاسایەکان و ڕێکارەکانی چاودێری دارایی هەرێم دەبێت.

2- تە رخانکردنی ڕێژەی 5٪ی قازانجی سالآنەی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بۆ پەرەپێدانی توانای زانستی و پەروەردەیی و کارگێری قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانە و پەیمانگایەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەو ڕاپۆرتەی لیژنەی پەروەردە دەکەین، کە بەڕیزبەندی ماددە (28) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد / وەزیری پەروەردە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل وان دام، بەس هەردوو خالێ دووماهی كێمە  تو گۆتی بمینێت یا دی زروری نینە د قانونێدا، وەكو دەلێت ( تكون الحسابات المالية للمدرسة الخاصة خاضعة لاحكام قوانين الرقابة المالية في الاقليم و تدابيرها) ئەڤە ئێك، یا دویٚ (تخصيص نسبة 5٪ من الربح السنوي للمدرسة الخاصة لاغراض تطوير الطاقات العلمية) ئەویٚ دی ئەز تەسەور دكەم هەمی زەروری نینە فەقەریٚ دی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كیٚ دەیەویٚ قسە بكات لەسەر ئەم ماددەیە؟ تكایە ناوەكانتان، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( گوڵێزار خان، كاك عبدالقادر، كاك خورشید، سمیرە خان، كاك جلال، كاك جمال، كاك فاضل، پەروین خان، مامۆستا فرمان، كاك لوقمان، كاك عبدالرحمن)، فەرمووو گوڵێزار خان.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (41)، من پشتگیری ماددەكە دەكەم كە بەو داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا كردوویەتی، بەڵام سەبارەت بە خاڵی سێیەم كە دەڵیٚ ئەو كۆمەك و مینحە و یارمەتییانەی قوتابخانەكە لە لەلایەنی دیكەوە دەستی دەكەویٚت لەپاش ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنانی پەیوەندیدارەوە، هەندیٚ ناڕوونی هەیە، لایەنی دیكە كیٚن؟ ئەوانە، چونكە لەماددەی (41)ی ئەصڵی پڕۆژەكەدا باس لەلایەنی حكومەتی هەرێم و لایەنی تر دەكا، لێرە باس لەحكومەتی هەرێم نەكراوە، دوایش دەڵیٚ لەپاش ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنانی پەیوەندیدارەوە، لایەنی پەیوەندیدار لێرە دیار نییە، بۆیە پێم باشە تەنها وەزارەت بیٚ و بەس، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالقادر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پارەی وەرگیراوی ساڵانە لە قوتابیان، ئەمن تەئكید دەكەمەوە دەبیٚ ئەو پارەیە سنووردار بێت، بەقەدەر ئەو خزمەتە بیٚ كە ئەو قوتابخانەیە تەقدیمی دەكات، لەلایەن زانستی و ئیداری و تەنزیمییەوە، ئەوە یەك، هەروەها تەئكید دەكەمەوە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كە ئەو قوتابخانانە نەبێتە خاڵێك لەخاڵەكانی ئیستسمار، چونكە هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان یەعنی ئابووری هەموویان ئەوەندە بەقوەت نییە هەتا هەموو كەس بتوانیٚ منداڵی خۆی بنێریٚ بۆ ئەم قوتابخانانە، یەعنی تەئكیدم ئەوەیە كە ئەو خاڵە نەبێتە خاڵێكی گرینگ لەخاڵەكانی ئیستیسمار، خاڵی سێیەم ئەوەیە تەئكید دەكەمەوە كەوا خانەوادەی شەهیدان ئەوەش دەبیٚ حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی پەروەردە هەڵبستیٚ بە دابینكردنی چەند مەقعەدێك، یەعنی لەو قوتابخانانەدا بۆ خانەوادەی شەهیدان، چونكە ئەوان یەعنی بەسەراحات زرووفی ئیقتیسادییان خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژەی قوتابخانەی ئەهلییەکان پڕۆژەیەکی ئیستیسماریی روبحییە، پێویست ناکات ئێمە بچینە ناو تەفاسیل، پارەی چۆن دەبنیت و چۆن سەرف دەکات و بەچ شێوەیەك پەیدا دەکاتن؟ ئەوەی ئەو پڕۆژە تەبەنی دەکاتن حسابی خۆی کردووە، پارەی هەیە، چاك ئەزانێ چۆن پارە لەو پڕۆژەدا سەرف دەکات، چۆن پارە پەیدا دەکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئێمە نەچینە ناو ئەو تەفاسیلەوە، مەوارید، ئێمە ئیشمان بەمەوارید نییە، ئەوە یەك، دوو من لەگەڵ ئەوەم میزانییەی سەنەویاتیان هەبێ، حازربێ بۆ ڕەقابەی مالی، 5٪ لە و پارە تەرخان بکرێت بۆ تواناسازی قوتابخانەکە، بەڵام چوونە ناو تەفاسیل ئیشی ئێمە نییە، موستەسمیر موکەلەفە پارە بێنێ و پارە سەرف بکا، یەعنی نەچینە ناو ئەو تەفاسیلەوە، ئەوە ئیشی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لیژنەی پەروەردە دەکەم، کە ئەو دارشتنەی دارشتیتەوە، بەڵام خاڵێکی زۆر گرینگیان لەبیر کردییە، کە ئەویش حانووتە، ئێستا بەخۆمان دەزانین کە کۆمەڵگە دروست دەبێت لەپێنج قوتابخانە ماقبل تەعلیمی ئیلزامی هەیە، بنەڕەتی هەیە، ئەعدادیەکەی هەیە، ئێستا مەعاهد و کولیەکانیش دروست بوونە، بۆ نموونە ئەو سایبسمان هەیە، سێ، چوار ساڵە جامیعەشی هەیە، موجەمەعەیەکی نوێ کرایتەوە، دلکەندی پێدەڵێن سەر بەتورکییە، ئەویش هەر لەرەوزەیەوە هەتا جامیعەی وا دەڕواتن، لەشقلاوە کۆمەڵگایەکی ترمان هەیە، کۆری دروستی کردووە، لەهەولێریش ئەوەی کە فاخیر مێرگەسۆرییە کۆرییەکان دروستیان کردووە، بەتەمانە سێ کۆمەڵگەی تریش دروست بکەن یەك لە دهۆك، یەك سلێمانی، یەکەکیش لەهەولێر، ئەوە بووە سێ، ئەوە زۆر تەڵەبەی لەخۆی دەگرێ، هەتا حانووتەکەش بەرهەمێکی زۆری هەیە، نانی نیوەڕۆیانەکەش لەوێ دەخورێ، بەقەدەر ئەو هەموو پارەیەی کە وەردەگرێ لەحانووتەکە هەیتی، سجلی خاسیشی هەیە، کە لەسەر ی ئەوە دەبێ، کە بڵێی خازع بێ لەبۆ ڕەقابەی مالییەی، بە خۆی هەر خازعە، کە ئەمن مودیری کۆمەڵگە بوومە، هی دار موعەلیم و موعەلیمات بوومە، ئەوە هەر هەبووە، خازع بووە لەبۆی، بەڵام حانووتیش ئیزافە بکرێت، دەستیان خۆش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەداڕشتنەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەم، بەڵام بەنیسبەت خاڵی سێیەم کە دەڵێ وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار، باشتر وایە یان وەزارەت بێ یان لایەنی پەیوەندیدار بێ، هەردووکی یەك شت دەگرێتەوە، چونکە ئەوە دەبێت بەدوو شت، سبەینێ لایەکی تریش دەڵێ من پەیوەندیدارم، ئەمە یەك، دوو لە (ب) دەڵێ لەسەر قوتابخانەی تایبەت، بەڵام لەسەر ئەنجومەنی کارگێڕی قوتابخانەی ناحکومی پێویستە، چونکە قوتابخانە کێ دەیبا بەڕێوە؟ ئەنجومەنەکە دەیبا بەڕێوە، باشتر وایە ئەنجومەنی کارگێڕی بۆ دیاری بکرێ، مەسەلەی ژمێریاری دارایش کاروباری دارایی قوتابخانەش ژمێریاری دارایش کاروباری دارایی قوتابخانەی تایبەت، یەعنی کاروباری دارایی ڕەقابەش دەگرێتەوە، مەحاسەبەش دەگرێتەوە، تەدقیقیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بوترێ کاروباری دارایی قوتابخانەی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی موشکیلە نییە، ئەگەر بێن و مەصادر تەعدیل بکەن، یەعنی عادییە، تشتەکی زۆر عادی دەبێتن حەتمەن یان حکومەت یارمەتی دەداتن یانیش (اصحاب المشروع) خۆیان تەمویل دەکەن بەهەر شێوەیەك بێت، ئەگەر زیکر بکەی لێرە کێشە نییە، بەڵام داڕشتنەکەی دەڵێتن (یتکون الدخل المالي)، (دخل المالي)، تۆزەك لێرە موستەڵەحە تەواو نییە، (مصادر التمویل) بڵێین ( تتکون مصادر التمویل المدرسة او المعاهد الخاصة من: یەك و دوو، هەتا ئاخیری، خاڵێکی تر (ب) (علی المدرسة الخاصة الالتزام به) لێرە تەحدیدمان کردییە، ( تخصیص نسبة 5٪) ئێمە لێرە گۆتمان 5٪ یەعنی دەستەی ئەوە بەسمانە، ئێمە ناکرێت تەحدیدی بکەین، مەدرەسە هەیە لەوانەیە 5٪ بێ، مەدرەسە هەیە 10٪ یە، بەپێی پێشکەوتنی مەدرەسەیە، لەوانەیە ئەمساڵ لەداهات یان لە ئەرباح 5٪ بێتن، ساڵێکی تر بکەم بە 15٪، پێشنیار دەکەم بڵێ (تخصیص نسبة لاتقل عن 5٪)، ئیتر ئەوەی تر ئەنجومەنی مەدرەسە خۆیان تەحدید دەکەن چۆن دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی (ب) ئەم ماددەیە هەیە، کە باسی یارمەتی قوتابخانە ئەهلییەکان دەکا، من پێشنیار دەکەم وەزارەت، چونکە بەڕاستی لەزۆر برگە و بابەتی ئەم پرۆژەیەدا هاتووە کە قوتابخانە ئەهلییەکان پەیوەست دەکرێن بە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەڵام ئەوەی کە جێگای تێبینییە هەرچەند لەخاڵی (ج) دەڵێ وەزارەت دیاری دەکا، بەڵام بەڕاستی تا ئێستاکە مەسەلەی وەرگرتنی پارەی خوێندن لەقوتابخانە ئەهلییەکان تەحدید نییە، ساڵانە قوتابخانە ئەهلییەکان بۆ خۆیان، یەعنی بەبیر کردنەوەی خۆیان ئیزافەیەك دەخەنە سەر مەسەلەی وەرگرتنی خوێندن لە قوتابیان، ئەمە بەڕاستییەکەی تەقریبیەن دەتوانم بڵێم ئاستەنگێکی دروست کردووە، چونکە بەڕاستی زۆر لەو قوتابیانە منداڵی فەقیر و هەژارن، پێویستە حکومەتی هەرێم وەزارەتی پەروەردە تەحدیدی پارەی خوێندن لەقوتابیان بکات، ساڵانە، بۆ ئەوەی قوتابخانە ئەهلییەکان بەکەیفی خۆیان پارە لەقوتابیان وەرنەگرن بۆ خوێندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (41) خاڵی (ب) کە پارەی خوێندنی وەرگیراو لە خوێندکاران و بەخێوکەران، بەنیسبەت ئەو پارەی کە لەقوتابیان وەردەگیرێ لەقوتابخانە ئەهلییەکان، دیارە وەکو کاك فاضل فەرمووی، ئیشارەتی پێدا، هەر ساڵەی بەجۆرێك وەردەگرن، یەعنی ئیستقراری نییە ئەو پارەیە، هەر ساڵەی جۆرێکە، ساڵ بەساڵ زیاد دەکا، ماڵ هەیە چوار منداڵ، سێ منداڵی لەو قوتابخانە ئەهلییە دەخوێنێ، بەڵام نەفسی پارە وەردەگرێت، پێویستە لێروکانە وەزارەتی پەروەردە، یاسایەك دەربکا، ئەو پارەیە مەسەلەن بەنیسبەت منداڵی یەکەم قەیناکە با نیسبەی پارەکە هەر ئەوەندە بێ کە وەری دەگرێ، بەڵام بۆ منداڵی دووەم، سێیەم، تە خفیزاتێك بکرێ و کەمتر بکرێتەوە، بەنیسبەت خاڵی (ج) بەخشش و یارمەتییەکان، دیارە ئەو قوتابخانە ئەهلییانە نازانم ئینجا ئەوەیان کردووە بە بەهانەیەك بۆ خۆیان یاخود بەو مەبەستەی کە پێویستیانە سەرفی دەکەن؟ یاخود بۆ خۆیتیان؟ نازانم، بەڵام کە داوای بەخشش و یارمەتی دەکەن، وەکو کاتێ کۆبوونەوەی دایك و باوکان دەکرێ لە قوتابخانەکان داوای بەخشش و یارمەتی لەدایکان و باوکان دەکەن، ئەوەش ئێحراجییە بۆ دایك و باوکان ناتوانێ کە بڵێ بەخشش و یارمەتییەکە نادەم، تۆ پارەی خوێندن وەردەگری، هیچ پێویست ناکا، داعی ناکا داوای بەخشش و یارمەتی لەدایکان و باوکان بکەی، یاخود کە کاغەزت بۆ ڕەوانی ماڵێ دەکەن، ئەوە پارەی قوربانییە پێویستە، نەك پێویستە، دەڵێ ئەوە قوربانی دەکەین پێویستە تۆ یارمەتیمان بدەی، یاخود بەشداری بکەی لەو قوربانییە، یاخود کاغەزت بۆ ڕەوان دەکە لەماڵێ ئەو مەواد غەزایی ڕەوان بکەین و بەسەر ماڵە هەژارەکان دابەش دەکەن، بۆیە پێویستە لێرە وەزارەتی تەربییە ڕێنمایی یاخود یاسا دەر بکا، بۆ چەسپاندنی ئەو شتانە کە ئەو پارەی ساڵانە وەری دەگرێ، داعی ناکا کە ئەو شتانە لە دایك و باوکی خوێندکارەکە داوا دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموَستا فرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەخاڵی سێی ماددەكەدا هاتووە ئەو كۆمەك و مینحە و یارمەتییانەی قوتابخانە كە لەلایەنی دیكەوە دەستی دەكەوێت، دەبێ چوار چێوە گشتییەكەی دیاری بكرێ، كە لایەنی دیكە كێیە؟ چونكە شەرت ئەوەیە كە لایەنی دیكە ئەو لایەنەی كە تەمویلی قوتابخانە ئەهلییەكان دەكەن، دژ نەبن لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵایەكانی گەلی كوردستان، لەوانەیە ئەو لایەنانە كە تەمویلی ئەو پرۆژەیە دەكەن، ئەگەر بەجۆرێك دژ بن لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاكانی گەلان لەوانەیە تەئسیری لەسەر بەرنامەكانی خوێندن هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من وەكو دەیبینم ئێمە باسی قوتابخانە ناحكومییەكان دەكەین، بەس لەهەر بڕگەیەك و لەهەر ماددەیەك وەزارەت وا بكا لەسەری، وەزارەت وا بكاو، یەعنی لەهەموو شتێك وەزارەت تەداخولی ئەم قوتابخانانە دەكات، یەعنی من پێموایە كەوا دەبینم ئەم قوتابخانەیە دەبێتە جوزوئێك لەبەرنامەی وەزارەت، یەعنی با هەر دەعمیش بكا و هەر ببێتە سەر وەزارەت و تەواو، بەڵام ئێمە لێرە باسی قوتابخانە ناحكومییەكان دەكەین، كەواتە نابێ ئێمە بڵێین ئەو كۆمەك و مینحەی لەكوێ دێت؟ وەزارەت پێ ئاگادار بێت، لەكوێ هێنای؟ بەڵكو كۆمپانیایەكە، تاجریەكە، لەجێیەكی هێناوە، پارەی خۆیتی، یەعنی دەبێ وەزارەت بچێت تەفاسیلەكی كە لەكوێ هێناوە ئەو پارەیە، چۆن دادەمەزرێنێ؟ بەڕەئی من ئەمە یەعنی هەڵەیە لەیاسایەكەدا هەیە، پێموایە جوانتر دای بڕێژین یان هەر لەیاسایەكەدا نەبێ ئەو وەزارەتە، بەس تەداخولی ئیش و كاری ئەم قوتابخانەیە بكا، یان لەبڕگەیەكی تری كە دەڵێ ژمێریاری دارایی چاودێری، پارەی خۆیەتی بۆ خۆی مەكتەبی كردیە و پارەی خۆی سەرف كردییە، قوتابخانەی بۆ خۆی دامەزراندوە و

بەخۆی پەروەردەی دەکا، وەزارەت بچێ چاودێری پارەکەی بکا، گیرفانی دەربێنێ چەندی بردییە و چەندی دەرهێناوە و چی لێهات، وەڵلا ئەوە بەڕایی من هەڵەیە، یەعنی ئەوە ناکرێ، ئەو بۆخۆی شتێکی خاصە، بۆخۆی مەدرەسەی بەڕێوە دەبات قوتابخانەی داناوە، بەخۆی پەروەردە دەکا و بەخۆی مامۆستای هێناوە، چ پەیوەندی وەزارەتی پێوەنەبێ، من پێموایە زۆر باشترە وەکو کاك جمالیش قسەی کرد، (5٪) و بڵێین لە (5٪) بەرەو سەرەوەبێ، یەعنی چونکە هەندێك بێ بەش دەبن، لەوانەیە قوتابییەکی زیرەك بێ، بەڵام ئەو (5٪) ساڵە لێنەگەرێ دەمینێتەوە، ئەگەر لە (5٪) بەرەو سەرەوە بێ، لەوانەیە زۆربەی قوتابییەکان بەر بکەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لەو داڕشتنەوەیە دەکەین کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کردوویەتی، بەڵام پشتگیری لەتێبینییەکانی مامۆستا جمال دەکەم، ئەوەی پەیوەندارە بە خاڵی (أ) بۆ خاڵی (3) من بەپێویستی نازانم بڵێین کە موافەقەی وەزارەتی تەربییە بۆ هەر بەخشینێك کە ئەدرێ بەقوتابخانەیەك وەر بگیرێ، بۆ؟ چونکە لەئەصڵدا ئەوە پڕۆژەیەکی غەیر حکومییە، بەڵام ئەکرێ بڵێین وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە و بەمەرجێك ئەم بەخشینە نەبێتە هۆی لادانی قوتابخانەکە یان پڕۆژەکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی، کە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی فێرکردنە، لەخاڵی (ب)دا خاڵی یەکەمیان نووسیویەتی( تکون الحسابات المالية للمدرسة) بەباوەڕی من ئەمەش داڕشتنەکەی بگۆڕدرێ، بوترێ ( تدار الحسابات ومالية المدرسة وفقاً لاحكام القوانين النافذه في أقليم كوردستان)، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها قانونی ڕەقابەی مالیمان نییە کە پەیوەنداربێ بە ئەم مەشروعەوە کەمەشروعێکی غەیر حکومییە، مەشروعێکی ئیستیسمارییە، ئێمە کۆمەڵێك قەوانینی ترمان هەیە، هەر لەقەوانینی مەحاسەبی، قەوانینی قانونی ئیستیسمارە، ئەوە قانونی شەریکاتە، ئەوە قانوونی ڕەقابەی مالییە، بۆیە پێویست دەکات بەشێوەیەکی گشتگیری ئەم بڕگەیە دابڕێژێتەوە، بەهەمان شێوە بۆ خاڵی دووەمیش پشتگری لە پێشنیارەکەی مامۆستا جمال دەکەم، بەوەی کە بوترێت(5٪) بەرەو سەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەرورەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ماددەکە بمێنێتەوە، بەڵام جارێکی تر لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرەنج و پێشنیارانە دایبڕێژینەوە، تەنها یەك دوو خاڵیش وەکو روونکردنەوەی زیاتر قسەی لەسەر دەکەین، مەسەلەی کرێی

سالأنەی كە لەقوتابیان وەردەگیرێ لەڕاستیدا تۆ ناتوانی بەتەواوەتی سنووورداری بكەی و جێگیری بكەی، قابیلی ئەوەیە كە سالأنە بگۆڕێ، بەگوێرەی پێشكەش كردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی كە پێشكەش دەكرێ، هەروەرها گۆڕانی پێداویستییەكانی ژیان، بۆیە ئێمە گفت و گۆمان زۆر كردووە لەسەر ئەوە، بەلأم پێویستە بەڕەزامەندی وەزارەت بێت، ئەوەیان جەختیشمان لێ كردۆتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی هەموو ئەو داهات و دەستكەوتانەی لە لایەن قوتابخانەكەوە دەست دەكەویٚ ئەوە بەشێك دەبێت لە داهات، ئەوە حانووتیش دەگرێتەوە لە زمنیان دا، مەسەلەی ئەوەی كە ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەكان مەبەستمانە هەندێ جاران ئەو كۆمەك و بەخشینە، كۆمەك و بەخشینی ناوخۆییە، پێویستە وەزارەتی لێ ئاگادار بكرێ، بەلأم كۆمەك و بەخشینێ كە لە دەرەوەی ولأت دێ، ڕەنگە پێویست كات هەتا ئەنجومەنی وەزیرانیشی لێ ئاگادار بێ، ئەمە تەنها بۆ دلٚنیایی بوونە لەوەی كە ئەو سەروچاوەیەی ئەم تەموینە پێشكەش، یان ئەم مینحەیە پێشكەش بەم موئەسەسەیە دەكا، لەلایەن وەزارەت و لەلایەن موئەسەساتی خۆمانەوە جۆرێك لە دلٚنیایی هەبێ، بویە ئێمە لەگەلٚ ئەوەشین ئەوەش بمێنێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە جارێكی تر دایدەڕێژینەوە: ـ أ. سەرچاوە داراییەكانی قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی پێك دێت لە: ـ 1. ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن ئەندامانی دامەزرێنەرەوە بۆ پڕۆژەكە تەرخان دەكرێت. 2. ئەو بڕە پارەیەی سالأنە لە قوتابیان وەردەگیرێت، كە پێویستە لە سەر بنەمای پێوەرو ئاستی زانستی و پەروەردەیی هەلٚسەنگاندنی سالأنە بێت و لە لایەن وەزارەتەوە ڕێنمایی پێ دەرچێت، 3. ئەو كۆمەك و مینحە و یارمەتییانەی قوتابخانەكە كە لە لایەنی دیكەوە دەستی دەكەوێت لە پاش ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار، 4. ئەو داهات و دەستكەوتانەی لە ئەنجامی چالاكیەكانی قوتابخانە و پەیمانگاوە بە دەست دێن.

ب. ئەنجومەنی كارگێڕی قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی پێویستە پابەند بێ بە : ـ ا. كاروباری دارایی قوتابخانە و پەیمانگای نا حكومی ملكەچی یاسا كار پێكراوەكانی هەرێم و دیوانی چاودێریە لە هەرێمی كوردستان. 2. تەرخانكردنی ڕێژەیەك كە كەمتر نەبێ لە 5٪ی قازانجی سالأنەی قوتابخانە وپەیمانگای نا حكومی بۆ پەرەپێدانی توانای زانستی و پەروەردەیی و كارگێڕی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرای قوتابخانەو پەیمانگاكە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە دەكەین تەنها یاساكان دیاری بكرێ، یاسای مالییە، قەوانینی مالیە، جگە لەوەی ملكەچ بێ، ئەوە زۆر گرنگە كە ملكەچی چاودێریكردن بێ لە لایەن دیوانی ڕەقابەی مالی و سەبارەت بە تەمویل كردن ئەوە ماددەكی زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەو لایەنەی كە

لەوانەیە بیبات و وەکو لە ماددەکەدا هاتووە هاوکاری پێشکەش بەو قوتابخانەیە بکات، هەندێ مەرجی خۆی فەرز بکات، بۆیە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی لە سەر بێ تاکو لەوە دڵنیا بین کە ئەو پارەیە دەبخشرێتە قوتابخانەکی نا حکومی یاخود پەیمانگایەکی نا حکومی دژ بەوە نیە کە سیاسەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان کە ئەوەش یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردەیە هەر لەبەر دڵنیابوون و مسۆگەرکردنی ئەو ئامانجە ئێمە ڕازی بووین بەوەی کە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە وەربگیرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەر ئەو تێبینیەی لیژنەی یاسایی ئێوە ڕەئیتان چییە؟

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها جیاوازیەکە لەوە دایە ئێمە وامان خوێندەوە یاسا کار پێکراوەکان، بەڵام دەبێ بڵێین یاساکانی پەیوەست بە یاسا داراییە کار پێکراوەکان لە هەرێم و دیوانی چاودێری دارایی بەم شێوەیە دەیخوێنینەوە جارێکی تر، کاروباری دارایی قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی ملکەچی یاسا داراییە کارپێکراوەکان و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەبێت،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەو دوا سیاغە هاوبەشەی نێوانی هەردوو لیژنەکان جەنابت دەڵێی چی؟

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشکیلە نیە ئەز مووتەفیقم د گەل،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو داڕشتنەوەی ئەخیری کە هەردوو لیژنەکە و جەنابی وەزیر موتەفیقە لە سەری کێ لەگەڵی دایە تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا دوو کەس لەگەڵ دا نیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (42): بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕاپۆرتی ساڵانەی بودجە و حیسابی کۆتایی ئامادە دەکات دوای بڕیار لە سەر دانی لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قوتابخانە کۆپیەك لەم ڕاپۆرتانە دەگەێنێتە بەڕێوبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی وەزارەت،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیەکەی،

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (42) مدير المدرسة يعد التقرير السنوى للميزانية والحسابات النهائية، وبعد إقرارها من قبل إدارة المدرسة يتم ايصال نسخة من هذا التقرير الى المديرية العامة للتعليم الاهلي والخاص في الوزارة،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە کە ئەمە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی هەر قوتابخانە و پەیمانگایەکدا کە تەسبیت دەکرێ، تەحسیل حاسلە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، سوپاس،لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین هەر وەك لە پڕۆژەکە هاتیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدە ئیلغایی دەکەمەڤە وەکی لیژنەی پەروەردەی، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی پەروەردەو جەنابی وەزیر داوای ئیلغای دەکەن، بەڵام لیژنەی یاسایی دەیەوێ بمینێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئیلغا بکرێتەوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (10) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سێیەم: لێکۆڵینەوەو تەمبێ کردن،**

**ماددەی (43):** وەزارەت دەسەڵاتدارە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەران و وانە بێژان و کارمەندان و فەرمانبەرانی قوتابخانە تایبەتەکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام دەدرێ لەڕێگای نوێنەر یان بریکارێك لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێ، هەمان حوکم دەسەپێ کە بە سەر بەڕێوەبەران و وانە بێژان و کارمەندان و فەرمانبەرانی وەزارەت لە بوارەکانی حوکمە یاساییەکانی ئەنجامی لێکۆڵینەوە و هەمان ئەو دەسەڵاتەی دەیسەپێنێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیەکەی،

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**3. التحقيق والعقوبات:**

**المادة الثالثة:** ـ للوزارة صلاحية التحقيق مع مديري وتدريسي ومنتسبي وموظفي المدارس الخاصة، ويتم هذا التحقيق عن طريق ممثل او وكيل يحدده الوزير، ويتم فرض نفس الحكم المطبق بحق المديرين التدريسيين والمنتسبين والموظفين في الوزارة في مجال الاحكام القانونية الناتجة عن التحقيق وترفض نفس السلطة،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە،

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم کە تایبەتە وەکو لە پرۆژە ئەصلەکەدا هاتووە، لێکۆڵینەوە و تەمبێ کردن ئێمە ناومان لێ ناوە سزاکان لە ماددە (43)وە تا ماددە (51)کە هەمووی لە ژێر عینوانی سزاکان دایە، ئێمە کردوومانەتە دوو ماددە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: کردوومانەتە دوو مادە ئەم هەموو ماددانە،

ماددەی (29): ـ لە حاڵەتێکدا قوتابخانە و پەیمانگای نا حکومی پەیوەست نەبوو بە حوکمەکانی ئەم یاسایە لە وەزارەتیش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێك دێ، کە پێویستە ڕاپۆرتەك لە بارەی حاڵەتەکەوە بەرزبکاتەوە بۆ بڕیاردان لە سەر یەکێك لەمانەی خوارەوە: ـ 1. دەستگرتن بەسەر قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکەدا بە شێوەیەکی کاتی و خاوەنی قوتابخانە و پەیمانگاکەشی لێ دووردەخرێتەوەو لە بری ئەویش وەزارەت بەڕێوەی دەبات تا ئەو کاتەی کێشەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە چارەسەر دەکرێت، 2. هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە و داخستنی قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەتكردنەوەی ئەم ماددەیەین، لەبەر ئەوەی لێكۆڵینەوە لە هەر بابەتێك لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە، لیژنەی تەحقیقی پێك دەهێنێ، ئەگەر كێشەك لەو قوتابخانە نا حكومیە یان پەیمانگا نا حكومی ڕووی دا، پێویست بە دەقێكی یاسا ناكات ئەو مافە هەیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز بێژم تەحسیل حاسلە، یەعنی تەحقیق صلاحیاتێ وەزارەتێنە ئەز نزانم زرورەتەكە قانونی هەیە ڤە دڤێری دا بێ یان نا؟ نابینم زەروریە یەعنی ئەڤە ئەما ئەگەر د ڤێت تەفاسیلێت مەراحلێ (سحب اجازە العقوبات) ڤان یەعنی ئەز بێژم داخلی قانونی دا پچێكی زەحمەتە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئیەك، لیژنەی پەروەردە دەڵێ ئەو ماددەیە بمێنێتەوە بەكۆمەڵێ گوڕانكاری لەگەڵ ماددەكانی دیكە دەمج بكرێن، بەڵام لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر دەڵێن ئەم ماددەیە ڕەتبكرێتەوە، كاك عمر تێبینیت هەیە؟ فەرموو،

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری پڕۆژە ئەصلەكە بكەین لە ماددەی (43) وە تا (51) واتا نزیكی (10) ماددەیە، هەمووی پەیوەندە بە مەسەلەی سزادان و تەمبێ كردن، ئێمە كردوومانەتە دوو ماددە، بۆیە لەگەڵ كورتكردنەوە و چڕكردنەوەی بووین، بەڵام ئێمە دەزانین لێكۆڵینەوە بەڕاستی دەسەڵاتی وەزارەتە بەس، خاڵی یەكەم و دووەم دوو حاڵەتمان داخیل كردووە، حاڵەتی یەكەم ئەوەیە كە دەست بەسەر قوتابخانە و پەیمانگاكەدا دەگیرێ بە وەقتی وەزارەت بەڕێوەی دەبا، لە كۆتاییدا ئەگەر موشكیلەكە بەردەوام بوو ئەوا دەكرێ بگاتە ئەو ڕادەیەی كە ئیجازەكەی لێ سەحب بكرێتەوە و قوتابخانەكە دابخرێ، واتا ئەو دوو حاڵەتەمان لە یەكتری جودا كردۆتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەین كە بمێنێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سەحبی ئیجازەو داخستنی ئەو قوتابخانانە لە حاڵەتێك سەرپێچیكردنی یاسا كارپێكراوەكان لە هەرێمی كوردستان ئەوە لە ماددەكی دواترە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین ئەو ڕێكارانە بمێنێ، بەڵام تەنها مافی تەحقیق كردن لێكۆڵینەوە لەگەڵ بابەتێك لە كێشەك ڕوویدات ئەوە دەسەڵاتی وەزارەتە پێویست ناكات دەقێك لە ناو ئەو یاسایە هەبێ، بەڵام سەبارەت بە سەحبی ئیجازە و لێسەندنەوەی مۆڵەت و داخستنی قوتابخانە و پەیمانگا تا حكومیەكان ئەوە ماددەی دواتر باسی دەكا، ئێمەش سوورین لە سەر ئەوەی ئەو ماددەیە هەبێ و ئەو دەسەڵاتە بدرێتە وەزارەت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەواتە ئێمە هەمان ڕەئیمان هەیە، چونكە ئێمە ماددەكەی دوای ئەو كە باسی سەحبی ئیجازە دەكات، ئێمە ئەوەمان ئیلغا كردۆتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیریڤان خان.

**بەڕێز بیریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هێشتا نەدراپتە دەنگدان، بەس ئەگەر هاتو درا دەنگدان و مایەوە حەزم دەكرد قسەی لە سەر بكەم ئەو ماددەیە، ئاخر ئەو وەختە یەكسەر دەنگ بێنێ دەڕوا، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ڕەتكردنەوەكە، ئەگەر ڕەتبكرێتەوە بۆچی موناقەشەی لە سەر بكەین، ئەگەر زۆرینە دەنگی لە سەر دا، دوایی كە مایەوە موناقەشەی لە سەر بكا، فەرموو عظیمە خان.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دام كە ئەو دووخاڵەی كە لیژنەی پەروەردە ئاماژەی پێكرد د. عمر بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دوو خاڵی سزایی لە ناو یاساكەدا زۆر پێویستە لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەپێی ڕێنمایی بێ، دەیان لادان لە پەیڕەوی بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە ئیجرائات نەكراوە لەگەڵیاندا، بەڵام بە یاسا ئێمە دەتوانین ئەو دوو خاڵە بمێنێتەوە لە ناو یاساكەدا وە ئیجرائات كردن و، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێزفەرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەگەڵ مانەوەی ماددەکەم، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیریش دەزانێ ئێمەش لیژنەی پەروەردە هەر هەموومان ئاگاداری ئەوەین بەڕاستی ئەگەر جۆرێك لە سزا نەبێ بەهیچ شێوەیەك ئەو فوتابخانە ئەهلیانە کۆنترۆل ناکرێن، لەبەر ئەوەی ئێستا کۆمەڵێك ڕێنمایی لە وەزارەتی پەرورەردە هەیە، بەڕاستی سەرپێچی هەموو ڕێنماییەکان دەکەن، هەر لە بەرزکردنەوەی نرخی ساڵانەی خوێندن، لە وەرگرتنی خوێندکارەکان، لە کتاب فرۆشتن، لە جل فرۆشتن، ئەوانە هەموو سەرپێچین، ئێستا ئەگەر کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا دانەنرێ بۆ کۆنترۆل کردنیان بەڕاستی ئەوان لە سەر هەمان سەرپێچی بەردەوام دەبن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام مامۆستا فەرمان ئەگەر موخالەفەیەك لە هەر دائیرەیەکی حکومەت بوو، تەحقیق ناکرێ؟ سزا نادرێ؟ تەحسیل حاسل؟

**بەڕێزفەرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە لیژنەی لێکۆڵینەوەش دەرچووە، لێژنەی لێکۆڵینەوە بڕیاریشی دایە، بەڵام ئیجرائات نەکرایە، ئەمە لەو شتانە بەڕاستی کۆمەڵێ دەلیلمان لەبەر دەستە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەگەر ئەو ماددەیەش بمێنێ لیژنە قەراری دا سزا نەدرێ هەر سزا نادرێ، ئەگەر نەتیجەکە ئەوە بێ فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێزکاك عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لایەکەوە واقیعی ئێستای قوتابخانە نا حکومیەکان دیارە کە ناتوانایی هەیە، لەلای پەرلەمان و حکومەت بۆ جێبەجێکردنی حەتتا ڕێنماییەکانی، بۆیە موشەریع ڕەنگە بە پێویستی دەقێکی یاساییمان هەبێ، بەڵام من ڕەخنەم لە سەر ئەوەیە یەعنی ڕەددی ئەو ماددەیە دەکەم، حکومەت تەعامول لەگەڵ خاوەنی پرۆژە دەکات، حکومەت تا ئەو ئاستە دێت لەگەڵ ئەو کەسەی مۆڵەتی وەرگرتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، قەد تەسەورم مەبدەئەکی زۆر سەقەتە ئێمە زەرەرێکی گەورە دەگەیەنین لە تەوەجوهی مامەلەمان لەگەڵ قوتاعی خاص حەق بە حکومەت، حەق بە خۆی بدات، بچێت بانگی فەڕاش و موعلیم و مودەریس بکات، ڕێگایەکی تر پێویستە من پێشنیار دەکەم بدۆزنەوە کە حکومەت بتوانێت ئەو دەقە یاساییەو ئەو ڕێنماییانەی کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە نا حکومی بۆ بەدەست هێنانی ئەو درووستکردنی

ئەنجام بدرێن، بەڵام نە بەم شێوە موباشیرە، چونکە بەڕاستی تەدەخولێکی زۆر بێ موبەڕیرە لەلایەن حکومەتەوە بە پڕۆژەیەکی ئەهلی حیسابی خۆتان بکەن من پڕۆژەیەکی سیاحی دەکەم، حیسابی بکەن هۆتێلێك دەکەمەوە، حیساب بکەن شەریکەیەکی ئینتەرنێت دەکەمەوە، واتا ڕێگامان دا ئەوەمان کردە سابیقەی قانونی هیچ قوتاع خاص نەما، دەبێتە قوتاعی موختەلەت، دەبێتە قوتاعی سەر بە حکومەت، بۆیە ئەگەر توانا هەیە داڕشتنێکی وا بکرێت کە مەبەستەکە لە بوونی ئەم ماددەیە تەحقیق ببێ، بەڵام تەعامول لەگەڵ خاوەنی ئیجازە بکات، نەچێتە ناو مەدرەسەکە، باشە ئەگینا ئەگەر بەم شێوەیە بێت منیش لەگەڵیمە نەمێنێت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی جیاواز هەیە، ڕەئیەکیان دەڵێ ئەصلەن ئەو ماددەیە هەر ڕەتبکرێتەوە، ڕەئیەکیش دەڵێ بمێنێتەوە، هەردوو ڕەئیەکە قسەی لە سەر کرا، دیفاعی لێ کرا، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم ماددەیە ڕەتبکرێتەوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (23) کەس لەگەڵ دایە ڕەتبکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە؟ زۆرینەیە کەواتە ئەم ماددەیە مایەوە، فەرموو د. عمر بۆ دوا سیاغەکەی بزانین، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین،

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە موناقەشە بکرێ، ماددەی (29)یەم ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەدا هاتووە، ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە ئەوەی ئێمە پێشنیارمان کردووە دووبارە دابڕێژرێتەوە و هەروەرها لە ماددەی (43) تا (45) دەمج بکرێ لەم ماددەیەدا، ماددەی (29)یەم لە حاڵەتێکدا قوتابخانەو پەیمانگای نا حکومی پەیوەست نەبوو بە حوکمەکانی ئەم یاسایە لە وەزارەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێك دێ کە پێویستە ڕاپۆرتێك لە بارەی حاڵەتەکەوە بەرزبکاتەوە وە بۆ بڕیاردان لە سەر یەکێك لەمانەی خوارەوە: ـ 1. دەستگرتن بەسەر قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکە بە شێوەیەکی کاتی و خاوەنی قوتابخانە و پەیمانگاکەشی لێ دووردەکرێتەوە و لە بری ئەویش وەزارەت بەڕێوەی دەبات، تا ئەو کاتەی کە کێشەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە چارەسەر دەکرێن، 2. هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە و داخستنی قوتابخانە و پەیمانگا ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی لە سەر ئەم داڕشتنەوە تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها لە سەر لیژنە تەحقیقیەکە تێبینیمان هەیە، دەنا (الغاء الاجازة وغلق المدرسة) کە خاڵی دووەمە لە ماددە (29) لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە ئەوە لە ماددە (44)ی ئەصلی پڕۆژەکە هاتیە، ئێمەش

پشتگیریمان لێ کردیە، وە وردەکاریەکانمان تێدا باس کردیە کە لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەزویر بۆی هەیە مۆڵەتەکە هەڵبوەشێنێتەوە و، دەزگاکە دابخاتن، بەڵام ئەوە ماددەی دواترە لیژنەی پەروەردە ئێمە لە سەر ئەصلی پرۆژەکە کارمان کردووە، بەڵام جیاوازیەکە لەبەر ئەوەیە لیژنەی پەروەردە چەند ماددەیەکی خستیە تە ناو ڕاپۆرتەکەی خۆی، ئێمە وەکو ماددە، ماددە تێبینی و ڕاو بۆچوونی خۆمان نووسیوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ لیژنەی تەحقیق نەبووین و دەنگمان بۆ نەدا، بەڵام (الغاء الاجازة وغلق المدرسة) ئەوبکرێتە ماددەکی سەربەخۆ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێزکاك عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردووە لە ماددە (41) تا (51) هەڵبگیرێ لە باتی ئەو دوو ماددە بێت من بە پێویستی دەزانم با دەنگدان بدەین کە ئێمە قبول دەکەین، کە ئەوەمان قبول کرد، ئینجا موناقەشەی پێشنیاری لیژنەی پەروەردە بکەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە بدایەتی گفتوگۆکردن لە سەر ئەو پرۆژە یاسایە ئەگەر پرۆژەی لیژنەی پەروەردە دەنگی هێنا، با ئەوە بکرابا بنەما بۆ گفتوگۆکردن، ئەوە شتەکی باش بوو، لەبەر ئەوەی ئەوان پرۆژ یاساکەیان زۆر پوخت کردۆتەوە، زۆر کورتیان کردیتەوە لە (63) کردوویانە بە(39) ماددە، بەڵام ئێستا ئێمە گەیشتووینە ماددە (40)ەکان بەپێی ئەصلی پرۆژەکە (44)ە تا ئێستا ئەصلی پرۆژەکە بنەمای گفتوگۆکردن بووە، تازە لە نیوەی موناقەشە ئەوە بگۆڕین ڕاپۆرتەکە بکەینە بنەمای موناقەشە نازانم، ئێمە ماددە، ماددە، ڕاپۆرتی خۆمان ئامادە کردووە، لەبەر ئەوە ماددە، ماددە، لەگەڵ پرۆژە یاساکە بەردەوامین لە گفتوگۆکردن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای سوپاس و ڕێزم بۆ ڕەئی لیژنەی یاسایی، من داوام نەکردووە ڕاپۆرتەکە بکرێتە بنەما، وابزانم ئێمە هەمیشە وامان کردووە دوو ماددەمان کردووە بەیەك، دەنگ دەدەین لە سەر ئەوەی موافقین یان نا؟ لەو

حاڵەتە باسی هەموو ڕاپۆرتەكە ناكەم، ئەوان بە مەسلەحەتیان زانیە سێ، چوار ماددە بەشێوەیەكی تر دابڕێژرێ ناوەڕۆكەكەی لە دوو ماددەی كە تازە ڕەئیان داوە، وابزانم ئەوەمان كردووە زۆر جار هەر ئێستا پێش ئێستاشمان كرد، مەسەلەی ڕەتكردنی ڕاپۆرت با، ئەوە من لەگەڵ ڕەئی لیژنەمە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر،

**بەڕێز د. عمر عزیز بهاءالدین صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وا نابینم تەعاروزێك هەبێ، ئەو سیاغەیەی لیژنەی پەروەردەوە بخرێتە دەنگدانەوە، دەنگی هێنا، دواتر ماددەكان یەكە یەكە ئەچین بەسەری دا دەیخوێنینەوە، تەحسل حاسلە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێزد. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (43) باسی لێكۆڵینەوە و تەحقیق دەكا لەلایەن وەزارەتەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام ماددەی (44) باس لە سەرپێچی دەكات، لەبەر ئەوە ئەو داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە، پەیوەستە بە ماددەی (44)ەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی كە د. ڕۆژان وتی ئەو ماددەیە سەربەخۆیە مادام دەنگ درا لە سەر مانەوەی پێویستە موناقەشەی ئەو ماددەیە بەجیا بكرێ، پاشان كە چووینە سەر ماددەی (44) ئەو داڕشتنەوەی لیژنەی پەروەردە، لەگەڵ ئەو ماددەیە موناقەشە بكرێ، لێرە تەنها ماددەی (43) بێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ تێبینیت هەبوو؟ فەرموو

**بەڕێزكاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بمانەوێ دوو ماددەش دەمج بكەین، دەبێ ماددەكان بخوێندرێتەوە، ئەوە پێشنیارێكە چەند ماددە تێكەڵ دەكا، تۆ هێشتا ماددەكە نەخوێندراوەتەوە چۆن دەیكەیتە یەك سیاغە، لەبەر ئەوە ماددە، ماددە دەبێ بخویندرێتەوە بڕیاری دەنگیش هەبێ بیدەین ئەو كاتە بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئیەکەی کاك عبدالسلام زۆر زۆر قانونی و دروستە، لەبەر ئەوەی فیعلەن ئێمە لێرە کۆمەڵێك ماددەیە، تەقریبی (10) ماددەیە، ئەو (10) ماددەیە ئەگەر بیخوێنینەوە خاڵ بە خاڵ دەبینین هەمووی کورتکراوەتەوە لە یەك ماددەدا، لەبەر ئەوە خۆی تەحسیل حاسلە کە تۆ ئیلغائی دەکەی، کۆت کردۆتەوە لە یەك ماددە سیاغەت کردۆتەوە بەم شێوەیە، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەمانەوێ ئەم ماددەیە جێگرەوە بێ بۆ ئەو (10) ماددەی تر دەبێ دەنگدانی لەسەر بکەین دوای ئەوە ئەمە تەسبیت کەین بۆ موناقەشەکردنی، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا هەردوو بۆچوون دروستن، یەکەمیان ئەوەیە کە تۆ دەکرێ چەند ماددەیەك کە پێویست کات دووبارە دایبڕێژیەوە دەمج بکرێ بە تەصویت ئەمە بکرێ، بەڵام ئەوەی کە لەم یاسایەدا مەسەلەن پەیڕەوکراوە ئەوەیە کە ماددە بە ماددە بڕۆین، بۆیە ئێستا ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەمجی کەین لە ماددە (43)وە تا ماددە (45) ماددە بە ماددە بخوێندرێتەوە، بەرچاوی خوشك و برایانی ئەندام پەرلەمان لە سەر ناوەڕۆکی ئەو ماددانە ڕوون بێ، ئینجا دەقی پێشنیارەکەی ئێمە بۆ دەمج کردن و داڕشتنەوەی بخوێندرێتەوە ئینجا دەنگی لە سەر بدرێ، ڕەنگە لەگەڵ ئەوە بین کە باشترە ماددە بە ماددە بڕوین، چونکە هەر لە بیدایەتیەوە وامان هێناوە، چەند ماددەیەکمان ماوە بۆ ئەوەی وەك خۆی بڕواتن هەوڵ بدەین کە دیسان تووشی ئەو ئیشکالیەتە نەبین ئەگەر نا هەردوو لای بەڕاستی دەکرێت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆ ئێمە هیچ ماددەیەکمان، ئەو ماددانەی کە ماون لەغومان نەکردووە هێشتا بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە ماددەکە، ماددە بە ماددە کە گۆڕانکاری بە سەر دادێ ئەوەی لەغو دەکەین دوایی لەغوی دەکەین، ئێستا ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە، کێ دەیەوێ قسەی لە سەر بکا تا ناوی بنووسین، (بیریڤان سەرهەنگ، کاوە محمد امین، د. بشیر خلیل، سمیرە عبداللە، د. احمد وەرتی) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو بیریڤان خان،

**بەڕێز بیریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە کورتی دەڵێم لێکۆڵینەوەو تەمبێ کردن، لێکۆڵینەوە وشەیەکی جوانە، بەس تەمبێ کردن جوان نیە لە یاسا هەبێ، کە بەڕێوەبەر یان کارمەند یان مامۆستا تەمبێ بکرێ بۆیە کە تۆ لێکۆڵینەوەت کرد یەکیك نا یاسایی کرد، بەپێی لێکۆڵینەوە سزا دەدرێ ئینجا پێی دادەخرێ و چی بۆ دەکرێت، زۆر چاکە کە

وەزارەت دەسەڵاتی هەبێ لەگەڵ لێکۆڵینەوە بۆ سەرپێچی یاسا، بۆیە داوا دەکەم وشەی تەمبێ کردن لە ناو یاسایەك دەرنەچێ لە پەرلەمانی کوردستان، وشەیەکی جوان نیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من نازانم دەتوانم قسە بکەم لە سەر ماددەی (29)یەمی لیژنەی پەروەردە، نا من لە سەر ئەوە تێبینیم هەیە ئەگەر موناقەشەی لە سەر بکرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە کۆکردنەوەی چەند ماددەیە لە دوو ماددە بەڕاستی زۆر مەنتقیە، بەڵام من مولاحەزەم هەیە، لە یەکەمدا لە حاڵەتێکدا قوتابخانەی یان پەیمانگای حکومی، خۆ قوتابخانە تەجاوز ناکات، بڵێین ئەنجومەنی کارگێڕی قوتابخانە ئەوە مەعقول ترە، دوو کە دەڵێ لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست دەکرێ تەحدید بکرێ، مەسەلەن لە ماوەی (15) ڕۆژ زیاتر نەبێ لیژنەی تەحقیقەکە بەرزکاتەوە و ڕاپۆرتی خۆی، دوو دەست گرتن یان ئیحتیلال یان قەناعەتم وایە ئەوەش مەعقول نیە، ئەوەش بەڕێەبردنی قوتابخانەکە لەلایەن تایبەتمەندانی وەزارەتەوە، ئەو کە خاوەنی قوتابخانەی لێ دوور بخرێتەوە کە تۆ خۆت قوتابخانەت بەڕێوەبرد، تەبیعی مودیری قوتابخانەکە نایەتە ئەوێوە تەحسیل حاسلە، ئەوەی لێ لابدرێ تا ئەو کاتەی کە کێشەکان بەپێی حوکمی ئەو یاسایە چارەسەر دەکرێ، لەحاڵەتی دووەم، لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی کێشەکان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدرێ، وە لەوانەیە کێشەکە حەل بێ، لەبەر ئەوە لە دووەمیش ئەو مولاحەزەیەم هەیە لە حاڵاتی چارەسەرنەکردنی کێشەکان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی قوتابخانەکە بدرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بشیر.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە داڕشتنەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەم، بەڵام بەمەرجێك ئەم دوو خاڵەی کە دایناوە بۆ سزایەکان لەگەڵ نەبێ، بۆ نموونە ئێستا لیژنە لە ئێستاوە حوکمەکانی داوە یان دەست بگیرێ بەسەر قوتابخانە، یان ئیجازەکەی لێ سەحب بکرێتەوە، لەم دوو بڕیارە زیاتر نیە، کەواتە لیژنەی بۆ پێك دێ،

لیژنە پێك دێ بۆ ئەوەی کە مولابەساتی قەزیەکە، کێشەکە دیراسەت بکا بزانێ چ بڕیارێك پێویستە؟ بۆیە من ڕام ئەویە کە ئەو دوو سزایە دانراوە ببڕێ، لە سەرەوە بڵێ بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لیژنەکە ڕاپۆرتێك لە بارەی حاڵەتەکەوە بەرزکاتەوە بۆ وەزیر، نەنووسراوە بۆ کێ بەرزکاتەوە؟ بۆ وەزیر، بۆ دانی بڕیارە پێویست، ئینجا بڕیاری پێویستەکە ئایا تەمبیهە، تەوبیخە، ئیلفات نەزەرە، جاری وا هەیە هیچی ناوێ، جاری وا هەیە ئینجا لەوانەیە سەحبی ئیجازەیە، بۆیە دیاریکردنی سزاکان لە ئێستا دا من پێم شتێکی باش نیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لیژنەی پەروەردە دەکەم کە لیژنەیەکی تەشکیل کردیە، کە لە پڕۆژەکەی داهاتیە دەڵێ وەزیر صلاحیەتی هەیە، مومەسیلەك یان وەکیلەك، ئەگەر مومەسیلەك بێ، یان وەکیل بێ، مەجالی تانە لێدان هەیە، مەجالی ڕەخنە لێ گرتن هەیە، کە ئەو دەڵێ بە لیژنە بێ، بە لیژنەکە ئیشەکە شەفاف تر دەبێ، ئەو وشانەشی کە لە ناو هاتیە دەڵی تەمبێ و ئەوانە ناکرێ ئەوانە وشەیەکی ئیداریە، بۆ خۆت ئەوەی پەروەردەیی بێ ئیشی کردبێ لە ئیدارە ئەوانە هەمووی هەر تێدایە، پێویستە لە سەر ئەوەی پەروەردە بڕۆین و، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لە ماددەی (43) ئەگەر ئەصلی ماددەکە کە وەکو خۆی بڕیار لە سەر هێشتنەوەی درا، دەڵێ (للوزارة صلاحية التحقيق مع) لە ڕاستیدا ئەم داڕشتنەوە هەمووی هەڵەیە عەرەبیەکە دەبێ ( مع مديري وتدريسي ومنتسبي وموظفي المدارس الخاصة او المعاهد الخاصة) نەك وەك (تدريسين ومنتسبوا) ئەوە خۆی غەڵەتە، ئینجا لێرە باس لە مەجلیسی ئیدارە نەکراوە کە ئەمە بڕیارمان دا لە سەر ئەوەی کە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن دروست بکرێ کەوا بوو بڵێی (للوزارة صلاحيات التحقيق مع مدير مجلس الادارة) پاشان (مدراء و تدريسيين و منتسبي و موظفي المدارس الخاصة، و يتم هذا التحقيق عن طريق ممثل، ئەو مومەسیلە وەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لێژنەی پەروەردە کردوویانە بە لێژنە،لە ڕاستیدا لێژنە باشترە وەکو ئەوەی کە مومەسیلێکی لێ بێ، عن طريق لجنة يحددها الوزير، و يتم فرض نفس الحكم المطبق بحق المدراء، نەك المديريون، المدراء و التدريسيين و المنتسبين و الموظفين في الوزارة) پێویستە داڕشتنەوەکە بەو شێوەی بێ، بۆیە پێویستە مەجلیسی ئیدارە لێرە، ئەنجومەنی بەڕێوەبردن کە لە پێشدا ئێمە دەنگمان بۆ دا،

پێویستە لەناویان بێ، نەك تەنها مودیری مەدرەسەکە و وەکو تەدریسیەکان و مونەتەسیبەکان و موەزەفەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی ئێمە بەو شێوەیە کە ماددەی 29 راپۆرتی ئێمە دەمجی ماددەی 43 و 44بێ و، بەم شێوەیە دارێژرایتەوە:

یەکەم: ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە بەراستی مەسەلەی تەنبیە نەمینی، بۆیە ئێمە عینوانەکەمان کردۆتە سزاکان، لە لێکۆڵینەوە و تەنبیە کردن گۆڕیمانەوە، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەی نەبووین کە وشەی تەنبیە بمینێتەوە.

ماددەی 29:

لە حاڵەتێکدا ئەنجومەنی کارگێڕی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی پەیوەست نەبوو بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە وەزارەت لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێکدێت کە پێویستە راپۆرتێك لە بارەی حاڵەتەکەوە بەرز بکاتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر یەکێك لەمانەی خوارەوە:

1- دەستگرتن بەسەر قوتابخانەکە بە شێوەیەکی کاتی، بەڕێوەبردنی لە لایەن وەزارەتەوە تا ئەو کاتەی کێشەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە چارەسەر دەکرێن.

2- ئەگەر کێشەکە هەر بەردەوام بوو، ئەوە مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە و قوتابخانە و پەیمانگاکان دادەخرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین مادام ماددەکە هەر ماوە، ئەو سیاغەتەی کە ئێستا د.عمر نورەدینی خوێندیەوە ئێمە پشتگیری لەو صیاغەتە دەکەین و، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گوتم ماددەی 29 راپۆرتی لێژنـەی پـەروەردە قسە بکەم؟، وتیـان نـەخێر بـۆت نیـە قسە بکەی، ئـەوە دەدەنە دەنگدان، من نا تەباییەك دەبینم لـە پێشـەكی مـاددە، لـە دوو دێـڕی ماددەکـە لەگـەڵ خـاڵی دووەم، چونکە ئەو لێژنەیەك رادەسپێرێت و لێژنەکە دەبێ بڕیاری لەسـەر بـدات، چـونکە ئـەو موسـبەقەن دەڵێت برۆ راپۆرت بنووسە و بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدە، ئـەوە نابێـت، مـن پـێم باشـە ئـەوە وا بنووسـرێتەوە: دوای ئەوەی وەزارەت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوت کەوا فوتابخانە و پەیمانگا نـا حکومیـەکان پەیوەسـت نیە بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئینجا بڕیار لەسەر یەکێك لەمانە بدات، کە بۆی دەرکەوت، یەعنی لێژنەکە هێشتا نەتیجەی نەدایە ئەوان دەبێ بڕیار بدەن، لەبەر ئەوەی من پێموایـە  صیاغەکە وای لـێ بێـت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ ئـەوەی ئـەو غومـوزە نـەمێنێ، دەکـرێ پێشـەکی ماددەکـە بـەم شـێوەیە دابڕێژینـەوە، لـە حاڵەتێکـدا ئەنجومـەنی کـارگێڕی فوتابخانـە و پـەیمانگای نـاحکومی پەیوەسـت نـەبوو بـە حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە لـە وەزارەت لێژنـەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە پێکدێت کە پێویستە راپۆرتێك لەبارەی حاڵەتەکەوە بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت بۆ بڕیاردان لەسەر یەکێك لەم حاڵەتانـەی خـوارەوە: هـەتا وەزارەت بڕیـار دەدات نـەك لێژنەکە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەی کە داڕێژراوە، کێ لەگـەڵی دایـە بـا دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، کـێ لەگەڵدا نیـە؟، بـە کـۆی دەنـگ پەسندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 44:

ئەگـەر ئـەو فوتابخانــە تایبەتـە سەرپێچـی هـەر حـوکمێکی حوکمــەکانی ئـەم یاسـایە یـان ڕێزبەنــدی جێبـەجێکارەکانی یـان پێشـیلکاری بەڕێوەبردنـەکانی بـاری دارایـی خـراپ بـوو، بـە شـێوەیەك نـەیانتوانی پابەندی بەرپرسیاریەتەکانی بێ، یـان ئاسـتی زانسـتی فێرکـاری و راوێـژ بـەرزی دوچـاری دابـەزین هـات لـە ئاسـتی پێویسـت، یـان سـەلمێندرا فوتابخانەکـە کـار دەکـات بـۆ بڵاوکردنـەوەی پرەنسـیپێك کـە دژە لەگـەڵ پرانسیپە ڕەسەنەکان کە سیستەمی بنچینەیی دەوڵەت دامەزراوە، لێرەدا وەزیر بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی بریکاری وەزارەت هەر کامێك لەم هەنگاوانەی خوارەوە بکات:

1- دەسـت بەسـەرداگرتنی قوتابخانەکـە بـە شـێوەیەکی کـاتی تـاکو کۆتـایی سـاڵ، ئـەم دەسـت بەسـەرداگرتنەش دەسـتی خـاوەن قوتابخانـە دەگـرێ بەسـەر قوتابخانەکـەوە، وەزارەت لـە بـڕی خاوەنەکـەی بەڕێوەبەری دەبات.

2- داخستنی قوتابخانە لە رووی بەڕێوەبردنەوە بۆ کاتێکی دیاریکراوە.

3- هەڵوەشاندنەوەی ڕێگا پێ نەدانەکەی.

سەربار ئەمانەی سەرەوە، بە دوور نیە مافی بەرزکردنـەوەی داوای مـەدەنی یـان جینـایی لـە کـاتی پێویست تۆمار بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەربیەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 44:

اذا خالفت هذه المدرسة اي حكم من احكام هذا القانون، او اللـوائح المطبقـة او ارتكبـت التجـاوزات الاداريـة او تدهور وضعها المالي بالشكل الـذي عجـزت فيـه عـن اداء مسؤلياتها، او ان مسـتوى التعلـيم والرفـع الاخلاقيـة هبطت الى الادنى من المستوى المطلوب، او ثبت ان المدرسة تعمل لنشر ضابط يتعارض مع الضـوابط الاصـلية، والتي بنيت عليها النظام الاساسي للدولة، يكون من حق الوزير بناءاً على مقترح مـن وكيـل الـوزارة اتخـاذ اي من الاجراءات ادناه:

1-مصادرة المدرسة بشكل مؤقت حتى نهايـة العـام، و هـذه المصـادرة ترفـع يـد صـاحب المدرسـة منهـا و تقـوم الوزارة بادارتها عوضاً عنه.

2-اغلاق المدرسة من الناحية الادارية الى امد محدد.

3-الغاء الاجازة.

اضافة الى ماورد اعلاه، ليس بعيدا لحق رفع شكوى مدنية او جنائية عند الحاجة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە لەگـەڵ ئیلغـا کردنـی ئـەم ماددەیـەین، چـونکە لـە ماددەکـەی پێشـووتر کـە پەسـندمان کـرد، لەوێـدا عیلاجی ئەم پرسە کراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ڕەت کردنەوەی ئەم ماددەین، چونکە لە ماددەی پێشوو دەنگمان بۆدا و گفتوگۆکرا کە چارەسەر کراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئیم هەیە کە ئیعادەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لێژنە و جەنابی وەزیریش لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەم ماددەن، کێ لەگەڵدایە کەوا ڕەت بکرێتەوە؟، کێ لەگەڵدا نیە؟، دوو دەنگ لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ رەت کرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 45:

خاوەن قوتابخانە یان هەر کەسێك بریکاری بکات، بۆی هەیە لە ماوەی یەك حەفتەدا لە رۆژی ئاگادار کردنەوەکەیدا، پاکانەی خۆی بگەینێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەربارەی بڕیاری وەزارەت بەرامبەر دەست بە سەرداگرتنی  قوتابخانەکە، یان داخستنی لە رووی بەرێوەبردنیەوە، یان رەت کردنەوەی رێگا پێدانەکەی، پێویستە چارەنووسی داواکاری پاکانەکەی ئەنجامی هەبێ لە ماوەیەك کە زیاتر نەبی لە 30 رۆژ لە بەرواری بەرزکردنەوەکەیدا، وە بڕیاری کۆتایی دابێت دەربارەی ئەمە و پاکانەکار ئاگادار دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 45:

لمدير المدرسة او كل من يمثله ان يقدم خلال اسبوع واحد من يوم اخطاره، براءة ذمته الى رئيس مجلس الوزراء ، ازاء قرار الوزارة بمصادرة المدرسة او اغلاقها اداريا او الغاء اجازتها، و يجب ان يكون مصير طلب

براءة الذمة خلال مدة لا تزيد على 30 يوما من تأريخ رفعه، و القرار الصادر يكون نهائيا حول ذلك و يتم اخطار طالب براءة الذمة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی پەروەردە؟

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارت بە ماددەی 45، ئێمە تەئیدی ئەو پێشنیارە دەكەین كە لە لایەن لێژنەی قانونییەوە و راپۆرتی ئەوانەوە هاتووە كە پێش چاوی دەخات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون لێژنەی قانونی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاردەكەین كەوا ئەو ماددەیە بە شێوەیەك دابڕێژری كەوا ماف بدەینە خاوەن ئەو جۆرە قوتابخانانە دوای ئەوەی كە ماددەی پێشووتر مافمان دا وەزارەت كە لە حاڵەتی سەرپێچی كردنی حوكمەكانی یاسا مۆڵەتەكە هەڵوەشێنێتەوە و موئەسەسەكە و دەزگاكە دابخات، دەبێ ئەو لایەنەی كە خاوەنی ئەو دەزگایەیە مافی تانە گرتنی هەبێ لە بڕیاری وەزارەت، ئێمە ماددەكەمان بە شێوەیەك دارشتووە كە سەرەتا، بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

يحق لصاحب المؤسسة التعليمية، الطعن في قرار الغاء الاجازة او غلق المدرسة غير الحكومية او المدارس و المعاهد الغيرالحكومية امام مجلس الوزراء في مدة لا تتجاوز 7 ايام من يوم تبليغه و يصدر المجلس قراره خلال مدة 15 من تاريخ تقديم الطلب،و يصدر المجلس خلال مدة 15يوما من تقديم الطلب قراره النهائي، و القرار قابل للطعن امام المحكمة الادارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دگەل هەندێمە مافی، وەكو لێژنا قانونی گوتی، چونكە لازمە مافێك هەبێ خودانی مالی قەرارێ تەعنی بدات كەس، بەلێ ئەز تەئید دكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەو صیاغەی كـە خوێندرایـەوە كـێ تێبـینی لەسـەری هەیـە بـا نـاوی بنووسـین؟، تـەنها 4 كـەس، فـەرموو د.بشیر:

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەصڵی ماددەكەدا هاتووە (لمدیر المدرسة او من یمثله ان یقدم خلال اسبوع واحد من اخطاره براءة ذمته الى رئـیس مجلس الـوزراء)، بەراسـتی ئەمـە شـوێنێكی دوورە، ئەمـە عیلاقـەی چـیە بـە رەئـیس مەجلسـی وزەراوە؟، ئەمە لەگەڵ وەزارەتدا كێشەیەكی هەیە، دەكرێ ئەو ئیقتیراحەی لێژنەی یاسایی بڵـێ: لێژنەیـەك پێك بێت لە وەزارەت بۆ تەعن لێدانی ئەوان لە قەرارەكە، بەڵام دیسان لێژنـەی یاسـایی لـە پێشـنیازەكەیان دەڵێن: قەراری ئەم لێژنەیەش دیسان خازیعە بۆ مەحكەمەیەكی ئیـداری، یـەعنی كەواتـە بـووە دوو تـەعن، یەكەم تەعن لە مودیری مەدرەسە، دووەم تـەعن لـە قـەراری لێژنەكـە بـۆ مەحكەمـەی ئیـداری، باشـە هـەر یەكەم جار لە مەحكەمەی ئیداریەكە مەسەلەكە حەسم بكرێ باشتر نیە؟، ئـەوەتا لـە مـاددەی سـیەمین لـە راپـۆرتی لێژنــەی پــەروەدەدا لـە مـادەی 30 بـاس لـەوە دەكـات، دەڵـێ :گرێبەسـتێك لـە نێـوان وەزارەت و قوتابخانە تایبەتدا رێك دەخرێت كە هەموو مەرجەكان و پابەند بوون و سزاكانی تێدا بێ، سكاڵا لە دادگای تایبەتدا لەوێ یەكلاكەرەوە دەبێ، كەواتە دداگا بەسە و كافیە نەك لێژنەكەی وەزارەت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەكەی پێشوودا وتمان مەجلیسی ئیدارە، لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەكـەم مەجلیسـی ئیـدارە او من یخوله تەعنەكە بدات،لەبەر ئەوەی لە ماددەكەی پێشوودا مەجلیسی ئیدارەمان وتووە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێرە ئەوەی لێژنەی یاسایی دای ڕشتووە، سـاحیبی موئەسەسـەی تـەعلیمی ئـەو كەسـەیە كـە لـە دوو شـوێن مۆڵـەت وەردەگـرێ، لـە وەزارەتـی تەربیـە و لەگـەڵ دەسـتەی وەبەرهێنانـدا، تـۆ كـە دەسـتەی وەبـەرهێنان ئەرزێكی ئەداتێ و تاپۆ ئەكرێ لەسەری، یەعنی دوای ساڵێ، دوو ساڵ ئەمە دەرئەچێ كە  ئەمـە موخالیفـە بـۆ قـانون، باشـە كـە چـووە مەحكەمـەوە ئەمـە سـاحیبی ئـەو زەوییـە، یـەعنی دوایـی چـۆن عیلاجـی ئـەوە دەكرێ؟، بەراستی هەر ئەوە نیـە وەزارەتـی تەربیـە بڵێـت مـن مۆڵەتەكـە سـەحب دەكەمـەوە و مەكتەبەكـە

دائەخەم، ئەو کەسە دابخرێت هەر ساحیبی ئەو موڵکەیە، با ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، چونکە رەئیسی موئەسەسەکە ئەو کەسەیە نە مودیرە و نەهیچە، خاوەنی ئەو ئیجازەی وەبەرهێنانی ئێمە، چەند جاری تر لەم یاسایە هیچ کەسێ بە هەند وەرناگرێت، تا ئەو ئیجازەی وەرگرتووە و ئەو عوقوباتەی لەوێ دایناوە بۆ ئەو کەسەی کە موخالەفە ئەکات ئەبێ نەفسی هین بێت، عوقوبە بێت، ئەوە بێ کە موستحەق بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆیە ئەو دەقە ئەصڵیە رەت دەکەم، ئەگەر دەرفەتێکە ئەگەر تەنها چاوپێخشانێکی بچووك بکەین، ئەو نەصە و نەصی پێشوو، بەراستی لە تەرجومەی گۆگڵ ئەچێت، لێژنەی یاسایی زۆر جاربە ئێمە ئەڵێت نەصی عەرەبی ئەساسە، خوای کرد کە ئەم نەصانە پەسند ناکرێ، بەرائەی زیمەی چی؟، باسی ئیعتیراز ئەکات، الى مجلس رئيس الوزراء، کێ باسی مەجلیس ویزەرای کردووە؟، مەجموعە مەسائیل هەیە یەعنی بەراستی لە ماددەی پێشوو، اضافة الى ما ورد اعلاه ليس بعيدا عن حق رفع شكوى مدنية او جنائية عند الحاجة، جائیزەیەکی چەند ملیۆن دیناری ئەدەم ئەگەر یەکێك پێم بڵێت ئەمە مەعنای ئەدات، فیعلی تێدا نیە، بۆیە ئەمە با دەرس بێت بۆ ئێمە کە لێژنەی تایبەتەکان تکایە دەقێکمان بۆ نەهێنن کە تێنەگەین، بۆیە لەبەر ئەوە یەك سەبەبێك تەئیدی پێشنیارەکەی لێژنەی یاسایی دەکەم، ئەوە سەبەبێك، سەبەبی دووەم تەئیدی قسەی پێشووم دەکەم، ئێمە لە یاسا دەبێ مامەلە لە نێوان حکومەت و خاوەنی ئیجازەکە بکەین، بۆیە مودیر مەدرەسە عیلاقەتی بە حکومەت نیە، ئەو داخیلی هیچ دەقێك نەبووە لەگەڵ ئێمە، بۆیە لە حەقی ئیعتیرازەکە خاوەنی ئیجازەکە حەقی هەبێت تەقدیمی تەعن بکات نەك مودیری مەدرەسە، بۆیە تەئیدی ئەوەی لێژنەی یاسایی دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێزد.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری ئەو ماددەیە، کە لە حاڵەتێك ماف بدەینە ئەو لایەنەی کە خاوەنی ئەو دزگایەیە، کە دەزگاکە بڕیاری وەزارەتی پێ دەرچووە، ئێمە پێمان باش بوو کە تەزەلومەکە و تەعنەکە لەبەردەم هەمان جیهەت نەبێ کە تەعنەکەی لێ دەرچووە، لەبەر ئەوەی وەزارەت بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و ئیلغا کردنی ئەو دەزگایەی دایە، بۆیە مافەکەمان دا بە مەجلیس وزرا، کەوا سەیری ئەو سکاڵایە بکات، ئەو

تانەگرتنە لە بڕیارەکە، دواتر بێتە مەحکەمە، لەبەر ئەوەی ئەوە پەیوەندی بە پرۆسەی خوێندن هەیە، لەوانەیە راستەوخۆ بچێتە دادگا و کێشەکە زۆر بخایەنێ و لە لایەن دادگا راوەستی و مافی ئەو خەڵکە موعەلەق بمینێتەوە، لەبەر ئەوە سەرەتا لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران تانە بگرێ، دواتر ئەگەر هەر یەکلایی نەبووە کێشەکە لەبەردەم مەحکەمەی ئیداری، يحق لصاحب المؤسسة التعليمية الطعن في قرار الغاء الاجازة، او غلق المدارس و المعاهد الغير حكومية امام مجلس الوزراء خلال مدة لا تتجاوز 7 ايام من تبليغه، و يصدر المجلس خلال مدة 15 يوم من تأريخ تقديم الطلب قراره النهائي، و القرار قابل للطعن امام المحكمة الادارية، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدا بۆچوونا لێژنەیا قانونیا دەکەم، بەس ئەز تەوزیحەك لەسەر رەئیا شلێرخانی بدەم، تەبعەن مەحکەمەی ئیداری مەرجەعێکی دروستە بەس گیر دەبێت، یەعنی تەئخیر دەبێت، بۆ ڤی چەندێ ئەگەر هات و تەمییز یان قەراری تەعن لە ئەنجومەنی وەزیران سەر نەگرت ئەوجا بچێتە مەحکەمەی ئیداری، یان ئەڤە دیرا وەکو د.بشیر گوتی، دروستە رێگایەکی کورت بکات، بەس دەبێتە یەك مەرحەلە بەس درێژ دەبێت، نوقتەیەکی تر موهیمە کە شلێر خان ئیسارەی کرد، ئەویش مەصیری مومتەلەکاتە کە سەحبی ئیجازە کرا، ئەساسەن مومتەلەکاتی گەلەکی بە قیمەت حکومەتی دەعمێ وی کریا ئاڤا دکەت بۆ ئەوەی ئیجازەی بداتی، دو ماهی دی چی لێ دی؟ ئەز نزانم ئەگەر تەفسیرێکی قانونی بۆ ئەوە هەبێت باشتر بێت ئەز نزانم، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رۆژان دوا صیاغە بخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدان، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت تەوزیحی لێژنەی، قانونی ئیستیسمار و موئەسەسەی هەیئەی ئیستیسمار، هەیئەی ئیستیسمار بەداخەوە کە ئەرزێکی دەدات، موهیمەکەی خۆی لەوێ دەبینیتەوە کە ئەرزەکەی دەداتە ئەو، هەر چ پرۆژەیەك بوو، خۆی مەفروە لە هەر مەشروعێکی بەنی جەزائی لەو مومتەلەکاتانە و لەو ئەرزانە کە ئەو دەیدا خۆشی لەگەڵی تەرەف بیت، هەیئەی ئیستیسمار دەبی خۆشی لەگەڵی تەرەف بیت، هەیئەی ئیستیسمار بەداخەوە لێرە موهیمەی ئەوەیە بەس ئەردەکەی دەدات، ئەوجا گوێی لێ نیە لە بەلەدیەی وەردەگری، دەست بەسەر دادێنی، موشکیلەی خەلق دەکات؟، دەبی خۆی تەرەف بی لە عەقد و لە شێوازی

ئەو مەشروعانە، ئەگەر هات و ئەو مەشروعانە فەشەلی هینا ئەو عاردانە مەسیری چی لێ دەبێتەوە؟، خۆی زوعفەکە لە هەیئەی ئیستیسمارە بەراستی، مەشاکیل بۆ وەزارەتی بەلەدیە و وەزارەتی صیناعە و هەتا وەزارەتی پەروەردەش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 45:

يحق لصاحب المدرسة او المعهد الغير الحكومي الطعن في قرار الغاء الاجازة، او غلق المدرسة و المعهد الغير حكومية امام مجلس الوزراء خلال مدة لا تتجاوز 7 ايام من يوم تبليغه، و يصدر المجلس خلال مدة 15 يوما من تأريخ تقديم الطلب قراره النهائي، و القرار قابل للطعن امام المحكمة الادارية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چوارەم**

**سزاکان و چاوخشاندن بەسەرپێچیەکان**

ماددەی 46:

سزای پێبژاردنی 10 ملیۆن دینار تا دەگاتە 50 ملیۆن دینار دەسەپێندرێت بەسەر هەر کەسێك هەستێت بە کردنەوەی دامەزراوێکی فێرکاری قوتابخانەی تایبەتی بە بێ ڕێگە پێدان، یان هەستێت بە فراوان کردن یان هۆڵ زیاد کردن لە دەزگایەکی ڕێگە پێدراو، یان داخستنی دامەزراوەی فێرکاری قوتابخانەی تایبەتی پێش کۆتایی ساڵی خوێندن، جگە لە کاتی بوونی بیانوویەکی لە دەست هەڵە بەدەر و گۆرینی بەرنامە و پرۆگرامە ڕێ پێدراوەکان، یان دانی دبلوم و دبلۆمی تایبەت بە دامەزراوەکە، بۆ وزارەت دەکرێت هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەری بکات، بە دەقێکی ڕێکخستن سنووردار دەکرێت، وە لە حاڵەتی دووبارە بوونەوە هەردوو ئاستی نزمترین و بەرزترینی سزاکە بەرز دەکرێتەوە بۆ 20 ملیۆن دینار تا دەگاتە 100 ملیۆن دینار، دەکرێ سەرپێچی کار بێبەش بکرێ لەمافی هێنانە کایەوەی دامەزراوەی فێرکاری قوتابخانەی تایبەتی، یان بەڕێوەبردنی بۆ ماوەی زیاتر نەبێ لە 10 ساڵ، کەمتر نەبیت لە 2 ساڵ.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**رابعا**

**العقوبات و مراجعة المخالفات**

**المادة 46:**

**تفرض غرامة 10 ملايين الى 50 مليون دينار على كل من يقوم بفتح مدرسة تعليم مؤسسة خاصة من دون اجازة، او يقوم بالتوسيع او زيادة القاعات في مؤسسة مجازة او اغلاق مؤسسة تعليمية مدرسية خاصة قبل انهاء السنة الدراسية، عدا حالة وجد حجة او سبب خارج الارادة، تغيير البرنامج و المنهاج المسموح به او منح الدبلوم او الدبلوم الخاص لمؤسسة الوزارة و القيام بالاجراءات الادارية و يتم تحديده بنص، و في حالة التكرار يتم رفع مستويات الادنى و الاعلى للغرامة من 20 مليون دينار الى 100 مليون دينار، و يمكن ان يحرم المخالف من حق تأسيس مؤسسة تعليمية خاصة او ادارتها لمدة لا تزيد عن 10 سنوات و لا تقل عن سنتين.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی پەروەردە؟**

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە لە مادەی 46 تا ماددەی 51 هەمووی دەمج بكرێ و بكرێتە یەك ماددە، هەروەها بەم شێوەی خوارەوە دابرِژرێتەوە:**

**گرێبەستێك لە نێوان وەزارەت و قوتابخانە و پەیمانگای ناحكومی رێك دەخرێت، كە هەموو مەرج و پابەند بوون و سزاكانی تێدا باس كرابێ، لە حاڵەتی پابەند نەبوونی هەر لایەك، لایەنی بەرامبەر سكاڵایەك بۆ دادگای بەرامبەر بەرز دەكاتەوە تا ئەویش لە ماوەی یاساییدا بڕیاری یەكلاكەرەوەی لەسەر بدات.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی:**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە یەكخستنی چەند ماددەیەك، ئێمەش پشتگیری لە رایەكەی راپۆرتی لیژنەی پەروەردە دەكەین، بەڵام باس كردنی سزا لەناو گرێبەست، ئەوە ناكرێ، لەبەر ئەوەی (لا جريمە و لا عقوبە الا بنص)، ئەگەر باس لە سزا دەكەی، لە ناونیشانی ئەو دەروازەی ئەو ماددانەش باس كرا لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە باس لە سزاكان دەكات، سزا ناكرێ لێی گەڕێی لە بۆئەوەی تا گرێبەستێك لە نێوان وەزارەت و ئەنجومەنی بەرێوەبردنی هەر لایەنێك لەناو گرێبەست باس لە سزا بكرێ، شەرتی جەزائی مەبلەغی بۆ دادەنرێ، لە**

چەند حاڵەتێك ئەوە شتێکی ترە، بەڵام سزا دەبێ بە یاسا هەبێ، بۆیە ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین و ماددەکان یەك بخرێن بەو شێوەیە:

هەر قوتابخانەیەك یان پەیمانگای ناحکومی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد بە بژاردنێك سزا بدرێ (غەرامە) کە لە 50 ملیۆن کەمتر نەبێ و لە 200 ملیۆن زیاتر نەبی، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە کە لە شوێنی ئەو ماددانە دابنرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر لەگەڵ یەکخستنی ئەو ماددانە جەنابت دەڵێ چی؟

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ دەسپێکی ئەگەر یەکی مەدرەسەیکی کردبی بێ ئیجازە غەرامەکی 20 ملیۆنە، یەعنی غەرامەکی کو دەبینیتن مەدرەسەکە کی دەبی دەری؟، ئەز نازانم ئەز دەبینم نا وازیحە ئەڤە، و بۆ بێ چ دبێژی ئەز دگەل تێکەل کردنیمە و صاغەتێك کە هەر چوار بەندا بێتە یەك، بەس ئەڤە بابەتێکی گەلەکی گرنگی تێدا، بەس گوتیە غەرامە بکە و نەگوتیا بگرە، یەعنی ئەڤە غەلەتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حالەتی بوونی سەرپێچیەك لە لایەن پەیمانگا و قوتابخانە ناحکومیەکان، دەسەڵات درایتە وەزارەت کە لێژنەکی تەحقیقی پێك بێنێت، لێژنەی تەحقیقی ئەگەر دیتی سەرپێچیەکە بە شێوازێکە کە مافی ئەوەی هەیە، ئەوە وەزارەت بۆی هەیە تەنها مافی هەڵوەشاندنەوە بدات، ئەو سزایە لە حاڵەتی سەرپێچی کردنە، واتا پێویستی بە لێژنەی تەحقیق نیە و سزایەکە ئەگەر دەنگی هێنا و پەرلەمان دەنگی بۆ دا بە حوکمی قانون سزای غەرامە فەرز دەکەین، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی ڕێکاری خۆی هەیە کە پێشووتر دەنگی هێناوە، ئیلغای ئیجازەکەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د.عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له راستیدا ئـەم پابەنـد نەبوونـە بـۆ هـەردوو لایەنـە، لەوانەیـە وەزارەتـیش بەراسـتی هەنـدێ ئیلتیزامـاتی بکەوێتـە سـەر شـان بەرامبـەر بـە ئـەم فوتابخانـە و پـەیمانگا ناحکومیانـە، ئەگـەر وەزارەت پابەنـد نـەبوو، ئـەویش رەنگـە حـەقی هـەبێ کـە لـە لای دادگـا داوای حـەقی خـۆی بکـات، لـە حاڵەتێکیشـدا قوتابخانـە و پەیمانگاکە که پابەند نەبوو بە ئەو ئیلتیزاماتـەی دەکەوێتـە سـەر شانی، بەراسـتی دەسـەڵاتی وەزارەتـیش هەبێ کە جۆرێك لە غەرامە یان ئیتر مەرجی سزایی هەبێ، لە راستیدا بۆیە ئێمە لەگـەڵ ئـەوەین کـە ئـەو ماددەی ئێمە دامانڕشتووە کە وشەی سزای تێدایە، سزایەکە لا بـدەین، تـەنها بڵێن مـەرج و پابەنـد بـوون، بەڵام ئەو ماددانە دوور و درێژن و پابەند بوون و تەفاصیلی تێدایە و مەبلەغی تێدا تەحدید کرایە، رەنگە ئەو مەبلەغانە لە ئایندەدا گۆڕانی بەسەر دابێ، بۆ وەزارەت بەجێ بمینێ بەرای ئێمە باشترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د.رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بابەتەکان و مەرجەکان و ئیلتیزاماتەکان هەمووی بە یاسا رێکخرا، ئەو گرێبەستە قیمەتی چ دەبی؟، تۆ یاسات دانایە بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە و دەزگا تەعلیمیانە، ئێستا گرێبەست چی دەکات؟، کە یاسا هەبوو و یاسا مەرجەکانی دیاری کرد و یاسا ئیلتیزاماتی هەردوو لای دیاری کرد، سزای دانا، ئەو گرێبەستە هـیچ قیمەتی نامێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەمە پێویستی بە دەنگدانە بەراستی، بەڵام نیصابی قانونی تەواو نیە، ئێمـە دائیمـەن تکـا و رجامـان کردووە و وتوومانە ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە کە دەڕۆنە دەرەوە زوو بێنەوە، ناکرێ ناوەکان بێـنین، بـڕوا بکەن پەرلەمانتاری وا هەیە 10 دەقـە دێـت و ئەصـڵەن هـەر نایەتـەوە، جاری وا هەیـە یـەك سـەعاتی پـێ ئەچێ، پەرلەمانتار کە دەڕواتە دەرەوە بۆ پێداویسـتیەکی زەروور دەڕواتـە دەرەوە، نـاکرێ سـەعاتێك و دوو سەعات، ئێستا دەبێ بوەستین و چاوەڕێ بکەین تا بە رەحمەتی خۆیان ئەو پەرلەمانتارانە بێنەوە ژوورەوە، ئەوە چۆن ئەبێ ؟، نامەوێ ناوەکان بێنم و عاجزیان بکەم، چـونکە ئـەوە چـەندین جـارە پێیـان بڵێن زوو وەرنـەوە ، ئیتر بڵێین چی؟، سەمیرە خان تێبینیت هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە زۆر دوور و درێژە و زۆر غامزە و تێکەڵاوی تێدا هەیە، بە خۆمان هەمووومان ئیدارەمان بینیە و دەبینین، مەسەلەن بۆ نموونە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی عامەی ئەهلی هەیە لە وەزارەت، هەنـدێ قوتابخانـە هەیە مەسەلەن تەنها پێویستی بە ئینزار هەیە، بە تـەوبیخ هەیـە، لـە حـاڵاتی موستەعصـی ئـەو حاڵەتـەی دەوێ کە غەرامەی بکەی و سجنی بکەی و قەپاتی بکەی، بەڵام شتی سووکیشی تێدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەکەی لێژنەی پەروەردە راستە، چونکە کە دەڵێ مەرج لە پەیڕەوی ناوەخۆی، ئەوە وەکو عەقدی مقاوەلاتە، مەرجی سزا لە عەقدی مقاولات لە هەموو کۆنتراکتێك پێرسێنتی هەیە، یەعنی نیسبەی هەیە، ئەو مەکتەبانە هەر کەسەو هەدەفێك و ئیشێکی خاصی هەیە، یەعنی شەرت نیە مەکتەبێك لەگەڵ مەکتەبێك یەك سزای هەبێ، مەرجەکان ئەوەی کە لێژنەی پەروەردە دەڵێ، دەقاو دەق بە گوێرەی سیستەمی ئیشی عەقدە، گرێبەستیە، حەتمەن ئەو مەرجانە دەگۆڕی و لە پەیڕەوی ناوەخۆش حەقێکە کە ئیمزا دەکرێ لەگەڵ مەرجەکان دیاری بکرێ بۆ هەر قوتابخانەیەك سزایەکەی چ بێ و مەرجەکە چ بێ و مەرجی عیقابی چ بێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سرۆکی پەرلەمان.**

عەفو بکە جەنابی سەرۆك، مـن مەبەستم ئەوە نیە تەداخول بکەم ئێستا، بەڵام وا دیارە دەکەوێتە موناقەشە کردنەوە، بۆیە منیش حەز دەکەم رەئی خۆم دەربڕم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ئەگەر نوقتەی نیزامتان هەیە؟، چونکە جارێ ئێمە دەمانەوێ ئەو ماددانە یەك بخەین و دوایی صیاغەکە موناقەشە بکەین، تەنها ئەگەر نوقتەی نیزامتان هەیە، چونکە بۆ شەرح کردن نیە ئێستا، فەرموو عەزیمە خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە گرنگە بمێنێ، لەبەر ئەوەی ئێمە کە لە ماددەکەی پێشوو ئەوەیە کە سزاکان دەستگرتن بەسەر قوتابخانە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکانە، چونکە لێرەدا گرێبەستێك لە نێوان وزارەت و قوتابخانەی تایبەت رێك دەخرێت کە هەموو مەرج و پابەند بوون و سزاکان، بمانەوێ و نەمانەوێ تازە ئەو خاڵەی کە دوو سزای تێدا بوو و دەنگی لەسەر درابو مایە، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێك لەو دوو لایەنانە ئەوەی کە گرێبەستێك لە نێوانیان ئەکرێ، خاوەن پرۆژەکە و لەگەڵ وەزارەت پابەند نەبوون، ئەو کاتە سکاڵایەك بۆ دادگای تایبەت بەرز دەکاتەوە کە ئەویش بڕیاری یەکلاکەرەوە بداتەوە، ئەمە چارەسەری کێشەکەی

کردووه و پێویست ناکات، ئەوەی راپۆرتی لێژنـەی خۆمـان لێژنـەی پـەروەردە زۆر باشـە و پێویـست ناکـات موناقەشە بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحێکم هەبوو، بە نیسبەتی ئەم ماددەیەوە کە باسی لێ دەکرێ، لە ئەصڵی پرۆژەکە ماددەکـە هـەر زۆر نا روونە، هەندێ شتی تیایە کە ئەصڵەن رەبتی بە یەکەوە نیە و پێویست ناکات، ئەمـە ئیعتیمـادی کردیـە لەسەری، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر ئەوەی کە لێژنەی پەروەردە باسی لەسەر کـرد، گرێبەسـتەکە ئـەبێ، راستە بە گوێرەی یاسا (العقد شریعە المتعاقدین)ە، بەڵام ئەمە وەکو لێژنەی یاسایی باسی لەسەر کرد، بـاس لە سزادان ئەکات، عقوبە، (لا جریمە و لا عقوبـە الا بـنص) ئەمـە بـاس لـە موخالەفـەی ئـەم موئەسەسـەیە ئەکات، بە بێ ئیجازە خۆی دروست کردبێ، بە بێ ئیجازە دبلۆمی دابێ، بە بێ شرووتەکانی یاسایی لە قاعە و هۆڵ و لەو بابەتانەی کە باسی لەسەر ئەکات موخالەفەی کردبێ، واتا هـەر شـتێکی کردبـێ، خـاریجی ئـەو رێنماییانـەی رێنماییانـە و خـارجی ئـەو موافقەتانـەی کـە وەزارەت بـۆی دانـاوە و بیکـات، دەچـێتە بـابی موخالەفەی یاسایەکەوە، کە چـووە بـابی موخالەفـەی یاسـاکەوە، پێیوسـتە سـزا بـدرێ، کـە سـزا دەدرێ ئـەم سزایانەش لە دادگا سزادەدرێ، بڕین و تەخسیس کردن و چەسپاندنی هەر بڕێکی غەرامە دەبـێ بـە قـانون بێ و دەبێ لە رێی دادگاوە قەراری لەسەر بدرێ، ئەگەر ئەم یاسایە و ئەم برگەیە بـە گوێرەی راپۆرتەکـەی لیژنەی یاسایی کـە هـاتووە لێـرە تـەوزیحی لەسـەر کـراوە، ئەوەنـدە بـڕی غەرامـە، ئەمـە دواتـر مـەحاکم و دادگاکان بەم قانونـە خاسـە تەقیـدی عـام دەکـات و غەرامەکـەی لێ دەسـێنن، بۆیـە کـە پێویـستە نەسـەکەی لیژنەی یاسایی بمێنـێ، بـەو شـێوەیەی کـە دەڵـێ هـەر کەسـێك و هـەر مەکتـەبێك، تـەبیعی کـە دەڵـێ هـەر مەدرەسەیەك، مەدرەسە یـەعنی ئـەو موئەسەسـەیە، یـەعنی هەیئـەی موئەسـس یـەعنی مـدیری موفـەوەز یاخود لێپرسراوی یەکەمی ئەو موئەسەسەیە، موخالەفەی ئەحکامی ئەم یاسایەی کـردووە، کـە موخالفـەی ئـەحکامی ئـەم یاسـایەی کردبـێ بـە واتـا شـاملە، هـەموو حوکمـەکانی گرتووەتـەوە، لەبەرئـەوە سـیاغەکەی لیژنەی یاسایی، سیاغەیەکی یاساییە، پێویست دەکات ئیعتمادی لەسەر بکرێ و ئەو سیاغەیە بنووسرێ، ئەم ماددەیـە بـە نیـسبەتی تەوحیـد کردنـی بـەعزێ مـەوادی تـر، ڕاسـتە 48 و 49 و50 تەوحیـد بکـرێ و کێشەیەکی لەسەر نیە و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك خورشید ئەگەر تێبینیت هەیە شەرح نا، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری جەنابی وەزیر دووبارە دەکەمەوە، مەعقولە یەك بێت مەدرەسەیەك دروست بکات بێ ئیجازە ئێمە غەرامەی بکەین، ئاخر ئەسڵەن (المبنی علی الفاسد) ئیشەکە ئەسڵەن دروست نیە، چۆن غەرامەی دەکەی؟ ئەمەیەك، دوو/ چۆن هاوتای کابرایەك مەدرەسەیەك دروست بکات بە بێ ئیجازەی سەفێك لە مەدرەسەی زیاد بکات، عەینی عقوبە بێ و عەینی ماددە بێ؟ ئاخر ئەمە مەعقول نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم ماددەیە تەنها بۆ ئەوە دانراوە کە سزادانەکە زیاتر غەرامەی مالی بێ، بۆ ئەو حاڵەتانە دانراوە ئەم ماددەیە، هەردووك لامان لەگەڵ لیژنەی قانونی لەگەڵ دەمجی ئەم ماددانە هەمووی بکرێتە ماددەیەك و لەڕاستی دا دوای گفتوگۆ ئێمە تەئیدی سیاغەکەی لیژنەی قانونی دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەکەمان بەو شێوەیە داڕشتەوە، دواتر ماددەکانی تر کە داوا کرایە یەك بخرێ و دەمج بکرێ، ئەوە ماددە ماددە داوای ئیلغای دەکەین و پێشنیاری ئیلغا کردنەوەی دەکەین و بدرێتە دەنگدانەوە.

کل مدرسة أو معهد غير الحكومي تخالف احكام هذا القانون تعاقب بغرامة لاتقل عن خمسين مليون دينار ولاتزيد على مائتى مليون دينار.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە بەحسێ مەدرەسە کریە کەتیە موجاز، بەری ڤێ فەقەرەك بێتە گەر یەکێ بێ ئیجازە مەدرەسە ڤەکر، ئەڤە ئەگەر مەدرەسەکا موجاز بیت موخالەفە بکات تۆ غەرامە دانیە سەر عقوبە بەس خاڵی دی هەمییێ

موهیم تر گەلەکی ناڤێ دکەتە مەعهەد بێ ئیجازە، ئان دێ مەدەرەسەکی ڤەکات قوتابیا وەرگری ڤێ کو موافەقەتێ وەربگری، ئەو لەوێ چارەگا پاشی ئەڤە دیت، ئەز نزانم بۆ وایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باسی جۆری سەرپێچیەکەمان نەکردووە چ جۆرە سەرپێچیەکە، ئەوجا لەبەرئەوەی پێشتر ئێمە ماددەکمان داناوە لە حاڵەتی موخالەفە کردنی، سەرپێچی کردنی حوکمەکانی قانون، وەزارەت بۆی هەبێ مۆڵەتەکەی لێ بستێندرێتەوە، ئەوە باسی سەرپێچی دەکات، سەرپێچی تەنها ئەوە نیە، قوتابخانەیەك دابمەزرێنی بەبێ مۆڵەت، لەوانەیە لە نیوەی ساڵی خوێندن، پرۆگرامی خوێندن بگۆڕین، سەرپێچیەکان زۆرن ئەو مەرجانەی کە مۆڵەتەکەی پێ وەرگرتووە، سەرپێچی بکات و بیانگۆڕی و دەسکاری پرۆگرامەکە بکات، مەبەستمان ئەوە نیە قوتابخانەیەك دامەزرایە بە بێ مۆڵەت غەرامەی بدەین، لەو حاڵەتە دەبێ دایبخەین، ئەو دەسەڵاتە لە ماددەی پێشووتر دراوەتە بەڕێزتان، بەڵام ئێمە باسی سەرپێچی حوکمەکانی یاسا دەکەین، ئەو حوکمانەی ماددەکانی پێشووتر کە دەنگمان بۆی دایە، دوای دامەزراندنی قوتابخانە کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەدوای چەند ساڵێك لە دامەزراندنی سەرپێچیەك لەو مەرجانە نەکرد، پرۆگرامی خوێندنی گۆڕی، ئەو بڕوانامەی لەسەری ڕێکەوت بوون بڕوانامەیەکی نزمتر لەوەدایە قوتابیان، کۆمەڵێك ڕێکار هەیە و کۆمەڵێك شت هەیە دەتوانین قوتابخانەکە ئەگەر دەسکاری کرد ئەوا پێی دەگوترێ سەرپێچی حوکمەکانی قانون، لێرە کە ئەو سەرپێچیە ڕووی دا جۆری سەرپێچیەکەمان دیاری نەکردووە، ئەوە بە حوکمی قانون ئەو غەرامەیەی لەسەر فەرز دەکرێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم ماددەیە کە زیاتر غەرامەی مالیە، بۆ ئەو قوتابخانە و پەیمانگایانەی کە ئیجازەیان هەیە، قوتابخانە و پەیمانگایەك کە ئیجازەی نەبێ دەبێ دابخرێ لەڕاستی دا، جا بۆیە ئەمە تەحسیلێ حاسڵە، ئەمە ئەو قوتابخانە و پەیمانگایانە دەگرێتەوە کە ئیجازەی پێدراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆکی پەرلەمان):**

فیعلەن نابێ قوتابخانەیەك هەبێ و بەبێ ئیجازە چۆن دەیکاتەوە دەبێ یەکسەر بچن مەدرەسەکە داخەن و کابراکەشی سجن بکەن، چۆن من پێموانیە، یەعنی ئەوە تەحسیلێ حاسڵە فعلەن، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد(وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەڤە نەسا جەوابێ یە ل بەردەستێ من ماددا 46 (تفرض غرامة عشرة ملايين الى خمسين مليون دينار على كل من يقوم بفتح مؤسسة تعليمية مدرسية خاصة من دون اجازة).

نا، نا فكرەكە ژ ڤێ هاتی، مەبدەئی فكریش ژ ڤێرێ هاتی، ژ بەرهەندێ ئەز دبێژم ئەڤە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆكی پەرلەمان):**

فەرموو سەمیرە خان.

**بەڕێز سميرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئایا قوتابخانەی بێ مۆڵەتمان هەیە لە كوردستان؟ توانیتی سەربەخۆ هەر كەسێك هەڵبستێ قوتابخانەیەك بە بێ مۆڵەت دروست بكات؟ پرسیارەكە لێرەدایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز(سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

غەرامە قەت نابێ قەتعی بێ لە قانون دابندرێ، من سەرپێچییەك دەكەم بیست منداڵم هەیە، ئەوە وەك قانونی ئیستیسمارە، خانوویەكم كرێ یە دەڵێم دوو ساڵی تر تەواو دەبێ، دوو ساڵی تر من لە كرێمە، تەواو نەبوو، مەفرووزە موستەسمیر پارەی غەرامەی كرێ بداتە من، ئێمە منداڵمان لەو مەكتەبە داناوە، باشە ئەو مەكتەبە (لو فرضنا) مستەوای كەمتر بوو، ئەدی ئەو پارە چۆن ئیعادە دەبێتەوە؟ ئەوە دەبێ بە مەرج بێ، مەرجەكەش لە ناو پەیڕەوەكە دەڵێ (العقد شريعة المتعاقدين)، مەحالە من غەرامەیەك دانێم، من 10ملیۆنم خواردبێ مەمنوونم بە غەرامەی دە ملیۆنی، دەیدەم و دەڕۆم و خواحافیز، پارە نابێ دابندرێ، موتڵەق نابێ دابندرێ، دەبێ بە گوێرەی مەرج بێ ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

عظيمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەكەی ئاهەنگ خانم، لەبەرئەوەی غەرامە نابێ بە شێوەیەك بێ و دیاری كراو بێ لەناو یاسایەكە دا، غەرامە دەبێ لە عەقدەكە دا هەبێ، نابێ لەناو یاسایەك هەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ داڕشتنی یەكەمی لیژنەی پـەروەردەم كـە هـیچ غەرامەیـەكی دەسـت نیشـان كـردووە، چـونكە ئەوە بەڕاستی ئـەو 50 ملیۆنـە زۆر قاسـیە، ڕەنگە موخالەفەكە زۆر بەسـیت بێـت، ئـەو لـە 50 ملیۆنـەوە دەستی پێ كردووە، ئەگەر بڕیارە ئەم مەكتەبانە داخەن ئەمـە شـتێكی دیكەیـە، چونكە ئەمـە زۆر قاسـیە، ئەومەكتەبانـە ئێمـە ئەگـەر سـەیر بكـەین، بەشـێكیان خزمـەتێكی زۆریـان كـردووە، نـاكرێ ئێمـە مـەرجی ئەوەنده قاسیان لەسەر دابنێین، بۆیە من جارێ پشتگیری ڕای یەكـەمی لیژنـەی پـەروەردە دەكـەم كـە هـیچ بڕێكی دەست نیشان نەكردبێ، پشتگیری ئاهەنگ خان و عظیمة خان دەكەم وەك ئـەوەی خـۆی بمێنێتـەوە، كە یەكەم جار دانراوە و هیچ بڕێكی پارەی دەست نیشان نەكردووە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێزم بۆ هەموو ڕاوبۆچوونەك، بەڵام هەنـدێ شـت هەیـە لـە دەسـتوور باسـكراوە نـاتوانین ئێمـە سەرپێچـی بكەین، هەندێ شت هەیە ئێمە باسی بكەین هی قانون نیە، كە باس لەوە دەكـەن سـزا نـەمێنێ، باشـە ئـەو قوتابخانەیە سەرپێچیەكی حوكمی یاسای كرد چی لەگەڵ دەكەی؟ لـە ڕاپۆرتەكـەی لیژنـەی پـەروەردە بـاس لەوەدەكات عقد، سزا لەناو عقد باس ناكرێ، مەبدەئێكی دەستووریمان هەیە (لاجریمە ولاعقوبـە الا بـنص) غەرامەش عقوبەیە، ئەگەر نەسی لەسەر نەبێ هیچ كەسێك بۆی نیە غەرامە لەسەر ئەو قوتابخانانە دانـێ، دواتــر ڕێژەیــەك دانــراوە، غەرامــە مەبلەغەكــەی دیــاری نــەكرێ، لــە هــەموو یاســایەكان، یاســا عیراقیــە كارپێكراوەكان لە هەرێمی كوردستان یاساكانی لەپەرلەمانی كوردستان دەرچووە و پەسەند كراوە، مەبلەغی غەرامە دیاری كراوە، بەڵام دوو ڕێژەی بۆ دانراوە، لـە نێـوان 50 ملیـۆن تـا 100 ملیـۆن ئـەوەی كـە دەنـگ دێنێ، لە نێوان ئەو دوو ڕێژەیە بەرەو حەدی ئەدنا و ئەعلا، دەسەڵات دەدرێت بـە دادوەر كـە بڕیـار دەدات جۆری سەرپێچیەكە لەگەڵ پەنجایەكە دەگونجێ، پەنجای لەسەر فەرز بكات، یان لە 50 زیاتر هەتاوەكو ئەو ڕێژەیەی كە لـە پەرلـەمان دیـاری دەكرێـت، بـەڵام نـاتوانین ئەگـەر شـتێكی دیكـە سـزا لـە نـاو قـانون بـاس نەكرێت غەرامە سزایەكی داراییە ؟ ناتوانن سزا لەسەر ئەو جۆرە قوتابخانانە فەرز بكرێ، باسی شوێن كرا، قوتابخانەكە و بینایەكە دروست نەكرا، ئەوە ناتوانین، لەبەرئەوەی لە ماددەی پێشو ئێمە دەنگمان بۆی داوە ماددەی 4 كە باس دەكرا هـەتا تاقیگـە و كتێبخانـە و شـوێن و هـەمووی هـەبێ ئـەوجا مۆڵـەت وەردەگـرین، یەعنی ناكرێ ڕێكارەكان دیاری كراوە ناتوانین پێچەوانەی ئەو ماددانـە بـین كـە پێشـتر دەنگمـان بـۆی داوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا دوا سیغەتان چیە؟ د.عمر دوا سیاغە بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێ، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا دەست پێ کردنی لە 50 ملیۆنەوە زۆرە، پێویستە ئەمە کەم بکەینەوە و حەدی ئەدنا و حەدی ئەعلای هەبێ، بەڵام لە 50 ملیۆنەوە دەست پێ نەکات، ڕەنگە جۆرێك لە غەرامەی مالی هەر پێویست بێ بۆ مەدرەسەیەك 5 ملیۆن بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو داڕشتنەوەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی ، (کل مدرسة ومعهد غیر حکومی تخالف احکام هذا القانون تعاقب بغرامة لاتقل عن 50 ملیون دینار ولاتزید عن مائتی ملیون دینار)، ئەوە پێشنیاری ئێمە پەنجا بۆ دوو سەد، ڕەچاوی ئەوەش بکەن، قستی خوێندن چەندە، چەند پارە لە کەسوکاری قوتابی وەردەگیرێ، کاتێ ڕێك دەکەون لەسەر دانانی بڕی غەرامەکە؟ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە قسەی لەسەر بکات؟ ئەڤین خان و سیوەیل خان و کاك کاردۆ، عظیمة خان و سمیرە خان و کاك عمر، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من 100٪ لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییم بۆ ئەو داڕشتنەوەیە کە دایان ناوە، چونکە بەڕاستی غەرامات هەمووبان دەزانین کەوا ئەگەر موخالەفاتی گەورە بکات و یاخود سەرپێچی ئەو قوتابخانەیە سەرپێچی هەر فەقەرەیەك لەم فەقەرانەی یاسایەکە بکات، ئەگەر سەرپێچی ئەساسی بێ لەسەر یاسایەکە ئەوا دیارە دەڕواتە بابی غەلق کردنەوە یان داخستن و ئەو عقوباتانە، بەڵام ئەگەر موخالەفەی کرد یان موخالەفە کردن فەرقی هەیە لەسەر ئەو سەرپێچییە گەورانە یاخود ئەو لادانە گەورانەی کە لە ماددەکانی یاسایەکەدا هاتووە، بۆیە سەرپێچی کردنەکە دیارە یەکێ لە خاڵەکان دەگرێتەوە کە ئێمە ئەو مەرجانەی دامان ناوە لەم یاسایە، بۆیە ئەگەر هاتو موخالەفەی کرد، بڕەکەی دەبێ دیاری بکرێ بەرامبەر موخالەفەکە، بۆ موخالەفە کردنەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوە بە دیدی من 50 ملیۆن تا 200 ملیۆن زۆرە ئەگەر

بێتو ئێمە بیکەینە 25 تاوەکو 150 ملیۆن، ڕێژەکە مەعقول تر دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە باسی عەقدیش بکەین، ئەگەر باسی عەقد دەکرێ، باوەڕناکەم ئەم یاسایە ئەوە تەحەمول بکات کە عەقد بکرێ، چونکە یاسایەکە خۆی سەروبەندی لە ماددەی یەکەمەوە تا ئاخر مولزەمە بۆ هەردوو تەرەف، چ بۆ قوتابخانە ئەهلیەکە، چ بۆ حکومەتیش بۆ جێ بەجێ کردنی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو دەقەی لیژنەی یاسایی بمێنێ، بەڵام ڕێژەکە کەم بکرێتەوە، لە 25 ەوە تا 150 ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددە پێشنیار کرا کە یەکەم جار ئەو ماددانە هەمووی با بڵێین دەمج بکرێ ئینجا ئەو سیاغەیەی د.ڕۆژان یان لیژنەی پەروەردە خوێندیانەوە، تەبعەن نەخرایە دەنگدانەوە، ئایا ئەو ماددانە پێشنیار کراوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا ئیلغا بێت یان ئیلغا نەبێ، ئینجا ئەو سیغایەی لیژنەی یاسایی یان لیژنەی پەروەردە موناقەشەی ئەو سیاغەیە بکەین، تەبعەن منیش ڕەئیم ئەوەیە ئەو ماددانە هەر هەمووی ئیلغا بێتەوە، تا ماددەی 51 لەبەرئەوەی هەمووی عقوبە و غەرامە و تەفاسیلی زۆری تێدایە، ئەگەر نموونەیەك بێنی کە دەڵێ غەرامە بکرێ ئەوەندە کە ئەگەر مۆڵەتی نەبێ، ئەی کاتێ ئەو کەسەی کە دەیەوێ قوتابخانەیەك دروست بکات یان بیکاتەوە نابێ هەموو ئەو مەرجانەی تێدابێ لە کاتی تەقدیم کردن یان داواکاریەکەی لە بۆ وەزارەت، وەزارەت بە پێی ئەو ڕێنماییانە و ئەو مەرجانە مۆڵەتەکەی دەداتێ، کە لە ماددەکانی زۆر پێشووتر دیاری بوو، واتە ئەوانە هەمووی زیادە منیش پێشنیار دەکەم ئەوماددانە هەمووی ئیلغا بێتەوە، ئینجا دوایی سیاغە و دانیشتنەوە لە بەینی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی کامیان باش بوو دەنگی بۆ بدەین و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 46 من پێموایە نابێ سزاکە دیاری نەکراو نەبێ کاتێ سەرپێچی دەکرێ، بەڵام بە پێی قەبارەی سەرپێچیەکە بێ، یەعنی ئێمە دیاری کراو بێ و بمانەوێ ئەگەر لە فلان برگە و فلان برگەی پێچەوانەی سزایەکەی ئەوەندەیە، یەعنی دیاری کراوە و سنووردارە بە پێی حەجمی سەرپێچیەکە، ئەگەر بڵێین گرفتەکەمان لەوەیە سزایەکە زۆرە، ئەگەر قسەش لەسەر مۆڵەتە، مۆڵەتەکە دەچێتە چوارچێوەی قانونی عقوبات و هیچ عیلاقەی بەو قانونەوە نیە کە کاتێ کابرا چەواشەی خەڵك دەکات، قوتابخانەیەك

به بێ مۆڵەت دادەنێ، دەتوانرێ یاسای سزادانی عیراقی بەسەردا تەتبیق بکرێ، بەس بۆ ئەوە دیاری کراو بێ بەپێی ئەو سەرپێچیانەی کە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە نیم کە هیچ غەرامەیەك لەناو یاسایەکە هەبێ تەنها ئەوە بۆ عەقدەکە بمێنێتەوە کە لە نێوان ئەو کەسانەی کە گرێبەستەکە دەکەن، لە کاتێك دا چونکە پابەند نەبوون یان سزادان جاری واهەیە سەرپێچیەکە بچووکە و جاری واهەیە سەرپێچیەکە زۆر گەورەیە تۆ چۆن ئەمە لەناو یاسایەکە دا دیاری دەکەی ئەو بڕە پارەیە بسەپێنی بەسەر سەرپێچیەکەی بچووکە یان سەرپێچیەکی زۆر گەورەتر، لەکاتێك دا کە تۆ ئیجازەت دا بەو کەسەی کە قوتابخانەکە دەکاتەوە و ئەو پابەند نەبوو، قوتابخانەکە هەڵوەشێنرایەوە، ئەو بڕە پارەیەکی زۆری وەرگرتووە، چۆن بەو غەرامە کردنە دەتوانی قەربووی ئەو پارەیە بکەیتەوە کە وەرگیراوە؟، بۆیە من دەڵێم و پێشنیارم ئەوەیە کە لەناو یاسایەکەدا بڕی دیاری کراو مەفتوع نەبێ لەناو عەقدەکەدا هەبێ، و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لیژنەی یاسایی دایناوە پارەکەی زۆر زۆرە لە پەنجاوە دەست بکرێ، لەوانەیە مەکتەبێکی بچووك بێ، بە چەند ساڵ ئەو ساحبی ئەو قوتابخانەیە، هەر خۆی ئیمکانیەتی هەبێ خۆی کۆبکاتەوە ئەو پارەیە تەعویز ناکرێ، پێویستە سزایەکە بە گوێرەی حەجمی تەڵەبە و قوتابخانەکە دابندرێ، هەیە قوتابخانە زۆر گەورەیە کۆمەڵگا لە پێنج، شەش قوتابخانە پێك هاتووە ئەوە دەکرێ، بڵێین ئێمە لە 10 ملیۆن هەتا100 ملیۆن تەساعودی دابنێ، بەڵام لە پەنجاوە دەست پێ بکەین زۆرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەیەکی عیقابیە، واتە رەبتی بە سەرپێچی کردنی یاساوە هەبێ، کە رەبتی بە سەرپێچی کردنی ئەم یاسایەوە هەبێ، دەبێ گونجاو بێ لەگەڵ ماددەکانی پێشتری یاساکەوە ئەو ماددانەش کە لە دوای ئەمەوە دێ، ئەسڵی پرۆژەکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تێکەڵاویشی تیایە، بۆیە هەموو ئەو بەڕێزانە

تەفسیری جیاوازی بۆ دەکرێ و هەرکەس لە لیژنەکانیش بەجیا ڕەئی خۆیان لەسەری داوە، ئەمە باس لەوە دەکات ودەڵێ غەرامە دەدرێ بۆ ئەو کەسانە (بدون اجازە)، با یەکسەر باسی بکەین و بڵێین ئێمە باسمان لەوە کردووە پێشی یاساکە (بدون اجازە) ناکرێ، چۆن دەکرێ بە بێ ئیجازە مەکتەبێك و مەعهەدێك و جامیعەیەك دروست ببێ، ئەمە با نەچینە تەفسیلەکەیەوە، ئەم موئەسەسانە کە دروست دەکرێت گەلێك ئیجرائاتی شەکلی دەوێ هەتاوەکو دروست دەبێ، لەبەرئەوە ئەمە خۆ شتێکی شەو و ڕۆژی نیە دروست بکرێ و بە بێ ئیجازە، دووەم/ هەر لەنەسی ماددەکە باس لە تەوسیع و زیادەی قاعات و غەلق و دانی دبلۆم و ئەمانە ئەکا، ئەمەیان دیارە بۆ ئەو کەسەیە ئیجازەی هەیە، ئیجازەی هەیە، بەڵام قاعەکە زیاد دەکات، ئیجازەی هەیە و تەوەسوع دەکات، ئیجازەی هەیە و دەتوانێ بەکەلۆریۆس بدا و دبلۆم دەدات، مەسەلەن ئەمە بۆ ئەو کەسەیە کە ئیجازەی هەیە، باس لەوە کراوە ئەڵێ خارجی ئیرادە، خارجی ئیرادە چ رەبتێکی بەم ماددەیەوە نیە، خارجی ئیرادە حاڵەتێکی زۆر ئیستسنائیە کە یاسا تەحدیدی کرد، وەکو کەوارسی تەبیعی و وەکو با کە خوانەخواستە دەکەوێتەوە لە وڵاتەکە، بۆیە پێویستە ئەم ماددەیە بە دوو ڕوانگە سەیری بکرێ، ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە ئەو موئەسەسەیەی کە هەر ئیجازەی نیە، ئەمە تەحسیل حاسڵە، سەڵاحیەتی وەزیرە و غەلقی دەکات، موسادەرەی ئەموالی دەکات، عقوبەیان دەدات، ئیحالەی مەحکەمەی دەکات، بابی دووەمی ئەو موئەسەسانەن کە موجازن، بەڵام موخالەفەی تەعلیماتەکەی ئیجازەی خۆیان کردووە، ئەوەی کەلیژنەی پەروەردە پێشکەشی کرد لەگەڵ ڕێزم دا باس لە گرێبەست دەکات، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، گرێبەست نیە ئەمە کە موئەسەسەیەك دێ پەیڕەوی ناوخۆی خۆی و مەنهەجەکەی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەدە دەکات بۆ دانی مۆڵەتێك بۆ کردنەوەی موئەسەسەیەکی پەروەردەیی، وەزارەت سەیری دەکات، وەزارەت کەشفی شوێنەکەی دەکات، وەزارەت دیراسەی پەیڕەوەکەی دەکات بزانێ چەند گونجاوە لەگەڵ مەنهەج و پەیڕەوی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئینجا ئیجازەکەی پێ دەدات، بەڵام فەرز کردنی غەرامە لێرە پێویستە لە ناویاسایەکە بە نەسێکی سەریح باسی لەسەر بکرێ، چونکە ئەو غەرامەیە لە تەحسیل حاسڵ لە دواتردا ئیحالەی مەحاکمی تایبەتی دەبێ، وەزیر ناتوانێ غەرامەی کەس بکات، ئەمە دەچێتە مەحاکم، مەحاکم بە گوێرەی یاسا غەرامەکە فەرز دەکات و ئەم یاسایەش پێی دەوترێ یاسایەکی خاس، ئەم یاسا خاسە و یاسا عامەکان لەوانەیە موخالەفە لە یاسای عقوباتی عیراقی هیچ موخالەفەیەك نەبێ غەرامەکەی بگاتە مەسەلەن نیو ملیۆن دینار، دوو سەد هەزار دینار، ئێمە لێرە کە دەڵێین $20$ ملیۆن دینار بە واتا دەبێ یاسایەکی خاس تەحەکومی تێدا بکات، ئەویش ئەم یاسایەیە، لێرە لیژنەی یاسایی باسی کردووە و دەڵێ ئەو کەسانە و ئەو موئەسەسەیەی موخالەفەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکات، یەعنی ئیتر ئەوە عام و شاملە، هەرچی لەم یاسایە بەدەربێ، ئەو موئەسەسەیە موخالەفەی کردووە، دەبێ ئەو بڕە پارەیە غەرامەکەی خۆی بدات، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە لێرە بۆ بەقوەت کردنی یاسایەکە، بۆ ئەوەی تەناقوزیش نەبێ لەگەڵ ماددەکانی پێشەوە کە دراوە سەڵاحیەت بە وەزیر کە باس لە غەلق و سەحبی ئیجازە و ئیلغای ئیجازە کراوە، پێویستە غەرامەکان

تەحدید بکرێ، بەو بڕەی کە لێرە باسی لەسەر کراوە هەرچەند بڕەکان تۆزێ زۆرە، چونکە لە یاسای عقوباتی عیراقی دا ئێستا لەو بڕە غەرامانە نیە هەرچەندە یاسایەکەش کۆنە، ئیتر نازانم، ئەوە دوایی ڕەئی قاعەکە دەزانێ مەبلەغەکەی زۆربێ، بەڵام پێویستە سیاغەکەی لیژنەی یاسایی بێت و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە کە سەرەتا ئەوە یەکلابکەینەوە کە لەماددەی 46 ەوە تا 51 بەڕاستی دەمج بکرێ و دەنگی بۆ بدرێت کە دەمج بکرێ، یەکەم جار، دوای ئەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەی کە خرانە ڕوو هی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دووبارە سیاغە کردنەوەی ماددەکەی بکرێ و لەسەر نیسبەتەکەش ئەگەر گۆڕانکاری تێ بکەوێ ڕێك بکەوین، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە نیسبەتەکە دەگۆڕێ لەڕاستی دا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

هەر دوو لیژنە موتەفقن لەسەر دەمج کردنی ماددەی 46 هەتا 51 ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکم لا دروست بوو، ئەدی تەعویز، ئێمە هەر دەڵێین عقوبە، ئەدی تەعویز کوا؟ کە سبەی کاریسەیەك قەوما، خۆ لە حەربی عالەمی دووەم..... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

قانونی مەدەنی هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، لیژنەی یاسایی د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعویز شتەکە و غەرامە شتێکی ترە، غەرامە سزایە، تەعویزی دەبێ بەرامبەری زیان هەبێ، لەهەر حاڵەتێك هەر کەسێك و هەر لایەنێك ڕووبەڕووی زیان بووەوە بۆی هەیە داوای تەعویز بکات مەحکەمە تەقدیری تەعویزەکەی بکات بە پێی زیانەکەو قەواعیدی عامەمان هەیە بە پێی یاسای شارستانیەوە کاری پێ دەکرێ، بەڵام غەرامە سزایە، سزا دەبێ نەسی قانونی لەسەر بێ، ئەگەر نەسی قانون نەبوو مەحکەمەش ناتوانێ سزا فەرزبکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

با ئێمە جارێ دەمجەکان بخەینە دەنگەوە، تکایە دەمجەکان هەردوو لیژنە داوای دەمجی ماددەی 46 تا 51 دەکەن، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ دەمج کرا، فەرموون ماددە بەماددە بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین، فەرموون سیاغە تازەکەتان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر غەرامەکە هەمووی ڕێککەوتین و بڕەکەی لەسەر پێشنیار و سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان پێیان زۆر بووە، ئەو ڕێژەیە کە دانراوە، کەممان کردەوە بۆ 10 ملیۆن تاوەکو 150 ملیۆن بەو شێوەیە:

کل مدرسة والمعاهد غير الحكومي تخالف احكام هذا القانون تعاقب بغرامة لاتقل عن عشرة ملايين دينار عراقى ولاتزيد عن مائة وخمسين مليون دينار عراقى.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ شەش کەس لەگەڵ دانیە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امنە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حوکمە گشتیەکان**

ماددەی 52

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر هەموو دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی پیادە دەکرێ، هەر حوکمێکی یاسایی یان لیستاندیەکان یان سیستەمەکان ڕێکەوتننامەکانی هاوکاری پەورەردەیی و ڕۆشنبیری پەیوەستە بە کاروبارەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەت، ئەگەر هاودژ بوو لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕەد دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**الاحكام العامة**

المادە 52

تطبق احكام هذا القانون على جميع مؤسسات التعليم الاهلية والخاصة، وكل احكام قانونية أو لوائح أو نظم إتفاقيات التعاون التربوية والثقافية تتعلق بشؤون التعليم الاهلى و الخاص، اذا تعارض مع احكام هذا القانون ترفض.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا پێش ئەم ماددەیە ئێمە لەڕاپۆرتی خۆماندا لە حوكمە گشتیەكان دا پێماوایە دەبێ ماددەیەكی تازە دابنێین كە پەیوەندی بە مسۆگەركردنی مافی قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە هەیە دوای داخستنی قوتابخانە یان پەیمانگاكە، بۆیە پێشنیار دەكەین ئەم ماددە ئیزافەی ئێمە بیخوێنینەوە و گفتوگۆی لەسەر بكرێ، ئەمجا ئەگەر بكرێ دەچینە ماددەی 52 .

ماددەی 31

لە كاتێك دا ئەگەر قوتابخانە پەیمانگای ناحكومی بەشێوەی هەمیشەیی داخرا مافی قوتابیان و مامۆستایان و كارمەندانی بەم شێوەیەی خوارەوە پارێزراوە، یەك/ قوتابیان دەگوێزرێنەوە بۆ قوتابخانە یان پەیمانگایەكی ناحكومی تری هاوشێوە بەبێ ئەوەی ساڵی خوێندنیان لە كیس بچێ، دوو/ مامۆستاو فەرمانبەرانی دەخرێنە سەر قوتابخانە یان پەیمانگایەكی ناحكومی تر یان دەخرێنەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەدە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ماددەیەك مافی قوتابیان كە لەو جۆرە قوتابخانانە دەخوێنن مسۆگەر دەكات و دەیپارێزێ پشتگیری لێ دەكەین، بەڵام ئێمە پێشتر لە ماددەیەك بابەتێكی نازانم ئەوە دەیگرێتەوە یان لە بۆ ڕێنماییمان بەجێ هێشت، وەزارەت ڕێنمایی دەركرد، ئەگەر مەبەستی ئەو ماددەیە بێ كە پێشنیار كراوە لەلایەن لیژنەی پەروەردە، هەمان ئەو ماددەیەیە كە پێشتر دەنگمان بۆی دا بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێ، یان ئەو تەنها تایبەت بوو بۆ وەرگرتن، ئەوەش بۆ گواستنەوەیە، لەو حاڵەتە پشتگیری لەو ماددە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە؟ د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو لە حاڵەتێك دایە ئەم نەقڵ کردنەوە و بۆ گواستنەوەیە کە قوتابخانەکە بمێنێ، بەس ئەوە لە حاڵەتی داخرانیەتی، چارەنووسی قوتابیان و مامۆستا و کارمەندەکان چی لێ دێت؟ کە دەیان نموونەی تاڵمان هەیە لەڕاستی، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بەم ماددەیە مافی ئەوان بەم شێوەیە مسۆگەر بکرێ، قوتابیان بەبێ ئەوەی ساڵی خوێندنیان لە کیس بچێ، بۆ مامۆستا و کارمەندەکان و فەرمانبەرانی بەبێ ئەوەی بێ ئیش بن و ئیدی کەس نەبێ لێیان بپرسێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد(وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ خالا بنسبەتا قوتابیا من دگەلم، یەعنی ئەز تەئیدی دکەم، خالا دوهێ (ینقل التدریسین والموظفین الی مدرسة خاصة اخری أو الی ملاك وزارة التربیة) کێ ئەو ئیشە دەکات؟ کێ نەقڵ دەکات مەسەلەن، من هیچ دەسەڵاتم نیە کە مامۆستایەك بێ و عیلاقەی بە پەروەردەوە نەبی کێ نەقڵی دەکات، بە چ نەقڵی بکەم؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جارێ لیژنەی پەروەردە، هیچ مەکتەبێکی تر ناکرێ ئیلزام بکرێ کە جێگا بۆ مامۆستایەکان و فەرمانگەکانی تر نەکردووە، خۆی ئازادە چەند مامۆستا بێ بۆ فەرز بکرێ لەسەری، یەعنی دەبێ عیلاجەك لۆ ئەوە بدۆزینەوە بەڕاستی، تەڵەبەکان قەیدی ناکات، بەڵام مووەزەف و مامۆستاکان شەرت نیە، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەتا تەڵەبەش ناتوانی فەرز بکەی، بە خۆم ئیستعابی مەکتەبی خۆم 40 تەڵەبەم هەیە، دە تەڵەبەی دی بینی ئاخر بە چ عەقدەك ئەمن ئیجبار بکرێم ئەوانە قەبوڵ بکەم، ئەوە لە پەیڕەوەکەی هەر مەکتەبێك فەلسەفەی پەروەدەی مەکتەبی خاسی هەبێ لە پەیڕەوەکەی خۆی دەڵێ ئەمن لینکەکم هەیە لەگەڵ مەکتەبەکەی دی، یان لەگەڵ موئەسەسەکی یان لەگەڵ موئەسەسەکی یان لەگەڵ جامیعاتەکی عەقدەکم هەیە و وەکو بانك، ئەو ئەمنی دەعم بکات و ئەمنیش ئەوی دەعم بکەم، لەو حاڵەتانە بەو شێوە و بەو شتانە، بەڵام بەداخەوە، ئەمن کە سەیری ئەو قانونەی دەکەم دەبینم ئەمن بەس لە جانبە تەسکەکەی ئەوەی کە زوڵممان لێ کراوە لە فکرەی بازرگانی لە کردنەوەی مەکتەبی ئەهلی سەیری دەکەین، لەوەی سەیری ناکەین کە ئەو پرۆگرامە، پرۆگرامەکە دەبێ بیتە مونافەسە لەگەڵ مەکتەبی حکومی لەوەی پەروەردە و لە پرۆسەی پەروەردە بە پێش بخەی، ئەمە بەس لە جانبە واجیهە تەسکەکەی باسی دەکەین دەنا قوەت نیە فەرز بکات، ئەو ماددەیە معەلیمانە هەموو نەقڵ بکات، ئەو تەڵەبانە سەد تەڵەبەنە و هەمووی بیانبەنە مەکتەبەکی دی، کێ دەڵێ ماڵی من حازرە بۆ ئەوەی ئەمن ئەوانە ئیستیقبال بکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

فیعلەن مومكینە ئەو مەدرەسەیە تاقەی ئیستعابی نەبێ..... ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نابێ ئەوەی فەرز بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی پەروەردە؟ د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا سەبارەت بە چارەنووسی قوتابیان پرسیارەكی سادە هەیە، ئەگەر قوتابخانەیەك داخرا، باشە چارەنووسی ئەو تەڵەبانە چی لێ دێت؟ بۆیە ئێمە نموونەمان هەیە لەسەر ئاستی زانكۆ لە هەرێمی كوردستان ساڵێك بەر دەرگای پەرلەمانیان گرت ئەوانەی زانكۆی شاهانەی بەریتانی بە ڕەزامەندی هەموو لایەك هەتا نەقڵمان كردن بۆ زانكۆی عیشق، بەڵام بە ڕەزامەندی بوو، خۆ بە ئیجباری نەبوو، حەتمەن بە ڕەزامەندی دەبێ، وەزارەت ئاگای لێ دەبێ، قوتابخانەكە خۆی ڕازی ئەبێ، تاقەی ئەو لەبەر چاو دەگیرێ ئەوجا نەقل ئەكرێن، بەڵام زۆر بەلامانەوە گرنگە چارەنووسی تەڵەبە دیاری بكرێ دوای ئەوەی قوتابخانە یان پەیمانگا دادەخرێ، چونكە ئەو مافەیان بۆ مسۆگەر بكەین، هێشتان لەسەر بڕگەی دووەم شایەنی ئەوەیە پێداچوونەوەی بۆ بكەین، تەنیا بڕگەی یەكەم بهێڵینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد:وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بۆ چارەسەریا ڤێ غەلقێ ئەز دگەل هەندێ نیمە كو ئیلزام كەین قوتابخانەكا تایبەتی ماموستایا دی وەربگریت یان قوتابیا، بەس خاڵەكا دی هەی، وەزارەتا پەروەردە ئەخلاقیەن ئەگەر ئیجازە دا ئیكی، و پشتێ هەندێ فەشەل هینان، لازمە مەسئولیەتێ ڕاڤەستیڤە، ئەو ژی ڤێ مەدرەسێ ڕێكا لازمێ ڤێ ویسایەدا بكات، یەعنی بۆ فەترەكێ ویسایە دكاتەڤە ئەگەر چارە نەبوو، وەكو دیجلە، زانكۆیێ دیجلە ل ڤێ دەركێ خۆ ڤێ ئەندامێ وەزارتێ خوێندنێ باڵا بوون، ماوەیەكی بڕێكا وەسایە برێڤە چوو، چونكی گەلەكا زەحمەتە، ئەسلەن بەرنامجێ وی نەگونجی چ بێت بەرنامەجێ خوێندنا ئەهلی چ مەدرەسێ، لازمە بۆ ڤێ چەندێ لازمە ئەڤ خالە هەبیتن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر سەروەر

**بەرێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو ماددەیە کە دانراوە لە لیژنەی پەروەردە بەراستی لە ئەنجامی ئەوە دانراوە ئێمە تەجروبەمان هەبووە و کێشەش دروست ئەبێ بۆ ئەوەی موعالەجە بکرێ، من لەگەڵ هەردوو خاڵ دام، بۆچی؟ یەکەمیان، ئایا ئەگەر قوتابخانەی (ا) لەو شارەدا داخرا کە 200 قوتابی هەیە، زەحمەت نەبێ جەنابی وەزیر چارەنووسی ئەوانە چی لێدێ؟ چونکە نەك هەر ئیلتیزامێکی ئەخلاقیە، ئیلتیزامێکی قانونیشیە، ئەو مەکتەبە کاتێك کراوەتەوە بە پێی قانون ئەگەر قانون نەبێ ئەمە قانونە، بە پێ ڕێنمایی قانونی لەوێ کراوەتەوە، ئایا چارەنووسی ئەوانە چی لێ بەسەر دێ؟ بێگومان ئەبێ مشوری لێ بخورێ و بەرنامەی هەبێ وەزارەت، خاڵی دووەم، لایەنێکی تری باس بکەم، ئەمە زۆر ڕەوایە کاتێك ئەڵێین قوتابیان ئەگوازرێنەوە بۆ قوتابخانەیەکی تایبەتی هاوشێوە بێ ئەوەی ساڵی خوێندنیان لە کیس بچێ، بەلاّم شتێکی تریش دێتە گۆڕێ، بەرێزتان مناڵەکەتان بردووە لەو قوتابخانەتان داناوە، گرێبەستت کردووە بۆ نموونە بە 2000 دۆلار، بەلاّم قوتابخانەیەکی تر هەیە بۆ نموونە 5000 دۆلار هاوشێوەیەتی، ئایا ئەو قوتابیە کاتێك دەچێتە ئەوێ گوناهی ئەو چیە کاتێك قوتابخانەکە دادەخرێ لە نەتیجەی ئەوا مەرجەکانی جێ بەجێ نەکردووە؟ کێشەی هەیە لەگەڵ وەزارەتدا، یان هەر شتێکی تر، ئەو پارە زیادە بۆ ئەو بیدات؟ ئەمە دەکەوێتە سەر کێ؟ سەبارەت بە خاڵی دەووەمیش، مامۆستا و فەرمانبەرانی ئەخرێتە سەر قوتابخانەیەکی تر، ئەوانە لە ماددەکانی پێشوودا وتوومانە ئەوانە بە گرێبەستن، و کاتێك داشدەنرێن ئەبێ بە ئاگاداری وەزارەت بێ، ئەی چارەنووسی ئەوانە چی لێدێ؟ ئایا بە پێی ماددەیەکی تر داوای مافەکانی خۆیان ئەکەن؟ لەوانەیە ساڵانێك خزمەتی هەبێ لەوێ، ئەمە پێویستی بە چارەسەرە، نازانم ئەگەر گۆڕانکارێکیشی تێدا بکەن، بەلاّم بەراستی لە جێی خۆیەتی دابنرێ ئەو ماددەیە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر سەروەر، مەفروزە حەقی تەڵەبەکان نەفەوتێ، موستەقبەلیان نەفەوتێ، هەروەها حقوقی مامۆستا و فەرمانبەرانیش نەفەوتێ، بەلاّم من مەدرەسەیەکی ترم وەریان ناگرم، من مولزەم نیم وەریان بگرم، مومکینە بەرنامەجی مەکتەبەکەم فەرقی هەیە، مومکینە شێوەی تەدریسم فەرقی هەبێ، هیچ عەقدێکیشم نەکردووە بۆ ئەوەی تەلەبەی تر وەرگرم یان مامۆستای تر وەرگرم، فەرموو بزانم....

**بەرێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەررلەمان**

ئەوەی جەنابت دەڵێی زۆر راستە، بەلاّم ئێمە باسی ئیلتیزامێك ئەکەین کە لەسەر شانی وەزارەتە، من پرسیارێکم کرد، باشە ئەو قوتابخانەیە ئێستا داخرا، 200 قوتابی هەیە، ئەو قوتابیانە چیان لێ ئەکرێ؟ ئەمە ئەرکی سەرشانی وەزارەتە کە خەمیان لێ بخوا و لێرە بە یاسایەك جێی کرابێتەوە، ئەڵێین قوتابخانەیەکی هاوشێوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەصلەن ئـەو ماددەیـە پێویسـت ناكـا بـەو موفقتەرەحـەی لیژنـەی پـەروەردە باسـی كـردووە، لەبـەر چـەند هۆیەك، یەكەم، ئەم یاسایە بۆ كەرتێكی تایبەتـە، ئـەو مەكتەبـەی كـە دائـەخرێ كـەرتی تایبەتـە، كـە وتـت كەرتی تایبەت، هەر كەرتێك پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە، لە لایـەكی تـر، غـەلق فـەرقی هەیـە لەگـەڵ ئـەوەی مەكتـەبێك حـەلی هەیـە، یـان دەمـج ئـەبێ، یـان غـەلق ئـەبێ، یـان ئیلغـا ئـەكرێ، و یـان موئەسەسەیەكی كەرتی تایبەت ئیشهاری ئیفلاسی خۆی ئەكا، راستە مەسیری تەڵەبـەكان، منـیش لەگـەڵ ئەوەم كە پێویستە دیاری بكرێ، بەلاَم ئەبێ چۆن تەحدید بكرێ؟ ئەمە تەنیا حاڵەتی غەلق نیە، كـە وتـت غەلق حاڵەتێكە لە نەتیجەی موخالەفەیەكی یاسایی، وەزارەت ئـەمری دەركـردووە لـە ڕێـی دادگـاوە یـان لـە ڕێی خۆیەوە بەو تەعلیماتەی كە هەیەتی غەلقی ئـەو موئەسەسـەیە ئـەكا، ئـەی ئەگـەر ئـەو موئەسەسـەیە حەل بوو؟ ئەی ئەگەر دەمج بوو؟ ئەی ئەگەر ئیشهاری ئیفلاسی خۆی كرد؟ ئـەم تەلەبانـە بـە چ ئالیـەتێك ئەچنە كەرتی تایبەتەوە لەكاتێكدا ئەو كەرتە تایبەتەی تر پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەتی خـۆی هەیـە، ئـەو موئەسەسەیە موئەسەسـەی ریبحیـە، خەسـارەی هەیـە، پـەیڕەوی تایبـەتی خـۆی هەیـە، دوو، بـە نیسـبەتی ئەوانـەی كـە چـوونە گرێبەسـیتان كـردووە لـە مامۆسـتایان و مونتەسـیبین، ئەوانـە گرێبەسـتیان كـردووە، ئەوانە بە رەغبەتی خۆیان چوون، عەقـدیان كـردووە، كـە لیقـائی ئـەجری یـەومی، شـەهری، هەرچـۆنێكە، ئیش بۆ ئەو موئەسەسەیە بكا و بە رەغبەتی خۆی پـارە وەرگـرێ، چ زەمبێكـی وەزارەتـی تەربیەیـە ئەگـەر ئەو موئەسەسەیە ئیشهاری ئیفلاسی خۆی كرد؟ وتی ئیتر 100 موزەف و 100 مامۆستا خواحافیزتان بێ، ئەمە چۆن ئەچێتە سەر میلاكی وەزارەتی تەربیە؟ لە كاتێكدا ئـەوان بـە رەغبـەتی خۆیـان ئـەو عەقـدەیان لەگـەڵ ئـەو موئەسەسـەدا كـردووە، ڕاسـتە پێویسـتە مەسـیری قوتابیـەكان لـە حاڵـەتی غـەلق دا، و لەبـەر ئەسبابی یاسایی با ببرێنە قوتابخانە و كولیاتە حكومیەكان، بۆچی بچێتە كەرتی تایبەت؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

من هەروەكو سوئالەكی بەسیت، ئەبێ موستەقبەلی تەلەبەكان زامن بێ، بـەلاَم مامۆسـتایەك لـەوێ عەقـدی كردووە لە قوتابخانەیەك، باشە لەگەل شەریكەیەكی ئیستیسسمار عەقدی كردبا فـەرقی چـی بـوو؟ فـەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سـەبارەت بـەم خاڵـە مـن پێشـنیار ئەكـەم كـە بمێنێتـەوە، ئێمـە موناقەشـەكەمان خەرێكـە لـەو چوارچـێوە ئەمانباتە دەرەوە، ئێمە باس لە ریبح و خەسارەت ئەكەین لە موئەسەسەیكدا راستە مەفهومی ئیستیسماری

له پشتەوەیە، بەلاّم ئێمە لە ئامانجەکانی قوتابخانە ئەهلیەکاندا یـەکێك لـە بڕگـە سـەرەکیەکان ئەوەیـە کـە ئەمانەوێ ئاستی خوێندن لە کوردستان بچێتە ئاستێکی بەرزتر، یەعنی چەمکی سەرەکی کار ئاسانی کـردن بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان ئەوەیە کە ئاستی فێرکـردن لـە هـەرێمی کوردسـتان دا بـەرز بکەینـەوە، بـەلاّم ئـەو مەفهومی قەسەکردنەی ئێمە لەسەر کارگەیەکی نانەقەیسی نیە، کە حەل بکرێت و مانگێـك، دوو مانـك لـە ئینتاجی کرێکارەکانی حەل بکەی لـە ناوچـەیەکی تـردا، ئێمـە چـەمکی سـەرەکی ئەوەیـە کـە موسـتەقبەلی قوتابیەکان لە دوو دەروازەدا، بە بڕوای من وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە، یەکێ لەوانە کە ئەو گەنجانە یان ئەو منالاّنە هاوولاّتی هەرێمی کوردسـتانن، بۆیـە دابـین کردنـی موسـتەقبەلیان مەسـئولیەتێکی نیشـتیمانی گەورەیە، ئەبی حەلی بۆ دابنـرێ، لـە لایـەکی تـر، ئـەی چـۆن وەزارەتـی پـەروەردە مـاڤی ئـەوەمان داوەتـێ و داکۆکی ئەوەمان لێ کردووە کە ئیجازە بدات بەم لایەنە، هەر لایـەنێك لـە نیزامـی عامـدا کـە مەسـئولیەتی ئەوەی وەگرت ئیجازە بدات بە لایەنێکی تر بەشێك لە مەسئولیەتیش ئەکەوێتە سەر شانی، ناکرێ تا حـەل ئەکرێ تۆ لە مەسئولیەتەکە بێیتە دەرەوە، بە پێی ئەو یاسایەی کـە صـەلاحیەتی هـەبووە و ئیجازەی داوە بەوانەی کە ئیستیسماری کردووە ئەبێ بە پێی ئەوەش هەست بە مەسئولیەت بکا کـە شـوێنێك بدۆزێتـەوە بۆ ئەوەی، من پێشنیازی ئەوە ئەکەم وەزارەتی پەروەردە ئـەوەی بـۆ ئیزافـە بکـرێ کـە کـار ئاسـانی بکـا بـۆ لایەنەکانی کە فرسەت ئەدۆزێتەوە بۆ ئەو قوتابیانە یان مامۆستاکان وەربگرێ، بۆ نموونـە یـانی شـێوازێکی کـار ئاسـانی کـردن هـەبێ، ئـیتر خـانووی بـۆ دابـین ئـەکات، یـەعنی کـە ئـەڵێی کارئاسـانی کـردن، دواتـر بـە تەعلیمات ڕوون ئەبێتەوە ئایا بەشێك لە کرێی خانووەکەی لەگەڵ قوتابخانەیەکی تردا بـۆ ئـەدات؟ بەشـێك لە پارەی مامۆستاکان ئەدات، یان هەندێك پێداویستی بۆ قوتابیەکان دابین ئەکات؟ بۆیـە مـن بـە تـەواوەتی پشـتگیری قسـەکانی دکتـۆر سـەروەر ئەکـەم، پێویسـتە چـەمکی سـەرەکی تـەرکیزمان لەسـەر موسـتەقبەلی قوتابی بێ، و وەزارەتی پەروەردە نابێ لەم بەرپرسیاریەتیە بچێتە دەرەوە، چونکە ئیجازەی داوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد وەرتی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو ماددەیە ماددەیەکی ئیزافیە، لە پێشـدا دەنـگ لەسـەر ئـەوە بـدرێ، ئەگـەر موناقەشـە بکـرێ و ناوەکـان بنووسرێ بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین، یەعنی نەك بێ ناو نووسین قسە بکەین، دەبێ بڕیاریشـمان دابـێ جارێ ئەو مادده ئیزافیە موناقەشەی بکەین یان نەیکەین؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عمر

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا ئێمە پێمان وایە ئەو ماددەیە بمێنێ، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مسۆگەر کردنی چارەنووسی قوتابیەکانەوە هەیە، ئێمە دەڵێین لە کاتێکدا ئەگەر قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بە شێوەی هەمیشەیی داخرا، ئەو داخرانە خۆی حەل دەکا؟ لە ئەنجامی سزاوە ئەبێ؟ لە ئەنجامی ئیفلاسەوە ئەبێ؟ کاتێك قوتابخانەیەك بە شێوەی هەمیشەیی دائەخرێ چارەنووسی ئەو قوتابیانە چی لێدێ؟ ئەمە یەك، دوو، ئێمە نالێین بەراستی، ئەڵێین قوتابخانەی هاوشێوەی تر، بێگومان لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەکرێ، توانای وەرگرتنی ئەو هەڵدەسەنگێنرێ، سەبارەت بە مەسەلەی چارەنووسی ئەو قوتابیانە نموونەیەکمان هەیە، ئێمەش وەك لیژنەی پەروەردە ڕاپۆرتمان هەیە، لیژنەی یاسایش ڕاپۆرتیان هەیە، لەسەر داوا کاری چارەنووسی قوتابیانی زانکۆی شاهانەی بەریتانی کە پێویستە بنێردرێن بۆ زانکۆیەکی تایبەتی هاوشێوە، بەلاّم ئەو ڕەئیەمان دا فیعلەن وەزارەتی خوێندنی بالاّ لەگەڵ زانکۆی عیشق گفتوگۆی کرد وتی ڕازیم خوێندنی هاوشێوەم هەیە، تواناشم ئەوەندەیە، بە گوێرەی توانای خوێندنی هاوشێوەی 25 قوتابیان نەقڵ کرد بۆ ئەوێ، چارەنووسیان پارێزراوە، ئێستا لەوێ دەوام ئەکەن، بۆیە هەمان شێوە لە قوتابخانەی نموونەیش هەیە، تا لە داهاتوودا تووشی ئەو موشکیلەیە نەبینەوە و فەراغە قانونیەکە کەم بێتەوە، بەراستی لەگەڵ ئەوەین کە ئەم نەصە بەتایبەتی بۆ قوتابیەکان بمێنێتەوە، هێشتان بۆ مامۆستا و فەرمانبەرکانیش ئەگەر بخرێنە سەر قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی تر دیسان، چونکە ئەمە لە حاڵەتێك دایە ئەم قوتابخانە بە یەکجاری داخرا، هەموو ڕۆژ قوتابخانەکان دانا خرێن، عەدەدیان کەم ئەبێ، جێگا نابێتەوە، و توانای چارەسەریشیان هەیە، بەلاّم سەبارەت بەوەی بخرێنە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە نابێ، چونکە ئەمە لەباری قانونیەوە ئیشکال بۆ وەزارەت دروست ئەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد:وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

براستی ئەم دوو بۆ چوونێت هەنە، کە مەدرەسە داخرا ئایا ئیستمرارێت دکا، یان لازمە حەل کەین ڤێ مەدرەسێ؟ تەبعەن ڕەئیا حەل کردنێ ئەز پشتەڤانیا دکەم، بەس لێ ڤێ درکێ ببیتە (هەڵبژاردنی قوتابیان لە نێوان مەدارسی حکومی یان ئەهلی حەسەب ئیمکانیات)، وەکو خاتوونەکی گوتی وەزارەتێ پەروەردە لازمە بەرپرسیار ببیتەڤە بەرامبەر بۆچوونەوان. ئەگەر بمێنیتەڤە وەکو ماێ قوتابیا ئەم وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ، وەکو وەزارەتا پەروەردێ مولزەمین چارەکی بۆ ببینین، لەبەر ئەوەی ئەگەر ببیتە (هەڵبژاردنی قوتابیان لە نێوان مەدارسی حکومی یان ئەهلی حەسەب ئیمکانیات)، ئەوە یەك، هیچ ئیلتیزامەکی وەزارەتی پەروەردێ بەرامبەری فەرمانبەرێ نینە، بەلێ ئەگەر ئیەم پێویستیمان پێ بوو ڤێ وەختی ئیحتیمالە وەربگرێنەڤە، ئەگەر مامۆستا بن یان فەرمانبەر بن ئۆتۆماتیکیەن دزڤرەڤنەڤە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر ئاخیر صیاغە بخوێنەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 31:

لە کاتێکدا ئەگەر قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بە شێوەی هەمیشەیی داخرا، مافی قوتابیان و مامۆستایان و کارمەندانی بەم شێوەی خوارەوە پارێزراوە:

1-قوتابیان ئەگوازرێنەوە بۆ قوتابخانەیەکی تایبەتی تری هاوشێوە، بە بێ ئەوەی سالّی خوێندینان لە کیس بچێ.

2-مامۆستا و فەرمانبەرەکانی ئەخرێنە سەر قوتابخانەیەکی تایبەتی تر، یان دەخرێنە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەوە هەیە؟ فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

حەلی وەسەت بۆ ئەو حالّەتەی ئەوەی بەرێز دکتۆر عیسمەت گوتی، تشتەکی تریش ئەتوانین پەیڕەوی بکەین، مەکتەبی خاص عادەتەن تەصنیف بکرێ، هەیە زۆر بەئیقتیصادە، بەرنامەی زۆر موتەقەدیمە، ئەوەی تر کە دادەخرێ ئەتوانی وەریبگرێ، نوقتە نیزام تەصنیف زۆر موهیمە بۆ ئەوە کە حەلی بکا، ئەمن موقاویلم تەصنیفم دەرەجە یەکە، کاریسەکم پێ حەل ئەکرێ چونکە ئەساسم بە مەلاینە، دەتوانی 40 کەسی ببەیە ئەو قوتابخانەی، لەبەر ئەوە ئەگەر تەصنیف هەبێ بۆ قوتابخانەکان دەتوانم بلّێم کاکە تۆ مەکتەبێکی دەرەجە یەکی، ئیقتیصادت زۆر بە قوەتە، 5 لەو قوتابیانەی ماینەوە وەریان بگرە بۆ ئەوەی نەچن، بۆیە تەصنیف موهیمە، و عەقدێکیش هەبێ موهیمە بۆ ئەوەی ئەو مەکتەبانە لە پەیڕەوەکەی خۆیان دایبنێن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد،ئاخیر کەس

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

خاڵی یەکەم پشتگیری لێ ئەکەم کە قوتابیان لە حاڵەتی داخرانی قوتابخانە یان پەیمانگای ناحکومی بگوازرێنەوە بۆ هاوشێوە یان حکومی، بەلاّم من پێم باشە بە سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردەی بۆ زیاد بکرێ، چونکە لایەنی جێ بەجێ کار دیاری نەرکراوە، ئێمە پێشتر لەبەر نەبوونی یاسایەکی هاوشێوە لە کاتی داخرانی زانکۆی شاهانەی بەریتانی سەرگەردان بوون نەیان توانی لە هیچ شوێنیك وەرگیرێن، لەبەر ئەوە لێرە لایەنی سەرپەرشتی کار کە وەزارەتە دیاری بکرێ بۆ ئەوەی دیار بێ کێ بەم کارە هەڵدەستێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر، تكا ئەكا ئەڵێ نیو دەقیقەم بدەنێ

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

زۆر باشە با مەسیری خوێنکارەکان نەڕوا، بچێتە کەرتێکی تایبەت یان حکومی، بەلاّم پێویستە ئیزافەیەکی تیا بکەین و بڵێین (حسب تعلیمات الوزارە)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەی بخوێننەوە

**بەڕێز د. عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا دوا صیاغە ئەخوێنمەوە، بەلاّم لەراستیدا ئێمە مافەکەیان بۆ مسۆگەر ئەکەین لەماددەیەکی تریشدا ئەڵێین لەسەر وەزارەت پێویستە ڕێنمایی دەربکات، سەبارەت بەم ماددەیە وەزارەت ڕێنمایی دەردەکات، ئەمە تەحصیلێ حاصڵە، بەم شێوەیە دوا صیاغە ئەخوێنمەوە

ماددەی 31:

لە کاتێکدا ئەگەر قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی بە شێوەی هەمیشەیی داخرا، وەزارەت هەڵدەستێ بە گواستنەوەی قوتابیایەکان بۆ قوتابخانە و پەیمانگایەکی تری هاوشێوەی حکومی و ناحکومی، بێ ئەوەی ساڵی خوێندنیان لە کیس بچێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز امنە ذكري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 52:

حوكمەكانی ئەم یاسایە بەسەر هەموو دامەزراوەكانی فێركردنی ئەهلی و تایبەتدا پیادە ئەكرێ، و هەر حوكمێكی یاسایی یان لیستەندییەكان یان سیستەمەكان یان ڕێككەوتننامەكانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری پەیوەستدار بە كاروبارەكانی فێركردنی ئەهلی و تایبەت، گەر هاودژ بوو لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ڕەتدەكرێتەوە

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 52:

تطبق احكام هذا القانون على جميع مؤسسات التعليم الاهلية والخاصة، وكل احكام قانونية او لوائح او نظم اتفاقيات تعاون تربوية وثقافية تتعلق بشؤون التعليم الاهلي والخاص، اذا تعارضت مع احكام هذا القانون ترفض

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە ماددەكە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە

ماددەی 32:

حوكمەكانی ئەم یاسایە بەسەر گشت قوتابخانە و پەیمانگا نا حكومیەكان و ڕێكەوتننامەی دوو لایەنەی هاوكاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری پەیوەندیدار بە قوتابخانە تایبەتەكان پیادە ئەكرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە پشتگیری لێ ئەكەین، بەڵام وشەی لەوائیح و ئەوانە لەگەڵ سیستەمی ئێمە ناگونجێ، لادرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد-وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریێ دكەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

**کێ تیبینی هەیە؟ (کاوە محمد امین، خورشید احمد، ڕۆژان دزەیی، عظیمة نجم الدین)**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**دیارە ئەم بڕگەیە هیچ کێشەی تێدا نیە، بەلاّم نەقصێك هەیە لە هاوکاری کردنەکە، دوو لایەنەیە ئەو ڕێککەوتنامەی کە ئەکرێ لە نێوان دوو لایەن، هاوکاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بە ڕەئی من بکرێ باشە، فێرکاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری، فێرکاریەکەش چونکە بەشێکە لەگەڵ پەروەردەدا، نابێ جیا بکرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو مامۆستا کاوە**

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو، لە ماددەکانی تر قەت باسی پەروەردەی ڕۆشنبیری نەکراوە، لێرە ئەوەش زیاد کراوە، ئەو ڕۆشنبیریە زیادەیە، پەروەردەی فێرکاری بەسە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك خورشید.**

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ڕەئی من هەر بە کورتی (تطبق احکام هذا القانون علی جمیع مؤسسات التعلیم الاهلیة والخاصة، ولایعمل باي نص تعارض باحکام هذا القانون) پێویستی بەو تەفاصیلەی تر ناکات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

**فەرموو دکتۆرە ڕۆژان**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**من پێشنیاری ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەیە ئەکەم، لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەك پێناسەی ئەو جۆرە قوتابخانەمان کردووە کە ئەو یاسایە بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەو جۆرە قوتابخانە دادەنرێ، دواتر یاسای وەزارەتی پەروەردەمان هەیە، کە یەك لە ئەرکەکانی کە لەماددە دووە باس لە ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەکات، دانانی سیاسەتی پەروەردەیی گشتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، واتە هەر ڕێککەوتنێك بکرێ لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و هەر وەزارەتێك لە هەر ولاّتێکی تر بێ ئەوا ملکەچی ئەو**

چوار چێوە یاساییە ئەبێ لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویست بەو ماددەیە ناکات، سریانی قانونەکە لە ماددەکانی پێشوو ڕوون کراوەتەوە، بۆیە پێشنیاری ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەی ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

داواکاریەکەی شەخصیە، یەك دەنگیشە، بۆیە ناتوانین بیخەینە دەنگەوە، فەرموو ئامینە خان

**بەڕێز امنە ذکري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پاش ئەوەی ڕۆژان خان ڕەئیێ خۆ دەربڕی، ئەم وەکی لیژنا پەروەردێ دگەل ڕۆژان خانینە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕاستیدا لە پێشتر باسی ئەوەمان کردبوو، لە ڕاستیدا یاساکە بۆ جێ بەجێ بوونی بەسەر قوتابخانە و پەیمانگا ناحکومیەکانە، ئیتر بۆ کێی ترە، بۆیە لە ڕاستیدا ئەو پێنشیارەی دکتۆرە ڕۆژان پشتیوانی لێ ئەکەین، ئەوەی کە لێرەین، بۆ ئەوەی کە نەمێنێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

هەردوو لیژنە داوای ڕەت کردنەوەی ئەکەن، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرێنەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز امنە ذکري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 53:

مادەیەکی گواستنەوە ئەبەخشرێتە دامەزراوەکانی فێرکردنی ئەهلی و تایبەتی، لە ساڵێك زیاتر نەبێ لە بەرواری دەرچوونی ئەم یاسایە، بۆ ئەو دامەزراوانەی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دامەزراون، بۆ ئەوەی کاروباری بەڕێوەبەری و دارایی و هونەری خۆیان ڕێکبخەن، و ئەم یاسایە پیادە ناکرێت بەسەر ئەو دامەزراوانەی کە بە بێ وەرگرتنی ڕێگە پێدانی وەزارەت دامەزراون

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 53:

تمنح مدة انتقالية لمؤسسات التعليم الاهلي والخاص على ان لا تزيد من عام من تاريخ صدور هذا القانون، للمؤسسات قبل صدور هذا القانون، كي تقوم بتنظيم شؤونها الادارية والمالية والفنية، وهذا القانون لا يطبق على تلك المؤسسات التي تاسست من دون اذن الوزارة

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژریتەوە:

ماوەیەكی ڕاگواستە بە قوتابخانە و پەیمانگای ناحكومی مۆڵەتدراو دەدرێت بە مەرجێك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە تا كاری كارگێڕی و دارایی و تەكنیكی خۆیان ڕێكبخەن

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پشتگیری لە ماددەكە ئەكەین، بەلاّم تێبینیەكمان هەیە، ماوەكە یەكجار زۆرە، ساڵێك زیاترە لە ساڵی خوێندن، بۆیە پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەوەیە لە شەش مانگ زیاتر نەبی، ڕەچاوی ساڵی خوێندن بكرێ لە هەرێمی كوردستان

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد:وەزیری پەروەردە**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەز دگەل دانانا مودەكیمە، ئەگەر ساڵەك بی، یان كێمتر بی، بەس ئەڤە شمولی بینایەش دكاتەڤە، ئەگەر شمول بكات، خلاص نابتن ئەڤە، زۆر لە مەدرسێت مە كێشەت داراییێت هەی، ئەگەر شمولی بینایەت نەكات درستە، ئەگەرنا نابیتن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە نەصەكەی ئێمەدا بە وازیحی هاتووە دەڵێ كارگێڕی دارایی و دارایی و تەكنیكی، لە راستیدا مەسەلەی ساڵێك بۆ بینا ئێمە مەبەستمان ئەوە نەبووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکا؟ (عمر هەورامی، دکتـۆر سـەروەر، جـلال، سـیوەیل، گـوڵیزار قـادر، خورشید)، فەرموو کاك عومەر

**بەڕێز عمر صدیق(هەورامی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە باوەڕی من لەبەر ئەوەی ڕێکخستنی کاروباری قوتابخانە یان پەیمانگا ناحکومیەکان جیاوازە وەکو ئەوەی سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ ئاماژەی پێدا، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئێمە باس لە یاساکە ئەکەین پێویستە داڕشتنەوەی ئەم بڕگەیەش بە شێوەیەکی گشتی بێ، بۆیە پێویستە بوترێ (ماوەی ساڵێك دائەنرێ بۆ قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلیەکان تا خۆیان بگونجێنن لەگەڵ یاساکە) ئەوکاتـە ئـەوەی پەیوەندیـدارە بـە کاروباری دارایی یان مالی یان تـەکنیکی، ئـەتوانرێ بـە پێـی تـەعلیمات وەزارەت ئەمـە تەحدیـد بکـا، و پلـە بەندی بۆ بکا، ناکرێ ئێمە ناوەکانیان بهێنین، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ناویان بهێنرێ باشترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پشتگیری ئەو ماددەیە ئەکەم، ئەوەی کە کاك دکتۆر عومەر باسی کرد لێرە لە ڕووی کارگێڕی دارایـی و تەکنیکیـەوە، هـەروەها پشـتگیری ڕاکـەی دکتـۆرە ڕۆژان ئەکـەم کـە پـێم وایـە سـاڵێك زۆرە، ئەمـە بـۆ قوتابخانەیە، یاساکە کە هێشتان پەسند نەکراوە ئەوە مانگی یازدەیە، ناوەراستی مـانگی دوانـزەش لەوانەیـە تا ئەوکات پەسند نەکرێ، لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو نەکرێتەوە، ئەگەر وای دابنـێین بـۆ سـاڵی داهـاتووش، واتە سێ مانگ ئەڕوا یاساکە پەسند ناکرێ، بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم ئەوە بێ بە شـەش مـانگ تاکـە لـە ساڵی داهاتووی خوێندن بتوانن لە لایەنی کارگێڕی و دارایی و تەکنیکیەوە بتوانن خۆیـان بگـونجێنن، و لـە لایەنی مەسەلەی بیناسازیشەوە ئەوە ئەکرێ بە ڕێنمایی ڕێکبخرێ بۆ ئەوەی مـاوەی سـاڵێکیان بـۆ دابنـرێ، یان هەر ماوەیەکی تر، بەلاّم گرنك ئەوەیە لە ساڵی داهاتووی خوێندندا جێ بەجێ بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك جەلال

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من قسەکەم لەسەر مەسەلەی تەرجومەکەیە ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن، ماوەیەکی ڕاگواستە مەفهوم نیە لە ناو خەڵك، من پێم باشە بڵێین بوار دەدرێ بە پەیمانگا ناحکومیەکان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش هاوڕام لەگەڵ دكتۆر سەروەر وپشتگیری دكتۆرە ڕۆژان ئەكەم كە ماوەكەی كەم بكرێتەوە، بكرێتە شەش مانگ، لە كۆتایەكەش ئەو صیاغە لابرێ كە هاتووە (دارایی و فەنی ) لە ماددەكە (وهذا القانون لا یطبق علی تلك المؤسسات التي تاسست من دون اذن الوزارة) ئەوە حەقە لادرێ، لەبەر ئەوەی هیچ موئەسەسەك بێ ئیزنی وەزارەت دانامەزرێ، واتە ئەوە زیادە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵێزار خان.

**بەڕێز گوڵێزار اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای لیژنەی یاسایی ئەكەم كە ماوەكە شەش مانگ بێ لە جیاتی ساڵێك، چونكە ساڵێك زۆرە بۆ ئەوەی كە خۆیان ڕێكبخەن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك خورشید

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە رستیدا صیاغەكە دیار نیە، صیاغەیەكم ئامادە كردووە (تلتزم جمیع المؤسسات التعلمیة غیر الحكومیة بتنظیم شؤونها المالیة والاداریة والفنیة، بما ینسجم واحكام هذا القانون وخلال سنة من تاریخ صدور هذا القانون)، یەعنی ئەم صیاغە زۆر مەعقولە، ئەویتر وازیح نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

باشە جەنابی وەزیر باسی بینایەی كرد، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە، خۆ هیچ هەیئەتێكی تەعلیمی خانوو دروست ناكا جارێ هەتا موافەقە وەرنەگرێ، كە وەریگرت خانووی نیە، ئەوە چۆن عیلاج ئەكرێ؟ فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەو ماددەیە باس لەو قوتابخانە ئەکا کە پـێش دەرکردنـی ئـەو یاسایە دامـەزراون و بوونیـان هەیـە، بـەڵام کێشەی بینایە ئەوە کێشەیەکە نە بە ساڵێك و نـە بـە شـەش مـانگ و نـە دەتـوانین مـودە دابنـێین کـە ئـەو بینایە بە چەند تەواو ئـەبێ، بۆیـە نـابێ بـە هـیچ شـێوەیەك، و ئەگـەر لیژنـەی پـەروەردە پێیـان بـاش بـێ شئونەکە دیاری نەکرێ کاروبارەکە چ شێوازێکە، هەر خۆی بگونجێنێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دیـاری نەکەی، تـا کێشـەی ئـەو بینایـەش چارە نـەکرێ، چـونکە نـاکرێ دیـاری بکـرێ بەچـەند بینایەکـە دروسـت ئەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی پەروەردە

**بەڕێز د.عمر حمد امین(نورەدینی)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە دووبارە دایبڕێژینەوە، بـەو شـێوەیەی کـە پێشـنیار کـرا، بـە تایبـەتی پێشـنیارەکەی بەڕێز کـاك عومـەر هـەورامی کـە وتـی بـە شـێوەیەکی گشـتی بـێ، ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوەین، پاشـان وەزارەت ڕێنمایی دەرکا کە مەسەلەی بینا ئیستیسنائە، بەڵام بەراستی مەسەلەی ماوەکە ئێمە پێمان وایە ساڵێك بێ، بەڕێزان لە لیژنە بینیان کە زۆر دیراسەمان کرد ئەم خاڵە، وتمان مەسەلەن پشووشی تێدەکەوێ، یـان کـاتی جێ بەجێ کردنی قانونەکە بە شێوەیەك بێ، بە هەرحاڵ کاتێك بێ کە ئەوان دوایی پاساوی ئەوەیان نـەبێ کە خۆمان ڕێکبخەین و کارەکانمان ئیعادە نەزەر بکەین، بۆیە بەم شێوەیە دایدەڕێژینەوە:

ماوەیەك بە پەیمانگاو قوتابخانەی نـاحکومی مۆڵـەت دراو ئـەدرێ بـە مـەرجێك لـە سـاڵێك زیـاتر نـەبێ لـە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە، تا خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەوە بگونجێنن

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاستە ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ئەوەمان وتووە، بەس من پرسـیارێك ئەکـەم ، ئایـا گۆڕانکـاری یاسـایەك بگونجێندرێ لەناوەراستی دەوامدا ئەبێ؟ هەتا نیوەی دەوام خۆی نەگونجاندبێ و لە ناوەراسـتی دەوام خـۆی بگونجێنێ، چونکە دەکەوێتە نیوەی ساڵەوە، بۆیە ئەڵێین کاتەکە وا دابنرێ، هەشت مانگە، دە مانگە، چـەند دادنرێ، ئەم ساڵ جێ بـەجێ نـاکرێ، بـەس بـۆ سـاڵی داهـاتوو جـێ بـەجێ بکـرێ، ئەوەیـە کـە ئـەڵێین کـەم بکرێتەوە، نەك هەر ساڵێك بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئامینە خان

**بەڕێز امنە ذكري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

مەبەست دانانێ ئەڤەیە کە ساڵیا دەست پێ کری، خاندنیا بەردەوامە، ئەو نەشێن ماوەی شەش هەیڤا دا خۆ بگونجینن، ژبەر هەندێ یەك ساڵمان دانایە کو بشێتن بۆ ساڵا ئاینده هەمی وەرگرتنا تەڵەبە ب قانونێت بی، ماوەی شەش هەیڤێدا وەختەکی زۆر کێمە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدلارحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕووی یاساییەوە ئەمە نابێ بە ساڵێك، تکا ئەکەم ئەمە مانگی دوانزە بڵاو بکرێتەوە، مانگی دوانزە تا مانگی دوانزەی ساڵی داهاتوو ئەبێت بە ساڵێك، لە ڕووی یاساییەوە، ئەوکات ناوڕاستی دەوامە، بەس صیغەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو پەسند بکرێ، بڵێ ساڵێکی دیراسی مەسەلەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو كاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم باشە ساڵی خوێندنی داهاتوو دابنرێ، ساڵی خوێندنی 2014/2013

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عمر هەورامی

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ چەند یاسایەکی تریش ئێمە لەم خولەدا هەمان بڕگەمان هێناوە، یان صیاغەمان کردووە، تەقریبەن نزیك لەوە، کە ئەوترێ لە ساڵێك تێپەڕ نەبێ، مەبەست لەوە نیە تا هەمان ساڵی داهاتوو بێ، مەبەست لەوەیە تێنەپەڕێ لەو کاتە، خۆ وەزارەت حەتمەن لەگەڵ جیهەتی پەیوەندیدار ئەبێ ڕۆژانە موتابەعە بکا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ بڵێین (للسنه الدراسیه) یەعنی ساڵی خوێندن، نەك بڵێین یەك ساڵ

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەم هەبوو، بڵێین (ساڵی دیراسی داهاتووی پاش دەرچوونی یاساکە، ئەوکات شتەکان حەل ئەبێ، چونکە نازانین ئەو یاسایە لە چ مانگێکە؟ بۆیە بڵێین لە سەنەی دیراسی پاش دەرچوونی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ چارەکردنی ئەم کێشە من پێشنیار ئەکەم بەم شێوەیە بێ:

(على مؤسسات التربية والتعليم الغير الحكومية، تنظيم شؤونها الادارية والمالية والتقنية خلال فترة مابين صدور هذا القانون السنة الدراسية 2013/2014)

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەڵێین سەرەتای دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی نوێی خودێندن، یان ماوەی ساڵێك دوای پەسند کردنی ئەو یاسایە، هەمان بابەتە، کە ماوەی ساڵێکت دانا ڕۆژەکە و ماوەکەت دیاری نەکردیە، واتە لە ماوەی یەك ساڵ، یەعنی ئەگەر بیدایەتی ساڵی خوێندن خۆی نەگونجێنێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەست پێ ناکا دوای نیوەی ساڵ خۆی بگونجێنێ، بۆیە ماوەی ساڵێك یان لە سەرەتای دەست پێکردنی ساڵی خوێندن هەمان شتە و ماوەی ساڵەکە دوای ڕوون کردنەوەی لیژنەی پەروەردە ساڵێك ئەتوانن قوتابخانەکان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەمان مانا ئەدات و هیچ کێشە دروست ناکا لە ڕووی یاساییەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئاشتی خان

**بەڕێز ئاشتی عەزیز**

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 85

**ساڵی/ 2012 – بەرگی هەشتاو پێنج**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2013**

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/11/19 ل 43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/20 ل 105

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/11/21 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –دوو شەممە 2012/11/26 ل 167

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/27 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/3 ل 213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/4 ل 271

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/10 ل 287

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (18) ی ئاسایی لە ڕۆژی 2012/11/13 مۆڵەت پێ دراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، هەموو ئەو بەڕێزانە بە مۆڵەت بوون.

1- برهان رشید
2- ژیان عمر
3- حمدیە معروف
4- ڕێباز فتاح
5- سەرگوڵ رضا
6- سۆزان شهاب
7- صباح محمد نجیب
8- صبیحە احمد
9- بەفرین حسین
10- پەیمان عزالدین
11- لیلی امیر عاض
12- هاژە سلیمان
13- ڤیان عبدالرحیم
14- حەمە سعید حەمە علی
15- شەونم محمد غریب
16- سالار محمود
17- عدنان عثمان
18- یاوز خورشید
19- یشار نجم الدین

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر بەنامەی کار، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ڕێکخستنی قوتابخانە ئەهلیەکان و تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنە تایبەتەکان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەکەین فەرموون وەرنە سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین، بەخێربێت، فەرموون بۆماددەی تازە لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 54

پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانەی تایبەت، هەموو ساڵێك ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی قوتابخانەکەی لەکۆتایی ساڵی خوێندندا پێشکەش بە وەزارەت بکات.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 54: على مدير المدرسة الخاصة ان يقدم نهاية كل عام التقرير السنوى حول المدرسة في نهاية العام الدراسى الى الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان وایە کە بەم شێوەیە ئەم ماددەیە دابڕێژرێتەوە، (دەبێ بەڕێوەبەری قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی کۆتایی هەموو ساڵێك ڕاپۆرتێکی ساڵانە لە بارەی قوتابخانە یان پەیمانگاکەیەوە پێشکەش بە وەزارەت بکات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەماددەکە دەکەین، بەگوێرەی داڕشتنەوەکەی لیژنەی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کاردۆ محمد، سیوەیل، شڤان احمد، عبدالسلام، نەژاد عزیز، عمر هەورامی، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو ماددەیە هیچ پێویست نیە، چونکە ئەوە کاری کارگێڕیەو تەعلیمات هەیە و قانون هەیە، پابەند دەبێ پێی، ئەگەر پابەند نەبێ سەرپێچی بکات، هەم لە یاساکە سزا دانراوە، خۆ ئۆرگانی حیزبی و ڕێکخراو نیە هەموو ساڵێك ڕاپۆرتێك بنووسێ وەزعەکەی چۆنە بۆ وەزارەت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەك هەر ئەو ماددەیە، ئەو ماددانە تاوەكو ماددەی 59 هەموویان پێموایە زیادە، لە تەعلیماتی وەزارەتی پەروەردە هاتووە، لەماددەكانی پێشووتر هەمووی باس كراوە، لەو ماددەیە باسی مودیری مەكتەب دەكات، بەڕێوەبەری فوتابخانە ئیلتیزام دەكات بەو تەعلیماتەی كە لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، سالآنە ڕاپۆرت دەنووسێت، ئیمتیحاناتە، ئیشرافە هەمووی پابەندی وەزارەت دەبێ، من لەبەر ئەوەی چیتر هەڵنەستمەوە و لەماددەكانی تر باس نەكەم، ماددەی (54، 55، 56، 57، 58، 59) هەمووی لەماددەكانی پێشوو تر هاتووە، هەتاوەكو ماددەی 60 پێموایە هەموو زیادە، پێویست ناكات لەماددەكانی پێشووتر هاتووە، پێموایە لابردنی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شفان فەرموو.

**بەڕێز شفان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە دەبینم ماددەیەكی زیادە، ماددەیەكی عەكسیە تەمامەن لەگەڵ جوهەدی فیتاعی خاس، تەشجیعی ئیستیسمار لە بواری تەربیەو تەعلیمدا، ئەم پەیمانگایە سەربە وەزارەت نیە هەتاوەكو مولزەم بێت هەموو ساڵێك تەقریری خۆی تەقدیم بە وەزارەت بكات، بە عەكسەوە دەبێ هەمووساڵێك وەزارەت خۆی تەقدیمی ئەو مەعاهدانە بكات، بۆیە من دەبینم هەر لازمیش نیە ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەهەمان ئیتیجاه ئێمە سەر بەو وەزارەتە نین، تاوەكو مولزەم بین تەقریر بۆ ئەو وەزارەتە بنێرین، تەسەور دەكەم بەشێوەیەكی نادروست تەماشاكردنی موئەسەساتی كەرتی تایبەتە، دەبێ بە عەكسەوە بێ، حكومەت بەپێی ئەو عەقدەی كە كردوویەتی لەگەڵ فوتابخانەكان، مولزەمە دڵنیابێت لە پابەند بوون، لێرە هەر ئەو مولاحەزەیە تكرار دەكەین، پێشنیارێك هەیە لە لایەن لیژنەی پەروەردە، ماددەكانی لە 43 تاوەكو 51 من تەسەوڕ دەكەم عەرزیشیان كرد، ئەگەر موسرِبن لەسەر پێشنیارەكەیان، پێشنیار دەكەم ئەم ماددانە ئەوەی كەهەموار كردنەكەی لیژنەی پەروەردە ئەگرێتەوە، ئەو پێشنیارە بخەینە دەنگدانەوە، ئەو ماددەی ئەوانە بەدیل بووە، ئەو ماددە دابنێن موناقەشە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی منیش هەر پشتگیری كردن بوو، پێویست بەو ماددەیە ناكات، چونكە لەماددەكانی پێشوو ئەوەی پەیوەندیدارە بە موتابەعە كردن بۆ كاروباری ئەم قوتابخانە ناحكومیانە، جێگیر كراوە، وەكو هاوكاریشم پێشووتر وتی، پێویست دەكات وەزارەت خۆی هەڵسێ بەو كارانە، چونكە ناكرێ تۆ تەفقیمی كارێك بكەی كە خۆت بیكەی، پێویست دەكات وەزارەتەكە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەوكارە هەڵسێ، بۆ ئەوەی كە تەفقیمی ئەو مەدارسانە بكات، چ پێویست بێ لە داهاتوو بیكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو خوشك و برایانەی كە هەڵسانەوە داوای ڕەت كردنەوەی ماددەكە دەكەن، ئێوە هیچ تێبینیتان هەیە لیژنەی پەروەردە، لیژنەی یاسایی؟، تەوزیحێك بدەن یان شتێك، ئەگەرنا دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ڕەت كردنەوەكەی، جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە، ئێستا كێ دەیەوێ ئەم ماددەیە ڕەت بكرێتەوە، تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بە زۆرینەی دەنگ ڕەت كرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 55:قوتابخانە تایبەتەكان دەكەونە ژێر پشكنینی هونەری و بەڕێوەبردنی وەزارت، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەكان سەرپەرشتی تەندروستی و چارەسەر كردنی ئەو قوتابخانانە دەكات.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 55 :تخضع المدارس الخاصة للتفتيش الفني والاداري للوزارة وتشرف مديرية الصحة المدرسية صحياً وعلاجياً على هذه المدارس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموون.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وابوو ماددەکە بەم شێوەیە خوارەوە دابڕێژرێتەوە، ( قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی ملکەچی پشکنینی تەکنیکی و کارگێڕی وەزارەت دەبێت، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەکانیش لە ڕووی تەندروستی و چارەسەرەوە سەرپەرشتی ئەو قوتابخانەو ئەو پەیمانگایانە دەکات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێت دەبێ ملکەچ بن بۆ ئیشراف، ئەگەر زانستی بێ زۆربەی مەکتەبەکان مەسەلەن، دکتۆرایان هەیە، یان ماجستێریان هەیە، یان مامۆستای بە تەمەن 20 ساڵ خزمەتی هەیە، یەکێك لەوی تەمەنی گچکەتر، خزمەتیشی کەمترە دەچێ تەفتیشی دەکات، ئەوە لێرە مەحاڵە، ئەگەر باسی سەحە دەکات، هەتاوەکو مەکتەبەکانی خۆمان حکومی، تاوەکو ئێستا لیژنەیەکی سەحی بە تەواوەتی ناچێ سەردانی ناکات و تەفتیشی ناکات، ئێستا ئەو کۆمەڵگە کۆریانە کە دروست کراون، زۆری هەیە، هەموو ئەجهیزەی هەیە، جیهازی زەغت و سوکەری و دەرماناتی هەیە، جارو بار موەزەفەکی دەنێرن تەماشا دەکات، ئەوە ئەسپێی لەسەرە، ئەوە نازانم چی هەیە، هیچ عیلاج و شتی وای نیە، یەعنی پێویستە زیاتر ئیهتیمامی پێ بدرێت، ئەگەر باسی ئەجهیزەی تەکنیکی و موختەبەرات و ئەو شتانە دەکەین، ئێستا هەر کۆمەڵگایەك بچی پێنج موختەبەری هەیە، کیمیا، فیزیا، احیا، موختەبەری سەوتی ئینگلیزی، لەگەڵ مەرسەمەکان و ئالاتی مۆسیقا، دەبێ ئەوانە هەمووی ئیختیساسی بێ بچن، ئەگەر بۆ نموونە باسی کیمیا بکەین، مەواد هەیە، مەوادی یۆرانیۆم، نەوەوی، مەفاعلی نەوەوی لێ دروست دەکرێت، زیئبەق کە باشترین ماددەیە بۆ تیجارەت دەتوانێ بچێت بیفرۆشێت، نەوەك هەروا بە سادەیی بچینە ناوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، لێرە هەرچەندە ڕاپۆرتی لیژنەی خۆمان لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، وشەی قوتابخانەی تایبەت ملکەچی پشکنینی تەکنیکی، پێم باشە ئەو وشەی ملکەچ، بگۆڕێت بە پابەند بوون بە ڕێنمایی دەربارەی پشکنینی تەکنیکی و کارگێڕی، نازانم ئەو وشەیەم پێ باشترە، ئەگەر قبوڵی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم پشکنینە بۆخۆی ئێمە ماددەیەکی ترمان پەسەند کردووە پێشتر، دەڵێین عەمەلیەی سەرپەرشتی کردنی ئەو قوتابخانەو پەیمانگایانە بەنیزامێك دەردەچێت، بۆیە لەوێدا ئەم تەفاسیلە هەیە کە چۆن سەرپەرشتی دەکرێن، بەڵام لێرە پشکنینەکە زیاتر مەسەلەی تەکنیکی و کارگێڕیە، ئەوەی ئیختیساسی بێ، هەم لە نیزامەکەدا جێگیر دەکرێت، هەم پاشانیش وەزارەت ڕێنمای دەربارەی دەردەکات، بۆیە ئێمە لەوەدا هیچ ئیشکالێك نابینین، کە مەسەلەن نەچوینە ناو تەفاسیلەوە، چونکە نیزامێکی خاس بۆ مەسەلەی ئیشراف و پشکنین دەردەچێت، ئەوەی تریش زیاتر مەبەستمان پێیە بەڕاستی، لایەنی سەحیە، بۆیە لەگەڵ ئەوەین کە ماددەکە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان بزانین.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی پابەند دەبێ بە پشکنینی تەکنیکی و کارگێڕی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی قوتابخانەکانیش لە ڕووی تەندروستی چارەسەرەوە سەرپەرشتی ئەو قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومیانە دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو داڕشتنەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، تەنیا دوو کەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرمووون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 56:

نابێـت هـیچ فەرمانبـەرێك لـە قوتابخانـە تایبەتـەكان دابمـەزرێت، تـەنها دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدێكی نووسـراوی وزارەت نـەبێت، ئـەم ڕەزامەندیـەش نادرێـت تـاوەكو لێكۆڵێنـەوە لەسـەر مەرجـەكانی دانـراو دەكرێت، بەپێی ماددەكانی ئەم یاسایەو ڕێزبەندیەكان و بڕیارە جێبەجێ كارەكان بۆی.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 56: لایجوز تعین اي موظف في المدارس الخاصة الا بعد استحصال الموافقة التحریریة من الوزارة ولا تعطى هذه الموافقة الا بعد التحقیق من توفر الشروط المحددة وفق مواد هذا القانون واللوائح والقرارات المطبقة بحقه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە، چونكە لەماددەكانی پێشوو چارەسەر كراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ڕەت كردنەوەی ئەو ماددەیەین، لەبەر ئەوەی لەماددەی 12 و 13ی ئەو یاسایە دەنگمان بـۆ داوە، ئەو كێشەی مونتەسبین چارەسەر كراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەئید دەكەم ئیلغا بكرێتەوە، چونكە بە ئەسڵیشەوە ئیشی وەزارەت نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەئی هەردوو لیژنە و جەنابی وەزیر ئەوەیە كە ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە، كێ لەگەڵ ئەوە دایە كە ئـەو ماددەیـە ئیلغـا بكرێتـەوە؟، كـێ لەگەڵدانیـە تكایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟، بـەكۆی دەنـگ ئیلغـا كرایـەوە فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 57:

پێویستە یەکسەر وەزارەت ئاگادار بکرێتەوە لەکاتی لادان یان دەست لەکار کێشانەوەی فەرمانبەر.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 57: في حالة فصل او استقالة موظف يجب اخبار الوزارة فوراً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموون.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، چونکە ئەویش لە ماددەکانی تر چارەسەر کراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك ڕاپۆرتەکانمان ئامادەکرد پشتگیریمان لەو ماددەیە نە کرد، لەبەر ئەوەی لەماددەکانی پێشوو تر ئەو بابەتە باس کراوە دیسان، پێویست بەو ماددەیە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەڵ هەندێمە بەس مودیرێ مەدرەسێ وەختێ بەدل کرن، ئیعلانا وەزارەتێ بکەن، نە موەزەف، بەس مودیرێ مەدرەسێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە ئێوە ڕەئیتان چیە؟.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یەکێك لەماددەکانی پێشوو تردا دەڵێین لەهەر گۆڕانکاریەك کە لە قوتابخانەو پەیمانگادا دەبێ، پێویستە وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە، گۆڕینی بەڕێوەبەریش یەکێکە لەو گۆڕانکاریانەی کە کرا، پێویستە وەزارەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو لیژنە دەیانەوێ ئەو ماددەیە لەغو بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە لەغو بکرێتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە کۆی دەنگ لەغو کرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 58:

لەکاتی نەهاتنی بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ماوەی زیاتر لە 7 ڕۆژ پێویستە بەڕێوەبردنی قوتابخانە بخرێتە ئەستۆی فەرمانبەرێکی تر، لەگەڵ یەکسەر ئاگادار کردنەوەی وەزارەت بەم کارە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 58:

عند تغيب مدير المدرسة لمدة اكثر من سبعة ايام يجب ان توكل ادارة المدرسة الى موظف اخر مع اعلام الوزارة مباشرةً بهذا الامر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو ماددەیەش ئیلغا بکرێتەوە، دیسان لەبەر ئەوەی هەم لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەم لە ماددەکانی تر چارەسەر کراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەیەین، لەبەر ئەوەی بە پەیڕەو چارەسەر دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی دەگەڵ ئیلغایێ ئەو ماددێ مە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیر لەگەڵ ئیلغا کردنەوەن، کێ لەگەڵدایە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە کۆی دەنگ ئیلغا کرایەوە فەرموون بۆماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 59:

نابێ قوتابخانەی تایبەت کۆمەك یان بەخشین لە کەسانی سروشتی یان ئیعتبارین لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات وەربگرێ تەنها دوای وەرگرتنی نووسراوێکی ڕەزامەندی وەزارەت.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 59: لایحق للمدرسة الخاصة ان تستلم منح وعطایا من اشخاص طبیعین او اعتیادین داخل أو خارج الوطن الا بعد استحصال کتاب موافقة الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئیلغا کردنەوەی ئەو ماددەیەین، چونکە لەماددەی 28 لە فەقەرەی (3) دا دەڵێین ئەوکۆمەکانەی قوتابخانە و پەیمانگای ناحکومی لە لایەنی دیکە وەدەستی دەکەوێت، لە پاش ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار ئەمە دەبێتە یەکێك لە سەرچاوەکانی داهات، لەوێ عیلاج کراوە، پێویست ناکات لێرە ئەو ماددەیە بمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتەکەمان پشتگیریمان لێی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەبەروعاتەکان لە دەرەوەی کوردستان بوو، پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانە، وابزانم ئەو برگەیە لە ماددەی 28 باس نەکراوە، بەڵام ئەگەر باس کرابێ و دەنگی بۆ درابێ، پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز نەیێ موتەئەکیدم ئاخافتناوی گۆتی، چونکی شموڵێ وێ دکەت، چونکە ب ڕاستی مە کێشەك هەی ل قوتابخانێت ئەهلی، ب ناڤێ سپلیت و تشتێت پارە ژ قوتابیان دێتە وەرگرتن، ب ناڤێ تەبەروعات، ئەگەر ئەو لیژنا دی ترێ یەعنی ئەو برگادی، تەغتیە بکەت دروستە، ئەگەرنا زەروریە بمینێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە لە فەقەرە 3 لە ماددەی 28 دا بە وازحی هاتووە، کۆمەك و مینحەو یارمەتی قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی دەبێ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بێ، تەوزیحیشمان دا لە لایەنی پەیوەندیدار مەبەستمان مەجلسی وزەرایە، کاتێك کە ئەو کۆمەکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێ، بۆیە لەو ماددەیەدا ئەو مەوزوعە عیلاج کراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دوو شتی جیا هەیە، مینەح و عەتایە هەیە، جەمع تەبەروعات لە قوتابیەکان هەیە، دەبێت ئەوە لێك جیا بکەینەوە، مینەح و عەتایە دەبێ بە موافەقەتی وەزارەت بێت، جەمع تەبەروعاتیش دەرگایەکە دەبێ چارەی بۆ بدۆزینەوە، چونکە هەموو ڕۆژ دەڵێن ئەوەندە پارە بێنن بۆ سپلیت و ئەوەندە پارە بینن بۆ فلان شت، دەبێ ئەو دوو حالەتە هەردوکی عیلاجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرە خان.

**بەڕێز سەمیرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی کاك خورشیدم هەیە، پشتیگری دەکەم، دەبێ لێك جیا بکرێتەوە، زۆربەی جار بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە دایك و باوکان یارمەتی وەردەگرن، سەرەڕای پارەکانی کەوەردەگرن، داوای سپلیتێك دەکەن، داوای سۆبەیەك دەکەن، یان ڤیستیڤاڵەك دەکەنەوە کۆمەڵێك پارەیان لێ دەستێنن، منیش پشتگیری قسەکانی کاك خورشید دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەردوو هاوکارم دەکەم، من نموونەیەك ئەهێنمەوە، ناوی قوتابخانەکە ناهێنم، پارە کۆ کرابۆوە بۆ پاك کردنەوەی ژوورەکانی قوتابخانەکە، جگە لەوە لە هەندێك شوێن پارە کۆ ئەکرێتەوە بۆ قوربانی، بەڕاستی ئەوە بە داوای لێبوردنەوە ناکرێ ئەو تەڵەبەیە کە ئەچێتە ئەوێ، بۆ خۆی سەرەتای ساڵ پارەیەك ئەدات بۆ خوێندنەکەیە، دەبێ لە یاساکە دەقێك هەبێ کە ڕێگری لەوە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە، ئیعادە سیاغەی ئەم ماددەیە، بۆ ئیعادەی سیاغە کردنی ئەم ماددەیە تەقریبەن ئەوانەی کە قسەیان کرد دژی ئەو ماددەیە بوین، مینەح و عەتایە بە موافەقەتی وەزارەت بێت، بەلاَم هەمووما داوا دەکەین ڕێگا بگیرێت لەوەی باری قوتابیان گران تر بکرێ، بۆیە من ئیقتراح ئەکەم بە عەرەبی (يجب الحصول على موافقة الوزارة في حالة قيام المدرسة بتحميل الطلبة اية اعباء مالية خارج احكام هذا القانون) بە کوردی یەعنی لە حاڵەتی زیاد کردنی باری قوتابیەکان لە ڕووی داراییەوە، پێویستە مەدرەسە ئەوە وەربگرێت لە وەزارەت، ئەوکاتە تەماشا ئەکرێت و ڕەنگە قبوڵیش نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەمەوزوع ئەوە بەس بارێ وی گران کەت، فەرق و جودایی پەیدا دەکات مابەینا قوتابیادا، کابرایەك دەوڵەمەندە دێچیت ل سەفێ سپلیتا دانێتێ، ئەز باوەرناکەم فەرق و جیاوازی ئیدارە دگەل نەکات، ڤێ چەندێ مەفروزە ئەڤ ڕێگە بێتە گرتن، ئیدارێ مەدرەسێ بۆچی سپلیت ژ قوتابی وەردگریت، یان ژی دبێژیتێ پارە بینە بۆ تەنزیف یان بۆ تشتەکی دی، عیبارەکا گەلەك وازح، لازمە نەمینیتن، مە کێشەیا هەی، هەمی ئەندامێ پەرلەمانی شکایەتا کری، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ماددەی 28 ئەوە ناگرێتەوە، کە برادەران باسی ئەکەن، ئەوەناگرێتەوە، بۆیە من تەئکید لە وتەکانی بەڕێز وەزیر و برادەران ئەکەم، ئەم ماددەیە بگۆڕێت، باس لەوە بکرێت کە ئێستا لە مەکتەبەکان

ئەوانەی کە منالّیان هەیە، ئەوانەی کەموتابەعە دەکەن باشتر ئەزانن، بەڕاستی چەند مانگ جارێك پارەی زیادەیان لێ ئەسەندرێت، بۆیە پێویستە باسی کۆکردنەوەی تەبەروعات لە قوتابی و وەلی ئەمری قوتابی بکرێ دوای موافەقەی وەزارەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئێمە هەر مەنح قەدەغە بکەین، (یمنع جمع التبروعات في المدارس غیر الحکومیة من الطلاب وبأي ذریعة کانت).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو بابەتە لۆخۆی کاك خورشید دەڵێت (یمنع منعاً باتاً) هەر تەبەروعاتەك هەر شتەك وەربگری لەتەڵەبە یان داوا بکەی، نابێ ئیدارەی مەکتەب داوا بکات، بەلاّم جاری وا هەیە بەخێوکەری قوتابیەك سپلیتێك دەکڕێت بۆ مەکتەبی، یان هەر شتێك بکڕێت، لێرە سجلەك هەیە، پێی دەڵێن سجلی ئەساس، سجلی ئەساس مودیری مەکتەب دوو بەشی هەیە هەردووك سادری هەیە، لەهەردوو بەشەکە داخلی دەکات، کەداخلی کرد دەبێتە موڵکی قوتابخانە، دوایی دەیداتە تەجهیزات، لەوێ مەخزەن هەیە، لە تەجهیزات ئیعلانی دەکات بەپێی ئەو ڕەقەمەو ئەو ژمارەیە و ئەو بەرواره مۆرەکی بۆ لێدەدات، دەبێتە موڵکی مەکتەب، ئەوە ئیعتیادیە وەری بگرێت، چونکە بەخێوکەرەکە بۆخۆی بە ئارەزووی خۆیەتی دەیدات، بەلاّم قوربانی دەکرێت و مەولود دەکرێت، نازانم حەفلە دەکرێت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێ یەك دینار لەتەڵەبەی وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە دوا سیاغەتان.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ماددەی 59 ڕێك لەگەڵ فەقەرە 3ی ماددەی 28 تەواو کۆکە، چونکە لە هەردوو لا جەخت دەکرێتەوە، کۆمەك و بەخشین نابێ وەربگیرێت بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار، بەلاّم ئەو پرسەی ئێستا ورووژێنراوە کە پارە لە قوتابیان وەرنەگیرێت، ئەوە فکرەیەکی تازەیە، ئێمەش تەئیدی دەکەین، سیاغەیەکمان بۆ کردووە، ئەوە دەخەینە پێش چاوی جەنابتان، بۆ دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە دامان ڕشتەوە ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کرا لە لایەن پەرلەمانتاران.

المادة 59: لایجوز الزام الطالب في المدارس والمعاهد غیر الحکومیة بای اعباء مالیة او تبروعات عدا اجور الدراسة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داکۆکی لەوە ئەکەین کە پێویست ناکات و نابێت کۆمەك و یارمەتی لە قوتابیان کۆ بکرێتەوە، بە باوەڕی من پێویست دەکات ئێمە تەقیدی بکەین، ئیلا بەبێ موافەقەتی وەزارەتی پەروەردە، لەبەر چی؟، لەبەر ئەوەی هەندێکجار ئەبینی کۆمەك کۆ دەکرێتەوە لە ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان، بۆ هەموو حاڵەتێکی دیاریکراو، ئەو قوتابیانەی کە لەو قوتابخانەو پەیمانگایانە ئەخوێنن، ئەگەر نەسەکە ئەوها بە سەراحەت بخوێندریت، مەرجی تیا دانەندرێت، مەحرومیان ئەکەین لە مافێك کە ئیمکانە بە حەزی خۆیان بیانەوێ کۆمەك بدەن، یان هاوکاری بکەن بۆ بابەتێکی دیاریکرا، بۆیە پێشنیار دەکەم پێویست دەکات نەسەکە بەو شێوەیە بێت، نابێت کۆمەك و یارمەتی لە قوتابی قوتابخانەو پەیمانگاکان کۆبکرێتەوە ئیلا بە موافەقەتی وەزارەتی پەروەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، بۆ نموونە بڵێین جار جارە کۆمەك کۆ دەکرێتەوە بۆ مەسەلەیەکی وەکو ئاوارەی کوردەکانی ڕۆژئاوا، بۆ ئێمە ئەوە بخەینە ئەستۆی مەکتەبەکان و قوتابخانەکان، با کەس و کارەکەی بیکەن، فەرموو عظیمە خان.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك خورشید دەکەم، لەگەڵ ئەوەم کە بەهیچ شێوەیە هیچ کۆمەك و یارمەتیەك بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان نەبێت و ڕێگەی پێ نەدرێت، لەبەر ئەوە ئیستیغلال ئەکرێت، ئەوەی کە ئێمە بینیومانە، تەجروبەمان هەیە لەگەڵ حاڵەتەکە، کۆنترۆل ناکرێت، بۆیە پێویستە ئەو قسەیەی کاك خورشید....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة 59:**

**لايجوز الـزام الطالـب او ذويهـم في المـدارس والمعاهـد غـير الحكوميـة بـاى اعبـاء ماليـة او تبروعـات عـدا اجـور الدراسة.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵدايە تكايە دەستی بـەرز بكاتـەوە؟، كـێ لەگەڵدانيـە تكايـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟، بـەكۆی دەنـگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.**

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 60:**

**ئەو قوتابخانە تايبەتانەی ئێستا لە ئارادان لەكاتی كاركردن بەم ياسايە ڕێگە پێدراون لـە لايـەن وەزارەتـەوە بە بەردەوام بوون لە كارەكانيان، پێويستە كاروباری خۆيان ڕێـك خـەن دەربـارەی ڕێگا پێـدان و وەرگرتنـی پێويست بەگوێرەی ئەو ياسايە، پێش كۆتايی ساڵی خوێندنێكی تـر بۆ سەرەتای بەرواری كارپێكردن.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە عەرەبيەكەی فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (60): المدارس الخاصة الموجودة حالياً، عند العمل وفق هذا القانون، تكون مجازة من قبل الوزارة للاستمرار في اعمالهم، ويجب عليها ان تنظم شؤونها حول استحصال الموافقة الضرورية وفق هذا القانون، قبل نهاية عام دراسي اخر منذ بداية تأريخ نفاذه.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ليژنەی پەروەردە فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە دوێنێ ئەو ماددەيەمان پەسەند كرد، بۆيە لەگەڵ ئەوەين كە ئيلغاء بكرێتەوە ئەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ليژنەی ياسايی فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەیەین، لەبەرئەوەی دوێنێ دەنگمان لە بۆ دا بە ماددەیەکی سەربەخۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، دوێنێ هاتە پەسەند کرن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیر لەگەڵ ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەیەن، کێ لەگەڵ دایە ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ڕەت کرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ماددەیەکی زیادەمان پێشنیار کردووە، ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون دەقی ماددەکە بخوێنمەوە و، پاشان گفتوگۆی لەسەر بکرێت بۆ دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵادا ماددەی (36)ـە ئەگەر قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی قازانجی نەویست بوو، لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە هاوکاری و ئاسانکاری پێویستی بۆ بکەن و لەم بارەوە وەزارەت دەبێت ڕێنمایی تایبەت دەربکات، چونکە دەمەوێت ئەوە بڵێم قوتابخانەو پەیمانگای ناحکومی دەکرێت قازانجی ویست بێت، دەکرێت قازانجی نەویست بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ماددەیەکی نوێیە لەلایەن لیژنەی پەروەردە پێشنیار کرایە، ئەگەر بە پێویستی دەزانن و جۆرێك لەو کێشەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەمن نازانم قوتابخانە بە مەبەستی پەروەردەیی و ئامانج و مەبەستەکان

له ماددەکانی پێشوو تر باسکرایە، نازانم قوتابخانەیەك دابمەزرێت مەبەستی قازانج نەبێت و قازانجی نەویست بێت، ئەو جۆرە قوتابخانانە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، دامەزرایە؟ پێویستە ئەو ماددەیە هەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو قوتابخانانە لە مەسەلەی وەرگرتنی پارە دوو جۆرن، هەیانە بە ئامانجی قازانج کردن پارە وەردەگرێت، هەیە پارە وەردەگرێت تەنها بۆ تێچووی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەو هەدەفی کۆکردنەوەی قازانج و، تەقسیمی قازانج نیە بەسەر ئەوانەی کە خاوەنی قوتابخانەکەن، جا بەشێوەی تاك بێت یان بەشێوەی کۆمەڵ بێت، هەشە ئامانجی ئەوەیە کە قازانج کۆبکاتەوە، قازانجیش دابەش بکات لەنێوان ئەوانەی کە خاوەنی کۆمپانیاکانن، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە هەدەفی غیر ربحی و قازانج نەویست بوو، حەقی ئەوەیە کە ئەو قوتابخانەیە تەشجیع بکرێ و هان بدرێت و ئاسانکاری زیاتری بۆ بکرێت، لە بەرامبەر ئەوەی کە هەدەفی قازانج و کۆکردنەوەی قازانجە نموونەشمان هەیە لەڕاستیدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ نوقتە گەلەك موهیمە ئەز دڤێت ڕوونکردنەوە ل سەر بدەم ئەگەر ئیجازە بدەیە من، گەلەك وڵاتا ئەسلەن مەجالی نادەن پەروەردە ببیتە تشتەکی روبحی، میسال تورکیا، هەمی ئەو مونەزەماتێت کو دێن شوڵێ پەروەردەی دکەنەڤە هەتا ئەز نزانم ڤێ ئاخیرێ ئیحتیمالە ئیجازێت دای، مەبەستیش غەیری حکومی دوو تشتێت ئێك جودانە، هەردووکیش پرایڤتن، مەبەست لە دانانا ڤێ موئەسەسێ نە غەڵەتا ربحیە، دچیتە بەریکا کیدا، لەوێ نیزامەکا خاس ب مەعەصەبیا ڤێ یە، هەتا مەعەفینە ژ چاکسازی، هەمی وەختەکی تو بەرێ خۆ دەی گەلەك کێمترن، ئەگەر هاتو فایدەك کەتە تێدا، ئەو فایدە نا چێبیت بۆ قازانجەکی بی، بەینەما دیار بیت بۆ مەبەستەکا خەیری، ئەڤ ساڵا بۆ نموونە، مە مەدرەسەکا جەرماندی ل موجەمەعێ فاخیر مێرگەسۆری ئیڤاران، کە مونەزەمەکا (پرۆفت مەیکین) قوتابخانەکێ تایبەت ئێڤاران بکرێتەڤە، ب وێ مەبەستێت روبحی، ئەز تەسەور دکەم گەلەکا سەرکەفتیە بۆ ڤێ چەندێ، خالەکا گەلەك گرنگە ئەم تەشجیع کەین، خەلکەکا خێر خواز ئان کو بێن یارمەتیا مە بدەن ل کەرتێ پەروەردێدا، جیا نەبیتەوە شەریکەکا ئیستیسماری بیت، نە مەوزوع بۆ رێکا شەریکاتێ ئیستیسماری، بۆ ڤێ چەندێ ئەز گەلەك ب هەند دزانم ئەڤ خاڵێ بمینێت، حکومەتا هەرێمێ ژی ئاسانکاری بۆ بکات، نیزامێت مالیەی

خاسێت هەی بۆ تەعامول دگەل ڤانە، بۆ ئاگاداری هەر نیزاما داخلیەکی ژی دا وازح لازمە بێتە نڤیسین، (هل المنظمة والمؤسسة تسعى الى الربح المالي او لاتسعى) ئەگەر لا تسعى تەعلیمات و تشتێ دی بوێ، یەعنی چێ بیت حکومەت هەتا ڤوتابخانەکی ژی بداتێ، دەوامێ ئێڤارێ دەوامێ تێدا بکات، لێ کو کرێ ژی لێ نەستینی، چونکە یارمەتیەکە دێداتەمە بۆ کەرتێ تایبەت، دیسان بەرێ خۆ دێ ئەسعار گەلەك جار نیڤەکا سعرا کەرتێ تایبەت، تایبەت نەهاتن کورت کەتەڤە، ئەز پشتگیریەکا بەقوەت کەم بۆ ڤێ فکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( کاك عماد- کاك عمر هەوراهی- کاك عبدالسلام- کاك قادر- ناسك خان- کوێستان خان- عظیمة خان- سیوەیل خان- بێریڤان خان- ئەڤین خان- دکتۆر سەروەر- سمیرە خان) فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە هەر لەناونیشانەکەیەوە تا گەیشتووەتە ئێرە، ئەم ماددەیە پەیوەندارە بەو ڤوتابخانە و پەیمانگانەی کە ناحکومین و، ئیتجاهی ئەو ماددانەی کە داڕێژراون دەنگی لەسەر دراوە، بەو ئیتجاهە ڕۆیشتووە کە ئەو موئەسەسانە ربحین زیاتر، ڕاستە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکەن، بەڵام ربحیان لە پشتەوەیە، ئیزافە کردنی ئەو ماددەیە بە باوەڕی من زیادە، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی تەبیعەتی ئەو ڤوتابخانەی یان ئەو پەیمانگای کە تۆ دەتەوێت لێرە جێگای نابێتەوە، بۆیە دەکرێت بە یاسایەکی تر یان بە ڕێنمایی ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت، ئەگەر ئێمە بە موجەڕەدی تەماشای ئەو یاسایە بکەین، ئەمە هیچ پەیوەندی نیە بەو جۆرە ڤوتابخانانەی کە بەڕێز لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردووە، چونکە لە ئەساسدا لە ناونیشانەکەی، لە پێناسەکان و، هەروەها لەو ماددانەی کە کاروبارەکانی ڕێکخستووە لەنێوان ئەو دامەزراوانە، لەنێوان وەزارەتی پەروەردە و جیهاتی تر باس لەوە دەکات چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری ڤوتابخانەکە لەڕووی مالی، لەڕووی فەنی هەمووی زیاتر بەو ئیتجاهەیە، کە ئیستسمار دەکات کە قازانج دەکات، بەڵام ئەوەی کە لێرە زیاد دەکرێت باس لەو ڤوتابخانە دەکات یان جۆرێك لە دامەزراوەکە دەکات، کە ربح لەپشتەوەی نەبێت، بۆیە بە باوەڕی من ئەوە ئیزافە کردنی ماددەیەکە کە یەك ناگرێتەوە لەگەڵ ماددەکانی پێشوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێهێنینە بیری خۆمان یەكەمین رۆژی گفتوگۆكردنی ئەم یاسایە، بەڕێز وەزیر پێشنیاری كرد تەنها كۆمپانیای تەربەوی یان دەزگای تەربەوی بۆی هەبێت ئەم جۆرە مەدرەسانە دابنێت، ئەو كاتە رووبەڕووی ئەو كێشەیە نەدەبووین، ئەو كاتە ئەو دەزگایە یان ئەو رێكخراوە تەربەویە قازانجی نەویستە، ئێستا وەكو هاوڕێم كاك عمریش ئیشارەتی پێكرد، ئێمە یاسایەكمان تێپەڕاند تەقریبەن گەیشتینە ئاخیر یاسا، كە هەمووی لەسەر ئەو ئەساسەیە موستەمسیرەكە مەدرەسە دائەنێیت، چۆن حەلی بكەین؟ بۆیە من پێشنیاردەكەم یان بیر بكەین لە یاسایەك مولحەقێكی یاسا باسی بیزات ئەو جۆرە قوتابخانانە بكەین، كە فیعلەن قازانج نەویستن ڕەنگە بڵێین ئیزافەتەن بۆ ئەحكامی فلانە یاسا، كە ئەم یاسایە پێنج، شەش ماددەی تری تێدابێت، یانیش ئەگەر بمانەوێت ئێستا ئاراستەی یاساكە هەمووی بگۆڕین، لەسەر ئەو شەرحەی جەنابی وەزیر وتی، چونكە ئەوە جانبێكە یان لایەنێكە یان بەشێكە لەو مەدرەسانە، پرۆژەی تر هەیە ئیستسماریە، دەڵێم ئەگەر ویستمان وای لێ بكەین كە یاساكە فعلەن قازانج نەویست بێت ئاسانە، پێشنیار دەكەم سیاغەی ئەو ماددەی تازەیە بڵێت (یتعهد مقدم طلب فتح المدرسة او المعهد غیر الحكومي بتخصیص ارباح المدرسة تطویر وتحسین الخدمات التربویة والتعلیمیة كما یمكن لها (للمدرسة لها) عند الحاجة الطلب من الجهات  ذات العلاقة تقدیم معونات ومساعدات لازمة)، ئەگەر وامان دانا ڕێگاشمان دانا ئەو پارەیە بەشێوەیەك لە شێوەكان بۆخۆیان ئیستسماری بكەن، چونكە (تطویر و تحسین الخدمات التربویة) ڕەنگە بتوانێت شوقە بكرێت بۆ مودەریسێك، ڕەنگە بتوانێ راتبی زیاد بكات، یەعنی ئەو قازانج نەویست و ویستەش عیلاج دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر احمد فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو هاوكارم كاك عمر هەورامی باسی كرد، هاوڕام لەگەڵی بەس دوو مولاحەزەم هەیە دەمەوێت بیڵێم، ئێستا لە كوردستاندا جۆرێك لە گەندەڵی دەكرێت كە كەم هەستی پێدەكرێت، ئەمانەی زەریبەیان لەسەرە هەڵدەستن بە دروستكردنی مزگەوتێك، بەڵام مزگەوتەكە زۆر كەمترە لەبایی ئەو زەریبەیەی كە لەسەر شانیانە و، لە زەریبەكە لێیان خۆش دەبن، بۆیە من پێم وایە لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكانە كە هاوكاری و ئاسانكاری بكەن، یەكێكیان هاوكاری و ئاسانكاری ماددی نەبێت، ئەویش بێت موستەسمیر داوا لە حكومەت بكات و، ڕێگای بۆ بكەینەوە كە لە ئایندەدا داوا بكرێت حكومەت زەمینەی خۆشكردنی ئەوە خۆش بكات، كە سبەینێ ئەویش لەسەر زەریبەو لەسەر ئەساسی زەریبە خوێندنگاو ئەو شتانە بكاتەوە،

وەكو برايان باسی كرد ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەكی قازانجە، بۆیە پێم وایە دەبێت وا رێك بخرێت كە بەهیچ شێوەیەك زەمینەی دروست كردنی گەندەڵی خۆش نەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش هەر بەهەمان شێوە، دەڵێین ئەگەر ئەو یاسایە لە ئەوەلەوە ئاخیر ماددەكەی ئیقرارمان كرد، مەسەلەی ئەوەی كە مەسەلەن هاوكاری لە قوتابیان كۆنەكاتەوە، یان مەسەلەن لە شوێنێكی تر تۆ كۆمەڵێك ڕێنماییت فەرز كردووە بەسەر ئەو مەكتەبانە بۆ؟، لەبەرئەوەی ربحین ئێستا تۆ دێی بەیەك ماددە لێرە بەبێ ئەوەی پێناسەمان كردبێت لە ئەوەلەوە، بێ ئەوەی باسمان كردبێت دێی لێرە باسی دەكەی، دەڵێی مەدرەسەیەكی  غیر ربحی هەبووە دەبێت هاوكاری بكرێت، ئەصڵەن خۆی ئەگەر مەدرەسەیەكی غیر ربحی بوو كەواتە هاوكاری وەزارەت دەكات، چونكە غیر ربحیە دەبێتە هاوكارێكی باش بۆ سیستەمی پەروەردە، كەواتە پێویستی بە یاسایەكی تری سەربەخۆیە، خۆ ئەگەر یاسایەكی سەربەخۆی بۆ دانەنێین پێویستە رێك بخرێت بە نیزام نەك بە ڕێنمایی، لەبەرئەوە من پێم وایە ئەو مەوزوعی غیر ربحیە جا ناكرێت ئێمە لە ئیتاری شتێكەوە باسی بكەین، لە چوارچێوەی قسە كردن نین لەسەر مەوزوعی مەكتەبە غیر ربحیەكان، ئەم یاسایە لەسەرەوە تا خوارەوە باسی ئەو مەكتەبانەمان كردووە، كە موستەمسیرێك دەیكاتەوە پارە لە تەلەبە وەردەگرێت و، عەجایب نیە ربحی زۆریشی هەبێت، ئێستا بە تەنها بەیەك ماددە ئەوە ئاوا حەل ناكرێت، بۆیە دەبێت دارشتنەوەكەی بگۆڕێت یان هەر لای بەین ئەو ماددەیەی تێدایە، بە یاسایەكی سەربەخۆ باس لەو مەكتەب و پەیمانگاو ئەو جامیعە ئەهلیانە بكەینەوە، كە غیر ربحین یاسایەكی تایبەت بۆ هەموویان دابنێین، كە ئەهلین و غیر ربحین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەو ماددەیەی كە لیژنەی پەروەردە پێشنیاریان كردووە زیادە، یەكێك لە هۆكارەكانم ئەوەیە كە هاوكارم كاك عمر هەورامی باسی كرد، هۆكارەكانی تریشم ئەوەیە كە كێ ئەوە هەڵدەسەنگێنێت كە ئەم قوتابخانەیە قازانج دەكات یان قازانج ناكات؟ من ترسم هەیە لەدواییدا ئەم ماددەیە ببێتە هۆكاری ئەوەی كە هەندێك قوتابخانە هاوكاری بكرێن، ئەوانەی كە مەبەستن و، هەندێكی تریش هاوكاری نەكرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیەم، چونکە ئێمە لەپێشتر دەنگمان لەسەردا، کە هەموو جۆرە هاوکاریەك مەنع بکرێت، بەڵام ئێمە لێرە ئەو کەسەی کە خێرخوازەو قوتابخانەیەکی قازانج نەویست دادەنا، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك کەموکوڕیمان لە وەزارەتی پەروەردە هەیە پێمان چارەسەر ناکرێت، قوتابخانەی زۆر خراپمان هەیە با بێین ئەو هاوکاریە بۆ ئەو قوتابخانانەی تر دابین بکەن، نەك ئەوەی کە قوتابخانەیەکی تایبەت وەزارەت دەعمیان بکات، هاوکاریان بکات بەناوی قوتابخانەی خێرخوازی و قازانج نەویستیەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە بەتەواوی ئیلغا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوماددەیەی ئیزافە کرا، پێم وایە ئەوە دەبێت ئیلغا بکرێتەوە لەبەرچی؟ وەك هاوکارم عظیمة خان وتی لە (85٪ تا 90٪)ی قوتابیانی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانە حکومیەکانن، ئەوەی لە قوتابخانەی تایبەت با بڵێین کە دەوام دەکەن ئەوانە هەندێك باری ئابووریان باشە، چونکە بە پارەیە مەکتەبی تایبەتە بە پارەیە، ئەگەر کابرایەك سەرمایەدار بێت و بیەوێت قوتابخانەیەکی تایبەت بکاتەوە، پێویستی بەوەی نیە کەس هاوکاری بکات، دەبێت بۆخۆی هاوکاری خەڵك بکات، ئەگەر دەڵێت ئەو مەدرەسە خاصە غیر ربحیە، ئەگەر مەبەست لەوەی بێت لەو یاسایە نازانم تێیدا نەبوو، یان پەیوەندی بە وەزارەتی تەربیەوە هەیە ئەوکاتەی کە باس لە حانوتی مەکتەب دەکرێت داراییەکە، ئەگەر قوتابخانەی با بڵێین غیر ربحی بوو، ئەوەیە حانوتی مەکتەب دەبێتە حانوتێکی تەعاونی، حانوتی تەعاونی چیە؟ لە قوتابیان سەرەتای ساڵ بڕە پارەیەك وەردەگیرێت، ئەو بڕە پارەیە سەرف دەکرێتن قازانجی لێ دەکرێتن لە حانوتی مەکتەب، دوایی لەکۆتایی ساڵدا دوای ئەوەی ئەو قوتابخانە هەموو مەسرەف و شتی خۆی لێکردووە، تەواو قازانج دەمێنێت لەکۆتایی مەکتەبەکەی کۆتایی سەری ساڵ ئەو قازانجە دەبێت دابەش ببێتە سەر ئەو قوتابیانەی کە بەشدار بووینە، کە بەشداربووینە لەپێدانی پارەکە لەو حانوتەی بۆ خۆی ئەگەر غیر ربحی

بێت دەبێت وابێت، پەیوەندی بە حانوتەوە هەیە بە مەساریفەوە، بەلأم ئەگەر وانەبێتن ئەو ماددەیە ئیلغا بێت باشترە، ئەو هاوکاریەی بۆ ئەو قوتابخانانەیە، بۆ قوتابخانە حکومیەکان بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ڕوونکردنەوەی لیژنەی پەروەردە بەتایبەتی سەرۆکی لیژنەی پەروەردە، کە دەڵێت دوو جۆرە قازانج هەیە، یەعنی پەروەردە هەیە، مەکتەب هەیە بۆ قازانج و هەشە بۆ مەکتەبەکەیە، بەڕای من قوتابخانە و قازانج بەیەکەوە بەستراوە، ئەوکەسەی کە پێشکەش دەکات ئەوە پرۆژەیە دەیەوێت سەرکەوتوو بێت، بەلأم مانای ئەوە نیە تەنها بۆ قازانج بێت، قازانج و پەروەردەی باش بەیەکەوە بەستراون، بۆیە ئێمە ناتوانین بەشێوەیەك هەڵسەنگاندن بکەین، ئایا ئەو مەکتەبە بۆ قازانجێتی یان بۆ مەکتەبەکەیتی ئەو یاسایە نەمێنێت، چونکە هەردووکیان دەڵێن بەیەکەوە بەستراون، ناتوانین ئێمە سوپاسی مەکتەبەك بکەین بڵێین ئەوە باش بووە، ئەوە خراپ بووە، ئەوەی خراپەکە نابێت هەر هەبێت، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندن لەو شێوەیە عەدالەتی تێدا نابینم، قازانجیش مافی خۆیەتی، بەلأم بەشەرتێك پەروەردەیەکی باش پێشکەش بکات بەیەك بەستراون، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من 100٪ لەگەڵ رەئی لیژنەی پەروەردەم کە ئەو خاڵە بمێنێت، ئەو ماددە وەکو خۆی هاتووە بمێنێتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر بێت و ترسی ئەوەمان هەبێت کە ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوە خۆی ناگرێتەوە، کە ئەو قوتابخانە غیر ربحیانە، ئەگەر بێین سەیری بکەین ماددەکان باسی وەرگرتنی تەلەبی ئیجازە دەکات، باسی ئیشراف دەکات، باسی تەدریسین دەکات، باسی بینا دەکات، باسی مەناهیج دەکات، شتێکی تێدا نیە کەوا موخالف بێت لەگەڵ ئەو قوتابخانەی کە غیر ربحیە، بۆیە ئەگەر ترسمان لەوە بێت کە ئەم یاسایە لەگەڵی ناگونجێت، ئەم یاسایە 100٪ لەگەڵی دەگونجێت تەنها خاڵی مالیەکە نەبێت، کە وابزانم بەشێوەیەك مالیەکەمان داڕشتووەتەو هیچ باسی ربحمان نەکردووە، عەرەب دەڵێت(اذا ماتخونی الذاکرة) تەنها لە ماددەی دووەم نەبێت ئێمە باسی ئەوە کرا، کە تەشجیع عەمەلیەتی ئیستسمار وەتەنی ئەویش ئیلغامان کردەوە، کەواتە ئەم یاسایە بە هەموو شێوازەکانی، بە هەموو ماددەکانی لەگەڵ ئەو مەدرەسە غیر ربحیانە

خۆی دەگرێتەوە، ئەوە هیچ خیلافێکی یاسایمان بۆ دروست ناکات، ئەو مەدرەسە غیر ربحیانە هەڵبەتە ئەگەر بێت و بە ڕێنمایی تەرتیب بکرێت، ئەوە وەزارەتی پەروەردە خۆشیان باش دەتوانن تەقیمی ئەوە بکەن، کە ئەم قوتابخانە لەگەڵ ئەو مەنهەجەی کە تەقدیمی دەکات لەگەڵ ئەو تەدریسەو ئەو بەرنامەی کە هەیەتی، ئایا ئەو مەبلەغە کە وەری دەگرێت ربحیە یان نا؟، لە دونیا زۆر زۆر هەیە، قوتابحانە هەیە غیر ربحیە و مەناهیجی باش تەقدیم دەکات، تەدریسێك و پرۆگرامێکی زۆر باش و پەروەردەیی هەیە، کە ئەمە فیعلەن ئەساسی مەبدەئی ئێمەیە، کە لەم یاسایە ویستمان تەسبیتی بکەین، ڕاستە بۆ مەدارسی ئەهلی ربحی دامانابوو، بەڵام هەدەفە ئەساسیەکەی ئێمە ئەوە بوو پەروەردەیەکی باشتر پێشکەش بکەین بە هاووڵاتیانی کوردستان، بۆیە بە هەموو شێوەیەك بوونی ئەو ماددەیە هیچ پێویست ناکات ئێمە جارێکی تر، یاسایەکی تر دارێژینەوە و، تەنهاو تەنها باسی ئەوە بکەین کەوا حکومەت چۆن مەداریسە غیر ربحیەکان ئیدارە بکات، هەروەکو خۆی وەکو وتم یاسایەکە دەیگرێتەوە، تەنهاو تەنها ئەوەندە نەبێت ئێمە دەستی وەزارەت واڵا بکەین، بۆئەوەی بە ڕێنمایی تەرتیبی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیەی کەوا زیاد کراوە، بەڕاستی من لە لیژنەشدا ڕەئیم لەگەڵ نەبووە ئەمە لە راپۆرتی لیژنەیە، هەرچەندە لەوانەیە لە ئیمزاکە ئیشارەتم پێ نەدابێت، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دەکەم، دەکرێت ئێمە وەکو هەندێك لە هاوڕێکانم باسیان کرد، دوو پێناسە هەیە بیکەین قازانج نەویست کێیە و ئاسانکاری چیە؟ چونکە کاتێك دەڵێین ئاسانکاری وەکو ئەوەیە ئێمە بڵێین ئەو یاسایەمان دانابێت، بار قورسیەکی زۆربێ بەسەر قوتابخانەکانی ترەوە ئەمەی لێ دەربکەین، من پێم وانیە کەسێك کارێك بکات بەبێ قازانج بیکات یان قازانج نەویست بێت، جا قازانجەکە ماددی بێت یان مەعنەوی بێت، جا بۆ ئەم دونیای بێت یان بۆ ئەو دونیای بێت، بۆیە ئەوەی کەوا هەیە لێرەدا بێگومان قازانجێکی تێدا هەیە، لێرەدا دەپرسین ئاسانکاری چیە، چی بکرێت لە ئاسانکاری، ئایا مامەڵەی پێش قوتابخانەکانی تر پێش بخرێت، کاتی بۆ کەم بکرێتەوە، زەوی زیاترپێ بدرێت، چاودێری نەکرێت، مامۆستای بۆ دابمەزرێنێت لەسەر حیسابی وەزارەتی پەروەردە؟ من نازانم چی بکرێت لەوێ، بۆیە ماددەکانی تر بەڕاستی پشتگیری لە هاوڕێکانم دەکەم کاك عمر هەورامی، کاك عماد، هەڤالان زۆریان باسیان لەوە کرد، من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە ئەوە خۆی لەخۆیدا گومانێك دەخاتە سەر ماددەکانی تریش، بەجۆرێکیش دەتوانم بڵێم بە ماددەیەکی یاسایی دێین جۆرێك، قەیدێك دادەنێین بۆ ماددەکانی تر و سەرجەم یاساکەو کارێکی نایاسایی لەوانەیە لەپاڵدا بکرێت، بۆیە من لەگەڵ رەت کردنەوەی ئەوە دام، بۆئەوەی ئیزافە نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سميره خان فەرموو.

**بەڕێز سميره عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من يەك پرسيارم ئەوەيە زەمان چيە؟ كە ئەوە ربحی تێدانيە، بەس زەمان هەيە وەزارەت زەمان دەدات؟ ئەوە زۆر گرينگە بەلامانەوە، ئەگەر دەڵێن ئەوە فازانج نەويستە، ئەگەر سيتافەكە لەسەر حكومەت بوو، مۆزەف و مامۆستا و ميلاكات ئەوە هەر لێرەوە گەندەڵيەك دروست بوو، هەر حانوتەكە لەخۆيدا كە تۆ بەكرێتدا ئەو هەموو تەلەبە هاتن لەویٚ شتيان كڕی، من دەچم بە جوملە شتی زۆر هەرزان باوی دەكڕم، ئێكسپايەر دەكڕم دەينم لە حانوتەكەی دادەنێم تەلەبەش هەمووی دەيكڕن، ئەوهاش رەقابەيەكی توندو تيژ نيە لەسەر، ئەوە گەندەڵيم كردەوە، ديسان لەسەر ئەوە هەر بێينە سەر زەريبەكە، زەريبەكەش هەروايە، ئێستا مۆدێلێكی نوێش دروست بووە، هەر قوتابخانەيەك سيستەمی جل و بەرگی دادەنا، ڕەنگەكان دەبێت ئەو قوتابخانەيە ئەو ڕەنگە بێت، ئەمن تەنسيق دەكەم لەگەڵ خەياتەيەك، قوماش و شت هەمووی لە كيسەی وی پارەش لە تەلەبەی دەستێنم، ئەگەر لەويش نەستێنم بە دايك و باوكی دەڵێم، بە تەلەبەی دەڵێم برۆ لە فلان مەعمەل خەياتی يان لەكن فلان خەياتەی جلەكان بدورن و بينن، ئەی ئەوە هەمووی گەندەڵی نيە، ئەدی ئەوە هەموو ربح بەس نيە، كۆتايی پیٚ دێنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعيد فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعيد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وايە ئەو ماددەيە بەو سياغەی كە هاتووە مەجالێك دروست دەكات، بەڕاستی بۆئەوەی هەندێك كەس يان هەندێك لايەن قوتابخانە دروست بكات و ناوی بنیٚ ربحی دواتر پارە لە حكومەت وەرگرێت، كەواتە مەجالێكی تێدايە و فرسەتێكی تێدايە، ئەگەر نەيەن بكەين غير ربحی چيە؟ يەعنی پێناسەی غير ربحی بكەين زەوابت و شروتێكی بۆ دابنێين، بەڕاستی لە قانونەكە ڕێنمايی نەبێت، چونكە ڕێنمايی و نيزام بێت لەویٚ چۆن دەردەچێت دەبێت وابێت، بەلاٚم لێرە لەقانونەكە ئەگەر سنوورێكمان بۆ دانا بۆ غير ربحی، يەعنی بە چەند شروتێك زەوابتەكەی چيە؟ خۆی بەڕاستی ئەو قوتابخانانە يان ئەوەتا مەسروف و داهاتيان يەكسانە، يان ئەوەتا داهاتيان زياتر دەبێت بە تيجاری، يان ئەوەتا مەسروفی زياتر لە داهاتی، ئەوكاتە وەكو بڵێی دەبێت بە خێرخوازی، بەلاٚم من پێم وايە يان لابچێت ماددەكە نەمێنێت يان لێرە بە قانون تەقيدی پێناسەی غير ربحی بكرێت، شروت و زەوابتی بۆ دابنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی پەروەردەو ژمارەيەك پەرلەمانتاری بەڕێز لەگەڵ دانانی ئەو ماددەيە نينەو دەيانەوێت رەت بكرێتەوە، ئێوە تەبريرتان چيە بۆ ئەو ماددەيە كە بمێنێتەوە تەسبيت بكرێت؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو حاڵەتە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەسەر ئاستی قوتابخانە و لەسەر ئاستی زانکۆش هەیە، نموونە ناهێنمەوە بۆئەوەی نەبێتە ریکلام بۆ هیچ موئەسەسەیەك، قوتابخانەی تایبەت هەبووە لە هەرێمی کوردستان 10 ساڵ بێ بەرامبەر منداڵانی ئێمەی پەروەردە کردووە، هیچ پارەیەکی لە هیچ تەلەبەیەکی وەرنەگرتووە، حکومەت تەنها بەوەندە هاوکاری کردووە کە بینایەکی داوەتێ، بۆیە هەیە لە داهاتووش دادەبێت ئەو حاڵەتە، دوو: ئەوە سەرمایەدار دەیکاتەوەو سەرمایەگوزاریشی تێدایە، بۆیە لەوەی کە ئیستسماری تێدا دەکرێت یان موستەسمیر دەیکاتەوە ڕاستە، بەڵام کابرایەکی سەرمایەدار دێت قوتابخانەیەك دەکاتەوە تەنها بەشی ئەوەندە پارە لە تەلەبەکان و دایك و باوکیان وەردەگرێت، کە موئەسەسەکە بەڕێوە ببرێت هیچ قازانجێك کۆناکاتەوە بیخاتە گیرفانی خۆیەوە، ئایا ئەم موئەسەسەی لەو بابەتە پێویست ناکات تۆ هاوکاری بکەی، کە هەدەفی ئێمە پێدانی پارە نیە بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ شێوەیەك لە بودجەی وەزارەت حکومەت فلسێکی نەدرێتێ، بەڵام لە حاڵەتێکی لەوبابەتەدا مەسەلەن بێ پارە دەیکاتەوە، حکومەتی هەرێم کتێبی دەداتێ یان مەسەلەن خولی ڕاهێنانی بۆ دەکاتەوە، یان بەشێوازێکی تر کە ئاسانکاری بۆ دەکات، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە قوتابخانە و پەیمانگای قازانج نەویستە، هەمیشە ئەوکرێیەی کە وەردەگیرێت زۆر کەمترە بەرامبەر بەوەی کە قازانج ویستە، ئەو کرێیەی کە وەریش دەگیرێت کەمترە وەکو ئاماژەمان پێدا، هەدەف لەوە تەنها بەڕێوەچوونی ئەو قوتابخانەیە، لەڕووی دارایی و مالیەوە، نەك کۆکردنەوەی پارەو ئیتر تۆ وەکوقازانج بۆ خۆت بیبەی، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەڕێزان ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هەموومان لەگەڵ بووین، ئەگەر ئێستا وجهة نەزەر گۆڕا بێت، ئەو گۆڕانەش موحتەرەمە لەگەڵ بووین، وەزیری پەروەردە کە وەزیری پەیوەندیدارەو لەناو واقیعەکە دایە، تێگەیشتنی دروست و ئیتر تەئیدی ئەو مەوزوعە دەکات، بۆیە پێمان وایە کە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە، خوشك و برایانی بەڕێزی ئەندام پەرلەمان هاوکارمان بن لەوەی کە لیژنەی مەعنی، وەزارەتی مەعنی ئەمەی پێ باشە، جگە لەوەش ئەو قانونە تەنها بۆ قوتابخانە و پەیمانگای قازانج ویست نیە هەردوولا دەگرێتەوە، هەر پەیمانگا و قوتابخانەیەکی ناحکومی بێ قازانج ویست بێت یان نەویست بێت ئەم قانونە دەیگرێتەوە، هیچ تەعاروزیش ناکات، بۆیە ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ئەم سێ ئەندامەی لیژنەی پەروەردە کە دانیشتووین لەگەڵ ئەوەین کە ماددەکە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان چیە؟

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان باش شارەزای رەوشی قوتابخانەکانین لەڕووی کێشە، لەڕووی بینایەو لەڕووی پێداویستیەکان و کەمی بودجەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵانە وەزارەتی پەروەردە باس لە کەمی بودجە دەکات، کە بەشی ئەوەی ناکات پێداویستیەکانی خۆیان دابین بکەن، ڕاستە کێشەکە زۆر گەورەیەو پێویستی بە پلانی درێژخایەنەو، پێویستی بە بودجەیەکی زۆرە، لەوانەیە بودجەی  هەرێمی کوردستان هەر هەمووی تەرخان بکرێت لە بۆ کەرتی پەروەردە، بەشی پێداویستیەکان نەکات ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر کە ڕێگا درا بە کۆمپانیا قوتابخانە دانێت، هەموو کۆمپانیایەك بگەڕێینەوە قانونی شەریکات، کە پێناسەی کۆمپانیا کرا بە مەبەستی ربحە، ئەوەی ئەمن لەوماددەیە تێگەیشتم وەزارەتی پەروەردە هاوکاری ئەو جۆرە قوتابخانانە دەکات، هاوکاریەکە ماددی دەگرێتەوە، مەعنەویش دەگرێتەوە، باشە ئەگەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە، بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی پێداویستیەکانی خۆی نەکات دابین بکات، ئەوەندە زیادە هاوکاری قوتابخانەی تریش بکات کە دابمەزرێت، ئێمە لێرە تەشجیعی ئەوە دەکەین، ئەو یاسایە دەرچووە ئەو قوتابخانانە کە بێن  عبئ مالی نەکەوێتە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر حکومەت کرێی نەدانێ، پارەی نەدانێ، بەلام بینایە بیناش بە پارە دروست دەکرێت، تۆ ستافی بۆ تەئمین بکەی، خوڵی لە بۆ بکەیەوە، بینایەی بدەیتێ باشە بۆ ستافی خۆمان نیە بەڕێوەی ببات، نازانم ئەوەندە لە ماددەکە تێگەیشتوومە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بۆمن دیار بوو کە وازیح نینە ئەم پرۆفت مەیکینگ چیە؟ یەعنی بەداخەوە بەس من دڤێت بێژم، کۆمپانیایە موئەسەسە قازانج نەویست نەمەعنایە ئەوە، کو ئجورا ژ خەلکێ نابێ، بە عەکسەوە باشترین هاریکارە بۆ وەزارەتا پەرەوەردەی، بۆ وێ نەقسامە هەی بۆ بودجەی، کابرایەکا خێر خاز چەوا چیتن ڤێ گاڤێ مزگەوتەکا ئاڤا دکەت، یان قوتابخانەکێ ئاڤا دکەت، واتای ئەوەیە موئەسەسەکا پەروەردەیی ب ڕێڤە ببات بێ قازانجا ماددی، د نیزامێ دایە قانونا موحاسەبیدا، شەریکات و مونەزەماتێت غەیری روبحی، ئەڤ مونەزەمات بۆی نیە موجبی قانونێ هیچ روبحێ ماددی بکەتە بەریکێ خۆدا، ئەگەر هاتو قوتابخانەکا موعەیەن، ئجور وەرگرتن و سەرێ سالێ ئەکید هەندەك ئجورێ زێدە کەنەڤە، دێدات ب حساب و تەڵەبێ، دێ کۆمپیوتەرێ نوێ تر بۆ کڕی، هەندەك نەشاتێت دی بۆ کەتن، ئەڤە کو بێژیت دبیتە بار گرانیەك، ئەڤە مەبەستامەیە کو دبیتە بەرسڤیکەك بۆمە، یەعنی بەدەل ئەز بچم بۆ قوتابخانەکێ ئیدارەی بکەمەڤە، مرۆڤەکێ خێرخاز دهێت قوتابخانەی ئیدارەکەت، جۆرێت گەلەك کێم یا دوێ مامۆستا، وەختێ غایەت بیتە ربحی تو دچی لێ گەریەڤە بەس برێڤە ببەی شەرت نەوعیەت نینە، عەقەل نەوعیەت ب ڕێڤە ببەی ل سەر مواسەفات، بەس نە روبحی، باشترین پارە دەتێ، نەڤێتن کو

بینته خارێ، من دیت برادەرێت مە ئەز تەسەور ناکەمەڤە ژ مەوزوعێ هاتنە تێگەیشتنەڤە،  من دڤێت ئەنگۆ تێگەینمەڤە، ئەڤە تشتەکە بۆ یارمەتیدانێڤە بۆ وەزارەتا پەروەردێ، بۆ یارمەتیدانا وان قوتابیێ دبیت بچنە قوتابخانەکێ بخوینن بەدەل پێنج هەزار دۆلارا دەت، کو دوو هەزار دۆلار بدات، حکومەتیش هەندەك ئیمکانیەت هەی حکومەت یارمەتی دەتێ، وەکی گوتی، من خولەکا ڕاهێنان هەی بۆ مامۆستاییێت خۆ، مەدارسێ غەیری ڕەبحی دێ واژی داخل کەم، من قوتابخانەکا هەی ئەز چم ئیستیغنایێ ژی کەم ئێڤاری، دێ بێژمێ وەرە تێدا بەس پێنج هەزار دۆلارێ ژ عالەمێ وەربگری، دێ دوو هەزار دۆلارا ژی وەربگری، یادی دەربارەی هەندەك گۆتی قانونامە چووی بەرەوە روبحی، من یەك فەقەرە دڤێت تەئکید کەمەڤە ئیلا ربحی بیت تێدا، هەتا ڤێ گاڤێ ئەزێ دگەل غەیری حکومی، ل دونیایێ ژیدا غەیری حکومی یان ربحی و نا ربحی، ڕۆژان خان گۆتی هەمی کۆمپانیا ربحینە؟، نەخێر کۆمپانیای پەروەردەیێ هەینەڤە، ربحی بلا بزڤریتە نیزامێ، کۆمپانیا پەروەردەیی ربحی، موئەسەسات یان مونەزەماتێ غەیری ربحی، ئەز دگەل هندێمە ئەڤ ڕێگە نێتە گرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی جیاواز هەیە، هەمووتان قسەتان کرد، لیژنەی پەروەردە لەگەڵ جەنابی وەزیر دەیەوێت ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بەڵام لیژنەی یاسایی لەگەڵ ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران، کە مەجموعەیەك بوون بەڕاستی دەیانەوێت ئەو ماددەیە لەغو بکرێت، ئێستا ئەوەی کە دووره لەغو کردنەکەیە ئەو دەخەینە دەنگەوە، کێ دەیەوێت ئەو ماددەیە لەغو بکرێت؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، 40 کەس لەگەڵ ئەوە دایە کە لەغو بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە بمێنێتەوە؟ 32 کەس لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێـەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ لەغو کرا، ماددەکە نەما، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (61)

دەکرێت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەروەردە، ڕێنمایی پێویست دەربکەن بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (60)ی نەخوێندەوە یەکسەر هاتە سەر پێشنیارەکەی خۆیان، ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواومان کرد، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئەصڵی پرۆژەکەیە، ببوورن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی 61، بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (61)

يمكن ان يصدر مجلس الوزراء ووزارة التربية، التعليمات الضرورية لتسهيل تطبيق احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین، کە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن و، پێویستە وەزارەت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردیە بکرێتە دوو ماددە، دوو ماددەی سەربەخۆ یەکێکیان ئەوەبێت کە وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی یاساکە، ئەوی تریش ماددەیەکی تر یان بڕگەیەکی تر لە ماددەکە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدی نەصێت دکەم، ئەوەیە دروستە تەئیدە دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، فەرموون دوا سیاغەتان بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە لە دوو بڕگە پێك دێت، بڕگەی یەکەم (على وزارة التربية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

بڕگەی دووەمیش (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێت دوو ماددەی جیاواز بێت، چونکە بابەتەکان جیاوازە، نیزامەکە جیاوازە کە ئەنجومەنی وەزیران یان لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێی دەکەن، تەعلیماتەکەش لە وەزارەت دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی دکتۆرە رۆژان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ ئەو پێشنیارەی یان ئەو تێبینیەی کاك عونی؟

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ لاری نیە ئەگەر دوو بڕگە بێت لە یەك ماددە یان دوو ماددە بێت، با دوو ماددەی سەربەخۆ بێت، ماددەیەك بەوشێوەیە بێت (على وزارة التربية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکەی تر(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (62) لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن. ئەوە ئەصڵی پرۆژەکەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

به عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (62)

على مجلس الوزراء والوزارات والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ماددە 62 دا هاتووە پێشتر ئێمە پەسەندمان کرد، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەین لەجیاتی ئەوە ماددەیەکی تر زیاد بکرێ، بڵێین کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دەکەین لە بوونی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە کەس تێبینی هەیە؟ فەرموو بیخوێنەوە بیخەینە دەنگەوە جارێکی تر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت یان بڕیارێك ناکرێت، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (63) کار بەم یاسایە دەکرێت، لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع کوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (63)

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان) الرسمية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین بەمشێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری داڕشتنەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری لیژنە پەروەردە دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر؟ دوو کەس (ناسك خان و سمیرە خان)، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەیەكی پێشوودا ئیقرارمان كرد، كە ئەو یاسایە دوای ساڵێك بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بۆیە ئەو مولاحەزەیە دەبێت ئاگایەكمان لێ بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر وشەی وقائعی كوردستان، بە كوردیەكەو عەرەبیەكەی هەر هەمووی وەقائیعە، ئەدی زمانەوانی كوردی ئەگەر بەكاری بهێنین ئەوهەموو مانایە بۆ؟ بۆ نەفسی وشە بەكاربهێنین و تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ماوەیەی كە دامانناو، بۆئەوەی قوتابخانە و پەیمانگا ناحكومیەكان خۆی بگونجێنن لەگەڵی، لەدوای ئەو ڕۆژەی جێبەجێ دەكرێت، بۆیە ئەوە جیاوازی هەیە ئەوی تریش لەڕاستیدا تا ئێستا هەر بە وەقائیعی كوردستان هاتووە وەك خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان بخوێنەوە.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائعی كوردستان)ـدا جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموو كاك دكتۆر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یاسا ئەصڵیەكەدا هۆكارە پێویستیەكانی دەرچووانی ئەو یاسایە نەهاتووە، بەڵام ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی خۆمان، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا سیاغەیەكمان كردووە، پێویستە ڕێگامان پێ بدەن كە بیخەینە پێش چاوی بەڕێزان بۆ گفتوگۆ و دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکارە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە، بەمەبەستی ڕێکخستنی هەموو ئەو ماف و ئەرك و بابەت و پرسە گرینگانەی کە پەیوەستن بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت و وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی دەکات، بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەڕووی یاسایی و پەروەردەیی و زانستیەوە، هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی، لە بواری پەروەردە و فێرکردندا و، ڕەخساندنی دەرفەت و هەلی گونجانی بۆ خوێندن و پەروەردە بۆ ڕۆڵەکانمان، بە مەبەستی زیاتر و باشتر گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردن لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پەرەپێدانێکی مۆدێرنی مرۆیی لەم هەرێمەدا ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە لیژنەی پەروەردە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریە دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبینی هەیە؟ تەنها سێ کەس (عظیمةخان- کاك جمال- کاك حەمە سعید) فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تا ئەو شوێنەی کە بەمەبەستی ڕێکخستنی هەموو ئەو مافە ئەرك و بابەت و پرسە گرینگانەی، کە پەیوەستن بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەچێت، وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی دەکات بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەڕووی یاسایی و پەروەردەیی و زانستیەوە و، هاندانی پرۆسەی لەبری وەبەرهێنانی نیشتمانی و بیانی لەبواری پەروەردەدا، ئێمە هەدەفێکی ترمان هەیە ئامانجمان کێبڕکێی خوێندنە لەو وڵاتەدا لە کەرتی تایبەت، نەك هاندانی وەبەرهێنانی کەرتی بیانی و

تایبەت، بۆیە من لێرەوە پێشنیاردەکەم موونافەسەی کەرتی خوێندن بێت لە هەرێمی کوردستان، نەك وەبەرهێنان و لەبواری پەروەردەدا، رەخساندنی دەرفەت و هەلی کاری گونجاو تا کۆتایی لەگەڵی دام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین نەصی عەرەبی بخوێنینەوە، دەبینین تۆزێك یەعنی ئینشائەکەو دارشتنی تەواو نیە، (بغية تنظيم الحقوق والواجبات والموضوعات القضائية) یەعنی تۆزێك ئاڵۆزی تێدایە، بۆیە من پێشنیارێکم ناردووە بۆ لیژنەی پەیوەندیدار نووسیمان (نظراً لتزايد الاقبال على تأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية في الاقليم، و بغية تنظيم العلاقة بينها وبين وزارة التربية في المحاور كافة و من اجل تشجيع الاستثمار الوطني والاجنبي في هذا المجال وتوفير فرص التعليم للجميع وتعزيز دور هذه المدارس والمعاهد في تنمية الموارد البشريه كماً ونوعاً فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە تۆزێك دارشتن و سیاغەکەی لاوازی تێدایە، جارێ (موضوعات و قضائية) پێویست ناکات، کە تۆ دەڵێی (الحقوق والواجبات) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە موتەرتیباتە بۆسەر مەداریس و مەعاهدێکی غیر حکومی ئەوە یەك، دوو: کە دەڵێت(التی يديرها) دەبووایە بگەڕێتەوە بۆ مەداریس و بۆ مەعاهدەکان، ئەو دەڵێت عەمەلیەن نابێت، بڵێین (بغية تنظيم الحقوق والواجبات للمدارس والمعاهد غير الحكومية التي يديرها القطاع الخاص)، ئەوە ئەو جوملەیە لەو مەوزوعاتەوە بسڕێت مەدارس و مەعاهد بخرێتە جێگای، دووەم من پێم وایە ئەم دارشتنە (واتاحة الفرصة والمجال المناسب بخصوص دراسة ابناءها والتربيتين) بڵێی (لاتاحة فرصة الدراسة للمواطنين)، بۆئەوەی بە ئەبناء نەبێت یەعنی هەموو مواتنین وتطويرهم لغرض كماً ونوعاً) ناوێت، تەتویر خۆی دیارە (کماً و نوعا) ئینجا (تحقيق التنميه البشريه) لەوێوە دەست پێ بکات، ئەو سێ عیبارەتە پێم وایە گۆڕانکای بەسەر دابێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە دوا سیاغەتان لەگەڵ لیژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی سەرنج وتێبینی ئەندامان، بە زیادکردنی وشەی کێبڕکێی زانستی بۆ دەقی هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە، بەو شێوەیە هەردوو لیژنە دایڕشتەوە دەقە کە بە عەرەبی بۆمان هاتووە، بە عەرەبی دەیخوێنمەوە (نظراً لتزايد الاقبال على تأسيس المدارس والمعاهد غير الحكومية في الاقليم، بغية تنظيم العلاقة بينها وبين وزارة التربية في المحاور كافة و من اجل تشجيع المنافسة العلمية والاستثمار الوطني والاجنبي في هذا المجال و توفير فرص التعليم للجميع وتعزيز دور هذه المدارس والمعاهد في تنمية الموارد البشرية كماً ونوعاً فقد شرع هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیاغەیەی کە خوێنرایەوە لەگەڵ یاساکە هەمووی دەکەینە ئەساس، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا دەست خۆشیتان لێ دەکەین، ماوەیەکی زۆر موناقەشە کرا، هیلاك بوون، ماندوو بوون، پیرۆزبایی دەکەین لەو مامۆستاو بەڕێوەبەر و قوتابیانەی کە لەو قوتابخانانە دەخوێنن، ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین کە ماوەیەك لێرە بوو، سوپاسی لیژنەکانی پەروەردەو لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئێوەی بەڕێز دەکەین، ئێستاش جەنابی وەزیر ئەگەر وتەیەکی هەبێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. عصمت محمد خالد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامی پەرلەمانی زۆر بەڕێز، بەناوی وەزارەتی پەروەردە ئەز خۆشحالی خۆم دیاردەکەم، بەڕاستی ئەرکێکی مەزن کێشا تاکو گەیشتینە دوایی ماددێ قانونێ، ئەکید لەخزمەتا کوردستان دەکات، ئەز هێڤیدارم بەردەوام بێت، هاریکاریە یەك بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو لایەکتان بەمجۆرە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دێنین تا دانیشتنێکی تر ئاگادارتان دەکەینەوە بەخواتان دەسپێرین، سەرکەوتووبن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |